مێژووی ئەدەبیاتی جیهان

بوکنەر ب- تراویك/ ت: عربعلي رضائي

بەرگی یەکەم

ئەدەبیاتی کۆن و سەدەکانی ناڤین

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

حەمە کەریم عارف

مێژووی ئەدەبیاتی جیهان(بەرگی یەکەم)

ن: بوکنەر. ب. تراویك

و: حەمە کەریم عارف

چاپی یەکەم: ٢٠٠٨

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

ەتەٮەك

خوێنەری هێژا:

ئەم کتێبە لە بنچینەدا کتێبێکی ئینگلیزی دوو بەرگییە بەناوی (ئەدەبیاتی جیهان) و لەلایەن بوکنەر ب- تراویك-ەوە نووسراوە، کە مامۆستای زمان و ئەدەبیاتی ئینگلیزییە لە زانکۆی ئالاباما‌ی ئەمریکا. جگە لەم کتێبە زۆر کتێبی دیکەی لە بواری ئەدەبیاتدا نووسیوە کە زۆریان لە شێوەی سەرچاوەو کتێبی دەرسیدان.

نووسـەر لـەم کتێبـەدا پـتر بایـەخی بـەو نووسـەرو شـاعیرو ئەدیبانـە داوە کـە زۆرتـرین و قووڵترین کاریگەرییان بەسەر ئەدەبیاتی وڵاتی خۆیان و جیهانەوە هەبووەو بەرهەمەکانیان بووەتە مایەی دەوڵەمەند کردنی کەلەپووری ئەدەبیات و کەلتووری جیهانی.

وەرگێـڕی فارسـیی ئـەم کتێبـە ڕێـزدار (عربعلـي رضـائي) بەشـی ئـەدەبیاتی ئـەمریکاو ئینگلیز، و براوەکانی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی ساڵانی (١٩٠١- ١٩٩٣)ی بۆ کتێبەکە زیاد کـردووە. بەمجۆرە کتـێبی ئـەدەبیاتی جیهان بووە بە سێ کتـێبی تەواوکـەرو تـەواوکراوی یەکتری:
کتێبی یەکەم لە ژێر سەر ناوی: مێژووی ئەدەبیاتی جیهان لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤینە، کە ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتی کۆن، رۆمی کۆن، ، ئـەدەبیاتی رۆژهـەڵات و رۆژئـاوای سـەدەکانی ناڤین تاوتوێ دەکات.

کتێبی دووەم لە ژێر سەر ناوی: مێژووی ئـەدەبیاتی جیهان لـە رۆژگـاری رێنیسانسـەوە تـا رۆژگاری ئێستایە، کـە لـە بەشـی یەکەمدا ئـەدەبیاتی ئیتاڵیاو فەڕەنساو ئەسپانیا شرۆڤە دەکات. لە بەشی دووەمدا ئەدەبیاتی نوێی ئاڵمان و رووسیا راڤە دەکات.
کتـێبی سـێیەم: لـە ژێـر سـەر نـاوی: مێـژووی ئـەدەبیاتی ئینگلیـزی زمانـە، کـە ئـەدەبیاتی ئەمریکاو ئینگلیز لە سەرەتاوە تا رۆژگاری ئەمڕۆ راڤەو شرۆڤە دەکات.

خوێنەری هێژا...

وەخـتێ بەنـدە لـە خوێندنـەوەی ئـەم کتێبـە بوومـەوە، سـەیرم کـرد گەشتێکی پێـنج هـەزار ساڵەیە بە دنیای ئەدەبیاتی جیهاندا، لە ئەدەبیاتی میسری کۆنەوە پێیدا هاتووە تا دەگاتە نیـوەی دووەمـی سـەدەی بیسـتەمو ئـەم مـاوە دوورو درێـژە بەسـەر سـێ قۆناغـدا دابـەش کراوە:
١- قۆناغی کۆن
٢- قۆناغی سەدەکانی ناڤین
٣- قۆناغی تازە...
هاماج و زەمینـەی مێـژوویی و کـ[illegible]ووری و ری[illegible]و بەرهـەم و هەڵسـەنگاندن و لێکدانـەوەو شیکردنەوەی بەرهەمی نووسـەران و شـاعیران و شـانۆ نامەنووسـانی هـە ر قۆناغێك بـە جـوانی و پوختـەیی باسـکراوە، واتـە ئـەم کتێبـە یەکێکـە لـە سەرچـاوە هـەرە دەوڵەمەندەکانی بواری خۆی و پێویستەو دەبێ لە کتێبخانەی هەر میللەتێکدا هەبێ...

مـا بیربکـەوە، چـۆنە بەنـدەش قـوڵی لێ هـەڵماڵم و بیکـەم بـە کـوردی و بیکـەم بـە سەرچاوەیەکی کتێبخانەی کەم سەرچاوەی کوردی و بیخەمە خزمەتی ئەهلی ئەدەب و ئەدەبدۆستانی کوردەوە! بۆ نەء! ئەدی کوی چاپدەکەی هەی خۆڵی بسەر؟! روو لە کێ دەنەی.. بە هەر حاڵ لە دڵەوە بڕیاری خۆمدا. پەیوەندییەکم بە برای بەڕێزم مامۆستا (شـوان یابـە)ەوە کـرد، کـە ئـەو زەحمـەتی کێشـابوو و دەقـە فارسـییەکەی بـۆ پەیـدا کردبووم، دەست لە کتێبەکە بشوات، چونکە بەندە لێبڕاوم بیکەم بە کوردی.. هەڵبەتـە زۆر بەخۆشـحاڵییەوە کتێبەکـەی پێشـکەش کـردمو گەلـەکی هانـدام کـە تـا زووە وەری بگێـڕم.. ئـەوجا پەیوەنـدیم بـە بـرای خۆشەویسـتم کـاك (ئاسـۆ کـەریم)ەوە کـرد بـۆ چاپکردنی، ئەویش بێ چەندوچوون وەعدی دامـێ و پشتیوانیەکی گەرمی لێکردم. ئۆخەیی.. ئیدی دەست لە دەست و هێز لە خوا ملم بەم سەفەرە دژوارو درێژەوە نـاو قۆنـاغی یەکـەمی مێـژووی ئـەدەبیاتی جیهـانم بـڕی و وا (مێـژووی ئـەدەبیاتی کـۆن و سـەدەکانی نـاڤین)م بە دیـاری بۆ هێنـاون، دیـارە دیـاری شـوانە، و دیـاری شـوانیش یاشنگە یا ئاڵـەکۆك.. هەڵبەتـە دوو کتێبەکـەی دیکـەش بەدەسـتەوەنو خـوا یـار بـێ و تەمەن مەودا بدات بەو زووانە چاپ و بڵاودەبنەوە..

جا گەلۆ مـن هـەر ئەوەنـدەم لێوە شـاوەتەوەو ئیـدی کـورد گوتـەنی ڕێ بەڕاسـت و بەد بەخوا..
لە کۆتایی دا وێرای سوپاسی بێ پایانم بۆدەزگای چاپ و بڵاوکردنـەوەی موکریـانی، لـە نـاخی دڵـەوە ڕێزو سوپاسـم بۆ هـەردووك بـرای نێـو بـراو دووبـارە دەکەمـەوەو هـەر بەخوردارین.

حەمە کەریم عارف

کەرکوك

٢٠٠٧/٣/١١

ئەدە ۆن

١- ئەدەبیاتی میسری و ئاشووری-بابیلی:

کۆنترین ئـەدەبیاتی جیهـان دەدرێتـە پـاڵ خـەڵکانێك کـە لەدەڤـەری بـەپیت و بەرەکـەتی کەنارەکانی نیل و دیجلەو فورات ئاکنجی بوون. میسرییەکان، ئاشوورییەکان، بابیلییـەکان و ئێرانییـەکان، هـەر هـەموویان لەئـەدەبیاتی سـەردەمی کۆنـدا بەشـداریی بایەخـدارییان هەبووە.

پێشینەیەکی مێژوویی:

رەگی مەدەنییەت و شارستانییەتی میسری دەچێتەوەسەر رۆژگارانی کۆن، هەندێك کـەس پێیانوایـە ئـەم شارسـتانییەتە کـۆنترین شارسـتانییەتی جیهانـە[1]، پێـنج هەزارسـاڵ پـێش زایین لەقۆناغێکی پێشکەوتوودا بووە.

بەپێی دۆزینەوەکانی ئارکولۆژی و سەدان بـەردەنووس ئـەوە دەردەکـەوێت کـە میسـرییانی کـۆن، تـەرلاسـازیی، پەیکەرسـازیی، نیگارکێشـی، بیرکـاری، ئـایین، حکومـەت و هونـەری نووسەرایەتییان گەیاندبووە پلەیەکی بەرزی پێشکەوتن.

روانینێکی گشتی:

دۆزینـەوەی بەردەنووسـی رۆزیتـا[2] لەسـاڵی ١٧٩٩و پاشـان کەشـفکردنی رەمـزی ئـەو بەردەنووسـە لەلایـەن (جـان شـامپولیون[3])ەوە، رێگـەی بـۆ ناسـینی ئـەدەبیاتی چوارهەزار ساڵەی میسری خۆشکرد کە بەر لـەوە جیهـان لێـی غافڵ بـوو، زۆربـەی بەرهـەمێن ئـەدەبی میسری لەبەین چووە، بەڵام چەند نموونـەیەکی گرنگـی لەچەپۆکی رووداوەکـانی رۆژگـار رزگاربووەو ماوەتەوە. گۆڕستانەکان، هەرەمەکان، ستونەکان، بەردەنووسـەکان و گـەلێك لـە لەبانـە نووسـراوەکان، سـێ جـۆر خـەتی (هیرۆگلیـف[4]) و (هیراتیـك[5]) و (دیموتیـك[6])یـان لەقاڵب و شێوەی بەرهەمی ئەدەبیدا لەخۆدا پاراستووە.

یەکەمین نووسین لەدەوروبـەری سـاڵی (٦٠٠٠) پـێش زایینـدا لەسـەر بـەرد نەخێشـێنراوە، بەڵام ئەوەی لەبەردەستدایە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (٣٧٠٠-٢٠٠٠) پـێش زایین. زۆربـەی ئـەو نووسـراوە میسـریانەی کـە دەتوانرێـت بەبەرهـەمی ئـەدەبی بژمێردرێـت، بەسـەر پێـنج گـروپ یـان جـۆردا دابەشـدەکرێت، ئـەدەبیاتی پەنـد، ئـەدەبیاتی مـەزەبی، چـیرۆك و حیکایەتەکان، غەزەلیاتی ئەڤینی و شیعرێن حەماسی (رەزمی).

ئەدەبیاتی پەندو ئامۆژگاری:

(ئامۆژگارییـەکانی پتـاح حوتـپ *): ئەمـە لەسـەر تۆمـارێکی پاپیرۆسـی (لـە بـان) کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ دەوروبـەری (٢٥٠٠) سـاڵی پـێش زایـین ماوەتـەوە، ئـەم بەرهەمـە کـە بـە (کۆنترین کتێبی جیهـان) دەزانرێـت، بریتییە لەکۆمـەڵێك بیرو ئەندێشـەی رۆشـنبینانەو بـێ

ئارایشته دەربارەی ژیان و بوونیادی ژیان و باسی مەسەلە باوەکانی ناو کۆمەڵگە، وەکو تەڵاق و پەیوەندیی عەمەلی، شێوەو شێوازی کتێبەکە قورسەو تێگەیشتنی بۆ خوێنەری ئاسایی دژوارو ئەستەمە.

ئەدەبیاتی مەزەبی

میسرییانی کۆن کە یەکجار مەزەبی و سەوداسەری جاویدانی و نەمریی بوون (ئەم سەوداو خولیایەی خۆیان لەڕێگەی دروستکردنی هەرەم و گۆڕستانان و مۆمیاکردنی جەستەکانەوە نیشاندەدا) ڕەنگە یەکەمین خەڵکانێك بووبن کە باوەڕی خۆیان بە نەمریی بنیادەمان دەربڕیبێت، خواوەندی سەرەکییان ئۆزیریس[٧]، خواوەندی نیل بوو (کەهەندێکجار لەگەڵ ڕەع[٨]–ی خوای خۆردا، بەیەك دادەنرێت). ئۆزیریس، چونکە لەنێو مردووانەوە ڕابیوو، بۆیە بەنموونەی نەمری و خواوەندی ژیانی پاش مەرگ و داوەری جیهانی ژێرین دەژمێردرا.

کتێبی مردووەکان (مردوونامە)

بەیەکێك لەگرنگترین دەقی میسرییانی کۆن دێتە ژماردن و لەسەرنزیکەی دووهەزار تۆماری پاپیرۆسی هاتۆتە نووسین و تۆمارکردن، ئەم کتێبە سەدو شەست و شەش بەشەو لەسەردەمی جیاوازدا، لەنزیکەی ساڵانی (٤٢٦٦)ەوە تا (٢٠٠٠)ی پێش زایین هاتۆتە نووسین. ئەم قەواڵەنامەیە بریتییە لەدوعاو وێردو سروودی پاڕانەوەو ئیعتیرافنامەو ئەمجۆرە با بەتانە. ناوەڕۆکی سەرەکی کتێبەکە بریتییە لەدەربڕینی چۆنیەتی گەیشتنی مرۆڤ بەژیانی هەتاهەتایی و نەمری. (سروودی ڕەع) و (بەیاننامەی بێ گوناهی) لەجوملەی بەشە بەناوبانگەکانی کتێبی نێو براون.

بەرهەمی هەمەجۆری مەزەبی:

جگە لەکتێبی مردووەکان (مردوونامە) زۆر سرودی ئایینی و وێردو گۆرانی لەپاش میسرییانی کۆن ماوەتەوە کە مەشهورترینیان بریتین لە: (فیستیڤاڵی ئەنتیف) (کە لەدەوروبەری ساڵی دوو هەزارو پێنج سەدی پێش زایین نووسراوە، لەتۆمارێکی پاپیرۆسی (لەبان) دەوروبەری ساڵی هەزارو پێنج سەدی پێش زایین تۆمارکراوە). ناوەڕۆکەکەی بریتییە لەوەی کە هەر گاڤ و دەمێکی ژیان غەنیمەت و دەستکەوتە و هەروەها (گۆرانی بۆ نیفیرهوتیپ) کە لەدەوروبەری ساڵی هەزارو شەش سەدی پێش زایین نووسراوە لەو گۆرانییەدا داوای بەرەکەت لە ڕەع دەکرێت.

(سروودێك بۆ یوزرتسانی سێیەم) كە لەدەوروبەری ساڵی سێ هەزار پێش زایین نووسراوەو كە پارانەوەو نزای یەكێك لەفیرعەونەكانە (كەنوێنەری خواوەندانە).

چیرۆك و حیكایەتان:

میسرییانی كۆن یەكەمین حیكایەتی میللیان لەپاش خۆ بۆ بەجێیهێشتووین، لەوانە چیرۆكێن رووحان و ئەفسانەێن جادوو و حیكایەتی پڕ شەڕوشۆڕ و ئاشقێتی و نەقڵ. چیرۆكێن دی بریتین لە: (گرتنی یافا، شازادەی مەحكوم، چیرۆكی جادوو گەران، ئاغاو كۆیلەو دوورخستنەوەی سینۆهە (حیكایەتی دووبرا)یان ئانبو و باتا ئەم حیكایەتە لەدەوروبەری ساڵی سێ هەزارو دووسەدی پێش زایین نووسراوەو لەتۆماری نزیكەی ساڵی هەزارو سێ سەدی پێش زایین تۆماركراوە.

رەنگە كۆنترین حیكایەت بێت لەڕووی ناوەڕۆكی (هاوسەری فوتیفار)ەوە. ئەم چیرۆكە ئاوێتەیەكە لەجادوو و دۆنایدۆن و ركابەری، دوو ژنی جەفاكار دەبنە مایەی بەدبەختی مێردەكانیان، بەڵام لەئەنجامدا بەسزای كاروكردەوەی خۆیان دەگەن و مێردەكانیان شاد دەبن (كەشتیوانی كەشتی شكاو)(نوسخەی دەورووبەری ٢٥٠٠پ.ز)، لەم حیكایەتەدا كەشتیوانێك كە تەنیا خۆی رزگاری بووە دەگاتە (دورگەی نیعمەتان). مارێكی قسەوێژ پێشبینی رزگاری ئەو دەكات، پێشبینییەكە تەواو دەردەچێت و كابرای كەشتیوان بەدەست و دیاریی سەیرەوە بۆ دەرباری فیرعەون دەگەڕێتەوە.

(چیرۆكی ستنا) لەدەورووبەری ساڵی هەزارو سێ سەدی پێش زایین نووسراوەو لەنوسخەی دەورووبەری ساڵی چوار سەدی پێش زایین تۆماركراوە، ئەم چیرۆكە باسی دزینی كتێبێكی جادوویی دەكات كە قوتابییەك لەگۆڕێكدا دەیدزێت و پاشان ژێوان دەبێتەوەو كتێبەكە دەگەڕێنێتەوە بۆ شوێنی خۆی و تۆبە دەكات.

شیعرێن ئاشقانە (غەزەلیات):

میسرییانی كۆن ژمارەیەكی زۆری شیعری ئاشقانەیان لەسەردەمانی جیاوازدا گوتووە، ناوەرۆكی زۆر بەیان باسی سەربووردەی ئاشقێنی خوشكان و برایانە (كە لەو رۆژگارەدا زەوجینی خوشك و برا باو بووە) ناسكی و زەریفی و جۆش و خرۆش، خەسڵەتی ئەو شیعرانەیە.

شیعرێن مەلحەمی:

لەو بەیتە حەماسیانەی كە پڕ بەمانای وشە حەماسین تەنیا یەك پارچە ماوەتەوە، ئەویش حەماسەی (پەنتا–ئور)ەو دەگەڕێتەوە بۆ دەورووبەری ساڵی هەزارو سێ سەدو بیست و

چواری پێش زایین. کە بابەتەکەی بریتییە لەسەرکەوتنی رامسیس[٩]ی دووەم بەسەر حیتییەکاندا[١٠].

پەراوێز:

(١) هەندێك لەئارکولوژیستەکان پێیانوایە کە شارستانییەتی چینی کۆنترە.

(٢) بەردەنووسی رۆزیتا: تابلۆیەکە بەسێ زمانی هیروگلوفی و یونانی و دیموتیك، کە لەشاری روزیتا (رەشید)ی نزیکی رێژگەی رەشیدی رووباری نیل دۆزراوەتەوە.

(٣) جان شامپولیون ١٧٩٠-١٨٣٢ میسرناسێکی فەرەنسییە کە لەئەنجامی کۆشش و هەوڵێکی بیست ساڵەدا توانی رەمزەکانی تابلۆی رۆزیتا کەشفبکات و چەمکی وشە هیروگلوفییەکان ئاشکرا بکات.

• پتاح حوتیپ: لەدەورووبەری ساڵی دوو هەزارو شەش سەدو پەنجای پێش زایین ژیاوە، بەڵام ناوبانگی (ئامۆژگارییەکانی) پتاح حوتیپ بۆ زۆر کۆنتر دەگەڕێتەوە، لەوەیە بۆ ساڵی سێ هەزارو هەشت سەدی پێش زایین بگەڕێتەوە.

(٤) هیروگلیف: خەتی میسرییە کە یۆنانییەکان هیروگیلف-ی پێدەڵێن، ئەم خەتە لەخەتە وێنەییە سادەکانی سەدە سەرەتاییەکانەوە وەرگیراوەو لەئەسڵدا حەوت سەد عەلامەت (حەرف) بووە.

(٥) هیراتیك: ئەم خەتە شێوەیەکی سادەتری خەتی هیروگلیفی-یە بۆ خێرانووسین لەبارترە.

(٦) دیموتیك: خەتی دیموتیك لەئەنجامی گۆڕینی شێوەی خەتی هیراتیکەوە، لەسەدەی هەشتەمی پێش زایین هاتۆتە ئاراوە.

(٧) Osiris

(٨) Ra

(٩) Ramses یەکێکە لە لەفیرعەونە کۆنەکانی میسر، کە لەهەزارو دووسەدو نەوەدو دووەوە تا هەزارو دووسەدو بیست و پێنجی پێش زایین حوکمڕانی کردووە.

(١٠) حیتییەکان: قەومێکی کۆنە کە لەهەزارەی دووەمی پێش زایین فەرمانڕەوایی ئاسیای بچووك و سوریایان کردووە.

((ب))

ئەدەبیاتی ئاشووری- بابیلی

پێشینەیەکی مێژوویی:

گومان لەوەدا نییە کە دانیشتووانی کەنارە بەپیت و بەرەکەتەکانی نێوان دیجلەو فورات تا نزیکەی ساڵی دووهەزار پێش زایین، لەبارەی پێشکەوتنی هزریی و مادییەوە گەییبوونە لوتکەی شکۆو ناوبانگ، تیرە جۆراوجۆرەکانی سۆمەری، ئەکەدی، عیلامی، کلدانی و کاسی رۆڵی خۆیان لەبوونیادی مەدەنیەت و شارستانییەتی دەڤەرەکەدا گێڕاوە، ئاشوورییەکان لەنێوان ساڵانی هەزارو دووسەد تاشەش سەدو هەشتی پێش زایین قەومی حوکمڕان بوون و پاشان بابلییەکان تا نزیکەی هەفتا ساڵ دەسەڵاتییان گرتووەتە دەست، ناودارترین رابەرانیان بریتیبوون لە: (سینا خریب) کە لەساڵانی ٧٠٥-٦٨١ پێش زایین حوکمڕانی کردووە (ئاشور بانی پاڵ) لە ساڵانی ٦٦٩-٦٢٤ پێش زایین فەرمانی رانیوە. (نەبوکەد نەسر) کە لەساڵانی ٦٠٥-٥٦٢ پێش زایین حوکمڕانی کردووە.

نۆڕینێکی گشتی:

قۆناغی زێڕینی ئەدەبیاتی ئاشووری-بابیلی دەکەوێتە ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی پێش زایین. ئاشوور بانیپال زانست پەروەرێکی گەورە بووەو کتێبخانەیەکی گەورەی (بەشێوەی بەردەنووس بەخەتی بزماری) بونیادناوە کە ئەمڕۆ بەسەرچاوەی هەر هەموو بەرهەمی ئەدەبی کۆنی ئەو دەڤەرە دێتە ژماردن، ئەم کتێبخانەیە جگە لەهەواڵ و قەواڵەێن رەسمی و فەرمی، ئەفسانە، حیکایەت و نەقڵ، سرودی ئاییینی، گۆرانی، وێرد، پەندو ئەفسانەی عامیانەو مێژووی جەنگەکانی لەخۆگرتبوو، بەلای کەمەوە نموونەیەك لەهەر یەکێك لەم بەرهەمانە ماوە، لەشیعردا شێوەی هاوسەنگی و کێش و قافیە باو بووە، واتە هەمان ئەو شێوەو شێوازانەی کە لەشیعری عیبریشدا باو بووە، (داستانی گیلگامێش) کە دەگەڕێتەوە بۆ دەورووبەری ساڵی دووهەزار پێش زایین، بە زۆری بەگەورەترین نووسراوی

ئاشووری–بابیلی کۆنی دەزانن، گێڕانەوەی کۆنی ئەم بەیتە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی پێش زایین و بریتیی بووە لە ٣٤٥٠ بەیت کە لەدوانزە تابلۆی گەورەدا لەکتێبخانەکەی ئاشوور پانیپاڵ–دا لەنەینەوا بووە، ئەو داستانە ئەمڕۆکە تەنیا نزیکەی هەزارو پێنج سەد بەیتی بەتەواوی یان بەنوقستانی لێماوەتەوە، کە لە سێ هەزار تابلۆی جیاوازی ساغ یان شکاودا ماوەتەوەو کە هەندێکی بەسۆمەرییە، هەندێکی بەبابیلی کۆنەو تەنانەت چەند ژمارەیەکیشی بەئەکەدییە.

ئەمڕۆکە واباوە کە داستانی گیلگامێش بریتییە لەکۆمەڵە بابەتێك بەمەبەستی دانانی بەرهەمێکی بەشکۆو کەم دابێژێك وەزن و کێشدار، لەکۆمەڵێك سەرچاوەی جیاوازو دوور لەیەکدییەوە کۆکراوەتەوە، هەندێك کەس رایان وایە کە هەندێك مەتنی کۆنتر هەبووەو بەچەند سەد ساڵێك بەر لەم بەیتە (منظومة) نووسراوە.

هەرچەندە کە زۆربەی سەرچاوەکانی ئەم داستانە ئەفسانەییە، بەڵام هەوڵدراوە تاقارەمانی داستانەکە لەگەڵ میرێکی یەکەمین خانەدانی پاشایەتی شاری ئوروك[1]دا بگونجێنن، ئەو میرەی کە دەیان ئەفسانەو حیکایەتی بەمێژوو و رەگ و ریشەی جۆراوجۆرەوە (بەتایبەتی سامی و سۆمەری) دەربارەی کۆکراوەتەوە.

ئەم پاڵەواننامەیە، بریتییە لەباس و شرۆڤەی سەرکەوتنە گەورەکانی گیلگامێش، گیلگامێش قارەمانێکی نیمچە خوایە، فەرزەنی خواوەندێکە بەناوی نینسون[2] و بوونەوەرێکی فانییە کە کاهینێکی خەڵکی شاری ئوروکە.

ئیدی زوڵم و زۆری قارەمانی لاوو خۆپەسند، خەڵکی ئوروك ناچار دەکات کە لەپێناوی رزگاریدا، دەستی پاڕانەوە بۆ دەرگای خواوەند ئارورو[3] درێژبکەن. و ئەویش ئینکید[4] و وەکو هەڤرکێکی گیلگامێش، دەنێرێتە یارمەتییان، ئینکیدۆ بوونەوەرێکی بەتوانایە، بەڵام دڕندەخووە، و کینایەیە لە مرۆڤی سەرەتایی، ئەم دووە، لەئەنجامی شەڕێکی سەختدا کە بەسەرکەوتنی گیلگامێش کۆتایی دێت، دەبن بە دوو دۆستی گیانی بەگیانی (لەتابلۆی ١ و ٢)دا تۆمار کراوە، رووداوی دواتر (لە تابلۆی ٣–٥) تۆمار کراوە، دەربارەی سەفەری ئەم دوو دۆستەیە بۆ رووبەڕووبوونەوەی خۆم بابا[5]ی پاسەوانی ئەو بێشەیەی کە ئێرنینا[6]ی تێدا دەژی، خۆم بابا دەشکێ و دەکوژرێت، تابلۆی شەشەم باسی حەزکردنی عیشتارە لەگیلگامێش، بەڵام کاتێ گیلگامێش رووی ناداتێ، تووڕە دەبێت و کارێکی وەها دەکات کە (ئانو[7]) باوکی کەڵەگایەك بۆ لەناوبردنی گیلگامێش بنێرێت، بەڵام گیلگامێش و ئینکیدو کەڵەگاکە لەناودەبەن، و ئەم رووداوە وەکو ئوستوورەو ئەفسانەی تەبیعەت لێکدراوەتەوە، گیلگامێش، نیشانەی خوای لاوی هەتاوی وەرزی بەهاران و عیشتار خواوەندی عیشق و بەرهەمهێنانە، لەتابلۆکانی (٧ و ٨)دا ئینکیدۆ تووشی نەخۆشییەکی قورس دەبێت و دەمرێت. جا گیلگامێش بۆئەوەی دووچاری هەمان چارەنووسی

دۆسـتەکەی نـەبێت، ڕێگـەی دۆزینـەوەی ئوتوناپیشـتم[٨] دەگرێتەبـەر، ئوتوناپیشـتم ئادەمیزادێکە کە چۆنییەتی خەلەسین لەمەرگ فێربووە، لەئەنجامی گەڕانی زۆرو ڕووداوی هەمەجۆرەوە دەیدۆزێتـەوە (ئەمـە لـەتابلۆی ٩ و ١٠ تۆمـارکراوە) ئوتوناپیشـتم چیرۆکە بەناوبانگەکەی تۆفانی بابیلی بۆ دەگێڕێتەوە (تابلۆی ١١) کە ئەمە تەواو لەسەربووری تۆفانەکەی نوح دەچێت، وەکو چۆن لەتەوراتدا باسکراوە(کتێبی پەیدا بوون ٥-١٠)، ئوتوناپیشتم حەزدەکات یارمەتیی گیلگامێش بدات و نیشانەی ئەو گیایە سەیرەی دەداتێ کە بەخواردنی مرۆڤ گەنج دەکاتەوەو گیایەکە لەبنکی دەریادایە. هەرچەندە گیلگامێش گیایەکە بەدەست دێنێ، بەڵام مارێکی لێپەیدا دەبێت و گیایەکەی لێدەفڕێنێت و دەیخوات، لەدوا تابلۆدا گیلگامێش سێبەرەکەی ئینکیدۆ دەبینێت و ئینکیدۆ لەچارەنووسی بێزەوەری مردووان ئاگاداری دەکاتەوە.

بەیتی گیلگامێش تەنیا پاڵەواننامەیەکی (حماسە) سەرگەرمکەر نییە دەربارەی پاڵەوانییەکی کۆن، بەڵکو بایەخێکی ڕەمزی و ئیستیعاری زۆری هەیە، لەم بەیتەدا باسی تەقەلای مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی مانای ژیان و بێهودەیی هەوڵی ڕاکردن لەمەرگ دەکرێت، ئەنجامگیری فەلسەفی بەیتی نێوبراو ئەمەیە کە مادامێکی مەرگ هیچ چارێکی نییەو ژیانی پاش مەرگیش خەمناك دێتەبەرچاوی خەیاڵ، بۆیە مرۆڤ دەبێت لەخەمی لەزەتدا بێت و ئەوپەڕی سوود لەژیانی دنیایی خۆی وەربگرێت.

(ئەفسانەی تیامەت) کە مێژووەکەی دیار نییەو بەم شێوەو فۆرمەی ئێستای، بۆ دەورووبەری ساڵی شەش سەدی پێش زایین دەگەڕێتەوە). بریتییە لەزنجیرە شیعرێك دەربارەی دروستکردنی جیهان، دەربارەی تیامەت-ی یەکەمین دایکی جیهان و ئاپسو[٩]ی یەکەمین باوکی گێتی، کە پێکەوە یەکەمین زنجیرەی خواوەندانیان پێکهێنا. ئەم ئەفسانەیە باسی جەنگەکانی نێوان خواوەندان دەکات. مەردوك[١٠]ی خواوەندی هەورەتریشقە بەسەر تیامەتدا سەردەکەوێت و دەیکوژێت. هەواڵێن پەیدا بوونی خواوەندان و جەنگی خواوندان، لەو هەواڵانە دەچێت کە لەسیفری پەیدابوون و لەئەفسانەکانی یونان و ئەسکەندیناوەدا باسکراون.

(**ئاداپاو بای باشوور**) کە دەگەڕێتەوە بۆ دەورووبەری ساڵی هەزارو پێنج سەدی پێش زایین، ئەفسانەیەکی عامیانەیە دەربارەی ماسیگرێك کە لەحاڵی توڕەییدا باڵی بای باشوور دەشکێنێت، بۆ بارەگای خوای مەزن ئانۆ بانگ دەکرێ و سەرکەوتووانە دەکەوێتە داکۆکی و بەرەڤانی لەخۆی.

(**سرودو وێردێن بابیلی**) (لەسەردەمێن جیاوازدا تۆمارکراون). ئەم بەرهەمانە لەباری فۆرم و بابەتەوە لەمزمارەکانی عیبری دەچن و بەشێوەیەکی گشتیی نزا، شیعرێن حەسرەتبارو سرودی ستایش لەخۆدەگرن. لەنێو ئەم بەرهەمانەدا ئەم شیعرانە شایانی باسن:

(رەحم لەمن بکە)، (جگە لەتۆ هیچ خوایەك نییە تاڕێگەی راست نیشان بدات)، (نورێك لەبەهەشتەوە).

پەراوێز:

(١) ئوروك uruk: شارێکی کۆنی سۆمەرییە، دەگەڕێتەوە بۆ سالْی دوو هەزارو سێسەدی پێش زایین. کە باشووری بابل بووە، بەگوێرەی تەورات ئوروك شارێکی مەملەکەتی نەمرود بووە، لەولاّتی شنعار.

(٢) نینسون، Ninsun: دایکی گیلگامێشە، خواوەندێکە لەئوروکدا ئاکنجی بووەو بەئاوەزوو زانایی بەناوبانگ بووە.

(٣) ئاروروAruru: خواوەندی ئەفراندن و خولْقێنەری ئینکیدو بووە.

(٤) ئینکیدو Enkidu: گووڕاوێك بوو لەگلْ و گیانی یەزدانان کە تەبیعەتی مرۆڤانی هەبوو.

(٥) خوم بابا Khumbaba: بەباوەڕی خەلْکی عیلام خواوەندێك بووە، ئیدی یا ئانا تولی بووە یاسوریە.

(٦) ئیرنینا Irnina: ناوە سومەرییەکەی ئیشتار بووە کە خواوەندی ئاسمان و پاسەوانی ئوروك بووە.

(٧) ئانو Anu: خواوەندی سۆمەری بووە، بابی خواوەندان و خوای ترۆپکی ئاسمانان بووە.

(٨) ئوتوناپیشتم utnapishtim: شای داناو کاهینی گەورەی ولاّتی شوروپاك بووە، ئەو تاقە ئادەمیزادێك بووە کە لەسەر رووی زەوی ژیانی جاویدانی هەبووە.

(٩) ئاپسو Apsu: واتە ئوقیانووس کە لەسەرەتادا بابی هەموو شتەکان بووە.

(١٠) مەردوك Marduk: خواوەندی شاری بابل بووەو پاش دامەزرانی ئیمپراتۆریەتی کۆنی بابل، بووە بەسەرگەورەی هەموو خواوەندەکان.

٢- ئەدەبیاتی هیندی

پێشینەیەکی مێژوویی:

لەدەورووبەری ساڵی دوو هەزاری پێش زایینداً، دەستەیەك لەقەومانی ئاریایی، واتە لقێك لەنەژادی سپی، لەباکووری خۆرئاواوە هێرشیان بردە سەر هیند تا بەر لەسەرکەوتنی داریوش لەساڵی پێنج سەدو دوازدەی پێش زایینداً، زانیارییەکی ئەوتۆ لەمەڕ واریقات و سەربهوردی وان لەبەردەستدا نییە، بەڵام وێڕای ئەمەش، دیارە کە لەسەردەمانی پێش مێژوودا، شارستانییەتێکی زۆر کۆنیان هەبووە، وا دیارە ئایین و فەلسەفەو ئەخلاقیات و ئەدەبیاتیان گەیی بووە قۆناغێکی بەرزی پێشکەوتن، گاوتمە (گوتاما) بودا (٥٦٣-٤٨٣ پێش زایین) گۆڕانێکی قووڵی بەسەر باوەڕی ئایینی و دەستووری عیبادەتی ئەواندا هێناوەو پاشان ئامۆژگارییەکانی ئەو بووە بەبناغەی یەکێك لەپێنج ئایینە سەرەکییەکەی جیهان.

نۆڕینێکی گشتی:

بەشی هەرە سەرەکی و زۆربەی ئەدەبیاتی هیند بەسەنسکریتی، واتە بەکۆنترین زمانی ئاریایی نووسراوە. ژمارەیەکی کەمی شیعری لیریکی و دەقی مەزەبیش بەزمانی پراکریت، واتە بەشێوەزاری ناوچەیی سەنسکریتی نووسراوە، مێژووی ئەدەبیاتی هیندی بەسەر دوو قۆناغدا دابەش دەبێت: ١-قۆناغی ڤیدایی کە لە دەورووبەری ساڵی ١٥٠٠-٢٠٠ پێش زایین بەردەوام دەبێت و بەرهەمهێن ئەم قۆناغە بەزۆری لەشیعرێن مەزەبی و لیریکی پێکدێن(وا دیارە هەندێ هەوڵی تەواو سەرکەوتووانە لە رای چەسپاندنی ستایلی پەخشاندا دراوە). ٢- قۆناغی ناسراو بە سەنسکریتی کە لەدەورووبەری ساڵی دوو سەدی پێش زایینەوە دەستپێدەکات و تا دەگاتە سەدەکانی ناڤین و بگرە تا رۆژگاری ئەمڕۆش..درێژەی هەیە لەقۆناغی سەنسکریتیدا شێوەو فۆرمی جۆراوجۆری ئەدەبی وەك

شيعری حەماسی (دلاوەری) و ليريكی و پەندو ئامۆژگاری، شانۆنامە، حيكايەتی جن و پەرييان، حيكايەت و سەبووری پەند ئامێز، چيرۆكی ئەڤينداری و فەلسەفە جێگير دەبێت، ساڵنامەو تەقويمی ئەدەبی تاوەكو پێش ساڵی پێنج سەدی پێش زايين، زياتر لەسەر بنەمای مەزەندەو قەرساندن بووە.

بەرهەمێن ئايينی

شيعر:

كۆنترين بەرهەمی ئەدەبی پيرۆزی هيندی لەچواربەشەكەی ڤيداكاندا (كتێبانی زانست) دەبينين:

١-ريگ ڤيدا(دەورووبەری ١٤٠٠پ.ن):

ئەمە دەفتەرێكە هەزارو بيست وهەشت سرودی ئايينی سەبارەت بەستايشی خواوەندانی جۆراوجۆری تەبيعەت لەخۆگرتووەو زۆربەی ئەم سرودانە ناسنامەی ديارييان نييە. مەزەبی زاڵ لە(رێگ ڤيدا)دا ئايينی وەحدەتی وجودی هندۆسە، و بابەتی سەرەكييان پەرستنی براهمايە، واتە خواوەندی جاويدان، (سرودی ئافەرين) بەرجەستەترين شيعری دەفتەری (ريگ ڤيدا)يە.

٢-سامەڤيدا يا (كتێبی ئاهەنگان):

مێژووی ئەم كتێبە ديار نييە، بەشێوەيەكی گشتيی بريتييە لەموناجات و ئادابی مەزەبی و بەزۆری دووبارەكردنەوەی سروودەكانی ريگ ڤيدايە.

٣-يەجورڤيدا يا (كتێبی ستايشان):

مێژووی ئەم كتێبەش ديار نييە. ئەم كتێبەش بريتييە لەموناجات و ئادابی مەزەبی و دووبارەكرنەوەی رێگ ڤيدا، بەڵام زۆر سياق و مەتنی پەخشانيشی لەخۆ گرتووە.

٤-ئاتەرڤاڤيدا يا (كتێبی جادوو):

مێژووی ئەم كتێبە ديار نييە، بەڵام لەسێ ڤيداكەی دی تازەترە.

زۆر سرودی ئاينی، جادوو تەليسم، وێردو تێورييانی دەربارەی گرتنی جنۆكان و جادووگەری لەخۆ گرتووە.

پەخشان:

براهماناس

(مێژووەکەی دیار نییە، رەنگە بگەڕێتەوە بۆ دەورووبەری ساڵی هەزاری پێش زایین) ئەم بەرهەمە بریتییە لەشرۆڤەی سرودە ئایینییە ڤیداییەکان و داب و سرووتە مەزهەبییەکان کە رەنگە کۆنترین دەقی بەپەخشان نووسراوی هیندۆ ئەوروپایی بێت.

ئوپانیشاد:

(مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەورووبەری ساڵانی ٨٠٠-٥٠٠ پێش زایین ئەم بەرهەمە بریتییە لەسەدو هەشت نامە دەربارەی ئایینی براهمەن. وێڕای ئەوەی کە ئوپانیشاد سیستەمێکی کۆکی هزری فەلسەفییە، زانیارییەکی زۆریشی لەمەڕ مایا (جیهانی وەهم) و نیرڤانا (فەنابوون لەرۆحی جیهان)دا لەخۆگرتووە، ئۆپانیشاد کاری کردووەتەسەر ئەمرسون و شوپنهاوەر.

سوتراکان:

(دەورووبەری ساڵانی ٥٠٠-٢٠٠ پێش زایین) بریتییە لەکۆمەڵێك پەیڤی یەجگار کورت، کە زیاتر شرۆڤەی نامەفهومن دەربارەی یاساو ئەحکامی ئایینی.

بەرهەمی نائایینی

بەیتە مەلحەمییەکان:

هەرچەندە ئەم بەیتانە، بەبەرهەمی نائایینی دێنە ژماردن، بەڵام ئەم دوو بەرهەمە مەلحەمییە زۆر بابەتی ئەفسانەیی و ئایینی هیندیان لەخۆگرتووە.

مەهابهاراتا:

(دەورووبەری ساڵی پێنج -سەدی پێش زایین).

درێژترین داستان (مەلحەمە)ی جیهانەو(نزیکەی دووسەد هەزار بەیتە، نزیکەی هەشت ئەوەندەی هەردوو داستانی ئیلیادەو ئۆدیسەیە)، و بریتییە لەهەژدە کتێب، هەوێنی ئەم بەیتە داستانی (کە نزیکەی هەشتا هەزار بەیتە) دەربارەی جەنگێکە لە سەر حکومەتی هندی باکووری لە نێوان (کورو)وەکان و (کەنمایندەی هێزی خراپەن) و (پاندو) وەکانە، کە نمایندەی هێزی چاکەن. هەندێ بەشی دیکەی ئەم بەیتە بۆ ئەفسانان، شەرح و شرۆڤەی پەیڤان، و کۆمەڵێك نامەی ئایینی و فەلسەفەو بابەتی جەنگی و سوارچاکی

تەرخان کراون، ئەم بەیتە دەسکاری زۆر کراوەو زۆر شتی بۆ زیادکراوەو ئەمەش وایکردووە کە هەندێجارتێگەیشتنی زۆرئەستەم و زەحمەت بێت دوو نموونەی زیادکراوی ئاشکرا بریتین لە:

١- **بهاگاڤادگیتا**:

(سرودی خوایی) ئەمە شیعرێکی دیرێژو پەند ئامێزە، کە لەو شیعرەدا کریشنا (کە دەکاتە نوێنەری مرۆڤانی، ویشنو کە یەکێکە لەخواوەندە مەزنەکانی هیند) لەگەڵ ئارجوانادا (کەنمایندەی هێزی چاکەیە) دەکەوێتە باسی فەلسەفەو ژیان.

٢- **نالاو دامایانتی**:

ئەمە چیرۆکێکی دڵرفێنە دەربارەی سەبرو وەفاداری لەزەوجیندا، ئەمرسونی نووسەری ئەمریکایی لە ژێر کاریگەری بهاگاڤادگیتا بووە.

٣- **رامایانا**:

(لەدەورووبەری ساڵی پێنج سەدی پێش زایین دەستی پێکراوەو لەدەورووبەری ساڵی دووسەدی پێش زایین تەواو کراوە). ئەم داستانە (مەلحەمە) نزیکەی نەوەدو شەش هەزار بەیتەو بریتییە لەحەوت کتێب .

ئەم بەیتە بریتی لەسەربهوردی ژیانی راماو (نموونەیەکی مرۆڤانی ویشنووە) سیتای هاوسەری، سەرگەردانی راما وەفاداری سیتا لەهەنبەر وەسوەسەی راڤانا (روحی شەڕانی) و سەرەنجام مردنی راڤانا بەدەستی راما ئەم بەیتە زۆر لەمەهابهاراتا کورتترو خۆشترە بۆ خوێندنەوە.

نمایشنامان

زانیاری زۆر کەم لەمەڕ سەرچاوەو زێدی نمایشنامەی هێندی لەبەردەستدایە، مێژوونووسانی ئەدەبی دەربارەی رادەی کاریگەری یۆنانییەکان لەسەر شانۆی هیندی هاوڕەئی نین. ئەوەی لەراستییەوە نزیکە ئەمەیە کە دەبێت لەخودی هیندا بۆ سەرچاوەی نمایشنامەو شانۆی هیندی بگەڕێی، چونکە یەکەمین شانۆی واقیعی لەڕێوڕەسمی پەرستنی ویشنو-کریشناوە وەرگیراوەو هەڵهێنجراوە. شانۆ بەمانا

چەمکی تەواوەتی شانۆ بوونیەنەبووە، بەڵکو چیرۆکانی شانۆیی لەتەلاری میوانداری و یا تەلاری سەمای کۆشکی فەرمانڕەوایاندا جێبەجێدەکران، لەبارەی سەرنجی مێژووییشەوەرەوتی کاروانی شانۆنامە روون نییە،تەنیا ئەوە دەزانین کە لەو شەست و

چەند شانۆنامەیەی کە گوایە لەنێوان سالأنی سەدی پێش زایین و شەش سەدی زاییندا نووسراوە، زۆربەیان هی سالأنی پاش چوار سەدی زایینیین. شانۆنامەی هیندی ئاوێتەیەکە لەشادی و خەم، لێ هەموو شانۆنامەکان کۆتاییەکی خۆشیان هەیە، هەر شانۆنامەیەك بەپێشەکییەك دەستپێدەکات و بەسەر چەند دیمەن و پەردەیەکدا (یەك تا دە) دابەش دەبێت، زۆربەی شانۆنامەکان لەڕووی پلۆتەوە هەندێ ئاڵۆزن و کاراکتەرسازی واقعی،نەدیمانی حەنەکبازی دەرباری ، دیالۆگانی ئاوێتە لەپەخشان و شیعری غەزەلییان هەیە، ئەوەی بوە باعیسی لەناوبردنی شانۆی هیندی وادیارە بەکارهێنانی هەردوو زمانی سەرنسکریتی (بۆ چینە بالأکانی کۆمەڵگە) و زمانی پراکریت (بۆ چینە میللییەکانی کۆمەڵگە) بوو لەشانۆنامەکاندا.

(**عەرەبانەی گڵ**) (دەگەڕێتەوە بۆ سالّی سەدەمی پێش زایین، بەلأم بەم فۆرم و شێوەیەی ئێستا دەگەڕێتەوەبۆ دەورووبەری سالّی چوارسەدو پەنجای زایینی) ئەم شانۆنامەیە دراوەتە پالّ (شاسوودراکا) و بریتییە لە دە پەردە، قارەمانی ئەم شانۆنامەیە ژنێکی سۆزانییە کە ژیانی بازرگانێك لەبەر میهرەبانی و دلأوایی رابردووی وی رزگار دەکات، لەم شانۆنامەیەدا هەستە واقیعییە مرۆڤانییەکان بەباشی وەسفکراون.

(شکونتەلا، یا ئەڵقەی تەقدیر)

(دەورووبەری سالّی پێنج سەدی زایینی) شانۆنامەیەکی شیعرییە و داروەتە پالّ (کالیداسا) کە بەشکسپیری هندوان ناسراوە، لەغیابی پاشایەکدا بەناوی دووشیانتا، حەکیمێکی براهمانی نەفرەت لەشکۆنتەلای هاوسەری دەکات، لەئەنجامی ئەم تووك و نەفرینە، کاتێ پاشاو هاوسەرەکەی دەگەنە یەکدی، دووشیانتا شەکونتەلا ناناسێتەوە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی کە شەکونتەلا ئەو ئەڵقەیەی کە دوشیانتا پێیدابوو، ونکردووە، شەکونتەلای نائومێد بەئاسماناندا دەفڕێت، رۆژێ ماسیگرێك ئەنگوستیلە کە (ئەڵقەکە) دەدۆزێتەوەو بۆ پاشای دەباتەوە ئیدی نەفرەینەکە بەتالّ دەبێتەوەو دوشیانتا دووبارە شەکونتەلای بیر دەکەوێتەوە، پاشای خەمگین سالأنێکی زۆر عەودالّی شەکونتەلا دەبێت و هەموو شوێنێکی بەدوودا دەگەڕێت تاسەرەنجام لەکێوێکی پیرۆزدا دەیدۆزێتەوەو ئیدی هەموو شتێ بەخێرو خۆشیی دەگەڕێت، ئەم شانۆنامەیە فۆرم و قالّبێکی هونەری بتەوی هەیە، وەسفی کاراکتەرەکان، بەتایبەتی شەکونتەلا، یەجگار سەرکەوتووە.

حیکایەت و چیرۆکان

هیندوانی کۆن لەحیکایەتخوانیدا بەتواناو بەهرەدار بوونە، سەرچاوەی زۆربەی ئەو حیکاتە میللیانەی کە لەسەرانسەری جیهاندا بەشێوەو قالّبی جۆراوجۆر بلأوبوونەتەوە،

حیکایەت و چیرۆکی هیندییە، گرنگترین ئەم چیرۆکانە، کە زیاتر بەمەبەستی ئامۆژگاری یان ئایینی نووسراون، بریتین لە:

(جاتاکا–jataka)

(دەورووبەری سالّی سیّ سەدی پیّش زایین). بریتییە لەپیّنج سەدو پەنجا حیکایەتی خەیالّی کە تایبەتن بەلەدایکبوونی بوداو سەرەتای ژیانی بوودا کە لەگینە خۆی ئەو بەسەرهاتانەی گیّرابیّتەوە، گەلیّك لەم حیکایەتانە چیرۆکی گیاندارانە (فابیل) و زۆربەشیان چیرۆکی میللی پەندو ئامۆژگارین.

(پەنچەتەنترە) یان (پیّنج کتیّب)

(دەورووبەری سالّی سیّ سەدی پیّش زایین). کۆمەلّە حیکایەتیّکە بەزمانی سەنسکریتی، کە لەوەیە وەکو کتیّبیّك بەمەبەستی فیّرکردنی شازادان دانرابیّت. هەموو حیکایەتەکان لەیەك قالّبدا هاتوونەتە گیّرانەوە: حەکیمیّکی براهمانی بەمەبەستی فیّرکردنی شەش شازادەی لاو، ئەم حیکایەتە پەندئامیّزانە دەگیّریّتەوە.

ئەم کتیّبە پیّنج بابی هەیە: ١–دابرانی دۆستان. ٢–گرتنی دۆستان. ٣–شەڕی کوندو قەلان. ٤–لەدەستدانی مەزیەتی وەرگیراو. ٥–ئەنجامدەری کاری خۆسەری، حیکایەتەکانی ئەم کتیّبە لەزمانی گیانلەبەرانەوە دەگیّردریّنەوەو سەرچاوەی گەلیّك لەحیکایەتەکانی سەدەکانی ناڤین و بەتایبەتی چیرۆکانی رومیایی یە.

(هیتو پاشا) یا (کتیّبی پەندیّن چاك) (میّژووی دانانی نادیارە، دەکەویّتە دوای پەنجە تەنتەرە) بریتییە لەچوار کتیّب کە چل و سیّ حیکایەتی لەخۆگرتووەو بیست و پیّنج حیکایەتی لەکتیّبی پەنجەتەنتەرەوە وەرگیراوە، حیکایەتەکانی ئەم کتیّبە لەچاو حیکایەتە کۆنترەکانەوە، کورتترو بەناوەرۆکترن.

(شوکاساپتاتی) یا (هەفتا چیرۆکی توتی)

(میّژووی دانانەکەی نادیارە) بریتییە لەکۆمەلّیّك حیکایەتی پەرییان.

هۆزانیّن لیریکی

جگە لەبەرهەمی ئایینی و سرودیّن ستایشی ئایینی، زۆربەی شاعیرانی هندی کۆن لەسەدەی یەکەمی پیّش زایین بەملاوە، زۆر شیعری لیریکیان گوتووەو لەزۆربەی ئەم شیعرانەدا جوانی و جۆش و خرۆش شەپۆل دەدات.

ڕابەرانی ئەم لیریکا بیّژانە بریتیین لە:

١- كاليداسا (٣٥٠-٥٠٠ زايين)

كە بەشیعری ناسك و پڕ سۆز و گوداز بەناوبانگە، بۆ نموونە شیعری (مگادوتا) و (پەیکی هەور).

٢- جایادیڤا (لەدەورووبەری ١٢٠٠ زاییندا ژیاوە)

کە گرنگترین بەرهەمی: (گیتا گوڤیندا) (ئاوازی گاگەل) کە شیعرێکی لیریکی مەیلەو درامییە لەبواری ئاشقینی کریشنادا.

٣- ئەدەبیاتی چینی

پێشینەیەکی مێژوویی:

رەگ و ریشەی نەژادو شارستانییەتی چینی بەتەواوەتی نەزانراوە. توێژینەوەکانی ئەم دواییانە ئەوە نیشاندەدەن کە لەگینە نزیکەی بیست هەزار ساڵێك پێش زایین شارستانییەتێك لەمەغولستاندا هەبووبێت، لە حیکایەت و ئەفسانانذا باسی حوکمڕانی و کاری کشتوکاڵی و بەرکاهێنانی عەرەبانەی پێچکەدار لەدەورووبەری ساڵی دوو هەزارو هەشت سەدی زاییندا کراوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە لەو سەردەمانەدا کە ئەوروپا لەحاڵی نیمچە وەحشییەتدا دەژیا، شارستانییەتی چین گەیی بووە قۆناغێکی پرشنگدار، دەربارەی مێژووی چین، تاوەکو سەدەی هەشتەمی پێش زایین قەواڵەیەکی ئیحتوباردار، لەبەردەستدا نییە، لەوەش بەدواوە تاسەرەتای خانەدانی تانگ (دەورووبەری ساڵی شەش سەدی زایین) مێژووی چین بەشێوەیەکی گشتیی مێژوویەکی پڕ ئاژاوەو تاڵان و بڕۆو وردە شەڕانە، دەتوانرێت ئەم سەردەمە بەسەر سێ قۆناغدا دابەشبکرێت:

١.قۆناغی فیودالی (٧٠٠-٢٠٠ پێش زایین).

٢.قۆناغی بنەماڵەی هان (٢٠٠ پێش زایین-٢٠٠زایین).

٣.قۆناغی بنەماڵانی بچووك (٢٠٠-٦٠٠ زایین).

نۆڕینێکی گشتی:

مەودای ئەدەبیاتی چینی کۆن یەجگار فراوانەو زۆربەی فۆرمە ئەدەبییە زانراوو باوەکان لەخۆ دەگرێت: واتا مێژوو، فەلسەفە، لیریکا، چیرۆك، شانۆنامەو نامە، لەخۆدەگرێت، زۆربەی ئەدەبیاتی کۆنی چینی پەیوەستە بەسێ ئایین لەچوار ئایینە سەرەکییەکەی ئەو وڵاتە-ئایینی کۆنفوسیوس، ئایینی تاوو، ئایینی بودا، و (مەسیحیەت کە دواتر بۆ چین دزەی کردوو چوارەمین ئایینە)، ئێمە ئێستاکێ ناوو بەرهەمی زۆر لەفەیلەسوفان،

شرۆڤەکاران، شاعیران، مێژوونووسان، فەرهەنگنووسان و پەیامبەرانی سەردەمانی کۆنی چینمان لەلایە.

فەلسەفە:

لایۆتزو (٦٠٠-٥٣١ **پێش زایین**) حەکیمێکی گەورەی چینییە، بەرهەمی تایو-د-جینگ واتە(شێوە یا ڕێگەی ژیان) دەدرێتە پاڵ ئەو (لەوەشە ئەمە هەڵەبێ)، ئەم بەرهەمە بونیادی تاویزم واتە ئایینی ئایدیالیستی و ئینفیعالی چینییەکان کە لەسەر بناغەی نەفی عەمەل ڕۆنراوە پێکدێنێت.

کونفوسیۆس: یا کونگ فو-تزو (٥٥١-١٧٩ **پێش زایین**) فەیلەسوف، سیاسەتوان، مامۆستاو دامەزرێنەری ئەدەبیاتی چینییە، هەرچەندە بەگەورەترین رابەری ئایینی چین دەژمێردرێت، بەڵام بەخۆی پتر شەیداو سەودا سەری بنەمای کۆمەڵایەتی، ئەخلاقی و سیاسی بوو تا بابەتێن ئایینی رووت، لەواری پراکتیکیدا شتێکی ئەوتوێ دەربارەی ماهیەتی خوا یا ژیانی پاش مەرگ، نەدەگوت و زیاتر دڵبەندی چۆنیەتی کار بوو لەزەمانی حازردا، یەجگار تامەزرۆی فێربوون بوو، هێندە مکوڕ بوو لەسەر فێربوونی زانستان، تا سەرەنجام بوو بەزاناترین زانایانی زەمان و ڕۆژگاری خۆی، پاراستن و بڵاوکردنەوەی دابوونەریت و یاساو ڕێسایانی بەئارمانجی هەرە دیاری خۆی دەزانی، بناغەی زانیاری و ئامۆژگارییەکانی ئەو بریتی بوو لەگەڕانەوە بۆ پەندی پێشینان و پەیڕەوکردنی ئامۆژگارییەکانی ئەوان.

(پێنج کتێبی کلاسیك) (دەورووبەری ساڵی پێنج سەدی پێش زایین) ئەم بەرهەمە بە(پێنج کتێبی کلاسیك) بەناوبانگە لەلایەن خودی کونفوسیۆس-ەوە لەدەورووبەری ساڵی پێنج سەدی پێش زایین کۆکراوەتەوەو ڕێکخراوە.

کتێبی گۆڕانکاری (یی کینگ):

ئەم کتێبە دەدرێتە پاڵ وەنگ وەنگ (دەورووبەری ساڵی ١١٤٠ پێش زایین) ئەم بەرهەمە لەپێکهاتەی ئەندازەیی شەش خەت پێکهاتووە، لەگەڵ شەست و چوار گوتاردا کە بریتین لەکۆمەڵێك روونکردنەوە دەبارەی پێکهاتەی کتێبی ناوبراو، چینییەکان ئەم کتێبەیان بۆ پێشبینی و غەیببێژی بەکاردەهێناو هەندێکیان پێیان وابوو کە فەلسەفەیەکی نهێنی و قوڵی تێدایە، بەڵام کەس پەی بەو رازو نهێنیانە نەبردووە.

ئادابنامە (لی کی):

کتێبێکی چەند بەرگییە دەربارەی ئاداب و نەریتی تێکەڵبوون و معاشەرەت کە لەلایەن دوو ئامۆزای تایی-یەوە (دەورووبەری ساڵی سەدی پێش زایین) دووبارە نووسراوەتەوە، بنەماو هەوێنی کارەکەی ئەو جووتە ئامۆزایە کۆمەڵە بەڵگەنامەو قەواڵەیەك بووە کە تەسەور دەکرا لەلایەن کونفوسیوسەوە نووسرابن، بەرهەمێکی کلاسیکی شەشەم بەناوی دەستووری خانەدانی چو (چولی)، هەیە کە لەسەردەم و رۆژگارانێکدا بەهاوتای ئادابنامە دانراوە.

کتێبی مێژوو (شوکینگ):

سەرچاوەکانی ئەم کتێبە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی ٢٤٠٠-٧٥٠ پێش زایین، لەو کتێبەدا باسی بنەمای ئایدیالی سیاسی و پرەنسیپی حکومەتی دڵخواز و خوازراو دەکرێت.

کتێبی چامەکان (شی کینگ):

بریتییە لە ٣٠٥ شیعری هەڵبژاردە (واباوە کە ئەم شیعرانە هەڵبژاردەیەکە لە کتێبێکی سێ هەزار شیعری کە لەسەدەکانی کۆندا نووسراوە).

کتێبی چامەکان رەنگدانەوەی پێشکەوتنی هزر و و هەستی پێشینانە، شیعرەکانی ئەم کتێبە بریتیین لەو شیعرە لیریکی و چامانەی کە لەشوێن و بۆنەی جۆراوجۆردا گوتراون، هەڵبەتە کتێبی چامەکان لەو رووەوە کە رەنگدانەوەیەکی روونی ئاداب و رسوماتنامەی چینیانی کۆنە، بایەخێکی یەکجار فرەی هەیە.

ساڵنامەی بەهارو خەزان (چون چی یو):

شەیدایانی ئەم بەرهەمە کلاسیکییە بۆیە ناویان ناوە ساڵنامەی بەهارو خەزان، چونکە ستایشەکانی وەکو بەرهار دڵگیرو تەڕو تازەیەو رەخنەکانی وەکو خەزان ساردو خەمینە، لەم کتێبەدا بابەتی فەلسەفی ئەوتۆ بەدی ناکرێت، بەڵام لەباری نیشاندانی مێژووی زێدی کونفوسیوسەوە لەساڵانی ٧٢٢-٤٨٤ پێش زایین، بایەخدارە.

گوتارو گفتوگۆکان (لون یو):

لەدەورووبەری ساڵانی ٤٥٠-٣٧٥ پێش زایین دانراوە. ئەم کتێبە لەبیست و چوار فەسڵ پێکهاتووەو بریتییە لەگوتەکانی کونفوسیوس، کە موریدەکانی کۆیانکردووەتەوەو بەباشترین سەرچاوەی ناسینی کونفوسیوس دەژمێردرێت.

مینسیوس یا مینگ تزو (٣٧٢-٢٨٨ پێش زایین)

سیاسـەتوان و –فەیلسـوف و مامۆسـتا بـووەو حـەوت کتـێبی فەلسـەفی لەسـەرە بنـەمای ئامۆژگارییـەکانی کونفوسـیوس دانـاوە، مینسـیوس کـە پایەیـەکی ئـەخلاقی کـەمتری لەمامۆستاکەی هەبوو، زیاتر رموودەی ئابووریی سیاسی بوو.

چوانگ–تزو (لەدەورووبەری ساڵی ٣٥٠ پێش زایین ژیاوە:

خـاوەنی کتێبێکـی گـەورەی ئەفسـانەو نـەقڵ و حیکایـەتان زۆر بـوو، کـە هەنـدێ بەشـی فەوتاوە.. ئەم پیاوە هێرش دەکاتە سەر ئایینی کونفوسیوس و بەرەڤانی لەئایینی تاو دەکات، خاوەنی شێوازێکی دڵگیرو، تەنزو توانجی وی زیرەکانەیە.

هۆزان

لـەپاش مـەرگی کونفوسـیوس، قوتابخانەیـەکی شـیعری نۆبـاو هاتـە ئـاراوە کـە لـەرووی دەربـڕینی زینـدوو، کێشـی ئـازادو رەمـزو ئیسـتیعارەوە مایـەی سـەرنجە، هـۆزانێن کـۆنی چینی قافیەدار بوو (بەر لەساڵی شەش سەدی زایینی)، درێژی بەیتەکان جیاواز بوو، بەڵام بەزۆری چوار یان پێنج هیجایی بوو، لەپاش ساڵی شـەش سـەدی زاینییـەوە ئیدی بـەیتی حەوت هیجایی باوی سەند، (بڕوانە کتێبی چامەکانی کونفوسیوس لە بەشی تایبـەت بـەو دا).

چویوان (لەدەورووبەری ساڵی سێسەدو پەنجای پێش زایین ژیاوە):

شـاعیرو سیاسـەتوان بـوو، شـیعرێکی درێـژی هەیـە بـەناوی (گرفتـاری و دەردیسـەری) کـە باسی ژیـان و بەسـەرهاتە سـەیرەکانی خـۆی دەکـات، ئـەم شـیعرە پـڕە لـەڕووداوانی خـەیاڵ ئەنگێزی وەکو سەفەر بەگالیسکەی ئەژدیهاو سەردانی کاکێشان.

می شنگ (لەساڵی ١٤٠ پێش زایین مردووە):

لەڕووی فۆرم و قاڵبی شیعرەوە لە (چویوان) کۆنەپارێز تر بوو، می شنگ کە لەبـەر شیعرە پێـنج هیجاییـەکانی و غەزەلـە ئاشـقانەکانی بـەنێو بانگـە، بەتـەواوەتی لـەژێر کاریگـەری کتێبی چامەکانی کونفوسیوسدا بوو.

وانگ تسان (١٧٧–٢١٧ زایین):

شـاعیرێکی هزرڤـان بـوو، کتێبێکـی دەربـارەی شـیعر هەیـەو گـەلێك شـیعری حەسـرەتباری دەربارەی سەرگەردانیەکانی خۆی نووسیوە.

لیولینگ (لەدەورووبەری سالانی ٢٥٠ زایین ژیاوە:

شاعیرو یەکێك لەحەوت حەکیمانی (قوتابخانەی شاعیرانی بادەنۆش) بوو، ناوو شۆرەتی بۆ ئە وشیعرانە دەگەڕێتەوە کە لەستایشی شەراب و ئایینی تاودا نووسیونی.

تایوچی ین یا تایویوان مینگ (٣٦٥-٤٢٧ زایین):

شاعیرێکی مامۆستا بوو، زیاتر بەوە شۆرەتی پەیداکرد کە دەستی لەپۆستێکی گرنگی دەزگایەکی حکومەتی کێشابووەوە، چونکە نەیدەتوانی (رۆژانە لەپێناوی پێنج پەیمانە برنجدا سەر بۆ ئەم و ئەو دابنەوێنێت). شیعرەکانی زیاتر رەمزی، سیاسی، فێرکاری و وەسفییەو هەندێکیانی راستەوخۆ لەبەر گوتووە، گەلێك لەسروودو شیعرەکانی بەڵگەی هەستی قوڵ و راستگۆیی و جۆش و خرۆشو کارامەیی ئەون لەواری شاعیریدا.

وانگ چی (لەدەورووبەریساڵی ٦٠٠ پێش زایین ژیاوە):

گەلێك بەرهەمی جوانی بەشیعرو بەپەخشان نووسیوەو جوانترینیان (چیرۆکی سەردانی سەرزەمینی مەستان)ە.

مێژوو

سو-ماچی ین (١٤٥-٨٧ پێش زایین)

(باوکی مێژووی چینە)، بەرهەمی گەورەی وی بیرەوەریی مێژوویی (شی چی)یە کە مێژووی چین لە ساڵانی ٢٦٩٧ ەوە تا ساڵی ١٠٠ پێش زایین لەخۆ دەگرێت، ئەم کتێبە کە بریتییە لە ١٣٠ فەسڵ، پێنج بابی هەیە: ١.ساڵنامەی خاقانەکان. ٢.خشتە زەمەنییەکان. ٣.سرووت، مۆسیقا، ئەستێرەناسی، قوربانیان، سیاسەتی ئابووری. ٤.ساڵنامەی نەجیب زادانی تیولدار. ٥.ژیاننامەی پیاوانی ناودار.

پان پیایو، پان کو، پان چایوی خوشکیان (دەورووبەری پەنجای زایین)

ئەم سیانە کتێبێکی مێژووییان هەیە دەربارەی خانەدانی هان، ئەم کتێبە رووداوەکانی ساڵانی ١٠٠ پێش زایین -١ زایین)ی لەخۆ دەگرێ، بەرهەمێکی مەزنە لە ١٢٠ بەرگدا.

سەفەرنامە

فاهسی ین یان فا-هی ین (لەساڵانی نێوان ٣٩٩-٤١٤ زایین ژیاوە):

ئەم گەڕیدە حیکایەتخوانە لەساڵی ٤١٤ زایینی سەرفەرنامەی هندی نووسی، کە هەواڵی سەفەری زەمینی خۆیەتی لەجەرگەی چینەوە تا وڵاتی هیندو ئەوجا درێژەی سەفەرەکەیەتی بەکەشتی بۆ سیلان و جاوەو گەڕانەوەی بۆ شانتونگ، شێوازی پەخشانەکەی کورت و دژوارە، بەڵام زانیارییەکانی دەربارەی چینی کۆن و هیند، و ئایینی بودا، بۆ توێژەران یەجگار بەنرخە.

((٤)) ئەدەبیاتی عیبریی

<u>**پێشینەیەکی مێژوویی:**</u>

خەڵکی فەلەستینی کۆن سامی نەژاد بوون و پەیوەندی نزیکیان لەگەڵ عەرەب و ئاشوورییەکاندا هەبوو. لە کتێبی موقەدەس ئیبراهیم (باپیرە گەورەو دامەزرێنەری قەومی جولەکە) لە ئەسڵدا کلدانی بووە. قەومی بەنی ئیسرائیل بە هۆی قات و قڕی و وشکە ساڵییەوە لە فەلەستینەوە بۆ میسر کۆچدەکەن و بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر لەوێ ئاکنجی دەبن. سەرەنجام بۆ فەلەستین

دەگەڕێنەوەو دەکەونە ژێر رکێفی حکومەتی "داوەران"ەوە کە هەم رابەری سوپایی بوون و هەم رابەری ئاینی.
بە بەردەوامی شەڕو شۆڕی بچووك لە نێوان عبرانییەکان و قەبیلە نەیارەکاندا روو دەدات، تا لە ئەنجامدا شاهان جێی داوەران دەگرنەوە. گەورەترین شاهانی ئەم قەومە داود (دەوروبەری ۹۹۰ پێش ز)و سلێمانی (۹٦۰ پێشز) کوڕی داودن. کە لە سەردەمی ئەواندا بەنی ئیسرائیل تواناو شان و شەوکەتێکی زۆر بە دەست دێنن.
لە دوای پاشایەتی سلێمان قەڵەمڕەوی حکومەت تێکدەچێ و دابەش دەبێ –لە باکوور ئیسرائیل دروست دەبێ و لە باشوور یەهودیە دێتە ئاراوە، ئۆرشەلیم دەبێ بە پایتەختی یەهودیە. جەنگ لەگەڵ دەرودراوسێیاندا بەردەوام دەبێ.
لە ساڵی ۷۲۱ پێشز دا ئیسرائیلییەکان دەکەونە ژێر دەستی ئاشوورییەکان، و دانیشتوانی دەوڵەتی باشووریش لە ساڵی ٥۸٦ پێشزدا دەکەونە ژێر دەستی بابیلییەکان. لە ساڵی ٥۳۸ی پێشزدا، بە فرمانی کۆرشی شای پارس لە ئەسارەت رەها دەبن و بۆ فەلەستین دەگەڕێنەوە، شارەکانیان ئاوەدان دەکەنەوەو زنجیرە سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست دێنن.
لەو سەردەمانەی کە یۆنانییەکان و رومییەکان بە نۆرە بوون بە زلهێزی جیهان، فەلەستینیان خستە ژێر چنگی خۆیانەوە. سەرەنجام تیتوس-ی ئیمپراتۆری روم لە ساڵی هەفتای زاینیدا، ئۆرشەلیمی وێرانکردو هەموو هیواو ئومێدێکی خۆبوونی سیاسی بەنی ئیسرائیلی بە بادا دا.

<u>نۆڕینێکی گشتی:</u>

هەر هەموو ئەدەبیاتی کۆنی عیبری لە راستیدا ئاوێتەی مەزەب و ئاینە. جولەکە لە کۆنی کۆنەوە ئاشقە مەزەب و ئاین بوونەو هەردوو بەرهەمە مەزنە ئەدەبییەکەیان، واتە: - کتێبی موقەدەس و تەلمود- باسی ماهیەتی پەروەردگارو یاسا خواییەکان و حوکم و پێوەرە ئەخلاقیەکان دەکەن.
قەومی یەهود (جولەکە) کە لە سەرەتادا ئانیمیست بوون و باوەڕیان بە فرە خوایی هەبوو بەرە بەرە پەرەیان بە یەکێك لە بەرزترین چەمکەکانی خواناسی بەخشی. لە رۆژگارانی سەرەتا و رابردوو باوەڕیان وابوو کە یەهڤە (خوای تیرەی ئیسرائیل) رووگرژ، رقن، هەوەسبازو خوێن ڕێژە. ئەم چەمکە بە درێژایی چەند سەدەیەك پەرەی سەندو گۆڕا، ئیدی دادپەروەری، رەحمەت، پیرۆزی، پارێزکاری و گەورەیشی درایە پاڵ.
زۆربەی بەشەکانی (سەردەمی کۆن- **Old testament**) لە سەرەتادا بە زمانی عیبری بووە کە لقێکە لە بنەماڵەی زمانانی سامی باکووری رۆژئاواو پەیوەندی بە زمانانی ئارامی و فینیقییەوە هەیە. ئەم زمانە هەر چەندە لە رووی رێزمان و بونیادی رستەوە سادەیە، بەڵام توانای ئەوەی هەبوو کە بە روونی و رەوانی دەرەقەتی دەربڕینی (سەردەمی کۆن) واتە (تەورات) بێت. چەند بابێکی تەورات بە ئارامی نووسرا. (سەردەمی تازە) واتە ئینجیل پێدەچێ هەوەڵجار بە یۆنانی نووسرابێ.

ئەدەبیاتی عیبری کۆن هەر چەندە بە شێوەیەکی ناچاری ئاوێتەی مەزەبو ئاین بوو، بەڵام زۆر دەقو نووسینی دیکەی وەکو: مێژوو، سروود، ئەفسانەی میللی، حیکایەتی نمایشی، ژینامە، نامە، چیرۆکی کۆن، و زۆر بابەتی دی لە خۆ دەگرت.

کتێبی مقەدەس Bible:

ئەم کتێبە پتر لە هەر کتێبێکی تر لە جیهاندا دەخوێنرێتەوە، پتر لە هەر کتێبێکی تر بۆ سەر زمانان و شێوە زارانی هەمە جۆر وەرگێڕدراوە. لە زمانی ئینگلیزیدا، ئەو تەرجەمەیەی کە بە تەرجەمە شاجیمز "١" (١٦١١) ناسراوە، وێڕای ئەو هەڵانەی کە تیایدایە، بە رەسەنترین وەرگێڕانی ئەدەبی کتێبی مقەدەس لە قەڵەم دراوە. ئەم کتێبە لە راستیدا بریتییە لە ٦٦ کتێب (بە کتێبە دەستکردەکانەوە دەگاتە هەشتا کتێب). کە مێژووی هەر یەکێکیان (بە گوێرەی ئەو شێوەیەی ئێستای) دەگەڕێتەوە بۆ نێوان سالانی ٧٥٠ پێشزو دەوروبەری سەدی زاینی. کتێبی مقەدەس بریتییە لە سێ بەش: تەورات، ئینجیلو ئاپوکریف (سفرە دەستکردەکان)، کە ئەم بەشەش لە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی شاجیمزدا فەرامۆش نەکراوە.

سەردەمی کۆن (تەورات):

کۆنترین بەشی کتێبی مقەدەسەو بریتیە لە شەریعەتی موساو هەندێ نووسینی جولەکەکانی دیکە، تەورات لە سیو نۆ سفر، واتە کتێب پێکهاتووە کە دابەش دەبێ بەسەر شەش دەستەدا: مێژووی رۆژگاران، کتێبی پەیامبەران، هۆزانین لیریکی، چیرۆکی نمایشی، ئەدەبیاتی پەندو ئامۆژگاریو چیرۆکان. هەڵبەتە هەندێ تەقسیم بەندی دیکەش هەن، لەوانە دابەشکردنی کتێبی مقەدەس بەسەر: قانون، مێژوو، شیعر، پەیامبەرانی ئولول عەزمو پەیامبەرانی (واتە پەیامبەرانی خاوەن کتێب) نە ئولولعەزم، هەڵبەتە ئەم دابەشکردنە نە لە باری ریزبەندی لوجیکییەوە دروستەو نە لە رووی ریزبەندی مێژووییەوە.

مێژووی رۆژگاران:

ئەم کتێبانە باسی مێژووی جولەکان (وێڕای چەند بۆشاییەك) لە سەرەتای دروستبوونی جیهانەوە تا نۆژەن کردنەوەو ئاوەدانکردنەوەی ئورشەلیم پاش گەڕانەوەیان لە تاراوگە بە دەستی بابلییەکان، دەکات.
شەش کتێبەکەی مێژووی رۆژگاران، واتە سفری پەیدا بوون، سفری دەرچوون، سفری لاویان، سفری ژماران، سفری دوانیو سەحیفەی (کتێبی) یوشع، کە بە کۆی شەش کتێبان ناسراون یەکەمین تەورات پێکدێنن. لەم شەش کتێبە، پێنج کتێبی یەکەمیان (تەورات یا شەریعەتی موسا، تا سالانێکی زۆر بە هەڵە دەدرانە پاڵ موسا، مێژووی شەش کتێبی یەکەمین تەورات بەم شێوەیەی ئێستای دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری سالی ٣٥٠ پێشز، لەوەیە هەندێ بەشی لە سەرەتاکانی سالی ٩٥٠ پێشز نووسرا بێ.

کتێبی پەیدا بوون (دروست بوون):

یەکەمین یازدە بابی کتێبی پەیدا بوون شرۆڤەیەکە دەربارەی خوڵقاندن: خوڵقانی جیهان و مرۆڤ (١-٢)، دابەزینی ئادەم و حەوا (٣) کوشتنی هابیل بە دەستی قابیل (٤)، تۆفانی نوح (٥-١٠)، بورجی بابیل (١١). بابەکانی دیکە بریتیین لە چوار چیرۆك بە ریز دەربارەی ئیبراهیم (١٢- ٢٣). ئیسحاق (٢٤- ٢٦)، یەعقوب (٢٦- ٣٦)، و یوسف (٣٧- ٥٠) .

لە بابەکانی دیکەدا زۆر چیرۆکی بەناوبانگ تۆمارکراوە لەوانە: چۆنیەتی بەنمەکبوونی ژنەکەی لوت (١٩)، قوربانی بوونی ئیسحاق بە دەستی ئیبراهیم (٢٢). زەماوەندی یاقوب لەگەڵ لییەو راحیل (٢٩). پەیژەی یاقوب (٢٨)، فرۆشتنی یوسف لە میسر (٣٧)، سەربوری ژنەکەی فوتیفارو یوسف (٣٩)، خەونی فیرعەون (٤١)، و سەفەری یاقوب بۆ میسر(٤٥).

کتێبی دەرچوون:

ئەم سفرە (کتێب) باسی هیجرەت و کۆچی ئیسرائیلیان لە میسرەوە بۆ فەلەستین بەرابەرایەتی بە هێزی موسا دەکات. هەندێ لە رووداوە گرنگەکانی دیکەی ناو ئەم کتێبە بریتین لە: دۆزینەوەی موسا لە سەبەتەی حەسیردا (٢)، بەڵاکانی میسر (٧-١١)، بناغەی دروستبوونی جەژنی نانی فەتیر (١٢)، سرودی موسا (١٥)،ناردنی مەن(١٦)، دە فرمان (٢٠). بەشی دووەمی ئەم کتێبە زیاتر تەرخانە بۆ یاساو راڤەو شروڤەو سرووت و رێو رەسمان.

کتێبی لاویان:

ئەم کتێبە سیستەمی حقوقی و ئایینی دەگرێتەخۆو ئەو داب و نەریتانە دەردەبڕێ کە پەیوەستن بە عیبادەت، قوربانی، پاکبوونەوەو رەفتارو هەڵسوکەوتی ئادەمیزدان. سەرچاوەی یاساو حوکمەکانی بەشێك لەم کتێبە (حوکمە پیرۆزەکان، بابی ١٧- ٢٦) پەیوەستە بە سەردەمی بندەستی و ئەسارەتی جولەکە (٧٢١- ٥٣٨ پیشن). لەم بابانەدا زیاتر تەئکید لەسەر دروستکاری و نیازچاکی کراوە تا رەچاوکردنی وردەکاری سروت و رێو رەسمی پەرستنکاری.

کتێبی ژماران:

لەم کتێبەدا باسی سەرژمێرییەکی نا موعتەبەری ئیسرائیلیان و یاساو فەرمانانی ئایینی و، کۆمەڵێك حیکایەت دەربارەی موسا کراوە. دیارترین حیکایەتی ناو ئەم کتێبە بریتییە لە دەرهاتنی ئاو "٢" لەو تاوێرەی کە موسا دارعاساکەی پێدا کێشا (٢٠)، هەروەها هاتنە زمانی کەرەکەی بەلعام-ی پەیامبەری سەرزەمینی دۆڵی دوو رووبار "٣".

کتێبی دووانی:

بناغەی ئەم كتێبە نووسراوێكە بە نێوی (كتێبی قانون) كە لە ساڵی ٦٢١ پێشز، لە پەرستگەی ئۆرشەلیم دۆزرایەوە، كتێبی دووانی زیاتر دووبارە كردنەوەی كتێبی لاویان ـە، بەڵام كۆمەڵێ حیكایەتی تازەشی تێدایە كە تایبەتە بە سەرگەردانی عیبرانیان لە ساراو بیاباندا. ئەم كتێبە بە مردنی موسا (بابی ٣٤) كۆتایی دێت.

كتێبی یوشع:

كتێبێكی مێژووییە بریتییە لەسەر بهوردی یوشع كە لە پاش مەرگی موسا، ڕێبەرایەتی عیبرانیان لە ئەستۆ دەگرێ. لەم كتێبەدا چیرۆكی چوونە كەنعان و جەنگ لەگەڵ تیرەو قەبیلە نەیارەكاندا بە جۆرێ باسی كراوە، پێدەچێت مەبەست لەوە دروستكردنی قارەمانێكی جەنگاوەری میللی بووبێ. هەندێ لە فەسڵە بەرجەستەكانی كتێبی یوشع بریتین لە: كەوتنی ئابلوقەی شاری ئەریحا (٦)و كوژانەوەو ئاوا بوونی مانگ و هەتاو.

كتێبی داوەران:

(كۆنترین شێوەی ئەم كتێبە دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵی ٨٥٠ پێشز... ئەم شێوەیەی ئێستای دەگەڕێتەوە بۆ ٥٥٠ پێشز):

لەم كتێبەدا مێژووی بەنی ئیسرائیل یەكسەر لە دوای مەرگی یوشع-ەوە دەگێڕدرێتەوەو ژیان و جەنگەكانی جولەكان لە سایەی ڕێبەرایەتی داوەراندا باس دەكرێ. بەشە گرنگەكانی كتێبەكە بریتین لە: سەركەوتن و سروودی دەبور (٤-٥) كە لەگینە لە ساڵی ١١٠٠ پێشز نووسرابێ. جەنگەكانی جیدعون (٦-٨)، حیكایەتی ئابیملك (٩)، چیرۆكی كیژی یەفتاح (١١)و چیرۆكی شەمشون (١٣-١٦).

كتێبی یەكەمی سموئیل (دەوروبەری ٥٥٠ پێشز):

درێژەی مێژووی ئیسرائیلیان لە سەردەمی داوەران و شائول-ی یەكەمین پاشای ئیسرائیل، لەم كتێبەدا باس كراوە. لەنێو جوانترین حیكایەتین ئەم كتێبەدا دەكرێ ئاماژە بۆ ئەمانەیان بكرێ: بانگردنی سمۆئیل (٣)، پیرۆزاندن و چەوركردنی شائۆل (٩-١٠)، جەنگی داود لەگەڵ جولیات دا (١٧)، پەیمانی داود لەگەڵ یوناتان دا(١٨-١٩)، قەستی گیانی داود لەلایەن شائول ٥٠٠ وە (٢٠-٢٧).

كتێبی دووەمی سمۆئیل (دەوروبەری٥٥٠ پێشز) :

لەم كتێبەدا زیاتر باسی دەسەڵات و پاشایەتی داودە. زەماوەندی داود لەگەڵ بتشبع دا(١١-١٢) وهەرای ئابشالوم (١٣-١٨) لە فەسڵە جوانەكانی ئەم كتێبەن .

كتێبی یەكەمی پاشایان (دەوروبەری ٥٥٠ پێشز):

ئەم كتێبە باسی مێژووی سەردەمێك دەگێڕێتەوە كە لە مەرگی داودەوە تا هاتنە سەر تەختی ئەحازیا (تەختی پاشایەتی ئیسرائیل) لەخۆ دەگرێت. مەبەست و ئامانجی ئەم كتێبە

سەلماندنی ئەم خاڵەیە کە خوا دۆستانی خۆی رزگار دەکاتو دژمنان بە سزای خۆیان دەگەیەنێ.

گرینگترین بەشی ئەم کتێبە دەربارەی: بینای پەرستگەی سلێمان (٦)، سەردانی شابانۆی سەبە ء بۆ ئۆرشەلیم (١٠)، دابەشکردنی قەڵەمڕەوی حکومەت (١٢)، وپێشبینی و موجیزاتەکانی ئیلیا- یە (١٧-٢٢).

<u>کتێبی دووەمی پاشایان (دەوروبەری ٥٥٠ پێشن):</u>

مێژووی هەمە لایەنی روخانی قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی ئیسرائیل (٧٢١ پێشن)و مەملەکەتی یەهودا (٥٨٦ پێشن) دەگێڕێتەوە مەبەست لە نووسینی ئەم کتێبە هەمان مەبەستو ئارمانجی کتێبی یەکەمی پاشایانە، بە نێوبانگترین بابەکانی ئەم کتێبە دەربارەی موجیزاتی ئەلیەشع (بابی ١-٨)، روخانی مەملەکەتی یەهودایە (٢٥).

<u>نەحمیا (دەوروبەری ٣٠٠ پێشن):</u>

ئەم کتێبە بریتیە لە بیرەوەرییە شەخسییەکانی نەحمیای رابەرو پێشەوای سیاسی جولەکان، لە سەردەمی گەڕانەوەیان لە ئەسارەتی بابیل، کتێبەکە باسی نۆژەنکردنەوەو ئاوەدانکردنەوەی قەڵاتو شوراکانی ئۆرشەلیمو ریفۆرمە ئاینییەکانی نەحمیا دەکات.

<u>کتێبی پەیامبەران:</u>

پەیامبەری سەردەمی کۆن کاری بە کەهانەتو پێشگۆییەوە نەبوو، بەڵکو بەپێشەوای ریفۆرمی کۆمەڵایەتیو مەزەبی دەژمێردرا، قسەکانی خوای دەگوتەوە، خەڵکی لە کردارە ناپەسنو نابە جێیەکانیان هۆشیار دەکردەوەو هەڕەشەی فەوتانو بەڵایانی لەوانە دەکرد کە لە کاری خۆیان ژێوان نەدەبوونەوە. ئیلیاو ئەلیەشع بە یەکەمین دوو پەیامبەر دێنە ژماردن، بەڵام هیچ نووسراوێکیان نەدراوەتە پاڵ. واتە هیچ نووسینێکیان لە پاش بەجێ نەماوە. گۆڕانکارییەکی زۆر لە رێبازو گۆشە نیگای جێگرانی ئەوان هاتە ئاراوە -عاموس هەڕەشەکانی بە دەنگی زۆر بەرز دەکردو هوشع بە دەنگی ئارامو هێمن داوای لە خەڵکی دەکرد کە رێگەی خوا بگرنە بەر، ئیرمیا خەمبارو رەشبین بوو، و پەیامبەری گومناو (ئەشعیای دووەم) زۆر گەشبینو یەزدان پەنا بوو، وێڕای ئەمەش، هەموویان خەڵکیان بۆ دروستکاری هاندەدا، و هەندێ جاری ئەوەندە پڕ خەیاڵو زمان پاراو بوون کە شیعری زۆر درێژیان دەهۆنیەوە. لێرەدا کورتەیەك لەمەڕ مەنشورترین کتێبی پەیامبەران باس دەکەین. کتێبەکانی دیکە (کە تەنیا ناویان دەبرێ) بریتین لە: سەفەنیا، ناحوم، عوبەیدیا، زەکەریا، یوئیلو ملاکی.

<u>عاموس:</u>

(دەوروبەری نێوان ساڵانی ٧٦٥- ٧٥٠ پێشن، کۆنترین کتێبی تەواوە لە کتێبی مقەدەسدا)

عاموس بە زمانێکی توندو بنجبڕ حکومەتی ئیسرائیلیان هوشیار دەکاتەوەو ئاگاداریان دەکاتەوە کە ئەگەر بە پەلەو بێ دوا کەوتن نەکەونە ریفۆرمی کۆمەلایەتی، ئەوا دەولەت بە تەواوەتی لە نێو دەچێت. عاموس زیاتر وەکو یەکەمین پەیامبەرێك کە پشتیوانی لە دادپەروەری خوا دەکات، رێزی لێدەگیرێ.

هوشع (دەوروبەری ٧٤٠ پێشن):

تۆنی ئەم کتێبە زۆر لە عاموس نەرمترە. هوشع تەئکید لەسەر عەفوو بەخششی خوا دەکات نەك لەسەر دادپەروەری خوا، قسەکانی پاڕانەوە ئامێزن نەك هەڕەشەئامێز. عەشقی خوا بە گەورە دەزانێ و چاوی لە عەفوی خوایە.

میکاء (دەوروبەری ٧٢٠ پێشن):

ئەم کتێبە بۆچوونەکانی عاموس و هوشع-ی ئاوێتەی یەکدی کردووە: میکاء نەك هەر سزادانی بەدکاران، بەڵکو هاتنی سەردەمی ئازادی و شادمانیش پێشبینی و پێشگۆیی دەکات. رەنگە یەکەمین دانراوێك بێ کە هیوای ئاشتی گشتی دەربڕی بێ.

ئەشعیاء (٧٤٠- ٧٠١ پێشن):

ئەم کتێبە بریتییە لە ٣٩ باب ئەشعیاء کە بەشێوەیەکی گشتی بەگەورەترین پەیامبەری دەزانن، جگە لەوەی پێشەوایەکی ئاینییە، بە ئەهلی سیاسەتیش لە قەڵەم دەدرا. یەکێك بوو لە هەوادارانی هاوکاری لەگەڵ ئاشورییەکاندا.دەگێڕنەوە دەڵێن کە لە سەردەمی پاشایەتی مەنەسادا شای تاوانکاری یەهود، ئەشعیایان بە هەڕە دوولەت کردووە، ئەشعیا رۆشنبینییەکی ئەوتۆی دەربارەی پەروەردەی تەواوی ئەخلاقی خەڵکی نەبوو. بەلام ئومێدی بە فریارەسێك بوو کە سەرەنجام وەك مەسیحایەك لە بوونی ئەودا دەردەکەوێت،وەك رابەرێکی هێندە بە توانا کە بتوانێ برایەتی و ئاشتی لە سەرانسەری جیهاندا بلاو بکاتەوە.

حەبەقوق(دەوروبەری ٦٠٠ پێشن):

رەنگە کۆنترین باسی عیبری دەربارەی مەسەلەی خراپە لەم کتێبەدا هاتبێ. حەبەقوق بەپێشبینی ئەمەی کە لە دوای زوڵمی ئاشور، زوڵم و ستەمی بابیل دێت، لە بیری ئەوەدایە کە ئایا رۆژێ دێ کە بەدکاران بەڕاستی بە سزای خۆبگەن و دروستکاران پاداشت وەربگرن، بەلام زۆر زوو و بە دڵنیاییەوە وەلامی ئەرێ دەداتەوە: هەر چەند لەوەیە ئەنجامدانی عەدالەت و دادپەروەری تا ماوەیەکی زۆر دوا بکەوێ و کۆسپی بێتە رێ. حەبەقوق بە زمانێکی راستگۆیانە، و نە توند، خراپە کۆمەلایەتی و ئاینییەکانبەر هێرش دەدا.

ئیرمیاء (٦٠٠-٥٨٦ پێشن) :

کتێبێکـه دەربـارەی پێشـبینی و پێشـگۆییه خەمهێنـەکان. ئیرمیـاء، دژی راپـەڕینی خـەڵکی لـە بابلیـەکان وەسـتاو پاشـان لـە کـاتی روخـانی ئورشـەلیمدا لـە سـاڵی ٥٨٦ پێشـز ئەسـیر بـوو، یەخسیری کۆمەڵە پەناهەندەیەك کە بۆ وڵاتـی میسر هەڵاتن. هیچ ئومێدێکی بە بوژانەوەو تـازە بوونەوەی ژیانی قەومەکەی خۆی نەبوو، بەڵام پشتی بە دروستکاریو راستگۆیی خۆیەوە دابوو.

<u>شیننامە (دەوروبەری ٥٨٦ پێشز):</u>

بە هەڵە ئەم بەرهەمە دراوەتە پاڵ ئیرمیای پەیامبەر، ئەم بەیتە کە تـەنیا لـە رووی روحـی پەیڤـەوە پەیامبەرانەیە، بۆ روخانی ئورشەلیم دەلاوێنێتەوە. لە رووی فۆرمەوە یەجگار هونەرمەندانەیە، بە عیبری رەسەن نووسراوەو شیعرێکە کە هەر بەیتێکی بە پیتێکی جیاواز دەست پێدەکا.
بەیتـەکانی بـە شـێوەی سـێ بەنـد یـا دوو بەنـد هۆنراونەتـەوەو رێـك خـراونو کـۆی قەسـیدەکە بـە جۆرێ دابەش کراوە کە یەك زنجیرە لاوانەوە لە ناو یەك شیننامەدا پێکدێنێ.

<u>حزقیال (٥٨٥ پێشز):</u>

کتێبێکە کە لە بابیلداو بە دەسـتی خاخامێکی دوور خـراوە نووسـراوە.. ئـەم کتێبـە زۆر تەئکید لەسـەر بایـەخی ئەنجامـدانی رێـوڕەسمی ئـاینی دەکـاتو ئەمـەش بووەتـە مایـەی بـەرز کردنـەوەو بەهێزکردنی ورەی قەومی جولەکە.
بـە هـەر حـاڵ نوسـەر چاکەکاری بریکارییانـە قـەبوڵ ناکـات و ئـەو بـاوەڕە رەت دەکاتـەوە کـە کـوڕ گونـاح و خـەتای بـاوك هەڵدەگرێ. مـرۆڤ تـەنیا لـە خـودی خـۆی بەرپرسـەو خـوا دەرهـەق بـە هـەر کەسێك بە گوێرەی کردارو رەفتاری ئەو کەسە داوەری دەکات. کتێبەکەی حزقیـال کـارێکی فـرەی کردۆتە سەر سمۆئیل دانیال، دانتە، میلتن، ویلیام بلیكو زۆر کەسی دی.
<u>پەیامبـەرانی نەناسـراو (بابـەکانی ٤٠- ٦٦</u> کتـێبی ئەشعیا، بـەو شـێوەی کـە لـە وەرگێڕانەکـەی شاجیمزدا باس کراوە، دەوروبەری ساڵی ٥٤٠ پێشز):
ئـەم کتێبـە کـە دەدرێتـە پـاڵ دانـەرێکی یەخسـیر، بەرهـەمێکی پـڕ جەزبـەو وەجـدە. نووسـەر تەفسـیرێکی تـازە بـۆ مێـژووی جولەکـە دەکـات: دەردو رەنجـی مـرۆڤ سـزایەکی خـوایی گونـاح و تاوانەکانی مرۆڤ نییە، بەڵکو هۆیەکە بۆ فێربوونو رزگاری تیرەی بەشـەر. و نموونـەی مەسـیحی ئاشتی –نموونەی قەومی تیرەی ئیسرائیلیان– دێنێتەوە کە بە دەردو ئازارەکانی خۆی کە فارەی هەموو مرۆڤان دەدات. واتە لە جیاتی هـەموو تیرەی بەشـەر رەنجدەداو ئـازار دەکێشێت. بیتس، نووسەری ئەم کتێبە بە (یەکەمین مەسیحی، پێنج سەدەی پێش عیسا) دەژمێرێ. ئەو بـاوەڕی بـە خـوا هەیـەو قدوسیەتی خـوا دووپـات دەکاتـەوە. نووسـەر لـە نووسـینەکەیدا وێنـەی سـەردەمێکی زێڕینی تازە دەگرێت.

هۆزانێن لیریکی

شیعری عیبری کۆن، هەندێك لە هەمان ئەو فۆرمو شێوانە بەکاردێنێ کە لە شیعری ئەڵمانیدا بەرچاو دەکەوێ. وەکو هاوئاهەنگی بونیادو خەیاڵو دووبارە کردنەوە، هاوسەنگی. شیعرەکان نە قافیەو سەروایان هەیەو نە کێشی تەواو، بەڵام ریتمی دیارو تایبەتیان هەیە.

هەڵبەتە هەندێ پارچەو کۆپلە شیعری لیریکی، بە پەرشو بڵاوی لەناو زۆربەی کتێبانی پەخشاندا دەبینرێ، وەکو: ئاوازی دەبورە،لە کتێبی داوەرانو هەندێ کتێبی پەیامبەرانیشدا وێنەی شیعری تەواو هەیە، بەڵام کۆ شیعری گەورەی شیعری لیریکی کتێبی مزمارەکانە.

مەزامیر (مزمارەکان):

کەشکۆڵێکە سەدو پەنجا سرودێکی لە خۆگرتووەو لە دەوروبەری ساڵی ١٥٠ پێشز نووسراوە. لەگینە چەند سرودێك لەو سرودانە هی داود بن (دەوروبەری ساڵی هەزار پێشز)، هەندێکیان لە سەردەمی حکومەتی شاهانو لە کاتی ئەسارەتدا نووسراون، و ئەوانی دیکە هەر هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پاش یەخسیریو ئەسارەت. مزمارەکان لە رووی تۆنو ناوەڕۆكو شێوازەوە زۆر هەمە جۆرن، هەندێ لەو شیعرانە لایەنی شەخسی تێدا زاڵە (٢٣- ١٢١)و بڕێ لە سرودەکان دەربارەی دەستوورو یاسای نوێژە (٢٤)، هەندێکیان توندو رەخنەئامێزە (١٣٧)، ژمارەیەکیشیان درێژن (١٩- ٤٢)، بێگومان تا ئێستا هیچ کەشکۆڵێك بەو راستگۆییو بێگەردیو جۆشو خرۆشو گەرمو گوڕییەی مزمارەکان نەهاتۆتە ئاراوە.

شانۆنامە

ئەگەرچی لە فەلەستیندا هیچ شانۆیەك نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوو نموونە لە بەرهەمی شانۆیی ماوەتەوە:

کتێبی ئەیوب (دەوروبەری ساڵی ٣٥٠ پێشز):

ئەم کتێبە شانۆنامەیەکی فەلسەفیو مەیلەو شیعرییە کە پێدەچێت لە رووی فۆرمو ناوەڕۆکەوە لە ژێر کاریگەری تراژیدیای یونانیدا بووبێ. ئەم کتێبە بە مەبەستی نواندنو نمایش نەنووسراوە بەڵکو تەرخانکراوە بۆ مەسەلەی بەدیو بەدکاری.

شەیتان (ئەهریمەن) مۆڵەت لە خوا وەردەگرێ کە ئەیوبی دروستکارو شادمان، بە گەڕیو گولی، بە مەرگی مناڵەکانی، بە نەهێشتنی سەروەتو سامانەکەی تاقی بکاتەوە. سێ دۆستی ئەیوب، واتە سوفر، ئیلفاز، و بلدەد (کە بە تەوسەوە تەسەلاکارانی ئەیوبیان پێ گوتراوە) لەو باوەڕەدان کە ئەم بەڵاو نسیبەتانە یا سزای تاوانکارییە یا خوا ویستوویەتی ئەشقو ئەمەکی ئەیوب تاقی بکاتەوە. ئەیوب ئیعتراز دەگرێو دەڵێ کە راستگۆو دروستکارە، ئەشقو مەحەبەتی بۆ خوای پەروەردگار پایەدارو بەرقەرارە، بەڵام لە چۆنیەتی سزای خوایی دوو دڵە، و سەر لەوە دەرناکات کە بۆچی بێ گوناحان ئازار دەدات. ئەنجامی فەلسەفی ئەم کتێبە بەوە دەشکێتەوە کە دەنگێك لە نێو گەردەلوولەوە هاوار دەکات (٣٨- ٤١): چۆنیەتی سزای خوایی لە سنووری تێگەیشتنی

ئادەمیزاد بە دەرەو مرۆڤی خۆپەرست ناتوانێ پەی بە مەبەستەکانی خوا ببات. ئیدی ئەیوب سەری تەسلیم بوونو ملکەچی دادەنەوێنێ.

دوو بەش بۆ ئەم شانۆنامەیە زیادکراوە. بەشی یەکەم (٣٢- ٣٧) گوتاری تاقەتبەری ئیلیەهۆ،ی چوارەمین تەسەلاکار، لە خۆ دەگرێ، کە نەك هیچ بابەتێکی تازە ناخاتە سەر باسی فەلسەفی کتێبەکە، بەڵکو لایەنی دراماتێکی شانۆنامەکەش لەنگ دەکات. بەشی دووەم (٤٢) لەگەڵ ئەو ئەنجامگیرییەی کە لە ئایەتانی ٣٨- ٤١ وە هەڵدەهێنجرێ ناکۆکە: ئەیوب چاك دەبێتەوەو سەروەتو سامانو شادمانی خۆی بە دەست دێنێتەوە.

<u>غەزەلی غەزەلان یا غەزەلەکانی سلێمان (٣٥٠ پێشن):</u>

بریتییە لە کۆمەڵە شیعرێکی ئاشقانەو نیمچە شانۆیی، کە بۆ ئەوە دانراوە تا لە ئاهەنگەکانی شاییو زەماوەندا بە گۆرانی بگوترێتەوە. پێدەچێ ئەم شیعرە جوانو پڕسۆزو ئەشقامێزانە بە زمانی زاوا (لە دەوری سلێماندا)و بووك (لە دەوری شمولیتدا) لەلایەن شایەرو ئاشقانەوە گوترابنەوە، تا ئەمڕۆکەش هەندێ لە تۆژەران وەکو پێشینان پێیان وایە کە ئەم کتێبە نموونەیەکە لە ئەشقی مەسیح بۆ کڵێسا، شیعرەکان هی سلێمان خوێنو ئەو ئەشقەی کە باسکراوە ئەشقی مەعنەوییە.

ئەدەبیاتی پەندو ئامۆژگاری

ئەم کتێبە(دەوروبەری ساڵی ٣٠٠ پێشن)کۆمەڵێك پەندو ئامۆژگارییە بە هەڵە داویانەتە پاڵ سلێمان. لێ وا دیارە ریشەو سەرچاوەی میللی و جەماوەرییان هەیە. هەندێ لەم پەندانە لایەنی ئەخلاقیان هەیە، بەڵام زۆربەیان شەرحو شرۆڤەی کاروباری شەخسین.

<u>کتێبی کۆمەڵگە: (دەوروبەری ساڵی ١٥٠ پێشن):</u>

ئەم کتێبە کە بە هەڵە بە هی سلێمان زانراوە، کۆمەڵە گوتارێکە پڕ لە نائومێدی، جەبرو ئختیار، و گومانو دوو دڵی (جگە لە هەندێ پەند و بەند سەبارەت بە ستایشی حیکمەت کە دواتر خراوەتر سەر کتێبی ناوبراو) زمانو تۆنی کتێبەکە زمانی پیرەمێردێکی رەشبینە کە بوون بەشتێکی بێهودەو بێ مانا دەزانێ "هەموو شتێك بێهودەیە".

حیکایەتو چیرۆکان

چەندین چیرۆك (کە رۆژگارێك بە چیرۆکی واقیعی زانراونو ئەمێستا بەگشتی بە دەستکرد دەژمێردرێن) لە تەوراتدا هاتوون کە هەر یەکێکیان ئامانج یا پەیامی تایبەتی خۆی هەیە.

<u>کتێبی روت (دەوروبەری ٣٥٠ پێشن):</u>

چیرۆکێکی کورتە، لە رووی ناوەڕۆکەوە نا ڕەزاییەکی زیرەکانەیە سەبارەت بە حەرامکردنی زەوجین لە نێوان ئەندامانی یەك خێزاندا.روت ژنی موئابی (کە دەبێ بە هاوسەری بوعەز)لە دەوری نەنکی حەزرەتی داودا،گەورەترین حکومرانی بەنی ئیسرائیل ، دەردەکەوێ.
شۆرەتی ئەم چیرۆکە لەوەدایە کە روت ئاشقێنی لەگەڵ زڕدایکی خۆیدا دەکات. "داوام لێ بکە کە تۆ بەجێ نەهێڵم".

کتێبی یونس (دەوروبەری ٢٧٥ پێشن):

ئەم کتێبە کە لێکدانەوەی نا دروستی زۆری بۆ کراوە، دەربارەی حەزرەتی یونسە کە خوا رای دەسپێرێ بچێ بۆ نەینەواو پەیامی خۆی لەوێ رابگەیەنێو ئەنجامی بدات. یونس سەرپێچی دەکات، بەڵام پاشان ژێوان دەبێتەوەو پەیامی خۆی ئەنجام دەدا. یونس بۆ جاری دووەم، کاتێ کە خوا لە نەینەوا دەیبەخشێ، سە رپێچی لە ئەنجامدانی فەرمانی خوا دەکات. زۆربەی خاڵە ئەخلاقیو مەزەبیەکانی وەکو: نا پەسەندی و ناشیرینی یاخی بوونو خۆ سەریو خۆپەرستی یونس، ئامادەیی خوا لە هەموو جیهاندا، چاکی تۆبە، و زەرورەتی سەبری مەزەبیو نەژادی٠ بە گوێرەی ئەم باسە بێ ئەنجامە کە چۆن دەشێت ئادەمیزادێك بۆ ماوەی سێ رۆژ لە ناو سکی ماسیەکدا هەڵبکا، نایەنە بەر تەسەور.

کتێبی دانیال: (دەوروبەری ساڵی ١٥٠ پێشن):

ئەم چیرۆکە رەمزییە کە لەسەر بناغەی حیکایەتو ئەفسانانی کۆن رۆنراوەو دەربارەی یەخسیری دانیالە بەناوبانگە. مەبەست لەم کتێبە هان دانو دنەدانی جولەکان بووە لە ماوەی جەنگی مەکابیونەکاندا، و کتێبەکە بە پێشبینی کردنی ئایندە کۆتایی دێت. بەناوبانگترین پاژەکانی ئەم کتێبە بریتیە لە: چیرۆکی خستنە ناو گوڵخەنی شدرك، مێشكو عەبدنعو "٤" (٣)، میواندارى بەلشسەر (٥)و توڕدانی دانیال بۆ ناو بیری شێران (٦)

کتێبی ئیستیر (دەوروبەری ١٥٠ پێشن):

دواترین کتێبە لە چاو کتێبەکانی دیکەی تەوراتداو لە رووی ئەخلاقییەوە لە هەموویان لاوازترە. مەبەستی ئەم کتێبە خۆشکردنی زەمینەی مێژوویی بووە بۆ جەژنی فوزیم-ی جولەکان"٥".
چیرۆکە کە شەقڵێکی خوێنڕێژیو کینە کێشی هەیە، بەڵام هونەرمەندانەو دڵگیرانە نووسراوە. ئیستیر، شابانۆی ئاخشوروش (خەشایار شا) بە کەشفکردنو لە قاودانی پیلانێك کە هامان-ی تاوانکار بۆ قەتلو عامی جولەکەکانی ناوەتەوە، موردەخای مامیو جولەکەکان رزگار دەکا.

سەردەمی نوێ (ئینجیل):

بریتییە لە چیرۆکی سەرهەڵدانو پێشکەوتنەکانی سەرەتای مەسیحیەت. ئەم کتێبە چوار ژینامەی عیسا (چوار ئینجیلەکە)، کاری پەیامبەران، بیستو یەك نامەی ئاینیو موکاشەفەی

یوحەنای لە خۆ گرتووە کە هەموویان بەسەر یەکەوە دەکەنە ۲۷ کتێب. زۆربەی ئەم کتێبانە(یا لەوەیە هەموویان)لە بنەڕەتدا بە یۆنانی دانراون، بەڵام رەنگە چوار ئینجیلەکە لە سەرەتادا بە ئارامی بووبن. هەموو ئەم کتێبانە لە ساڵانی ٤٠ بۆ ۱۲٥ ز نووسراون.

ئینجیلەکان

یەکەم چوار کتێبی سەردەمی تازە (ئنجیلی مورقس، ئینجیلی مەتی، ئینجیلی لوقا، و ئینجیلی یوحەننا) ژیانو مەرگو رابوونەوەی عیسا مەسیح دەگێڕنەوە. ئەم چوار ئینجیلە لە رووی پرەنسیپو ناوەڕۆکەوە وەکو یەکن، بەڵام لە وردەکاریو پاژەکاندا جیاوازن.

<u>ئینجیلی مورقس:</u>

وەرگێڕانە یونانییەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ساڵانی ۷۰-۱۰۰ز، و وەرگێڕانی نوسخە گوم بووە ئارامییەکەی رەنگە بۆ دەوروبەری ساڵانی ٤٠- ۷۰ ز بگەڕێتەوە).

کۆنترین و کورتترین ، شایەدا بە ئیحتوبارترین ئینجیلە مورقس بە سەرچاوەی ئینجیلەکانی مەتیو لوقا دەژمێردرێ، و ئەم سیانە بە ئینجیلانی هاوشێوەو هاوتا ناسراون. خەڵکی کتێبی مورقس بە هی یوحنا مورقس دەزانن، کە یەکێك بووە لە هاوڕێیانی پوترسی یاوەر لە روم. ئەم ئینجیلە تەنیا سێ ساڵی کۆتایی ژیانی عیسا -پەندو ئامۆژگارییەکانی، و هەستانەوەی لە دوای مەرگ- لە خۆ دەگرێت، نووسەر ئەم چیرۆکەی، کە زۆر زوو بە هەموو شوێنێکدا بڵاوبووەوە، لەبەر ئەو لەزەتو دڵگیریو موجیزاتەی کە چیرۆکەکە پێی بەخشیوە، داناوە. نووسەر هیچ کاتێك دەربەستی جوانی پەیڤ نەبووە، سڕینەوەو دووبارە بوونەوەو پەلە پروزێیەکی زۆر بە کارەکەیەوە دیارە. بۆچوونی گشتی لەسەر ئەم کتێبە ئەمەیە کە بەشی کۆتایی کتێبەکە (بابی ۱٦: ئایەتەکانی ۹- ۲۰) هی نووسەرە ئەسڵییەکە نییەو دواتر خراوەتە سەر کتێبەکە.

<u>ئینجیلی مەتی</u> (وەرگێڕانە یۆنانیەکەی بۆ ساڵی ۸۰ ز دەگەڕێتەوە، نوسخە ئارامییەکەشی لەوەیە بۆ ساڵی ٥٥ز بگەڕێتەوە).

دەدرێتە پاڵ مەتی یاوەڕو تا رادەیەکی زۆر لەبەر ئینجیلەکەی مورقسدا نووسراوەتەوە. لەم کتێبەدا رووی قسە لە بەنی ئیسرائیلەو دوو مەبەستی سەرەکی لەبەر چاو گیراوە:

١- سەلماندنی ئەم خاڵە بۆ جولەکان کە عیسا ئامانجی هەموو پێشبینییەکانی پەیامبەرانی کۆنە، واتە مەسیح حەقیقەییە.

٢- تۆمارکردنی ئامۆژگارییە ئەخلاقییەکانی عیسا.

ئەم کتێبە بە سەرجەلەنامەی یوسف، مێردی دایکی عیسا دەست پێدەکات، و چیرۆکی لە دایکبوون، ژیان، لە خاچدان، رابوونەوە، و هەڵکشانی عیسا بۆ ئاسمانان دەگێڕێتەوە. هەروەها سەربهوردی پیاوانی زاناو کۆچی یوسفو مریەمو عیسا بو میسر لەم ئینجیلەدا

باس كراوه. ئینجیلی مەتی له چاو ئینجیلی مورقسدا به شێوەیەكی بژاردەترو وردتر هاتۆته دانان و نووسین.

ئینجیلی لوقا (وەرگێڕانه یۆنانیەكەی دەگەڕێتەوه بۆ دەوروبەری ساڵی ٩٠ ز، وەرگێڕانی نوسخه ئارامییەكەی رەنگه بۆ دەورووبەری ساڵی ٦٥ن)
لەلایەن لوقاوه نووسراوه. كه پزیشكو هاوڕێی پۆڵس بووه له سەفەره بانگەشەییەكاندا، لوقا ئەم كتێبەی بۆ یونانیو رومییەكان نووسیوەو سەرچاوەی ئەم كارەشی هەردوو ئینجیلی مورقسو مەتی بووه. لەم ئینجیلەدا لایەنی بەشەری عیسا دووپات دەكرێتەوه. لوقا شیعر دۆسته. تۆنو زمانی ئینجیلەكەی ئەو هێمنو بەشەر دۆستانەیە. لەم كتێبەدا باسی ژیانی عیساو واریقاتی له دایكبوونەكەی دەكات (بابی دووەم: ئایەتی ١- ٢٠).

ئینجیلی یوحەنا (ئەم شێوەیەی ئێستای دەگەڕێتەوه بۆ سالانی ١٠٠- ١٢٥ن):
رەنگه به هەڵه ئەم ئینجیلەیان دابێته پاڵ یوحەنای یاوەر،بەلام به رواڵەت دەبێ به ماوەیەكی زۆر، پاش ئەو دانرابێ، كاریگەری فەلسەفەی یۆنانیو ئەسكەندەرانی، به تایبەتی له باسی پەیڤدا، لەم كتێبەدا ئاشكرایه.تەئكید لەسەر ئولوهیەتو خوایەتی عیسا و ئەمەی كه، عیسا رەمزی پەیڤه، هەروەها ئیمانو باوەڕ(وەكو خاڵی بەرامبەری كاران)، بەرجەستەبوونی عەشقی خوا له ئەشقی ئادەمیزادا، یەكێتی سۆفیانه لەگەڵ هەقدا دەكات. ئەم كتێبه دوای پێشەكییەك، به یەحیای تەعمیدكار دەست پێ دەكات كه عیسا دەشواو تەعمیدی دەكات، ئەوجا دێته سەر باسی پەیامو مەرگو رابوونەوەی عیسا له پاش مەرگ، بەلام هیچ باسێكی چوونه ئاسمانی عیسای تێدا نییه.

مێژووی كلێسا

نامەی كرداری پەیامبەران (٦٠- ٩٠ن):
نووسینی لۆقای دانەری سێیەمین ئینجیله. گێڕانەوەیەكی مێژوویی زیندوی پەرەسەندنو بلاوبوونەوەی مەسیحیەته له ئاسیای بچووك، دورگەكانی میدیترانه، یۆنانو روم. بابەتەكانی بریتیین له: بەردباران كردنی ئستیفانووسی یەكەمین شەهیدی مەسیحی، گەلێك پەڕچووی كۆن، هەوڵەكانی كلێسای لاو، به مەسیحی بوونی پۆڵسو سەفەره تەبلیغییەكانی، هەروەها هاتنه خوارەوەی روحل قودسو جەژنی پەنجامین.

نامەكانی پۆڵسی پەیامبەر (مێژووی دانانی هەموو ئەم نامانه دەگەڕێتەوه بۆ دەورووبەری سالانی ٥٠- ٦٥ن):
لەو سیازده نامەیەیه كه دراونەته پاڵ پۆڵس، شەش دانەیان بایەخو بەهای تایبەتیان هەیه. ئەم نامانه هەر چەنده گروپ یا خەڵكانێكی تایبەتی دەدوێنێ، و له رووی جوگرافییەوه

سنووردارن، بە شاکاری ئەدەبیاتی جیهان دەژمێردرێن و لە دڵگرترین ئەو نامانەن کە تا ئێستا نووسراون. ئەم نامانە سەرچاوەی گەلێك لە باوەڕو ئامۆژگارییەکانی دواتری مەسیحیەتن. تۆن و زمان و شێوازی ئەم نامانە بە گوێری پێگەو هەستی دانەر لە دەمی جۆراو جۆردا دەگۆڕێ هەندێکیان وشك و راستەوخۆو بەڵگەدارە، و بڕێکی تریان توندو دڵگیرو تەنانەت پڕ سۆزو گودازە. ئەو باسە لۆجێکی و وردا نەی کە هەندێ جار لەم نامانەدا دێ، تێگەیشتنیان قورس و زەحمەت دەکات.

دوونامە بۆ تسالونیکیان:

ئەم دوو نامەیە پۆڵسی یاوەر لە ئەسینا بۆ کڵێسای لاوی تسالونیکیان-ی نووسیوە. پۆڵس لەم نامانەدا باوەڕی خۆی سەبارەت بە هاتنەوەی سەر لە نوێی مەسیح دەر دەبڕێ و خەڵکی رادەسپێرێ و هاندەدا کە تا زووە روو بکەنەوە دینداری و پارێزکاری تا بەڵکو بتوانن هاوڕێ لەگەڵ مەسیحدا رابن و ژیانی ئەبەدی بە دەست بێنن.

نامە بۆ غەلازیان:

ناونیشانی نامەیەکە کە پۆڵس لە روم، بۆ مەسیحیانی ئاسیای بچووکی نووسیوە. لەم نامەیەدا کە بە بەیاننامەی ئازادی مەزەب بەناوبانگە، ئارەزووی کڵێسای غەلازیان بە تەئکید لەسەر پەیرەوی کردنی شەریعەتی موساو توندڕەوی لە واری رەچاوکردن و جێ بەجێکردنی رێوڕەسمی ئاینیدا مەحکوم دەکات. نامەی غەلازیان دەربڕی باوەڕی پۆڵس بە ئازادی و چەمکێکە کە ئەو لەمەر مەسیحیەت وەکو ئاینێکی جیهانی نەك ئاینێکی ناوچەیی نیشان دەدا.

نامەی یەکەمی پۆڵس بۆ قرنتیان لە (فیلیپی دانراوە):

پۆڵس لەم نامەیەدا وەڵامی گەلێك لەو پرسیارانە دەداتەوە کە کڵێسای کورنت-یان هێنا بووە گێرو گاز. لەو نامەیەدا بە توندی رەخنە لە خۆپەسندی و مەقام و پایەخوازی دەگرێ و بێ هودەیی هەر چاکەو فەزڵ و بەخشێك کە هەڵقوڵاوی (مەحەبەت) نەبێ ئشکرا دەکات (بابی ١٣- فەسڵی مەحەبەت).

باوەڕی بتەوی بە دەرکەوتنەوەی مەسیح هەیە، بۆیە پێشنیاز دەکات کە خەڵکی بە سەڵتی بمێننەوە تا بتوانن بایەخێکی زۆرتر بە کاروباوری ئاینی بدەن. پۆڵسی پەیامبەر لەم نامەیەدا کە یەکێکە لە درێژترین نامەکانی سەردەمی نوێ و لە دەوروبەری ساڵی ٥٥ز نووسراوە، جۆری هەڵسوکەوت و رەفتاری مەسیحیان روون دەکاتەوەو ئاگاداریان دەکاتەوە کە زینا لەگەڵ مەحرەمان دا نەکەن. و باوەڕی بتەوی خۆی بە هەستانەوەی عیسا دووپات دەکاتەوە (بابی ١٥)و باوەڕی خۆی بە فەنا نەبوونی ئادەمیزاد نیشان دەدات: "ئەی مەرگ چزی تۆ لە کوێیە و ئەی گۆڕ نینۆکی تۆ لە کوێ؟" (بابی ١٥: ٥٥):

نامەی دووەمی پۆڵس بۆ قرنتیان:

ئەم نامەیەش وەکو نامەکەی یەکەمی پۆڵس، لە فیلیپیو بە یۆنانی نووسراوە. ئەم نامەیە لە رووی بەرەڤانی مەیلەو تاڵی دانەر لە خۆی، مایەی سەرنجە (بابی ١٠- ١٣) ئەو بەرەڤانییەی کە زاهیری ئەنجامی یاخی بوونی گرووپی هەوادارانی کلێسای قرنتیان بووە دژی رێبەرایەتی پۆڵس. ئەم بەرەڤانی نامەیە سەرکەوتوو بووەو نۆ بابی یەکەمی نامەکە دەربارەی ئاشتی و ئاشتبوونەوەو نەهێشتنی ناکۆکییە.

نامەی پۆڵس بۆ روومیان:

پۆڵس ئەم نامەیەی پێش دوا سەفەری خۆی بۆ ئۆرشەلیم، لە کورنتدا بۆ مەسیحیانی روم نووسیوە. لەم نامەیەدا پۆڵس بە تەواوەتی راوبۆچوونی خۆی دەردەبرێ. پێی وایە کە ئیمانو باوەڕ مایەو هەوێنی رزگارییە. بەم پێیە خوا کەسانێك بە راست و لەسەر هەق دەزانێ کە باوەڕی تەواو بەو خوایە بێنن کە مەسیح بانگەوازی بۆ کردووە. ئەم باوەڕە لە راستیدا تەواوکەری ئەو راو بۆچوونانەیە کە لەمەڕ مەحەبەت، لە نامەی یەکەمی پۆڵسدا بۆ قرنتیان پیشان دراون. ئەم نامەیە یەکێکە لە درێژترین و قووڵترینو تیۆریترین نووسراوی پۆڵس. بە شێوەیەکی گشتی، ئەم نامەیە روحو جەوهەری پەیڤ دەربارەی حیکمەتی خوایی دەگێرێتەوە -"هەموو رێگاکان دەچنەوە روم".

نامەێن نووسەرانی دی:

جگە لە نامەکانی پۆڵس، هەشت نامەی دیکە لە ئینجیلدا هاتوون کە تەنیا سیانیان بایەخی تایبەتیان هەیە (پێنج نامەکەی دی بریتین لە : نامەی یەکەمو دووەمی پەتروس، نامەی دووەمو سێیەمی یوحەناو، نامەی یەهودا).

نامە بۆ عیبرانیان (ساڵانی ٧٠- ٨٠ز):

پەندنامەیەکە دانەرەکەی نادیارە.(لە راستیدا بە شێوەی نامە نییە)کە سەردەمانێك بە هەڵە بەهی پۆڵسی یاوەر لە قەڵەم دەدرا، ئەم نامەیە لەسەر شێوەو شێوازی نامەکانی پۆڵس نووسراوە، بەڵام زۆر سوارترو رەوانترو تۆنەکەی خۆشترە.

رووی ئەم نامەیە لە مەسیحیانی عیبرانی (جولەکە)یە. باسە سەرەکییەکانی ئەم نامەیە بریتییە لە: فەزیلەتی عیسەویەت بەسەر یەهودیەتدا، و دووپاتکردنەوەی بۆچوونەکەی پۆڵسە سەبارەت بە پاکبوونەوە لە رێگەی ئیمانو باوەڕەوە.

نامەی یەعقوب (دەوروبەری ٤٠- ٩٠ز):

دراوەتە پاڵ یاقوبی برای عیسا (رەنگە بە هەڵەش درابێتە پاڵ ئەو). ئەم نووسراوە نامەیەکی کراوەیە یا پەندنامەیەکە بۆ دوانزە قەبیلە پەراگەندەکەی بەنی ئیسرائیل. وا پێدەچێت ئەم نامەیە زادەی کاردانەوەی یاقوب بێ بەرانبەر بەو باوەڕەی پۆڵس کە باوەڕوئیمانی بەمایەو

هەویْنی رزگاری دەزانی. یاقوب تاکید لەسەر ئەوە دەکات کە کارو کردەوەی چاك مایەی رزگاری مرۆڤە: "کار بە قسان بکەن نەك هەر گوێی لێبگرن" (بابی یەکەم، ئایەتی ٢٣). هەروەها یەعقوب بە روونیو رەوانی رەخنە لە بێدادی کۆمەڵایەتی دەگرێت.

<u>نامەی یەکەمی یوحەنا (دەوروبەری ١٠٠- ١٢٥ز):</u>

دراوەتە پاڵ قەشە یوحەنا، کە "بۆ خاتوونێکی دیندار" نووسراوە. ئەم نامەیە وەڵامێکە بۆ بیدعەتەکانی مەزەبی غنوسی"٦" دەربارەی ماهیەتی عیسا. یوحەنا هیچ گرفتێکی لەمەدا نییە کە یەکێتی عارفانەی مرۆڤ و خوا، لە بوونی مەسیحدا دیاری بکات.

<u>موکاشەفەی یوحەنای پەیامبەر (دەوروبەری ساڵی ٩٠ز):</u>

ئەم کتێبە کە بە هەڵە دراوەتە پاڵ یوحەنای یاوەر، بە ئەگەری نزیك لە یەقین، لەلایەن سۆفیەکی گومناوی ئیفیسوسییەوە دانراوە. ئەم کتێبە نامە ئاسایە، رووی دەمی لە هەوت کلێسا ئاسیای بچووکە. وێڕای ئەوەی کە ئەم نامەیە بە رواڵەت موکاشەفەی عیسا مەسیحە، بەڵام لە رووی فۆرمی پەیڤو زمانەوە پتر عیبریە تا مەسیحی، رەنگدانەوەی ئارەزووی هەمیشەیی یەهودیانە بۆ رزگاربوون لە کۆتو بەندی ستەمو زۆرداری. ئەو حەزو ئارەزووەی کە لە گەلێك لە کتێبانی پەیامبەرانی سەردەمی کۆنو لە کتێبەکەی دانیاڵ-شدا باسکراوە. موکاشەفەکەی یوحەنا یەکسەر لە پاش توند بوونی چەوسانەوەو ئازاردانی مەسیحیان کە بە فەرمانی دوومیتیان"٧" دەستی پێکرد، دانراوە. ئەم موکاشەفەیە پێشبینی روخانی روم، هەستانەوەی عیسا، رابوونی پەیامبەران یەخسیرکردنی ئیبلیس، حوکمڕانی هەزار ساڵەی مەسیح، شەڕی کۆتایی(حارمجدون) نێوان هێزی خواییو ئیبلیس (بە سەرکەوتنی هێزێن خوایی)، رۆژی پەسلان، و بونیادنانەوەی تازەی ئۆرشەلیم، دەکات.

هەر چەندە موکاشەفەکەی یوحەنا، لە باری سەرنجی ئەخلاقیاتەوە لە هەموو کتێبەکانی دیکەی سەردەمی نوێ (ئینجیل) نزمترە، بەڵام بە شاکارێکی ئەدەبی دەژمێردرێ. رەمزییەتی عارفانەو جارجار ئاڵۆز وەسفی گەشو زندووی نەبەردی نێوان خێرو شەڕ،ئەو وێنە سامناکەی کە دەربارەی کۆتایی دنیا دەیگرێ دەیخاتە ریزی گەورەترین بەرهەمی وەسفیەوە.

<u>ئاپۆکریف (کتێبە دەستکردەکان):</u>

ئەمە ناونیشانی پاشکۆکانی هەموو کتێبەکانی هەردوو سەردەمی کۆنو نوێیە (تەورات و ئینجیل).

ئاپۆ کریف-ی سەردەمی کۆن بریتییە لە چواردە کتێب کە لە هەردووك وەرگێڕانی هەفتا"٨" کەسەو ڤوڵگات "٩"دا هاتوون. بەڵام جولەکانی فەلەستین ئەم کتێبانە بە وەحیو سروشی تەواو نازانن. و لە دەقە ئەسڵییە عیبرییەکەشدا داخڵ نەکراون. پرۆتستانەکان لە قۆناغی ریفۆرمی ئاینیدا ئاپۆکریف-یان لە کتێبی موقەدەس دەرهاویشتووەو ئیعترافیان

پێنەکردووە، بەڵام لە گێرانەوەی شاجیمز دا زیاد کراوەو خراوەتە نێوان هەردوو سەردەمی کۆن و سەردەمی نوێوە. کاتولیکەکان جگە لە دوعای منسی و ئیسدراسی یەکەم و دووەم، هەموو کتێبەکانی دیکەی ئاپۆکریف بە قانونی دەزانن.

کتێبەکانی ئاپوکریف بریتییە لە چوار کتێبی مێژوویی، پێنج چیرۆك، دوو کتێبی حیکمەت و پەند، یەك نامە، یەك کتێبی قەولان و یەك کتێبی دوعاونزا. کتێبەکانی دی بریتین لە: پاشماوەی فەسڵەکانی ئیستیر، باروخ (لەگەڵ نامەکەی ئیرمیا)، هاوڕێیانی دانیل، بەغل و ئەژدیهاو، دوعای مەنسی "١٠".

مێژوو

<u>ئیسدرسی یەکەم (دەوروبەری ٣٩٠ن):</u>

دەربارەی شەرحی گەڕانەوەی جولەکەکانە لە ئەسارەتی بابلییەکانەوە بۆ فەلەستین. ئەم کتێبە لە بنەڕەتدا نووسینەوەو داڕشتنەوەی کتێبانی دووەمی مێژووی ڕۆژگاران، عەزرا، و نەحمیایە. لەبەر ئەمە لە روانگەی ڕەسەنایەتی ئەدەبییەوە بایەخێکی ئەوتۆی نییە، لەگەڵ ئەمەشدا چیرۆکە شیرینەکەی زۆر بابل "١١" دەگێڕێتەوە کە بە یارمەتی داریۆش (٥٥٠-٤٨٦ پێشز) پاشای ئێران، دەکەوێتە نوێکردنەوەی پەرستگەکەی بەیتول مەقدیس هاوکاری و پشتیوانیەکەی داریوش کاتێ دەبێ بە راستی کە زور بابل لە مونازەرەیەك دا دەربارەی (زانینی بە هێزترین دەسەڵاتی جیهان) سەردەکەوێ. لەم مونازەرەیەدا ڕەقیبەکانی ئەو یەك لە دوای یەك ناوی شەراب و شا دەبەن، زور بابل ژن لە شەراب و شا بە دەسەڵاتتر دەزانێ، بەڵام لە هەمان کاتدا رایدەگەیەنێ کە حەقیقەت لە هەموو ئەوانە بەهێزترە.

<u>ئیسدراسی دووەم (دەوروبەری ٣٨٠ پێشز):</u>

ئەم بەرهەمە کە بە درێژەی ئیسدراسی یەکەم دەژمێردرێ، لە رووی مێژووییەوە لاوازەو لە باری ئەدەبییەوە یەجگار دڵگرە. گرنگترین فەسڵێن ئەم کتێبە بریتییە لە: خەونەکان، موکاشەفە ئاسمانییەکان، و پێشبینیانی پەیوەست بە کەوتنی تاوانباران و رزگاری دروستکاران.

<u>مەکابیانی یەکەم و دووەم (دەوروبەری٣٨٠ پێشز):</u>

ئەم دوو کتێبە، مێژووی جولەکانی فەلەستین لە ساڵانی ناوەڕاستی سەدەی دووەمی پێش زاییندا لە خۆ دەگرن. کتێبی دووەم تەقریبەن ساڵانی ١٨٥ تا ١٦٨ پێشز دەگرێتەوە- واتە سەردەمی پێش یاخی بوونی جولەکان دژی ئانیتوخوس ئەپیفانسی (١٦٣ پێشز) شاسلوکی سوریە، کە هەوڵی دەدا یەهودییەت لە نێو بەرێ، و ئەمەش بووە هۆی یاخیبوونی مەکابیان. کتێبی یەکەم خودی یاخی بوونەکەی (١٦٨- ١٣٥ پێشز) شەرح و شرۆڤە دەکات. یەهودای مەکابیی رابەری یەهودیان، لەم ڕاپەڕینەدا سەر دەکەوێ، جولەکەکان ئازادی

ئاینیو سیاسی خۆیان وەدەست دێننەوەو لە ساڵی ١٤٢ پێشز ماڵباتی کاهینانی جولەکە دادەمەزرێنن کە تا ساڵی ٤٠ پێشز بەردەوام دەبێ.
ئەم مێژووە شەقڵی توندی خەیاڵاتو ئارەزووە ئاینییەکانی نووسەری وەرگرتوە، بەڵام لێوان لێویشە لە رووداوی سەیرو وێنەی دڵبزوێن. یەهودای مەکابی بە قارەمانێك لە قەڵەم دەدرێ کە سەرکەوتن، نەك لە سایەی هێزو بوێری زاتی، بەڵکو لەبەر رۆشنایی ستایشی یەهوە بە دەست دێنێ.

چیرۆکان

<u>یەهودیەت (دەوروبەری ساڵی ١٥٠ پێشن):</u>
چیرۆکێکی خەیاڵییە دەربارەی ژنێکی جولەکەی خواناس، کە کاتێ بتولیای زاگەی لەلایەن هێزەکانی بەختنەسرەوە گەمارۆ دەدرێ (بە کۆمەکی جوانیو زانایيو زیرەکی خۆی) خۆی دەگەیەنێتە ناو چادرەکەی هالوفرەنسی فەرماندەی هێزی هێرشکەری ئاسوریەکان، بە رواڵەت وا خۆی دەنوێنێ کە تەسلیمی هەواو هەوەسی فەرماندە کە دەبێت و متمانەی ئەو بەدەست دێنێ، و ئەنجام دەتوانێ لە غورابی خەوی مەستیدا سەری لەلاشە جیا بکاتەوە.
یەهودیەت، بە قارەمانی خۆشەویستی جولەکەکان لە قەڵەم دەدرێو سەربهوردی ئەو بووە بە هەوێنو نێوەڕۆکی زۆر شیعری دڵگیرو تابلۆو نیگاری جوان.

<u>شوشناو پیران (دەوروبەری ١٣٠ پێشن):</u>
چیرۆکێکی کورتی دڵگیرە دەربارەی شوشنا. کە ژنێکی جوانو داوێنپاکەو دوو پیری تاوانباری سەر بە تیرەکەی لێدەبڕێن فریوی بدەن. پیرەکان کە دەبینن شوشنا زۆر سەر سەختەو بۆیان نایەتە رەدا، بوختانی داوێن پیسی بۆ هەڵدەبەستن. شوشنا لە سەرەتادا حوکمی مەرگ دەدرێ. بەڵام دانیاڵ کە پیرەکان دەدوێنێ بۆی دەردەکەوێ کە بوختان دەکەن، ئیدی شوشنا تەبرێو پیرەکان بە مەرگ مەحکوم دەکات.ئەم چیرۆکە پاشەکەوتی زمان و حاڵەتی چاوەڕوانی تیایە.

<u>توبیت (مێژووی ئەو چیرۆکە دیار نییە،</u> بە مەزەندە دەگەڕێتەوە بۆ نێوان ساڵانی ٣٥٠ پێشز ٧٥ن):
ئەم چیرۆکە خەیاڵئەنگێزە، کە نیشاندەری دەسەڵاتو ئیحتوباری میسریانو پارسیانە، باسی جولەکەیەکی ئیمانداری دوورخراوە بەناوی توبیت، و کوڕە لاوەکەی بە ناوی توبیاس دەکات. توبیت کە بینایی و دارایی خۆی لە دەست داوە، توبیاس بۆ وڵاتی ماد دەنێرێ تا ئەو زیوانەی بۆ بێنێتەوە کە لەوێندەر هەیەتی. بە درێژایی سەفەرەکە روفائیلی فریشە لە شێوەی هاووڵاتیەکی توبیاسدا دەردەکەوێو رێنوێنی توبیاس دەکات. ئەم دووە تووشی سارا دەبن، سارا کیژێکی جولەکەیەو جنۆکان دەستیان لێوەشاندووەو لە رۆژی

زەماوەندکەیدا هەر حەوت شووەکەیان کوشتووە. توبیاس بە ڕێنوێنی ڕۆفائیل جنوکەکان لە لەشی سارا وەدەردەنیٚو زەماوەندی لەگەڵدا دەکات. توبیاس و سارا بە نیوەی داراییەکەی بابی ساراوە بۆلای توبیت دەگەڕێنەوە و بەزەردواوی ((زراو)) ی ماسی چاری نابیناییەکەی دەکەن. ڕۆفائیل-ش پاش هێنانەوەی زیوەکان لەولاتی ماد، خۆی ئاشکرا دەکات و کاراکتەرەکانی دیکەی ناوچیرۆکەکە هاندەدا کە سوپاسگوزارو شوکرانە بژێری چاکیەکانی خودابن.

ئەدەبیاتی پەندو حیکمەت:

<u>حیکمەتی یەسوع (١٥٠پیشز)</u>
<u>(لە جوملەی کۆمەڵە کتێبێکی ئاپۆکریفە لەمەر سوپاس و ستیایشی حیکمەتی خوا):</u>
بریتییە لە کۆمەڵێك پەندی شاعیرانەی کورت. بنەمای حیکمەت و ئامۆژگاری ئەم کتێبە، وەکو کتێبی ((پەندان)) لە قانوونی موقەدەس دا زیاتر سادەو سەرەتاییە تا قوڵ وگەورە بێ، ئەمە دووپات دەکاتەوە کە تاعەتی خوا مایەی شادی و کامەرانیە :
واتە هەمان ئامۆژگاریەکانی تەوراتە. هەڵبەتە ئەم کتێبە هەندێ پەندی بەرزو بالاشی تێدایە.

<u>حیکمەتی سلێمان (ساڵ ٥٠ پێشز، شوێن ئەسکەندەرییە):</u>
کۆمەڵە پەندو ئامۆژگارییەکی دیکەیە. زمانو تۆنی ئەخلاقی ئەم کتێبە بە هۆی کاریگەری ڕۆشنبیریی یۆنانیەوە، تا ئەندازەیەك لە کتێبی پەندان یا کتێبی کۆمەڵگە بالاترەو لە باری پراکتیکیەوە لە ڕەسەنایەتی ئەخلاقی مەسیحیەت نزیك دەبێتەوە.

<u>تەلمود</u>
تەلمود بە مانای بەرینی وشە تۆماری کۆی یاسا مەدەنیو شەرعییەکانی جولەکەیە. ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا بەو بەشە دەگوترا کە بە گمارا بە ناوبانگ بوو.
تەلمود چوار بەشە:
١- <u>میشنا (لە دەوروبەری ساڵی ٢٠٠ز نووسراوە):</u>
کۆمەڵە پەندو ئامۆژگارییەکی ڕەببانی جولەکەیە بە زمانی عیبری کە زیاتر لە تەوراتەوە وەرگیراون.
٢- <u>گمارا:</u>
ئەمە بە زمانی ئارامییە، کە شرۆڤەو پەراوێزی مینشایە.
٣- <u>هەلاخا:</u>
کۆمەڵە یاساو ڕێساو سروتێکە کە پڕە لە وردەکاری.
٤- <u>هەگادا:</u>

گەلێك چیرۆك، پەند، نوكتە، و نەقڵو حیكایەتی لە خۆ گرتووە كە بۆ روونكردنەوەی هەندێ خاڵی قانونیی هاتووە. (ئەم كتێبە كاریگەرییەكی زۆری لەسەر رۆمانی تازەی ئەوروپاو سەدەكانی ناڤین هەبووە).
دوو دەقی چاك كراوی تەلمود هەیە، یەكەمیان تەلمودی فەلەستینییە، كە لە دەوروبەری ساڵی ٤٠٨ز لەلایەن زانایانی فەلەستینییەوە ئامادە كراوەو دووەمیان تەلمودی بابلییە، لە ساڵی ٥٠٠ ز نووسراوە.

كاریگەری ئەدەبیاتی عیبری

هەر جۆرە هەوڵێك بۆ نیشاندانو دەست نیشانكردنی كاریگەری گەورەی ئەدەبیاتی عیبری – بەتایبەتی كتێبی موقەدەس–و تەنانەت سووكە ئاشناییش لەگەڵ ئەو كاریگەرییەدا، بە ناچاری وبەداخەوە لە كەموكوڕیو كێماسی بەدەر نابێ. ئەگەر بمانەوێ لیستێك بەناوی ئەو نووسەرانە بكەین كە بە تەواوی كاریگەری ئەدەبیاتی عیبریان بەسەرەوە بووە، ئەوا دەبێ لیستێك بە ناوی هەموو نووسەرانی ئەوروپاییەوە، لە سەردەمی ئوگوستینو"١٢"سەوە تا ئەمڕۆكە دروست بكەین كاریگەری گەورەی كتێبی موقەدەس بەسەر واروكایە بەربڵاوەكانی ئەدەبیاتی ئەوروپاییەوە، وەكو وارێن فەلسەفە، ئایین، ستایل، بابەتو ناوەڕۆك،دەبینرێ. بۆ نموونە لە واری رەخنەی ئەدەبیی ئینگلیزیدا، دەتوانرێ ناوی زۆر بەرهەم ببرێ كە لە سایەی كاریگەریو ئیلهامی كتێبی موقەدەسدا نووسراون. كاریگەری كتێبی موقەدەس لەسەر ئەدەبیاتی ئینگلیز ئەوەندە سەیرە كە بە تاقی تەنیا بە هاوتای كاریگەری هەر هەموو فاكتەرەكانی دیكەیان زانیوە. لە ئەدەبیاتی ئینگلیزدا، كتێبی موقەدەس ئیلهام بەخشی زۆر كتێبی دیكەیە. وەرگێڕانی كتێبی موقەدەس بۆ سەر زمانی ئینگلیزی داوێكی قایمە كە لقە جۆراوجۆرەكانی نەژادی ئینگلیزی پێكەوە گرێ دەدات. بە كورتی كتێبی موقەدەس بە مایەی یەكێتیو بەردەوامی ئەدەبیاتو شارستانیەتی ئینگلیز دەژمێردرێ، چونكە پرتەوو پرشنگی ئەم كتێبە ئاسمانیە سەرانسەری قۆناغەكانی ئەدەبو رۆشنبیری ئینگلستان روناك دەكاتەوە، شارەزابوونی نزیك لە كتێبی موقەدەس باشترین شێوەی هەڵسەنگاندنو نرخاندنی ئەدەبیاتی ئینگلیزییە.

<u>پەراوێز:</u>

١- شاجیمز (١٥٦٦- ١٦٢٥) لە ساڵانی ١٦٠٣- ١٦٢٥ شای ئینگلیستان بووە. گەورەترین وەرگێڕانی ئینگلیزی كتێبی موقەدەس لە زەمانی ئەودا، بە دەستی تاقمێك لە ئەهلی كڵێسا ئەنجام دراوە كە بە دەقی شاجیمز ناسراوە.

٢- دارعاساكەی موسا: موسا دەستی هەڵبڕی و دوو كەڕەت دار عاساكەی بە تاوێرەكەدا كێشاو ئاوێكی زۆری لێهاتە دەرێ كە جەماعەتو حەیواناتەكانیان لێیان خواردەوە.

٣- کەرەکەی بەلعام: ئەوسا خوا زمانی کەرەکەی بەلعامی پژاند، کە بە بەلعامی گوت ئەریّ من چم لە تۆ کردووە کە سیّ جاران لیّت دام.

٤- شدرك‌و میشك‌و عبدنعو، سیّ ناوی بابیلین، بە عیبری عەزریاو خنیاو میشائیل-یان پیّ دەڵێن، ئەمانە هاوڕێی دانیال بوونە.

٥- فوریم یا پوریم:

یەکێکە لە جەژنەکانی جولەکە کە ڕێکەوتی ڕۆژانی چواردەو پازدەی ئازار دەکات (مانگی شەشەمی تەقویمی ئاینیی جولەکەیە)و بەوپەڕی خۆشیی‌و شادییەوە بەرپا دەکریّ. بەریوایەتی کتێبی ئیستیر ئەم جەژنە یادکرنەوەی رزگاری یەهودیانی ئێرانە لە قەتڵ‌و عام.

٦- غنوسی:

ناوی کۆمەڵێك گروپی ئاینی پێش مەسیحیەت‌و سەدەکانی هەوەڵی زاینییە، لەناو ئەم گروپانەدا جۆرە مەعریفەتێکی روحانی بە مایەی رزگاری مرۆڤ هاتۆتە ژماردن، یەکێك لە پرەنسیپە گرنگەکانیان باوەڕ بوون بە دوالیزمە، واتە جووتە پرەنسیپی خێرو شەڕ.

٧- دومیتیان (٥١- ٩٦م):

ئیمپراتۆری روم بوو کە بە دەسیسەی ژنەکەی کوژرا.

٨- وەرگێڕانی هەفتا کەسە:

کۆنترین وەرگێڕانی یونانی تەوراتە. ئەم وەرگێڕانە لە زەمانی بەتلیموسی دووەمی پاشای میسر (٢٨٥- ٢٤٦ پێشز) بەهیمەتی ٧٢ کەسی ناو ١٢ تیرەکەی جولەکە، لە ئەسکەندەریە ئەنجام دراوە.

٩- ڤولگات:

وەرگێڕانی لاتینی کتێبی موقەدەسە لە سەدەی چوارەمی زایینی دا کە بە دەستی قەشە هیرونوموس (٣٤٠- ٤٢١ز) ئەنجام دراوە.

١٠-ئاپوکریف: دوانزە کتێبی ئاپۆکریف-ش رۆژگارێك لە خانەی کتێبەکانی ئینجیلدا دانراون، کە بریتیین لە: کتێبی یەعقوب، ئینجیلی نیقودیموس، بەرزبوونەوەی یەعقوب، کارەکانی پۆڵس و توکلا، نامەکانی ئابگار بۆ مەسیح، نامەکانی پۆڵس بۆ خەڵکی لائودکیەو ئەسکەندەرییە، نامەی سێیەمی پۆڵس بۆ قرنتیان، ئامۆژگاری پەیامبەران، سیّ کتێبی هرماس شوان، و گوتەکانی عیسا مەسیح.

١١-زوربابیل (لە ساڵی ٥٢٠ پێشز ژیاوە):

شازادەیەکی خانەدانی داودی، حاکمی ئورشەلیمە.

١٢- ئوگوستینوس (٣٥٤- ٤٢٠ز)

ئیجتیهادکاری کلێساو نووسەر بوو، خەڵکی تا گاشتەیە (لە ئەفریقای باکوور).

بەشی دووەم

ئەدەبیاتی یونانی کۆن

سەردەمی هۆزانی مەلحەمی

(٩٠٠- ٧٠٠ پێشن)

<u>پێشینەیەکی مێژوویی:</u>

خەڵکی یونان تەنیا لە دەڤەری باشووری نیمچە دورگەی بالکان (هیلاس) ئاکنجی نەبوونە، بەڵکو لە ناوچەکانی کەنارێن ئاسیای بچووک، بەشێك لە ئیتالیا و دورگەکانی دەریای ناوەڕاستو ئیجە)ی وەکو کریتو سیسیل-ش. ئاکنجی بوونە. لە خاكو سەر زەمینی

بالكاندا شاخ و كێوی زۆر هەبوو و ئەمەش ئەو ولاتەی تەواو پارچە پارچە کرد بوو، و زەمینەیەکی لە باری بۆ دروست بوونی دەڤەرێن بچووك خۆشکردبوو. ئەم دەڤەرانە کە لە رێگەی دەریاوە پەیوەندیان بە هەندەرانەوە هەبوو، دایمە لە شەڕا بوون لەگەڵ یەکترا.

دانیشتووانی هەوەڵی نیمچە دوڕگەی بالکان بریتی بوون لە سێ قەوم:

١- پلاسگییەکان یا هیلادییەکان:

(ئەمانە دانیشتووانی ئەسڵی نا یونانی بوون) کە بە کۆنترین دانیشتووانی سەرزەمینی یونان دەژمێردرێن، و لە گینە پەیوەندیان بە دانیشتوانی ئاسیای بچووکەوە هەبوو بێ و لە نەژادی هندو ئەوروپایی نەبوونە. سەرچاوەی ئەو زانیاریانەی دەربارەی ئەوان لەبەر دەستدایە بریتییە لە حیکایەت و ئەفسانانی کۆن و لێکۆڵینەوە ئارکولۆژییەکانی شلیمان و"١" ئیڤانز"٢"

٢- ئیجەییەکان- کریتییەکان:

رەنگە لە بنەڕەتدا میدیترانەیی بووبن و لە گینە لە دەوروبەری سالانی ١٨٠٠-١٤٠٠ پێشز لەگەڵ پلاسیگیەکاندا تێکەڵ بووبن.

٣- هیندو ئەوروپاییەکانی باکوور:

ئەمانە بە ئاخایئیان، دانانیان و هیلنیان بەناوبانگن، وادیارە ئەم قەومە لە سالانی دوو هەزار -هەزاری پێشز لە باکووری یونانەوە کۆچیان کردووە.

لە سالی ١١٥٠ پێشز بە دواوە سێ گروپە نەژادی تا رادەیەك، واتە دورینەکان، ئایولیەکان و یونیەکان لە ولاتی یوناندا ئاکنجی دەبن:

١- دورینەکان:

لە پلوپونز، گەلی کورنت، باشوری ئاسیای بچووك، کریت، سیسیل، و هەندێ ناوچەی ئیتالیادا دەژیان و شارە گەورەکانیان بریتی بوو لە ئەسپارتە و کورنت و سیراکۆز. ئەم قەومە خەڵکێکی جەنگاوەرو شەڕکەرو پارێزکارو دیندار بوون و زمانێکی سادەو زبریان هەبوو.

٢- ئایولیەکان:

لە بوتیا، لسبوس و باکووری رۆژئاوای ئاسیای بچووکدا دەژیان. ئەم قەومە خەڵکێکی کراوەو جوانی پەرست و خەیاڵپەروەر بوون و بە زمانێکی ناسك و خۆش دەپەیڤین. ئەمانە کارێکی زۆریان کردە سەر شیعری شەخسی جۆشدارو پڕسۆزو گوداز.

٣- یونیەکان:

لە ئاتیك و یوبیاو ناوچەکانی ناوەندی ئاسیای بچووك ئاکنجی بوون، ئاتین و خیوس گرنگترین شاریان بوون. یونیەکان خۆش تەبیعەت و بە سەلیقەو خەیاڵ پەروەر بوونە، زمانەکەیان رەوان و دڵگیرو خۆش بوو،بایەخی ئەوان لە واری ئەدەبیاتدا دەگەڕێتەوە بۆ زمانەکەیان کە بوو بە زمانی هەموو یونانیان و زمانی ئەدەبی کلاسیکی یونان لە مەلحەمەوە بیگرەو بە شانۆنامەدا پێیدا وەرە تا دەگاتە شیعری لیریکی و پەخشانی هەمە جۆر.

مێژووی یونان بەسەر چوار بەشدا دابەش دەبێ:

١- سەردەمی پلاسیگییەکان یا هیلادیەکان:
(٣٠٠٠- ١٨٠٠پێشـز). زانیارییـەکی زۆر کـەم لەمـەڕ مێـژووی یونـانی پـێش سـاڵی ١٨٠٠ پێشز لەبەر دەستدایە. لەوەیە ئەم سەردەمە سەردەمی یەکێك لە شارستانیەتەکانی چاخی بەرد یا چاخی برونز بێ،وادیارە هەر لەم سەردەمەدا دانیشتوانی ئەسڵی دەکەونە بەر هێرشی قەومانی هیندو ئەوروپایی باکوور، یا لە قوڵی کریتەوە لەبەر هێرش و پەلاماران دەشکێن.
٢- سەردەمی کریتی- مینوسی (١٨٠٠- ١٤٠٠ پێشز):
کریت کە هێزێکی دەریایی گەورەی هەبوو، لەم سەردەمەدا بە زلهێز دەژمێردرا. رۆشنبیری و شارستانیەتی کریتی (کە هەندێ سێبەری شارستانیەت و رۆشنبیری میسری پێوە دیار بوو) رۆشنبیری و شارستانیەتی زاڵ بوو. گەلانی ئەم سەردەمە وادیارە لە دەوروبەری ساڵی ١٤٠٠ پێشزدا دەکەونە ژێر دەسەڵاتی هندو ئەورپیە باکورییەکان.
٣- سەردەمی موکەناییەکان (دەوروبەری ساڵانی ١٤٠٠-١١٠٠ پێشز):
فەرهەنگ و مەدەنیەتی ئەم سەردەمە درێژەی فەرهەنگ ومەدەنیەتی سەردەمی کریتی- مینوسییە. سەرهەڵدانی حکومەتێن بچووك، شەڕو نەبەردان، وهێرشی باکورییەکان، لە تایبەتمەندییەکانی ئەم سەردەمەن.
٤- سەردەمی دورینەکان (١١٠٠-٩٠٠ پێشز):
بە سەردەمی شەڕی گەورەو کۆچ و کۆچبەری دەژمێردرێ (چاخی ئاسن). هندو ئەوروپاییەکان دەبن بەسێ گروپەوە، واتە دورینەکان و یونیەکان و ئایولیەکان. لەم سەردەمەدا زۆربەی هەرە زۆری شوێنەواری شارستانیەت و فەرهەنگی ئیجەیی لە ناوچوو. لە دەوروبەری ساڵانی ١٠٠٠-٨٠٠٠ پێشز ئەلف بای فینیقی جێی ئەلفبای ئیجەیی دەگرێتەوە.
لە سەدەکانی هەشتەم و نۆیەمی پێشز یۆنان هەلومەرجێکی ناسەقامگیری هەبوو. لەلایەکەوە گیرۆدەی تالان و بڕۆ لە باکوورەوە، لەلایەکی دیکەوە گرفتاری کۆچ و کۆچبەری بوو لە دەڤەرێن جیاوازەوە. هەر چەندە لەم قۆناغەدا هێشتا شتێك لە ئارادا نەبوو بە ناوی یەکێتیی نەتەوەییەوە، بەڵام تیرەکان لە حاڵی یەکێتی و خۆناسیدا بوون وەکو یەکەیەکی، ئەم تیرانە لە هەلومەرجی فیۆداڵیدا لە هەوڵ و کۆششی ئەوەدا بوون کە پەرە بەو داب و نەریت و رێوڕەسمانە بدەن کە مایەی شانازی و فەخری ماڵبات و تیرەو تایفەیی بوو.
بە ویراسەت یا بازیل سەرکردایەتی تیرەکان دەکرا، کە ئەم سەرکردایەتیە دەسەڵاتی رەهای سیاسی هەبوو، ئەمە جگە لەوەی ئەرکی فەرماندە، قازی و کاهینیشی دەگرتە دەست. بازیل لەلایەن شورای ئەشرافەوە، کە دەوری راوێژکاریی هەبوو، پشتیوانی دەکرا، شورایەکی (ئەنجومەن) دیکەش هەبوو کە کۆڕ یا ئەنجوومەنی خەڵکی (ئاگورا) پێی دەگوترا. ئەندامانی ئەم ئەنجوومەنە دەسەڵاتی سیاسیان نەبوو، بەڵام لە هەندێ حاڵەتی تایبەتیدا کە پرسیان پێدەکرا، هەقی رای پۆزەتیف یا نێگەتیفیان هەبوو. ئەشراف لە ماوەی سەدەی هەشتەمدا

دەسەلاتی ئەو سەرکردایەتییەیان کەم کردەوەو سیستەمی دەولەتی شار -کە پاشان بایەخێکی فراوانی پەیدا کرد- هاتە سەرکار.
چینە کۆمەلایەتیەکانی ئەم سەردەمە بریتی بوون لە ئەشراف (فیودال)و هاوشاریانی ئازادو کۆیلە، ئەشراف بەشی هەرە سەرەکی سەروەتو سامانیان لە دەستدا بوو، زۆربەی مەسرەفی شەڕ لە ئەستۆی ئەوان بوو. هاوشاریانی ئازاد زیاتر بە کاری کشتوکالیو ئامادەکردنی بژێوی و دروست کردنی ئەوزارێن سادەو ساکارەوە خەریك بوون، کۆیلەکانیش هەمان کارەکانی هاوشاریانی ئازادیان ئەنجام دەداو عادەتەن بە شێوەیەکی مرۆڤانی مامەلەیان لە تەکدا دەکرا. سیستەمی کۆمەلایەتی ئەم سەردەمە باب سالاری بوو، بەلام دایکانیش زۆر حورمەت دەگیرانو تا رادەیەکی زۆریش سەربەخۆ بوون، ژیانی خێزانداری پیرۆز بوو، میوانپەرییو نانبدەیی دەرهەق بە بێگانان ئەرکی سەرشان بوو.
کاری سەرەکی خەلکی بریتی بوو لە کشتوکال، مالات بە خێوکردن، ئامادەکردنی سەنعەتی سادەو ئەوزاری جەنگی، میوانداریو خۆشگوزەرانی، سرودو گۆرانی، شانۆی سوار چاکیو پێشبرکێو فیستیڤال لە ناویاندا باو بوو، زۆریان بایەخ بە وەرزش دەداو پەروەردەکردنو مەشقدادانی وەرزشکاران لە جوملەی چالاکییە دیارەکانی ژیانی رۆژانەیان بوو. لە ئەنجامدا چوار جۆرە گەمەی میللی هاتە ئاراوە کە بریتین لە: پێشبڕکێی ئولومپیك لە ئیلیس، پوتیایی لە دیلفی، ئیستمی لە کورنت، و نمەیی لە نمە، یەکەمین ئولومپیاد لە سالی ٧٧٦ پێشز بەرپا بوو.
ئاینو مەزەب ئاوێتەی ژیانی یونانیان بوو.خودا یانی ئەوان وەکو مرۆڤ وابوونو تۆزێ لە مرۆڤ بالاتر بوون. ئەم خواوەندانە هەوەسباز، بێ ئەخلاق، و هەندێ جار بەدکرداریش بوون، زۆر هەستی مرۆڤایەتی وەکو حەسودیو تورەییو هەوەسبازیو تۆلەئەستێنیان تێدا بوو. ئەوان نیازی خۆیان لە رێگەی پێشگۆیانو غەیبگۆیانی پەرستگاکانەوە (کە دوو گروپی بەناوبانگیان بریتی بوون لە غەیبگۆیانی پەرستگەی زیوس لە دۆدۆن، پەرستگەی ئاپۆلون لە دلفی) جێبەجێ دەکرد. خەلکی یۆنان باوەڕیان بە ژیانی ئەو دنیا هەبوو -ژیانێکی ئالۆز لە هادیسدا(جیهانی ژێرین)بۆ خەلکی ئاسایی، سزا لە تارتارۆس (بەشێکی تایبەتییە لە هادیس)بۆ تاوانکاران،و رەحمەتی بێ سنوور لە ئیلیسۆم بۆ پالەوانان.

<u>**نۆڕینێکی گشتی:**</u>

سەرکردەی تایفەکان لە سەدەی هەشتەمو نۆیەمی پێش زاینیدا لەدوای پەرەسەندنی داب و نەریتان روویان کردە ئەفسانەکانی سەدەکانی پێشوو واتە روویان کردە سەردەمی پر رەونەق و شکۆداری قارەمانێتی و پالەوانێتی. ئەم سەرکردانە پشت و پەنای داستانبێژانێك بوون کە سەربهورد و ئفسانەی سەیریان دەرهەق بە سەرکەوتنەکانی گەورە پیاوان دەهۆنییەوە ، گەورە پیاوانێ کە خۆیان بە نەژادی خوایان و هاونشین و هاوشانی خودایان دەزانی. ئەفسانەو بەیتەکان بەشێکی گەورەی ئەدەبیاتی بۆماوەیی پێکدێناو پشتاوپشت لە

نەوەیەکـەوە دەگەییـە نەوەیـەکی دیکـەو ئیلـهام بەخشـی هۆمـەرە لـە داهێنـانی ئـەدەبیاتی سەردەمی داستانی دا.

هۆمەر:

زانیارییەکی زۆر کەم لەمەڕ ژیانی هۆمەری (لە دەوروبەری ٨٥٠ پێشزدا ژیاوە):
گەورە مەلحەمە بێژی یونان بە ئێمە گەییوە. هومەر بە زمانی یۆنیایی شیعری گوتووە، بۆیە لە گینە لە دەڤەری یونیادا ژیا بێ. بە قسەی پێشینان هۆمەر کەسێکی نابینا بووەو خەڵکی ئەزمیر یان خیوس بووە (هەروەها شارانی کولوفن، سالامیس، رودس، ئارگوس، و ئاتینش بـە زێدی وی نـاوبراون)، بـەڵام لـەوە دەچـێ لـە ناوچـەی یونیـا، لـە ئاسـیای بچـووک هاتبێتـە دنیاوە.
دەربارەی هۆمەرو ئیلیادەو ئودیسە هەمیشە دوو پرسیار لە گۆڕێ بووە:
١- ئایا ئەم دوو بەیتە هەردووکیان لەلایەن هۆمەرەوە دانراون؟
٢- ئایا هۆمەر هەندێك لە بەشەکانی ئیلیادەو ئۆدیسەی داناوە؟
ئەم دوو پرسیارە هەوەڵجار کسنون"٣" و هلانیکوس"٤" خستیانە روو، و تا ئێستا بە دەقی خۆیانەوە ماون. تۆژینەوەی هەڵوەشانەوە گەرایان لەسـەر بنـەماو بناغـەی جیاوازی ئـەم دوو بەیتـە لـە رووی شـێوازی دەربـڕین، پوختـەیی، تـۆن، مـەیلی ئـایینی، و چـۆنیەتی هونـەری رۆنراوە. نەیارانی ئەم تیۆریە (کە یەکەم کەسیان ئاریستارخوس"٥" ٢٢٢- ١٥٠ پێشز بوو) مەسـەلەکەیان بـەو جـۆرە شـیدەکردەوە کە گوایـە ئودیسـە تەقریبـەن بە ماوەیـەکی زۆر پـاش ئیلیـادە نووسـراوەو ئەمـە جگـە لـەوەی کـە لێکچـوونی نێـوان ئـەم دوو بەیتـە زۆر لـە جیاوازییەکانیان دیارترە.
دانانی ئەم دوو بەیتە لەلایەن شاعیرانی جیاوازەوە. بۆ یەکەم جار لەلایـەن فردریك ولـف-ی ئەڵمانیەوە لە ساڵی ١٧٩٥دا لە کتێبی پێشەکی هۆمەردا خرایە روو، بەڵگەی وڵف بەپێی ئەم تیۆریە بوو کە:
١- زمانی یۆنانی تا بەر لە ساڵی ٧٠٠ پێشز زمانی نووسین نەبووە.
٢- هۆمەر لە دەوروبەری ساڵانی ٨٥٠ پێشز ژیاوە.
٣- ئەم دوو بەیتە لەوە درێژترو ئاڵۆزترن تا بشێت بخرێنـە زومـرەی بەرهەمـە ئەدەبییـەکانی سەرتاوە.
٤- لەوە درێژترن کە دەماودەم لە نەوەیەکەوە بگاتە نەوەیەك و "گوێگری خۆیان هەبێ".
٥- بەیتەکان پڕن لە ناکۆکی. ولف پێی وایـە کە بـە دەسـتووری پیسیسـتراتوس (حوکمڕانی دیکتـاتۆری ئـاتین، کـە لـە سـاڵی ٥٢٧ پێشـز مـردووە) هـەر پارچـەیەکی لـە شـوێنێ کۆکراوەتـەوە، و پاشـان لەلایـەن شـاعیرانی جۆراو جۆرەوە خراونەتـە قاڵبی دوو بـەیتی تـەواوە، واتـە ئیلیـادە و ئودیسـەیان لـێ دروسـت کـراوە. هیرمـان"٦" بەشـی سـەرەکی هەردوو بەیتەکە بە دانراوەی هۆمەر دەزانێ و باقیەکەشیان بەهی شاعیرانی دی دەزانێ.

لاکمان"٧" ئیلیاد بە هەژدە بەیت(مەنزومە) دەزانیٚ و هەر بەیتیٚکی بەهی شاعیریٚك دەزانیٚ.
ئەو بۆچوونەی کە بەلای هەمووانەوە پەسندە ئەمەیە کە هۆمەر سەرچاوەی زۆری بەکار هیٚناوە، هەمووی ریٚك خستووەو مشتو مالّی داوەو ئەوجا لە شیٚوەی دوو بەیتدا ریٚکی خستوونەتەوەو هۆنیویەتیٚوە. دەشیٚت دواتر دەستکاری کرابن. جیاوازی ریتمی زمانو شتەکانی دیکەش دەگەڕیٚتەوە بۆ ئەوەی کە ئۆدیسە زۆر پاش ئیلیاد هۆنراوەتەوە.
دەماو دەم کردنی ئەم دوو بەیتە (مەلحەمە) گەورەیە ئەگەرچی بۆ ئەمڕۆ بە دوور دەزانریٚ بەلاّم مەحالّ نییە. بە هەر حالّ رەنگە ئیلیاد و ئۆدیسە پاش سالاّنی ناوەڕاستی سەدەی شەشەم دانرابن.

بەیتەکانی هۆمەر

ئیلیاد:

پیٚشینەیەکی میٚژوویی:

لیٚکۆلّینەوەکانی هنریش شلیمان لە سالّی ١٨٧٠دا ئەوەیان ساغ کردەوە کە شاری میٚژوویی ئیلیون (تروا) کەوتۆتە سیٚ میلی باشوری رۆژئاوای تەنگەی دەردە نیلەوە لە ئاسیای بچووك، ئەم شارە لە سالّی ١١٨٤ پیٚشز لەلایەن ئاخییەکانەوە داگیرکراوە.

پیٚشینەیەکی ئەفسانەیی:

پلیوس-ی شای تسالی، وتیتیس"٨"، هەموو خواوەندان و ئیزەد بانۆیان جگە لە ئیریس"٩" (دیسکورد) بۆ ئاهەنگی زەماوەندەکەی خۆیان دەعوەت دەکەن. ئیریس لەم رەفتارە تووڕە دەبیٚ، بە هەر حالّ خۆی دەگەیەنیٚتە دەعوەتەکە و سیٚویٚکی زیٚرین، کە دەستەواژەی ((پیٚشکەشە بە جوانترین ژنان))ی لەسەر هەلّکەندرابوو بۆ ناو میوانەکان غل دەکاتەوە. هیرا"١٠"، ئاتینە"١١"، و ئافرۆ دیٚتە "١٢" هەر سیٚکیان سیٚوەکە بە هی خۆیان دەزانن و داوا لە زیوس دەکەن بکەویٚتە بەینیانەوەو حوکم بدا کە سیٚوەکە بە نەسیبی کامیان دەبیٚ. زیوس بە زیرەکی خۆی لەم داوەرییە رزگار دەکاتو ئەم ئەرکە بە پاریس-ی کوڕی پریام-ی شای تەروا (تەروادە) دەسپیٚریٚ. هیرا، بۆ دەم چەور کردنی پاریس، بەلّیٚنی پایەو سەروەتو سامانی دەداتیٚ. ئاتینە بەلّیٚنی دەداتیٚ کە لە جەنگدا سەری بخات، بەلاّم ئافرۆدیتە قەولی دەداتیٚ کە هیلین-ی جوانترین ژنی جیهانی بکات بە هاوسەر. پاریس-ی گەنجو میهرەبان، سیٚوەکە پیٚشکەش بە ئافرۆدیٚتە دەکات، و بە هاوکاری ئەو (ئافرۆدیٚتە)، هیلینی ژنی مینلایوس-ی شای ئەسپارتە دەڕفیٚنیٚو لەگەلّ خۆیدا بۆ تەروای دەبات. بە گویٚرەی پەیمانیٚکی کۆن، سەرکردەی تایفەکانی یونان کۆبوونەوەیەك دەکەن تا یارمەتی مینلایوس بدەنو دووبارە ژنەکەی بە دەست بیٚنیٚتەوە. سوپایەك بە فەرماندەیی ئاگا مەمنوون-ی حوکمڕانی موکەناو برایەکەی مینلایوس بەڕیٚدەکەویٚ. ئەم سوپایە پاش

گێرمەو کێشەی زۆر، ئەنجام دەگاتە کەنارەکانی تەرواو شارو دەڤەرەکانی دەوروبەری گەمارۆ دەدات، ئەم گەمارۆیە پتر لە نۆ ساڵان دەخایەنێ، کە سەر گوزە شتەکانی ئیلیاد لەو زەمانەوە دەست پێدەکات.

حیکایەتەکە: (واتە حیکایەتی ئیلیاد):

ئاگامەمنون، کروزییس-ی یەخسیری تەروادەیی وەکو دەستکەوتێك لەلای خۆی گل دەداتەوە. هەر چەندە کروزس-ی بابی کروزییس و کاهینی پەرستگەی ئاپۆلون پێشنیازی ئەوە دەکات کە باج بدات، بەڵام ئاگامەمنون مل بۆ ئازادکردنی کیژە نادات، لەسەر داوای کروزس، ئاپۆلون سزای یونانیەکان دەدات و تووشی تاعونیان دەکات. ئەنجام ئاگامەمنون دەست لە کەللە رەقی و خۆسەری هەڵدەگرێت و کروزییس ئازاد دەکات، بەڵام لە جیاتی وی بریزییس-ی ماشوقەی ئاخیلوس (کوڕی پلیوسو توتیس و باشترین جەنگاوەری یونانی) یەخسیر دەکات. ئاخیلوس توڕە دەبێ و نایەوێ بەشداری شەڕ بکات. شەڕ بەرە بەرە توند دەبێ، تا پاتروکلوس-ی دۆستی نزیکی ئاخیلوس، بە ئەمانەت زرێیەکەی لێ وەردەگرێ و لە جەنگدا بە دەستی هیکتۆر-ی سەرکردەی جەنگی تەرواو کوڕی پریام دەکوژرێ. ئاخیلوس لەم رووداوە توڕە دەبێ و لەگەڵ ئاخیلوسدا ئاشت دەبێتەوە، دووبارە دێتەوە مەیدانی شەڕو لە شەڕێکی تەن بەتەندا هیکتۆر دەکوژێت (و دەست بەسەر تەرمەکەیدا دەگرێ). ئەنجام، لەبەر شەفاعەتی پریام و بە وەرگرتنی غەرامەت تەرمەکە دەداتەوە. بەیتی ئیلیاد بە رێوڕەسمی ناشتنی جەنازەکەی هیکتۆرو پاشماوەی ئێسکە پەیکەرەکەی کۆتایی دێت.

ئودیسە:

زەمینەی مێژوویی:

ئەم بەیتە زەمینەی مێژوویی نییە.

پێشینەی ئەفسانەیی:

پاش مەرگی هیکتۆر، ئاخیلوس بە دەستی پاریس دەکوژرێ. یونانیەکان لەسەر پێشنیازی ئودیسیوس یا ئودیسە (ئولیس"١٣") ئەسپە دارینەیەکی ناو بە تاڵی گەورە ئامادە دەکەن، پڕی دەکەن لە جەنگاوەران و وا دەنوێنن کە لە گەمارۆی شار ماندوبوون و دەیانەوێ بگەڕێنەوە، سینون-ی جاسوسی یۆنانی، کە وەکو سەربازێکی هەڵاتوو خۆی نیشان دەدات، خەڵکی تەروا فریو دەدات تا ئەسپەکە بۆ ناو شار ببەن. شەوێ جەنگاوەرەکان بە کۆمەکی سینون لە ناو ئەسپەکەوە دێنە دەرێ و دەروازەکانی شار دەکەنەوە.

سەربازانی یونانی کە گەڕاونەتەوە، دێنە ناو شارەوە، تەڕوا وێران دەکەن و هیلین لەگەڵ خۆدا هەڵدەگرن و بەرەو وڵاتی خۆ دەگەڕێنەوە.

حیکایەتی ئۆدیسە:

لە چنینی حیکایەتی ئۆدیسەدا رووداوێکی سەرەکی پەیگیری دەکرێ:

١- گەڕانی تلماخوس بە دوای ئودیسیوسدا.

٢- سەرگەردانیەکانی ئودیسیوس

٣- کێشمانەکێشی پنلوپە لەگەڵ خوازبێنی کەرەکانیا ئەم رووداوانە لەگەڵ

٤- کۆتایی بەیتەکە دا، کە رووداوانی ناوبراو بەجۆرێکی هونەرییانە پێکەوە دەچنرێن.

١- تلماخوس، بە دوای دۆزینەوەی ئودیسیوس-ی بابی دا لە ئیتاکاوە بۆ پیلاس، و ئەسپارتە دەڕوات، بەڵام گەڕانەکانی بێهودە دەبێ.

٢- ئودیسیوس لەگەڵ کەسوکارو دەستو پێوەندەکانیا بەرەو ئیتاکای قەڵەمڕەوی حکومەتەکەی خۆی دەکەوێتە رێ‌و لە رێگەدا تووشی زۆر "١٤" رووداوان دەبێ لەوانە: شەڕ لەگەڵ سیکون-ەکاندا، شەڕی کونار خۆرەکان، شەر لەگەڵ پولوفموس"١٥"-ی سپکلوپ"١٦"دا، تێکشکانی کەشتییەکەی بە هۆی خاڵی بوونی موشەدەمەکەیان "١٧" لە با، دیداری سیرسە"١٨"، ئەو ژنە جادوو گەرەی کە هاوڕێیانی ئودیسیوسی دەکرد بە بەراز، بەڵام بە هۆی ئەو گیایە جادوییەوە کە هیرمیس"١٩" ئامادەی دەکات دەبنەوە بە ئادەمیزاد: گفتوگۆ لەگەڵ روحی مردواندا، هەڵاتن لە دەستی سیرنەکان"٢٠"، ئەو پەرییە جوانانەی کە بە ئاوازی دڵڕفێن دەبنە باعیسی مەرگی دەریاوانان، رزگار بوون لە چنگی سکیلاو"٢١" کار بیدس"٢٢"، ئەو دێوە دەریاییانەی کە لە گەلی نێوان سیسیل‌و ئیتالیادا بۆ شکار خۆیان لە بۆسە دەدا، کوشتنی ئەو کەڵەگا پیرۆزانەی کە هی هەتاو بوون، و لە تۆڵەو سزای ئەوەدا کەشتیەکەیان گیرۆدەی تۆفان‌و لافاوێکی ترسناك دەبێ‌و دەشکێ، مانەوەی حەوت ساڵەیان لە دوڕگەی ئوگوگیا لەلای کالیپسو"٢٣" شکانی کەشتیەکەیان بە دەستی پوزیدون"٢٤"و لەسەر داوای پولوفموس، دیدار لەگەڵ ئالکینوس-ی شای فیاسینەکاندا،و حەرەکەتی دووبارە بەرەو ئیتاکا.

٣- پنلوپەی هاوسەری ئەمەکداری ئودیسیوس ساڵانێکی دوورو درێژ خۆی لە قەبوڵ کردنی داوای خوازبێنیکەرە زۆر و زەبەندەکانی دەدزێتەوە. خوازبێنی کەران زیاتر سەروەت‌و سامانی ئودیسیوس بە بادا دەدەن‌و تەنانەت پیلانی کوشتنی تلماخوس-ی (کوڕی ئودیسیوس)ش دادەنەن.

٤- ئودیسیوس‌و تلماخۆس بۆ ئیتاکا دەگەڕێنەوەو نەخشەیەك دژی خوازبێنی کەرانی دادەنەن، پنلوپە بێ ئەوەی ئاگای لە گەڕانەوەی مێردەکەی بێ، قاییل دەبێ ببێ بە هاوسەری ئەو کەسەی بتوانێ کەوانە کۆنەکەی ئودیسیوس رابکێشێت. ئودیسیوس بە جلێکی ترەوە دێ‌و گرێوەکە دەباتەوە، خوازبێنی کەرەکان دەکوژێت‌و ئەوجا خۆی ئاشکرا دەکات. کەسوکاری کوژراوەکان خۆ بۆ تۆڵەسەندنەوە تەیار دەکەن، بەڵام ئاژاوەکە بە ناو بژیوانی ئاتینەو زیوس کۆتایی دێ.

پرەنسیپەکانی مەلحەمەخوانی بە گوێرەی بنەمای بەیتەکانی هۆمەر:

أ- دەبێ سەربهوردی پاڵەوانێك (هەڵبەتە پاڵەوانێکی نەتەوەیی) بکرێ بە بابەتی مەلحەمەکە،

ب- کۆمەك خواستن لە خواوەندانی هۆزانو هونەر (بە تایبەتی لە کالیوپە)"٢٦".

ج-دەستپێکردنی بەیتەکە لە ناوەڕاستی حیکایەتەکەوەو پاشان گێڕانەوەی ڕووداوەکانی بەشی یەکەم (مەلحەمەی ئیلیاد لە دەیەمین ساڵی شەڕدا دەست پێدەکات، مەلحەمەی ئودیسە بە ویستی ئودیسیوس بە حەرەکەت لە کالیپسووە دەست پێدەکات.

د-سود وەرگرتن لە خەسڵەتێن جێگرو هەمیشەیی وەکو ئاتینەی چاو سەوز، نوزیکای بازو چەرمگ، ئاخیلوس-ی خۆشبەز.

ه-لێکچوونی مەلحەمی، لێکچوونی درێژ، ئەو لێکچوونانەی کە دەربارەی کارو ڕووداوەکان بە کار دەبرێو زیاتر لە تەبیعەتەوە وەردەگیرێ.

و-سوود وەرگرتنی زۆر لە مەنەلۆگ، وەکو قسەکانی ئودیسیوس لە دەعوەتەکەی ئالکینوسدا،

ز-تەدەخولی خواوەندان لە کاروبارە مرۆڤانییەکاندا.

ح-کێشو وەزن، سود وەرگرتن لە کێشی ڕەزمی بە حری شەش پایەیی کە هەر پایەیەك لە سێ بڕگە پێك دێ، بڕگەی یەکەم درێژو دوو بڕگەکەی دی کورتن.

کورتەیەکی ڕەخنەکان:

پتر لە دوو هەزار ساڵە کە هۆمەر بە یەکەمین کەسایەتی گەورەی ئەدەبی ڕۆژئاوا دەژمێردرێ، و تێپەڕبوونی ڕۆژگاران هیچی لە گەورەیی پێگەی ئەو لە ئەدەبیاتدا کەم نەکردۆتەوە.

وێڕای ئەمەش لە بەیتەکانی هۆمەردا نەگونجان و ناهاوسەنگی،و کەم و کوری زۆرن.جگە لەمەی کۆپلەی تاقەتبەری زۆرە وەکو پێرستو لیستی خەسڵەتێن کەشتیەکان لە ئیلیادە، وەسفی زرێکەی ئاخیلوس لە ئودیسەدا. دووبارە کردنەوەو کاوێژکردنەوەش زیان بەن چیرۆکەکە دەگەیەنێ...بەیتەکان نەك هەر لە هەزری باڵای مەزەبی بەدەرن، بەڵکو خواوەندەکانیش لە ئەخلاق بە دوورن یان دژە ئەخلاقنو هەندێ جار مایەی ریشخەنن.

هەڵبەتە لە پاڵ ئەم عەیبانە دا،لە ڕووی بونیادەوە یەجگار بەرزن هاوسەنگییەکی زۆر لە نەخشەی حیکایەتەکەدا هەیە، کاراکتەرەکان بەرامبەر و هاوتان، بەیتەکە لە ناوەڕاستەوە دەست پێدەکات و ئەمە کەڵکەڵەی چاوەڕوانی زیاد دەکات. وشەکانی ئیلیادو ئودیسە دەوڵەمەندو سوارو ڕەوانە، بەیتەکان لێوان لێوی فۆرمی بەیانیی زندوو و بە هێزن. هەر چەندە لایەنی مەزەبی-ش لە بەیتەکان وێنە دەگیرێ، بەڵام پێگەیەکی بەرزی نییە، لێ قارەمانانی داستان (مەلحەمە) بە نموونەی بەرزی ئاکاری ئەخلاقی دەژمێردرێن، وەکو شەهامەتو بوێری، ئەقڵو ئاوەز، ڕاستگۆیی خودی، سەبرو دادپەروەری.دوا ئەنجام هۆمەر

ڕۆشنبینییەکی قووڵ و دەوڵەمەندی لەمەڕ سروشت و تەبیعەتی مرۆڤ هەیە. گەلێك لە کاراکتەری داستانەکانیشی کەسانی جیهانی و بێ زەمانن.

هیسیود

هیسیود (لە دەوروبەری ساڵی ٨٠٠ پێشز ژیاوە)، شاعیرێکی داستان بێژی یونانە لە گوندی ئاسکرا-ی سەر بە بویتا، لە نزیکی کێوی هیلیکون لە دایك بووو هەموو تەمەنی لەوێندەر بردۆتە سەر. هیسیود بە خۆی دەڵێ کە پاش مەرگی بابی، پرسیس-ی برای بە فێڵ و دەهۆ بەشە میراتەکی ئەو بۆ خۆی دەبات. جگە لەمە کەمترین زانیاریمان دەربارەی ژیانی هیسیود هەیە.

بەرهەمە ئەدەبییەکانی:

کاران و ڕۆژان (ئێرگا):

قەسیدەیەکی درێژە لەسەر کێشی ڕەزمی دانراوەو چوار بەشە، بەشی یەکەم (١- ٣٨٢) بریتییە لە کۆمەڵێك پەندو ئامۆژگاری کە پرسیس و ئەو قازیانە دەدوێنێکە دەستیان هەبووە لە مەحرومکردنی هیسیود لە بەشە میراتی خۆی، شاعیر، پرسیس لە خەمساردی و نەزانی ئاگادار دەکاتەوە. بەشی دووەم (٣٨٣- ٦٩٤) کۆمەڵە ڕێنوێنییەکە دەربارەی کشتوکاڵ و دەریاوانی. بەشی سێیەم (٦٩٥- ٧٦٤) بریتییە لە کۆمەڵە ئامۆژگارییەکی گشتی و ئاکارو ئەخلاقی باو، و پتر لایەنی عەمەلی هەیە. بەشی چوارەم (٧٦٥- ٨٢٨) بریتییە لە کۆمەڵێك خورافات دەربارەی ڕۆژانی بەخت و ڕۆژانی شوم.

ماڵباتی خودایان:

گێڕانەوەیەکی شاعیرانەیە لەسەر وەزن و کێشی ڕەزمی، هەوڵێکە بۆ جۆرە سیستەم بەخشینێك بە ئەفسانان. هیسیود ماڵباتی خودایان دەژمێرێ و دەکەوێتە دەربڕینی جەنگی نێوان تیتانەکان و خواوەندانی ئۆڵەمپی و ئەفسانەکانی پاندوراو پرومتەیوس (یا پرومتە)، و شرۆڤەیەك سەبارەت بە چوار سەردەمی ژیانی ئادەمیزاد بە دەستەوە دەدات: سەردەمێن زێڕ، زیو، حەوجۆش و ئاسن.

بایەخی هیسیود:

هۆمەر شیعری بۆ پاشایان دەگوت و هیسیود بۆ گوندییانی دەگوت. هیسیود وێڕای ئەوەی کە شاعیرێکی وشك، کورت بین، کۆنەپەرست، خورافات پەروەر، خۆپەسندو تەقریبەن خەیاڵسز بوو، توانی ئەو کارەی کە خۆی بۆ تەرخان کردبوو، ئەوەی بە خۆی پێی دەگوت نیشاندانی(حەقیقەت نەك تەزویر) بگەیەنێتە سەر، هەندێ جار (بڕێك تروسکەی ڕاستەقینەی شیعری) نیشان دەدا. هیسیود بەیتێکی بە نێوی (بیرەوەریانی دێهاتی

راستەقینە) لە پاش بەجێ ماوە. پیاوێکی سادەو ئەهلی عەمەل بوو و هەمیشە "لایەنی راستی لە بەرانبەر کەچی دا دەگرت". کاران و رۆژان-ەکەی کۆمەڵێك پەندی پڕ مانای تێدایە کە هێشتاش هەر لەسەر زا رانن (وەکو نیوە گەورە ترە لە گشت) و "خودایانی نەمر لە بەرانبەر فەزیلەتدا شەرمەزارن" کتێبی (ماڵباتی خودایان)ـەکەی گەنجینەیەکی گرانبەهای ئەفسانانە، رەنگە (ئەگەر چاوپۆشی لە بەرهەمەکانی هۆمەر بکرێ) کۆنترین نموونە بێ.

بەیتە مەلحەمیە وەرزییەکان (دەورییەکان)(دەوروبەری ٨٠٠-٥٥٠ پ.ز)

ئەمڕۆکە لەو بەیتانەی کە بەیتێن مەلحەمی دەوری یا وەرزیی بەناوبانگن تەنیا هەندێ ناونیشان و کۆپلەی پەراگەندە ماوەتەوە. ئەم شیعرانە لە بنەڕەتدا بە مەبەستی تەواو کردنی مەلحەمەو داستانەکانی هۆمەر دانراون، ئەوەی سەبارەت بە تەروا-یە، بە دەستی پروکلۆس -کە ناسنامەو سالانی ژیانی نەزانراوە- هاتۆتە کورت کردنەوەو گۆڕین و هەندێ جار شتیشی بۆ زیاد کراوە.

<u>دەوری Thebancycle:</u>

ئەو داستان و مەلحەمە سەرەکیانەی کە دەورەی پاڵەوانی تب پێکدێنن بریتین لە: ماڵباتی خودایان. کە باسی دروست بوونی ئاسمان و زەوی دەکات. تبییەکان، ئودیپدیا،و ئیپیگونەکان، کە سەربهوردی ئودیپوس (ئودیپ) دەگێڕنەوە.

<u>دەورەی تەروا:</u>

داستانە (مەلحەمە) سەرەکییەکانی ئەم دەورەیە (وەرزە) بریتین لە: کوپریا، ئیلیادی بچووك، تالانکردنی تەروا، گەڕانەوەی ئاترید، و تیلگونیا، کە باسی پێشینەی چیرۆکی تەروا لە سی ساڵی بەر لە جەنگی ئیلیادەوە تا زەمانی مەرگی ئودیسیوس دەگێڕنەوە.

داستانە سەربەخۆکان

ناونیشان یا هەندێ کۆپلە (لەسەر کێشی رەزمی) لە دە مەلحەمەی دیکە بە دەست هاتووە، کە هیچیان ناچنە خانەی وەرزە مەلحەمیەکانەوە. سیان لەم دە داستانە بەسەرهاتی هەر کول دەگێڕنەوەو دووانیان چیرۆکی تب.

مەلحەمەی گاڵتەجاڕی

<u>جەنگی بۆق و مشکان"٢٧" (رەنگە بگەڕێتەوە بۆ سالانی ٤٠٠ پێشن):</u>

نووسەرەکەی نادیارە. ئەم شیعرە کورتە لاسایی کردنەوەیەکی گاڵتەجاریانەی داستانەکانی هۆمەرو پەیڕەوانی هۆمەرە، بۆقان و مشکان بە ویقارو سامەوە لەگەڵ قارەمانانی هۆمەردا دەکەونە شەڕ، ئەم جەنگاوەرانە پاش ئەوەی پیس زامدار دەبن یا تەنانەت دەکوژرێن

دووباره لەسەر شانۆ دەردەکەونەوە، بەمجۆرە پەیوەندی نێوان گیانلەبەران و خودایان بە شێوەیەکی ئاوێتە لە گاڵتەجاڕی و لە جدیەت دەبێتە مایەی تەوس و گاڵتەجاڕی. پلۆت یا نەخشەی شانۆنامەکە لاسایی کردنەوەیەکی هەجو ئامێزی جەنگێکی مەلحەمیە. مشکێك لە چنگی پشیلەیەك هەڵدێ، و تووشی پاشای بۆقان دەبێ. پاشا بە ڕێزەوە داوا لە مشکەکە دەکات کە سواری پشتی بێ تا لە گۆلاوێك بیپەڕێتەوە. لە کاتی سەفەرەکەیاندا مارێکی ئاویان لێ پەیدا دەبێ و دەترسن، قورباقەکە بێ بیرکردنەوە خۆی لە ئاوەکەدا نقوم دەکات، و مشکەکە غەرق دەبێ. مشکان تووڕە دەبن و شەڕ لەگەڵ بۆقاندا رادەگەیەنن، بە توێکڵی لۆبیا و گوێزو گەڵای کاژ دەکەونە ئامادەکردنی زرێ و قەڵغان و نێزە، بۆقانیش بە گوڵی خەتمی، کەلەرم، چەوەندەر، و نەیچەی دەریاییەوە ئامادەو تەیار دەبن.
گوتاری بەجۆشی فەرماندەکان جەنگاوەران بۆ شەڕ هاندەدا. ئەنجوومەنی راوێژکاری خواوەندان پێکدێ تا بریار لەسەر لایەنگری یەکێك لە بەرەکان بدرێ. کاتێ ئاتنە پشتیوانی لە هیچ لایەکیان ناکات، مشکەکان جلەکانی دەخۆن و کونی دەکەن. و بۆقەکان بە قڕەقڕ تووشی سەریەشەی دەکەن، لەم کاتەدا تاقمە مێشێك پڕوپاگەندەی هێرش و پەلامار بڵاودەکەنەوە، و شەڕێکی گەورە دەست پێدەکات. زۆر قارەمان لەناو دەچن، لەم کاتەدا کۆمەڵە قرژاڵێکی زۆرو هەورە تریشقەو بروسکە لەلایەن زیوسەوە دەنێردرێن و کۆتایی بە جەنگەکە دێنن.
هەر چەندە ئەم بەیتە لە رووی ئەدەبییەوە لاوازە، بەڵام لە هەندێ لایەنەوە لە گاڵتەجاری راستەقینە نزیك دەبێتەوە، ئەمە جگە لەوەی کە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر شاعیرانی داستانی گاڵتەجارییەوە هەبووە. پێویستە لەم بارەیەوە ئاماژە بۆ رۆڵن هاگن"٢٧"، و پارنیل"٢٨"و (کە تەرجەمەی ئازادی جەنگی بۆقان و مشکانیان کردووە) پوپ بکرێ.

سرودێن هۆمەری

زاراوەی (سرودێن هۆمەریانە) بە سی و چوار سروودی بێ خاوەن (واتە خاوەنەکانیان نادیارە.وەرگێر) دەگوترێ کە مێژووی هۆنینەوەیان بۆ سەدەکانی حەوتەم تا چوارەمی پێشز دەگەڕێنەوە: ئەم سرودانە کە لەسەر وەزنی حەماسی دانراون، ژمارەی بەیتەکانیان لە نێوان ٣٠- ٦٠٠ بەیتە، بەڵام زۆربەیان کوڕتن. نێوەرۆکی سرودەکان هەمە جۆرە، ژمارەیەکی زۆریان موناجاتە، بڕێکیان نیازمەندی بە دەرگای خوایە، یان پێشەکی حیکایەتن، بەناوبانگترینیان بریتییە لە: سرودی ئافرۆدیتە، سرودی هرمس، و سروودی دیمتر.

<u>پەراوێز:</u>

١- شلیمان (١٨٢٢- ١٨٩٠) کەونارا ناسێکی ئەڵمانییە،

٢- ئیڤانز (١٨٥١- ١٩٤١) ئارکولۆجیستێکی ئینگلیزییە.

٣- کسنون (٣٢٥- ٢٣٤ پێشن) ئەدیب و زانایەکی سەرف و نەحوی یونانییە.

٤- هیلانیکوس (٤٩٠- ٤٠٥) مێژوونووسێکی یونانییە.
٥- ئاریستارخوس (؟) زانایەکی سەرف و نەحو و رەخنەگرێکی یۆنانییە.
٦- هیرمان (١٠١٣- ١٠٥٤) شاعیرو مێژوونووسێکی ئەڵمانیە، بە هیرمانوس کونتراکتوس-ش ناسراوە.
٧- کارل لاکمان (١٨٥١- ١٩٧٣) زمانەوانێکی ئەڵمانییە.
٨- تیتس- Thetis: خواوەندی دەریاو دایکی ئاخیلوس.
٩- ئیریس- Eris: خواوەندی بوختان و دوو روویی و ئاژاوە.
١٠- هیرا- Hera: خواوەندی ئاسمان و مانگ.
١١- ئاتینە- Azhene: خواوەندی حیکمەت و جەنگ.
١٢- ئافرودیتە- Aphrodite: خواوەندی ڤیان و جوانی.
١٣- ئولیس- Ulysses: (لە ئەفسانانی یونانیدا) شای ئیتاکا، و مێردی پنلوپەو بابی تلماخوس (تلماك)ـە لە رێبەرانی جەنگی تەروادە بووەو بە فێڵ و فەندی جەنگی بەناوبانگ بوو.
١٤- سیکون: تیرەیەکی خەڵکی تراسن کە کاتێ ئودیسیوس لە وڵاتی ئەواندا وەستا، پەلاماریان دا.
١٥- پولوفیموس: یەکێکە لەو دێوانەی کە بەدەستی ئودیسیوس کوێر کرا.
١٦- سیکلوپ: هەندێ دێوی زەلامن کە تەنیا یەك چاویان لە ناوەندی تەوێڵدا هەیە.
١٧- موشەدەمە: بە گوێرەی ئودیسە کاتێ ئودیسیوس دەگاتە دوڕگەی بایان، خودانی بایەکان بە دیاری مەشکەیەکی پڕ لە (بای) هەمە جۆری دەداتێ. دەست و پێوەندەکەی ئودیسیوس مەشکەکە دەکەنەوەو بایەکان لە شێوەی گەردەلولدا دێنە دەرێ و کەشتییەکە گیرۆدەی لافاوو تۆفان دەبێ.
١٨- سیرسە- Cirse: دەڵە دێو، ژنێکی جادوگەر بووە کە قوربانیەکانی خۆی کردووە بە حەیوانات.
١٩- هیرمیس- Hermes: خواوەندی رێگری و بازرگانی و گوتاربێژی.
٢٠- سیرنەکان- Sirens: سێ پەری دەریایین بەسەر ژن و بە بەدەن. باڵندەن، کە لە دوڕگەیەکی تاوێریی دا دەژیان ئەمانە بە ئاوازی دڵڕفێنی خۆیان دەریاوانیان بەرەو ئەو دوڕگەیە رادەکێشاو لەوێندەر کەشتییەکانیان تێك دەشکا.
٢١- سیکلا- Scylla: تاوێرێکە لە کەناری ئیتالیا کە پێشینان بە دەڵە دێویان دەشوبهاند.
٢٢- کاربیدس- Charybdis: گێژاوێکە لە نزیکی دوڕگەی سیسیل کە پێشینان بە دەڵە دێویان دەچوواند.
٢٣- کالیپسو- Calypso: پەرییەکە، و کیژی ئەتڵەسە
٢٤- پوزیدون: لە خواوەندانی دەریایە، و بابی دەڵە دێوانە.

٢٥- خواوەندانی هۆزانو هونەر (موز) نۆ دانە بوون.

٢٦- کالیوپە- Calliope: کالیوپە خواوەندی هۆزانی حەماسیو فەساحەت کە گەورەی هەموو (موز- Muse)ـەکانە.

٢٧- جەنگی بۆقو مشکان: هەر چەندە لەگینە چوار یا پێنج سەدە پاش مەلحەمەو داستانە جدییەکان نووسرابێ، بەڵام لەبەر سێ هۆ لە باسی سەردەمی هۆزانی مەلحەمیدا ئاماژەی بۆ کراوە:

١- مێژووی دانانەکەی نادیارە.

٢- لە رابردوودا درا بووە پاڵ هۆمەر.

٣- نمایشێکی گاڵتە ئامێزی مەلحەمە جدییەکانە.

سەردەمی هۆزانی لیریکی
(٧٠٠- ٤٥٠ پێشن)

<u>پێشینەیەکی مێژوویی:</u>

لە ماوەی نێوان ساڵانی ٧٠٠-٥٠٠ پێشز. شێوەی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی یونان گۆڕانی تەواوی بەسەردا دێت. دەسەڵاتی حوکمڕانان کەم دەبێتەوە و دەسەڵاتی ئەشراف و نەجیمزادەکان زیاد دەکات. گوندەکان جۆرێك لە یەکێتی پەیدا دەکەنو وەکو یەکەی سیاسی سەربەخۆ یا دەوڵەتی -شاران جێگیر دەبنو رەعیەتەکانیان هەموو مافێکی مەدەنییان دەبێ. ئاتین، ئەسپارتە، کورنت، ئارگوس، و ئیفسوس، لە دەوڵەتشارە بەناوبانگەکان دەژمێردران. لە سەدەی شەشەمدا دەسەڵاتی نەجیم زادەکان بە دەستی تیرانەکان-کە حوکمڕانانی خۆ سەر بوونو حکومەکەیان پێچەوانەی هەر یاسایەك، و لەلایەن چینە یەکگرتووە نا ئەشرافییەکانەوە پشتیوانیان لێدەکرا- لە ناوبرا. گەلێك لە تیرانەکان، لەگەڵ هەموو جەورو ستەمێکیاندا، کەسانی پێشکەوتووخوازو هاندەری هونەرو ئەدەب بوون. لە دوا ساڵەکانی سەدەی شەشەمدا تیرانەکان سەرکوت دەکرێن، و دەوڵەتی شاران یا سیستەمی ئولیکاریشی و یا حکومەتی تەواو دیموکراتی هەڵدەبژێرن.

لەم ڕۆژگارو دەورانەدا، زۆربوونی خەڵکیو ئاڵۆزانی رامیاری، دەبێتە مایەی سەرهەڵدانو پەیدا بوونی زۆر موهاجیرنشین. یۆنانیەکان لە زۆربەی دەڤەری دەریای ناڤیندا، بە تایبەتی لە سیسیلو ئیتاڵیای باشووردا کۆمەڵێك موهاجیرنشین دروست دەکەن. بازرگانیو پیشەسازیش رەونەقێکی زۆر پەیدا دەکات.
لەم ڕۆژگارەدا، بارودۆخی زەمانە لەگەڵ تەمەرگوزی دەسەڵاتدا سازگار نابیو ئازادی تاكو تاکپەروەرییو دەبی بە خەمی گەورە.

<u>نۆڕینێکی گشتی:</u>
لەواری ئەدەبیاتدا، سەردەمی پاڵەوانی تەقریبەن فەرامۆش دەبی، ستایشی پاڵەوانان جێگە بۆ دەربڕینی سۆزو گودازو هەستی شەخسی چۆڵ دەکات. نیگاکان لە رابردوو دەگەڕێنەوەو ڕاستەوخۆ ئاراستەی ئێستا دەکرێن، لەم سەردەمەدا هۆزانی لیریکی تاقە فۆرمی ئەدەبی باوە. چونکە لە بارترین قاڵبە بۆ دەبڕینی هەستو سۆزو بۆچوونی شاعیران.

جۆرەکانی شیعری لیریکی

<u>شیعری شیوەنو لاوانەوە:</u>
هەر چەندە لەوەیە یەکەمین شیوەننامە لە قاڵبی لاوانەوەو تازیەباریدا بووبی، بەڵام ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا دەلالەتی لەو شیعرانە نەکردووە کە بۆ یادی مەرگی دۆستێك گوترابن، بە پێچەوانەوە، لەوەیە ناوەڕۆکی جۆراوجۆری وەکو کەربو کینە، نەفرەتو یا تەنانەت ڤیانو ئەویندارییشی لە خۆ گرتبی. شیعری لاوانەوە فۆرمو قاڵبی وەزندارو تایبەتی خۆی هەیە، بریتییە لە کۆمەڵە بەیتێك کە بەڕیز یەکێکیان لەسەر کێشی شەش بڕگەییەو ئەوی دیکەیان کێشی پێنج بڕگەیی هەیە.

<u>تایبەتمەندییەکانی شیعری شیوەن یا لاوانەوە:</u>
١- بەیتی لاوانەوە پتر روونکردنەوەییە نەك چیرۆکڤانی.
٢- بە زۆری کورتو چڕەو بە قالبێکی لە بار بۆ دەربڕینی پەیڤی پەند ئامێزو وتەی کورت دەژمێردری.
٣- جۆرە خود دواندنێکە، و لە راستیدا قۆناغێکی گواستنەوەیە لە بابەتگەرایی مەلحەمەوە بۆ شیعری زەینگەرایییو دەربڕینی هەستو سۆزی شەخسیی.
٤- بە دەم ژەنینی فلوتەوە یا لێدانی نەیەوە دەخوێنرێتەوە.

لاوانەوە خوانانی گەورە

<u>کالینوس (لە دەوروبەری ساڵی ٦٨٠ پێشز ژیاوە):</u>

خەڵکی ئیفسوس-ەو کۆنترین شاعیری لیریکییە لە واری نیشتمانپەروەریدا. خەڵکی ئیفسوس بۆ بەرەڤانی دلێرانە لە هەنبەر هێرش و پەلاماری ماکیسییەکان هاندەدا. تەنیا بیست و یەک بەیت لە شیعرەکانی ماوەتەوە.

میم نیرموس (لە دەوروبەری ساڵی ٦٣٠ پێشز ژیاوە):
خەڵکی کولوفن-ە. دامەزرێنەری لاوانەوەی ئەڤینداریە. شین بۆ خەمینی ژیان، ناپایەداری جوانی، و کورتی سەردەمی لاوی دەگێڕێ. شیعرەکانی رەنگدانەوەی داروخان و رواڵەتپەرستی یونیاکانە.

سولون (٦٣٨- ٥٥٩ پێشز):
یاسارێژو شاعیری ئەتینایە. سولون شیعری لاوانەوە بۆ پەندو ئامۆژگاری سیاسی و دەربڕینی راوبۆچوونی خۆی دەربارەی ژیان بەکار دێنێ. نزیکەی ٢٥٠ دوو سەدو پەنجا بەیتێك لە شیعرەکانی ماوەتەوە.

ئیبامبیك

ئیبامبیك جۆرە شیعرێکی لیریکییەو دەدرێتە پاڵ ئیبامبوس، ئەمە جۆرە شیعرێکە کە کێشەکەی لە بڕگەکاریدا لە بڕگەیەکی کورت و لە بڕگەیەکی درێژ پێکهاتووە. ئەو شیعرانەی کە وەزن و کێشی ئیبامبوسیان هەبوو بە زۆری لە هەجوو داشۆریندا بەکاردەبران.
دیارترین شاعیری ئیبامبیك ئارکیلوخوسە (لە دەوروبەری ساڵی ٦٥٠ پێشز ژیاوە)، خەڵکی پاروسە کە بە داهێنەری شیعری ئیامب دەژمێردرێ. تەبیعەتێکی ئاگرین و توند و هەستۆکی هەیە، زۆربەی شیعرەکانی لێوان لێوی نەفرەت و رق و کەرب و کینن. لێ روون و کورت و زیندوون. شیعری لاوانەوەشی گوتووە، بە تایبەتی لە قاڵبی شیندا.

میلیك

شیعری میلیکیان بە دەم لێدانی چەنگ، سێتار،یا تەمورەوە دەخوێندەوە. ئەم شیعرە لەسەر کێش و وەزنی هەمە جۆر و بابەتی هەمەڕەنگ دادەنرێ. گرنگترین جۆری شیعری لیریکی میلیك مۆنۆدی و کۆراڵە.

١- مۆنۆدی (تاك خوانی)
بەو شیعرە غەمناکە دەگوترێ کە یەك کەس بە ئاوازەوە دەیڵێ، گەورەترین شایەرانی شیعری لیریکی بە شێوەی مۆنۆدی بریتین لە:
ئالیکوس (لە دەوروبەری ٦١٢ پێشز ژیاوە):

خەڵکی لسبوسبە، نەجیم زادەیەکی کۆنەپەرستی دژمنی سەر سەختی دیموکراسی بوو. لە تاراوگەدا کۆمەڵێك قەسیدەی (بە زمانی ئایولیاتی) بۆ چارە رەشی خۆی نووسیوە. ئالیکوس دە کتێبی شیعری لیریکی دەربارەی جەنگ، سیاسەت، غەمانی دەرونی، ڤیان و شەراب هەیە.

سافو (سافو) (لە دەوروبەری ساڵی ٦٠٠ پێشز ژیاوە):

هەر چەندە تەمومژێکی زۆر سایەی خستۆتە سەر ژیانی سافۆو زانیارییەکی وردمان لەمەڕ ژیانی واقیعی ئەو نییە. ئەم خانمە شاعیرە لە بنەماڵەیەکی زۆر دەوڵەمەندەو لە موتیلنەی دوڕگەکانی لسبوس لە دایك بووەو زۆربەی تەمەنی لەوێندەر قەتاندووە. تاقمێك لە خوشکان هەمیشە لەلای ئەو خڕدەبوونەوەو ئەمیش مۆسیقاو ئاوازو داب و نەریت و ڕێ و رەسمی پەیوەندی کۆمەلایەتی فێر دەکردن. لە راستیدا کیژان لەناو ئەم کۆڕانەدا فێری ڕێ و رەسمی ژیان دەبوون. بە گوێرەی حیکایەت و ریوایەتە جۆراوجۆرەکان وا دەردەکەوێ کە سافۆ شوی کردووەو یەك کیژی هەبووە، هەروەها بە ریوایەتێکی دیکە ئەم شاعیرە ماوەیەکی بەدوور خراوەیی لە سیسیل بەسەر بردووە. ئەنجام ئاشقی فائوونی شوان دەبێ، بەلام فائون رووی ناداتێ و شاعیرە لە لوتکەی لوکادەوە خۆی هەڵدەدێرێ و خۆی دەکوژێت.

بەڕای خەڵکانێکی زۆر سافو گەورەترین شاعیری هۆزانی لیریکی، لە جۆری مۆنودییەو جماعەتێکیش بە گەورەترین شاعیری هەموو سەردەمەکانی دەزانن، و ئەفلاتون بە دەیەمین خواوەندی شیعری ناو دەبات. سافۆ سودی لە پانزە کێشی جۆراوجۆر وەرگرتووەو ئەمەش بەڵگەی زاڵی ئەوە بەسەر کێشێن شیعرییدا. جوانی هەڵبژاردنی وشە کە یەکێکە لە پێداویستییەکانی شیعری لیریکی، دڵگیرییەکی تایبەتی بە شیعرەکانی دەبەخشێ، بەلام ئەم دڵگیرییە بە زۆری لە کاتی وەرگێڕاندا لە بەین دەچێت، ژمارەیەك لە رەخنەگران پێیان وایە کە (لە نێو هەموو شاعیرانی جیهاندا، لە نێو گشت ئەدیبانی بەرجەستەدا، سافۆ تاقە شاعیرێکە کە هەر پەیڤێکی شیعرەکانی بۆنێکی سەیرو تایبەت بە خۆی هەیە، پەیڤی سافۆ نیشانەی کەماڵی موتڵەق و ناسکی بێ وێنەیە).

جۆش و خرۆشی ئایولیایی ئەو ئاوێتەی شیعرەکانییەتی. زۆربەی غەزەلەکانی شەخسی و هەڵقوڵاوی کانگای دڵ و کەشفی رازی دەروونن. ڤیان ناوەڕۆکی زۆربەی هەرە زۆری شیعرەکانیەتی، ئەو شیعرانەی کە زیاتر کچۆڵان دەدوێنن. مەخابن، زۆربەی شیعری سافۆ لە نێو چوون و تەنیا یەك لەسەر بیستی شیعرەکانی ماونەتەوە، کە بریتییە لە غەزەلێکی تەواو و چەند پارچە غەزەلێکی دیکەو هەمووشی بە شێوەزاری ئایولیاییە. ئەو شیعرە تەواوی کە لە پاش سافۆ بەجێ ماوە قەسیدەیەکە روو لە ئافرو دێتە کە لە شیعرەکەدا خوازیاری سەرکەوتنی کیژێکی لاوە لە ڤیان و ئەڤینداریدا. شیعرەکانی دیکەی بریتیین لە گۆرانی موبارەك بێ زەماوەند، مالاوایی لە دۆستان، ستایشی جوانی کیژان، و چەند غەزەلێکی ئاشقانە.

سافۆ، کاریی کردۆتە سەر زۆر شاعیران و نووسەران، لەوانە: تیوکریتوس، کالیماکوس، کاتولوس، هوراس، گریل پارتسر، رونسار، مالرب، بوالو، راسین، دوستال، شاتوبریان، لامارتین، بودلیر، سیدنی، لیلی، هیریك، براونینگ، تنی سن، سوین برن، فرنو، ئالن پۆ و .... هتد.

ئاناکریون (لە دەوروبەری ساڵی ٥٤٠ پێشز ژیاوە):
خەڵکی تیوس و شاعیری دەرباری پولوکراتس"١" بوو، پاشان لە ئەسینادا چووەتە لای هیپارخوس"٢". داهێنەری شیعری کۆمەڵایەتییە. شیعرەکانی خەیاڵ ئەنگێزو دڵگیرو خۆش ریتم و ئاهەنگە. شەراب، ڤیان، ناپایەداری ژیان و جوانی و سوود وەرگرتن لە دەم، نەفرەت و بێزاری لە جەنگ، ناوەڕۆکی سەرەکی شیعرەکانی ئەوە. هەر چەندە هەندێ پێیان وایە شیعرەکانی لە قوڵی و ناسکی خاڵین،ئاناکریون بە یەکێك لە سێ شاعیری گەورەی هۆزانی لیریکی کۆنی یۆنان دەژمێردرێ (دوانەکەی دی سافوو پیندار-ن).

٢- کۆراڵ:
رەنگە غەزەلی کۆراڵ یەکەمجار لە ئەسپارەتەو لەسەر دەستی ئالیتاس (لە دەوروبەری ٦٧٥ پێشز ژیاوە) دامەزرا بێ، تالیتاس هەندێ شیعری گۆرانی بۆ کۆرسی کۆراڵەکان دادەنا تا پێکەوە بەدەم سەماوە لە فیستیڤاڵەکاندا بیڵێن. غەزەلی کۆراڵ عادەتەن سێ بەندییە. بەندی یەکەم بە وەرسورانی کۆرسی کۆراڵەکە بۆ لایەك دەگوترێ، بەندی دووەم لەگەڵ وەرچەرخانەوە بۆ دواوە دەگوترێ، بەندی سێیەم کە لە رووی بونیادەوە لە بەندی یەکەم و دووەم جیاوازە لەلایەن هەموو کۆرسەکەوە دەگوترێ.
شیعری لیریکی کۆراڵ، جۆری جیاوازی هەیە -گۆرانی شاباشی زەماوەند، سەرکەوتن نامە، تازیەنامە، سرودی پاڕانەوە بۆ دیونوسوس"٣" واتە گۆرانی (دیتورامب)"٤" بەناوبانگترین شاعیرانی شیعر لیریکی کۆراڵ: ئالکمان"٥"، ئاریون"٦"، سیمونیدس"٧"و پیندار-ن.

پیندار: (٥٢٢- ٤٤٣ پێشز):
بە زۆری بە گەورەترین شاعیری لیریکی یونانی دەزانن. پندار لە نزیکی تب لە ماڵباتێکی زۆر دەوڵەمەندو دارا هاتۆتە دنیاوە. زانیارییەکی کەم لەمەڕ ژیانی ئەو لەبەر دەستدایە، رەنگە کاهینی پەرستگەی ئاپولون بووبێ. پندار لە گەنجییەوە رووی کردە ئەو شیعرە لیریکییەی کەلە ئاتین و تەب موتالای کردبوو، لە ساڵی ٥٠٢ پێشز ماڵباتی ناوداری ئالیوئادا لە تسالیدا بە کرێیان گرت تا سروودی سەرکەوتن بۆ یەکێك لە ئەندامانی خێزانی ناوبراو کە لە گەمەێن پۆتیاییدا براوە بوو بوو، دابنێ و بهۆنێتەوە. پیندار، لەوە بەدواوە لە نێو قارەمانانی پێشبڕکێی هەمە جۆری وەرزشیدا هەوادارانی زۆری پەیداکردو پێی بۆ ماڵە دەوڵەمەندان کرایەوەو لە شیعرەکانیا کەوتە ستایشیان.

پیندار، شاعیرێکی پڕ بەرهەمە، پێشینان بە دانەرو خاوەنی هەڤدە کتێبی دەزانن لە وارەکانی سروودی پاڕانەوە، گۆرانی دیتورامب، سەرکەوتننامە، شیننامە، و ستایشدا، تەنیا چەند پارچەیەك لەو بەرهەمانە ماونەتەوە. بەڵام چوار سەرکەوتننامەی لەبەر دەستدان (بریتین لە چل و چوار قەسیدە بە دیالێکتی ئایولیاو دووریان) کە کۆڵەکەی شۆرەت و نێوبانگی پیندارن.

سەرکەوتننامەکانی پیندار شیعری یەجگار ئاڵۆزن. هەر چەندە لە رووی بونیادو کێش و درێژییەوە هەمە جۆرن، بەڵام هەر یەکێکیان عادەتەن سێ بەشی دیاریکراوی هەیە:

١- بیرەوەری و یادی سەرکەوتنی قارەمانی پێشبڕکێیەکی وەرزشی.

٢- ئەفسانەیەك کە بە شێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ ئەم پێشبڕکێیەدا یەك بگرێتەوە.

٣- هەندێ تیوری و بۆچوونی فەلسەفی یان ئەخلاقی. یەکێك لە نموونە بەرزەکانی ئەم سەرکەوتننامەیە چەکامەی یەکەمی ئولمپیادەکە بۆ یەکێك لە حاکمانی سیراکوزە.

چامەکە بە چەند شیعرێکی زندوو دەست پێدەکات. ئەوجا قارەمان دێتە ناسین و سەرکەوتنەکانی پیشاندەدرێ، دوای ئەوە نۆرە دێتە سەر ئەفسانە، ئەوسا شاعیر دووبارە دەکەوێتەوە ستایشی قارەمان، و ئەنجام چامەکە بە کۆمەڵێك بیرو ئەندێشە دەربارەی شیعر بەگشتی و دەربارەی شیعرێن پیندار بە تایبەتی کۆتایی دێت.

پیندار شیعر بەجددی دەگرێ. جەژنە ئاینییەکان ناوەڕۆکی سەرەکی شیعری وی یە، و شیعرەکانی لەم رووەوە بایەخی زۆریان هەیە. شیعری لیرکی لە بنەڕەتدا تایبەت بە ئاپولون و خواوەندانی شیعر بوو. پێندار وتنی سەرکەوتننامەی تاڕادەیەك بە ئەنجامدانی سرووتی پیرۆز و موقەدەس دەزانی.

هەندێ لە رەخنەگران غەفڵەتەکانی پینداریان بە بازاڕی و سواو لە قەڵەم داوە، بۆ نموونە رەخنە لە دوو سەرکەوتننامەی دەگرن کە ستایشێکە لەمەڕ پێشبڕکێی قاترانە.

بە دوو ڕوویی تاوانباریان کردووە، وجا لەم روانگەیەوە ئیدی مەحکوم بێ یان نا، گومانی تێدا نییە کە ئەو ستایشکەری دەوڵەمەندان و کەسانی دەسترۆ بووە، بەڵام نابێ ئەوە لە یاد بکرێ کە ئەو بە خۆی لە نەجیمزادەو دەوڵەمەندەکان بووەو ناچار بووە بایەخ بە دۆزو مەسەلەکانی ئەوان بدات.

بە هەرحاڵ کەم و کوڕییەکانی پیندار لە چاو ئیجابیاتەکانیدا کەمە. پەیڤی درەخشان و وەزنی پوختەو خەیاڵی زندوو دەیخاتە خانەی گەورەترین غەزەلخوانانی جیهانەوە.

پیندار کاری کردۆتە سەر زۆر شاعیر لەوانە دەشێت ناوی: رونسار، هوراس، جانسن، گری، وردزورس، گیتس، و گوتە ببرێ.

پەراوێز:

١- پولوکراتس (٥٢٢ پێشـ) حوکمرانێکی دیکتاتۆری یونانی بووە لە یەکێك لە دوورگەکانی دەریای ئیجە.

٢- هیپارخوس: حوکمرانێکی دیکتاتۆری ئاتین بووه له سالآنی ٥٢٧- ٥١٤پێشز.
٣- دیونوسوس (به گوێرەی ئەفسانانی یونان) خوای شەرابه. له روومدا (باکوس)ی پێ دەگوترێ.
٤- دیتورامب: گۆرانییەکی دەستەجەمییە کە یونانیەکان لە جەژنەکانی خوای شەرابدا بە کۆمەڵو کۆرس گوتوویانە.
٥- ئالکمان (له سەدەی هەفتەمی پێشز ژیاوە) خەڵکی ئەسپارتەیە.
٦- ئاریون (له سالی ٦٠٠ پێشز ژیاوه) خەڵکی کورنت ـه.
٧- سیمونیدس (٥٥٦- ٤٦٧ پێشز) خەڵکی کیاس- ـه.

سەردەمی ئاتیك"١"

<u>پێشینەیەکی مێژوویی:</u>

سەدەکانی پێنجەمو چوارەمی پێشز لە باری سیاسی، شارستانیو رۆشنبیری، هونەریو ئەدەبییەوە دەورانی شکۆداری یۆنانە. ئاتین تا سالی ٤٠٤ پێشز کە لەلایەن ئەسپارتەوە شکێنرا، بە مەڵبەندی شارستانی دەژمێردرا. ریفۆرمەکانی کلیس تینس"٢" لە سالی ٥٠٨ پێشز، یەکەمین حکومەتی دیموکراتی واقیعی مێژووی جیهانی لە ئاتینادا هێنایە ئاراوە. هەموو هاووڵاتییان مافی سیاسی تەواوی خۆیان هەبوو، بەلآم ئەمانە تەنیا لە سەدا بیستی هەموو خەڵکەکەیان پێك دێنا،چونکە کۆیلەکان، بێگانان، و ژنان لەم مافانە بێبەش بوون. لەسالێ ٤٩٠ پێشز، ئێرانیان پەلاماری یونانیاندا، بەلآم سێ جار شکستیان هێنا: لەسالێ ٤٩٠ دا بە دەستی سوپاییانی ئاتین وبە فەرماندەیی میلتیادوس لە مارتون شکان، لە سالی ٤٨٠ بە دەستی هێزی دەریایی ئاتین لە سالامیس شکانو ئەنجام لە سالی ٤٧٩ لە پلاتیە بە دەستی هێزی یەکگرتووی یونانی شکان، لە سالی ٤٧٧ ژمارەیەك لە دەوڵەت- شارانی رۆژهەلآتی، یەکێتیی لوسی-یان پێك هێنا کە کۆنفدراسیونێك بوو بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئێرانییەکان. ئاتینییەکان رێبەرایەتی ئەو یەکێتییەیان لە ئەستۆ گرتو لە سالی ٤٥٤ پێشز، خەزینەی یەکێتییەکە لە دورگەی دیلوس-ەوە بۆ ئاتین گوازرایەوە.

ئیدی هەموو ئەندامانی یەکێتییەکە خۆیبوونی خۆیان لە دەست داو ناچار بوون باجو خەراج بە ئاتینییەکان بدەنو ئەمە سەرەتای ئیمپراتۆریەتی ئاتین بوو.

قۆناغی نێوان سالآنی ٤٦١- ٤٢٩ پێشز، بە سەردەمی پریکلس"٣" ناسراوە. لەم سەروبەندەدا پریکلس بوو بە فەرماندەی گشتیو رێبەری خەڵك، واتە بوو بە حوکمڕانی نا فەرمی ئاتین. ئەم سالآنە لە رووی پێشکەوتنو ئیحتوباری فەرهەنگی وشارستانییەوە بێ وێنەیە.

هەموو هاووڵاتیان مافی خوێندن، نووسین، حیساب، ئەدەبیات، موسیقاو گەمەیێن وەرزشییان هەبوو.
لە ساڵی ٤٣١ پێشز، ململانێ لەسەر دەسەڵات و دەسەڵاتداری لە نێوان ئاتین و ئەسپارتەدا جەنگی پلوپونزوس-ی لێکەوتەوە. پاش دە ساڵ لە جەنگی بێوەر، جەنگاوەران لە ساڵی ٤٢١ پێشز،وەستانی شەڕ (ئاشتی نیسیاس)"٤"یان راگەیاند. بەڵام ماوەی سوڵحەکە کەم بوو. ئاتین لە ساڵی ٤١٥- ٤١٣ پێشز بە مەبەستی گرتنی سیسیل گەمارۆی سیراکوز-ی دا. ئەم گەمارۆیە شکستی هێناو عەماری ئازوقەی ئاتینییەکان کەوتە دەستی دژمن، بارودۆخی پڕ قەیرانی ئاتین دەرفەتی دایە ئەسپارتە تا سەر لە نوێ پەلاماری ئاتین بداتەوەو سەرەنجام بەسەریدا سەر بکەوێ. ئاتین لە ساڵی ٤٠٤ پێشز بە ناچاری تەسلیم بوو.
ساڵانی نێوان ٤٠٤- ٣٥٩ پێشز، قۆناغی رکابەری نێوخۆو جەنگی چینایەتی و تێشکان بوو. ئەسپارتە تا ساڵی ٣٧١ پێشز، کە لەبەرەی لوکترا دا لە لایەن تب-ەوە شکا هەر، دەسەڵاتی زاڵ بوو. تب تا ساڵی ٣٦٢ پێشز رۆڵی رابەرایەتی لە ئەستۆ بوو. لەم ساڵەدا ئاپامینونداس-ی رێبەری تبی لە شەڕێکدا دژی ئاتین و ئەسپارتە، لە مانتینەدا مرد ئاژاوەو پاشاگەردانی دەستی پێکرد، فیلیپ مەقدونی لە ساڵی ٣٥٤ پێشزدا دەستی بە فەتحی یونان کردو لە ساڵی ٣٣٨ پێشزدا لە شەڕی خاروناداو بە تەواوەتی سەرکەوت.
فیلیپ دوای دوو ساڵ مردو ئەسکەندەری گەورەی کوڕی بوو بە جێنیشینی. ئەسکەندەر تا ساڵی ٣٣١ پێشز بە سەر سەرانسەری جیهانی ناسراوی ئەو رۆژگارەدا، واتە: یۆنان، میسر، سەرانسەری ئاسیای بچووك، ئێران، و ئاسیای ناوەندیو تا دەڤەری روباری سن، زاڵ بوو. ئەسکەندەر لە ساڵی ٣٢٣پێشز مردو سەردەمی ئاتیك کۆتایی هات.

نۆڕینێکی گشتی:

سەردەمی ئاتیك بە دەورانی بەرجەستەترین نووسەرانی ئاتین دەژمێردرێ: هیرودوتوس (هیرودوت)، توسیدیدس و گەزنەفۆن لە مێژوودا، ئایسخولوس (ئیشیل)، سوفوکلس، یورپیدس، ئاریستوفانس و مناندر لە شانۆنامە نووسیدا، دموستن لە خیتابەدا، و ئەفلاتون و ئەرستۆ لە فەلسەفەدا ناوبانگێکی عالەمگیریان هەیە.

مێژوو

یونانیانی سەدەی پێنجەمی پێشز مێژوویان بەلقێکی تایبەت لە زانست دەزانی. مێژوونووسانی یونانی کۆن، وێڕای کۆمەڵێك لە فەرامۆشکاری و گوێنەدان، یەکەمین کەسانێکن کە دەستیان بە نووسینەوەی رووداوە نیشتمانی و جیهانییەکان بە شێوەیەکی سیستماتیك و بە بەڵگەوەو بە گوێرەی ریزبەندی مێژوویی کرد.

هیرودوتوس (هیرودوت): (لە دەوروبەری ساڵانی ٤٨٤- ٤٢٥ پێشز ژیاوە):

هیرودوت که به (باوکی مێژوو) ناسراوه له هالیکارناس-ی ناوچەی باشووری ئاسیای بچووك له دایك بوو. له دەوروبەری ساڵی ٤٥٥ له شەڕی پارسەکاندا بەشداری کرد و پاشان بە هۆی ئاژاوەو پاشاگەردانی سیاسییەوە ناچار وڵاتی بە جێهێشت. ماوەی دە ساڵێك لە زۆربەی وڵاتانی ناسراوی جیهانی ئەو رۆژگارەدا ئاوارەو سەرگەردان بوو -لە باکوورەوە تا دەریای رەش، لە باشوورەوە تا میسر، و لە رۆژهەڵاتەوە تا بابیل گەڕاوە. هیرودوت لە دامەزراندنی تۆڕیی، موهاجیرنشینی ئاتینی باشووری ئیتاڵیادا بەشداری کرد و تا مردن، واتە دەوروبەری ساڵی ٤٢٨- ٤٢٥ پێشز، لە وێندەر ژیا.

بەرهەمەکانی:

مێژوو: زانایانی ئەسکەندەریە مێژووەکەی هیردوت-یان بەسەر نۆ کتێب دا دابەش کردووە. هەر کتێبێکیان بە ناوی یەکێك لە خواوەندەکانی شیعرەوە ناوناوە. ئەم کتێبە، وێڕای جیاوازی بابەتەکانی،لەم رووەوە یەکێتییەکی تیایە کە ناوەرۆکەکەی گێڕانەوەیەکی رووداوەکانی جیهانە تا دەگاتە شکستی پارسەکان لەلایەن یونانیەکانەوە. کتێبی یەکەم حیکایەتی دژمنایەتی نێوان یونانیەکانو بەربەرەکان دەگێڕێتەوە کە جەنگی تەروادەی لێدەکەوێتەوە، هەروەها فتوحاتی کرزوس-ی پاشای لیدی، و دامەزراندنی ئیمپراتۆری پارس، تا زاڵ بوونی کەمبوجیە بەسەر میسردا لە خۆ دەگرێ.

کتێبی دووەم گوتارێکی دوورو درێژە دەربارەی میسر. کتێبی سێیەم دەسەڵاتی کەمبوجیە بەسەر میسراو راپەڕینی داریوش دەگێڕێتەوە. کتێبی چوارەم باسی لەشکرکێشی داریوش بۆ سەر وڵاتی سکاکانو زاڵبوون بەسەر لیبیادا دەکات. کتێبی پێنجەم باسی دەستپێکردنی شۆڕشی یونییەکان دژی پارسیەکان دەکات. کتێبی شەشەم بەسەرهاتی جەنگ تا سەرکەوتنی یۆنانیەکان لە ماراتوندا شەرحو شرۆڤە دەکات. کتێبی حەوتەم تا نۆیەم گێڕانەوەی مەرگی داریوش، تەدارەکی لەشکرێکی بە هێز لە لایەن خەشایارشاوە، شەڕی ترموپیلو سالامیسو شکستی یەکجارەکی پارسییەکان کە هاوزەمان لە پلاتە لە رۆژئاواوەو لە میکال لە رۆژهەڵاتەوە دەست پێدەکات،دەگێڕێتەوە.

فەلسەفەی مێژوو:

هیرودوت بە پێچەوانەی توسیدیدس-ەوە ئاشنایەتیو شارەزاییەکی ئەوتۆی لە فەلسەفەی مێژوودا نییە، بەڵام هەمیشە هەوڵدەدا دەخالەتی خودایان لەکاروباری ئادەمیان نیشان بدات. بەڕای ئەو خواوەندان لە سەرکێشیو خۆپەسندیو لوتبەرزی دەسەڵاتدارانی (وەکو پارسییەکان) رازی نینو هەر بە عاردی سەرشۆڕییاندا دەدەن.

شێواز و تەکنیك:

هیرودوت، کەسێکی رەوان نووسەو بە زۆری لە شێوەی گفتوگۆدا دەنووسێتو یەکێك لە خەسڵەتە دیارەکانی ئەو بەکارهێنانی دۆزێن ناکۆكو بایەخدانە بە کاریگەری قوڵی شتەکان.

شێوازی ئەو زیاتر حەماسی و مەلحەمەییە تا نمایشی، حەزی لە چەمکە گشتی و جیهانییەکانە، بەڵام حەز لە پاژکاریش (جزئیات)ش دەکات،پاژکارییەك کە وێنەی وردی خەڵکی و داب و نەریتی ئەو خەڵکە نیشان دەدات. مێژووەکەی ئەو لەم رووەوە خۆی لە زۆر ناوەڕۆکی سەرەکی دەبوێرێ، هیرودوت کەسێکی رۆمانتیکی بەرزە خەیاڵە. زیاتر مایلی گێڕانەوەی چیرۆکڤانییە دەربارەی حاڵ و باری مرۆڤان تا ئامادەکردنی هەواڵێکی هاوسەنگی پشت بەستوو بە سەرچاوانی باوەڕپێکراو، دەربڕی هۆو ئەنجام دەربارەی زنجیرەیەك شەڕ و شۆڕ.

<u>کورتەیەکی رەخنەکان:</u>

هەر چەند هیرۆدۆت بە کەم دیقەتی و ناکۆکوێژی (بە تایبەتی دەربارەی ساڵەکان) تۆمەتبار کراوە، بەڵام هیچ کاتێك بە ئانقەست هەوڵی چەواشەکردنی خوێنەر نادات، هیرودوت زۆربەی کات سادەو خۆشباوەڕە، و پشت بەسەرچاوەی بێ ئیحتوبار دەبەستێ. بەڵام عادەتەن هەر کاتێ بەڵگەنامەیەك جێی باوەڕو متمانە نەبێ، ئاگادارمان دەکاتەوە، کە ئەمە هەواڵێکی زارەکییە، یا ئەفسانەییە یا گێڕانەوەیەکی لایەنگرانەیە. زانیارییەکانی هیرودوت دەربارەی شەڕو جەنگان زانیاری دەستی یەك نین، بۆیە بە توێژەرێکی سوپایی شایستە نییە. بە هەر حاڵ هیرودوت وەکو مێژوونووسێکی بێ لایەن ستایش دەکرێ، وەکو چۆن ستایشی بوێری و جەنگاوەری پارسەکان دەکات، ستایشی یونانیەکانیش دەکات.وادیارە زۆر لە بابەت دەردەچێ و زۆر کەرەت زنجیرەی بابەتەکانی دەپچڕێ، بەڵام هەر ئەم لە خەت دەرچوونەش ئاگایی بەخش و سەرگەرمکەر و باشترین ناسنامەی چیرۆکخوانی ئەوە.

<u>توسیدیدس (توسیدید) (لە دەوروبەری ٤٧٠- ٣٩٨ پێشن):</u>

توسیدیدس یەکەمین مێژوونووسی رەخنەگری جیهانە... لە ئاتین و لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندو دەسترۆ لە دایك بوو، بە یەکێك لە نزیکانی میلیتادس دەژمێردرا.
لە گەنجیدا کەوتە موتاڵاو خوێندنەوەی بەرهەمەکانی هیرودوت و هەمیشە ستایشی دەکرد، لە کاتی هەڵگیرسانی شەڕی پلوپونزوسدا یەکێك بوو لە دە فەرماندەی ئاتینی. لە ساڵی ٤٢٤ پێشن، ئەو گەلە کەشتییەی کە ئەو فەرماندەیی دەکرد لە شەڕی بەرگری لە ئامفی پولیسدا شکاو ئەم موهاجیرنیشینە یونانییە کەوتە ژێر دەستی ئەسپارتە. توسیدیدس دادگایی کراو دوور خرایەوە. تا ساڵی ٤٠٤ پێشز کە شەڕەکە کۆتایی هات هەر لە تاراوگە بوو و لەم ساڵەدا رێگەی پێدرا بۆ ئاتین بگەڕێتەوە.
بەمجۆرە دەرفەتی ئەوەی بۆ رەخسا کە لە نزیکەوە جەنگ بخاتە بەر لێکۆڵینەوەو خوێندنەوە.

<u>بەرهەمەکانی:</u>

<u>مێژووی جەنگی پلوپونزوس:</u>

بریتییە لە هەشت کتێب. کتێبی یەکەم مێژووی پەنجا ساڵی یونانی لە خۆ دەگرێ، وێڕای ئەو بایەخە تایبەتییە کە بەسێ ساڵی بەر لە دەستپێکی جەنگی پلوپونزوس-ی دەدات، لە هۆیە سەرەکییەکانی ئەم جەنگەش دەکۆڵێتەوە. کتێبانی دووەم تا پێنجەم یەکەمین دە ساڵەی جەنگی بێ ئاکام، سوڵحی نیسیاس، تازە بوونەوەی دژمنایەتی و شکستی ملوس Melos (٤١٦ پێشن)ی لە خۆگرتووە.

کتێبانی شەشەم تا حەوتەم لەشکرکێشی موسیبەتباری خەڵکی سیسیل دەگێڕێتەوە. کتێبی هەشتەم (ناتەواوە) پاشاگەردانی ناوخۆو هەراو ئاژاوەی ئاتین (٤١٣- ٤١١ پێشن) کە دوا بە دوای لەشکرکێشییەکەی سیسیل روو دەدات، شەرح و شرۆڤە دەکات.

فەلسەفەی مێژوو:

توسیدیدس-یان بە (یەکەمین فەیلەسوفی مێژوو) ناو ناوە. تیۆرییەکانی هیرودوت رۆنراو لەسەر خواپەرستی رەت دەکاتەوەو تیۆری رۆنراو لەسەر مەتریالیزمی جیهان پەسند دەکات. ئەو باوەڕی بە دەخالەتی خودایان لە رووداو نییە، بەڵکو پێی وایە هەموو رووداوێك بەندە بە خووە مرۆڤایەتیەکانی وەکو خۆپەسەندی، لاوازی ئەخلاقی، و کەڵکەڵەی دەسەلات خوازییەوە. تەبیعەت و خووی مرۆڤانیش هیچ کاتێك ناگۆڕێ. تەنیا مێژوو دووبارە دەبێتەوە. بە هەر حاڵ، مێژووەکەی توسیدیدس سەرمایەیەکی هەمیشەیی و رێنوێنێکی بە کەڵکە بۆ پێشهاتەکانی ئایندە.

شێوازو تەکنیك:

واباوە کە هەمووان ستایشی توسیدیدس دەکەن، بەڵام کەم کەس لەزەت لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی دەبینێ. پەیڤی ئەو سارد، دەستکرد، وشك و بە تەمتومانەو ریتم و تۆنی گوتاری هیرودۆتی نییە. زۆر لە ژێر کاریگەری مامۆستایانی زانستە بەلاغی و سۆفستاییەکاندایە.

توسیدیدس، لە چاو هیرودوتدا مێژوونووسێکی هوشیارترەو کەمترش لە بابەت دەردەچێ.

ئەو بە وردی و تا رادەیەك بە تەوس و توانجەوە ئەو ئەفسانە، حیکایەت و وتانە رەت دەکاتەوە کە نووسینەکانی هیرودوت-یان دڵگیرو شیرین کردووە، بەڵام لە هەمان کاتدا بێ ئیحتوباریان کردووە. توسیدیدس مامەڵەیەکی رەخنەگرانە دەگەڵ سەرچاوەکانی بەرهەمەکانی خۆیدا دەکات.

کورتەیەکی رەخنەکان:

بە زۆری ئیرادی ئەوە لە توسیدیدس دەگرن کە قورس و دژوار دەنووسێت. لە رادەبەدەر وشك و پابەندی نووسینی رووداوانەو نووسینەکانی شیرین و دڵگیر نین، نێوەڕۆکی مێژووەکەی ئەو سنووردارەو بایەخ بە جوانیناسی یان بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان نادات. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەرهەمێن توسیدیدس زۆر لایەنی پۆزەتیڤی تێدایە، و بە پێچەوانەی هیرودوت-ەوە مێژوونووسێکی وردو ئەمینە. لە هەڵبژاردنی سەرچاواندا راراو دوو دڵە، و لە رووی تۆمار

کردنی رووداوانەوە لە هەموو روویەکەوە جێگەی متمانەیە. توسیدیدس کە بە خۆی بەشداری شەڕی کردووە، زۆر بە وردی رووداوە سوپاییەکان دەخاتە بەر وردەبینی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندنەوە. ئەمە جگە لەوەی کە یەکەمین مێژوونووسە کە لە گۆشەنیگایەکی زانستی و رەخنەییەوە کەوتۆتە شەرحی رووداوە مێژووییەکان، توسیدیدس یەجگارکنەکارو وریایە، و لە شیکردنەوەی هاندەرە مرۆڤانیەکاندا بێ لایەنە. وێڕای ئەوەی کە ئاتین بابەتی سەرەکی مێژووەکەی ئەوە، لەگەڵ ئەوەشدا توسیدیدس هیچ مەیلێکی لایەنگریی لە ئاتین یان ئەسپارتەی نییە.

گیزنۆفۆن (٤٣٤- ٣٥٥ پێشز):

خەڵکی ئاتین، مێژوونووس و نووسەر، سەرداری جەنگی و، هاونشینی سوکرات بوو. گیزنوفون لە سایەی فەرماندەیی کورشی بچووکی شازادەی پارسدا، بە هاورێیەتی دەهەزار سەربازی بەکرێگیراوی یونانی، لە شەڕی ئەردەشیری دووەمی هەخامەنشیدا (٤٠١- ٣٩٩ پێشز) بەشداری کرد. پاشان لە ئەسپارتە ئاکنجی بوو و لە جەنگی کورونیادا"٥" -٣٩٤ پێشز) دژی ئاتین بەشداری کرد. لەبەر ئەمە لە ئاتین دوور خرایەوەو تاساڵی ٣٧١ پێشز لە ئولمپیادا ژیا، پاشان چوو بۆ کورنت و تا مردن لە وێندەر ژیا.

بەرهەمەکانی:

(دیالۆگەکان)

بەرهەمێن گیزنۆفۆن دەربارەی سوکرات بریتیە لە چوار کتێبان لە شێوەی دیالۆگدا: بەرەڤانی لە سوکرات، زیافەت، بیرەوەریان، و پەیامی ئابووری یان ئابوورینامە. بۆچوون و تێورییەکانی گیزنوفۆن دەربارەی سوکرات سەرڤە سەرڤەیە. ستایشی سوکرات دەکات، بەڵام توانای تێگەیشتنی وردەکارییەکانی فەلسەفەی سوکراتی نییە، گیزنوفون شەیدای فەلسەفەی پراکتیکییەوچ مەیلێکی لە هزرێن تیۆریی نییە.

بەرهەمە مێژووییەکانی:

هیلنیکا:

درێژەی مێژووەکەی توسیدیدس-ەو مێژووی رووداوەکانی یۆنان لە ساڵی ٤١١ەوە تا ساڵی ٣٦٢ نیشان دەدات. هیلنیکا وەکو کتێبی سەرچاوە بەرهەمێکی بەنرخە، بەڵام زەحمەتە بتوانرێ بە هاوتاو هاوسەنگی مێژووە رەسەنەکەی توسیدیدس دابنرێ. گیزنوفۆن بە بێدەنگی بەسەر رووداوە سەرەکییەکانی مێژووی ئاتیندا تێدەپەڕیّ و لایەنگرانە دەکەوێتە ستایشی ئەسپارتە.

ئاناباز (گەڕانەوەی دەهەزار نەفەری):

چیرۆکی "بەناوبانگ ترین پاشەکشەی مێژووی سەربازییە". گیزنوفۆن لەم کتێبەدا لەشکرکێشی ناکامی دە هەزار سەربازی بەکرێ گیراوی یۆنانی دەگێڕێتەوە کە لە ساڵی ٤٠١ پێشز پێشڕەوی دەکات تا یارمەتی کورشی بچووکی شازادەی هەخامەنشی بدات کە دەسەڵات لە چنگی ئەردەشیری دووەمی برای دەربێنێ. ئاناباز چیرۆکی ئەم قۆشەن کێشییە لە ساردەوەو لە رێگەی ئاسیای بچووكو بیابانی عەرەبستانەوە بۆ کوناکسا دەگێڕێتەوە. لەم شوێنەدا کورشی بچووك دەکوژرێ. لەشکری دە هەزار نەفەری دەشکێتو دووچاری پەشێوی و پاشاگەردانی و پەراگەندەیی دەبێت. یۆنانیەکان بە ناچاری گیزنوفون بە فەرماندەیی هەڵدەبژێرن و لە رێگەی کوردستانو ئەرمەنستانەوە بەرەو سەنتی باکور پاشەکشێ دەکەن تا دەگەنە کەناری دەریای رەش. لەوێندەرەوە بۆ کالسدونو بیزانس دەڕۆنو دەچنە ژێر رکێفی سیوتس-ی شای تراکیە. سەرەنجام، نزیکەی شەش هەزار کەسیان دەمێننەوە لە ساڵی ٣٩٩ پێشز، لە ئاسیادا دەچنە ژێر رکێفی ئەسپارتە. گیزنوفون-ش بۆ ئاتین دەگەڕێتەوە.

پەروەردەی کورش (کوروپدیا):

ئەم بەرهەمە بریتییە لە هەشت کتێبان. وێڕای ئەوەی کە درێژو تاقەتبەرە، لە باری مێژووییەوە لەبەر سێ هۆ بایەخی هەیە:

١- یەکێکە لە کۆنترین نووسراوان لەواری بنەمایانی تیۆری پەروەردەو فێرکردنەوە کە لەوێدا بۆچوونەکانی کیزنوفون سەبارەت بە پەروەردەی سیاسیو سوپایی پێویست بۆ شازادەیەکی لاو دێتە دەربڕین. گیزنوفۆن ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن کۆرشی گەورەی شای ئێران (حوکمڕانی ٥٥٠- ٥٢٩ پێشز) رێورەسمی راو، سەربازیو وڵاتداری، فەرماندەیی، لاوچاکیو پاشایی فێر دەبێت. بەشێك لەم نامەیە(نووسین) مێژوو دەگێڕێتەوەو بەشەکەی تری ئەفسانە، بەڵام فەسڵو بەشە گرینگەکانی ئەم کتێبە تەرخانن بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانی گیزنوفۆن خۆی. ئەو لە پەروەردەی حوکمڕانانی نموونەییدا ئاوێتەیەك لە شێوەی پەروەردەیی و ئەخلاقی پارسو ئەسپارتە دەزانێ.

٢- ئەم نامەیە یەکێکە لە کۆنترین سەرچاوەکانی بواری کۆمەڵگەی یوتوبیایی. کورش وڵاتێکی خەیاڵی دادەمەزرێنێ کە تەنیا یەك شاری هەیە. گیزنوفۆن ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە خەڵکی ئەم یوتوبیایە هەموو خزمەتێکی خۆشگوزەرانیان لەواری زەوجینو ساغڵەمی گشتیدا بۆ فەراهەم کراوە.

٣- هەندێ بەشی ئەم کتێبە شێوەی جۆرە رۆمانێکی مێژوویی هەیە. ژیانی کورش بە شێوەیەکی مەیلەو ئەفسانەیی دەگێڕدرێتەوەو سەربوری ئابراداتاس"٦"و پانتیای هاوسەریشی تەقریبەن چیرۆکێکی ریسکی مێژووییە.

فەلسەفەی مێژوو:

فەلسەفەی مێژوو لە گۆشەنیگای کیزنوفۆنەوە بە ئاسانی پێناسە ناکرێ، هەرچەند عادەتەن ئەو بە جێگری توسیدیدس دەزانن، نیاز ومەبەستی ئەو جیاوازی زۆری لەگەڵ ئەو مێژوونووسەدا هەیە. گیزنوفون بەتایبەتی حەزی لە نەقڵ و گێڕانەوەی رووداوانە، تا رادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بە خۆی شانازی بەشداری لەو رووداوانەدا هەبووە. ئەو لەواری پراکتیکیدا هیچ هەوڵێك بۆ هەڵسەنگاندن یان لە بنج و بناوان کردنی رووداوە بەشەرییەکان لە باری سایکولۆژییەوە نادات.

<u>شێوازو تەکنیك:</u>

زمانی گیزنوفۆن راستەوخۆ، سادەو ناسکە، لە راستیدا زمانی وی پەیڤ و ئاخافتنی پیاوێکی ئەهلی ئەدەب و کارە. شێوازی وی لەواری مێژوونووسیدا نە مینا هیرودوت رۆمانتیکی درێژدادڕانەیەو نە وەکو توسیدیدس پڕ ئاو تاوو دەستکردە.

<u>کورتەیەکی رەخنەکان:</u>

گیزنوفون لە مەقامی مێژوونووسدا نەهاوتای هیرودوتەو نە هاوسەنگی توسیدیدسە. دورە لە تواناو بەهرەی رەخنەگری و کاریگەریی مەعنەوی و ئەخلاقی. لە مەسەلە مەعنەوییەکاندا ئەوەندە وردبین نییە، و بە تەرەفداری و لایەنگری (لایەنگری لە ئەسپارتە) و خۆپەرستی و لاف و گەزاف بێژی مەحکومە. لەلایەکی دیکەوە لە دیتنی رووداوەکاندا وردە، و عادەتەن لایەنگری لەشتە ئابڕومەندەکان، و مرۆڤانی، و دلێرانەکان دەکات. راشکاوی و توندی و رەوانی زمان، لە تایبەتمەندییەکانی نووسینەکانی ئەون. گیزنوفۆن کۆنترین گوتار (مقالە) نووسی یونانە. دوا پەیڤ ئەمەیە کە ئەو خاڵی لاوازی سەرەکی ئیمپراتۆری گەورەی پارسی بە یۆنانیەکان ناساند.

شانۆنامە

<u>تراژیدیا:</u>

<u>سەرهەڵدان و پەرەسەندنی:</u>

تراژیدی یۆنان، وەکو شانۆنامەنووسی لە ئینگلیستاندا، لە سروت و رسوماتنامە مەزەبیەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، لە فیستیڤاڵەکاندا گروپی کۆرس و کوراڵانی پیاو کەوڵی بزنیان دەپۆشی (رەنگە بۆ ئەوە بووبێ کە وەکو ساتیرەکان"٧" بنوێنن)و دەرەقسین و گۆرانی دیتورامب-یان لەسەر شەرەڤ دیونوسوس-ی خوای شەراب و پیت و بەرەکەت دەگوت.

لە سالانی ناوەندی سەدەی شەشەمی پێشز تسپیس"٨"-ی ئاتینی، کە بە باوکی شانۆنامەنووسی بەناوبانگە، ئەو ئەکتەرەی هێنایە ناو جیهانی شانۆوە کە وەڵامی هەندێ بەشی دیالۆگی دەستەجەمی لە بەینی پەردەکاندا لە بەشی لیریکی نمایشدا دەدایەوە. بەمجۆرەو لەگەڵ پەرەسەندنی ئەم بەشانەداو بە زیادبوونی هەندێ توخم و رەگەزی ئەفسانەیی تازە شانۆ هاتە ئاراوە. پاشان ئاسخیلۆس ئەکتەری دووەمی لە شانۆدا کردە باوو بەمجۆرە گفتوگۆو دیالۆگ لە

شانۆدا باوی پەیداکرد. دوای ماوەیەکی دیکەش، سوفوکلوس ئەکتەری سێیەمی هێنایە ناو شانۆ.
لە سەرەتای سەرهەڵدانی تراژیدییەوە تا رۆژگاری ئورپیدس، بە هەمان ئەندازەی زیاد بوونی رۆڵی ئەکتەران، رۆڵو بایەخی گروپی کۆراڵ کەم دەبووەوە. ژمارەی کەسانی گروپەکانی کوراڵ کە لە سەردەمی تسپیسدا پەنجا کەس بوون، لە سەردەمی ئاسخیلۆسدا هاتە سەر دوانزە پازدە کەس، و لە رۆژگاری سوفوکلوسدا گروپێن پازدە نەفەری بوو بە باو.

دیمەنئارایی و دەرهێنان:

هەر چەندە پەرستنی دیونوسوس لە سەرانسەری یونانـدا باو بوو، بەڵام لە ئاتینـدا بایەخێکی تایبەتی هەبوو. لە نێوان ساڵانی ٦٣٥- ٦٣٤ پێشزدا جەژنێکی گەورەی تازە بۆ دیونوسوس بە ناوی دیونوسیای شار-ەوە بەو مەبەستەی لە ئاخرو ئۆخری مانگی مارسدا ئەنجام بدرێ هاتە ئاراوە. گروپی کۆراڵی دیتورامب و پاشان شانۆنامەی تەواو، بوون بە یەکێك لە تایبەتمەندییە باوەکانی ئەم رێورەسمە. لە سەرەتاکانی سەدەی پێنجەمی پێشزدا دانی خەڵات بە شانۆنامە براوەکان بوو بە باو. بۆ هەر یەکێك لەو سێ شاعیرەی کە لە پێشبڕکێیەکەدا بەشداری دەکرد، رێبەرێکی گروپی کۆڕاڵ هەڵدەبژێردرا، رێبەری گروپی کۆڕاڵ لەسەر حیسابی خۆیو بە پارەی خۆی پێداویستییەکانی گروپەکەی فەراهەم دەکردو ئەکتەرەکانی پەروەردە دەکرد. هەر شانۆنامەنووسێك چوار پارچەی نمایشی (تیترالۆجی) پێشکەش بە ئاهەنگەکە دەکرد کە دەبوایە یەك تریلۆجیو (سێ تراجیدی کە دەربارەی یەك بابەت بن، وەکو تریلوجی ئورستیا-ی ئاسخیلوس) یەك شانۆنامەی تەنز ئامێز یان ساتیریك"٩" (وەکو سیکلۆپەکان-ی ئورپیدس) لە خۆ بگرێ:
لەم رۆژگارەدا هەموو ئەکتەرەکان پیاو بوون کە وادیارە زیاتر بە هۆی رەسایی دەنگیانەوە نەك بە هۆی بەهرەو توانای ئەکتەرییەوە، هەڵدەبژێردران. دیمەنە شانۆییەکان یان تەختەی شانۆ وەستایانە دەڕازێنرایەوە. جلوبەرگو پێداویستیەکانی شانۆ بە تەواوەتی ئامادە دەکرا. هەر ئەکتەرێك دەمامكو کڵاوگیسێکی لەسەر بوو رەنگدانەوەی تەبیعەت و خوی ویو نیشانەی رۆڵەکەی بوو. پێڵاوێکی پاژنە بەرزیشی لە پێ دەکرد تا بەژنو باڵاو هەیبەتی زیاد بکات. لە سەردەمی ئاسخیلوسدا دوو ئەکتەرو (پاشان بوو بەسێ) دەچوونە سەر شانۆ، بە جۆرێ کە هەر ئەکتەرێك ناچار بوو لە هەر یەکێك لەو چوار نمایشەی کە نیشان دەدران چەند دەورێك بگێڕێ.
شانۆنامە بە مەبەستی دەرهێنان لە هاماجی ئازادا دادەڕێژرا. کورسیەکان (هەوەڵجار دارین، و پاشان بوون بە کورسی بەردین) بە شێوەیەکی مەیلەو بازنەیی بەناوی ئۆرکستراوە دادەنران کە شوێنی گروپی کۆراڵ بوو. لە پشت بەشی ئۆرکستراوە شوێنی جل گۆڕین هەبوو کە شوێنی گۆڕینی جلوبەرگ و دیکۆر بوو. عادەتەن گۆڕینی دیمەنو پەردە لە ئارادا نەبوو. هەندێ جار ئامێرێن وەکو سلینگ"١٠" بۆ دەرخستنو نیشاندانی هیمدادگەری غەیبانی لە سەر شانۆکەوە بەکار دەهێنرا.

بونیادی تراجیدیا:

بونیادی تراجیدی یونانی بەشێوەیەکی گشتی لەم بەشانە پێك دێت:

١- دەستپێك (کەلە لە تراجیدیا کۆنترەکاندا لادەبرا)

بریتییە لە پێشەکیەك سەبارەت بەشەرح و شرۆڤەی شانۆنامەکە کە بە شێوەی مەنەلۆگ پێشاندەدرێ.

٢- رێگە، مەبەست پێی ئاوازی مقەدەماتی گرووپی کۆراڵە.

٣- رووداوی رەوتەنی و نامۆ (سێ یا چوار رووداو) ئەو بەشانە دەگرێتەوە کە کارەکتەرە سەرەکییەکان تیایاندا دەکەونە نیشاندانی هەندێ بەش لە پلۆت و نەخشەی شانۆنامەکە.

٤- مەقام، ئەو ئاوازەیە کە گروپی کۆڕاڵ لە دوای هەر رووداوێکی رەوتەنی و نامۆ دەیخوێن.

٥- بەند، بەو شتانە دەگوترێ کە پاش مەقام ئەنجام دەدرێن.

بابەتی تراجیدیا:

بابەتی تراجیدی یونان یا ئەفسانەیە یا سەربهوردی پاڵەوانانە، یا هەردووکیانە. عادەتەن خواوەندان یان گەورەپیاوانی سەردەمی پاڵەوانی کارەکتەرانی سەرەکی شانۆنامەکان پێکدێنن.

شێوە و تەکنیك:

پلۆت (نەخشە):

تراژیدی یونانی پلوتێکی تەواوی نەبوو هەندێ لە تەماشاڤانان پێشوەختە خاڵە گرنگو سەرەکیەکانی چیرۆکەکەیان دەزانی، و زیاتر بۆ دیتنی ئەمە دەهاتن کە بزانن ئامادەکاری شانۆنامەکە چۆن بابەتەکەی بەرهەم هێناوە نەك بۆ دیتنی ئەنجامی چیرۆکەکە.

لەسەر شانۆدا جوڵە کەم بوو و یا هەر نەبوو. سنوورداری خودی شانۆکەو وەزعو حاڵی جلەکان کۆسپ بوون لە بەردەم جوڵەی پێویستدا. هەندێ لە رووداوەکان عادەتەن لە دەرێی شانۆدا رووی دەدا (وەکو کوشتنی ئاگامەمنون) یان لە رێگەی جارچییەکەوە جاڕ دەدرا (وەکو خۆکوژییەکەی ئانیتگۆنەو هەمۆن).

تراژیدیا نووسانی یونان هەندێ جار یەکێتی کات و شوێن"١١" یان رەچاو دەکرد، بەڵام یەکێتیی کار لە ڕاستیدا هەمیشە رەچاو دەکرا.

زۆربەی شانۆنامەکانی ئاسخیلوس و سوفوکلوس لێوان لێون لە سۆنگەو ئەنگێزەی دراماتیکی بەرزو باڵا، لە شانۆنامەکانی ئورپیدسدا، کاتێ زنجیرەی رووداوەکان دەئاڵۆسکێ و گرێ کوێرەیان تێ دەکەوێ و قارەمان یا کاراکتەر دەگاتە بنبەست، لە بری ئەوەی کە بە دوی یەکدا هاتنی مەنتیقی و لۆژیکی رووداوەکان، ئەنجامی چیرۆکەکە بەرهەم بێنێ، گرێیەکان بە دەستی یەکێك لە خواوەندەکان دەکرێنەوە. هیمدادکاری غەیبانی، لە شێوەی ئامێرێکی سلینگ ئاسادا لەسەرووی شانۆ دەردەکەوێ و گرێی کارە گرێخواردووەکەی قارەمان دەکاتەوە. لە شانۆنامەدا

کەشف و ناسینش کە هۆی کۆتایی چاوەڕوانیە باو بووە. پێشگۆیی، ئیلهام و بەخت گرتنەوەو هەروەها گرووپی کوڕاڵ و ئەکتەرانی سەرەکی هەمیشە لەواری کەشف و زانیندا دەوری گرنگیان هەبوە.

کاراکتەرسازی:

مامەڵە کردن لەگەڵ خەسڵەت و سیرەتدا ئەگەرچی (بەگوێرەی بۆچوونی ئەرەستۆ) پاش قۆناغی پلۆت و نەخشەیە لە تراجیدی یونانیدا بایەخی فرەی هەبوو. لە هەندێ شانۆنامەیاندا کاراکتەرەکان تۆزێ لە ئاستی هاوڕەگەزی خۆیان، بالاترن، بەلام لە زۆر تراجیدی دا، کاراکتەر هەم بەشێوەی نەوعی و هەم بە شێوەی فەردی دەخرێتە روو و هەندێکیان سیمایەکی ئەوەندە مرۆڤانیان هەبوو کە دەیانتوانی مایەی ستایشی هەموو خەڵکی جیهان بن.

کێش:

لە تراجیدی یونانیدا بەشە دیالۆگییەکان زیاتر لەسەر وەزن و کێشی سیانی ئیامبیک یان لەسەر وەزن و کێشی چواری تروکایکە"١٢".

ئەو غەزەلیات و بەندە لیریکییە غەمین و شادانەی، کە گرووپی کۆڕال و کاراکتەر ئەنجامی دەدەن، کێش و وەزنی لیریکی هەمە جۆریان هەیە.

گەورە تراژیدی نووسان

ئاسخیلوس (٥٢٥- ٤٥٦ پێشز):

بە یەکەمین گەورە تراجیدی نووس دەژمێردرێ، ئوفوریون-ی بابی لە چینی دەوڵەمەندانی ئاتین، و خەڵکی ئیلیوسیس"١٣"-ە، کە لەوێدا ئاسخیلوس بە قوڵی دەکەوێتە ژێر کاریگەری داب و نەریتی نهێنی ئامێزی پەرستنی خواوەندانەوە. ئاسخیلوس لە جەنگی ماراتندا بەشداری دەکات و لەوەش دەچێت لە شەڕی سالامیس و پلاتە-شدا بەشداری کردبێ. لە ساڵی ٤٩٩ پێشز بە دواوە لە پێشبڕکێی شانۆنامەنووسیدا بەشداری دەکات و لە ساڵی ٤٨٤ پێشزدا یەکەمین سەرکەوتن بە دەست دێنێ. تا ساڵی ٤٥٩ پێشز درێژە بە شانۆنامەنووسین بۆ شانۆی ئاتین دەدات، سەردانی زۆری سیراکوز، سیسیل و هەروەها دەربا‌ری هیرو"١٤" دەکات. وادیارە ئاسخیلوس تا ساڵی ٤٦٨ پێشز لە سیسیل ژیاوە.

داهێنانەکانی:

ئاسخیلوس بەشدارییەکی زۆری لە پێشڤەبردنی تراجیدی یۆنانیدا کردووە، کە بریتین لە:

١- زیادکردنی ئەکتەری دووەم لەسەر شانۆ.

٢- کەمکردنەوەی ژمارەی کەسانی گرووپی کۆڕال بۆ ١٢- ١٥ کەس.

٣- کەمکردنەوەی بایەخی گرووپی کۆڕاڵ و زیاد کردنی بایەخی دیالۆگی ئەکتەرەکان.

٤- داهێنانی تریلوجی (واته شانۆنامەی سێ بەش)و یەك بابەتی.

بەرهەمەکانی:

ئاسخیلوس نزیکەی نەوەت تراجیدیو شانۆنامەی ساتیریکی نووسیوە، لێ تەنیا حەوت تراجیدی وی لە دەستدایە.

ژنانی شینگێڕ (دەوروبەری ٤٩٠ پێشن):

رەنگە کۆنترین شانۆنامە بێ، و لەوەشە یەکەم بەشی تترالوجی یەك (بەرهەمێکی چوار بەشی) بێ کەسێ بەشەکەی دیکەی لە نێو چووە، پەیامی ئەخلاقی ئەم شانۆنامەیە ئالۆزو نادیارە، لەم شانونامەیەدا باسی رێزگرتنی هەقی پەناهەندەیی کراوە، تەنانەت ئەگەر بە بەهای جەنگیش بێ. پەنجا کیژی دانایوس"١٥" لە میسرەوە بۆ ئارگوس هەڵدێن. پلاسگوس-ی شای ئەو وڵاتە قاییل دەبێ کە ماڧ پەناهەندەییان بدرێتێ، ئەگەرچی لەوەشە ئەم کارە ببێتە مایەی ئەوەی کە میسر شەڕ لەگەڵ ئارگوسدا رابگەیەنێ. بەمجۆرە ئەم شانۆنامەیە لە چاو دوو تراژیدیای تری ئەم بەرهەمە چوار بەشیەدا لە سنووری پێشەکییەك هێوەتر دەڕوات. ژنانی شینگێڕ لە رووی فۆرمەوە قۆناغێکی گۆران و وەرچەرخانە لە نێوان گۆرانی لیریکی دیتورامبو تراجیدی واقیعیدا. لەم شانۆنامەیەدا جگە لە جاڕچییەك، دوو ئەکتەری دیکەش هەن، یەنجا کیژی شینگێڕیش گروپی کۆراڵ پێك دەهێنن، و بە ئەکتەری سەرەکی شانۆنامەکە دێنە ژماردن. لەم شانۆنامەیەدا جوڵەو کاراکتەرسازی ئەوەندە بە هەند نەگیراوە، بەڵام لە جیاتی ئەوە شیعرێن لیریکی جوان، زمانێکی دەوڵەمەندو مشتو مڕێکی دراماتیکی واقیعی لە خۆ گرتووە.

ئیرانیان (دەوروبەری ٤٧٢ پێشن):

تاقە شانۆنامەیەکە کە دەربارەی مێژووی سەردەمی ئاسخیلوس ماوەتەوە. بابەتی ئەم شانۆنامەیە سەرشۆڕی سوپای ئێرانە پاش شکستی لە شەڕی سالامیسدا. لایەنی دراماتیکی ئەم شانۆنامەیە، لە هەموو تراجیدییەکانی یۆنانی کەمترە. پلۆتو نەخشەی شانۆنامەکە، لە بری ئەوەی بچێتە قۆناغی روناکیو بڕیارو دیاری کردنی چارەنووسەوە، تایبەتە بە کەشفێك کە لە رێگای ئاتوسا-ی دایکی خەشایار شاوە ئەنجام دەدرێ. شانۆنامەکە دیالۆگی تەاوی لە خۆگرتووە، بەڵام پلۆتێکی گونجاوو پوختەی نییە. لەو شانۆنامەیەدا بۆ یەکەمجار رووبەڕووی ئامادەبوونی روح لە شانۆ دا دەبینەوە.

هەوت کەس دژی تیبە (دەوروبەری ٤٦٧ پێشن):

دواهەمین بەشی شانۆنامەیەکی چوار بەشییە (شانۆنامەکانی دی: لایوس، ئودیپو شانۆنامەی تەنزئامێزی ئەبول هۆل-ە). بابەتی ئەم شانۆنامەیە کەربو کینەی نێوان دووان

له کوڕانی ئۆدیپە، ئەمە جگە لەو بەدبەختییە میراتیەی ناو ئەم ماڵباتە کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی هاتووە. پاش مەرگی ئودیپ دووان لە کوڕانی وی (ئیتوکلوس و پولونیکس) لەسەر دەسەلاتی تیبە بەشەڕ دێن و یەکدی دەکوژن.

پرومیتە لە زنجیردا (دەوروبەری ٤٦٦ پێشن):

یەکەمین بەشە لە بەرهەمێکی سێ بەشیدا (تریلوجی) دەربارەی ئەشکەنجە بە ئازارەکانی پرومیتە (دوو شانۆنامەکەی دی رەنگە بریتی بن لە پرومیتەی لە بەند خەلەسیو، و پرۆمیتەی ئاگر هەڵگیرسێن). بابەتی شانۆنامەکە بەشێوەی جۆراوجۆر شەرح و شرۆڤە دەکرێ: ئەفسانەی شەڕی بێدادی و دڕندەگەری لەلایەك، و ژیری و دادپەروەری و مرۆڤدۆستی لەلایەکی دیکەوە.

پرۆمیتە چونکە ئاگر لە زیوس دەدزێ تا بە دیاریی بیداتە بەشەر، زیوس لە چیای قەفقازدا بەزنجیر بە تاوێرێکییەوە دەبەستێ. پرۆمیتە ئاگاداری نهێنییەکە کە ئایندەی زیوسی پێوە بەندە، بەلام نایەوێ ئەو رازە بە وی بلێ. ئەم شانۆنامەیە هەر چەندە تەواو بێ جوڵەیە، دەشێت قوڵترین و لە رووی سۆنگەوە هۆشمەندانەترین شانۆنامەی ئاسخیلوس بێ، کاریگەری ئەم شانۆنامەیە بەسەر نووسەرانی کۆن و تازەوە زۆر بووە. جگە لە کاریگەریی بەسەر بابەتی شانۆنامەکانی شیلی و بریجز، بەسەر بەرهەمەکانی میلتن، گوتە، بایرون، براونینگ، سوین برن، و توماس هاردی–شەوە کاریگەری هەبووە.

ئورستیا (ئاگامەمنون، کویفور، ئومنیدس) (٤٥٨ پێشن):

تاقە بەرهەمی تەواوی سێ بەشییە (تریلوجی) کە ماوەتەوەو براوەی خەلاتی یەکەمی پێشبڕکێی ئاتینە، بابەتی ئەم شانۆنامەیە جۆرە نەحسی و نەگبەتیەکە کە لە ئەنجامی تاوانانەوە پشتاو پشت بۆ نەوەکان دێ، لەم ماڵباتەدا هەر تاوانێك، تاوانێکی دیکەی بەدووودا دێ، نەفرەتی ئانتالوس"١٦" بە پیلوپس، و لەوەوە بە ئاتریوس"١٧" دەگات، پاشان بە ئاگامەمنون وسەرنجام بە ئورستیس"١٨" دەگات کە لە لایەن خواوەندانی تۆڵەوە"١٩" تاقیب دەکرێ. ئەو کە دایکی کوشتووە داوای بوردن دەکات، و دەبەخشرێ. ئەم شانۆنامەیە کاریگەری لە سەر سوفوکلس، سنکا، ڤولتیر، ئالفیری، ئونیل، و گەلێکی تر هەبووە.

ئاگامەمنون:

باشترین و یەکەمین بەشی شانۆنامەی سێ بەشی ئورسیتایە کە پلوتێکی چڕو کورتی هەیە. کیلی تیمنسترا بە هاوکاری ئیژیستوس– ی دۆستی، کە ئامۆزای ئاگامەمنونە، وی کە بۆ ئەو مێردێکی بێ وەفاو بۆ مناڵەکانی بابێکی بێ سەرو بەرە دەکوژێ. لەم شانۆنامەیەدا بەرجەستە کردنی کەسایەتی کیلی تیمنسترا بەرزە.

کویفور:

یەکەم شانۆنامەیە کە دەسیسەو پیلانگێڕی پلۆتە سەرەکییەکەی پێکدێنێ. ئورستیس– ی فەرزەندی ئاگامەمنون، دەست لەگەڵ دۆستەکەیدا (پیلادس) تێکەڵ دەکات و پیلان بۆ کوشتنی کیلی تیمنستراو ئیژیستوس دادەنێ، ئورستیس دەگاتە مەرام، بەڵام بە تاوانی کوشتن دەکەوێتە بەر تاقیبی خواوەندانی تۆڵە.

ئومنیدس:

یەکەمین شانۆنامەیە کە گۆڕانی تەواوەتی لە دیمەنەکانیدا هەیە. خواوەندانی تۆڵە بە تاوانی پیاوکوژی تاقیبی ئورستیس دەکەن، بەڵام چونکە تۆڵەی کوشتنی باوکی خۆی کردۆتەوە، ئاتینە تەبرێی دەکات. ئەم تراجیدییە لە رووی قابیلیەتی دەرهێنانەوە بایەخێکی زۆری هەیە.

بیروبۆچوونەکانی ئاسخیلوس:

لە تراجیدییەکانی خۆیدا مامەڵە لەگەڵ قوڵترین مەسەلەێن ئاینیو ئەخلاقیدا دەکات: سروشتی خودایان، مەسەلەی شەڕ، نیشتمانپەروەری و بەرپرسیاریەتی مرۆڤانی، کورتەو پوختەی بیروبۆچوونەکانی بەمجۆرەیە:

خواوەندان بەرزو دادپەروەرن. مرۆڤ دەبێ ملکەچی ویستی ئەوان بێ. گوناح میراتییە، بەڵام ئادەمیزاد بەرپرسیاریەتی فەردی و شەخسیشی هەیە. دەبێ بە تەحەمولکردنی رەنجو زەحمەت، کە مرۆڤ ئاقڵ دەکات، کەفارەی لوتبەرزی، تاوانو گوناحانی خەڵکانی دی بدرێتەوە.

شێوەو تەکنیك:

پلۆتو نەخشە لە بەرهەمەکانی ئاسخیلوسدا سادەو ناکۆکە. رووداو زۆر کەمە، کاراکتەرەکانی زیاتر بالاَن تا بنیادەمخووبن، چارەنووسیان لە بری ئەوەی لە دەست خۆیاندا بێ زیاتر لە دەستی خواوەنداندایە زمانەکەی بەتەنتەنەو سەنسەنەیە.

زۆر دەربڕینو زاراوەی لە هۆمەر، سولون، هسیود، شاعیرانی لیریکی، سوفوکلوس، و دەستوورە نهێنی ئامێزەکانو سەرچاوە زمانەوانییەکانەوە وەرگرتووە. شێوەی وەسفی وی بابەتیانەیەو هزرو بیری دوورو پچڕ پچڕ و غەریبە.

کورتەیەکی رەخنانەکان:

شۆرەتی ئاسخیلوس زادەی بونیادی پلۆتی بەرهەمەکانی نییە، پلۆتو نەخشەکانی لە بنەڕەتدا پایەو بنەمای لۆجیکیان نییە، کارو جوڵە لە بەرهەمەکانیدا زۆر کەمە، کاراکتەری شانۆنامەکانی هەر چەندە بەشێوەیەکی روونو زیندوو وێنە دەگیرێن، گەشەکردنیان ناچیزە، هێندەیان موبالەغە دەربارە دەکرێ کە لە شێوەو سیمای بەشەری دوور دەکەونەوە، گەزافە وێژی،

درێـژدادڕی، و ئـاڵۆزیش بـە خەوشـی وی دادەنـەن. بـە هـەر حـاڵ لایـەنی ئیجـابی بەرهەمـەکانی ئاسخیلوس لە لایەنە سەلبییەکانی زیاترە. جگە لە داهێنانە گرنگـەکانی، بایـەخ و ئیحتوبـارش بـە تراژیدی دەبەخشێت. ئەگەر چی هەندێ جار دەربڕین و گوزارشـتی موبالەغـە ئـامێز و بـە تەنتەنـە دەنوێنێ، بەڵام زمانێکی مکوم و بتەوی هەیە. شکۆو گەورەیی ئەو، ئاریستۆفانس (لە قورباقان)دا وا لێدەکات کە ئاسخیلوس لە ریزی پێشەوەی تراجیدی نووساندا دابنێ.

سوفوکلیس (٤٩٥- ٤٠٦ پێشن):

دووەمین تراجیـدی نووسـی گەورەیـە. لـە کولـون، کـە گونـدێکی نزیکـی ئاتینـە، لـە بنەماڵەیـەکی بازرگانی دەوڵەمەن دێتە دنیاوە. بە منداڵی خوێندن و پـەروەردەیکی باشـی دەبـێ زوو دەسـت بـە نووسـین دەکـات و بـۆ یەکـەمجار لـە سـاڵی ٤٦٨ پێشـزدا لـە پێشـبڕکێی ئاتینـدا بـە پلـەی یەکـەم دەردەچێ و تـا کۆتـایی تەمـەنی درێـژە بە نووسین دەدات. سـوفوکلیس لـە پێشـبڕکێیەکانی ئـاتین بیست و چوار کەرەت بە پلەی یەکەم و دووەم دەردەچێ.

وەکو یەکێك لە دە فەرماندەی ئاتینی-ش هەڵدەبژێردرێ. وەکو گێڕاویانـەتـەوە کۆتـایی تەمـەنی ، بە هۆی ئەو دادگاییەوە کە کوڕەکانی دژی ئەو رێکی دەخـەن، بـە تـاڵی و ناخۆشـی دەگـوزەرێ، لـە ئەنجامدا لە ئاتین دەمرێ.

تازەگەرییەکانی:

بەشدارییەکانی سوفوکلیس لە پێشڤەبردنی شانۆی یونانیدا بریتییە لە:

١- نیگارکێشی و رازانەوەی شانۆو دیمەنان.

٢- کەمکردنەوەی بایەخی گروپی کۆڕاڵ و راگرتنی ژمارەیان لە سنووری پازدە کەسدا.

٣-زیاد کردنی سێیەمین ئەکتەر.

٤-وەلانانی شانۆنامەی سێ بەشی (تریلۆجی)و نووسینی تراجیدی تەواو.

بەرهەمەکانی:

نزیکـەی ١٢٣ شـانۆنامە دەدەنـە پـاڵ سـوفوکلیس، بـەڵام تـەنیا حـەوت تراجیـدی ئـەو لـە بـەر دەستدایە.

ئاجاکس (دەوروبەری ٤٤٥ پێشن):

بابەتی ئـەم تراجیدییـە کـەوتنی پیـاوێکە لـە ئـەنجامی خۆپەسـندی و گوسـاخی، ئاجـاکس کـە دەبینێ ئەو چەکەی بەتەمایـەتی زرێیەکـەی ئـاخیلوس دەکەوێتـە دەسـتی ئودیسـیوس، تـوڕە دەبـێ. ئاتینـە تـوڕەییەکـەی ئـەو دەگـۆڕێ بـۆ شـێتی. لـە سـەرەتای شـانۆنامەکەدا ئاتینـە بـۆ ئودیسیوس-ی دەگێڕێتەوە کە خۆ پەرستی و گوساخی، ئاجاکس-ی بـەرەو شـێتی بـردووە. ئاجاکس چاك دەبێتەوە، بە شمشێرەکەی خۆی خۆی دەکوژێت. ئاگامـەمنون و منلایـوس لـە رقا بەشداری کفن و دفنی وی ناکەن، بـەڵام سـەرەنجام ئودیسـیوس خۆپەسـندی و لاسـاری لـە

مێشکی وان دەردەکات، و ئاجاکس بە خاك دەسپێردرێ. ئەم شانۆنامەیە زۆر تایبەتمەندی جیاوازی لە شانۆنامەکانی پێشتر هەیە، لەوانە: نیشاندانی کاری توندوتیژ لەسەر شانۆ، لابردنی گروپی کۆراڵ، و گۆڕینی ئارایشتی شانۆ، دوو خاڵی قەیرانی شانۆییە کە بە سوود وەرگرتن لە لێکچوونی لاساریو خۆسەری ئاجاکس لەگەڵ ئاگامەمنونو منلایوس هونەرمەندانە پێکەوە گرێ دەدرێن. ئاجاکس قارەمانی واقیعی تراجیدیەکەیە –گوناه دەکات، و هەروەها بە شێوەیەکی تراجیدی یاخی دەبێ کە کار دەکاتە سەر، کەوتنی.

ئانتیگونە (دەوروبەری ٤٤١ پێشن):

زەمینەی شانۆنامەی ئانتیگونە خەتایەکی زادەی خۆپەسندییەکی خۆ سەرانە (بڕوانە ئاجاکس) و رووبەڕوو کردنەوەی قانونی دنیایی لەگەڵ یاسا خواییەکاندایە. کریون–ی شای لاسار رێگە بە ئانتیگونە کە وەکو ئەو خۆسەرو لاسارە، نادات کە جەنازەی پۆلونیکس–ی برای بە خاك بسپێرێ. ئانتیگونە سەرپێچی لە جێبەجێکردنی ئەو فرمانە دەکات، و کریون وێڕای پاڕانەوەو تکاو رجای هەموونو تیرزیاسی غەیبزانو گروپی کوڕاڵ، فەرمانی کوشتنی ئانتیگونە دەردەکات. ئانتیگونە، هەمون، و ئوریدیس–ی (هاوسەری کریون) بڕیاری خۆکوژی دەدەنو کریون سەری تەسلیم بوون دادەنەوێنێ . کاراکتەرسازی لەم شانۆنامەیەدا وەستایانەیە، ئانتیگونە سیمایەکی تەواو بەشەری هەیە. ئیسمن وەکو کەسایەتیەکی پێچەوانەی ئانتیگونە وێنە دەگیرێ، و هەمون بەرانبەر بە کریونە. تۆنی ئەم شانۆنامەیە بە جۆرێکی ناباو خەماوییە. حاڵەتی چاوەڕوانی کاریگەریەکی ریزپەڕی هەیە: ئایا کریون پێش ئەوەی کە کار لەکار بترازێ نەرم دەبێ؟

ئودیپ شا (دەوروبەری ٤٣٠ پێشن):

زەمینەی ئەم شانۆنامەیە بریتییە لە: تەنزی قەدەرو چارەنووس، کە ناکرێ مرۆڤی نێچیری مەرگ بە بەختەوەر بزانرێ، مەگەر دوای مەرگ، بە گوێرەی پێشگۆیی دەنگی پەرستگەی دلف، ئودیپ بابی خۆی دەکوژێت (بێ ئەوەی کە بزانێ لایوس بابی خۆیەتی)و لەگەڵ دایکی خۆیدا دەزەوجێ (بێ ئەوەی بیناسێت).

زۆربە ئەم شانۆنامەیە بە بەهێزترین تراجیدی یونان دەزانن، هۆکارو ئەنجامی کردارەکانی ئودیپ بە شێوەیەکی وەستایانە هاتۆتە دەربڕینو وێنەگرتن، هەروەها تەنزیی دراماتیکی لەم بەرهەمەدا گەییوەتە رادەی کەماڵ.

سۆنگەی تراجیییەکە بەرزو بالایە، کارو جوڵە بلەزو پەی دەر پەیە. چارەنووسو قەدەری حەتمی ئودیپ کە هەستی ترسو بەزەیی لەلای تەمەشاڤان دەبزوێنێ، رەنگە باشترین نموونەی نێو تراجیدییە یۆنانیەکان بێ. گەلێك لە شانۆنامە نووسانی وەکو سنگا، کورنی، درایدن، لی، و ڤۆلتێر لە ژێر کاریگەری ئەم بەرهەمەدا بوونە.

(ژنانی تراخیس) تراخینیا (دەوروبەری ٤١٣ پێشن):

شانۆنامەیەکی تا رادەیەك لاوازە. بابەتەکەی بریتییە لە مەرگی هەر کول کە لە ئەنجامی پۆشینی چاکەتێکی ژەهراویدا، کە دژانیری "٢٠" هاوسەری بۆی دەنێرێ، روو دەدات. رازی چیرۆکەکە بە رێژەیەکی یەکسان لە مەرگی هەر کول و خۆ کوژی دژانیردا پەنهانە. دەربڕینی چیرۆکەکە کاڵ و کرچ و نا پەسندە، گفتوگۆیەکان زۆر درێژن. قارەمانی چیرۆکەکەش تا وەکو پێش بەشی چوارەمی شانۆنامەکە لەسەر شانۆ دەرناکەوێ. (هەرکول لە ئوتا–)ی بەرهەمی سنکا، لە ژێر کاریگەری ئەم بەرهەمەدا بووە.

ئیلیکترا (دەوروبەری ٤١٠ پێشن):

بە گشتی پێگەی ئیلیکترا لە کویفورو ئومنیدس–سی ئاسخیلوس کە لە هەمان زەمینەو جیهاندان، بە نزمتر دەزانن. لەگەڵ ئەم جیاوازییەدا کە لەم شانۆنامەیەی سوفوکلیسدا، ئەلیکترا لە جیاتی ئورستیس زاڵە بەسەر شانۆوە. بەرجەستەترین لایەنی ئیلیکترا دیالۆگ و کاراکتەرسازییە.

فیلوکتیتس (دەوروبەری ٤٠٩ پێشن):

لە جوملەی ئەو شانۆنامانەدایە کە لە ئاتیندا خەڵاتی یەکەمی بەدەست هێناوە. فیلوکتیتس شانۆنامەی رووداوانە. ناوەڕۆکی ئەم شانۆنامەیە کێشمانەکێشی نێوان دادپەروەری و نەجابەت لەلایەك و نزمی و نێرەنگبازی و بیرکردنەوەی دنیاییە لەلایەکی دیکەوە. کاراکتەرسازی نیوپتولمە (کوڕی ئاخیلوس)، ئودیسیوس، فیلوکتیتس یەجگار بەرزو باڵایە. پلۆتی شانۆنامەکە باش چنراوە، و گەشەکردن و پێشڤەچوونی شانۆنامەکە یەکگرتوو رێك و پێکە، بەڵام لە کۆتایی چیرۆکەکەدا سوود لە رێچکەی هێنانی خوادایان بۆ سەر شانۆ، بە مەبەستی کردنەوەی گرێی پلۆت و نەخشەی شانۆنامەکە وەردەگیرێ. لە رێگەی تروادەدا، یونانیەکان فیلوکتیتس بە تەنیا بەجێ دێڵن، نەخۆشیە دژوارو لە چارە نەهاتووەکەی دەبێتە هۆی ئەوەی کە لە دوورگەی لمنوس رەهای بکەن. دوای دەساڵ کاتێ یونانیەکان پەی بەوە دەبەن کە بەبێ فیلوکتیتس و ئەو تیرو کەوانەی کە لە هەرکولەوە بۆی ماوەتەوە ناتوانن تەروادە بگرن، هەنگێ ئودیسیوس و نیوپتولمە دەگەڕێنەوە بۆ لمنوس و دەیانەوێ هاوکاری فیلوکتیتس بە دەست بێنن. ئەو یارمەتیان نادات، تا هەرکول خۆی دەگەڕێتەوەو بەڵێن بە فیلوکتیتس دەدا کە نەخۆشییەکەی چارەسەر بکات.

ئودیپ لە کولونوسدا (٤٠١ پێشن):

ئەم بەرهەمە تا پێنج ساڵ پاش مەرگی سوفوکلیس نمایش نەکراوە. لە جوملەی ئەو شانۆنامانەیە کە لەگەڵ چەندین شانۆنامەی دیکەدا خەڵاتی یەکەمی لە ئاتیندا پێ براوە. لەوە دەچێ ئەم بەرهەمە رەنگدانەوەی ئەو شەڕە بێ کە لە نێوان سوفوکلیس و کوڕەکانیدا

(بەتایبەتی یوفون) لە دەوروبەری ساڵی ٤٠٨ پێشزدا روویداوە. تیمەی شانۆنامەکە بریتییە لە دەرکردنی ئودیپ لە زومرەی پاڵەوانانو نیمچە خودایان. نەفرەت لە کوڕەکانی دەکاتو پێشبینی ئەوە دەکات کە بە دەستی یەکدی دەکوژرێن. ئودیپ دەمرێو لە شوێنێکی پەناو پەنهاندا بەخاك دەسپێردرێ. بونیادی پلۆتی شانۆنامەکە لوجیکییە، کارو جوڵە بلەزەو کاریگەری دراماتیکی خۆی هەیە. کاراکتەرسازی ئودیپ – شالیر"٢١" لە تراجیدی یونان– و ئانتیگونەدا بەرجەستەیە. رەنگە ئەم شانۆنامەیە لە ژێر کاریگەری ئاسخیلوسو ئورپیدسدا هاتبێتە دانان.

بیروبۆچوونەکانی سوفوکلیس:

سوفوکلیس خواوەندان بە دادپەروەر دەزانێ، بەڵام بە ئەندازەی ئاسخیلوس پەنایان وەبەر نابات کە دەخالەت لە چارەنووسی بەشەردا بکەن. بە بۆچوونی ئەو لەوەیە گوناحی باوك یەخەی منداڵ بگرێ، بەڵام موسیبەت یان لاوازی کەسایەتی (بەتایبەتی بوغراییو لوتبەرزی) زیاتر زادەی شەڕەنگێزی مرۆڤە. سوفوکلیس باوەڕێکی ئەوتۆی بە خوداوەندی تۆڵە یان پاداشت نییە. ئەویش وەکو ئاسخیلوس، باوەڕی وایە کە رەنجو زەحمەت مرۆڤ ئاقڵ دەکاتو هێزو توانا بە کەسایەتی دەبەخشێت.

شێوازو تەکنیك:

لە شانۆنامەکانی سوفوکلیسدا هەمیشە هەموو چیرۆکەکە بە دەوری تەوەری یەك کەسایەتیدا دەسووڕێتەوە. ئەم یەك کەسایەتییە یەکێتییەکی ئەوتۆ بە شانۆنامەکە دەبەخشێت کە هەر رووداوێك بە شێوەیەکی دیار لوتکەی خۆی پەیدا دەکات. پلۆتی شانۆنامەکان بە وردی چنراوەو عادەتەن بەلەز روو دەدات. گرووپی کۆراڵ بایەخێکی کەمی هەیە. سوفوکلیس لە بواری تەوزیفی تەوس و توانجو گاڵتەجاریدا بێ هاوتایە، عیللەتو هۆ لە پلۆتو تیمەی شانۆنامەکانیدا بەرزو باڵایە. کاراکتەرسازی وی لە چاو ئاسخیلوسدا ئاسایی تر، مرۆڤانی تر، و ریالیستی ترە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا زۆرجار تا رادەیەك ئاوێتەی خەیاڵگەراییشە.
سوفوکلیس بە نیشاندانی کێشمانەکێشی کەسایەتیەکان، پتر تایبەتمەندییەکانیان بەرجەستە دەکات. ئەو بە تایبەتی لە واری سایکۆلۆژیدا(هاوخەمی) بە توانایە. کاراکتەرەکانی هەندێ جار لە میانی یەك شانۆنامەدا دەگۆڕێنو نەشونما دەکەنو گەشە دەکەن، کریون لە شانۆنامەی ئانتیگونەدا نموونەی ئەمەیە. لەکۆتاییدا لە دراماکانی ویدا رەگەزی گاڵتەجاڕی نموودێکی کەمی هەیە.

کورتەیەك لەمەڕ رەخنەکان:

تاقە ئیرادو عەیبێ کە بە هەق لە سوفوکلیسی دەگرن دەربارەی کاراکتەرانی شانۆنامەکانیەتی کە هەندێ جار زۆر ئایدیالی وێنە دەگیرێن. بە هەر حاڵ، کاراکتەرسازی

ئـەو زۆر جـارانیش زۆر سـەرکەوتووە. پلـۆتو نەخشـەو تیمـەی شـانۆنامەکانی گونجـاوو هاوئاهەنگـە، و رەوتـی رووداوەکـانیش روو لـە یـەك خـاڵی لووتکەیـە. لـە رووی هونـەرو شێوازیشەوە لە ئاسخیلوس باڵاترە.

ئوریپیدس (٤٨٠- ٤٠٨ پێشز):

شـاعیری تراجیـدیخوانی ئاتینییـە. لـە دورگـەی سـالامیس، و شـایەدا لـە رۆژی سـەرکەوتنی مەزنی دەریاییدا"٢٢" هاتووەتە دنیاوە. لە قسان زۆرانبازو بۆکسەریش بووە. وادیـارە لەبـەر ئـەوە بـووە کـە بـابی بـۆ وەرزش هـانی داوە. لـە گەنجیـدا ماوەیـەکیش خـووی داوەتـە نیگارکێشی. ئوریپیدس یەکەمین شانۆنامەی خۆی لـە سالّی ٤٦٢ پێشز نووسیوە، لیّ هیچ شانۆنامەیەکی تا سالّی ٤٥٥ پێشز دەرنەهێنراوە. وا بـاوە کـە سـەفەری ئـاتینی کـردووەو لـە شاگردانی ئاناکساگوراس"٢٣" پروتاگوراس"٢٤"، و سوکرات بـووە. لـە قسـان ئوریپیـدس گرفتاری کێشـەێن زەوجین بووەو لـە شکەفتێکی کەناری سالامیس وەکو عابیـدان رۆژگـاری قەتانـدووە. لـە دەوروبـەری سـاڵی ٤٠٩ پێشـز لـە مەقـدونیا رێـی کەوتووەتـە دەربـاری ئـارکلایوس، و سـەرەنجام لـە سـاڵی ٤٠٨ پێشـزدا گوایـە سـەگە راویـەکانی ئـارکلایوس کوشتوویانە.

تازەگەرییەکانی:

گرنکترین داهێنانی یوریپیدس لەواری شانۆنامەی یونانیدا :

١- کەمکردنەوەی بایەخی گروپی کورالّ.

٢- سوود وەرگرتنی زیاتر لەو پێشـەکیەی کە لـە شێوەی مەنـەلۆگی سـەرەتای نمایشدا کـە راستەوخۆ تەماشاڤانان دەدوێنیّ.

٣- سوود وەرگرتن لە ئەشقی رۆمانتیکی وەکو ناواخنی سەرەکی نمایش.

٤- سوود وەرگرتن لە مونودی.

بەرهەمەکانی:

نزیکەی نەوەد شانۆنامە دەدرێتە پالّ یوریپیدس، لیّ تەنیا هەژدە شانۆنامەی وی وەکو: منالانی هەرکول، ئاندروماك، هیکاپ، و ژنانی شینگێڕ لەبەر دەستدایە. شـانۆنامەی دیکـەی وی بریتییـە لە:

ئالستیست (دەوروبەری ٤٣٨ پێشز):

چوارەمین بەشی شانۆنامەیەکی چوار بەشییە (تترالوجی) کە جێی درامای ساتیرێکی گرتۆتـەوە. ئـەم شـانۆنامەیە تراجیـدی -کۆمیدیـەکی ریالیسـتییە کـە چـەندین دیمـەنی خەنـدەداری (وەکـو جوێنە مەستانەکانی هەرکول-ی تێدایە)و ئەنجامێکی خۆشی هەیە. بابەتی شـانۆنامەکە بریتییـە لە چاك بوونەوەی ئادمیتوس لە ئەنجامی مەرگی ژنەکەیدا کە ئالسیست-ە کە بە تاسـەوە گیـانی

خـۆی فیـدای نـەجاتی گیـانی شـووەکەی کـردووە. کەسـایەتی ئالسیسـت، کـە لـە کۆتـایی شانۆنامەکەدا بە دەستی هەرکول لە هادیس (بنکی دۆزەخ) رزگار دەکریٚ، بە جۆریٚکی کاریگەرو واقعی پەروەردە کراوە.

میدیا (٤٣١ پیٚشن):

یەکیٚکـە لـە نـاودارترینو دڵگیرتـرین شـانۆنامانی یونـانیو شـاکاری یوریپیـدس–ە، بابـەتی شانۆنامەکە بریتییە لەسەر کردنی هەستیٚن مینا تورەییو حەسودی کە لەگینە بەسەر ئاوەزدا زالٚ بنو ئادەمیزاد بەرەو کاری نامرۆڤانی، کارەساتو خۆکوژی بکیٚش بکەن. میدیا کە ژازونی میٚردی ئـەوی تـەرك كـردووە، دەکەویٚتـە بیری تۆڵـە ئەسـتاندنەوە. گلۆسـە–ی ماشـوقەی تـازەی شـووەکەی دەرمـانخواردو ئـەو دوو منالٚـەی خـۆی کـە لـە ژازون– بـوونی دەکـوژیٚو پاشـان جـەنازەکانیان دەخاتـە بـەردەمی میٚردەکـەی. لـەم شـانۆنامەیەدا سـیمای میـدیا کـە لـە نیٚـوان مەنگەنەی خۆشەویستی منداڵەکانیو نەفرەت لە بابی منداڵەکانیدا گیرۆدە بووە، وەستایانە ویٚنە دەگیریٚ. یوریپیدس لـە کۆتـایی شـانۆنامەکەدا دیمـەنیٚکی دڵگیرو سـەیر دەخـولٚقیٚنیٚ: میـدیا بـە گالیسکەیەك کە چەند ئەژدیهایەکی باڵدار رایدەکیٚشن بەرەو ئاتین هەڵدیٚ.

هیپولیتوس یان هیپولیت (٤٢٨ پیٚشن):

پاشماوەی تترالوجییەکە کە خەلاٚتی پیٚ برابوو (سیٚ بەشەکەی تری لە بەین چوون) ئەم بەرهەمـە کـاری کردۆتـە سـەر نووسـەرانی وەکو: ئوڤید، سنکا، راسین، و دانونزیو. بابـەتی شـانۆنامەکە بریتییە لە میانڕەوی لە ئەڤینداری و زاڵبوون بەسـەر هەسـتو سـۆزی خـۆدا. تزەیوسو فـەدرا لـە هەڵچـــوونیاندا ئەوپـــەڕی تونـــدڕەوی دەنـــویٚنن، و هیپولـــت ئەوپـــەڕی تونـــدڕەوی کـــە ئەرستۆ(نوقستانی)ناو ناوە نیشاندەدا. کاتیٚ هیپولـت–ی کوڕی تزەیوس، ئەشقی فـەدرای ژنی بابی ڕەت دەکاتەوە، فەدرا دەست بە خۆ کوژی دەکات و لە یاداشتیٚکدا کە بۆ تزەیوس–ی بەجیٚ دیٚڵـیٚ هیپولـت بـەوە تاوانبـار دەکـات کـە دەسـت دریـٚژی کردۆتـە سـەری. هیپولـت بـە دەسـتی پوزیدونو لەسەر داوای تزەیوس، کە زۆر درەنگ پەی بە حەقیقەتەکە دەبات، دەکوژریٚ.

هەرکولی تورە (دەوروبەری ٤٢٢ پیٚشن):

شانۆنامەیەکی سیاسییە کە ستایشی ئاتین وەکو بە هەشتی بەدبەختان و دوور خراوان دەکات. ئەم شانۆنامەیە هەر چەندە تـا رادەیـەك لـە ئاسـتیٚکی نزمدایـە، بـەلاٚم لـە باری تۆژینـەوەی ڕەنـج و ئازایەتیەوە بایەخی جیهانی هەیە. هەرکول، لۆکۆسی داگیرکەر دەکوژیٚ و بە خۆشی لـە ئـەنجامی ئـەو کـارەوە دووچـاری شـیٚتی دەبـیٚ. تزەیـوس بـۆ ئـاتین –ی دەبـات و هـەرکول لەویٚنـدەر پـاك دەبیٚتەوە و تەسەلاٚی دیٚ.

یون (دەوروبەری ٤١٧ پیٚشن):

میلودرامایەکە کە لەسەر بناغەی هاڕوژاندن ڕۆنراوە. ئەم شانۆنامەیە هەوڵێکە بۆ ئەوەی کە یونییەکان بە وەجاخی خودایان بژمێرێ و خزمایەتیان لەگەڵ یونانیانی ئاتیندا نیشان بدات. زیاتر هەست دەوروژێنێ تا تراجیك بێ. بەڵام حاڵەتی چاوەڕوانیەکی جوان لەلای تەماشاڤان چێدەکات.

یون–ی کوڕی کریوزاو ئاپولون نزیکە بە دەستی دایکی بکوژرێ. دایکی وا بیردەکاتەوە یون لە مێردەکەی ئەمو ژنێکی دیکەیە. ئاپولون فریا دەکەوێ و ناسنامەی یون کەشف دەکاتو رزگاری دەکات.

ژنانی تەروا (٤١٥ پێشن):

شانۆنامەیەکی زۆر بە هێزە، پلۆتێکی سادەی هەیە– بێ هیچ گرێیەك، ڕووداو، و هەڵگەڕانەوەیەکی بەخت و یەغباڵ– بە ڕوونی و ڕەوانی و بێ چ پێچو پەنایەك، بەڵاو موسیبەتانی تەروا هاتووە ڕێی هکاب، کە تاقە ڕەگەزی یەکێتیی بەخشی شانۆنامەکە–یە.

ئیلیکترا (دەوروبەری ٤١٣ پێشن):

ئەم تراجیدیایە لەگەڵ کویفور–ی ئاسخیلوس و ئیلیکترای سوفوکلیسدا لەیەك زەمینەدایە. یورپیدس لەم شانۆنامەیەدا لە چاو ئاسخیلوسو سوفوکلیسدا واقیعی ترەو کەمتر ئاوڕی لە لایەنە قارەمانیەکان داوەتەوە، بەڵام بونیادی پلۆتی شانۆنامەکەی ئەو باڵاترو لۆجیکی ترە.

چارەسەری نابەجێی ئورپیدس بۆ مەسەلەی گوناە ئەمەیە کە کیلی تمنسترا شایستەی مەرگ بووە، بەڵام نەدەبوایە جەلادەکەی ئەو ئورستیس بوایە. کاراکتەرسازی یورپیدس لە ئیلیکترادا، فەرقێکی زۆری هەیە لەگەڵ بەرهەمێن ئەو دوو شاعیرەدا.

ئیڤی چینی لە تاوریس دا (دەوروبەری ٤١٤ پێشن):

شانۆنامەیەکی رۆمانتیکی، پڕ هەستو سۆزو کاریگەرەو زۆر نزیکە لە میلۆدراماوە. ئەرستۆ لە (هونەری شیعر)ەکەی خۆیدا زۆر ستایشی ئەم شانۆنامەیە دەکات. ئیڤی چینی کیژی ئاگامەمنون، لە نێو ئەو کەسانەدا کە بۆ قوربانی بەو دەسپێردرێن، ئورستیس–ی برای دەناسێتەوە. ئیڤی چینی رزگاری دەکات، و بە جووتە لە تاوریس هەڵدێنو بۆ ئارگوس دەگەڕێنەوە. ئەم شانۆنامەیە باسی دابو نەریتی پەرستنی ئارتیمیس "٢٥" دەکات. لە رووی چێگردنی حاڵەتی چاوەڕوانی لە لای تەماشاڤان باڵایەو کوتاییەکی خۆشی هەیە. ئەم شانۆنامەیە کاریگەری بەسەر زۆر نووسەری وەکو: ناڤیس، راسین، گلوك، گوتە، شلگل، کەسانی دیکەوە هەبووە.

هیلین (٤١٢ پێشن):

میلودرامایە کە لەسەر بنەمای ئەفسانەی ناردنی هیلین بۆ تەروا رۆنراوە و نەك بۆ میسر.. پلۆت و نەخشـەی شـانۆنامەکە زۆر لـە پلـۆتی (ئیڤـی چینی لـە تـاوریس) دەچێت. ئـەم شـانۆنامەیە کـە دەخرێتـە بـەر رامـان، هێـرش دەکاتـە سـەر جـەنگ، و فـاڵ و بـاوەڕبوون بـە پێشـبینی. رەگـەزی پێکەنیناوی، وەکو ئەوەی کە لە کۆمیدی تازەدا هەیە، لەم بەرهەمەدا فرەیە.

ژنانی فینیقی (دەوروبەری ٤٠٩ پێشز):

شـانۆنامەیەکی عـەوام پەسـندە کـە حیکایـەتی نـەمانی بنەماڵـەی ئودیـپ دەگێڕێتـەوە. پلـۆتی شـانۆنامەکە بریتییـە لـە جـەنگی پۆلـونیکس و ئیتـوکلیس. کاریگـەری ئـەم شـانۆنامەیە بەسـەر ئاکسیوس، سنکا، راسین، شیلرو شانۆنامەنوسانی دیکەشەوە دیارە.

ئورستیس (٤٠٨ پێشز):

شانۆنامەیەکی جوان و دڵگیرە، لـە رووی بابەتـەوە لـە ئومنـدس-ی ئاسـخیلوس دەچێت، بـەڵام لـە رووی تـۆنی دیالۆگـەکان و هەڵسوکـەوتی ئەکتەرەکانـەوە جیـاوازیی زۆری لەگـەڵ درامـای ئاسخیلوسـدا هەیـە، کـارو جوڵـە لـە شـانۆنامەی ئورستیسـدا تـا رادەیـەك لاوازە، گـرێ ڤـەبوونی کۆتایی چیرۆکەکەش نابەجێ دێتە بەرچاو بە هەر حاڵ ئورستیس لاسایی کردنەوەیەکی دیکەی شانۆنامەکانی تری ئورپیدس-ە، بە تایبەتی ئیلیکترا، میدیا، ئیڤی چینی لە تاوریس.

فیدایبانی دیونوسوس (دەوروبەری ٤٠٥ پێشز):

ئەم شانۆنامەیە کە پاش مەرگی ئورپیدس دەرهێنراوە پێشەکی تراجیدیایەکی بە هێزە، و بەڕای گوتـەو مکـولی، یەکێکـە لـە جـوانترین دراماکـانی ئورپیـدس. چیرۆکی شـانۆنامەکە یەکێکـە لـە کـۆنترین بابـەتێن تراجیـدی: سـزای پانتـەیوس-ی بـێ بـاوەڕ، بـە دەسـتی دیونوسـوس، مینادەکان"٢٦"و (ژنانی پاسەوان و فیدایی دیونوسوس) ئاگاڤە، دایکی پانتویوس، لـە جیهـانی مەسـتی و بێ ئاگاییـدا بـەدەنی پانتـەیوس پارچـە پارچـە دەکـەن. شـەرح و شرۆڤەی شـانۆنامەکە دژوارە.

جوانترین دیمەنێن شانۆنامەکە بریتیین لە:

١- هـاتنی ئاگاڤـەی سـامگرتوو بـۆ سـەر شـانۆ بـە گورزێکـەوە کـە سـەری منـداڵێکی بـە سەرەوەیە.

٢- خەمباری ئاگاڤە پاش مەستی و بە هۆش هاتنەوە.

ئیڤی چینی لە ئاولیسدا (دەوروبەری ٤٠٥ پێشز):

ئەم شانۆنامەیە تەواو نەبووە، چونکە ئورپیدس بە سەریا مردووە، ئەم کارە لەگەڵ شانۆنامەی (فیدایبانی دیونوسوس)دا دەرهێنراوە، میلودرامایەکی رۆمانتیکی و پڕ جۆش و خرۆشە.

حیكایەتی شانۆنامەكە بریتییە لە بە قوربانی كردنی ئیڤی چینی بە دەستی ئاگامەمنوون، تا بایەكانی سەر بە ئاولیس هەڵبكەن‌و كەشتیگەلی یۆنانی بەرەو تەروادە بڕانن. كۆتایی شانۆنامەكە لەگینە رزگاری ئیڤی چینی بووبێ كە بە دەستی ئارتیمیس ئەنجام دراوە، ئورپیدس لەم درامایەدا وێنەیەكی زندووی قارەمانێكی ژن نیشاندەدات. سەربهوردی ئیڤی چینی ئیلهام بەخشی راسین، گلوك، شیلر بووە.

ریزوس:

دانەرو مێژووی دانانی ئەم شانۆنامەیە دیار نییە. شایەدا بە هەڵە داویانەتە پاڵ ئورپیدس. سەرچاوەی شانۆنامەكە، كتێبی دەیەمی ئیلیادەیە كە بەشێوەی شانۆنامە ئامادەكراوە. ئودیسیوس‌و دیومیدس "٢٧" بە هاوكاری ئاتینە بە دزییەوە خۆ بە ئۆردوی تەروادا دەكەن و رێزوس-ی هاوپەیمانی تراكیەی تەروادە دەكوژن. ئەم شانۆنامەیە لاوازترین تراجیدی یونانیە، نە كەسایەتیەكی تراجیدی هەیەو نە هونەرو شێوازێكی زەریفی هەیە.

سیكلۆپەكان (دەوروبەری ٤٢٣ پێشن):

تاقە شانۆنامەی ساتیریكە (تەوسئامێز).

چیرۆكی سیكلۆپەكان لاسایی كردنەوەیەكی هەجوئامێزی بەسەرهات‌و واریقاتی پولوفیموس-ە، كە بە دەستكارییەكی زۆرەوە لە كتێبی نۆیەمی ئودیسەی هۆمەرەوە وەرگیراوە. ئەم شانۆنامەیە پڕاو پڕە لە شۆخی نەرم و توند.

بیروبۆچوونەكانی ئورپیدس:

ئورپیدس وەكو هزرڤانێك زۆر پێش زەمانی خۆی كەوتبوو، لە باری بۆچوونی ئاینی‌و مەزەبییەوە ئەگەرچی كافر نەبوو بەلام لەبەر رۆشنایی ئەقڵ‌و ئەخلاقدا، بەتوندی ئیرادو رەخنەی لە خواوەندان دەگرت، بە ئارەزووی خۆی دەستكاری ئەفسانەی خودایانی دەكردو دەیگۆڕین، گاڵتەی بە قارەمانانی تەقلیدی دەكرد، و هێرشی دەكردە سەر باوەڕێن پڕوپوچ‌و فاڵ‌و پێشبینیان. ئەگەرچی بە تەواوی لە سیاسەت دوور بوو، بەلام هەستی دەكرد دیموكراسی ئاتین لە سەردەمی ئەودا كەوتۆتە گومڕایی‌و كەوتووەتە ژێر دەسەلاتی ئورستۆكرات‌و دەوڵەمەندان. ئورپیدس بە تەماو بە هیوای دیموكراسییەك بوو كە لەسەر پایەی ئەقڵ‌و لێهاتوویی‌و راستگۆیی بێ. سیاسەتی دەرەوە بەلای ئەوەوە بریتی بوو لە بەرەڤانی لە ئاتین لە هەنبەر دژمناندا، لێ بە دەگمەن باسی كاروباری سوپایی دەكرد، بە زۆری جەنگی وەكو بەلاو نسیبەتی موتلەق دەدایە بەر هێرش.

تەوەرو بناغەی تیۆری و بۆچوونی ئەخلاقی ئەو بریتی بوو لە بایەخی سروشت‌و تەبیعەتی هەر تاكێك، و ئیحتوباری ئەقلانی‌و ئەخلاقی ئەو تاكە. ئورپیدس هاوسۆزی دەگەڵ هەژاراندا دەكات بەلام باوەڕی بە جەماوەری خەڵك وەكو چینێكی تایبەتی نییە، روانینی وی دەربارەی ژن روون

نییە، بەڵام وا باوە کە گوایە لە ژنان دوورە پەرێز بووە. ئورپیدس هەر بە تەبیعەت ئادەمێزادێکی رەشبینە: هیچ شتێك زامنی بەختەوەری نییە، بۆ وێنە ئارمانجێن مەعنەوی ئەشق، منداڵ، یا تەنانەت نەبوونی منداڵیش. ئەرستۆ لە کتێبی هونەری شیعردا (فەسڵی سیازدەیەم)ئورپیدس بە تراجیدی ترین شاعیر ناو دەبات.

شێوازو تەکنیك:

شانۆنامەکانی یورپیدس ئاوێتەیەکە لە پابەندی بە قەرارداده کۆنەکان و داهێنان و تازەگەری و گوایە لە زۆربەی بەرهەمەکانیا ئەوەندە گوێی بە رەچاوکردنی قاڵب و شێوە تەقلیدیو باوەکان نەداوە. فۆرمگەرایی ئورپیدس لە دەسپێکی شانۆنامەکان، لە پرسیارو وەڵامی دوو نەفەری، هاوسەنگی دیالۆگو هەندێ جار سوود وەرگرتن لە گرێ کردنەوە بە دەستی خودایان-دا بەرجەستە دەبێ.

ئورپیدس بۆ دەربڕینی تیۆرییە تازەکانی گۆڕینی زۆری هونەرە کۆنەکان بە پێویست دەزانێ. رەنگە دیارترین گۆڕانکاری لە کارەکانی ئەودا لە کاراکتەرسازیدا بێ. ئەو دەست لە وێنەگرتنی پیاوانو ژنان بە شێوەیەکی نیمچە خودایانو پاڵەوانانی بە تەبیعەت لە مرۆڤ باڵاتر هەڵدەگرێو لە جیاتی ئەوە کاراکتەرانی مرۆڤانی ترو نزیك لە عەوامی خەڵك وێنە دەگرێو دەخوڵقێنێ.

سوفوکلیس دەڵێت کە ئەو بە خۆی خەڵکان وەکو چۆنی بوێن ئاوا وێنە دەگرێ، بەڵام ئورپیدس وەکو چۆن هەن ئاوا وێنەیان دەگرێ. ئورپیدس دەروونناسێکی باڵا دەستو بە دەسەڵاتە، بە تایبەتی لە وەسف کردنو وێنە گرتنی ژناندا- هەم ژنانی نەجیبو هەم ژنانی نا نەجیب.

ئورپیدس لە تەکنیکی پلۆتی شانۆنامەشدا کۆمەڵێك داهێنانی هەیە، لە دراماکانی ئەودا نێوەڕۆکی سۆزداریو پڕ جۆشو خرۆش، میلودراماو کاریگەری بێ ئەندازە بە زۆری جێگەی سادەییو ساکاری بەرهەمەکانی ئاسخیلوس دەگرێتەوە.

ئورپیدس لەزەت لە وەسفکردنی شێتایەتیو دەستێوەردانی خواوەندان لە گرێ کردنەوە بە مەبەستی چێکردنی ترسو دڵەراوکێ لای تەماشاڤانان دەبینێ. سوود لە منداڵانیش بۆ هاڕوژاندنی هەستو سۆز وەردەگرێ. پلۆتو نەخشەی شانۆنامەکانی لە چاو ئەوانەی پێش خۆیدا ئاڵۆزترو پڕ پێچو پەناترە، ئەمەش پلۆتی شانۆنامەکانی یورپیدس دەخاتە خانەو ریزی باشترین پلۆتێن سوفوکلیس-ەوە، هەر چەندە هەندێ جار بێ ئەنگێزەو بەردەوامییە، بە دەگمەن چارەنووسو قەدەر دەکات بە بناغەی پلۆتی شانۆنامە.

ئورپیدس لە بایەخی گروپی کوراڵ کەم دەکاتەوەو لە واری پراکتیکیدا پەیوەندی سەرەکی گروپی کۆراڵ لە رووداوانی شانۆنامەکە جیا دەکاتەوە. زۆر وەستایانە دیمەن ئارایی، جلوبەرگ و کەرەستەی شانۆ ئامادە دەکات. زۆر سوود لە شۆخیو نوکتە دەبینێو زمانی سادەو واقیعیو هەندێ جار بە پێی پێوەران روون و روانە.

کورتەیەکی رەخنەکان:

ئورپیـدس شانۆنامەنووسـێکە کـە تایبەتمەنییـە ناکۆکـەکانی زۆر لـە ئاسـخیلوس و سـوفوکلیس زیاترە. رەخنەگران لە تراجیدیاکانی ئەودا ئیجابیات و سلبیاتی زۆر دەبینن.
نێوەڕۆکی شانۆنامەکانی هەندێ جار سواوەو هەندێ گاڤ پەیوەستن بە شوێن و کاتی تایبەتـەوە، بـەڵام عادەتـەن زەمینـەو هامـاجی شـانۆنامەکانی سـەرو سـاخت لـە گـەڵ ژیـانی رۆژانـەدا پەیـدا دەکـەن و گشـتگیرییەکی جیهانیـان هەیـە. هـەر چـەندە هەنـدێ لـە کاراکتـەرانی یەکـەم لـە بەرهەمەکانیدا رەهەندی قارەمانیان نییە، بەڵام تەقریبەن هەموویان مرۆڤن، حاڵەتی هەستەوەری، پڕ سـۆزو گـودازیو میلـۆدرامی بەرهەمـەکانی یورپیـدس مایـەی ئیرادو عـەیبگیری ژمارەیـەك لـە رەخنەگرانـە بـەڵام زۆری دیکـەش بـەناوی شـێوازێن چـێکردنی ئـەنگێزە لـە شـانۆدا کەوتوونەتـە بەرگری لێی.پلـۆتی هەنـدێ لە شـانۆنامەکانی لـە رووی هۆکارەوە لاوازە، بە تایبـەتی پـەنا بردنـە بـەر خوادایـان بـۆ گـرێ کردنـەوە، بـەڵام پلـۆتی هەنـدێ لـە شـانۆنامەکانی بونیـادێکی مکـومو وەسـتایانەی هەیـە، و شـێوەی گرێـدانو گرێچـن لـە رووداوەکانـدا یـان کردنـەوەی گرێیـەکان بـە یارمەتیو کۆمەکی خودایان بە مەبەستی چێکردنی کاریگـەری نمایشی، سـەرکەوتووانە ئـەنجام دەدرێ. ئەنجام شرۆڤەکاران رەخنەی ئەوە لە ئورپیدس دەگرن کە زمانەکەی قوڵ نییە، بـەڵام بە دەگمـەن رەخنـەگرێك پەیـدا دەبـێ کە بتـوانێ نکـۆڵی لـە سـادەییو راشکاویو روونـیو رەوانـی زمانی وی بکات.

بەراوردی نێوان ئاسخیلوس و سوفوکلیس و ئورپیدس

ژ	ئاسخیلوس	سوفوکلیس	ئورپیدس
١	یەکەمین شانۆنامەنووسی گەورەیە	دووەمین شانۆنامەنووسی گەورەیە	سـێیەمینو دوا تراجیدیانووسـی گەورەیە
٢	زیادکردنی ئەکتەری دووەم	زیادکردنی ئەکتەری سێیەم	
٣	داهێنانی شانۆنامەی سێ بەشی	دەست هـەڵگرتن لـە شـانۆنامەی سـێ بەشی پەیوەستە	
٤	کەمکردنەوەی ژمارەو بایەخی گروپی کۆراڵ	جێگیرکردنی ژمارەی گروپی کوراڵ لە سنووری پازدە کەسداو کەمکردنەوەی پتری بایەخی گروپی ناوبراو	کەمکردنـەوەی زیـاتری بایـەخی گروپـی کـۆراڵو بـڕینی پەیوەنـدییان بە کارو جوڵەی نمایش
٥	سوودوەرگرتنی کەم لە دیمەن ئارایی	داهێنانی نیگارکێشی دیمەنو شانۆ	زیـادکردنی دیمـەنو شـانۆئارایی جلوبـەرگو کەرەسـتەو پێویستییەکانی شانۆ
٦	دەربـارەی خودایـانو قـەدەرو چارەنووس دوو دڵی رەوا نییە، رەنجو	خواوەنـدان دادپـەروەرن بـەڵام بایەخێکی ئەوتۆیان نییە. چارەنووس	خواوەنـدان بـە زۆری نـا ئـەخلاقیو زۆردارن. ژیـان مسـیبەتبارە، ژیـان

	زەحمـــەت زادەی گوناهـــەو گونـــاه میراتییە رەنج مرۆڤ ئاقڵ دەکات	حەتمییـە. رەنـج هەنـدێ جـار (نـەك هەمیشـــە) زادەی گوناهـــە. گونـــاه میراتیە، گوناه مرۆڤ ئاقڵ دەکات	مسـیبەتبارە، بـەڵام لـە بنەڕەتـدا ئـەنجامی ململانێـی مـرۆڤ لەگـەڵ تەبیعەتی خۆی دایە.
٧	کەسـایەتی شـانۆنامەکان بـاڵان، لـە میانـەی نمایشـدا نەشـونماو گەشـە ناکەن	کەسایەتی شانۆنامەکان لـە خـەڵکانی واقیعییەوە نزیکترین، بەڵام هێشتا هـەر بـاڵان، دەرونشـیکاری بـەرزە. کەسایەتیەکان گەشـە دەکـەن، و خـاڵی بەرانبەر یەکن	کەسـایەتی شـانۆنامەکان مرۆڤـی ئاسـایین. نەشـونمایان زۆرە. دەرونشیکاری بەرزە، بە تایبەتی لە وێنـەگرتن‌و وەسـفی ژنانـدا. جـەخت لە سەر تاك دەکرێتەوە.
٨	پلوتـەکان سـادەن، جوڵـە کەمـە، بـەردەوامی هەنـدێ جـار نوقسـتانە، سودی کەم لە شێوەی گرێکردنەوە بە دەستی خودایان	پلۆتـەکان ئـاڵۆزترن، جوڵـە زۆرتـرە، هۆکـارو پەیوەسـتەکی بـەرز، سـودوەرگرتن لـە گرێکردنـەوە بـە یارمەتی خودایان	پلۆنـەکان یـەجگار ئـاڵۆزن، جوڵـە هەنـدێجار تونـدو پڕخـرۆش‌و پـڕ هەستە. بونیادی شانۆنامە هەندێجار سستە، هۆکارو لاوازە، سودوەرگرتن لـە شـێوەی گرێکردنـەوە بـە دەسـتی خودایان لە دوازدە شانۆنامەدا.
٩	زمـان بتـەو، شـکۆدار،و هەنـدێ جـار ئاڵۆزە	زمان ئەرستۆکراتی، بتەوو روون	زمان سادە، راستەوخۆو رەوان
١٠	سـود وەرگـرتنی کـەم لـە تـەنزی دراماتیکی	سـود وەرگـرتنی زۆر لــە تـەنزی دراماتیکی	هەندێ جار سوود وەرگرتن لە تەنزی دراماتیك‌و هەندێجار لە نوکتە
١١	بابەتـەکان کـەمتر بابـەتی رۆژن، تـەنیا یـەك شـانۆنامە (ئێرانیـان) دەربـارەی رووداوەکانی رۆژە	سودوەرگرتنی کەم لە بابەتێن رۆژانەیا سوود وەرنەگرتنی تەواو	زۆربـەی شـانۆنامەکان دەربـارەی بابـەتی بـاوی سـەردەمن: شـەرحی جەنگ‌و سیاسەتی رۆژە
١٢	بێ گاڵتەو شۆخی	گاڵتەو شۆخی کەم	گاڵتـەو شـۆخی زۆرو هـەبوونی دیمەنی تەواوی پێکەنیناوی
١٣	نـاوداری عەسـری خۆیـەتی. سـیازدە خـەڵاتی یەکـەمی پێشـبڕکییانی بردۆتەوە	نـاوداری زۆر گـەورەی عەسـری خۆیەتی، خاوەنی ٢٤ خەڵاتە	تـا رادەیـەك لـە رۆژگـاری خۆیـدا گومنـاو بـووە، خـاوەنی تـەنیا ٥ خەڵاتـە. بـەڵام لـە سـەردەمانی پـاش خۆیـدا، زۆر لـەو دووانـەی دی پـتر کاریگـەری بەسـەر درامـای لاتینی‌و درامـای کلاسـیکی فەرەنسـاوییەوە هەبووە.

کۆمیدیای کۆن

سەرەتاو سەرهەڵدان:

سەرەتاو گەشەکردن و پەرەسەندنی کۆمیدیای یۆنانی دیار نییە. بە گوێرەی بۆچوونی ئەرستۆ کۆمیدیا درەنگ هاتۆتە ئاراوە، و یەکەمین ئەکتەرانی کۆمیدیاش خەڵکانێکی خۆبەخش بوونە، دیار نییە کە چ کەسێك دەمامك و دەروازەی هێناوەتە ئاراوەو چ کەسێك ژمارەی ئەکتەرانی زیاد کردووە. بە رواڵەت کۆمیدیا لە دوو سەرچاوەوە هەوڵدەقوڵێ. یەکەم: کوموس-ی ئاتینی (رەگ و ریشەی وشەی کۆمیدی) یا ئاوازی شادمانی بۆدیونوسوس، کە لە بۆنە جۆراوجۆرەکاندا خوێندوویانە. کوموس بە تایبەتی لە دوو جەژنی گەورەی ساڵانەدا، واتە جەژنی لنیی لە مانگی ژانویەدا، و دیونوسیای شار (جەژنانی تایبەت بە دیونوس) لە هەیڤی مارسدا،دەخوێنرا. ئەم ئاوازو گۆرانیانە پتر پاڕانەوە بووە بو دەفعی بەلا، یان دوعای بەرەکەت بوونە، ئەکتەران جلوبەرگی سەیرو غەریبیان لەبەر دەکردو بە کۆمەڵ بە دەوری شاردا دەگەڕان، لە حاڵی هەڵگرتنی نیشانەکانی فالیکدا"٢٩"، گۆرانییان بۆ دیونوسوس دەچڕی و لە پەنای ئەوانەوە وشەو دەستەواژەی بازاڕی و پڕ تەوس و توانجیان بە تەمەشاڤان دەگوت، پاشان ئەکتەران دەبوون بە دوو دەستەوەو بە گۆرانی وەلامی یەکتریان دەدایەوە. دووەم: دووەم سەرچاوەی کۆمیدیا بریتی بووە لە دەمەلاسکێ و لاسایی کردنەوە یا نمایشی خەندەداری سیسیلی کە بە شێوەیەکی گشتی بۆ پێکەنیناندنی ئامادەبووان بووە، دیارە روون نییە کە چ کەسێك کوموس و ئەداو دەمەلاسکێ و لاسایی کاری سیسیلی بۆ ئەنجامدانی هەوەڵین کۆمیدیاکان بەکار هێناوە. ئەوەی باوە ئەمەیە کە ئەم کۆمیدیایانە یەکەمین جار لە شاری میگارا، یان ئاتیندا ئەنجامدراون.

دیمەن ئارایی و دەرهێنان:

کۆمیدیای یۆنانی لە رووی دیمەنسازی و شانۆسازی و دەرهێنانەوە لێکچوونی زۆری لەگەڵ تراجیدیای یۆنانیدا هەیە. عادەتەن لە جەژن و بۆنەکاندا، پاش هەر شانۆنامەیەکی تراجیدی، پێنج کۆمیدیای پێنج نووسەر نمایش دەکراو خەلات بۆ باشترینیان تەرخان دەکرا، ئەکتەرەکان سوودیان لە دەمامك و پێڵاوی پاژنە نزم وەردەگرت. گرووپی کۆراڵ لە ٢٤ پیاو پێك دەهات کە زۆربەیان جلوبەرگی سەیرو سەمەرەیان لەبەر بوو.

ئاریستوفانس (٤٤٨- ٣٨٥ پێشن):

گەورەترین کۆمیدیانووسی یونانیە. لە بنەماڵەیەکی ئابڕومەند، لە دەوروبەری ئاتین هاتە دنیاوە. زۆر زوو روویکردە نووسینی کۆمیدی، یەکەم بەرهەمی لە ساڵی ٤٢٧ پێشزدا نمایش کرا.وادیارە ئەکتەری چەند شانۆنامەیەکی خۆی بووە.

بونیادی کۆمیدیاکانی ئاریستۆفانس:

بونیادی کۆمیدیاکانی ئاریستوفانس یەجگار جۆراو جۆرن و پەیڕەوی هیچ نموونەیەکی تایبەتی ناکات. ئەگەر چاوپۆشی لە وردەکارییەکان بکرێ دەتوانرێ شانۆنامەکانی ئاریستوفانس بە دوو بەش بزانرێ: لە بەشی یەکەمدا (ئەندێشەی شاد) دەخرێتە روو، و لە بەشی دووەمدا ئەم ئەندێشەیە ئەنجام دەدرێ. بەشە سەرەکییەکانی شنۆنامەکانی ئاریستۆفانس بریتیین لە:

١- سەرەتاو دەستپێك، کە باسی ئەو ئەندێشە شادە یان هزرە هۆشمەندانەیە دەکات کە لە زەینی ئەکتەردا گەڵاڵە بووە، ئەم ئەندیشەیە عادەتەن نابەجێ و نا واقیعییە.

٢- رێگە، یەکەمین ئاوازی گروپی کۆراڵە لە کاتی هاتنە سەر شانۆ.

٣- ململانێ، گەنگەشەیەکە لە نێوان لایەنگرانی پلۆتی شادو نەیارانی پلۆتی شاد، هەمیشەش لایەنگرانی پلۆت سەردەکەون.

٤- گۆرانی بە کومەڵ، کە گروپی کۆراڵ لە پشووی نێوان پەردەکانی شانۆدا روولە تەماشاڤانان دەیخوێنن و دەربڕی بۆچوونەکانی نووسەرە.

ئەم گۆرانیە دەستەجەمییە عادەتەن لە نێوان ململانێ و پاشماوەی کۆمیدیادا ئەنجام دەدرا، لێ هەندێ جار لە کۆتایی شانۆدا دەیانچڕی.

٥- رووداوی تێهەڵکێش، زنجیرە رووداوێکە کە لە دوای گۆڕانی دەستەجەمییەوە دێت و ئەندێشەی شاد وێنە دەگرێ و بەرجەستەی دەکات، ئەم واریقاتە تێهەڵکێشانە هەندێ جاریش لە یەکتر جیان و سەربەخۆن.

٦- مەقام، ئەو گۆرانییە لیریکییە دەستەجەمییانەیە کە لە نێوان دوو رووداوی زمنیدا دەگوتران.

٧- دەرچوون، دوا سروودی گروپی کۆراڵە لە کۆتایی شانۆنامەدا. هەر شانۆنامەیەکی کۆمیدی چەندین گۆرانی و سرودی جدی یان پێکەنیانەوی لە خۆ گرتووە.

__بەرهەمەکانی:__

ئاریستوفانس نزیکەی چل شانۆنامەی کۆمیدی نووسیوە. کە تەنیا یازدە دانەیان ماوەتەوە:

__ئاخارنەییەکان (٤٢٥ پێشن):__

کۆنترین شانۆنامەی کۆمیدییە،براوەی خلاتی یەکەمە لە پێشبرکێیەکانی ئاتین دا، تیمەی شانۆنامەکە بریتییە لە داواکردنی ئاشتی لەگەڵ ئەسپارتەدا، و لاسایی کردنەوەیەکی هەجوئامێزی لایەنگری یورپیدسە لە جەنگ (رۆڵەکانی هەرکول و ئاندروماك). لەم کۆمیدیایەدا پێشەوای ماندوو لە جەنگی ئاتین لێدەبڕێ بە دزییەوە سولح لەگەڵ ئەسپارتەدا بکات، بەلام روو بەرووی نارەزایی توندی جەنگخوازان دەبێتەوە.

ئارخانەییەکان شانۆنامەیەکی جوانەو گەلێك دیمەنی دڵگیری تێدایە (وەکو فرۆشتنی کیژانی برسیی میکارایی، یان گۆرانی و هەڵپەرکێ لە ئاهەنگ و جەژنی دیونوسوس لە کۆتایی شانۆنامەکەدا). ئەم شانۆنامەیە لە رووی هاڕوژاندنی هەستەوە، شانۆنامەیەکی یەجگار بەهێزە.

دلاوەران (٤٢٤ پێشن):

براوەی خەڵاتی یەکەمە، بابەتی شانۆنامەکە هەجوی تەرەفدارییە لە دیموکراسی. باسی ئەو گەندەڵییەیە کە لە پڕێکا رەگ و ریشە لە هەموو شوێنێ دادەکوتێ و رابەرانی گەندەڵ یەك لە دوای یەك دەفەوتێنێ. لەم کۆمیدیایەدا جارێکی دیکە داوای ئاشتی و مەسڵەتی نێوان ئاتین و ئەسپارتە دەخرێتە روو. "ئەندێشەی شاد": نیسیاس"٣٠" لێدەبڕێ بە عەوام خەڵەتێنی و نێرەنگێکی زۆرتر لە کلێون"٣١" ببێ بە جێگری ئەو. ئەم شانۆنامەیە، کۆمیدیایەکی تا رادەیەك تاقەتبەرە، بەڵام لە دیمەنانی دڵگیر، پشکنینی وردی رووداوی سیاسی، و تەنزی بەهێز بەدەرنییە.

هەوران (٤٢٣ پێشن):

نوسخەی یەکەمی دواتر پێداچوونەوەی بۆ کراوە. بابەتی شانۆنامەکە گاڵتەکردنە بە سوکرات و سوفستاییەکان. "ئەندێشەی شاد": سترپسیادس-ی ساویلکە لە دەست بلاوی کوڕەکەی بێ تاقەت دەبێ و بڕیاردەدا کە بینێرێ بۆ قوتابخانەکەی سوکرات تا فێری هونەری ئەنجامگیری و بەڵگەهێنانەوە ببێ و بتوانێ بە باس و گەنگەشە لە چنگی خودان قەرزان رزگار بێ. هەوران بە یەك لە ناودارترین و کاریگەرترین کۆمیدیای ئاریستوفانس دێتە ژماردن. چوار دیمەنی سەرەکی و یەك جیدالی لە خۆ گرتووە. بونیادی پلۆتی شانۆنامەکە شاشە. وادیارە ئەم شانۆنامەیە دەوری لە توندڕەی ئاتینییەکاندا، کە بووە مایەی مەحکومەیەتی سوکرات هەبووە.

زەردەزیران (٤٢٢ پێشن):

تیمەی شانۆنامەکە هێرشە بۆ سەر پەرۆشی شێتانەی یونانیەکان بۆ بوونە ئەندام لە هەیئەتی دادوەریدا -ئەو پەرۆشییە شێتانەیەی کە زیادکردنی هەقدەستی ئەندامانی هەیئەتی نێوبراو لەلایەن کلیون-ەوە وروژاندویەتی. "ئەندێشەی شاد": فیلوکیون-ی(دۆستی کلیون)، کە پیرە مێردێکی بەدخووی دڵناسکەو مکوڕە لەسەر ئەوەی کە لە هەیئەی دادوەریدا خزمەت بکات دەنا لە داخا دیق دەکات. کوڕەکەی کە لە سوور بوونی ئەو بێ تاقەت دەبێ دادگایەکی تایبەتی دادەنێ و بە مەحکەمەی سەگەکەی ماڵەوە، کە بە پەنیردزی تاوانبارە، سەرگەرمی دەکات. زەردەزیران شانۆنامەیەکی خۆشە، بەڵام وادیارە لەبەر ئەوەی کە لە رادەبەدەر پابەندی بابەتە تایبەتییەکانی سەردەمی خۆی بووە، بۆ رۆژگاری ئەمڕۆ ئەوەندە پەسند نییە.

سوڵح (٤٢١ پێشن):

بابەتی ئەم شانۆنامەیەش بریتییە لە داوای سوڵح و ئاشتی لە نێوان ئاتین و ئەسپارتەدا، "ئەندێشەی شاد": تروگایوس لێدەبڕێ بچێ بۆ لای زیوس و داوای ئاشتی بکات. ململانێی دراماتیکی لەم بەرهەمەدا کەمە.

بالّندەكان (٤١٤ پێشن): بابەتی شانۆنامەكە قابیلی رەخنەیە هەندێ لە لێكدانەوەكان گازاندەی ئەوە دەكەن كە ئەم كۆمیدیایە تەنیا نەخشەیەكی خەیاڵییە، شتێكی پێكەنیناوییە دەربارەی لەشكركێشی سیسیلییە چاو چنۆكو تەمەعكارەكان، یان بەرگرییەكە لە شۆڕشێكی واقیعی یان گۆڕینی حكومەت "ئەندێشەی شاد": دوو پیاوی بێزار لە ئاتین، دەكەونە گەڕان لە ژیانێكی نموونەیی لە وڵاتی باڵندان‌دا، ئەم شانۆنامەیە لە رووی وێنەسازی جوان، ناسكی خەیاڵ، پلۆتی بەرزو كاراكتەرسازییەوە بەهێزە. هیچ شوێنەواریكی رەگەزێن كۆمێدیای میللی و عەوام پەسندی تێدا نابینرێ. بە شێوەیەكی گشتی بە شاكاری ئەریستوفانی دەزانن.

ژنان لە تسموفوریا (٤١١ پێشن):
هاوشێوەبێژیەكی هەزەل ئامێزە لە مەڕ یورپیدس و هەجووی ژنانی ئاتین. "ئەندێشەی شاد": یورپیدس پاش ئەوەی دەزانێ كە چەند ژنێك لە مقۆمقۆی ئەوەدان باشترین تۆڵە لەو بكەونەوە بە هۆی ئاشكراكردنی خەوشی سێكسی وانەوە، بێهودە هەوڵدەدا تا ئاگاتون"٣٢" كە تراژیدیانووسێكی دیكەیە، ناچار بكات كە خۆی بخاتە شێوەی ژنێكەوەو بەرەڤانی لە ئورپیدس بكات. لەم شانۆنامەیەدا بە مەبەستی شۆخی و تەوس و توانج لاساییەكی زۆری شێوازی یۆرپیدس كراوەتەوە، زۆربەی ئەو رەخنانەی لێیگیراون بەجێن، بەڵام تا رادەیەك زێدەڕۆیانەیە.

لوسیسترات (٤١١ پێشن):
ئاریستوفانس، لەم شانۆنامەیەدا جارێكی دی داوای ئاشتی و سوڵحی نێوان ئاتین و ئەسپارتە دەخاتەڕوو، "ئەندێشەی شاد": لوسیسترات كە لە رابەرانی ئاشتی خوازی ئاتینە، بۆ ئەوەی پیاوان مل بدەنە ئاشتی لەگەڵ ئەسپارتەدا، داوا لە ژنان دەكات كە كاری سێكسیان لەگەڵدا نەكەن،(یانی لەگەڵیان نەخەون). ئەنجام، ئەمە كۆمیدیایەكی جەماوەری پڕ هەراو هەنگامەو لێوان لێوە لە بێ شەرمی و پڕ روویی، نەخشە بزوێنەرەكەی هونەرمەندانە داڕێژراوە، ئەم كۆمیدیایە ئەمڕۆكە لە ریزی باشترین كۆمیدیاكانی ئاریستوفانس دایە.

قوڕباقان (٤٠٥ پێشن):
براوەی خەڵاتی یەكەمە. بابەت و تیمەی شانۆنامەكە رەخنەیە لە ئاسخیلوس، سوفوكلیس و بە تایبەتی یورپیدس. هەروەها هێرشێكە بۆ سەر گەندەڵی سیاسی و ئەدەبی ئاتین. "ئەندێشەی شاد": دیونوسوس كە دەبینێ تراجیدیانووسانی وەخت زۆر لاوازن لێدەبڕێ بچێ بۆ هادیس و تراجیدیانووسێكی شایستە بۆ ئەم دنیا بگەڕێنێتەوە. ئاریستوفانس لەم شانۆنامەیەدا ئاسخیلوس و ئورپیدس دەخاتە بەر رەخنەی لوژیكی، لێ لایەنگری ئەو لە ئاسخیلوس دیارو خویایە، شانۆنامەی قوڕباقان دوا هەمین و رەنگە جوانترین نموونەی مەوجودی كۆمیدیای كۆن بێ.

ئەنجوومەنی ژنان (٣٩٣ پێشز):

ئەم شانۆنامەیە هەجویەکی تەبیعەتی بێ قەرارو هەوەسی نوێخوازی ئاتینییەکانە. "ئەندێشەی شاد": ژنان بەڕاو تەگبیری زیرەکنەی پراکساگورای ڕێبەریان، دەچنە شێوەی پیاوەوە، کورسییەکانی پەرلەمان داگیردەکەن، و حکومەتی دڵخوازی خۆیان دادەمەزرێنن کە لەو حکومەتەدا ژن، منداڵو سامان هاوبەشە. ئەم شانۆنامەیە هێز، گاڵتەبازی،و پوختیی کۆمیدیاکانی دیکەی ئارستۆفانی نییەو، هەندێ ڕەگەزی کۆمیدی تازەو ناوەڕاستی تێدا بەدی دەکرێت.

پلوتوس (٣٨٨ پێشز):

بابەتی شانۆنامەکە هێرشە بۆ سەر تیرەی بەشەر بەگشتی و (ئاتینییەکان بە تایبەتی)، کە لە پێناوی کۆکردنەوەی سەروەتو ساماندا پەناوەبەر شێوازی بێدادگەرانەو نزم دەبەن. "ئەندێشەی شاد": کرمولوس-ی قارەمانی دەستکورت بەڵام ئابڕومەند، داوا لە ئەسکلپیوس-ی خوای پزیشکی دەکات کە چاوانی پلۆتوس-ی خوای سەروەتو سامان بداتەوە تا بتوانێ جارێکی دی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە سەروەتو سامانان دابەش بکاتەوە. ئەم شانۆنامەیە هەجویەکی گشتی و نەرمە، و تا رادەیەك ناسکەو شۆخی و حەنەکچیاتییە توندوتیژەکانی کۆمیدیاکانی پێشووتری ئاریستوفانس-ی تێدا نییە. ئەو گۆڕانکارییەی کە لە بونیادی شانۆنامەکەدا کراوە هەنگاوێکە بەرەو کۆمیدیای تازە (وەکو ئەو دیمەنەی کە کۆیلەیەك دەورێکی گرینگ دەبینێ).

ئەندێشەکانی ئاریستوفانس:

ئاریستوفانس موحافیزکار و باوەڕی بەڕێزگرتنی دابونەریتە. لە کۆمیدیاکانیدا کەڵکەڵەو ئارەزووی رۆژە خۆشەکانی رابردوو ئاشکرایەو تەقریبەن هەمیشە ئیعترازی لەسەر شتە نوێیەکانی وەکو داب و نەریت و مەزەبی نوێ، فەلسەفەی نوێ، ئەدەبیاتی نوێ هەیە. هەست دەکات هەر شتێك نوێ بێ لەوەیە بێهودەو گەندەڵش بێ، بە کورتی دراماکانی وی ئیعترازێکە لەسەر گەندەڵی سەردەمو زەمانی وی.

تایبەتمەندییەکانی کۆمیدیاکانی ئاریستوفانس:

تایبەتمدییە بەرچاوەکانی کۆمیدییەکانی ئاریستوفانس بریتییە لە: بابەتی باوی رۆژ، تەنزبێژی، راشکاوی، بەدزمانی و جوێندان، تەوس و توانج، پلۆتی سووك و تا رادەیەك کەم بایەخ، وێنەگرتنی کاراکتەرەکان هەم بە شێوەی فەردی و هەم بە شێوەی نموونە، سوود وەرگرتن لە دوو جۆرە شیعری لیریکی: شیعری زیرەکانەو ئاسان و سووکی کۆمەڵایەتی، و شیعرێن لیریکی قووڵو پڕ هەست و جوان، حاڵەتی پێشبینی نەکراوو لە حاڵ و هەوای گریان

سوعبەتچیاتی و زیرەکی وخۆیدا، ڕوودانی کاری چاوەنۆڕ نەکراوو نەگەنجاو، پەنابردنە بەر هەستێن وڕوژێنەر لە جیاتی پەیڕەوی کردنی ئەقڵو لۆجێك، و ئەنجام رەچاو نەکردنی سێ یەکێتییە کلاسیکەکەو (یەکێتی کات، یەکێتی شوێن، یەکێتی کار) و پرەنسپی حەقیقەت نمایی.

<u>کورتەیەکی رەخنەکان:</u>

هەر چەندە کۆمیدیاکانی ئاریستوفانس پڕن لە شۆخیی زۆر مەکشوف، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا مایەی پێکەنینو خۆشین، هەر چەندە ئاریستوفانس توندە تەبیعەت و لە رەخنەگرتندا توندو بێ پەروایەو لە خوردەگیریدا دەکەوێتە موبالەغەبێژی، وێڕای ئەمەش عادەتەن قامك لەسەر کەمو کوڕیو کێماسییە واقیعییەکان دادەنێ. پلۆتی شانۆنامەکانی ئەگەرچی زۆربەی کات سستو نامەنتیقییە، بەلاّم دەکرێ، هەمان پلۆتێن سستو لاواز وەکو قاڵبی دەربڕینی هەجوو شوخی بێژی وی قەبوڵ بکرێو لە قەڵەم بدرێ. هەروەها، وێڕای ئەوەی کە کاراکتەرسازی ئاریستوفانس ناتەواوو نوقستانە (چەند دانەیەك لە کاراکتەرەکانی بەرجەستەو زندوون، و زۆریان کاریکاتێر ئاسان یان نموونەی گشتین) لە واری لاسایی کردنەوەو هەجو ئامێزدا بەهرەیەکی درەخشانو پرشنگداری هەیە.

کۆمیدیای ناوەڕاست

کۆمیدیای میانە یا ناوەڕاست کە لە ماوەی نێوان سالاّنی ٣٨٠- ٣٣٦ پێشز برەوی سەند، شێوەیکی گوزارییە لە نێوان کۆمیدیای کۆنو کۆمیدیای تازە دا هەندێك لە تایبەتمەندییەکانی هەر یەکێك لەو دوانەی هەیە. کۆمیدیای ناوەڕاست تا ڕادەیەك ئەو جورئەتو بوێرییەی کۆمیدیای کۆنی تێدا نەبوو، و کەمتر سەرو ساختی دەگەڵ سیاسەتو مرۆڤانی زندوودا هەبوو. لە جیاتی ئەوە لە عەلەیی ئەفسانەو تراجیدیان دەدوا. لەم جۆرە کۆمیدیایەدا ئاوازێن گروپی کۆراڵ شێوەو قاڵبی نمایشی بەینی پەردەکانی وەرگرت، هیچ جۆرە نموونەیەکی کۆمیدیای ناوەڕاست لەبەر دەست دا نییە، مەگەر ئەنجوومەنی ژنان، و پلوتوس-ی ئاریستوفانس بە کۆمیدیای ناوەڕاست دابنەین.

<u>کۆمیدیای تازە</u>

کۆمیدیای تازە کە لە سالاّنی ٣٣٦- ٢٦٢ پێشز، بوو بە باو، لە بنەڕەتدا کۆمیدیای رەفتاران بوو، کە بە درێژەی رەسەنی کۆمیدیای ناوەڕاست دەژمێردرێ، لەم شانۆنامانە کۆمیدیانەدا پلۆتو کەسایەتی ناو ژیانی رۆژانە بەرە بەرە جێی کەسایەتیانی ئەفسانەیی و تراجیدی یورپیدس-یان گرتەوە، ئاوازێن گروپی کۆرس یان کۆڕاڵ هەر بە شێوەی نمایشی نێوان پەردەی باوی سەردەمی کۆمیدیای ناوەڕاست بەردەوام بوو، ئەنجام ژمارەی ئەم نێوان پەردانە لە چوار نمایشدا جێگیر بوو. بەمجۆرە شانۆنامە بەسەر پێنج پەردەدا دابەش بوو.

تایبەتمەندییەکان:

کۆمیدیای تازە سێ خەسڵەتو تایبەتمەندی بەرجەستەی هەس:

١- پلۆتی ڕێكو پێك:

پلۆتی کۆمیدیای تازە لەسەر پایەو بنەمای دەسیسەو ئەشقبازی نهێنی، شاراوەیی و پەنهانی ناسنامان، کەشف و ناسینەوەی دۆستان یان کەسوکارێن گوم بووی کۆن، یان پێکهاتەیەك لەم سیانە رۆنراوە. ڕووداوەکان عادەتەن پێکەنیناوی و نابەجێ دێتە بەرچاو، و بە زۆریش لە پاڵ نەخشەو پلۆتی سەرەکیدا، نەخشەو پلۆتێکی لاوەکیش قوت دەبێتەوە.

٢- کاراکتەرێن نموونەیان تیپیك:

لەو نموونانەی کە لە کۆمیدیای تازەدا بەرچاومان دەکەون، دەکرێ ناوی مێردی سافیلکە، بابی ڕەزیل و پیسکە، کوڕی بەدرەفتار بەڵام لایەق، قەحپە، کۆیلەی بێ شەرەف، مێمڵ و مشەخۆر، نۆکەرو خولامی دەسیسەکار، و سەربازی فشەکەر، ببرێ.

٣- کەم هەوێنی:

کۆمیدیای تازە سەرو ساختی دەگەڵ بەشێکی بچووکی کۆمەڵگەدا هەیەو لە مامەڵە لەگەڵ مەسەلە قووڵە ئەخلاقیەکان بکات، زیاتر ڕەفتارو داب و نەریت و بۆنەکان دەخاتە روو.

کۆمیدیانووسان

دیفیلوس (لە دەوروبەری ساڵی ٣٠٠ پێشز ژیاوە):

لە سینوپ"٣٣" هاتە دنیاوە، و پاشان بۆ ئاتین کۆچی کرد. دیفیلوس نزیکەی سەد شانۆنامەی نووسی کە تەنیا بەشێك لە یەك شانۆنامەی وی گەییوەتە دەستی ئێمە. کاریگەری بەسەر پلاتوس-ەوە هەبوو.

میناندیر (٣٤٣- ٢٩١ پێشز):

خەڵکی ئاتینە (ئەسینا) بە چاکترین و مەنشورترین نووسەری کۆمیدیای تازە دەژمێردرێ، لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی گوندی سفیزیا-ی نزیکی ئاتین لە دایك بووە. میناندیر لە لاویدا لە ژێر کاریگەری: ئالکسیس-ی مامی کە شاعیرێکی بەرجەستەی کۆمیدیای ناوڕاست بوو، تیوفراستس، ئەپیکوروس، و بە تایبەتی ئورپیدس دا بوو. یەکەمین شانۆنامەی لە ساڵی ٣٢١ پێشز نووسی و لەوساوەو تا کاتی مردنی پتر لە سەد شانۆنامەی نووسی. میناندیر لە ژیانا وەکو شانۆنامەنووس شۆرەتی کەمی هەبوە. (تەنیا هەشت جار لە پێشبڕکێیاندا سەرکەوتنی بەدەست هێنا). بەڵام شاعیرێکی کۆمیدیایی خۆشەویستی یۆنان و رۆم بوو. میناندیر بوو، نەك ئاریستوفانس، کە شێوازی کۆمیدی لاتین و کۆمیدی رەفتارانی لە ئەورووپای باکووردا دامەزراند. تەنیا یەك کۆمیدیای تەواو لە پاش میناندیر بەجێ ماوەو ناوی (دووسکالوس-ە، ٣١٦ پێشز).

پلۆت و بابەتی کۆمیدیای ناوبراو دەربارەی نموونەیەکی تایبەتیە: باوکێکی بەدخوو سەرەنجام ناچار دەبێ بە شووکردنی کیژەکەی بە خوازبێنی کە رێکی لاوی دەوڵەمەند قاییل ببێ.
ئەو بەشەی کە لە درامای داوەری (٣٠٠ پێشن) ماوەتەوە، دەربارەی پیاوێکە کە گومانی بێ وەفایی لە ژنەکەی دەکات و زۆر تورە دەبێ. پاشان پەی بە بێ تاوانی ژنەکەی دەبات و لە گەڵیا ئاشت دەبێتەوە. میناندیر تا رادەیەك بە راشکاوی ئەو پرەنسیپ و یاساو رێسا ئەخلاقیانە دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە کە لەسەر جیاوازی نەژادی، بە تایبەتی سەبارەت بە رەگەزی ژنان رۆنراون.

رەوانبێژی و خوتبەبێژی

مامۆستایانی کۆنی زانستێن رەوانبێژی:

کوراکس، و تیزیاس-ی شاگردی (٤٣٠ پێشن) بە دامەزرێنەرانی هونەری بەلاغەت و رەوانبێژی دژمێردرێن ئەم دووانە بە قسە قوتی و زیرەکی و حازر وەڵامی و شوخی بازی بەناوبانگ بوون، ئەم مامۆستایانە کاریگەری گەورەیان بەسەر خوتبەبێژانی ئاتینەوە هەبوو.

سوفستاییان:

سوفستاییەکان کۆمەڵێك موعەلیمی پیشەیی بوون کە لە سەدەکانی پێنجەم و چوارەمی پێشزایینەدا لە ئاتینەدا ناوبانگیان پەیدا کرد. ئەوانە فێرکردنی هەموو لقەکانی زانستیان، کە یەکێك بوو لە پێداویستییەکانی سەرکەوتنی لاوان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، کردبوو بە ئەرك و پیشەی خۆیان. شۆرەت و (هەروەها بەدناوی) سوفستاییەکان دەگەرێتەوە بۆ زیرەکی، سەرڤە سەرڤەڕوانی، جلوبەرگ و هەڵس وکەوتی نەشاز، وردبینی، و شێوەی گەنگەشەو موناقەشەی حیلەئامێزیان کە دەیکردە کارێك خراپترین شێوەی باس و گەنگەشە لەلای خەڵکی بە باشترین شێوە بنوێنن. گەورە ناودارانی سوفستایی بریتی بوون لە:

١- پروتاگوراس، کە خەڵکی ئابدراو لە دایکبووی ساڵی ٤٨٠ پێشن، مرۆڤ دۆستێکی گەورەو دامەزرێنەری دەستووری زمان بوو.

٢- هیپیاس، خەڵکی ئلیس بووەو لە دەوروبەری ٤٥٠ پێشزدا ژیاوە، پیاوێکی فرە زانیاری بوو و ماموستای ئەستێرەناسی و جوگرافیا بوو.

٣- گورگیاس، خەڵکی سیراکوز بووە، لە دەوروبەری ساڵی ٤٢٥ پێشزدا ژیاوە، خەتیب و خوتبەبێژێکی مەزن و ماموستای زانستە رەوانبێژییەکان بوو.

خوتبەبێژان:

له سەردەمی کۆندا زمانی رەوانو سوارو کاریگەر لەشەهامەتو بوێری پتر مایەی سەرنج بووەو بە ئەندازەی ئازایەتیو بوێری شایانی قەدرزانی بووە. (پلیوس"٣٤"، سیمورخ رادەسپێریٚ کە ئاسخیلوس فێر بکات کە هەم ئەهلی گوتار بیٚو هەم پیاوی کردار)،

پێشەوایانی کۆنی وەکو تمیستوکلیس"٣٥"و پریکلس"٣٦" هەر سەرداری جەنگی نەبوونە بەڵکو وتاربێژیش بوونە.

خیتابەت (وتاربێژی) وەکو هونەرێك لە سایەی چاودێریو سەرپەرشتی مامۆستایانی کۆنی زانستە رەوانبێژییەکانو سوفستاییەکاندا رووەو پەرەسەندنو گەشەکردن چوو، لە دەوروبەری ساڵی ٤٥٠ پێشز بوو بە لقێك لە ئەدەبیات.

ديموستن(٣٨٥- ٣٢٢ پێشز):

خەڵکی ئاتینەو گەورەترین خەتیبو وتاربێژی کۆنە. دیموستن لە هەوەڵی تەمەنییەوە لێدەبڕیٚ لەواری وتەبێژیو زمانڕەوانیدا خۆی پەروەردە بکات تا بتوانیٚ لە بەردەم دادگادا بوەستیٚو بەشە میراتی خۆی لەو سەرپەرشتکارانەی کە لێیان داگیر کردبوو، وەربگرێتەوە. دەگێڕنەوە دەڵێن گوایە دیموستن زمانی گرتووە، وردە بەردێکی دەخستە ناو زاری و مەشقی قسەکردنی دەکرد، تا لە ئەنجامدا بەسەر ئەو زمانگرتنەدا زاڵ بوو، و هەروەها لە بەرانبەر خرۆشو هاژەی شەپۆلانی دەریادا هاواری دەکردو بەو جۆرە توانای دەنگی خۆی زیاد کرد، لە پاش پێنج وتاربێژیی پاشماوەی سەروەتو سامانە زەوتکراوەکەی خۆی بە دەست هێنایەوە. لەوە بە دواوە وتاربێژی کرد بە کارو پیشەی خۆی لە بەردەم دادگاو ئەنجوومەنی پیراندا وتاربێژی دەکردو لە کاروباری وڵاتداریدا بەشداری دەکرد، پاشان دیموستن کەوتە هێرش کردن بۆ سەر ئارمانجەکانی فیلیپ ی مەقدونیو قەناعەتی بە خەڵکی تب کرد تا پەیوەندی بە ئاتینەوە بکەن، پاش سەرکەوتنی فیلیپ لە خارونەئا (٣٣٨ پێشز)، دیموستن لە ئاتین هەڵاتو لە ئەنجامدا بۆ رزگار بوون لە دەستی مەقدونییەکان ژەهری خواردو لە ساڵی ٣٢٢ پێشز، لە دورگەی کالوریادا مرد.

خوتبەگرینگەکانی:

ناوبانگی دیموستن لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ خوتبەکانی کە بریتیین لە: دەربارەی ئازادی رودس (٣٥٣ پێشز): کە بەرەڤانی و داکۆکییە لە دیموکراسی. سیٚ فیلیپیك (٣٥١- ٣٤١ پێشز): دژی فیلیپ-ە، سیٚ ئولونتیاك (٣٤٩- ٣٤٨) ئەمەشیان دژی فیلیپ-ە، و دەربارەی تاج (٣٣٠ پێشز)، کە بەرەڤانیو داکۆکییە لە رێبازی سیاسی ئەوو بە شاکاری وی (دیموستن) دەژمێردریٚ.

شێوازی دیموستن:

دیموستن لەواری زانستی بەلاغەتو رەوانبێژیدا تەواو کارامەو پڕ ئەزموونە. خوتبەو وتارەکانی بە جۆشو خرۆشن، شێوەو شێوازی دەربڕینەکانی لە هێزە مەزنەکانی تەبیعەتو سروشتەوە وەرگرتووە. وەکو هێزێن ئوقیانوس، هەورە تریشقەو تۆفانو بۆ ران، زۆربەی خوتبەو وتارەکانی

بە وردی رازاندوونەتەوە. بە دووبارەکردنەوەی هەندێ برگەو پەرەگراف تەرجیع بەند ئاساو، هەمە جۆری رستەو دەستەواژان بە ناوبانگە. سوودی لە شێوە رەوانبێژییەکانی وەکو تیباق و پرسیارو وەڵام، جۆرەکانی رەگەز دۆزی، وەزن و کێشی هەمە جۆر وەرگرتووە.

فەلسەفە

یونانییەکان یەکەمین خەڵکانێك بوون کە کەوتنە بیری دامەزراندنی سیستەمێکی فیکری دەربارەی جیهان، ئەوەندەی لە توانایاندا بوو کەوتنە دژایەتی بیروباوەڕێن خوراف و پوچ، و هەوڵیاندا لەبەر رۆشنایی دیتن و تێفکرین پەی بە نهێنییەکانی دۆزو مەسەلەێن مینا پەیدا بوون و جەوهەرو ماهیەتی مادده، هزر، باشی، حەقیقەت، جوانی و واقیعیەت ببەن، مەتریالیستانی کۆن بەو ئەفسانانە قاییل نەبوون کە لاف ئەوەیان لێدەدا کە گوایە سەرچاوەی پەیدا بوون و ئەسڵی شتەکان بوون. بۆیە بە پشتیوانی هەست وەکو سەرچاوەی ئیدراك، هەوڵیانداوە جیهان بە گوێرەی رەگەزە مەتریالیستیەکانی بناسن، لەلایەکی ترەوە، خەیاڵگەراکان باوەڕیان وابوو کە سەرەتاو سەرچاوەی ستراتیجی حەقیقەتەکانی جیهانی بوون، زەین یا خەیاڵی ئادەمیزادە.

<u>هەوەڵین پەیڕەوکارانی رێبازی ئەساڵەتی مادده:</u>

<u>تالیس (٦٤٠ – ٥٤٦ پێشن):</u>

خەڵکی ئاتینەو بە "باوکی فەلسەفە" ناسراوەو باوەڕی وابوو کە رەگەزی ئەسڵی پەیدا بوونی جیهان ئاوە.

<u>هیراکلیتوس (٥١٣ پێشن):</u>

لە ئیفسوس لە دایك بوو. بەبۆچوونی هیراکلیتوس هەرچی شتێك هەیە لە حاڵی جوڵەدایە– هەموو شتەکان دەجوڵێن و ئاگر رەگەزی بنەڕەتی پەیدابوون و دروستبوونی جیهانە.

<u>ئاناکسیمنس (٥٠٠ پێشن):</u>

خەڵکی میلوتوسە"٣٧"، پێی وایە کە هەوا رەگەزی بنەڕەتی پەیدا بوونی جیهانە

<u>ئامپدوکلس (ژیان لە ٤٤٤ پێشن):</u>

خەڵکی ئاگریجنتویە"٣٨"، دەڵێ جیهان بەرهەمی هەر چوار رەگەزی خاك، هەوا، ئاوو ئاگرە، رەگەزە ئەسڵیەکان لە ناو ناچن و هەر دەمێنن، هێزی ئەشق ئەو رەگەزانە ئاوێتەی یەکدی دەکات، و رق و کینە لێکدیان جیا دەکاتەوە.

<u>هەوەڵین پەیڕەوکارانی رێبازی ئەولەویەت و ئەساڵەتی خەیاڵ:</u>

فیتاغورس (٥٨٢- ٥٠٧ پێشن):

خەڵکی ساموس"٣٩"ە. باوەڕی بە دۆنای دۆنی روحان هەیە، لە ئەنجامی توژینەوە دەربارەی ژماران دەگاتە ئەم ئەنجامەی کە ژماران دوا حەقیقەتی شتانن.

کسنوفانس (٥٧٦- ٤٨٠ پێشن):

خەڵکی ئیلیا"٤٠"یەو لەوەشە یەکەمین فەیلەسوفی یەکتاپەرستی یونانی بێ.

ئاناکساگوراس (٥٠٠- ٤٢٨ پێشن):

خەڵکی کلازومن ـەو یەکەمین فەیلەسوفەکە ئەقڵو ئاوەز بە رێکخەری کاروباری جیهان دەزانێ.

سوکرات (٤٧٠- ٣٩٩ پێشن):

خەڵکی ئاتینە، بە باوکی زانستی ئەخلاقو بە گەورەترین کەسایەتی مێژووی هزرو بیری یۆنانی دەژمێرن، سوکرات، وێڕای ئەوەی کە هەرگیز هیچی نەنووسیوە"٤١"، بەڵام کاریگەرییەکی قووڵی بەسەر رەوتی فەلسەفییەوە هەبوو، سوکرات ماوەیەکی سەرەتای تەمەنی بەسەربازیو بەردتاشی بردە سەر، لێ دوای ئەوە هەموو تەمەنی خۆی وەقفی بیرکردنەوەو تێفکرینی فەلسەفی کرد. لە هەر شوێنێ گوێگرانی دەستکەوتبا تێکەڵاویان دەبوو چونکە پێی وابوو کە لە ژیاندا ئەرکێکی خوایی لەسەرە کە خەڵکی لە جەهالەتو نەزانی خۆیان بێدار بکاتەوەو تاسەی حەقیقەت زانیان لەلا دەمەزەرد بکاتەوە. هەمیشە دەستە گەنجێکی تاسەداری زانست لە دەوری خڕ دەبوونەوە. (لەوانە کسنوفانس و ئەفلاتوون)، سوکرات بەوپەڕی بێ فیزی دەکەوتە فێرکردنیان. زانیارییەکانی پتر لە شێوەی پرسیارو وەڵامدا دەخستەڕوو.

سوکرات پشتی کردە زانستو ماددەگەرایی. بە شێوەیەکی تایبەتی شەیدای حیکمەتی عەمەلیو پراکتیکی بوو، سوکرات لەگەڵ پرەنسیپی ئەولەوییەت و ئەساڵەتی ئەزموونی ماددەگەرایاندا نەبوو. سوکرات لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە پرەنسیپو یاساو رێسایانی ئەخلاقی بنجبڕ بەرقەرار بکاتو دابمەزرێنێ. ئەو بە ئاشکرا خواوەندانی یونانی کۆن ئینکار ناکات، بەڵام باوەڕی بە یەك بوونەوەری باڵا هەیە کە رێنوێنی بەشەرە لە واری ئەخلاقیاتدا، و هەروەها باوەڕی بە نەمری روح هەیە.

تێۆرییەکانی سوکرات دەربارەی ریفۆرمی بنەڕەتیو شێوەو شێوازی بانگەشەکردن بۆ ئەو تێۆرییانە، دژمنانێکی زۆر دەوروژێنێو سوکرات هەر زوو دەکەوێتە بەر هێرشو پەلاماری نەیاران. لە سەرەتای ساڵی ٤٢٨ پێشز ئاریستوفانس لە شانۆنامەی هەوراندا گاڵتەی (بە سوکرات) پێ دەکات. پاش بیست و چوار ساڵ لەوەو دوا سوکرات بە لە رێ دەرکردنی لاوانو بیدعەتکاری لە ئایندا تاوانبار دەکرێ، ئیدی دادگایی دەکرێ و حوکمی مەرگی دەدەن. سوکراتیش بە ناچاری ژەهراو دەخواتەوەو شەهید دەبێ.

ئەفلاتوون (٤٢٧- ٣٤٧ پێشن):

ئەفلاتون، فەیلەسوف، سیاسەتوان، مامۆستا، نووسەرو شاعیرە، لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی ئاتینی لە دایك بوو، خوێنەوارییەکی بەرزی هەبووەو پاشان ڕێبازی موریدانی فەیلەسوف هیراکلیتی، کراتیلوس، و دواتر ڕێبازی سوکراتی گرتەبەر، ئەفلاتون لە گەنجیدا چەندین وتارو شیعری نووسی. ماوەیەکیش خووی دایە سیاسەت، بەڵام لە ساڵی ٣٩٩ پێشزدا تەرکی کردووە. ئیدی لەوە بە دواوە نزیکەی دە ساڵێکی بە جیهانگەری بردە سەر، و سەفەری میسر، ئیتالیاو سیسیل-ی کرد. لە دەوروبەری ساڵی ٣٨٩ پێشز بۆ ئاتین گەڕایەوەو ئاکادیمیای (یەکەمین زانستگەی جیهان)ی دامەزراند، و دوو جاری دیکەش سەفەری سیسیل-ی کردو هەوڵی دا بۆچوونە سیاسییەکانی خۆی لەوێندەر لەواری پراکتیکیدا ئەنجام بدات، بەڵام هیچ سەرکەوتنێکی بە دەست نەهێنا، ئەفلاتون دووبارە بۆ ئاتین گەڕایەوەو تامردن هەر خەریکی دەرسگوتنەوەو نووسەری بوو.

بەرهەمەکانی:

نامەکان:

سیازدە نامەی ئەفلاتون لەبەر دەستدایە، کە ڕەنگە تەنیا یەك نامەیان بە ڕاستی هی ئەو بێ.

بەرەڤانی لە سوکرات (ئاپۆلوژی):

سەربوردەیەکە لە قاڵبی مەنەلۆگدا دەربارەی دادگایی سوکرات، ئەفلاتوون لەم نووسینەدا وێنەیەکی نموونەیی ژیانو پەیامی مامۆستاکەی دەگرێو بەرجەستەی دەکات.

گفتوگۆکان (دیالۆگان):

لە قاڵبی گفتوگۆو دیالۆگێکی مەیلەو شانۆییدایەو بە شێوەی پرسیارو وەڵامە.

گفتوگۆکاران سوکراتو موریدانی سوکراتن، چلو دوو گفتوگۆ دراوەتە پاڵ ئەفلاتوون کە ڕەنگە تەنیا بیستو شەشیان بەڕاستی هی ئەوبن، گرنگترین گفتوگۆکانی ئەفلاتون بریتیین لە:

١- فیدون:

کە سەربهوردی مەرگی سوکراتو بۆچوونەکانی ئەفلاتون دەربارەی نەمری باس دەکات.

٢- میوانی:

بۆچوونەکانی ئەفلاتون دەربارەی ئەشقو مەحەبەت دەگرێتە خۆ.

٣- کریتون:

باسێکە دەربارەی ڕێزگرتنی یاسا.

٤- کۆمار:

کە ڕەنگە گرنگترین نووسینی ئەفلاتون بێ، کۆمەڵگە یوتابیاییەکەی ئەفلاتون کە لەسەر بناغەی دادپەروەری ڕۆنراوە و وێنە دەگرێ.

٥- گورگیاس:

ئەفلاتون لەم دیالۆگەدا ئەوە رادەگەیەنێ کە سەرەنجام هەر راستیو دادپەروەری بەسەر درۆو زۆرداریدا سەر دەکەوێ، هەروەها بیروبۆچوونی خۆی سەبارەت بە پاداشتو سزای ئەو دنیا، دنیای پاش مەرگ باس دەکات.

٦- فیدروس:

داکۆکی نامەیەکە لە شیعری رەسەن بەرانبەر بە درۆپەروەری.

<u>گفتوگۆکانی (دیالۆگ) دیکە:</u>

ئوتیفرون، هیپیاس-ی بچووك، هیپیاس-ی گەورە، ئیون، خارمیدس، لاخس، لیزیس، پروتاگوراس، مینون، ئونیدموس، منکسنوس، کراتیلوس، تیتوس، پارمنیدس، سوفستایی، سیاسەت، فیلبوس، تیمائوس، کریتیاسو نوامیس.

<u>بیربۆچوونەکانی ئەفلاتون:</u>

تێوری ئایدیایی، ئەفلاتون دژی ڕێبازی ئەولەویەت و ئەساڵەتی مادەیە. ئەفلاتون باوەڕی بە جیاوازی نێوان دیاردە و حەقیقەتە، پێی وایە هەر کارێکی جیهان بنەڕەت و حەقیقەتێکی خۆی هەیە کە نموونەیەکی تەواوی ئەوە، و بە ئایدیای ئەو ناودەبرێ .. بەڕای ئەو لە ڕێگەی چەمکە ئەقڵانی و وێناکانەوەیە کە مرۆڤ پەی بە حەقیقەت یا ئایدیا، کە جێگیرو نەگۆڕن، دەبات.

جیهانی مەتریالی بریتییە لە دیاردە کە تەنیا سێبەری واقیعە. ئەم دیاردانە لە ڕێگەی هەستەکانەوە دەرك دەکرێن، بەڵام ناتوانرێ وەکو سەرچاوەی حەقیقەت بە موعتەبەر بزانرێ، چونکە تەنیا بە کۆمەکی ئەقڵ، و ڕەنگە لە ڕێگەی روحی پاش مەرگەوە بتوانرێ بگەیتە حەقیقەت. ئەفلاتون باوەڕی وایە کە لە ڕێگەی پرسیارو وەڵامەوە، دەتوانرێ ئایدی یا حەقیقەتە گشتییەکان بێنە ناسین و خانە بەندی بکرێن. ئایدیالی باڵاش ئایدیای خێرو چاکەیە.

<u>تێوری روح:</u>

ئەم تێوریە پەیوەندی بەتێوری بەهاو ئایدیالەوە هەیە. ئەفلاتون روح بە بەشێکی خوایی و نەمری مرۆڤ دەزانێ و پێی وایە وەکو چۆن بەدەن لە مادە دەچێت، روحیش دەقاودەق لە هزرو ئەندێشە دەچێت. روح بەر لەوەی بەشێوەیەکی کاتی لە بەدەن دا جێگیر ببێ، بوونی هەبووە و هەندێ نیشانانی پەیوەندی لەگەڵ ئایدیایاندا هەیە. و پەیوەندی بە حەقیقەتەوە هەیە. پاش مردن روح بۆ قەڵەمڕەوی ئایدیالی رووت دەگەڕێتەوە. هەر مرۆڤێك روحێکی

خودایانەی هەیە کە لە جیاتی پێناوی نێوان خواو مرۆڤە. ئەم روحە خودایانەیە، بەشی باڵای روحە. و نزیکە لە خواوە.

ئەخلاق:

ئەفلاتون لەگەڵ ئەم تێۆرییەی سوکراتدایە کە فەزیلەت لە ماریفەت دایە و ئاوەز بە تەنیا هەوێن و مایەی بەختەوەرییە. بەڕای ئەو فەزیلەتی بنەڕەتی و سەرەکی دادپەروەری، میانەڕەوی، بوێری و حیکمەت دەگرێتەوە.

ئەفلاتون خۆشییە بەدەنییەکان بە کۆسپی سەر ڕێگەی ئەقڵ دەزانێ‌و باوەڕی وایە کە دەبێ دووره پەرێزییان لێ بکرێ. هەروەها ئەشق بە ڕێنوێنی مرۆڤ بەرەو جوانی و حەقیقەت‌و خێرو چاکە دەزانێ.

حکومەت‌و کۆمەڵگە:

ئەفلاتون حکومەت‌و دەسەڵاتی گەل (دیموکراسی)، حکومەتی کەمینە (ئولیگارشی)و حکومەتی زۆرداری (دیسپوتیزم) مەحکوم دەکات، کۆمەڵگەی بەرژەوەند هاوبەشی یوتوبیایی ئەو کە لەسەر بناغەی دادپەروەری ڕۆنراوە حکومەتێکی نیمچە سوسیالیستییە کە حەکیمان بەڕێوەی دەبەن، سەربازان بەرگری‌و پاسەوانی لێدەکەن، کرێکاران پشتو پشتیوانین، ئەفلاتون لایەنگری یەکسانی ژنان، پەروەردەو فێرکردنی ئیجباری، برایەتی جیهانی مرۆڤ، و فێربوون‌و فێرکردنی هونەرو ئەدەبیاتە.

شێوازی ئەفلاتون:

ئەفلاتون شێوازێکی هەمە جۆری هەیە. هەندێ جار سادەو هەندێ جار زۆر شاعیرانەیە. لە راستیدا شێوازی ئەو لە نێوان شیعرو پەخشاندایەو هەندێ جار دەبێ بە شاعیرێکی دیتورامب، بۆ دەربڕینی حەقیقەتە ڕەهاکان بە شێوەی ڕەمزی‌و استیعاری سوود لە ئەفسانان وەردە گرێ. وێڕای ئەوەی کە سوفستایی نییە، کاریگەری سوستاییەکان‌و مامۆستایانی کۆنی زانستە ڕەوانبێژییەکان بە بەرهەمەکانیەوە دیارە، بەشێوەیەکی گشتی نووسینەکانی ئەفلاتون روون،نەرم ، و ڕەوانە.

ئەرستۆ (٣٨٤- ٣٢٢ پێشن):

ئەرستۆ فەیلەسوف، مامۆستاو، نووسەرە، لە ستاگیر-ی باکوری یونان لە دایك بووە.

نیکوماخوس-ی باوکی پزیشکی ئامینتاس-س دووەمی شای مەگدونیا بوو. ئەرستۆ لە موریدانی ئیسوکراتیس"٤٢"-ی وتاربێژو پاشان (لە دەوروبەری بیست ساڵیدا) بوو بە موریدی ئەفلاتون.

ئەرستۆ، پاش مردنی ئەفلاتون ئاتینی بەجێ هێشتو بۆ ماوەی سێ ساڵان لە ئاترنیوسو ئاسوس ئاکنجی بوو. لەسەر داوای فیلیپ-ی مەقدونی، وەکو مامۆستای ئەسکەندەری مەقدۆنی چوو بۆ مەقدونیاو لە ساڵی ٣٤٢- ٣٣٥ لەم پۆستەدا مایەوەو خزمەتی کرد. ئەرستۆ لە ساڵی ٣٣٥ لوکیون"٤٣"ی کە دووەم زانستگەی جیهان بوو، لە ئاتیندا دامەزراند. پاش مردنی ئەسکەندەر لە ساڵی ٣٢٣ پێشزدا، کاردانەوەی ئاتین دژی مەقدونیا، ئەرستۆی ناچار کرد کە بۆ خالسیس هەڵێتو لە ساڵی ٣٢٢ پێشزدا مرد.

بەرهەمەکانی ئەرستۆ:

گەلێك لە نووسینو بەرهەمەکانی ئەرستۆ لە ناوچوون، بەڵام ئەو بەرهەمانەی کە ماونەتەوە (نزیکەی سیو دوو بەرهەمە) زۆر بوار دەگرنەوەو ئەوە نیشاندەدەن ئەرستۆ شارەزای هەموو زانستو زانیاریانی زەمانو سەردەمی خۆی بووەو هەوڵیداوە هەموو ئەپستمولۆژیا مرۆڤانییەکان ریزبەندی بکاتو بەسیستەمێکی تایبەتی پۆلێنیان بکات. هەندێ لە بەرهەمە گرنگەکانی بریتیین لە:

ئۆرگانون:

سەرناوی کۆی بەرهەمەکانی ئەرستۆیە لە زانستی لۆژیکدا. ئۆرگانون لە چەند نووسینێك پێکهاتووە کە بەم ناوانەن: کاتیگوریاس، تۆبیکا، قارەمانانی سۆفیستك، کە دەربارەی لۆژیکی ئەنجامگیریو خوێندنەوەنو، هەروەها نامەی شیکاری ئانالوتیکا، کە دەربارەی پێوانەو سەلماندنە.

هونەری شیعر (پۆتیکا):

کۆنترین نووسینە کە دەربارەی رەخنەی ئەدەبی نوسراوە. ئەرستۆ لەم کتێبەدا پاش پێشەکییەك دەربارەی ماهیەتو نێوەرۆكو جۆرەکانی شیعر، دەکەوێتە باسی تراجیدیاو بەشو کۆڵەکەکانی شیعر، پێی وایە هەر تراژیدیایەك دەبێ شەش کۆڵەکەی سەرەکی هەبێ- پلۆت، کاراکتەر، فیکر، دەربڕین، دیمەنسازی،و مۆسیقا. لەم کتێبەدا باسی ئەم مەسەلانە کراوە: مەلحەمە، هۆو سۆنگە، یەکێتی کاتو یەکێتیی کردار، ماهیەتو سروشتی کاراکتەران، کاروباری ماقووڵو لەگوین، و پاکبوونەوە.
ئۆرگانون لە سەرچاوە گرینگەکانی هونەری شیعرو رەخنەیەو لە سەدەی شازدەیەم بە دواوە کارێکی بێ ئەندازەی کردۆتە سەر رەخنەی دراما لە ئیتاڵیا، فەرەنساو ئینگلتەرا.

بەرهەمەکانی دیکەی ئەرستۆ:

ئـەخلاقی نیکومـاخوس، روح، کتـێبی سیاسـەت، کتـێبی وتاربێـژیو (ئەرسـتۆ داهێنـەری هونـەری وتاربێژییـە، لـەم کتێبـەدا لـە بـنجو بنـاوانو بـەکارهێنان، و زاراوەکـانی هونـەری ڕەوانبێژی، بەکارهێنانی باری دەروونی، شێوازو پێکهاتەی وتاربێژی دەکۆڵێتەوە).

بیروبۆچوونەکانی ئەرستۆ:

دەرونزانیو میتافیزیك.

ئەرستۆ تیۆری ئایدیالی ئەفلاتون ڕەتدەکاتەوە، و لە جیاتی ئەوە بە ئەساڵەتو ئەولەویەتی واقیع قاییلەو باوەڕی وایە کە شتە هەست پێکراوەکان بوونی دەرەکیان هەیەو دەکرێ پەیان پێ ببرێ. وێنە (ئایدیال) بەبێ بوونی مادە بوونی نابێ، بە هەمان شێوە مادەش بەبێ وێنە نابێ. هەر بە هەمان شێوە روحو بەدەنیش لە یەکتر جیا نین، بەڵکو تەواوکەری یەکترن. خوا ئامانجو سەرچاوەی جیهانە. جیهانیش لەسەر مەیلو تاسە بۆ خوا، دەسوڕێتەوە.

ئەخلاقیات:

ئەرستۆ باوەڕی وایە کە شادمانی خێری باڵایەو تەنیا لە ڕێگەی شتانی دەرەکی، ئەقڵ، فەزیلەتی ئەخلاقی، میانڕەوییەوە دەتوانرێ پێی بگەی. مرۆڤ خودانی ویستو ئیرادەی ئازادەو پێویستە هوشیارانە عەوداڵی فەزیلەت بێ.

بیروبۆچوونە سیاسییەکانی ئەرستۆ:

ئەرستۆ لەچاو ئەفلاتوندا کەمتر لە خەمی ژیانی هاوبەش دایە. بە باوەڕی ئەو دەوڵەت لە شارۆچکانی بچووك پێکدێ کە خێزان بەردی بناغەو هەوێنێتی. ئەرستۆ کۆیلەداری بەڕەوا دەزانێو پەروەردەو فێرکردنی بەلاوە زۆر گرنگە.

شێوازی ئەرستۆ:

زۆربەی ئەو بەرهەمانە کە لەپاش ئەرستۆ بەجێ ماون، شێوەو فۆرمی یاداشتیان هەیە، دەڵێی کورتەو سەرە قەڵەمی هەندێ بابەتن کە بە شێوەی یاداشتێن دەرسی تۆمار کراونو لەوەش دەچێ بە نیازی بڵاوکردنەوە نە نووسرابن، تەنیا یەك بەهەرمی (یاسای بنەڕەتی ئاتین) لەم حاڵە بەدەرە، ئەم بەرهەمە روون، ڕاشکاوو سادەیە.

ئەرسـتۆ زۆری مـەیل لەسـەر پـۆلێنو پێناسـە هـەبووە. بەرهەمـەکانی ئەرسـتۆ لـە چـاو بەرهەمـەکانی ئەفلاتونـدا کـەمتر شـاعیرانە، و کـەمتر عـاتیفین، و ئـەو ڕەوانییـەی شـێوازی ئەفلاتونیشیان نییە.

پەراوێز:

١- سەردەمی ئاتیك: ئاتیك ناوچەیەك بووە لە بەشی رۆژهەلاتی یونانی ناوەندی کۆن، لە دەوروبەری ئاتین.

٢- کلیس تینیس، سیاسەتوانێکی یونانی بووە لە دەوروبەری سالی ٥٠٧ پێشزدا ژیاوە.

٣- پریکلیس، سیاسەتوانێکی ئاتینی بووە، لە سالی ٤٢٩ پێشزدا ژیاوە.

٤- نیسیاس، سەردارو سیاسەتوانێکی ئاتینی بووەو لە دەوروبەری ٤١٣ پێشزدا ژیاوە.

٥- کورونیا: شارێکی کۆنی یونانی بووە لە باکووری رۆژئاوای تب دا کە مەیدانی دوو جەنگی گەورە بووە.

٦- ئابرادا تاس: فەرمانڕەوای شوش بووە، کە لە شەڕی ئاشورییەکان لەگەڵ کورشدا، هاوپەیمانی ئاشور بوو، پانتەئا-ی خێزانی بەدیلی دەکەوێتە دەستی سوپاییانی کورش، و بە هۆی رەفتاری جوامێرانەی کورش لەگەڵیا، ئابراداتاس پەیوەندی بە کورشەوە دەکات.

٧- ساتیرەکان Satyrs (لە ئەفسانەکانی یۆناندا) لە خواوەندانی جەنگی بوون کە لاقی بزنیان هەبووە. ئەم بوونەوەرانە پتر کاتی خۆیان بەسوڕو سەماو رابواردنەوە دەگوزەراندو لە موریدان و خولامانی دیونوسوس بوون.

٨- تسپیس (دەوروبەری ٥٣٤ پێشز): شاعیرێکی یونانییە. بە داهێنەری تراجیدیا دەژمێردرێ، و یەکەمین ئەکتەرە کە لە شانۆییدا بە تاقی تەنیا دەوری بینیوە.

٩- ساتیریك: جۆرە شانۆییەکە، ئەمە پتر گەمەی پێکەنیناوی بووەو ئەکتەران بەدەم سەماو سازەوەو بەجل وبەرگی ساتیرانەوە لە ستایشی دیونوسوسدا ئەنجامیان داوە.

١٠- سلینگ: لە هەندی نمایشی یونانی کۆندا لە ساتی بڕیاردراودا خودایانیان بەهۆی ئامێری وەکو سلینگەوە دا دەبەزاندە سەر شانۆ تا قارەمان لە تەنگانە رزگار بکەن و گرێیەکان بکەنەوە.

١١- یەکێتیی کات و شوێن: لەو شانۆنامانەدا یەکێتیی کات رەچاو دەکرێ هەموو کارەکان لە ماوەیەکی ٢٤ سەعاتەدا روو دەدەن. لەو شانۆنامانەدا کە یەکێتیی شوێن رەچاو دەکرێ گۆڕینی جددی دیکۆرو دیمەن زۆر پێویست نییە. لەو شانۆنامانەدا کە یەکێتیی کار رەچاو دەکرێ، پلۆت و نەخشەکەشی سادەو تایبەتە.

١٢- تروکایك: شیعرێکە کە کێشەکەی لە بڕگە بڕگە کردندا لە هیجایەکی درێژو لە هیجایەکی کورت پێك بێ.

١٣- ئیلیوسیس: شارێکی کۆنی رۆژهەلاتی یونانە لە ئاتیك کە وێران بووە.

١٤- هیرۆ، فەرمانڕەوای زۆرداری سیراکوز بووەو لە سالی ٤٦٦ پێشزدا مردووە.

١٥- دانایوس: یەکێکە لە کەسایەتییە ئەفسانەییەکانی یونان کە پەنجا کیژی بەناو دانائیدەکان هەبووە.

١٦- تانتالوس: کوڕی زیوس و بابی پلوپس بوو. ئەمە پاشای لیدیا بووەو چونکە کوڕەکەی خۆی بۆ خواردنی خودایان کردە قوربانی بە توندی سزای خۆی وەرگرت.

١٧- ئاتريوس: بابى ئاگامەمنونە.

١٨- ئورستيس: كوڕى ئاگامەمنونو كلى تمنسترايە.

١٩- خواوەندانى تۆڵە: ئەمانە بەشێوەی سێ كیژی باڵداری گێسو بەمار بەرجەستە دەكرانو تاوانبارانیان تاقیب دەكردو ئەشكەنجەیان دەدان.

٢٠- دژانیر: لە قسان كیژی پاشای كالیدونو هاوسەری هەركولە، نسوس كە یەكێكە لە سەنتورانو (خەڵقەندیەكی سەیرە كە نیوەی بەدەنی ئادەمیزادەو نیوەكەی تری ئەسپە) دەیەوێ دەست درێژی بكاتە سەر دژانیر، بە دەستی هەركول دەكوژرێ، نسوس لە كاتی گیانەللاّدا دەرمانێكی بە خوێنی خۆی ئاوێتە بەناوی (شەرابی ئەشق) دەداتە دژانیر، دژانیریش بۆ ئەوەی هەركول بێنێتە سەر سۆزو ئەشق، لە رووی سادەییو نەزانیەوە چاكەتەكەی لەو دەرمانە هەڵدەكێشێو بۆی دەنێرێ، هەركول كە چاكەتە ژەهراویەكە لەبەر دەكات تووشی خارشتو سوتانەوەیەكی سەیر دەبێو تەحەمول ناكاتو لە كێوی ئوتای نزیكی تراخیس خۆی دەسوتێنێ، دژانیرش كە پەی بە ماهیەتی دەرمانەكە دەبات خۆی دەكوژێت.

٢١- لیر: پاشای ئەفسانەیی بەریتانیاو قارەمانی تراجیدیای (شالیر)ی شەكسپیرە.

٢٢- سەركەوتنی مەزنی دەریایی: مەبەست لەسەركەوتنی یونانە بەسەر هێزی دەریایی ئێرانی سەردەمی هەخامەنشی دا لەگەڵی سالامیس.

٢٣- ئاناكساگوراس (٥٠٠- ٤٢٨ پێشز) فەیلەسوفێكی یونانی بووە.

٢٤- پروتاگوراس (٤٨٥- ٤١٥ پێشز): فەیلەسوفێكی یۆنانی رەواقی بووە.

٢٥- ئارتیمیس: بە گوێرەی ئەفسانانی یونان خواوەندی مانگو گیانلەبەرانی هۆڤیو شكار بووە.

٢٦- مینادەكان: ژنانی نیمچە رووتی هاوڕێی دیونوسوس بوون، كە ژێراو ژێر خەریكی مەی نۆشیو مۆسیقا بوون، روومییەكان پێیان دەگوتن باكانت.

٢٧- دیومیدس: لە جەگاوەرانی ناوداری جەنگی تەروادەیەو لە (ئیلیاد)دا باسی دلاوەریو قارەمانیەتەكانی كراوە.

٢٨- كۆمیدیای كۆن: بە كۆمیدیای یونانی پێش ساڵی ٣٨٠ پێشز دەگوترێو لە راستیدا مەبەست لە كۆمیدیای ئاریستوفانس-ە.

٢٩- فالیك: لە فالوسەوە وەرگیراوە كە بە مانای كێری پیاو دێتو لە یونانـدا پەرستنی باو بووە.

٣٠- نیسیاس: سەردارێكی ئاتینی بووە.

٣١- كلیون: رابەری سیاسی ئاتینو دژمنی سەرسەختی ئەسپارت بووە.

٣٢- ئاگاتون: (٤٤٥- ٣٩٩ پێشز): شاعیرێكی تراجیدی یونان بووە.

٣٣- سینوپ: لە شارە كونەكانی ئاسیای بچووك بووە، لە باكووری توركیای ئێستا.

٣٤- پلیوس: پاشای مورمیدونەكانو بابی ئاسخیلوس بووە.

٣٥- **تمیستوکلیس (٥٢٧- ٤٦٠ پێشن) سەردارو سیاسەتوانی ئاتینی بووە.**

٣٦- **پریکلیس (٤٢٩ پێشن): سیاسەتوانێکی ئاتینی بووە.**

٣٧- **میلوتوس= ملاتیە: شارێکی کۆنە لە رەخی رۆژئاوای ئاسیای بچووك.**

٣٨- **ئاگریجنتویە: شارێکە لە باشووری سیسیل کە لە رابردوودا لە شارە گەورەکانی یونان بووە.**

٣٩- **ساموس: دورگەیەکە لە یونان کەوتۆتە دەریای ئیجەوە، نزیکی کەناری رۆژئاوای ئاسیای بچووکە.**

٤٠- **ئیلیایە: شاری لوکیا-ی کۆنە، لە باشووری ئیتاڵیایە.**

٤١- **زانیارییەکانی ئێمە لەمەڕ سوکراتو بیروبۆچوونەکانی وی لە رێگەی گەزنەفۆنو ئەفلاتوونەوەیە. وەڵامی ئەم پرسیارەش کە کام هزری فەلسەفی تایبەتن بە سوکراتو هی خودی سوکراتن، مەحاڵە.**

٤٢- **ئیسوکراتیس (٤٣٦- ٣٣٨ پێشن): خەتیبو وتاربێژێکی یونانی بووە.**

٤٣- **لوکیون: یەکەمین زانستگە، ئەکادیمیاکەی ئەفلاتونە.**

سەردەمی ئەسکەندەرانی و رومی

١- سەردەمی ئەسکەندەرانی
٣٢٣- ١٤٦ پێشز

پێشینەیەکی مێژوویی:

ئەسکەندەری مەقدونی لە ساڵی ٣٢٣ پێشز مردو ئیمپراتۆریەتەکەی لە نێوان فەرماندەکانیدا دابەش بوو. بەتڵیموس-ی یەکەم، ناسراو بە سوتیر"١" بوو بە پاشای میسرو ئەسکەندەریەی گەورەترین شاری بازرگانی جیهانی کرد بە پایتەختی خۆی. ئەمە جگە لەوەی کە هەموو زانایان، هونەرمەندان و نووسەرانی گەورەی سەردەمی لە دەرباری خۆیدا خڕ کردەوە، بەتڵیموس سەرەنجام کتێبخانەی ئەسکەندەریەی دامەزراند کە بەلەز پەرەیسەندو ئەنجام کۆی کتێبەکانی گەییە حەوت سەد هەزار کتێب. پاشان جێنشینانی بەتڵیموس درێژەیان بە رێگاکەی ئەودا.

نوڕینێکی گشتی:

قۆناغی شکۆداری ئەدەبیاتی یونانی لەگەڵ مەرگی ئەرستۆدا ٣٢٢ پێشز دەگاتە کۆتایی. چالاکیە ئەدەبیەکانی یۆنان بۆ ئەسکەندەریە دەگوازرێتەوە. لە ماوەی قۆناغی ئەسکەندەریەدا دەرفەتی فێرکاری و هونەری فرەو فراوان دەبێ. بەڵام خۆڕسکی و بلیمەتی کەمە. بەرهەمی ئەدەبی بۆ خەڵکانێکی کەم لە ئەهلی مەعریفەت و رۆشنبیری دەهاتە ئاراوە، نەك بۆ هەموو خەڵکی.

تیمون فیلوس-ی"٢" شاعیری تەنزنووس لەم بارەیەوە قسەیەکی جوانی هەیە: لە میسری پڕ هەراو هەنگامەو ئاژاوەدا، کەسانێکی زۆر قەڵەو دەبن، نووسەرانی قرژاڵ و قورباغەنووس لەسەر لەبانان، قاڵە قاڵێکی بێ پایانیان لە ناو قەفەسی خواوەندانی شیعردا ناوەتەوە.

کاراکتەرسازی

تیوفراستوس (٣٢٧- ٢٨٧ پێشز):

خەڵکی لسبوس بوو، شاگردی ئەرستۆو جێنشینی ئەو بوو لە لوکیون. هەر چەندە بەرهەمێکی زۆری نووسیوە، بەڵام تەنیا سێ بەرهەمی بە تەواوی لەبەر دەستدان. دوو بەرهەمیان- مێژووی رووەکان (نۆ کتێبە)، و گیاناسی تیۆری (شەش کتێبە)- بۆ ئەمڕۆ بایەخێکی ئەوتۆیان نییە، بەڵام بەرهەمی سێیەم کەلە ژێر سەرناوی کاراکتەران-ە بە درێژی چەندین سەدە بەناوبانگ و کاریگەر بووە.

کاراکتەران، کۆی سی کورتە وەسفە دەربارەی جۆری جیاوازی ئەو کاراکتەر یا کەسایەتیانەی کە تیوفراستوس لە کۆمەڵگەی ئاتینا دەی بینین. پێدەچێت تیوفراستوس لە

وێنەگرتن و بەرجەستەکردنی ئەم کەسایەتیانەدا لەسایەی کاریگەری میناندیر-ی دۆستی خۆیدا بووبێ، چونکە هەندێ لەو کەسایەتیانە لەو کەسایەتیانە دەچن کە لە کۆمیدیاکانی میناندیردا بەرجەستە کراون.

ئەم کەسایەتیانە شۆخ تەبعی و دەسەڵاتی دەروونی خۆ دەنوێنن. هەر یەکێك لەم جۆرە کەسایەتییە وەسفکراوو بەرجەستە کراوانە لاوازی ئەخلاقی خۆی هەیە، و هەر یەکەشیان بەو لاوازییە ئەخلاقییەی خۆیەوە ناو دەنرێ و بانگ دەکرێ وەکو: خەبەرساز، ماستاوچی، دوو زمان، خانەگومان و کەودەن. شێوازی تیوفراستوس، کورت و سادەو راستەوخۆو راشکاوانەیە. وەسفەکانی زۆر کۆپی و لاساییە. زۆر نووسەانی وەکو هال، ئێرل، ئوربری و لابرویر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری وی.

هۆزان

<u>تیوکراتیوس (٣١٥- ٢٦٤ پێشن):</u>

شاعیرێکی یۆنانی ئەسکەندەرانییەو زۆر هۆزانی شوانکارەیی هەیە. زانیارییەکی کەم دەربارەی سەرەتاکانی ژیانی وی لە بەر دەستدایە. لە سیراکوز هاتە دنیاوە، ماوەیەکی لە کاسدا بەسەر برد، ئەنجام چوو بۆ ئەسکەندەرییەو بەتلیموسی دووەم (فیلادلفوس) پشتیوانی لێکرد.

<u>بەرهەمەکانی تیوکریتوس:</u>

<u>ئیپیگرام: کورتە قەسیدەی پەندئامێز:</u>

بیست سی کورتە قەسیدەی پەندئامێز دراوەتە پاڵ تیوکرتیوس، بەڵام تەنیا نۆ دانەی رەسەنییان ناسراونەتەوە.

<u>گۆرانی شوانکارەیی:</u>

تیوکرتیوس، هەمووی سێ گۆرانی شوانکارەیی گوتووەو ئەم جۆرانەی خوارەوەی لە خۆ گرتووە.

<u>شانۆنامەی بێ گفتوگۆ (Mimes):</u>

پێدەچێت ئەم کۆپلە نیمچە درامیانە، زیاتر بۆ خوێندنەوە نووسرابن تا نیشاندان و نمایش کردن.

لە نێو ئەم سروودانەدا (ژنانی سیراکوزی) و (ژنی جادووگەر) لە هەموویان بەناوبانگترن.

<u>شانۆنامەی دێهاتی:</u>

تیوکریتوس، باوکی شانۆنامەی گوندیە، و زۆربەی پرەنسیپ و ڕێساکانی دانا:

١- ناوەڕۆك: پێشبڕکێی ئاواز، ئەشقی نەبەکام، مەرگی دۆست.

٢- زەمینەو هاماج: چەمەنزارانی جوانی کەناری جۆگەو جۆبارانی پڕشەپۆلان، درەختان، لەوەڕگەی پەزان.

٣- کاراکتەران:

شوانان

٤- خەڵات و دیاری:

جامێك لە عاج یان دار، گوڵ، بەرخ، کۆتر، میوە، شیر، خوری و ئەو جۆرە شتانە.

بەناوبانگترین کاری تیوکریتوس لەم وارەدا ((مەرگی دافینس))"٣" و (جەژنی درەوی دیمیتر"٤")ە.

وردە مەلحەمان:

ئەمە کۆمەڵە شیعرێکی داستانی کورتن کە بابەتی ڕەزمی (مەلحەمی) یا ئەفسانەییان لە خۆگرتووە. بەناوبانگترینیان (هیلاهس"٥")، کە باسی خەم و پەژارەی هەرکول لە دووری هیلاس دەگێڕێتەوە.

شێوازی تیوکرتیوس:

بەرهەمەکانی تیوکریتوس زۆربەیان ئاڵۆزو دەستکردن، بەڵام هەندێ جار پەرداختێکی ئاسایی هەیە. خۆشەویستی سروشت، بەهرەی شانۆنامەنووسی، تەنزو تەوس، و کاراکتەرسازی لە سەرانسەری ئەم بەرهەمانەدا ئاشکرایە.[٤]

گوڵبژێری ئەدەبی یۆنان:

ئاگا"٦"سیاس-ی خەڵکی ئایولیا، لە سەدەی شەشەمی زایینیدا دەستی بە کۆکردنەوەی کۆمەڵە شیعرێك کرد کە ئەمڕۆ بە (گوڵبژێرێك لە ئەدەبی یونان یان گوڵبژێری پالاتین"٧") بەناوبانگە. دوا دانانی ئەم کتێبە لەلایەن سفالا"٨"س-ی خەڵکی بیزانسەوە لە سەدەی دەیەمی زایینیدا ئەنجام درا. ئەم گوڵبژێرە نزیکەی چوار هەزار شیعرو کۆپلەی نووسەرانی جیاوازی یۆنانی، لە سەدەی پێنجەمی پێش زاینەوە تا سەدەی شەشەمی زایینی لە خۆ گرتووە.

فەلسەفە

زنون کیتیومی (لە دەوروبەری ٣١٠ پێشز ژیاوە):

ئەم فەیلەسوفە یونانیە خەڵکی قوبرسەو دامەزرێنەری قوتابخانەو ڕێبازی ڕەواقییە. باوەڕی وایە کە خۆشبەختی و بەختەوەری بەرەنجامی ڕەهایی لە لەزەتە بەدەنییەکان و

پـەیڕەویکردنی ویسـتی خودایانـە. فەزیلـەت خێـری باڵایـە، و دەبـێ چاوپۆشـی لـە ڕەنـج و زەحمـەت بکرێ، زنـون، کاریگـەری بەسـەر سنکا، ئیپیکتتـوس"٩"، مـارکوس ئولیـوس، و زۆر نووسەری دیکەوە هەبووە.

<u>ئیپیکوروس (٣٤٢- ٢٧٠ پێشز):</u>

خـەڵکی سـاموس ـەو دامەزرێنـەی ڕێبـازی ئەسـاڵەت و ئەولەویـەتی لەزەتـە (Hedonism). ئیپیکوروس بەختـەوەری بەشـەر بە شـادی و شـادمانی و ڕزگـاری لە ڕەنج زەحمـەت دەزانـێ. بەبێ ئـەوەی بە ئاشـکرا نکۆڵی لـە بوونی خودایـان بکات باوەڕی وابوو کە خودایـان کـەمتر خەمی جیهان و مرۆڤ دەخۆن، کەم بایەخ و نە ئەخلاقین، و بۆیە نابێ لێیان بترسی.

لایـەنگری گۆشـەگیری و دوورەپـەرێزی لـە هـەراو هوریـای جیهانـە. هەڵبەتـە سەرچـاوەی لەزەتگـەری و لـەزەتخوازی وی تـەنیا لەسـەر بناغـەی ئامـانجێن نەفسپەرسـتانەو لـەزەتێن بـەدەنی، وەکـو هەنـدێك لـە پـەیڕەوکارەکانی دوایـی ئـەو پـەیگیرییان دەکـرد، ڕۆ نـەنرابوو، بەپێچەوانەوە ئیپیکورس پێی وابوو کە فەزیلەت، ئاوەز، ڕاسـتگۆیی و ناسـینی تەبیعـەت مـرۆڤ دەگەیەننە لەزەت، ئەو هاوار دەکات کە لەزەتێن بەدەنی دەبێ سادە بن و مـرۆڤ دەبـێ میانڕەو بێ، ئیپیکورس کاریگەرییەکی زۆری بەسەر فەلسەفەی جیهانەوە هـەبووە، بە تایبـەتی بەسـەر هوراس، و لوکرتیوس.

٢- سەردەمی ڕۆمی
١٤٦- پێشز - ٥٢٩ ز

<u>پێشینەیەکی مێژوویی:</u>

روم لـە سـاڵی ١٤٦ پێشـز کورنـت-ی گـرت و کۆتـایی بـە فـەتحی یۆنـان هێنـا. ئیـدی لەمـە بـە دواوە مێـژووی یونـان پەیوەندییـەکی نزیـك لەگـەڵ مێـژووی رومـدا پەیـدا دەکـات. داخسـتنی قوتابخانە کفرپەروەرەکان بە دەستی ژوستی نی(٥٢٩ ز)، نیشانەی کۆتایی ئـەدەبیاتی کـۆنی یۆنانە.

<u>نۆڕینێکی گشتی:</u>

لە سەردەمی رومیدا نووسراوانی پڕ بایەخ تا رادەیـەك کـەم بـوو. شـیعری بەرچاو نەنووسـرا، ژمـارەی پەخشاننووسـانی پلـە یـەك-ش کـەم بـوو. پەخشـانی ئـەم سـەردەمە لـە خزمەتـەی مێژوو، ژیاننامە، فەلسەفە، تەنز، و ڕەخنە دابوو.

مێژوو

<u>پولوبیوس(٢٠٥- ١٢٥ پێشز):</u>

خەڵکی میگالوپولیس-ە، لە ساڵی ١٦٧ پێشزدا وەکو بارمتە بۆ روم نێردرا، لەوێندەر کەوتە ناوجەرگەی دۆستانی فەرماندەی رومیو پیاوی ئەدەب پەروەر سیپیوئافریکانوس مینوردا"١٠"، و لەوەش دەچێت(هەر لە رێگەی کۆمەکی سیپیو وە) مۆڵەتی وەرگرت کە لە ساڵی ١٥٠ پێشزدا بۆ یۆنان بگەڕێتەوە. پۆلوبیوس، لەو ماوەیەدا کە لە روم ئاکنجی بوو، زۆربەی بەشەکانی کتێبەکەی (مێژووی گشتی) لە چل بەرگدا نووسی، کە تەنیا پێنج بەرگی بە تەواوەتی ماوەتەوە، ئەم بەرهەمە کە باسی شکۆی روم دەکات، مێژووی ئەو سەر زەمینەی لە ساڵی ٢٦٦ پێشزوە تا ساڵی ١٤٦ پێشز لە خۆدەگرێ. ئەم کتێبە کتێبێکی تاقەتبەرەو دوورە لە هەر هونەرییەتێك، لە رادەبەدەر بایەخ دەدا بە حەقیقەتە رووتەکان. رستەکانی درێژو ئاڵۆزن، ناوەکان نابەجێنو لە شوێنی خۆیاندا نین، ویڕای ئەمە رە.
نگدانەوەی تۆژینەوە، هەمە لایەنی مێژوویی، و بێلایەنییە.

<u>یوزفوس(٣٧- ١٠٠ ز):</u>

یوزفوس لە ئۆرشەلیم هاتە دنیاوەو بە رەوشی یەهودیان پەروەردە بوو، پاشان لەگەڵ ئیمپراتۆر تیتوس"١١"دا بۆ روم رۆیی، یوزفوس فێری زمانی یونانی بوو و مێژووی جەنگی جولەکەی، کە شەرح و شرۆڤەیەکی جوانی راپەڕینی جولەکانو دامرکاندنەوەیەتی بە دەستی تیتوس (٦٦- ٧٠ز) بە یونانی نووسی.
بەرهەمی دووەمی وی (مێژووی کۆنی جولەکەیە) کە مێژووی قەومی جولەکە لە سەرەتای بوونەوە تا ساڵی ٦٦ ز نیشاندەدات. ئەم بەرهەمە لە بەرهەمی یەکەمی یوزفوس تاقەتبەرترو لاوازترە.

ژیاننامە

<u>پلوتارك (٤٦- ١٢٠ز):</u>

لە خارونەئا هاتە دنیاوە، لە ئاتین خویندویەتی، پاشان چوو بۆ رومو لەوێندەر کەوتە دەرس دانەوە، بەرهەمی گەورەی وی بریتییە لە (ژیانێن هاوتەریب) کە بریتییە لە پەنجا ژیاننامەی پیاوانی ناودار، چوار ژیاننامەیان بەجیاو سەربەخۆنو ئەوانی دی دوو بە دوون لە هەر جووتە ژیاننامەیەك ناودارێکی یۆنان لەگەڵ پیاوێکی رومدا بەراورد دەکرێ، وەکو دیموستنو سیسرون، ئەسکەندەرو ژول سزار، پلوتارك لەم بەرهەمەمیدا ئەدیبان پشت گوێ دەخات. هەوڵ دراوە لە هەر جووتە ژینامەیەکدا دەرسێکی ئەخلاقی دابدرێ. ئەم ژینامانە تا رادەیەك بێ ئیحتوبارن، بەڵام لە رووی لێهاتوویی دراماتیکیو گێڕانەوەوە، ناسكو جوانو تەڕو تازەنو پڕن لە جوانی مەسەلەێن مرۆڤانیو لایەنی ئەقڵانی بەرجەستە. وەرگێڕانی ئەم بەرهەمانە (وەرگێڕانەکانی نورت) سەرچاوەیەك بوو بۆ شەکسپیر.

فەلسەفە

مارکوس ئورلیوس ئانتونینوس (١٢١- ١٨٠ز):

ئورلیوس-ی ئیمپراتۆری روم (١٦١- ١٨٠ز) دوا فەیلەسوفی گەورەی رەواقی. لە نەیارانی مەسیحیەتو چەوسێنەری مەسیحیان بوو. بەرهەمی هەرەگرنگی ئەو دەربارەی (خود ئەندێشە)یە، دوانزە بەرگە، کۆمەڵێك تێفکرین و بیر ئانینە، ئورلیوس باوەڕی وایە کە روحی مرۆڤ رێنوێنی باتینییە- باقی شتەکان هەموو بەتاڵن، مرۆڤ دەبێ گوێ بە ئازارو چەوسانەوە نەدات و چاوپۆشی لێبکات، مرۆڤان بە برا بزانێ، زەحمەتو رەنج و مەرگ بە سەبرو حەوسەڵەوە تەحەمول بکات، ئورلیوس شێوازێکی توندو زبرو ئاوێتە بەزاراوەێن لاتینی هەیە، بەڵام نێوەڕۆکی بەرهەمەکانی رەسەن و مرۆڤانییە.

پلوتینوس (فلوتین ٢٠٥- ٢٧٠ز):

خەڵکی لوکوپولس"١٢"-ە. نامەێن نۆمینەی کە بریتییە لە پەنجاو چوار کتێب دەربارەی فەلسەفەی نەو ئەفلاتونی"١٣" دانا، و باوەڕی بە یەکتایی هەبوو و خودای وەکو حەقیقەتی باڵا کرد بە جێگرەوەی تیوری ئایدیالی ئەفلاتونی، ئەو تیوری ئەفلاتونی دەربارەی شەیتانان، یا پێناوانی بەینی خوداو ئادەمیان قەبول دەکا و ئەوانە بە باعیسی سەرەکی شەڕ لە جیهاندا دەزانێ. نووسراوەکانی پلوتینوس شاعیرانەو رەمزین و کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر هنری مور، هنری وان، سپنسەر، میلتون و وردز ورس ەوە هەبووە.

شیعری ئاوێتە"١٤"
Satire

لوکیانوس (لوسین ١٢٥- ٢٠٠ ز):

هەجونووسێکی یونانییە کە لە سمیسات (ساموساتا) کە شارێکی کۆنی سوریایە هاتە دنیاوە، سەفەری میسر، ئیتالیاو گول و یونانی کرد و تێشووەیەکی زۆری لەم سەفەرانە پاشەکەوت کرد و بە تەواوەتی خووی بە رۆشنبیریی یونانییەوە گرت.

بەرهەمە گرینگەکان:

دیالۆگی خودایان:

گفتوگۆیانێکی خەیاڵییە کە گاڵتە بە باوەڕبوون بە خودایانی یۆنانی دەکات.

دیالۆگی مردووان:

گفتوگۆیەکی خەیاڵییە لە هەجوی فەیلەسوفان و هاوچەرخان، ئەم دیالۆگە گەوجایەتی ژیان وەبیر دەخاتەوە.

<u>مێژووی راستەقینە:</u>
سەفەرنامەیەکی خەیاڵییە کە هەجووی ئەفسانان و مێژووی یونان دەکات. قارەمانانی حیکایەت و چیرۆکەکانی لوکیانوس لە ئەنجامدانی کارێن غەریب و سەیردا لە هەموو قارەمانانی رابردووی یۆنان باڵاترین، قارەمانەکانی وی بۆ هەتاو، بۆ مانگ و دورگەکانی بەهەشت"١٥" سەفەر دەکەن.

<u>مێژوو نووسین:</u>
وتارێکە کە گاڵتە بە زێدەوێژی، نا دروستی و تەعەسوبی مێژوونووسان دەکات.

<u>تایبەتمەندییەکان:</u>
لوکیانوس، فریوو ریاکاری لە ئاین و لە ئەدەبیات و لە کۆمەڵگەدا سەرزەنشت دەکات، بەڵام زمانەکەی ئەوەندە توندو تیژو تاڵ نییە، بەڵکو رەخنەگرێکی نەرم و تا رادەیەك رەش بینە، هەندێ جار خەمینە، بەڵام هیچ کاتێك جڵەو بۆ هەست و سۆز شل ناکات و زۆربەی کات هەر رووخۆش و سوعبەتچییە، لەواری نووسین و نووسەرایەتیدا متمانەی تەواوی بە خۆی هەیە لاسایی هۆمەر، سوفستاییان، ئەفلاتون، گەزنەفۆن، و کۆمیدیای یۆنانی دەکاتەوە، بەڵام پتر مەیلی بەلای هاوشێوەگۆیی و لاسایی کردنەوەی تەوسئامێزی بەرهەمێن جدی دا هەیە.
کاری کردۆتە سەر ئاپۆلیوس، ئیراسموس، لاندور، و رەنگە سویفت-ش.

رەخنەی ئەدەبی

<u>لونگینوس یادیونوسیوس (دەوروبەری ٨٠ز):</u>
فەیلەسوف، رەخنەگرو دانەری نامەی رەخنەیی شێوازی بەرز و مەزنە، هیچ زانیارییەك لەمەر ژیانی وی لەبەر دەستدا نییە، توێژەرانی ئەمڕۆ چیتر دانەری ئەم نامەیە لەگەڵ دیونوسیوس کاسیوس لونگینوسدا (٢٧٣ز) کە سکرتێری شابانو زەنوبیای پالمیرایی بوو، تێکەڵ ناکەن.
لونگینوس پێی وایە کە ئەدەبیاتی بەرزو باڵا لە هەر کات و شوێنێکدا بێ پێویستە ببێتە مایەی خۆشحاڵی، بۆیە دەبێ هەڵقوڵاوی روحێکی گەورە بێ، شێوازی بەرزو باڵا تا رادەیەکی زۆر دەکاتە دەربڕینی روون و کاریگەر. سوورە لەسەر لاسایی کردنەوەی نووسەرانی کۆنی یۆنان، بە تایبەتی هۆمەر، ئەفلاتون، دیموستن، و هەر سێ تراجیدیا نووسە گەورەکانی یۆنان (ئاسخیلوس، سوفوکلیس و یورپیدس).
رەخنەگرانی ئیتالیایی، فەرەنساوی و ئینگلیزی قۆناغی رینیسانس و نەو کلاسیزم، نامەی(شێوای بەرز)ە کەی ئەو بە پڕ ئیحتوبارترین و پڕ بەهاترین رێنوێن دەزانن. هەندێك

لەو نووسەرانەی کە بە تەواوەتی کەوتوونە ژێر کاریگەری قووڵی ئەم نامەیەوە دەتوانرێ ناوی: بوالو، درایدنو ئەلگزاندەر پۆپ ببرێ.

<u>پەراوێزو ژێدەران:</u>

١- سوتیر (ز- ٢٨٣ پێشن): یەکەمین پاشای مەقدونی میسری کۆنە، و دامەزرێنەری خانەدانی بە تالیسەیە. وشەی "سوتیر" بە مانای رزگارکەر دێ.

٢- تیمون فیلوسی (دەوروبەری ٢٨٠ پێشن):

شاعیرێکی یونانییەو شیعری تەنزئامێزی گوتووە.

٣- مەرگی دافینس:

لە ئەفسانە یونانییەکاندا دافینس شوانێکی سیسیلییە کە بە دامەزرێنەری شیعری شوانکارەیی دەژمێردرێ.

٤- دیمیتر: دیمتر لە ئەفسانانی یۆنانی دا خواوەندی بەرەکەتو بە پیتییە.

٥- هیلاس:

لاوێك بوو لە هاوڕێیانی هەرکول کە لە یەکێك لە لەشکرکێشییەکاندا، جوانییەکەی سەرنجی خواوەندان را دەکێشێتو بۆ لای خۆیان بانگی دەکەن تا جاویدانو نەمری بکەن.

٦- ئاگاسیاس (٥٣٦- ٥٢٨ ن): مێژوونووسو شاعیرێکی بیزانسی بووە.

٧- گوڵبژێری پالاتین:

چونکە دەستووسی (گوڵبژێری ئەدەبی یونان) لە کتێبخانەی پالاتین، لە ئیتاڵیا دۆزراوەتەوە بە (گوڵبژێری پالاتین)ش بەنێوبانگە.

٨- سفالاس (سەدەی دەیەمی ز) زانایەکی بیزانسی بووە.

٩- ئیپیکتتوس (٦٥- ١٣٥ن):

فەیلەسوفێکی رەواقی یونانی بووە.

١٠- ئافریکانوس مینور (١٨٥- ١٢٩ پێشن):

فەرماندەیەکی رومییە.

١١- تیتوس (٤٠- ٨١ ن):

ئیمپراتۆری روم بووە (٧٩- ٨١ن).

١٢- لوکوپولس: ناوی کۆنی شاری ئەسیوت-ی میسرە کە کەوتووەتە رەخی رۆژئاوای روباری نیل.

١٣- نەو ئەفلاتونی: یەکێکە لە قوتابخانەی فەلسەفییەکانی دنیای کۆن کە داکۆکی لە باوەڕێن ئاینی و فەلسەفی لە هەنبەر مەسیحیەتدا کردووە.

١٤- Satire (شیعری ئاوێتە):

ئەم زاراوەیە بە شیعر یان بەیتێك دەگوترێ کە لە نێوەڕۆکی جیاواز پێك هاتبێ، رەگو ریشەکەی (Saturac)ـە لوسیوس داهێنەری ئەم زاراوەیەیە و پاشان هوراس تەواوی

کردووه. رۆژئاواییان له سەدەکانی دواتردا بە هەڵە پێیان وابووە کە لە ریشەی Satyrەوە وەرگیراوە، و سەرچاوەی هەڵەکەش ئەمەیە کە پیتی یونانی Y بە شێوەی U دەگوترێ، بۆیە ئەم دوو ریشەیە تێکەڵ بە یەکتر بوون.

١٥- دورگەکانی بە هەشت Elysium:

(لە ئاینی یونانی)دا شوێنی قارەمانان و روحانی چاکی پاش مەرگە.

١٦- نیوکلاسیزم (نەوکلاسیزم):

راپەڕینی گەڕانەوی کلاسیسزمی کۆن و بەرهەمی کلاسیکی کۆن، واتە یۆنان و روم، ئەم راپەڕینە پاش رینیسانس روویداو لە سەدەی هەڤدەدا گەییە لوتکەی خۆی. لێرەدا سەرنجی خوێنەران بۆ ئەوە رادەکێشم کە هەندێ جار راپەڕینی نێو براو تەنیا بە کلاسیزم ناو دەبرێ و زاراوەی نەو کلاسیسزم بە گەڕانەوەی ژمارەیەك لە نووسەرانی سەدەی بیستەم بۆ سەر هەندێ تایبەتمەندی کلاسیك دەگوترێ کە لە سەرووی هەموویانەوە دەبێ نێوی جیمزجویس-ی گەورە نووسەری ئیرلەندی ببەین.

بەشی سێیەم

ئەدەبیاتی رومی کۆن

سەردەمی کۆماری

(٢٤٠- ٢٧ پێشن)

<u>پێشینەیەکی مێژوویی:</u>

به گوێرەی بۆچوونی هوراس، ئەدەبیاتی روم یان لاتین لەساڵی ٢٤٠ پێشزەوە، واتە لە ساڵی پاش کۆتایی یەکەمین جەنگی کارتاژی ، بە لیویوس ئاندرو نیکوس دەست پێدەکات. روم لەوە بە دواوە بۆ ماوەی دوو سەدە سەرگەرمی جەنگ و چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هێزەکانی مدیترانەی وەکو مەقدونیە، سوریا، یۆنان، کارتاژ، نومیدیا، ئەسپانیا، گول و میسر دەبێ، لە ساڵی ١٤٦ پێشزدا یۆنان و کارتاژ دەست لە بەرخودان و بەرەڤانی هەڵدەگرن. لەگەڵ فەتحی گول لە ساڵی ٥٠ پێشز بە دەستی ژول سزار، روم دەبێ بە بووکی بێ هەڤرکی وڵاتانی مدیترانە (رۆژهەڵاتی ناڤین) پێویستە ململانێ چینایەتی و جەنگە ناوخۆییەکانیش بخەینە سەر ئەم قۆناغ و سەردەمە پڕ ئاژاوەو نا ئارامییە.
ئەگەرچی روم بە رواڵەت خودانی رژێمی کۆماری بوو، بەڵام لە راستیدا حکومەت و دەسەڵات بەدەستی چینە ئەرستۆکرات و دەوڵەمەندەکان بوو. دەسەڵاتی ئەنجوومەنی سینا (پیران) هەمیشە لە رێگەی پۆمپی"١"، ژول تزار، و خەڵکانی ترەوە کەم دەکرایەوە. بە پراکتیکی لە ساڵی ٢٧ پێشزدا ئوکتاڤیوس تزار رژێمی کۆماری بۆ ئیمپراتۆری گۆڕی.

نۆڕینێکی گشتی:

تاوەکو پێش سەردەمی لیویوس ئەدەبیاتی ئیتالیا بریتی بوو لە وێردو دوعایان، ئاوازی جەژن و ئاهەنگان، هۆزانێن تەنز ئامێز، و کورتە شانۆنامانی پێکەنیناوی سەرەتایی. تەنیا چەند پارچەیەك لەم ئەدەبیاتە ماوەتەوە. لیویوس و جێگرانی وی کەوتنە وەرگێڕان، وەرگرتن و لاسایی کردنەوەی نموونەکانی ئەدەبیاتی یونانی. تا پێش ساڵی ٢٧ پێشز بە دەگەن بەرهەمێکی لاتینی، چ لە هۆزان و چ لە پەخشان بەرچاو دەکەوێ کە کارێگەری ئە دەبیاتی یونانی پێوە دیار نەبێ. یەکەمین نموونەێن تراجیدیا، کومیدیا، مەلحەمە، هۆزانی لیریکی، وتاربێژی ومێژووی روم بەریز لە بەرهەمەکانی یورپیدس، میننادیر، هومەر، ساڤو، دیموستن، وتوسیدیدسەوە وەرگیراون. تاقە ژانرێکی ئەدەبی کە لە سەردەمی کۆماری دا سەری هەڵدا. تەنزە کە شیعرێکی تەواو رومی بوو.

شانۆنامە

لیویوس(لوسیوس لیویوس ئاندرونیکوس ٢٧٢-٢٠٧پێشز):

مامۆستاو ئەکتەرو یەکەمین شانۆنامە نووسی لاتینی یە لیویوس لە بنەچەوە یونانی وخەڵکی تارانت بوو کە لەساڵی٢٧٢ پێشز وەکو زندانی جەنگی بۆ روم برایە. لەوێندەر بوو بە کۆیلەی پیاوێك بەنێوی لیویوس. ئیدی ناوی خۆی لە ناوی ئەوەوە وەرگرت و یونانی و لاتینی فێری مناڵەکانی ئەو کرد.
لیویوس پاشان ئازادی خۆی وەرگرتەوە. لە ساڵی ٢٤٠ پێشزدا ئودیسەی بە شێوەی وەرگێڕانی ئازاد کرد بەلاتینی کە بە یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی لاتینی دەژمێردرێ. لەم وەرگێڕانە، کە بە شێوەی شیعری ناهەمواری ساتورنی"٢"یە چەند کۆپلەیەك ماوەتەوە.

سەرناوو کۆپلەی نۆ تراجیدیاو کۆمیدیای لیویوس-ش لەبەر دەستدان کە وەرگێڕانی ئازادن لەبەرهەمێن یونانیەوە. هۆزانی شانۆنامەکانی لیویوس لە وەرگێڕانی ئودیسەکەی باشترن، بەڵام ئەم شیعرانەش دژوارو مردوون.

ناڤیوس (گینوس ناڤیوس ٢٣٥- ٢٠١ پێشن):

خەڵکی کامپانیو پیاوێکی سوپایی بوو، بە دووەمین شانۆنامەنووسی لاتینی دەژمێردرێ. سیو چوار کۆمیدیاو هەوت تراجیدیای نووسیوە، کە تەنیا چەند کۆپلەیەکیان ماون، شانۆنامەکانی کێشێکی ئازاد ترو زمانێکی زندوو تریان لە شانۆنامەکانی لیویوس هەیە. ناڤیوس یەکەمین شاعیری مەزنی رومیو یەکەمین شانۆنامەنووسە کە بابەتی نووسینەکانی لە رومەوە وەرگرتووەو هەڵێنجاوە.

ئینوس (کوینتوس ئینوس ٢٣٩- ١٦٩ پێشن):

ئەم شاعیرە سێیەمین شانۆنامەنووسی لاتینییە. ئینورس کۆمەڵێك بەرهەمی لە وارە جۆراو جۆرەکانی وەکو کۆمیدیا، تراجیدیا، شانۆنامەی مێژوویی، قەسیدەی هیجاییو مەلحەمی بەرهەم هێنا. سەرناوو کۆپلەی بیستو دوو شانۆنامەی وی لەبەر دەستدایە. ئینوس بە یەکەمین ئەدیبی تەواو لە جیهانی رۆژاوداو بە باوکی شیعری لاتینی دەژمێردرێ. لە رەچاوکردنی هونەرە شیعریەکاندا گەلەك وردە.

پلاوتوس (تیتوس ماسیوس پلاوتوس ٢٥٤- ١٨٤ پێشن):

ئەم شاعیرە کۆمیدیانووسە رومییە لە ماڵباتێکی هەژار لە ناوچەی ئومبریا"٣" هاتە دنیاوە. چوو بۆ رومو وادیارە لەوێندەر کاری ئەکتەری یا دارتاشی دیکۆری شانۆیی کردووە. سەروەتو سامانێکیشی پێکەوە نا، بەڵام لە کاری بازرگانیدا ئەو سەروەتو سامانەی لە دەست داو ئەوسا بوو بە شاگرد نانەوا، شوێنی خوێندنی دیار نییە. کاتێ کەوتە شانۆنامەنووسین، زۆر زوو دەوڵەمەند بوو، پلاوتوس لە روم کۆچی دوایی کرد.

بەرهەمەکانی:

پلاوتوس نزیکەی چل یا چلو پێنج شانۆنامەی نووسیوە، بەڵام سەدو سی شانۆنامە دەدەرێتە پاڵ وی. بیست شانۆنامەی لە جۆری کۆمیدی نویێ لە پاش بە جێماوە کە هەر هەمووی کۆپی بەرهەمەکانی میناندیرە.

شانۆنامەێن تەزویرو گۆڕینی ناسنامە:

ئامفیتریون:

ئەم شانۆنامەیە لەسەر بناغەی ئەفسانەیەکی کۆن رۆنراوە. زیوس خۆی دەخاتە پێستی ئامیفیتریون-ەوەو لەگەڵ ئالکمەن-ی هاوسەری ویدا دەکەویتە ئاشقێنی و ئەشقبازی.

میر کوری"٤":

میرکوڕی لە شێوەی سوسیادا کە کویلەیە دەر دەکەوێ. ئەم کۆمیدیایە شێوازێکی شادو زندووی هەیە و پڕە لە ریسوایی. زۆر نووسەر لەوانە: مولیر، روترو، درایدن، کلیست، و ژیرودو کومیدیان لەو بەرهەمەوە وەرگرتووەو نوسیووە.

شانۆنامەێین دەسیسەو پیلان:

یەخسیرانی جەنگی:

دوو یەخسیری جەنگی، یەکێکیان کۆیلەو ئەویتریان ئەرباب، دەکەونە گۆڕینی سیماو جلوبەرگی خۆیان تا زەمینە بۆ هەلاتنی ئەرباب (ئەشراف) فراهەم بێ. هڕیو کە هەردووکیانی کڕیوە پەی بەوە دەبات کە کۆیلەکە کوڕە گوم بووەکەی خۆیەتی. لەم شانۆنامەیەدا مێملێك بە ناوی ئیرگاسلوس، بە دەم شۆخییەوە جۆرە خۆشی و ناسکییەك بە شانۆنامەکە دەبەخشێت.

نووسەر سوودێکی زۆری لە تەنزی دراماتیکی وەردەگرێ، ئەم بەرهەمە زۆر عەوام پەسندە (میللی) رووداوە ناشیرینەکانی زۆر کەمە، و لایەنە کۆمیکییەکەشی لە چاو بەرهەمەکانی دیکەی پلاوتوسدا زۆر کەمە، : ئاریوستو، جانسون، و روترە، کاریگەری ئەم شانۆنامەیەیان پێوە دیارە.

بازرگان:

لەم سوکە کۆمیدیا بەرزەدا(فارس) باوك و کوڕێك لەسەر خۆشەویستی کیژێك دەکەونە رکابەری. شانۆنامەکە زۆر دیمەنی خەندەداری تێدایە. پلۆت و بابەتەکەی بەخێرایی دەچێتە پێشێ، و لوتکەیەکی یەجگار جوان و دلگیری هەیە.

ماڵی روحان:

سوکە کومیدیایەکی خۆشە کە لاوێکی خۆشگوزەران هەوڵدەدات بادەنۆشییەکانی لە بابی بشارێتەوە. پلۆتی ئەم شانۆنامەیە زۆر لاوازە.

شەکسپیر، هیود، رنیاردو هولبرگ"٥" بە سەرۆی ئەم کۆمیدیایە هەندێ بەرهەمیان نووسیوە.

نێرەنگباز:

له كۆمیدیا خۆش‌و میللییه‌كانه. بابه‌تی شانۆنامه‌كه ده‌سیسه‌كاری‌و پیلانگێڕی ئاشقێكی لاوه كه بۆ رزگاركردنی ماشوقه‌كه‌ی خۆی له چنگی ره‌قیب پێویستی به پاره ده‌بێ. رووداوه‌كانی شانۆنامه‌كه به خێرایی روو ده‌ده‌ن، به‌ڵام له نه‌خشه‌و پلوته‌كه‌یدا هه‌ندێ ناكۆكی لاوه‌كی هه‌یه. دوا دیمه‌نی شانۆنامه‌كه به مه‌ستی قاره‌مانه‌كه‌وه له‌زه‌ت به‌خشه.

ستیخوس:

ئه‌م شانۆنامه بێ فۆرم به‌ڵام شاده نیشانده‌ری ژیانی ئاسوده‌و ساده‌ی كۆیلانه. ته‌قریبه‌ن نه نه‌خشه‌و پلۆتێكی ئه‌وتۆی هه‌یه‌و نه حاڵه‌تی چاوه‌ڕوانی له‌لای بینه‌رو ته‌مه‌شاڤان دروست ده‌كات. باوكێك هه‌وڵده‌دا كه دوو كیژه‌كه‌ی قاییل بكات كه به هومێدی گه‌ڕانه‌وه‌ی هاوسه‌ره‌كانیان، كه ده‌مێكه بێ هه‌واڵ ئه‌وانیان جێهێشتووه، نه‌بن. به هه‌ر حاڵ جووته مێرد به ده‌وڵه‌مه‌ندی ده‌گه‌ڕێنه‌وه‌و به گه‌رمی پێشوازیان لێده‌كرێ.

ترینوموس:

ئه‌م شانۆنامه‌یه ده‌رباره‌ی پیاوێكی گه‌نجه كه ناتوانێ جیازی بۆ خوشكه‌كه‌ی فه‌راهه‌م بكات. یه‌كێك له‌لایه‌نه غه‌ریبه‌كانی ئه‌م شانۆنامه‌یه ئه‌وه‌یه كه ده‌وری ژنی تێدا نییه.

دووباكید:

ئه‌م شانۆنامه‌یه پلۆت‌و نه‌خشه‌یه‌كی سواوی هه‌یه كه بریتییه له حیله‌یه‌ك بۆ وه‌ده‌ست هێنانی پاره. وه‌سفی كاراكته‌ری شانۆنامه‌كه سه‌ركه‌وتووه، به‌ڵام خودی شانۆنامه‌كه تا راده‌یه‌ك ناپوخته دێته به‌رچاو.

كاسینا:

سووكه كۆمیدیایه‌كی دوور له نه‌زاكه‌ت به‌ڵام زۆر لیریكییه- له بونیادی شانۆنامه‌كه‌دا گرێ كردنه‌وه به‌سوود وه‌رگرتن له دووباره ناسینه‌وه ئه‌نجام ده‌درێ. بونیادی شانۆنامه‌كه وه‌ستایانه‌و تۆنه‌كه‌ی بته‌وه.

شانۆنامه‌ی كاراكته‌ر (كه‌سایه‌تی):

سه‌ربازی خۆ هه‌ڵكێش: درامایه‌كی ناپوخته‌یه‌و له‌سه‌ر بنه‌مای كه‌سایه‌تی سه‌ربازێكی فشه‌كه‌ر رۆنراوه. ترنس، یوداڵ، دولچی، بائیف، مارشال، گریفیوس، و هولبرگ– له راده به‌ده‌ر له‌ژێر كاریگه‌ری ئه‌م درامایه‌دا بوونه.

گه‌نجی ته‌ڵا:

کۆمیدیایەکی وەستایانەیە کە بە دەوری تەوەری کەسایەتییەکی پیسکەدا دەسوڕێتەوە. هەندێ کەس پێیان وایە لاسایی کردنەوەیەکی شانۆنامەیەکی ونبووی میناندیرە. پارێزی لە رادەبەدەر دەبێتە هۆی ئەوەی کە کابرای پیسکە گەنجەکە لە دەست بدات. چنینی پلۆتی دراماکە لۆژیکییە.

شانۆنامەێن ناسینەوە:

کارتۆنی جەواهێرنیشان:

ئەم شانۆنامەیە نەخشەو پلۆتێکی بێ بەهای هەیە، کارتۆنێکی چکۆڵە ناسنامەی کیژێکی کۆیلە کە لە بنەماڵەیەکی ئەسڵزادەیە ئاشکرا دەکات، هەنگێ باوکێك قاییل دەبێ کە کوڕەکەی لەگەڵ ئەو کیژەدا زەماوەند بکات. ئەم کوڕە بە بوێرترین ئاشقی ناو کۆمیدیای تازە دەژمێردرێ. چەند دیمەنێکی ناشیرینی تێدایە.
دەقی شانۆنامەکە دەستکاری زۆر کراوە.

جمکانان:

لە ناودارترین شانۆنامەکانی پلاوتوسە جیابوونەوەی جمکانەکان دەبێتە مایەی هەڵەی سەرگەرمکەر. سەرەنجام گرێی شانۆنامەکە بە یەکتر ناسینەوەی ئەم دووە، دەکرێتەوە. شەکسپیر لە دانانی شانۆنامەی (کومیدیای هەڵەکان)دا لە کاریگەری ئەم شانۆنامەیە بەدەر نەبووە، بەڵام ئەم دوو شانۆنامەیە چوونیەك کۆتاییان نییە.

پەت:

بابەتی شانۆنامەکە رزگاری ژنێکی ئابڕومەندە لە چنگی کابرایەکی ناکەسبەچە. باوکێك بەدیتنی ئەو پەتەی کە بە جانتای ژنی قارەمانی چیرۆکەکەوە بەستراوە، پەی بە ناسنامەی ئەو کە کیژە ونبووەکەی خۆیەتی دەبات. ئەم درامایە هاماجیرۆمانتیکی، کاراکتەرسازی لۆژیکی، رووداوی دراماتیکی، هونەری تەوس‌و توانج‌و زندووی تیایە، هیوود کاریگەریی ئەم بەرهەمەی بەسەرەوە بووە.

شانۆنامەکانی دیکەی پلاوتوس:

گوندی، کۆمیدیای باج، ئیپیدیکوس، ئێرانیان، کارتاژیان، قالۆنچان.

تایبەتمەندییەکانی شانۆنامەکانی پلاوتوس:

١- لێکدانی رەگەزانی یونانی‌و رومی (دیمەنەکان لە یونان-ن، بەڵام شوێن و داب‌و نەریتەکان هەموو روومییە.

٢- پلۆتی گونجاو و سفت چنراو (بەڵام نەك هەمیشە).
٣- کاراکتەرانی قەراردادی (تەقلییدی).
٤- کێش و وەزنی ئازادو هەمە جۆر، پتر تروکائیکی حەوت یا هەشت کۆڵەکەیی، و هەندێ جار ئیامبیك.
٥- دیالۆگ لەگەڵ روحاندا.
٦- ئاوازی زۆر.

کورتەیەکی رەخنەکان:

رەنگە گەورەترین کەم وکوڕی بەرهەمەکانی پلاوتوس کۆنی و دووبارە کردنەوە بێ، بۆ نموونە نەخشەو پلۆتی چوار شانۆنامە لە کۆی بیست شانۆنامەکەی وی لەسەر بناغەی ئەو فەندو فێڵانە رۆنراون کە ئاشقان بە مەبەستی فەراهەمکردنی پارەو پوڵ پەنایان بۆ دەبەن. هەروەها کەم و کوڕییەکی دیکەی بەرهەمەکانی پلاوتوس سوود وەرگرتنە لە کاراکتەرانی تەقلیدی، وەکو ئەڤیندداری لات و دەستکورت، مێمڵ، کۆیلەی پیلانگێڕ. هەندێ تەگبیری دیکەش کە بۆ نیشاندانی روخۆشی و شۆخ تەبعی بەکار براون، کۆنن وەکو ترساندنی کۆیلەیەك و لەو بابەتە شتانە. وێڕای ئەمەش، لە چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ پلۆت، کاراکتەرسازی، و شێوەکانی پیشاندانی شۆخی و سوعبەتدا، هەمە رەنگییەکی ئاشکرا لە بەرهەمەکانیدا بەرچاو دەکەوێ.

پلاوتوس، بایەخ تەنیا بە یەك گۆشەی ژیان -بەشێوەیەکی گشتیش بە گۆشەیەکی بێ بایەخ- دەدات، بەڵام نابێ ئەوە ژبیر بکرێ کە ئەو بە مەبەستی فێرکردن نانووسێت، بەڵکو لە بنچینەدا بە مەبەستی سەر گەرمکردن دەنووسێت و لەم کارەشدا سەرکەوتووە.

تەکنیکی وی بێ بەند و بارە، پەلە کاری پلاوتوس لە واری نووسیندا دووچاری زۆر ناکۆکی و دووبارە کردنەوەو کاوێژکردنەوەی دەکات، بەڵام وێڕان ئەمەش لە واری کێش و وەزن، حاڵەتی سروشتی دیالۆگ، زمانی زندوو، سادە، رەوان و دوورەپەرێزی لە زاراوەێن یۆنانی، ستایشی دەکەن.

دوا قسە ئەمەیە کە پلاوتوس بە هۆی زبری و شاشی و دزێوی زمانەوە بووە بە مایەی سەرزەنشت، بەڵام بە خۆشتەبعی بەردەوام و (جگە لە شانۆنامەی گوندی) زیتەڵی و چەلەنگی و خۆشرەفتاری خۆی، ئەوە قەرە بوو و دەکاتەوە.

ترنس (پوبلیوس ترنتیوس ئافر ١٨٥- ١٥٩ پێشز):

شاعیرێکی کۆمیدیانووسی رومییە، لە کارتاژ هاتە دنیاوە، ترنیتوس بوکانوس ئەوی بە کۆیلەیەتی بۆ روم هێنا، تەعلیمی داو پاشان ئازادی کرد. وا باوە کە ترنس لە دۆستانی نزیکی سیپیوئافریکانوس مینور بووە، شەش شانۆنامەی نووسی کە لە چەپۆکی رۆژگار دەرباز بوون، ترنس لە رومەوە بۆ یونان چوو و پێدەچێ مەبەستی لەم سەفەرە کۆکردنەوەی شانۆنامەکانی

میناندیر بووە. هەندێ پێیان وایە لە یۆنان مردووەو هەندێکی دی لایان وایە لە دەریادا، لە کاتی گەڕانەوەی بۆ روم مردووە.

بەرهەمەکانی ترنس:

هەموو شانۆنامەکانی ترنس ماونەتەوە. چوار شانۆنامەی لە بەرهەمەکانی میناندیرەوە وەرگیراون و دوو شانۆنامەیشی لە بەرهەمەکانی ئاپولودوروس"٦"-ی خەڵکی کاریستوس-ەوە کە بە خۆی بە یەکێك لە موریدانی میناندیر دەژمێردرا، وەرگیراون.

ژنی ئاندروس (ئاندریا):

ئەم کۆمیدیایە لە بنەڕەتدا وەرگێڕانی یەکێك لە شانۆنامەکانی میناندیر-ە، پلۆت و نەخشەکەی سادەیە: لاوێکی ئاتینی حەز لە کیژێکی بیانی دەکات، بەڵام زەمینەی زەماوەندی ناچاری وی لەگەڵ کیژێکی دیکەدا فەراهەم کراوە. سەرەنجام ناسنامەی کیژە بیانییەکە، کە ئاتینییە، ئاشکرا دەبێ. ئەم کۆمیدیایە کاریگەری بەسەر ستیل، بلامی، و تورنتون وایلدەرەوە هەبووە.

خود ئازاری:

ئەم شانۆنامەیە لە میناندیرەوە وەرگیراوە، پلۆت و نەخشەکەی کۆنە، میندیموس باوکێکە کە لە بەدگومانی دەربارەی کوڕەکەی ژیوان دەبێتەوەو گیرۆدەی غەزاب دەبێ. کوڕە ئاشقی کیژێك دەبێ و بە ڕەزامەندی بابی زەماوەند لەگەڵ کیژەدا دەکات. کرمیس باوکێکی دیکەیەو لە رادەبەدەر متمانە بە کوڕەکەی دەکات و لاف و گەزافێکی زۆری پێوە لێ دەدا بەڵام کاتێ پەی بەوە دەبات کە کوڕەکەی ئاشقی ژنێکی سوزانییە، ئەویش گیرۆدەو گرفتاری عەزاب دەبێ. سەرەنجام ژنەکەی میندیموس کچی کرمیس دەردەچێ، ئەم درامایە پەیامێکی جددی هەیە: مرۆڤ دەبێ خۆی لە بیرو خەمی کاری خۆیدا بێ ترنس لە ڕێگەی ڕووبەڕووکردنەوەی باب لەگەڵ باب، و کوڕ لەگەڵ کوڕدا تایبەتمەندی کاراکتەرانی جۆراوجۆر ئاشکراو بەرجەستە دەکات.

خواجە:

ئەم کۆمیدیایە لە شانۆنامەیەکی میناندیرەوە بە هەمان سەرناو وەرگیراوە. سەرکەتووترین شانۆنامەی ترنس-ە، جگە لەو ناڕەزاییانەی کە هەندێ جار لە رووی ئەخلاقیەوە لێی دەگیرێ، شانۆنامەیەکی شادیبەخش و سەرگەرمکەرەو لە باری هونەرییەوە پوختەیە. لە نەخشەو پلۆتی شانۆنامەکەدا ئەشقبازی، رووداو، گۆڕینی ناسنامەو ئاشکرا بوون و ناسینەوە وەستایانە ئاوێتە کراوە. کاراکتەرسازی شانۆنامەکەش مایەی سەرنجە. ئەم کۆمیدیایە کاری لە سەر بەرهەمێن یودال، شەکسپیر هەبووە.

فورمیو:

لە شانۆنامەیەکی ئاپولودروس-ەوە وەرگیراوە. کۆمیدیایەکی خەندەدارە کە ئاشکرا بوونو ناسینەوەو پارە، بابەتی سەرەکی پلۆتەکەی پێك دەهێنن. کەسایەتی ئانتیفو و دەمیفۆ سەرکەوتووانە وێنە گیراون.
نێرەنگەکانی سکاپین-ی مولیر لە ژێر کاریگەری ئەم درامایەدا نووسراوە.

<u>برایان:</u>
لەسەر بنەمای شانۆنامەیەکی میناندیر نووسراوە. بە زەنی ترین بەرهەمی ترنس دەژمێردرێ، کە پلۆتێکی دوو لۆنەی هەیە، بەڵام نەدەسیسەیەك لە ئارادایەو نەناسینەوە: بابەتی شانۆنامەکە لە سەرەتاوە بریتییە لە باسو خواسو گەنگەشەو لایەنگری لە زەبتو رەبت لە هەنبەر بێ موبالاتی لەواری پەروەردەو فێرکردندا، شانۆنامەکە بە وەرچەرخانێکی سەرسامکەر کۆتایی دێ، کاراکتەرسازی وەستایانەیە. یەکێك لە لایەنە نا باوەکانی ئەم بەرهەمە بەکارهێنانی زۆری مەنەلۆگو گفتوگۆ لەگەڵ خوددایە. ئەم کۆمیدیایە کاری کردۆتە سەر قوتابخانەی مێردان-ی مۆلیرو باوکان-ی فیلدینگ-.

<u>تایبەتمەندییەکانی شانۆنامەکانی ترنس:</u>
مەودای بابەتی شانۆنامەکانی ترنس سنووردارە، بنەمای پێنج لە شەشی شانۆنامەکانی وی بریتییە لە زەماوەندو زەوجینی نا بەکام، لەم پێنج شانۆنامەیەش گرێی چواریان بە ئاشکرا بوونی ناسنامەی کیژێك وەکو هاوولاتییەکی ئاتینی، دەکرێتەوە. لە شانۆنامەکاندا داوی رووداوەکان وەستایانە پێکەوە دەچنرێو کاراکتەرسازیان دڵگرە. غیابی هەموو شت زانێك کە کاراکتەرانی شانۆنامەکە بەرەو چارەنووسی حەتمیان ئاراستە بکات، یەکێکە لە تایبەتمەندییە هەرە گرینگەکانی شانۆ نامەکانی ترنس.

<u>کورتەیەکی رەخنەکان:</u>
بە شوشیو روو خۆشی لە بوونی ترنسدا کەمە، شانۆنامەکانی لە ئەندازە بەدەر جددین، شادمانیان کەم تێدایەو لە توانای پێکەناندن بەدەرن، ئەگەرچی پلۆتەکانی بونیادی بتەویان هەیە، بەڵام زۆر سواوو دووبارەن، وێرای ئەمەش شانۆنامەکانی ترنس لایەنی ئیجابی زۆریان هەیە: ناسکیو رازاوەییان مایەی بایەخە. مەسەلەو بابەتی واقیعی دەخەنە بەر باس. وێنەگرتنی کەسایەتیو کاراکتەرەکان وردو لوژێکییە. زمانی ترنس سروشتی، سادە، پوختە، راشکاوو راستەوخۆو چرە.

<u>بەراوردی نێوان پلاوتوسو ترنس:</u>
شێواز: شێوازی ترنس پوختەتر، یەکپارچەتر و هونەرمەندا ترە.
تۆن: ترنس تۆنێکی ئاغرانەتر، نەرمتر، و مرۆڤانی تری هەیە.

پرەنسیپی ئەخلاقی: ترنس لە چاو پلاوتوسدا هیچ جۆرە ڕێگەیەکی پێشڤەچوونی پرەنسیپی ئەخلاقی نادات.
خۆشتەبعی: بەرهەمی ترنس کەمتر پێکەنین ئاوەرە. شانۆنامەکانی ئاوێتەی شۆخییە بەڵام ئەم شۆخیانە نەرم و ئاغرانەیەو لە چاو شانۆنامەکانی پلاوتوسدا جددی ترن.
پلۆت: پلۆتی شانۆنامەکانی ترنس لە رووی هەمە جۆرییەوە هەژارە، بەڵام هاوئاهەنگی و روونی و یەکێتی و یەکپارچەیی زیاتریان تێدایە.
کاراکتەرسازی: هەمە جۆری کاراکتەرەکان لە بەرهەمی ترنسدا کەمترە، و نوێنی وی سنوردارترە، بەڵام کاراکتەرسازی وی دیارترو گونجاوترە.

دەربڕین و گوزارشت:

زمانی ترنس سادەترو رازاوەترەو کەمترین نزیکی لە زمانی خەڵکی کوچەو بازاڕەوە هەیە.

Satire ((تەنز))

لوسیلیوس (گایوس لوسیلیوس ١٨٠- ١٠٢ پێشن):

ئەم شاعیرە رومییە بە دامەزرێنەری بەرهەمێکی ناوەڕۆك جیاواز وەکو ژانرێکی ئەدەبی سەربەخۆ دەژمێردرێ. وتاربێژی کوڕی سیپیو (سەرداری بەناوبانگی رومی) بوو. سی بەیتی ناوەڕۆك جیاوازی دانا کە تەنیا هەندێ پارچەو کۆپلەی (نزیکەی ١٣٠٠ بەند) ماوەتەوە. لوسیلیوس شیعرەکانی بۆ خەڵکی ئاسایی و رەمەکی مەردم دەگوت. زیاتر لە روح و گیانی کۆمیدیای کۆن نزیك دەبێتەوە. لە هەندێ شیعریدا هێرش دەکاتە سەر خەڵکانێکی دیار یان لاوازی ئەخلاقی مەردم دەداتە بەر پلارو توانج. بەڵام گەلێك لە شیعرەکانی دیکەی وی بە ماناو چەمکی تازە هەجو نین. بەڵکو هەواڵی سەفەران، ستایشی سیپیو و شەرح و شرۆڤەی دادگاییەکان و تاقیبیان دەگرێتەوە. دژمنی دوو روویی و ریاکارییە. زمانێکی تیژو توندو راشکاوو نەباوی هەیە. لوسیلیوس وەزنی تروکائیکی حەوت سیلایی، ئیامبیك، یان شین و لاوانەوە بەکار دێنێ، ئەو شێواز و قاڵبی شیعری تێکەڵی لاتینی بونیاد ناو، سوود وەرگرتنی لە حیکایەت و ئەفسانە و مێژوونووسی و گفتوگۆ کرد بەباو.

فەلسەفە

لۆکرتیوس (تیتوس لوکرتیوس کاروس ٩٩- ٥٥ پێشن):

شاعیرو فەیلەسوفێکی رومییە، لە روم لە دایك بوو، شتێکی ئەوتۆ دەربارەی ژیانی نازانین، وا دیارە لە بنەماڵەیەکی خانەدان و لە دۆستانی سیسرون و میموس"٧" (پەناو هاندەری شاعیران، لەوانە کاتولوس) بووە، وا باوە کە لوکریتوس لە ئەنجامی خواردنەوەی شەرابێکی ئەشق ئاوەردا تووشی جۆرە شێتییەکی ناو بەناو بووەو کە جار جارە بەهۆش هاتووەتەوە لەو بەینەدا بەیتێکی

دەربارەی سروشتی شتان نووسیوەو سیسرون-ی وتاربێژی بەناوبانگ راستی کردووەتەوە. ئەنجام لوکرتیوس لە تەمەنی چل‌و نو ساڵیدا خۆی دەکوژێت.

بەرهەمەکانی لوکرتیوس:

دەربارەی سروشتی شتان:

بەیتێکی تەواو نەکراوی فەلسەفیە لە شەش بەرگدا (٧٤١٥ بەیتە) لەسەر وەزنی شەش کۆڵەکەیی سێ سیلابی هۆنراوەتەوە. کاریگەری دیموکرتیوس، ئەمپدوکلیس، هۆمەر، ئەنیوس و ئەپیکوروس بەم بەرهەمەوە ئاشکرایە. کوکرتیوس لەم بەیتەدا هەوڵدەدا بەشەر لە ترسی خودایان رزگار بکات، و بیسەلمێنێ کە روح شتێکی مادديیە لەگەڵ لە دایك بوونی بەشەردا دێتە ئاراوە و لەگەڵ مردنیا لە نێو دەچێت. ئەم بەرهەمە هەندێ مەزەندەو پێشبینی سەیرو وردی لە خۆ گرتووە (بە گوێرەی تێوریيە زانستییەکان‌و کەشفیاتی سەد ساڵی رابردوو) دەربارەی بونیادو پێکهاتەی ئەتۆم، پەرەسەندن، مرۆڤ ناسی، و گۆڕانکاری رێکەوتەکی لە زیندەوەرزانێدا.

بیرە بونیادییەکان:

تێوری ئەتۆمی: (پتر لە کتێبی یەکەم و دووەم دا هاتۆتە دەربڕین، و تەقریبەن بە شێوەیەکی گشتی لە دیموکریتوس و ئەپیکوروس-ەوە ئیلهامی وەرگرتووە).

هیچ شتێك لە نەبوونەوە نایەتە ئاراو هیچ بوونێك لە نێو ناچێت. جیهان بێ کۆتاییە، و لە هاماج و گەردیلەی بێ کۆتایی، واتە لە ئەتۆمان پێکهاتووە. ژمارەی ئەتۆمان بێ کۆتاییە بەڵام جۆرەکانی ئەتۆم کۆتاییان هەیە. جیاوازی ئەتۆمان لە کێشدا، ئەندازەو فۆرمی ئەتۆمانە. ئەتۆمان نەگۆڕو پایەدارن، و هەمیشە لەجوڵەدان.

تێوری روح و گیان (کتێبی سێیەم):

روح دەبێ بەتەواوەتی بە گوێرەی مادده بێتە رونکردنەوە- ئەتۆمانی زۆر ناسك، نەرم و جوڵەدار، یەکەیەك دێننە ئاراوە کە لە دوو بەش، لە ئانیماو لە ئانیموس پێك دێت. ئانیما چەق و هۆی ژیانە، و ئانیموس شوێنی ئاوەز، هەست، و ویستە. ئەتۆمانی روح لە کاتی لە دایك بووندا دەبن بە بەشێك لە بەدەن، لە کاتی مردندا بەدەن بە جێ دەهێڵن تا ببنە پاژی تر لە تەبیعەتدا (لوکرتیوس بیست وهەشت بەڵگە بۆ سەلماندنی مردنی روح دێنێتەوە.).

باوەڕێن ئاینی:

باوەڕی بنجبڕ بە خودایانی یونانی و رومی- خواوەندانێ بە توانای داهێنانی مەزن و بەهرەی ئەخلامی کەمەوە- باوەڕێکی درۆیە، کە لە ترس و خورافاتەوە چێدەبێ. چونکە ئەم جۆرە خودایانە هەرگیز بوونیان نییە. (ئیدی ئایا لوکرتیوس باوەڕی دروستی بە یەك خوا یان چەند خوایەك هەبووە، ئەمە روون و ئاشکرا نییە- چونکە هەندێ جار بە خودایانی گۆشەگیر، تەواو

ئارام و خۆشحاڵ، و بیٚ خەبەر لە کاروباری دنیا، کە لە فەزای درەخشانی نیٚوان دنیایەکان ئاکنجین، هەندیٚ جاری دی بەهیٚزین سروشتیان دەزانیٚ کە لە شیٚوەی ئەتۆماندان و لەهەموو شویٚنیٚکی جیهان بوونو ئامادەگیان هەیە):

ئەخلاق:

لوکرتیوس مورید و پەیڕەوی ریٚبازی لەزەتخوازی-ی ئەپیکورە. خۆشبەختی و بەختەوەری لە رەهایی و رزگاربوون لە ترس لە خودایان، لە ترس لە مردن، و ترس لە ژیانی پاش مردن و باوەڕی وایە مرۆڤ بۆ ئەوەی بگاتە شادی و بەختەوەری دەبیٚ خۆی لە کۆمەڵگە بە دوور بگریٚ و ریٚگەی ئەقڵ و فەزیلەت بگریٚتە بەر. هەڵبەتە ئەو هەرگیز خۆی لە قەرەی پیٚناسە کردنی فەزیلەت نادات، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە فەزیڵەت و لە رەزیلەت دەژمیٚریٚ.

شیٚواز: شیٚوازی لوکرتیوس لە رادەبەدەر راستەوخۆو تاقەتبەرە، بەڵام هەندیٚ جار هەستئامیٚز و رەوانە. سوودی زۆر لە زاراوەیٚن کۆن، دەستەواژەی غەریب، گونجانی حەرفو پیتان، حەرفی هاو دەنگو هاوسەدا،و رەمزو خواستن وەردەگریٚ.

کاریگەری لوکرتیوس:

لوکرتیوس، کاریگەرییەکی زۆری(شایەدا) بەسەر کارتولوس، هۆبس"٨"، روسو، و ڤولتیرەوە هەبووە.

هۆزانیٚن لیریکی

کاتولوس (گایوس ڤالیریوس کاتولوس ٨٤- ٥٤ پیٚشز):

شاعیریٚکی رومییە، لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند، لە ڤیرونا"٩" هاتە دنیاوە، کاتولوس لە دەوروبەری ساڵی ٦٢ پیٚشز کلودیا (لسبیا، ئیلهامبەخشی شیعرەکانی) لە روم بینی، نزیکەی پیٚنج ساڵ پەیوەندی ئەڤینداری لەگەڵدا هەبوو، و زۆربەی ئەم ساڵانەی لە روم گوزەراند، لە ساڵی ٥٧ پیٚشزدا وەکو ئەندامی گروپی میموس سەفەریٚکی بتینیا"١٠"-ی کرد، پاش گەڕانەوەی بۆ ئیتالیا لە سیرمیو"١١"و فیرونادا نیشتەجیٚ بوو، و جار جاریٚ سەفەری روم-ی دەکرد.

بەرهەمەکانی:

کاتولوس، لە ژیٚر کاریگەری راستەوخۆی گەورە شاعیرانی لیریکی بەتایبەتی سافو، ئالسیوس، کالیماکوس، شاعیرانی ئەسکەندەرانیدا دایە، هەروەها قەرزارباری شاعیرانی لاوی رومیو موریدانی قوتابخانەی ئەسکەندەرییە-ی وەکو سینا"١٢" و کالڤوس"١٣"ـە، کاتولوس سەدو شازدە شیعری لە پاش بەجیٚماوە.

شیعره درێژەکانی:

شیعره درێژەکانی کاتولوس بریتیین له دوو شیعری شایی و زەماوەند (٦١- ٦٢)، شیعرێکی غەزەل (٦٣)، بەیتێکی مەلحەمی کورت (٦٤)، و پێنج شینامه (٦٥، ٦٨، ٧٤). به شێوەیەکی گشتی شیعره درێژەکانی شاعیر له چاو شیعره کورتەکانی دا زیاتر بێرونگەرا و کەمتر هەستۆکین ،(شیعره زەماوەندی، مەلحەمی و لاوانەوەکانی کاتولوس) ئەگەرچی له شیعره لیریکییەکانی جیا بوونەتەوە بابەت و تیمەی لیریکی فرەیان تێدایه.

شیعره کورتەکانی:

هۆزانێن لیریکی (نزیکەی ٦٥ غەزەله):

به ئاسانی دەتوانرێ شیعره لیریکییەکانی کاتولوس له چوار گروپدا ریزبەندی بکرێن:

١- دەربارەی ئەڤینی (بەتایبەتی بۆ لسبیا) که به گرنگترین بابەت دەژمێردرێ، ئەم شیعرانه باسی پەیوەندی کاتولوس لەگەڵ کلودیا-ی هاوسەری میتلوس سیلر-ی گونسوڵ و حوکمڕانی باکوری ئیتاڵیا دەکەن. کلودیا ژنێکه زیرەك، جوان، بێ موبالات و سەربەست. غەزەلەکانی کاتولوس لێوان لێون له هەستێن جۆراو جۆرو هەڵچوون و جۆش و خرۆشی توند (٥٠، ٥١): ستایشی جوانی کلودیا (٨٦)، دوو دڵی له ئەڤینداری ئەو (٨٥- ٩٢)، غیرەو حەسودی (٧٦- ٧٧)، بێ موبالاتی (١١).

٢- شیننامەکان:

ناودارترینیان شیوەنێکه بۆ براکەی (١٠١).

٣- کۆمەڵێك شیعر دەربارەی سەفەرو گەڕانەوە بۆ نیشتمان (٣١- ٤٦).

٤- هۆزانێن جۆراوجۆر:

ئەم گروپه بریتییه له حیکایەت (١٠- ٥٣)، سەرزەنشتان (٣٠، ٣٨، ٤٠)، دوعاو دروداn (٩، ١٣، ٢٨)، یەك تازیەنامه (٩٦)، یەك سروودی ستایش(٣٤)، گۆرانییەکی بادەنۆشی (٢٧)، هەندێ شیعری دیکه.

شێوازو تەکنیك:

دەرونگەرایی، گەرمی، ناسکی، جوانی، جۆش و خرۆش و راستگۆیی خەسڵەتی شیعرەکانی کاتولوسه، دەربڕین و گوزارشتی وی عادەتەن سادەو دیالۆگییه- پڕه له کورتبڕی و خوازەو خواستن. کاتولوس سوود له نزیکەی دوازده وەزنی جۆراو جۆر وەردەگرێ، به تایبەتی شیننامه، شەشینه (شەش سیلابی)، ئیامبیك، و یازده سیلابی.

کاریگەری کاتولوس:

کاتولوس کاری کردۆته سەر ئەدەبیاتی رومی (بەتایبەتی ڤیرجیل، مارشال"١٥" و ئوڤید). کاریگەری وی بەسەر ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتەوە له ساڵی ١٥٠٠ ز به دواوەو (بەتایبەتی بەسەر

ویات، سیدنی، کمپیون، جونسن، ڤولتیر، هریك، سویفت، بایرون، لاندور، تینی سن، و سوین برن)ەوە دیارە.

بایەخی کاتولوس:

ئەگەرچی قەوارەی شیعرەکانی کاتولوس زۆر کەمە یان بچووکە (بە هەمووی نزیکەی ۲۳۰۰ بەیتە) لەگەڵ ئەمەشدا بە یەکێك لە سێ شاعیری گەورەی لیریکی لاتین (دووانەکەی دی هۆراس فیرجیل)ن دەژمێردرێ، شەقلی مرۆڤانی، بتەوی و کۆکی، راستگۆیی، و کەماڵی هونەری شیعرەکانی دەیخەنە ریزی سافو و شیلییەوە. میکاولی بە شاعیرێکی ستایشئەنگێزی ناو دەبا تینی سن-ش بە حەساسترین شاعیری رومی وەسف دەکا.

وتار بێژی

سیسرون (مارکوس تولیوس سیسرون ۱۰٦- ٤۳ پێشز):

خەتیب، سیاسەتوان، نووسەر، فەیلەسوف، نامەنووس و شاعیرە. لە ئاپینوم، لە بنەماڵەیەك لە چینی جەنگاوەران لە دایك دەبێ. خوێندن و خوێنەوارییەکی زۆر باشی دەبێ. لە ساڵی ۸۹- ۸۷ پێشز خزمەتی سەربازی دەکات. پاشان دەڕوات بۆ روم و خەریکی خوێندنی ماف، زانستە رەوانبێژییەکان و فەلسەفە دەبێت. سیسرون لە واری حیکمەتی تیۆریدا بەلای ئەفلاتوندا (لایەنگرانی گومانی میانڕەو) دایدەشکێنێ و لە واری حیکمەتی پراکتیکی و عەمەلیدا رێچکەی رەواقییەکان هەڵدەبژێرێ. سیسرون یەکەمین وتاربێژی گشتی خۆی لە ساڵی ۸۱ پێشز ئەنجام دەدات.

لە ساڵی ۷۵ پێشز دەبێ بە کویستور"١٦"-ی سیسیل، و لە ساڵی ٦٦ پێشز دەبێ بە پرایتور"١٧" و لە ساڵی ٦۳ پێشز دەبێ بە کونسوڵ"١٨". لە ساڵی ٥٨ پێشز رەوانەی تاراوگە دەکرێ، بەڵام پاش هەژدە مانگ جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە، لە ساڵی ٥١ پێشزدا دەبێ بە حوکمڕانی کلیکیە"١٩". لە ساڵی ٤٩ پێشزدا دژی ژول تزار دەوەستێ و پەیوەندی بە پومپییەوە دەکات، بەڵام پاش تەواو بوونی جەنگی ناوخۆ تزار دەیبەخشێت، سیسرون لە ساڵانی ٤٤- ٤۳ پێشز لەگەڵ مارك ئانتونی"۲۰"دا (مارکوس ئانتونیس) دەکەوێتە رکابەری و دژمنایەتی، پاش ئەوەی ئوکتافیانوس (ئوگوستوس"۲١") دەستی بەسەر رومدا گرت، سیسرون نەفی دەکرێ و ئەنجام بە دەستی سەربازەکانی ئانتوینوس دەکوژرێ.

بەرهەمە گرنگەکانی:

کۆمەڵە نووسراوێك لەواری زانستە رەوانبێژەییەکاندا:

دەربارەی وتاربێژی (٥٥ پێشز):

دیالۆگ و باسێکە لە سێ کتێباندا کە چۆنیەتی هەڵبژاردنی بابەت، دارشتن و رێکخستن، چۆنیەتی گوزارشت و دەربرین، بەکارهێنانی پەیڤان- باس دەکا. ئەم نووسراوە هەرگیز

خۆی لە قەرەی شێواز بەگشتی یا ڕەوانبێژی بە تایبەتی، نادات. بەڵام بایەخ بە ڕووداوە عەمەلیو پراکتیکیەکان دەدات. ئەم بەرهەمە ڕەنگدانەوەیەکی چاکی شێوازی سیسرون-ە.

بروتوس (دەوروبەری ٤٦ پێشن):

دیالۆگێکە دەربارەی مێژووی وتاربێژی ڕوم.

خەتیب (٤٦ پێشن):

بەڵگەنامەیەکی گرنگە لە شێوەی نامەیەکی کراوەدا کە باسی هونەرکارییەکانی جوانکاری، درکاندن، جۆری دەربڕینو گوزارشت، نەزمی پەیڤان، و وەزن و کێش دەکات.

چەند وتارێك لەمەڕ بابەتە گشتییەکان:

دەربارەی یاسای دابەشکردنی زەوی (٦٤- ٦٣ پێشن):

چوار خوتبە یان وتارە (سییانیان ماوەتەوە) کە هێرشن بۆ سەر دەسیسەو پیلانی دیموکراتەکان دژی دەسەڵاتی پومپی.

لە دژی کاتیلین (دەربارەی کاتی لینا (٦٣ پێشن):

چوار وتاری ڕەوانە کە پیلانی کاتی لینا"٢٢" ئاشکرا دەکاتو سزایەك بۆ پیلانگێران پێشنیاز دەکات.

فیلیپیکەکان (٤٤- ٤٣ پێشن):

فیلیپیك ناوێکە کە لە خوتبەکانی دیموستنەوە وەرگیراوە، ئەمە چواردە وتارە لە ئەنجوومەنی ڕومدا دژی مارکوس ئانتونیوس دەخوێنرێتەوە.

چەند وتارێك لەمەڕ بابەتە تایبەتییەکان:

بۆ ئارکیاس-ی شاعیر (٦٢ پێشن):

داکۆکینانەمەیەکە دەربارەی(تەبەعییەت) ڕومی بوونی ئارکیاس"٢٣"، ئەم بەرهەمە وەکو ستایشێك لە ئەدەبیات بە شێوەیەکی گشتی مایەی سەرنجە.

بۆ میلون (٥٢ پێشن):

داکۆکییەکە لە ئانیوس میلون"٢٤" لە هەنبەر قەتڵدا. ئەمە داکۆکیە یەکێکە لە چەند شکستی سیسرون لە دادگادا.
دەقی خوتبەکە بەر لە بڵاوبوونەوە دەستکاری و چاك کراوە.

نووسراوه(نامه) سیاسییەکانی:

دەربارەی کۆماری (٥٤- ٥١ پێشن):

ئەم نامەیە (لە شەش کتێب) دایە دەربارەی دەستوورو حوکمڕانی وڵاتێکی بێ کەمو کوڕی، کە وەکو روم بە شێوەیەکی یوتوبیایی، لە ڕێگەی ئاوەزو نیشتمانپەروەرییەوە ڕێبەرانییەوە ڕێنوێنی دەکرێ. ناوبانگی ئەم بەرهەمە لەو وێنەیەدایە کە لەمەڕ دنیایەکی دیکە نیشانی دەدات (دەربارەی "خەونەکانی سیپیو").

دەربارەی یاسا (٥٢ پێشن):

نامەیەکە لە پێنج بەرگدا (کە تەنیا سێ بەرگیان ماونەتەوە). بایەخی ئەم بەرهەمە لەو زانیارییانەدایە کە دەربارەی قانونی واقیعی و تیۆری قانونی رۆژ پیشانی دەدا.

نووسراوه ئەخلاقیەکان:

دەربارەی ئاکامی چاکی و خراپی (٤٥ پێشن):

نامەیەکی رەسەن نییە، بەڵام بە وردی لە شێوەی دیالۆگ (لە پێنج کتێب) دا نووسراوەو شرۆڤەو رەخنەیە لە قوتابخانەکانی ئەپیکوری، رەواقیی و ئەرستۆیی. سیسرون بە تەواوی لەگەڵ هیچ یەکێك لەم سێ قوتابخانەیەدا نییە، بەڵام لەم سیانەدا زیاتر بەلای سێیەمدا مایلە.

دەربارەی پیری (٤٤ پێشن):

دیالۆگێکی دڵگیرە کە خۆشی و سوودەکانی رۆژانی پیری دەسەلمێنێ.

دەربارەی دۆستایەتی (٤٤ پێشن):

نامەیەکی کورت و دڵگیرە دەربارەی کرۆك و جەوهەری دۆستایەتی.

دەربارەی فەرمان (٤٤ پێشن):

نامەیەکە لە سێ کتێباندا کە سیسرون بۆ کوڕەکەی خۆیی نووسیوە، ئەم نامەیە زیاتر بیرو باوەڕی رەواقییەکانی لە خۆگرتووەو ململانێی نێوان فەرمان و وەزیفەو بەرژەوەندی شەخسی بەرجەستە دەکات و نیشاندەدات.

نووسراوه پەیڤییەکان:

دەربارەی ماهیەتی خودایان (٤٥پێشن):

نامەیەکە دەربارەی بەرپەرچدانەوەی ئیلحاد قوتابخانەکانی ئەپیکوری، رەواقی و خواناسی دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە. ئەم بەرهەمە جگە لەوەی کە لە حیکمەتی رەسەن و قوڵی خودایی بە دوورە، شاش و درشت و پچڕپچڕیشە، و بە پەلە نووسراوە.

نامەکانی سیسرون:

نامەکانی سیسرون وەکو بەرهەمێن هونەریو سەرچاوەێن مێژوویی و بیۆگرافی شایەنی بایەخ پێدانن.

بۆ ئاتیکوس:

زۆرترین و گرنگترین بەرهەمێن سیسرۆن(١٦ کتێب) لە خۆدەگرێت. ئەم نامانە کە سالآنی ٦٧ -٤٤ پ.ز دەگرێتەوە.بە شێوەیەکی دلسۆزانەو نا فەرمی نووسراون.

بۆ ئاشنایان (لە سالی ٤١ پێشز بلاوبوونەتەوە):

کۆمەلە نامەیەکە (لە شازدە کتێب)دا دەربارەی بابەتێن جیاواز، بۆ خەلکانێکی زۆر. لەم کۆ نامەیەدا هەندێ وەلامی ئەو کەسانەش کۆکراوەتەوە کە نامەکانیان بۆ نێردراوە.

بۆ کوئینتوس (نامەکانی سالآنی ٦٠- ٥٤ پێشز):

کۆ نامەیەکە لە سێ کتێبدا، بۆ براکەی نووسەر.

بۆ بروتوسو وەلامەکانی وی (٤٤- ٤٣ پێشز):

بریتییە لە دوو کتێب. ئەم نامانە هی دوا سالەکانی تەمەنی سیسرون-ە.

شێوازی سیسرون:

سیسرون هەولدەدات (سەرکەتووانە) ڕێگەیەکی میانڕەو لە نێوان شێوازە ئاسیایی و ئاتینییەکاندا هەلبژێرێ. خەسلەتی دیاری شێوازی وی بریتییە لە ڕستەو دەستەواژەی کورتو وەزندارو هاوسەنگ، سەروا، ڕازانەوەی فراوان، بەهرەداری لە دەربڕینی مەبەستدا بە ڕستەی جیاوازو دەربڕینی شاعیرانە. بەلام لە شێوەی ئاتینیدا هەولی ئەوە دەدرێ کە زمانی رۆژانە بەکار بهێنرێو دوورە پەرێزی لە هەر جۆرە توندڕەویو دەستکردییەك بگرێ. سیسرون بەلای شێوازی ئاتینیدا مایلە و پێ لەسەر پالأوتەیی پەیڤان، وردی و دروستی بەکارهێنان، دوورە پەرێزی لە ووشەی بێگانە و نا باو و ڕوونی و ڕەوانی زمان دادەگرێت. گەورەترین خەسلەتی وی زالی و دەسەلاتدارییەتی بەسەر زمانی لاتینیدا، ئەم دەسەلاتدارییە یارمەتی دەدات کە لە لێکدانی سیلابێن کورت و درێژ وەزنی خۆش ئاهەنگ و نەوا دروست بکات، بەجۆرێ کە وەزنی خۆش ئاهەنگ و ڕازانەوەی زمان بە سنعەتە جوانکارییەکان بە تایبەتمەندیەکانی پەخشانی وی بێتە ژماردن.

گوتارو خوتبەکانی پڕن لە شۆخ تەبعی و حەنەکچێتی، تەوس و توانج و توانج پۆشی و زەین ڕوونی. ئەویش مینا دیمۆستن زیاتر پابەندی هەست و سۆزە تا ئەقل و ئاوەز. نامەو

نووسـینەکانی سیسـرون لـە چـاو بەرهەمـە وتاربێژییەکانی‌دا کـەمتر لایـەنی وتاربێـژییان لـە خۆگرتووە و پتر فۆرم و شێوەی دیالۆگییان هەس. لێ ئەو هەمیشـە پابەنـدو وەفـاداری بـەها و روونی و رەوانی زمانە. شۆرەتداری سیسرون لە زمان و شێوازی وی دایە.

<u>**کورتەیەکی رەخنەکان:**</u>

سیسـرون وێـڕای زۆر بێژییەکانی، لـە رووی رەوانـی نووسـینەوە لـە پلـە و پایـەی کەماڵدایـە. زمانی وی بۆ ماوەی شازدە سەدە وەکو زمانی جیهانی شارستانیەت بـەردەوام دەبـێ، و ئـەم زمانە دەخاتە خزمەتی شێوازێکەوە کە تا ماوەی نۆزدە سەدە هیچ شـێوازێکی دیکـە نـاتوانێ جێـی بگرێتـەوە، و لـە زۆر رووەوە گـۆڕانێکی ئـەوتۆ بەسـەر ئـەم زمانـەدا نایـەت. بەبۆچـوونی رەخنــەگران، پەخشــانی تــازەی ئــەوروپا لەســەر بناغــەی شــێوازی سیســرون دادەمــەزرێ. سیسرون مرۆڤێکی خۆهەڵکێش و خۆپەسندە، بـەڵام هـەنێ جار جەوهـەرو کرۆکی باسـەکەی ئـەم خۆ هەڵکێشـانە دەخـوازێ، بـۆ نموونـە لـە بـەڕەڤانی و داکـۆکی لـە پلانیکـوس"٢٦". ئـەو هەندێ جار لە ئەسڵی مەبەست دوور دەکەوێتـەوەو پـەنا وەبـەر خـەیاڵ، هەسـت ونـەفرەتی یـا ئارەزووی نابـەجێ دەبات، کـە ئەمـە خـۆی لـە خۆیدا لـە بـەڕەڤانی و داکۆکییەکانیدا کاریگـەر دەبـێ. سیسـرون وەکـو فەیلەسـوفێك، نـە توانـاو بـەهرەی داهێنـانی هەیـەو نـە سیسـتەمێکی ئایدیۆلۆجی، بەڵام وەکو شرۆڤەکاری هزرە فەلسەفیەکان یەجگار بە توانـاو دەسەڵاتدارە.

بــە هــەرحاڵ لــە واری نامەنووســیندا پایەیــەکی گــەورەی هەیــەو بەســەر قافڵــەی هــەموو هونەرمەندانی ئەم بوارە دەژمێردرێ.

مێژوو

<u>**سزار (گایوس یولیوس سزار ١٠٠- ٤٤ پێشز):**</u>

سزار فەرمانـدە، سیاسـەتوان، مێژوونـووس، شـاعیرو نامەنووسـە.

<u>**شرۆڤەکانی جەنگی گول:**</u>

بریتییـە لـە حـەوت کتێـب، کـە جـەنگی گـول‌و بـەریتانیا لـە سـاڵانی ٥٨- ٥٢ پێشـز وێنـە دەگرێـت. سـزار ئـەم شـرۆڤانەی دەربـارەی داکـۆکی لـە سیاسـەتی سـوپایی خـۆی لـە گـول‌و هـەروەها پێگـەی قـانونی خـۆی لـە سـاڵی ٥٢ پێشـز نووسـی. ئـەم شـرۆڤانە لـە هـەر جـۆرە بەخۆفشینێك، ئەگەر بە ئامـاژەش بـێ دوورە، بـەڵام پـڕن لـە بەڵگـەی قەناعـەت بـەخش دەربـارەی شێوەی رابەرایەتی وی.

نێوبانگی ئەم شرۆڤانە دەگەڕێتەوە بۆ سادەیی، راستگۆیی گوتـار، وردی، کـورتبڕی‌و روونـی و راشکاوی کە بوون بە نموونە بۆ نووسەرانی دواتر.

<u>**شرۆڤەکانی جەنگی ناوخۆ:**</u>

ئەم شرۆڤانە لەسێ کتێبدان، کە گەنگەشەو کێشمانە کێشی نێوان تزارو پومپی ٤٩- ٤٨ پێشز لە خۆ دەگرێ. ئەم شرۆڤانە لە ساڵی ٤٤ پێشز نووسراوەو لە چاو شرۆڤەکانی جەنگی گولدا ئەوەندە وەستایانە نییە، وادیارە نووسەر پێیدا نەچووەتەوەو چاکی نەکردۆتەوە.

سالوست (گایوس سالوستیوس کریسپوس، ٨٦- ٣٤ پێشز):

سیاسەتوان، و مێژوونووس و موریدو پەیڕەوی توسیدیدس-ە. تایبەتمەندییەکانی شێوازی سالوست بریتییە لە: سادەیی، ناکۆکی، کورتبڕی، بەکارهێنانی زاراوەێن کۆن، و پەیڕەوکردنی رۆشنبیریی یونانی. سالوست وەکو مێژوونووس بێ ئەندازە ئەمین و بێ لایەنە، لێ هەندێ جار دەربارەی شرۆڤەو شەرحی رووداوە مێژووییەکان بێ موبالاتی دەنوێنێ. و سالوست ئاشق و شەیدای نیشاندانی هۆکاری رووداوەکانە.

دەربارەی جەنگی یوگارتا"٢٧":

ئەم مێژووە راپۆرو هەواڵنامەیەکی زندوو دەربارەی جەنگ و شەڕی نێوان ئەفریقاییانی باکووری بە سەرکردایەتی یوگارتا و رومییەکان بە سەرکردایەتی متلوس"٢٨"، ماریوس"٢٩"و سولا"٣٠" (١١١- ١٠٦ پێشز) نیشان دەدا شۆڕەتی ئەم کتێبە لە جوانی وێنەگرتن و بەرجەستەکردنی سەرانی سوپایی و وەسفی شایستەی داب و نەریت-ی نومیدیا"٣١"دایە.

دەربارەی پیلانی کاتی لینا:

تاقە نووسراوی سیاسییە کە دەربارەی رەتکردنەوەی هاو دەستی تزار، لە دەسیسەو پیلانی کاتی لین نووسراوە. لەم بەرهەمەدا سیسرون بە زیرەکی و ناسکی مەحکوم دەبێ.

مێژوو:

راپۆرێکە کە دە ساڵ پاش مەرگی سولا (ز- ٧٨ پێشز) لە خۆ دەگرێت. تەنیا چەند پارچەیەك لەم بەرهەمە ماوەتەوە.

ڤارۆ (مارکوس تزیتوس ڤارو ١١٦- ٢٧ پێشز):

تەنزنووس، مێژوونووس، و دانەری شەش سەد یا حەوت سەد کتێبە، کە زۆربەیان لە بەین چوون. ئەوەی ماوەتەوە شەش کتێبە دەربارەی زمانی لاتینی، و نووسراوێکە دەربارەی مەسەلە گوندییەکان. ئەم بەرهەمانە تاقەتبەرن و دوورن لە هەر توانا و بەهرەیەکی وەسفکاری و دراماتیکی، بەڵام وەکو سەرچاوە زۆر بایەخدارن. بەرهەمێکی دیکەی نێو براو کە فەوتاوە بریتییە لە ژیاننامەکان (دەربارەی ناودارانی یونانی و رومی)یە کە بە یەکەمین

کتێبی وێنەداری جیهان دەژمێردرێ. نزیکەی شەش سەد بەند-ش لە تەنزی مینیپو"٣٢"سیش ماوە.

ژێدەرو پەراوێزان:

١- پومپی: (١٠٦- ٤٨ پێشن):

فەرماندەو سیاسەتوانێکی گەورەی رومی بووە.

٢- ساتورنی بەناوی ساتورن-ەوە (زوحەل و خوای کشتوکاڵ لە رومی کۆن) ناونراوە. جۆرە شیعرێکی لاتینییە کە لیویوس یەکێك بووە لە پێشەنگە دیارەکانی و پاش وی ناڤیوس ئاڵاکەی هەڵگرتووە.

٣- ئومبریا: ناوچەیەکە لە ئیتاڵیای ناوەندی.

٤- میرکوری: خواوەندێکی رومییە، خواوەندی وتاربێژی و بازرگانی و زمانپاراوییە. یونانییەکان هرمسن-ی پێ دەڵێن.

٥- هولبرگ (١٦٨٤- ١٧٥٤): ئەدیب و دامەزرێنەری ئەدەبیاتی دانیمارکییە.

٦- ئاپولودوروس (لە دەوروبەریساڵی ٢٨٥ پێشز ژیاوە):

شاعیرو ئەفسانەناسێکی یونانی بووە.

٧- میموس (٥٤- ٦٦ پێشن)

شاعیرو خەتیبێکی رومی بووە.

٨- هۆبس (١٥٨٨- ١٦٧٩ پێشن)

فەیلەسوفێکی ئینگلیزی بووە.

٩- ڤیرونا:

دەڤەرێکە لە باکووری رۆژهەڵاتی ئیتاڵیا.

١٠- بتی نیا:

وڵاتێکی کۆنە لە باکوری رۆژئاوای ئاسیای بچووك.

١١- سیرمیو: گوندێکە لە باکووری ئیتالیا.

١٢- سینا (٧٠- ٤٤ پێشن): شاعیرێکی رومییە.

١٣- کالڤوس (٨٢- ٤٧ پێشن): خەتیب و شاعیرێکی رومی بووە.

١٤- شیننامە Elegy: جۆرە شیعرێکە تایبەت بە لاوانەوە کە بەیتێکی شەش برگەیی و ئەوی تری پێنج برگەیی بووە.

١٥- مارشاڵ: ناوە لاتینییەکەی (Marcus Valerius martalis)

١٦- کویستور: لە رومی کۆندا، ئەو مامورانە بوون کە لە سەردەمی پاشایەتیدا، قازی و یاریدەدەری کونسولان بوون لە کەشفکردنی خەتاو تاوانان و پاشان پۆستی خەزنەداریان پێ سپێردراوە.

١٧- پرایتور: له رومی كۆندا، پرایتور یەكێك بووە لەعینوانی كونسولان‌و پاشان بووە بە عینوانی كارگێران‌و بەڕێوەبەرانی كاروباری دادوەری.

١٨- كونسول: له رومی كۆن، هەر یەكێك لە دوو پۆستی گەورە كە پاش سەردەمی پاشایەتی دەسەلاتی بەرزی بەڕێوەبردنی ولاتیان گرتە دەست.

١٩- كلیكیه: ناوچەیەكه له باشووری توركیای ئەمڕۆ.

٢٠- مارك ئانتونی (٨٣- ٣٠ پێشز) خەتیب‌و فەرماندەیەكی رومی بووە.

٢١- ئوگوستوس (٦٣- پێشز- ١٤ ز): یەكەمین ئیمپراتۆر ی روم بووە (٢٧پێشز- ١٤ز).

٢٢- كاتی لینا (١٠٦- ٦٢ پێشز):

سیاسەتوانێكی پیلانگێڕی روومی بووە.

٢٣- ئاركیاس (١٢٠- ٦١ پێشز):

شاعیرێكی یونانی بووە كە دەبێت بە هاوولاتی رومی.

٢٤- ئانیوس میلون (ز- ٤٨پێشز): سیاسەتوانێكی رومی بووە.

٢٥- ئاتیكوس (١٠٩- ٢٣ پێشز): سەردارێكی رومی بووە.

٢٦- پلانیكوس: سیاسەتوان‌و خەتیبێكی رومی بووە.

٢٧- یوگارتا (- ١٠٤ پێشز): شای نومیدیا بووە له سالانی ١١٣- ١٠٤ پێشز.

٢٨- میتلوس (- ٩٩ پێشز) سەركردەیەكی رومی بووە.

٢٩- ماریوس (١٥٥- ٨٦ پێشز): فەرماندەیەكی رومی بووە.

٣٠- سولا (١٣٨- ٧٨ پێشز): سیاسەتوان‌و فەرماندەیەكی رومی بووە.

٣١- نومیدیا: سەرزەمینێك بووە لە ئەفریقای كۆن له نێوان كارتاژو موریتانیدا.

٣٢- مینیپوسی: بەو تەنزانە دەگوترێ كە بە شێوازی مینیپوس-ی فەیلەسوفی یونانی نیوەی یەكەمی سەدەی سێیەمی پێشز نووسراون.

سەردەمی ئوگوستوس
(٢٧ پێشز- ١٤ز)

پێشەکییەکی مێژوویی:

ئوکتافیانوس تزار ئوگوستوس لە ساڵی ٢٧ پێشز دامەزراندنەوەی دووبارەی رژێمی کۆماری روم رادەگەیەنێ، بەڵام لەو زەمانەوە تاکاتی مردنی لە ساڵی ١٤ز، بە کردەوە دەسەڵاتی ئیمپراتۆر پیادە دەکات، ئەم سەردەمە، قۆناغی ئاشتیو ئاسایشێکی سەپێنراوە، هەڵبەتە دەرفەتێك بۆ هزرین فەراهەم دەکات. جۆرە هوشیارییەکی زادەی بێدارییە دەربارەی شکۆداری رابردوو و ئێستای روم دێتە ئاراوە،و هیواو ئومێدێك بە ئایندەیەکی شکۆدارتر دڵو دەرونان روناك دەکاتەوە.

نۆڕینێکی گشتی:

ئاشتی، ئاسایش، دستبەتاڵی، بایەخدان بە رۆشنبیری رابردوو و نەتەوەپەروەری کاریگەرییەکی زۆری لە سەر ئەدەبیاتی سەردەمی ئوگوستوس هەیە.

نووسەرایەتی وەکو پیشەیەکی تەواو بایەخو ئیحتوبار پەیدا دەکات، و دەوڵەمەندان و دەسەلاتداران-و خودی ئوگوستوس- دەبن بە هاندەرو پشتیوانی ئەدیبان. کەمبوونەوەی باسو موناقەشەی سیاسی دەبێتە مایەی نەمانی وتاربێژی و سنوورداربوونی بازنەی مێژوو. ئەم سەردەمە لە واری شیعرو شاعیری دا لە قۆناغە بەرجەستەکان بووە. دەستبەتاڵی تەواو دەرفەت بۆ شاعیران دەڕەخسێنێ تا زیاتر بایەخ بە رازاندنەوەو خەملاندنی هونەرە شیعرییەکان بدەن.

مەلحەمە

ڤیرجیل (پوبلیوس ڤیرجیلیوس مارۆ ٧٠- ١٩ پێشز):

ڤیرجیل گەورەترین شاعیری رومییە. لە گوندی ئەندیز-ی نزیکی مانتوا"١"، لە بنەماڵەیەکی گوندیی تا رادەیەك دەوڵەمەند هاتە دنیاوە.

لە ڤیرونا، میلانو روم خوێندنێکی باشی کرد و دەستووری زمان، زانستە رەوانبێژییەکان، فەلسەفەو زمانی یونانی فێر بوو. لە سایەی کاریگەری فەلسەفەی ئەپیکوری دا بوو. لە ساڵی ٤١ پێشز موڵکەکەی ڤیرجیل لە نزیکی مانتوا، لەلایەن ئوکتاڤیانوسەوە زەوت کرا، بەڵام پاشان

بەهۆی میسیناس"٢"-ی سیاسەتوانی دەستڕۆو زەنگین کە لە دڵبەندانو هاندەرانی ڤیرجێل بوو، موڵکەکەی بۆ گەڕێنرایەوە.
ڤیرجێل بە تێپەڕبوونی تەمەن موحافەزەکارتر بوو و دەستی لە هەندێ پرەنسیپی ئەپیکوری کێشایەوە، ڤیرجیل لە سەفەرێکیدا بۆ یونان بە مەبەستی کۆکردنەوەی کە رەستەو بابەتی تازە بۆ بەیتی مەلحەمی ئەنئید، کۆچی دوایی کرد.

شیعرە لاوازە هەوەڵینەکان:
چەند شیعرێکی کەمبایەخ دەدەنە پاڵ ڤیرجیل،رەنگیشە بە هەڵە، کە بریتین لە: کاتالپتون، پریاپیا، بەردەنووسەکان، دیرایە، سیریس، کولکس، ئایتنا، کوپا، و مورتوم. هەندێ شیعری دیکەی ئەم قۆناغە کە بایەخی زیاتریان هەیە بەمجۆرەیە:

شیعرێن شوانکارەیی (بوکولیك):
ئەو شیعرانە دەگرێتەوە کە لە دەوروبەری ساڵانی ٤٢- ٣٩ پێشز وتراونو بڵاوکراونەتەوە. ئەم شیعرە کورتانە کە بوونە مایەی شۆڕەتو نێوبانگی ڤیرجیل، وادیارە لەبەر رۆشنایی هاندانی میسیناسدا هاتووەتە ئاراوە. ڤیرجیل ئەم شیعرانەی بە چاولێکەری تیوکریتوسو شاعیرانی دیکەی شیعری شوانکارەیی یونانی گووتوە. گەلێك لە شاعیرانی وەکو پروپرتیوس، سپنسر، میلتن، شیللی، و ئارنولد لە ژێر کاریگەری ئەم شیعرانەدا بوون، گرنگترین تاك شیعری ڤیرجیل لەم مەیدانەدا بریتییە لە:
ژمارە ٢:
شیعرێکی لیریکییە لەسەر وەزنی شەش پایەیی سێ سیلابیی . نێوەڕۆکی ئەم غەزەلە ئەڤینی لاوێکی شوانە، و شیعری (پۆلوفموس-ی ئاشق)ی تیوکریتوس وە بیر دێنێتەوە.

ژمارە ٤: "مەسیح"
بەناوبانگترین شیعری شوانکارەیی ڤیرجیل-ە کە مژدەی لە دایکبوونی منالێکی سەیر دەدات کە ئاشتی و سەردەمێکی زێڕینی تازە بۆ جیهان بەدی دێنێ، زۆر مەزەندە لە ناسنامەی ئەم منداڵە دراوە، لەوانە:
١- منالی ئوکتافیانوسو سکریبونیا"٢" (باشترین مەزەندەیە)
٢- منداڵی ئانتونیو ئوکتافیا"٣"-ە
٣- منداڵی ئوکتافیاو مارسلسو"٤"-ە
٤- منداڵی کونسول پولیو"٥"-ە
٥- عیسا مەسیحە
٦- منداڵی خەڵکی ئاساییە.

ژماره "٥":

لاوانەوەیەکی شوانکارەییە. موپسوس بۆ مەرگی دافنیس دەلاوێتەوە، مینالکاس بە ئاوازی شاد وەڵام دەداتەوە کە دافنیس نەمدگە، بەڵکە چووەتە پێستی خوای چاکەو پشتیوانیەوە. ئەم شیعرە ئاماژەیەکە بۆ مەرگو خوداسازی رەسمی ژول تزار. ڤیرجیل ئەم شیعرەی بە چاولێکەری تیوکریتوس، بیون، و ماسکوس-داناوە.

ژمارە ٩:

نێوەڕۆکی ئەم شیعرە دەربارەی کۆیلەیەکە بە نێوی مینالکاس، کە هەراسانی مسادەرەی زەوییەکەی خۆیەتی.

ژمارە ١٠:

ئەم شیعرە دەربارەی گالوس-ی شوانە کە لە سوێی جەورو جەفای دولبەرەکەی لە ناو جێگەی مەرگدا دەکەوێ و لێدەبڕێ هۆزانێن شوانکارەیی بڵێ.

لە ئەنجامدا ڤیرجیل مالاوایی لە شیعری شوانکارەیی دەکات، رەنگە لەبەر ئەمەی کە(دەربارەی کشتوکاڵی) کە پێشتر دەستی پێکردبوو، بکەوێتە نووسین.

دەربارەی کشتوکاڵی:

بەرهەمێکی پروپاگەندیی و بانگەشەییە لە چوار کتێبدا، لە دەوروبەری ساڵانی ٣٦- ٣٠ پێشز لەسەر داوای میسیناس دانراوە. ڤیرجیل لە هەندێ مەبەستو بابەتی ئەم کتێبەدا قەرزارباری هسیود و لوکرتیوس-ە. ئامانجی کتێبەکە هاندانی خەڵکی ئازادە بۆ گەڕانەوە بۆ سەر کێڵگەکەم دانیشتوانەکانی ئیتاڵیا، بەلام وەکو بەرهەمێکی بانگەشەیی وادیارە سەرکەوتوونییە. ئەم بەرهەمە ستایشێکی فرەی ئوکتافیانوس-ی لە خۆگرتووە، و باسێکی زۆری کشتوکاڵو ژیانی شادی دیهاتیانش دەکات، ئەم چوار بەرگە بەریز دەربارەی ئەم بابەتانەن: دەربارەی بەروبومو پێشبینی جەوی، باخی مێوو رەزان، ئاژەڵداری، و هەنگ بەخێوکردن.

ئانیئید:

کاریگەری ئەدەبی و ژینگە:

ژیانی دێهاتیانەی ئارامی ڤیرجیل لە قوناغی منداڵیدا، هاونشینی وی لەگەڵ کۆڕو مەجلیسی میسیناسدا، و ژینگەی دەرباری ئوکتاڤیانوس کاریگەرییەکی ئاشکرایان لە سەر ئانیئید هەبوو.

لە رووی کاریگەریە گرینگە ئەدەبییەکانیشەوە دەبێ ئامارژە بۆ هۆمەر، پیراندز"٦"، بەیتە مەلحەمیە وەرزییەکان، شانۆنامەنووسانی یونانی (بەتایبەتی یورپیدس) ئاپولونیوس رودسی"٧"، رۆشنبیریی یونانی، ئانیوس، کاتولوس، و لوکرتیوس بکرێ، کاریگەری هۆمەر لە هەر هەموو ئەوانی دی پترە، فیرجیل رووداوانو شێوەی جۆراوجۆری لە ئودیسەوە بۆ هەر شەش

بەرگی هەوەڵی ئانیئید وەرگرتووە، و گەلێك لە بابەتەکانی شەش بەرگی دووەمی ئەم مەلحەمە لاتینییەش لە ئیلیادەوە وەرگیراوە. ڤیرجیل هەموو ئەو کێش و وەزنە رەزمیو پرەنسیپە مەلحەمیانەی بەکار هێناوە کە هۆمەر دایناون.

چیروك:

پاش ئەوەی کە یونانییەکان تەروادە دەسوتێنن، ئاینیاس-ی زاوای پریام شا، لەگەڵ هێزەکانیدا بە بیست و یەك کەشتی هەڵدێن و بۆ حەوت ساڵان لە دەوروبەری میدیترانە ئاکنجی دەبن. ئاینیاس و هاوڕێکانی زەحمەت و رەنجێکی زۆر دەکێشن، بەڵام لە ئەنجامدا دەچنە کارتاژ، لەلایەن دیدۆ-ی شابانۆی ئەوێندەرەوە پێشوازی دەکرێن کە ئاشقی ئاینیاس دەبێ و ئاینیاس هاندەدا کە وەکو جێگری حوکمڕان لە کارتاژدا ئاکنجی ببێ، بەڵام ئاینیاس دەزانێ کە چارەنووسی لە جێگەیەکی دیکەدا پەنهانەو بە دزییەوە رێگەی سیسیل دەگرێتە بەر. دیدو-ش خۆکوژی دەکات.

ئاینیاس پاش سەردانێکی جیهانی ژێرین (کە لەوێندەر دامەزراندنی روم بە دەستی مناڵانی ئاینیاس و شکۆداری ئایندەی روم پێشبینی دەکرێ) بەرەو لاتیوم لە ئیتالیا دەچێ و لەوێندەر لەلایەن لاتینوس پاشاوە بە گەرمی پێشوازی لێدەکرێ. لاتینوس بەڵێن بە ئاینیاس دەدات کە لاڤینیا-ی کیژی بداتێ، بەڵام کیژێ پێشتر لەلایەن دایکییەوە بە تورنوس-ی شازادەی روتولی دراوە. لاتینوس داوا لە هەرتك هەڤرکەکە دەکات کە دوئێل لەگەڵ یەکتردا بکەن. پاش شەڕێکی بێوەر، تورنوس بۆیەکلاکردنەوی بابەتەکە، پێشنیازی جەنگی تەن بە تەن دەکات. ئاینیاس قایبل دەبێ و تورتوس دەکوژرێ. ئاینیاس لەگەڵ لاڤینیادا زەماوەند دەکات و دەبێ بە میراتگری تەخت و تاج.

ئامانج و تۆن:

یەکێك لە هۆیە سەرەکییەکانی ڤیرجیل بۆ دانانی بەیتی ئانیئید ئەوەیە پێشینەیەکی پڕ شکۆی مێژوویی لەگەڵ کەسایەتییەکی نیمچە خودایی وەکو قارەمانی نەتەوەیی بۆ روم دروست بکات و دابهێنێ، جا ئەم قارەمانە هەم دلێرە هەم ئاقڵ، بەڵام ئەم دلێری و ئاقڵییە، وەکو چۆن دلێری ئاخیلوس و هکتوریا، ئاقڵی ئودیسیوس مایەی سەرنج و باعیسی شۆڕەتیانە، تاکیدی لەسەر ناکرێ.

لە جیاتی ئەوە ئاینیاس بە پارێزکاری کە گرنگترین خەسڵەتی وییەو لەقەبێکی شایستەی وییە وەسف دەکرێ. ڤیرجیل هەوڵ دەدات بە فەزیڵەتی تەقلیدی روم وەکو دلێری، سەبرو حەوسەڵە، میانڕەوی، سوور بوون لەسەرکار، زانایی و وەزیفەو ئەرکناسی گەورەیی ببەخشێت.

ئەوەی لە سەرێ ڕا باسکرا بە ئامانجە جدییەکانی ڤیرجیل دەژمێردرێ، و ئانئید بەیتێکی تەواو جددییە. سوعبەتچیاتی تێدانییە.

حاڵەتێکی ماخولیایی لە هەمواری ناسکی دەرونگەرایی سێبەری بەسەردا کێشاوە. ئەم بەیتە بە تەواوەتی دوور لە گیانی بوێریو سەرکێشی، و ئارەزووی کەشتی رانی بۆ ئەو دیوی ئاسۆو مەلەکردن لە نێو هەموو ئەستێرەکانی رۆژئاوا، کە لە ئیلیادو ئودیسەدا دەیبینین. بە هەر حاڵ، ئەم کەموکوڕیانە کەمو زۆر بەو راستگۆییە ئەخلاقییە قەرەبوو دەکرێتەوە کە لە بەرهەمەکانی هۆمەردا تا رادەیەك کزە. بەیتو مەلحەمەکانی هۆمەر جیهانێکی تازەو پڕ گەرمو گوڕی و زبر وێنە دەگرێ، بەڵام ئانئید سەربورێکی جیهانی کۆنە.

شێوازو تەکنیك:

ڤیرجیل هەموو ئەو ڕێسا و یاسا مەلحەمیانە کە هۆمەر داینا قەبوڵ دەکات. هەڵبەتە ئانئید مەلحەمەیەکی ئەدەبیە کە زیاتر بە مەبەستی خوێندنەوە دانراوە تا بە ئاوازی بەرز بخوێنرێ، و لە ئەنجامدا لە چاو مەلحەمەکانی هومەردا کەمتر پەرەگرافی دووبارەی تێدایە، دەرونگە رایانە ترو راستگۆیانە تر و وردتر لە مەلحەمەکانی وی نووسراوە. وادیارە ڤیرجیل سالانێکی زۆر بەدانان و پێداچوونەوەی ئانئیدەوە خەریك بووە (چونکە نەیتوانی بوو دوا پێداچوونەوەی تەواو بکات، و لەسەرە مەرگدا دەیویست ئانئید بسوتێنێ، بەڵام بە فەرمانی ئوگوستوس لەم کارە پەشیمان بووەوە).

کاریگەری ئانئید:

شیعری ڤیرجیل-ی شاعیر زۆرترین کاریگەری لەجیهاندا هەبووە. وادیارە لە رووی ئەندێشە، شێوەو شێوازەوە لە هەر شاعیرێکی دیکە زیاتر کاریگەری بەسەر ئەدەبیاتی ئەوروپاوە هەبووە. تەقریبەن هەموو ئەدیبانی لاتینی پاش وی وەکو دانتی، پترارك، بوکاچیو، ئاریوستو، لیوپاردی، کاردوچی، ئارسیلا، تاسو، کاموینش، رونسار، ڤولتیر، چاسر، سپنسەر، میلتون، درایدن، وردزورس، شلی، کیتس، تینی سن، وئارنولد، تەواو قەرزارباری ئەون.

کورتەیەکی رەخنەکان:

ئانئید لە زەمانی دانانیەوە تاکو ئێستا بە یەکێك لە شاکارە ئەدەبییەکانی جیهان ناسراوە.
بە هەر حاڵ، رەخنەگرانی جۆراوجۆریش هەم هێریشیان کردۆتە سەرو هەم بەرەڤانیان لێکردووە. هەندێ کەس ئاینیاس- یان بە کەسێکی لە خۆڕازی و هەندێ جار بێ موبالات سەبارەت بە پرنسیپە ئەخلاقیەکان (بۆ نموونە لەو شوێنەدا کە دیدو بەجێ دەهێڵێ) هەڵاتوو لە مەعنەویات و هاوئاهەنگ لەگەڵ بەهاکانی چینی حوکمڕان، لە قەڵەم داوە. بەڵام هەندێ رەخنەگری دیکە ئاینیاس بە رەمزی فەزیڵەتی رومی لە دیدی ڤیرجیلەوە دەزانن، کەسێ کە مکووڕە لەسەر ئەوەی کە درێژە بە رێگای چارەنووسی خۆی بدات، و هەمیشە لە سایەی رێنوێنیو هیدایەتی خودایاندا رەفتار دەکات. کەسایەتییەکانی دیکە، بە تایبەتی دیدو، باش وێنەگیراون.

زۆربەی شرۆڤەکاران لەو باوەڕەدان کە زمانی ڤێرجیل یەکنەواو دوورە لە هەر حەنەك و شۆخییەکەوە، بەڵام یەجگار جددییە، ئانیئید بە غەمگین ترین کتێبی جیهان دادەنرێ. هەر چەندە لە گیانی سەرکێشی دوورەو وشکە، بەڵام تەژی مرۆڤپەروەرییە. ئانیئید لەبەر ئەوەی هەموو ژیانی بەشەری گرتووەتەوە، ژیانێکی درێژ کە لەناوجەرگەی مەسەلەکانی ژیانەوە هاتووە، گەورەترین کتێبێکە بە دەستی مرۆڤ هاتۆتە نووسین. دیارترین تایبەتمەندی ئەم بەیتە کەماڵی فۆرم و شێواز، دەربڕین و گوزارشت، وەزن و ئاهەنگ، و هاوسەنگییە. لە رووی کێش و وەزنەوە دەبێ ئەم بەرهەمە گەورەیە بە خودانی شکۆدارترین هۆزانێ دابنرێ کە تا ئێستا بەزاری مرۆڤدا هاتووە.

هۆزانێن لیریکی

<u>هوراس (کوینتوس هوراتیوس فلاکوس ٦٥- ٨ پێشز):</u>

تەنزنووس، لیریکاخوان، زانای ئەخلاق و رەخنەگری ئەدەبییە، هوراس لە ڤینوسیا لە خێزانێکی کۆیلەی ئازاد بوو هاتە دنیاوە، لە روم و ئاتیندا خوێندنی باشی هەبوو، پاش ئەوەی چووە ریزی سوپای پروتوس-ەوە، بوو بە ئەندامی بەرگریکاران لە ماف و ئازادی خەڵك، کاتێ کە پروتوس لە فیلیپی دا شکستی هێنا (٤٢ پێشز)، هوراس بۆ روم گەڕایەوە، لە کاتێکا کە باڵەکانی شکا بوو -بابی مردو سەروەت و سامانەکەی مسادەرەکرا بوو، هەنگێ بوو بە سکرتێری خەزنەداری و چونکە دەرامەتی کەم بوو کەوتە شیعر گوتن. شیعرەکانی زۆر زوو دەنگیان دایەوە. ڤێرجیل ئەوی بە میسیناس ناساند (٣٩ پێشز)و بوو بە یەکێك لە ئەندامە دیارەکانی کۆڕو مەجلیسی وی. میسیناس لە ساڵی ٣٣ پێشز کێڵگەو مەزرایەکی بە هوراس بەخشی کە خۆیبوون و دەلیڤەیەکی باشی بۆ نووسین بۆی فەراهەم کرد. ئەو تا نزیکی ساڵی ٢٥ پێشز زۆر لایەنگری ئوکتافیانوس نەبوو، لەو ساڵەدا باوەڕی بە بەرنامەکانی وی بۆ تازەکردنەوەو بوژانەوەی ژیانی نەتەوەیی هێنا. لە ساڵی ١٧ پێشز لەلایەن ئوکتافیانوسەوە راسپێردرا کە چامەیەك بۆ پێشبڕکێی قارەمانیی سەدە بنووسێت. لەوە بەدواوە لە دەربار نزیك بووەوە، بەڵام ئەو داوایەی ئیمپراتۆری رەفزکردەوە کە دەیویست هوراس ببێ بە سکرتێری تایبەتی ئەو. زیاتر دڵبەندی خۆیبوونی خۆی بوو لە گۆشەیەکی مەزراکەیدا.

<u>بەرهەمەکانی:</u>

<u>بەرهەمێن نێوەرۆك "٨" جیاواز:</u>

بریتییە لە چەندین پارچەی دیالۆگی، هەندێکی شاد، هەندێکی جددی دەربارەی بابەتێن جۆراو جۆر کە لە ژێر کاریگەری لوسیلیوس وتراون، کتێبی یەکەم (لە ساڵی ٣٥ پێشز بڵاوبووەتەوە) لە دە تاك گووتار پێکهاتووە. ژمارەکانی ١-٣ دەربارەی میانڕەوی سەبردارییە، ژمارەکانی ٤، ٦،

١٠ هەندێ بەرهەمی لە خۆیو لە شیعرەکانی لە خۆ دەگرن، ژمارە پێنج باسی سەفەرێکە بۆ بروندیسیوم لەگەڵ میسیناسدا، ژمارە ٧، ٨ کۆمەڵە حیکایەتێکی لە خۆ گرتووە، و ژمارە ٩ شەرحی رووبەڕووبوونەوەی کەسێکی چەنەبازە. کتێبی دووەم (لە دەوروبەری ساڵی ٣٠ پێشز بڵاوبووەتەوە) بریتییە لە هەشت شیعر – هەندێکیان تاک گووتارو هەندێکیان دیالۆگی دوو قۆڵییە. لێرەشدا هوراس بەرگری لە خۆی وەکو نووسەری بەرهەمی نێوەڕۆك جیا دەکات (بڕوانە ژمارە ١١)، لایەنگری لە ژیانی سادەو ساکار دەکات (ژمارەکانی ٢، ٦)و گاڵتە بە کەچ سەلیقەیی خەڵکی دەوڵەمەند دەکات (ژمارە ٨).

<u>ئیپودەکان (زیاتر لەسەر وەزنی ئیامبیك – ٥):</u>

لە دەوروبەری ساڵانی ٤٠– ٣٠ پێشز دانراوە. بریتییە لە هەڤدە شیعر کە لە رووی تۆن و بابەتەوە وەکو ساتیران (بەرهەمی نێوەرۆك جیا) هەمە رەنگە.

هوراس ئیلهامی ئەم شیعرانەی لە ئارکیلوکوسەوە وەرگرتووە. ئیپودەکان چوار شیعری تەنزئامێزی تیایە (٤، ٦، ١٠، ١٢)، دوو شیعریش وێنەیەکی ترسناکی ژنێکی جادوگەر دەگرن (٥، ١٧) شیعرێکیش سەرکەوتنی ئاکتیوم"٩" بە گەورە دەژمێرێ (٩)، دوو شیعریش سامناکیی جەنگی ناوخۆ وەبیردێننەوە (٧و ١٦) شیعرێکیش وەسفێکی توانجپۆشیانەی خۆشییەکانی گوندە (٢).

<u>چامەکان:</u>

سەدو سێ چامەیە، کە زیاتر فیکرین تا لیریکی بن، لە چوار بەرگ یان چوار کتێبدا رێکخراون. هوراس لەم شیعرانەدا قەرزارباری سافۆ، ئالسیوس، سیمونیدس، کالیماکوس، پیندار، ئارکیلوکوس، و ئاناکریون–ە، سێ کتێبی یەکەم لە نێوان ساڵانی ٣٠– ٢٣ پێشزدا نووسراون. غەزەلیاتی کتێبی چوارەم شاعیر لە ماوەی دە ساڵی دواتردا دایان دەنێ و لە ساڵی ١٣ پێشزدا بڵاویان دەکاتەوە. غەزەلیاتەکان دەربارەی بابەتی جۆراو جۆرن وەکو دەعوەت، دوعاخوازی. تەبیعەت، لەزەتی ئەشق و شەراب، ئیحتوباری نەتەوەیی و سرودێن پاڕانەوەیە. کتێبی یەکەم زیاتر هۆزانێن لیریکییە دەربارەی ئەڤین و شەراب، کتێبی دووەم هەندێ نامەکاری ئەخلاقی لە خۆگرتووە، کتێبی سێیەم بە رادەیەکی زۆر بە مەسەلە ئەخلاقی و نیشتمانپەروەرییەکاندا رادەگات، و کتێبی چوارەم زیاتر تەرخانە بۆ ستایشی ئوگوستوس و ئەندامانی خێزانەکەی وی.

<u>نامەکان:</u>

دوو کتێبە کە لە ساڵانی ٢٠– ١٣ پێشز دانراون و لە ساڵی ١٣ پێشز بڵاوکراونەتەوە (کتێبی یەکەم بیست نامەیە، و کتێبی دووەم دوو نامەیە). هەموو نامەکان، جگە لە چواریان (٣، ٥، ٨، ٩) کە شەخسین، بەشێوەیەکی گشتی عەوامی خەڵکی دەدوێنن. نامەکانی کتێبی یەکەم پتر لەمەڕ داب و نەریتان، ئەخلاقیات و بەختەوەرییە. بابەتی کتێبی دووەم، نامەی یەکەم داکۆکییە

لە ئەدەبیاتی سەردەمی ئوگوستوس. نامەی دووەمی ئەم کتێبە تاڕادەیەك ژیاننامەی خودی شاعیرە- کۆمەڵە بیانوویەکە بۆ ئەوەی کە چیتر شیعر نەڵێ. زۆربەی نامەکانی پڕن لە پەند، قسەی نەستەق، و پێکەنینۆك.

<u>سرودی سەرکەوتن (گۆرانی سەدە):</u>

ئەم سرووده بەبۆنەی ئەو جەژنە گەورە نەتەوەییەوە کە ئوگوستوس ڕایگەیاند بوو، لە ساڵی١٧ پێشزدا گوتراوە و مەبەست ئەوە بوو تا کوڕاڵی کوڕ و کچ بە گۆرانی بیڵێن. هۆراس لەم سروودانەدا ستایشێکی زۆری ئوگوستوس و روم دەکات.

<u>هونەری شاعیری(یا نامە بۆ پیسووەکان):</u>

ئەم بەرهەمە (لە دەوروبەری ساڵی١٠ پێشز نووسراوە) لەوە دەچێت نامەیەك بێ بۆ دوو پیاوی گەنج بە ناوانی پیسو، کە لەسەر داوای ئەوان هەندێ ڕێسای شیعری باس دەکات. بەشی یەکەم (١-١٤) زەرورەتی هاوئاهەنگی دووپات دەکاتەوە. بەشی دووەم (٤٢-٢٩٤) باسی فۆرم، دەربڕین، تۆن و کاراکتەرسازی دەکات، و پتر باسی شیعری درامی دەکات. بەشی سێیەم باسی خودی شاعیر دەکات و بەهرەی خودی و خوێنەواری بۆ شاعیر بە پێویست دەژمێرێ، و هەندێ یاساو ڕێساش بۆ فێربوونی شاعیر پێشان دەدات.
ئەم کتێبە ئەقڵی ساغڵەم بە بناغەو کۆڵەکەی نووسینی باش دەزانێ. پێشنیازی موتالاو خوێندنەوەی نموونە یونانیەکان دەکات.هێرش دەکاتە سەر زبری، درێژدادڕی و کاوێژکردنەوە، و نادروستی لە چێکردنی وشەدا. گەلێك لە زاراوە زندووەکانی ئەم کتێبە لەواری ڕەخنەی ئەدەبیدا، کەوتۆتە سەر زاران وەکو: شابەیت، نەختی و پوختی، و دەستپێك لە ناوەندی بابەتەوە.
هونەری شاعیری هۆراسو هونەری شیعری ئەرستۆ بە گرنگترین نووسراوی واری ڕەخنەی ئەدەبی کۆن دەژمێردرێن هونەری شاعیری کاریگەری، بەتایبەتی لەسەر بوالو، وکەسایەتی یە ئەدەبیەکانی ئینگلیزی ئاخر و ئۆخری سەدەی حەڤدە و هەژدە هەبووە.

<u>بیروبۆچوونەکانی هۆراس:</u>

هوراس وەك فەیلەسوف هیچ بابەتێکی تازەی پێ نییەو زەحمەتە بتوانرێ بە خودانی یەك سیستەمی فیکری بزانرێ. لە مەیدانی مەزەبو ئایین-شدا هیچی تازەی پێ نییە. بەڵام تەقریبەن دیارە کە لە دڵا باوەڕی بە خودایانی رومی یان بە نەمری نییە. لە مەیدانی حیکمەتی عەمەلیدا، بیروبۆچوون و باوەڕی وی تێکەڵەیەکە لە قوتابخانە و ڕێبازی ئەپیکوری و ڕەواقی، کە هۆراس بە پەیڕەویکردنی میانڕەوی ئەفلاتونی لەتوندڕەوی هەردووکیان (ئەپیکوری و رەواقی) کەم دەکاتەوە. ئەگەرچی هۆراس مەبەست و ئامانجی مرۆڤ لە ژیاندا بە جوسوجۆی لەزەت و دوورە پەرێزی لە ئازار دەزانێ و لەو باوەڕەدایە (کە نابێ ((دەمو گاڤ لە دەست بدرێ))"١٠"و(تەمەن

بڕوات ناگەڕێتەوە..وەرگێڕ)، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر موحافەزەکارە، هەمیشە ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە زیدەڕۆیی —بۆ نموونە لە شەراب، ئەڤینداری، سەروەت و سامان— بەدبەختی و نەگبەتی لێدەکەوێتەوە، هۆراس لایەنگری ژیانی سادەی دێهاتی، ئارامی فەلسەفی، و هێمنی و سەبرە لە ڕۆژی تەنگانەدا. لە سیاسەتیشدا هەر موحافەزەکارەو گاڤێ کە هەست بە نزیکبوونەوەی مەترسی جەنگی ناوخۆ دەکات دەوڵەت ئاگادار دەکاتەوە.

شێوازو تەکنیك:

هەر چەندە هۆراس زیاتر بە هۆزانێن لیریکی و ڕەخنەی ئەدەبی بەناوبانگە تەنزی مولایم بەدیارترین تایبەتمەندی بەرهەمەکانی وی دەژمێردرێ.

جگە لە کتێبی نێوەڕۆکە جۆراو جۆرەکانی، لە زۆربەی ئیپودەکان، و گەلێك لە چامەکان، و هەروەها لە (هونەری شاعیری)یەکەیدا هەندێ نیشانەێن تەنز دەبینرێن. تەنانەت لە غەزەلیاتی ئەڤینداریشدا دەست لە شۆخی و حەنەك هەڵناگرێ. شۆخ تەبعی، نوکتەبێژی، بەزەیی، هێمنی و خۆش مەشرەبی لە ناخی شیعری ئەودا پەنهانە، هوراس نەك هەر نەختی و پوختی شیعر دووپات دەکاتەوە بەڵکو بە خۆیشی زۆر پابەندییەتی لە دانانی بەرهەمەکانی خۆیدا لە ڕادەبەدەر وردو دوو دڵە، و شیعرەکانی لە ڕووی هونەرییەوە بە ڕاستی بێ خەوشن، بە مامۆستای زۆر ژانری شیعری و وەزن و کێشی جۆراو جۆر دەژمێردرێ.

کاریگەری هۆراس:

هۆراس بەتایبەتی لە سەدەکانی ناڤیندا کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبوو، بەلام لە دوای رینیسانس و لە سەدەی هەژدەمدا ئیحتوبارێکی زۆری پەیدا کرد. لە ئیتاڵیادا کاری کردە سەر، دانتی، پترارك، ئاریوستو، بیمبو، و تاسو، لە فەڕەنسادا کاری کردە سەر: رونسار، دوبلیە، مونتینی، مالرب، بوالو، لافونتین، کورنی، راسین، مولیر، ڤولتیر، شینیە، دوموسیە، لە ئەڵمانیادا کاری کردە سەر: لسینگ، هردر، گوتە، نیتشە، و لە ئینگلیستاندا کاری کردە سەر: سپنسەر، شەکسپیر، جۆنسن، ئەدیسۆن، ستیل، پریر، پۆپ، ریچاردسون، سترن، ئیسمولت، فیلدینگ، گریی، چسترفیلد، ڤالپول، وردز ورس، کولریج، بایرون، شیلی، و براوینگ.

کورتەیەکی ڕەخنەکان:

هۆراس لەبەر نەبوونی هەستی قوڵ و تەبعی ناسك، کەم مایەیی لە مەسەلە کۆمەلایەتی و ناوەڕۆکە ئەڤینداریەکان، و دوورەپەرێز خوازی ڕەخنەی لێگیراوە، ڕەخنەگرێك بە پیاوێکی (بە کەلەش بچووك) و گەورەی دەزانێ کە خووی پارێزکارانەی وی دەگەڵ گەورەترین دەستکەوتێن شیعریدا ناگونجێت. هەندێکیش بە کەسێکی خۆ هەڵکێش و لە خۆ ڕازیان لە قەڵەم داوە. لەم لاشەوە هەوادارانی دەڵێن هۆراس هەرچییەك بێ ڕوون و ڕەوان و جوان دەنووسێت، و تەکنیکێکی بالای لە بەکارهێنانی وشەو پەیڤ و کێش و وەزن و ڕەوانی زماندا هەیە. ئەمە جگە

لەوەی کە لە مەیدانی رەخنەی ئەدەبیدا خودانی ئەقڵێکی ساغڵەمو بەهرەیەکی گەورەیەو بەرهەمەکانی لە رووی کورتبڕیو جوانییەوە مایەی ستایشن، نووسینەکانی خوێنەر رادەکێشن. هۆراس وەکو کەسێکی تەنزنووس خودانی هەستێکی کۆمەڵایەتی بەرزە، و کەمتر دەبێتە مایەی رەنجانو تۆرانی کەسانی دی، هەموو خەتاکانی دۆستەکانی دەداتەوە بە رووياندا و لە هەمان کاتدا دەیانهێنێتە پێکەنین. لە راستیدا هۆراس لە هەموو کەسێك و تەنانەت لە خۆیشی پێکەنین دروست دەکات. بوونی هۆراس پڕە لە دیتنو ئەقڵی باتین، ئەقڵی ساغڵەم، مەحەبەتو خۆشەویستی، بەزەییو راستگۆیی، ئەدەبو ئینسانیەت.

لاوانەوەو شیننامە"١١"

رومییەکان شیعری ئاشقانەیان لە قاڵبی وەزنی شیعری لاوانەوەو لەجێی شیننامە دەنووسی. سێ لاوانەوەخوانی دیاری رۆمی: تیبولوس، پروپرتیوسو ئوڤیدیان ناوە .

تیبولوس (ئالبیوس تیبولوس ٥٤- ١٨ پێشن):

ئەم شاعیرە گەورەیە ئەندامی کۆڕو ئەنجوومەنی میسالا"١٢" بوو. چوار کتێبی شیعری ئاشقانە و خۆشەویستی دەدەنە پاڵ وی. کتێبی یەکەم بریتییە لە دەغەزەڵ، غەزەلێکیان دەربارەی ساڵڕۆژی لە دایکبوونی میسالایە (٧) پێنج غەزەلیش ئەڤینی شاعیر دەرهەق بە پلانیا دەردەبڕن (١-٦). کتێبی دووەم شەش شیعری لاوانەوەی لە خۆگرتووە، لە سێ شیعریاندا باسی ئەوینی ئاگرینی تیبولوس دەرهەق بە نیمسیس دەکرێ کە ژنێکی سەر بە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەیە. شەش شیعری کتێبی سێیەم وادیارە بۆ سولپیسیا"١٣"-ی برازای میسالایە، تیبولوس ورد، هێمن، نەجیب، سەنگین، میانڕەو، قسە لە روو و رەوانە، و ناوبانگو شۆڕەتی بە رەوانیو پوختەیی بەرهەمەکانیەوەیە. بەڵام دیدو روانینێکی سنورداری هەیەو کەم ئەندێشەیە... هەر چەندە لە ریزی شاعیرە گەورەکان دانانرێ، بەڵام شاعیرێکی هێمنو رەزا سووکە.

پروپرتیوس (سکستوس پروپرتیوس ٥٠- ١٦ پێشن):

ئەندامی کۆڕو مەجلیسی میسیناس بووە. ٤-٥ کتێبی لاوانەوەی داناوە. تەقریبەن هەر هەموو دوو کتێبی یەکەم، نیوەی کتێبی سێیەم، و سێ شیعری کتێبی چوارەم (واتە نزیکەی شەستو حەوت شیعرێك) دەربارەی ئەڤینی خۆی دەرهەق بە هوستیا-یە. ئەو دوای شیعرەکانی دەربارەی بابەتی جۆراوجۆرە وەکو رێوڕەسمی ئاینی، ناوی شوێنان، جەنگی ئاکتیوم، و خەمی مەرگی خانمێکی رومی. بە گشتی پروپرتیوس بە شاعیرێکی باشتر لە تیبولوس دەزانن- چونکە هەم بەرهەمی زۆرترەو هەم بابەتی جۆراوجۆرتری هەیە. ئاڵۆزی، نامەفهومی، نەبوونی یەکێتیو یەکنەوایی کێشو وەزن بەکەمو کورتی بەرهەمەکانی وی دەژمێردرێن، لایەنی ئیجابی

بەرهەمەکانیشی بریتییە لە: قوڵی کاریگەری، سەنگینی، زیتەڵەیی، سۆزی راستەقینەو ناسکی و جوانی.

ئوڤید (پۆبلیوس ئوڤیدیوس ناسو ٤٣ پێشز- ١٧ ز):

شاعیرێکی مەلحەمەنووس و لیریکاخوان، و شانۆنامەنووسە. لە خێزانێکی جەنگاوەری دەوڵەمەندی خەڵکی سولمون لە ئیتاڵیای ناوەندی هاتە دنیاوە. لە رومدا کەوتووەتە خوێندنی زانستی رەوانبێژی و ماف، بەڵام زۆر زوو وازی لە لقی ماف هێناو رووی کردە شیعرو شاعیری، سێ جاران ژنی هێناو دوو ژنی یەکەمی تەڵاق دا. ئوڤید لە ساڵی ٨ز بە دەستووری ئوکتافیانوس بۆ تۆمی، لە کەناری دەریای رەش دوور خرایەوەو نۆ ساڵ لەوەدوا هەر لەوێندەر کۆچی دوایی کرد.

بەرهەمەکانی:

هۆزانێن ئەڤینداری:

خۆشەویستی:

کۆی پەنجا شیعرە لە سێ کتێبدا (لە ئەسڵدا پێنج کتێبە) کە لە دەوروبەری ٢٣-١٥پ.ز لە قاڵبی شین و لاوانەوەدا دانراوە. ئەم کۆمەڵە شیعرە پتر ئەو شیعرە ئاشقانانەی لە خۆ گرتووە کە نەك هەستی خودی شاعیر، بەڵکو هەستی هەر ئاشقێك دەگێڕێتەوە. کورینا، بابەتی دوازدە شیعری ئەم بەرهەمەیە، وادیارە پێکهاتەیەکە لە چەندین نەفەر، ئەو ئەشقەی وێنە دەگیرێت ئەشقێکی سیکسی و ناڕەوایە، و دەنگ و تۆنی شاعیر هەندێ جار هێمنەو هەندێ جار توند دەبێ. شیعرەکانی دەفتەری ئەشقان، بێ پەروا، گاڵتە ئامێز، چڕ و کورتن و پەیوەندییەکی ئەوتۆش لە نێوان شیعرەکانی ئەم دیوانەدا رەچاو نەکراوە.

ژنانی قارەمان (لە دەوروبەری ساڵانی ٢٢- ١٥ پێشز دانراوە):

کۆی پازدە نامەی خەیاڵییە کە ژنانی تەنیاو دڵتەنگی ئەفسانەیی، بۆ دڵدارانی خۆیان، کە بوونەتە مایەی پەریشانی حاڵی وان، نووسیویانە. هەموو نامەکان لە دەم و گاڤی قەیراناویدا نووسراون و ئاهەنگی نامەکان هەندێ جار خەمین و نەخۆشانەیە هەندێ جار پڕ جۆش و خرۆش و سۆزاوین. دوو نامەی (کاناسە"١٤"و فیلیس"١٥")ی ئەم کۆنامەیە نموونەی واقیعی تراجیدیای رەسەنن و هەندێکی دیکەیان پڕن لە شۆخی و نوکتەبازی (وەکو پنەلوپە"١٦"و فیدرا"١٧"). ئەم نامانە توژێنەوەی پەسندن دەربارەی خوو خدەی ژنان، بەڵام هەندێکیان نیشانەی ناهونەریەت و کەچ زەوقین. وادیارە چاسەر (ئەفسانەی ژنانی میهرەبان)و لاندور (دیالۆگی خەیاڵی) لە ژێر کاریگەری ئەم بەرهەمەدا نووسیوە.

جووت نامەکان:

سێ جووت نامەیە کە پاشکۆی (ژنانی قارەمان)ە هەر جووتێك بریتییە لە نامەیەکی دڵداری پیاوێك و وەڵامی ئەو ژنەی نامەکەی ئاراستە کراوە (پاریس"١٨"، هیلین"١٩"، لیاندر"٢٠" و هیرو"٢١"، و ئاکونتیوس"٢٢"، و سیدیپە"٢٣") ئوڤید لەم بەرهەمەدا سوودێکی فرەی لە زانستی واتاناسی و روون بێژی وەرگرتووە.

کەرەستەکانی ئارایشتی ژنان:

پەنجا چوارینەیە کە پرۆگرامێکی سەیرو ئاڵۆز لە واری کەرەستەی مکیاجی ژناندا دەخاتە روو، ئەم بەرهەمە لەبەر ئەوەی باسی کۆمەڵە خاڵێکی تەکنیکی رووتە، جوانییەکی ئەوتۆی نییە.

"هونەری ئەڤینداری":

دەقێکی فێرکاری تا رادەیەك تێروتەسەلە لە سێ کتێبدا، دەربارەی شێوەکانی ئەڤینداری. کتێبی یەکەم هونەری پەیداکردن و رامکردنی ماشوقە فێری پیاوان دەکات، کتێبی دووەم فێریان دەکات کە چۆن بە خۆشەویستی بمێننەوە، کتێبی سێیەم بۆ ژنانەو باسی دڵرفاندنی ئاشقان دەکات. ئەم شیعرانە، ئەوە دەڵێن کە سەروکاریان تەنیا لەگەڵ ئەشقی بەدەنیدا هەیە. (هونەری ئەڤینداری) یادگارێکی هونەرییەو دێرەکانی مینا ئەڵماس دەدرەوشێنەوە. بەرهەمێکی زیرەکانەو تەنز ئامێزی ناسکە کە لە شەیتەنەتەوە سەرچاوە دەگرێ و بۆ هاروژاندنی خوێنەر کۆ لە هیچ ناکاتەوە، ئوڤید لەم بەرهەمەدا ئیدی خزمەتکاری ئەڤین نییە (وەکو لە کتێبانی خۆشەویستی، و ژنانی قارەماندا وابوو)، بەڵکو ئاغای ئەڤینە، و لەم رووەشەوە بە خۆی دەنازێ. زۆربەی خەڵکی (هونەری ئەڤینداری) ئوڤیدیان (بە تایبەتی لە سەردەمی ڤیکتۆریا"٢٤")دا بە بەرهەمێکی نە ئەخلاقی لە قەڵەم داوەو رەنگە هەر ئەم بەرهەمە و خەتای* شاعیر بوونەتە مایەی نەفی کردن و دوورخستنەوەی.

دەرمانی ئەڤین (لە دەوروبەری ساڵی "١"ز بڵاوکراوەتەوە):

درێژەی (هونەری ئەڤینداری)یە. هەندێ چارەو دەرمانان (تەنیا بۆ پیاوان) بۆ ئەڤین دەخاتە روو: کار، سەفەر، گێڕانەوەی عەیبەکانی مەحبوب و حەزکردن لە ژنێکی دیکە. هەروەها هەندێ رێ و جێش بۆ هەڵاتن و خۆ دزینەوە لە ئەڤین و ئەڤینداری، دادەنێ: دوورەپەرێزی لەو کۆڕو مەجلیسانەی کە بشێت ژنەی تیادا ببینرێ، پۆشین و لەبەرکردنی جلوبەرگی ناشیرین، خواردنی باش، نەگوتنی شیعر، (دەرمانی ئەڤین) لە چاو (هونەری ئەڤینداری)دا جوانییەکی ئەوتۆی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا شۆخی و حەنەکبێژی زندوویەتییەکی دەداتێ.

هۆزانێن گێڕانەوەیی:

میتامۆرفۆس (لە ساڵانی ٢- ٨ ز دانراوە):

هۆنراوەیەکی گێڕانەیی درێژە (دوانزە هەزار بەیتە لە پازدە بەرگدا)و لەسەر وەزنی شەش پایەیی هۆنراوەتەوە، کە بەڕای هەندێ لە شرۆڤەکاران بە بەرهەمێکی مەلحەمی دەژمێردرێ. ئەم بەیتە چیرۆکی دۆنای دۆنی مرۆڤ و شتانی بێ گیان لە هەوەڵی خوڵقانەوە تا ساڵی ٤٣ پێشز بەزمانی ساڵنامەیی و تەقویمی دەگێڕێتەوە. ئەم گێڕانەوەیە لە گۆڕانی هیولای بێ شێوەو فۆرمەوە بۆ جیهانی بوون دەست پێ دەکات و بە خودا ئاسایی ژول تزار کۆتایی دێت. ئەم بەرهەمە ٢٤٦ چیرۆکە، کە هەر چیرۆکێکیان بە جۆرە دۆنای دونێك کۆتایی دێت. ریزبەندی مێژوویی تەنیا لە بەرگی یەکەم و دووەم و یازدەیەم تا پازدەیەم-ی ئەم بەرهەمە ئاشکرایە ماکی، زۆربەی چیرۆکەکان دەچێتەوە سەر ئەفسانان، بەرگی یەکەم تا یازدەیەم بریتییە لە حیکایەتێن رۆمانتیکی کورت کورت کە زۆربەیان سۆزاوی و جدی و ناسك و جۆراوجۆرن. ژمارەیەك لە قارەمانانی حیکایەتەکانیش بە سوعبەتەوە هەجوو دەکرێن. بەرگی دوازدەیەم تا چواردەیەم هەندێ سەنگینترو مەلحەمی تر دەبن، و بەرگی چواردەیەم پتر ئەفسانانی نیشتمانپەروەری دەگێڕێتەوە، بەرگی پازدەیەم دەربارەی رەواجی شارستانیەت و رۆشنبیریی یۆنان لە ئیتاڵیا و ستایشی رومە وەکو مەڵبەندی مەدەنیەت و شارستانیەتی جیهان، هەروەها لێکدانەوەیەکی لەمەڕ فەلسەفەی فیتاغورس و داکۆکییەکی لە گیاخۆری، گرتۆتە خۆ.

میتامورفۆس، بە گشتی بە شاکاری ئوڤید دادەنەن، ئوڤید لەم بەرهەمەدا، گوزارشت و دەربڕینی مکوم و رەوانی ئەفسانانی کۆن دووبارە زندوو دەکاتەوە. ئەم بەرهەمە لە نێو بەرهەمە گەورەو شاکارەکانی رومدا بەبەراورد لەگەڵ مەلحەمەکەی ڤیرجیلەوە بە پلەی دووەم دێ.

ئەو هۆزانانەی کە لە تاراوگەدا وتراون:

ساڵنامەی رومی (بەر لە دوورخستنەوەی ئوڤید، لە دەوروبەری ساڵی ٨ز دانراوە، و نووسەر لە کاتی ئاکنجی بوونیا لە تۆمی پێیدا چووەتەوە).

بەیتێکی تەواو نەکراوە کە لەسەر وەزنی شین و لاوانەوە هۆنراوەتەوە، ئوڤید بە تەما بوو ئەم بەرهەمە لە دوازدە کتێب یان بەرگدا بهۆنێتەوە، بەڵام دوور خستنەوەی بواری دانانی پتر لە شەش کتێبی پێ نەدا. ئەم بەرهەمە رووداوەکانی شەش مانگی یەکەمی ساڵ، بە دووپاتکردنەوەی ئاهەنگ و جەژن و بۆنە رومییەکانەوە، باس دەکات. زیدە باری ئەمە مێژوویەکی ساڵنامە، هەندێ ریشە دۆزی پەیڤ و وشە کە زۆر جێی باوەڕ نیە، لەگەڵ شەرحێکی بورجەکاندا بەدی دەکرێ، ئەم بەرهەمە کاری کردۆتە سەر (ساڵنامەی شوانکارەیی) سپنسەر.

ئیبیس (دەوربەری ساڵی ٨ز):

بەیتێکی توندی سەرزەنش ئامێزە لە ٦٤٤ بەیتدا، کە ئبیس"٢٥" بە زۆر خەتایان مەحکوم دەکات، لەوانە دەست بەسەراگرتنی داراییەکانی ئوڤید لە کاتی دوورخستنەوەیدا.

بەیتی غەم (لە ساڵانی ٨- ١٢ ز دانراوە):

پێنج دەفتەری لاوانەوەیە، کەشاعیر داوای عەفوو بەخشین لە ئوگوستوس دەکات و باسی بەدبەختییەکانی خۆی لە تۆمیدا دەگێڕێتەوە. ئەم بەیتە کورتە مێژووییەکی گرنگی ژیانی وی نیشاندەدات، بەڵام لە رووی هزرو ئەندێشەوە بەرهەمێکی لاوازە.

کۆمەڵە نامەیەك لە دەریای رەشەوە (١٢- ١٤ز):

بابەتی ئەم بەرهەمە درێژەی بەیتی غەمە. چوار بەرگەو چل و چوارنامەی لە خۆ دەگرێ. رووی دەمی نامەکان لە کەسانی ناسراوە.

شاعیر لەم نامانەدا ئەو رەنجانە دەگێڕێتەوە کە کێشاویەتی، هاوسەرەکەی و دۆستەکانی ستایش دەکات، و وەسفی تومی و دەوروبەری دەکات. ئەم نامانە لەو رووەوە کە هەندێ حەقیقەتی ژیانی ئوڤید دەگێڕنەوە، یەجگار بەنرخن.

هەڵسەنگاندنی شیعری ئوڤید:

هەر چەندە زۆر جاران ئوڤید بە گەندەڵی ئەخلاقی و سەرسەرێتی تاوانبار کراوە، بەڵام بەرهەمەکانی تەواو لە مەبەست و ئارمانجی مەزەبی و ئەخلاقی خاڵی نین. ئوڤید، بێ دوو دڵی ئیعتراز لە ستەمی خواوەندان دەگرێت، و زۆر بە کەمی باسی لایەنگری لە خودایانی تەقلیدی رومی دەکات، بەڵام جۆرە یەکتاپەرستیەکی تەمومژاوی زەمینەی چیرۆکی میتامورفوس-ی وی پێك دەهێنێ و چاوی لە ئاسودەیی بەهەشتە.

خەوشەکانی ئوڤید زادەی هەڵچوونی لە رادە بەدەری تەبعە، واتە نەبوونی میانڕەوی و زەبت و رەبت و هاوسەنگی، مکولی دەڵێت ئوڤید دوو خەوشی تەحەمول ناپەزێری هەیە:

١- زیرەکی هەمیشەیی

٢- شوێن نەناسین.

کە دێتە سەر رەخنەگرتن لەخۆی ئەوەندە جددی نییەو لە حەزف کردنی پەرەگرافی لاواز لە زمانا بێ توانایە.

ئوڤید لە بارتەقای ئەم سەلبیاتانەدا، خاڵی پۆزەتیڤی زۆرە: فرە لایەنی کارەکانی، خۆش دڵی دایمی، خەیاڵی پڕ داهێنان، زەین روونی و هۆش تیژی، رەوانی و پاراوی زمان و لێهاتووی لە وەزندا کە دەیخەنە ریزی پێشەوەی شاعیرانی گێڕەرەوەی غەزەلخوان.

شۆرەت و دەسەڵات:

بەرهەمی هیچ شاعیرێکی کلاسیکی هێندەی بەرهەمەکانی ئوڤید فرە خوێنەر نەبووە، گەرچی ئوڤید تا سێ سەد ساڵیش پاش مردنی هەر شاعیرێکی گەورەو خۆشەویستی جەماوەری خەڵکی روم بوو، بەڵام کاریگەری قوولی تەنیا بەسەر مارسیالەوە هەبوو، لە سەدەکانی ناڤینەوە تا نیوەی دووەمی سەدەی یازدەیەم ئیدی شۆرەتی بەرەو نەمان چوو. لەو

رۆژگارەوە تا ساڵی ١٨٠٠ تەنیا ڤیرجیل دەسەڵاتی زۆری بەسەر ئەدەبیاتی لاتینەوە هەبوو. ئەو نووسەرانەی کە زیاتر قەرزارباری ئوڤیدن بریتین لە: دانتی، پترارك، بوکاچو، ئاریوستو، گوتیە، دوبللیە، رونسار، مونتنی، لافوتین، چاسر، سپنسر، شەکسپیر، لاندور، تینی سین، سوین برن، سیدنی، کرتیان دوتروا، گیوم دولوریس، دومیون، لوپەدوگا، دریتون، کولی،بنو ئادوسندمور، کالدرون، مولیر، هیی وود، لیلی، جانسونو هەروەها گولیاردەکان"٢٦"و تروبادورەکان"٢٧"، مینی "٢٨" سینگەرەکان.

مێژوو

لیڤیوس (تیتوس لیڤیوس پاتاڤینوس ٥٩ پێشز- ١٧ز):

مێژوونووسێکی رومییە، لە پادووا"٢٩" هاتە دنیاوە لە گەنجیدا چوو بۆ رومو لەوێندەر پەیوەندی دۆستانەی دەگەڵ ئوکتاڤیانوس، و میسیناسو یاوەرانیدا پەیدا کرد. لێپوس پتر لە چل ساڵی ئاخرو ئوخۆری تەمەنی بە نووسینی مێژوو بردە سەرو ئەنجام لە پادووا کۆچی دوایی کرد.

بەرهەمەکانی:

ساڵنامەکان یان مێژووەکان:

١٤٢ کتێبە کە تەنیا ٤٥ دانەیان لە دوو کۆ بەرهەمی گەورەدا (لە کتێبانی ١ تا ١٠و ٢١ تا ٤٥) ماون. ئەم ساڵنامانە سەردەمی دامەزراندنی روم تا مردنی دروزوس"٣٠"ی زڕکوڕی ئوگوستوس، لە ساڵی ٩ز لە خۆ دەگرێت. بەشی یەکەمی ئەم ساڵنامانە لە ساڵی ٧٥٣وە دەست پێدەکاتو لە ساڵی ٢٩٣ پێشزدا کۆتایی دێت، بەشی دووەم بە هەڵگیرسانی دووەمین جەنگی کارتاژی (٢١٨ پێشز) دەست پێدەکات. رێژەی ئەو ساڵانەی کە هەر بەشێك لە بەرهەمی نێوبراو دەیگرێتەوە جیاوازە: دە کتێبی یەکەم ٤٦٠ ساڵ دەگرێتەوە، بەڵام چەند کتێبێکی کۆتایی ئەم بەرهەمە، هەر یەکەیان نزیکەی یەك ساڵ لە خۆ دەگرێ. لیڤیوس، لە دانانی ئەم ساڵنامانەدا سوودی لە زۆر سەرچاوە وەرگرتووە، بە تایبەتی لە بەرهەمەکانی پۆلوبیوس، بەبێ ئەوەی نێوی ئەو سەرچاوانە بێنێ، شێوازی وی لە کاریگەری ڤیرجیلو سیسرون بەدەر نییە.

لیڤیوس دوو مەبەستی گرینگی هەبوو: یاد کردنەوەی تورەقیو شکۆمەندی روم، و سەرسامکردنی خوێنەرانی بەرهەمەکانی بە توانا دراماتیکیو حیکایەتخوانییەکانی خۆی. لە سەرەتاوە دڵبەندی خەڵکی رومو کەسایەتیو کرداری جەماوەری خەڵکی رومە.

لایەنگری لە کۆماریخوازی دەکات، و سەردەمی شەڕەکانی کارتاژی (قەرتاجە) بە قۆناغ و سەردەمی شکۆداری روم دەزانێ. بەڵام بە تواناو دەسەڵات، حەقانیەت، و رومو زەمانی ئوگوستوس دەنازێ، لیڤیوس پێی وایە کە مێژوو پێویستە لە رووی مەعنەوییەوە بە سوود

بیّ –ليڤيوس زياتر جەخت لەسەر دياردە ئەخلاقيەكانى كۆمەڵگە دەكات تا لەسەر دياردە ماديیەكان، و ئەم جەخت كردنەش دەبێتە هۆى ئەوەى كە ئەو دياردانەى تۆمارى كردوون نوقستان بن، ليڤيوس لە زەمانى خۆيدا خۆشەويستييەكى تايبەتى هەبووەو دەيگێڕنەوە يەكێك لە هاووڵاتيانى قادس (كاديث) تەنيا بۆ ديتنى وى چووە بۆ رۆمو پاش ديدەنى وى يەكسەر بۆ ئەسپانيا گەڕاوەتەوە. مێژووەكەى وى بووە بە سەرچاوەيەك بۆ نووسەرانى دواى خۆى بە تايبەتى ميكاڤيللى، شەكسپيرو مكولى.

<u>كورتەيەكى رەخنەكان:</u>

ليڤيوس زۆرجار كەم ديقەتە، لە هەڵبژاردنى سەرچاوەكاندا بیّ موبالاتەو پتر پابەندى هەستو سۆزە تا پابەندى پڕەنسيپو ميتۆدى زانستى بیّ. راستە مێژوونووسێكى كنەكار نييە، بەڵام وێڕاى ئەوەى كە لە تۆمار كردنى ساڵو بەرواروو وردەكارييان‌دا هەندیّ جاران هەڵە دەكات، مێژووەكەى وى ئەگەر راستگۆيى مێژوويیشى تێدا نەبیّ، ئەوا راستگۆييەكى شاعيرانەى تيايەو روحى مێژووەكەى وى دروست و راستە. هەر چەندە تەعەسووبى نەتەوەيى هەيە بەڵام لە رووى بۆچوونى سياسييەوە بەويژدانو بەئينسافە. وى جيهانبينى مێژوويى نييە، گۆڕانكارييە مێژووييەكان بە هزرو خەياڵى زەمانى خۆى ئارايشت دەكات. زانيارييەكانى وى سەبارەت بە جوگرافيا، سياسەت، ماف، و كاروبارى سوپايى كەم بايەخن، و ئەو بابەتانەى لەسەرچاوەێن جۆراو جۆرەوە وەريان دەگریّ، بە دروستى هەرسيان ناكات، ليڤيوس بۆچوونو تێورييەكى يەكپارچەو يەكگرتووى دەربارەى مێژوو نييەو تەنيا بەناو بردنى زنجيرە رووداوێك واز دێنیّ. هۆى هەرە گەورەى مانەوەى بەرهەمەكانى لە شێوازى مامۆستايانەيدايە، يانى رەوانىو كورتى رستەكانىو دەوڵەمەندى و سفتى داڕشتن كە نيشانەى جۆشو خرۆشو هەورازو نشێوى حيكايەتخوانييە، گووتويانە ليڤيوس لە بارى شێوازەوە يەكێكە لەو پەخشان نووسە هەرە ديارانەى كە جيهان بە خۆوەى ديتووە.

<u>پەراوێزو ژێدەران:</u>

١- مانتووا:

ناوچەيەكە لە باكوورى ئيتاليا.

٢- ميسيناس (٧٠- ٨ پێشن) سياسەتوانێكى روميیەو يەكێك بووە لە ئەدەبدۆستان.

٣- سكريبونيا:

دووەمين هاوسەرى ئوكتافيانووس-ى يەكەمين ئيمپراتۆرى رومە.

٤- ئوكتاڤيا:

كيژى ئوكتافيانووسو دووەمين هاوسەرى مارك ئانتونييە.

٥- مارسلوس (٢٦٨- ٢٠٨ پێشن): فەرماندەيەكى روومييە.

٦- پولیو (٧٥پێشز ٥ن) خەتیبو سیاسەتوانێکی رومی بووە.

٧- پیراندز (سەدەی حەوتەمی پێشن): شاعیرێکی مەلحەمەبێژی یۆنانییە.

٨- رودسی (سەدەی سێیەم تا دووەمی پێشن): شاعیرێکی یونانییە.

٩- بەرهەمێن ناوەڕۆك جیاواز (Saturae): بە مانای بەرهەمێکی نێوەرۆك جۆراو جۆر دێ. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە هۆراس لە روانگەی توێژەرانی ئەدەبیی جیهانەوە بە رچە هەڵگری لوسیلیوس لەم جۆرە ئەدەبەدا دەژمێردرێو گەیاندوویەتە لوتکە.

١٠- ئاکتیوم: لوتکەیەکە لە باکووری رۆژئاوای یونان، هێزەکانی ئوگوستوس لێرەدا ئانتونیوسو کلیوپاترا یان شکان (٣١ پێشن).

١١- دەمو گاڤ – Carpediem: دەربڕینێکی لاتینییە بە مانای "ئەمڕۆ لە کیس مەدە). لە ئەدەبیاتدا، بە تایبەتی لە شیعری لیریکیدا، دەلالەت لەو مەبەستە دەکات کە تەمەنی لاوی کورتەو جەخت لەسەر گەڕان بە دووی لەزەتدا دەکات.

١٢- لاوانەوەو شیننامە: لە زمانی یونانیدا زاراوەی Elegy بۆ ئەو شیعرانە بەکاردێ کە بۆ لاوانەوەو شیوەن دادەنرێنو، ئەوەش شیعرێك بووە کە بەیتێکی لەسەر وەزنی شەش سیلابی بووەو بەیتەکەی دوای ئەوە لەسەر وەزنی پێنج سیلابی بووە. یونانیەکان بە زۆری لاوانەوەیان لە قاڵبی ئەم جۆرە شیعرەدا دەهۆنییەوە، بەڵام رومییەکان شیعری غەزەلیشیان لەم قاڵبو فۆرمەدا داناوە.

١٣- میسالا (٦٤پێشز- ٨ن):

فەرماندەو خەتیبێکی رومی بووەو پشتیوانو دۆستی ئەدیبان بووە.

١٤- سولپی سیا (لە ئاخرو ئۆخری سەدەی یەکەمی پێشزدا ژیاوە):

ئافرەتێکی شاعیری رومی بووە.

١٥- کاناسە:

کیژی ئەیول-ی پاشای مانیزی (دەکەوێتە تسالی)یەوە، کە پوسیدون حەزی لێکرد. ئەم کیژە لەگەڵ برایەکەی خۆیدا زینای کرد.

١٦- فیلیس:

شازادەخانمێکی خەڵکی تراس-ی مەقدۆنیە بووە، کە دەزگیرانەکەی لە وەختی خۆیدا بۆ زەماوەندەکەی ئامادە نەبوو، خۆی لە سێدارە داوە، وا باوە کە خواوەندان کردوویانە بە درەختی چواڵە.

١٧- پنەلوپە:

هاوسەری ئودیسیوس-ی پاشای ئیتاکیا بوو کە ماوەی بیست ساڵان چاوەڕوانی هاوسەرەکەی کردو هەر بە ئەمەکداری مایەوە.

١٨- فیدرا:

هاوسەری تسیوس–ی پاڵەوانو پاشای ئاتین بوو. حەز لە هیپولوتوس–ی کوڕی هاوسەری یەکەمی تسیوس دەکاتو کە هیچ بە هیچ ناکات بوختانی بۆ هەڵدەبەستیٚو دەبێتە باعیسی مەرگیو پاشان خۆیشی خنکاند.

١٩- پاریس:

کوڕی پریام–ی پاشا تەروادە بوو، پاریس هیلین–ی رفاندو بوو بە مایەی هەڵگیرسانی شەڕی تەروادە.

٢٠- هیلین:

هاوسەری مینلایوس–ی پاشای ئەسپارەتە بوو.

٢١- لیاندر (بە گوێرەی ئەفسانانی یۆنانی) لاوێك بوو كە شەوان بە مەلە لە گەلیی دەردە نیل دەپەڕییەوە تا بگات بە هیرۆ–ی دەنكو خۆشەویستی.

٢٢- هیرۆ:

پاسەوانی پەرستگەی ئافرۆدیتو ماشووقەی لیاندر بوو.

٢٣- ئاکونتیوس:

لاوێکی یونانی بوو کە حەزی لە سیدپیە کردو ئەڤینی وی وەکو داستانێك کەوتە سەرزاران.

٢٤- سپدیپە:

دەزگیرانی ئاکونیتوس بوو.

٢٥- سەردەمی ڤیکتوریا (سەر بەقۆناغی ڤیکتوریا ١٨١٩- ١٩٠١) شای ئینگلستان بوو لە ساڵانی ١٨٣٧- ١٩٠١)

(*) خەتای شاعیر:

خەتای ئوڤید کە لەگینە هۆی دوور خستنەوەکەی وی بووبیٚ، لەوەیە ئەمە بووبیٚ کە ئاگای لە ئاشقێکی نهێنی شازادە خانم جولیا بووە، بەڵام ئەمەی بۆ ئوکتافیانووسی باپیری جولیا، نەگێڕاوەتەوە.

٢٦- ئیبدیس:

مەعلوم نییە کە ئاخۆ کەسایەتییەکی خەیاڵییە یان راستییە.

٢٧-گولیاردەکان:

ئەمانە زانایان یا کەشیشانێك بوون کە لە خەرقەی روحانی مەحروم بوونو لە سەدەکانی ١٢و ١٣ی زایینیدا لە ئینگلتەراو فەرەنساو ئەڵمانیادا بە ئاوارەیی و ئاشقاتی (شایەری) گوزەرانیان دەکرد. خۆیان بەوە دەزانی کە بابایەکی روحانی ئەفسانەیی بەناوی گولیاس پشتیوانیان لێدەکات ئەم گروپە لە گۆرانیەکانی خۆیاندا هێرشیان دەکردە سەر سەختگیرییەکانی کلێساو بە تەوسو توانجەوە شیعرو گۆرانیان بە ئەڤینو شەرابدا هەڵدەگوت.

٢٨- ترووبادورەکان:

کۆمەڵێك موتریب و ئاشقی گەڕۆك بوون لە ئەوروپای سەدەکانی ناڤیندا بە تایبەتی لە فەرەنسادا.

٢٩-مینی سینگەرەکان: ئەمە ناوی ژمارەیەك لە شاعیرانی لیریکی ئەڵمانی سەدەی ١٢و ١٣ی زایینی بووە.

٣٠- پادووا: ناوچەیەکە لە باکووری رۆژهەڵاتی ئیتاڵیا و رۆژئاوای ڤینیسیا.

٣١-دروزوس (٣٨- ٩ پێشن):

فەرماندەیەکی رومی بووە.

سەردەمی ئیمپراتۆریی
(١٤- ٤٧٦ ز)

<u>پێشینەیەکی مێژوویی:</u>

قۆناغێکە لە مردنی ئوگوستوسەوە لە ساڵی چواردەیەمی زایینیدا تامردنی مارکوس ئورلیوسی ئیمپراتۆر لە ساڵی ١٨٠زدا درێژە دەکێشێت، بە شێوەیەکی گشتی بە قۆناغی داروخان و هاتنە خوارەوە دەژمێردرێ. زۆربەی ئیمپراتۆرانی سەرەتاکانی ئەم قۆناغ‌و سەردەمە، بە تایبەتی کالیگولا"١"، و نیرون"٢" کە بە ریز لەساڵانی ٣٧ تا ٤١ز، و لە ٥٤ تا ٦٨ ز جڵەوی وڵاتیان بە دەست بوو. کەسانی زۆردارو دژی ئازادی تاکە کەسی بوون. ئیمپراتۆرانی دروستکار و راستگۆ (نیرڤا"٣"، ترایانوس"٤" هاردیانوس"٥" ئانتونیوس پیوس"٦"، و مارکوس ئورلیوس) کە لە ساڵانی ٩٦ تا ١٨٠ ز حوکمڕانیان کرد، رومیان گەیاندە پلەیەکی بەرزی خۆشگوزەرانی و بەختەوەری. ترایانوس سنوورەکانی ئیمپراتۆریەتی رومی گەیاندە دوورترین ئاقارو دەڤەر. پاش کۆچی دوایی مارکوس ئورلیوس، وێڕای هەندێ قۆناغی جێگیرو ئارامی رێژەیی وەکو قۆناغی دیوکلتیانووس"٧"(٢٨٥- ٣٠٥)، ئیدی هەلومەرجی ئابووری، کۆمەڵایەتی‌و سیاسی بەردەوام خراتر دەبوو. هێرش‌و پەلاماری تیرە هۆڤی و بەربەرەکان لە ماوەی سەدەکانی چوارەم‌و پێنجەمدا پترو بەرینتر بوو. لە ساڵی ٣٦٤ ئیمپراتۆریەت پارچە پارچە بوو، لە ساڵی ٤١٠دا گوتەکان"٨" بە سەرکردایەتی ئالاریك"٩"روم-یان داگیرو تاڵان کرد، و لە ساڵی ٤٧٦ ئیمپراتۆریەتی رومی رۆژئاوا بە دەستی ئودواکر"١٠" رووخا. رووداوە گرنگەکانی ئەم قۆناغ‌و سەردەمە بریتین لە: لە خاچدانی مەسیح لە ساڵی ٣٠ز ، سوتانی روم لە ساڵی ٦٤دا، وێران بوونی ئۆرشەلیم لە ساڵی ٧٠دا، ئاگر کەوتنەوەی ڤیزومیوز"١١"و نغرو بوونی پۆمپی"١٢"و هوکولانوم"١٣" لە ساڵی ٧٩دا یەکەمین هێرشی گوتەکان لە ساڵی ٢٥١دا، گواستنەوەی پایتەخت بۆ قەستەنتەنیە لە ساڵی ٣٣٠دا، دابەش بوونی ئیمپراتۆریەت لە ساڵی ٣٦٤دا، تاڵانکردنی روم بە دەستی گوتەکان لە ساڵی ٤١٠ز، تاڵانکردنی روم لەلایەن ڤاندا"١٤"لەکانەوە لە ساڵی ٤٥٥، و روخانی ئیمپراتۆریەتی روم-ی رۆژئاوا لە ساڵی ٤٧٦دا.

<u>نۆڕینێکی گشتی:</u>

ئەدەبیاتی روم-ش وەکو دەبیاتی یونان، پاش سەردەمی زێڕینی خۆی، چووە قۆناغێکی داکشانی رێژەییەوە، داکشانی باری کۆمەڵایەتی و سیاسی، داکشانی ئەدەبیاتی لە هەردوو ئاستی چەندایەتی‌و چۆنایەتییەوە بەگەڵ کەوت. وێڕای ئەوەی کە زۆربەی ئیمپراتۆرەکان هاندەری داهێنانی بەرهەمی ئەدەبی بوون، دە ئیمپراتۆری یەکەم (پاش مەرگی ئوگوستوس و پێش حوکمڕانی نیرڤا لە ساڵی ٩٦ز) زۆر سنوریان خستە بەردەم ئازادی دەربڕینی

ئەدەبی و بوونە باعیسی وەستانی فەلسەفەش. نووسەران لە ترسی ئەوەی نەبادا قسەکانیان سەرو دڵی کەسێك بگریٚ، بەرهەمی زۆر ناڕەسەن و دەستکردیان دەنووسی و پتر خۆیان بە فەنکارییەوە خەریك دەکرد. ئەوەی کە برەوی بەم ڕێبازە دەدا بایەخدانی زۆر بە هونەری ڕەوانبێژی و ڕێورەسمی تازەی خودان بەهەمەکان بوو کە حەزیان لێبوو بەرهەمەکانیان بە دەنگی بەرز لە بەردەم جەماوەری خەڵکدا بخوێننەوە.ڕوو کردنە نووسەرانی گەورەی سەردەمی ئوگوستوس کرد بە کارێك کە نووسەرانی دواتر بکەونە هەڤڕکی وان و لەوان هێوەتر چوون –بەبیٚ ئەوەی چ سەرکەوتنێك بە دەست بێنن.

ئەم سەردەمە، سەردەمی پەخشان بوو. خوتبە، نامە، مێژوو، بیوگرافی، چیرۆك و ((لە قۆناغەکانی ئاخرو ئۆخری ئیمپراتۆریەت))دا نووسینی ئایینی و مەزەبی قاڵب و فۆرمی هەرە باوو سەرەکی ئەدەبی بوو. شیعرو شاعیری ئەگەرچی تا رادەیەك بیٚ گیان و بیٚ هەناسە بوو بوو، بەڵام بە تەواوی نەمرد بوو. سنکا دراماکانی بە شیعر نووسی، مارشاڵ چەند شیعرێکی داشۆرینی نووسی، و ئەستاتیوس بەیتێکی مەلحەمی نووسی.

تارجیدیا

<u>سنکا (لوکیوس ئانایوس سنکا ٣ پێشز- ٦٥ ز):</u>

شانۆنامەنووس، فەیلەسوف و تەزنووسێکی ڕوومییە. سنکا لە کوردوڤا، لە ئەسپانیا هاتە دنیاوە، مامۆستاو پەروەردەکاری سەردەمی لاویی ئیمپراتۆر نیرون بوو. لەساڵی ٤١ز بۆ (٤٩- ٦٥) کە سەروەت و سامانێکی زۆری پیٚ بەخشی. سنکا وەکو ڕاوێژکاری نیرون هەمیشە هەوڵی دەدا لە خراپەکاری دووری بخاتەوە. سەرەنجام بە هاودەستی لە پیلانەکەی پیزون"١٦دا حوکم درا و ناچار بوو خۆ کوژی بکات.

<u>تراجیدیاکانی سنکا:</u>

نۆ تراجیدیا لە پاش سنکا بەجێماوە. مێژووی دانانیان دیار نییە، وادیارە سنکا لە دوا ساڵەکانی تەمەنیدا ئەم بەرهەمانەی نووسیوە. زۆربەی ئەم تراجیدیانە لەبەرهەمی تراجیدیا نووسانی یونانییەوە ئامادەکراون و داڕێژراونەتەوە.

<u>هەرکولی دێوانە:</u>

بەدەستکارییەکی ئازادەوە لە هەرکول-ی یوریپیدس-ەوە وەرگیراوە.

<u>ژنانی تەروا:</u>

دارشتنەوەی ژنانی تەروای یورپیدسە. لەوەیە ئەم شانۆنامەیە باشترین تراجیدیای سنکا بیٚ.

<u>ژنانی فینیقی:</u>

شانۆنامەیەکی ناتەواوە کە لە شانۆنامەیەکی یوریپیدس-ەوە بە هەمان ناو وەرگیراوە.

ميديا:
پلۆتی ئەم تراجیدیایە لە بنەڕەتدا هەمان پلۆتی میدیا-ی یوریپیدس-ە.
شانۆنامەکە جەخت لەسەر تووڕەیی نامرۆڤانەو ئەفسونی نا ئاسایی میدیا دەکاتەوە. ئەم بەرهەمە وەکو سەرچاوەیەکی جادوویی کۆن بایەخدارە، وادیارە شەکسپیر لە شانۆنامەی مەکبسدا ئەو دیمەنانەی کە پەوەستن بە ژنانی جادوگەرەوە، لە ژێر کاریگەری میدیادا نووسیونی.

فیدرا: لەبەر ڕۆشنایی شانۆنامەی هیپولیت-ی یوریپیدسدا نووسراوە. فیدرا بە یەکێك لە شانۆنامە هەر باشەکانی سنکا دەژمێردرێ. ئەم بەرهەمە سەرچاوەی فیدری راسین، و فیدرا-ی دانونتسیو بووە.

ئودیپ (ئودیپوس):
لەشانۆنامەیەکی سوفوکلیس-ەوە بە هەمان ناو وەرگیراوە، بەڵام سنکا جەختێکی زیاتر لەسەر زوڵم و هەستکردن بە گوناحی ئودیب دەکات.

توئستس:
تراجیدیایەکی بەهێزەو ناواخنەکەی لەسەر تۆڵەو تۆڵەکارییە. ئەم بەرهەمە تاقە بەرهەمی سنکایە کە لەسەر بنەمای شانۆنامەی یۆنانی نەنووسراوە.

ئاگامەمنون:
ئەم شانۆنامەیە درێژەی توئستس-ەو لەبەر ڕۆشنایی ئاگامەمنون-ەکەی ئاسخیلوس دانراوەو باسی گەڕانەوەو کوژرانی ئاگامەمنون دەکات.

هەرکول لە ئوتادا:
سەرچاوەی ئەسڵی ئەم شانۆنامەیە ژنانی تراخیس-ی سوفوکلیس-ە، تەقریبەن بەڵگە نەویست دێتە بەرچاو کە سنکا لە دانانی ئەم بەرهەمەدا لە ژێر کاریگەری میتامورفوس (کتێبی نۆیەم)، و ژنانی قارەمان (نامەی نۆیەم)ی ئۆڤیدا بووە. بابەتی ئەم شانۆنامەیە مردن و لا دایك بوونەوەی هەرکولە. تۆن و ئاوازی روحانیانەی شانۆنامەکە تازەو رەسەنە.

خەسڵەت و تایبەتمەندی تراجیدیاکانی سنکا:
زبری توند رەوانەی شانۆنامەکانی سنکاو وەسفی وردەکاری رەفتارو هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان لەسەر شانۆدا، نیشانەی ئەوەیە کە ئەم شانۆنامانە هەرگیز نمایش

نەکراون و وادیارە بۆ ئەنجامدان و جێبەجێ کردن نەنووسراون، لەوەیە مەبەستی سنکا ئەوە بووبێ کە شانۆنامەکان بۆ عەوامی خەڵکی نەقڵ بکات یان ئەوە بووبێ کە لە پەناوە بخوێنرێنەوە. خوێندنەوەی وردو لەسەرخۆو شێوەی خیتابی بە ئاوتاو لە تایبەتمەندییە بەرجەستەکانی شانۆنامەکانی سنکا دەژمێردرێ، خەسڵەتێکی تری شانۆنامەکانی شروڤەی زندوو تێروپڕی هەستەکانە بەزمانێکی زیتەڵ و زیندوو لە قاڵبی دیالۆگی چڕودارا. شتی راز ئاساو جادوویی وەکو تاپۆو شەبەنگان، تەلیسمان و جیهانی مردووان، بەفراوانی بەکار دەبات. ترسیش بەسەر دراماکانی سنکادا زاڵە. تراژیدیاکانی پڕن لە دیمەنێن شانۆیی جوان و لەبەر دڵان. بەڵام هاوسەنگی پێویستیان کەمە. کاراکتەرەکان ناواقیعین و دەبەنگن. تەکنیکی دراماتیکی لاوازە. بە زۆری هۆکاری نمایشی وجودی نییە. دیالۆگەکان واقیعیانە نین، کارو جوڵە زۆرجار بە شێوەی نابەجێ روو دەدەن، بۆ هاتوچۆی کاراکتەرەکان کەمتر تەدارەکی پێویست بینراوە. جۆری پیشاندانی چیرۆکی شانۆنامەکان ناڕەوانە. تایبەتمەندییەکانی دیکەی شانۆنامەکانی سنکا بەکار هێنانی دووبارەی تەترو مەنەلۆگی دوورو درێژە.

سنکا نەخشەو پلۆتی شانۆنامەی بەلاوە مەبەست نییە. حاڵەتی غافڵگیری و کت وپڕی تەنیا پشت بە تەکنیکە لەفزییەکان دەبەستێ. شانۆنامەکان عادەتەن بە پێشەکییەك لە شێوەی دیالۆگ یان مەنەلۆگدا دەست پێدەکەن– کە ئەمە پێشەکییەکانی یوریپیدس وەبیر دێنێتەوە، و پێشەکییەکەی سنکا زیاتر زەمینە خۆشکردنە بۆ ئاوازو تۆنی شانۆنامەکە.

<u>بونیاد:</u> لە نۆ شانۆنامەی سنکا، هەشت دانەیان، وێڕای زیادکردنی چوار ئاوازی کۆراڵ، بەسەر پێنج پەردەدا دابەش دەبن. گروپی کۆراڵ بەشێك نییە لە خودی شانۆنامەکە، بەڵام (لەمیان پەردە) بنەڕەتی ترە. سێ کەسایەتی قسەکەر (لە ئاگامەمنون دا چوار کەسن) یەکجار لەسەر شانۆ دەردەکەون، هەڵبەتە یەکێتییەکانیش لەبەرهەمەکانی سنکادا بەشێوەیەکی رێك و پێك رەچاو ناکرێن.

<u>کێش:</u>

دیالۆگەکان لە بنەڕەتدا لەسەر وەزنی ئیامبیك–ن. سنکا هەمیشە وەزن و کێشی یەك نەوا بەکاردێنێ.

<u>کاریگەری و بایەخی تراجیدیاکانی سنکا:</u>

لە مێژووی درامای تازەدا هیچ نووسەرێکی کلاسیکی بە ئەندازەی سنکا بایەخی نییە. ئالفییری لە ئیتالیا، کورنی لە فەرەنسا، و زۆربەی تراجیدیانووسانی ئینگلتەرا لەسەدەکانی شازدەو حەڤدەمدا زۆر قەرزاریاری هەندێ لایەنی بەرهەمەکانی سنکا–ن، وەکو فۆرم و قاڵب، شێوازو تەکنیك، شەکسپیرو هاوچەرخانی ویش لەواری سوود وەرگرتن لە پێشگوتار،

گرووپی کوراڵ، روح، تەتەر، مەنەلۆگی دووورو درێژ، دابەشکردنی شانۆنامە بۆ پێنج پەردە، جادوو، ترس، تۆڵە، و حەتمیەتی فەلسەفی (وەکو خاڵێك لە هەنبەر حەتمیەتی مەزەبیی ئاسخیلوس و سوفوکلیس) لە ژێر کاریگەری سنکادا بوونە.

پەخشانەکانی سنکا:

سنکا جگە لە تراجیدیا، بەرهەمێکی زۆریشی، کە زۆربەیان فەلسەفین، بە پەخشان نووسیووە، یەکێکە لە پەیڕەوکارانی حیکمەتی عەمەلی ڕەواقییەکان. ئەم لایەنەی هزرو بیرەکانی وی ئەوەندە رەسەن نین، بەڵام کاری کردۆتە سەر بیرو هزری سەدەکانی ناڤین و هزرو بیری مونتنی و ئەمرسون. شێوازی سنکا لە پەخشاندا کورت و پڕ مانایە، بە زۆری رستەی کورت و رەگەزدۆزی و.... بەکار دێنێ.

دیالۆگەکان:

ئەم سەرناوە سەرناوێکی نابەجێیە، چونکە ئەم نووسینانە لە راستیدا نووسین و نامەی ئەخلاقین. ژمارەیان دە نامەن لە دوازدە کتێبدا: ١- دەربارەی خواست، باسێکە سەبارەت بە شەڕ. ٢- دەربارەی پایەداری حەکیمان، ناتوانرێ حەکیم و ئاقڵان ئازار بدرێن یان سوکایەتیان پێ بکرێ. ٣- دەربارەی توڕەیی، بریتییە لە سێ کتێب سەبارەت بە ماهیەتی توڕەیی و دامرکاندنەوەی توڕەیی. ٤- دڵدانەوەی مارسیا، دڵدانەوەی کچەکەیەتی پاش لە دەست دانی کوڕەکەی. ٥- دەربارەی ژیانی بەختەوەران، تەنیا چەند پارچەیەکی ماوەو پێناسەو ستایشی بەختەوەری لە روانگەی رەواقیەکانەوە دەکات. ٦- دەربارەی ئاسایش، پاکانەیە بۆ دروستی دووره پەرێزی خۆی لە ژیانی کۆمەڵایەتی. ٧- دەربارەی ئاسوودەیی بیر، چەند بابەتێکە سەبارەت بە فەلسەفەی رەواقی. ٨- دەربارەی کورتی تەمەن: ئەگەر ژیان بە فیڕۆ نەدەین بەشمان دەکات. ٩- دڵدانەوەی پۆلۆبیوس، دڵدانەوەی ئەو مامورانەیە کە عەرزی حاڵەکانیان دەگەیاندە خزمەتی ئیمپراتۆر کلاودیوس. ١٠- دڵدانەوەی هلویای دایکی، دڵدانەوەی دایکیەتی لە کاتی دوورخستنەوەو نەفی کردنی خۆیدا.

نامە ئەخلاقییەکان:

٢٤ نامەیە لە بیست کتێبدا، زۆربەی نامەکان دەربارەی داب و نەریت و ئەخلاقیاتە. ئەم نامانە ئاراستەی لوسیلیوس-ی ماموری کاروباری باج و خەراجی سیسیل کراوە.

وتارە ئەخلاقییەکان:

دوو بەرهەمی درێژی ئەخلاقیی سنکا لەبەر دەستدان: ١- دەربارەی بەخشش، بریتییە لە دوو کتێب. ٢- دەربارەی چاکە، سێ کتێبە.

پرسە سروشتییەکان:
گوتارێکە لە حەوت کتێبدا دەربارەی زانستە سروشتییەکان. لەم بەرهەمەدا ئەم پرس و دۆزانە خراونەتە روو:

١- پەلکە رەنگینە
٢- هەورە تریشقە
٣- ئاو
٤- هەستانی نیل، تەرزەو بەفر
٥- با
٦- بوومە لەرزە
٧- ئەستێرەێن کلکدار

بایەخی ئەم کتیبە لە بەها زانستییەکەیدا نییە بەڵکو لە ناوەڕۆکە ئەخلاقییە(رەواقی) یەکەیدایە.

ستایشی تەوسامێز:
تەنزێکی دڵگیرو زیرەکانەیە دەربارەی ئیمپراتۆر کلاودیوس، کە لە سەر شێوەی تەنزەکانی مینپوسی دانراوە.

تەنز

پترونیوس (گایوس پترونیوس ئاربیتەر، ز – ٦٥ز):
تەوسنووسێکی لاتینییە. زانیارییەکی کەم لەمەڕ ژیانی وی لە دەستدایە. بە گوێرەی نۆڕینی تاسیتوس"١٧"، پترونیوس مامۆستای رابواردنەکانی نیرون بوو، پترونیوس بە تاوانی ئەوەی کە دەستی لە پیلانی پیزوندا هەبوو، ناچار بووە خۆکوژی بکات.

ساتیریکون:
پەخشانە چیرۆکێکی درێژە کە بەهەندێ هۆزانان رازێنراوەتەوە. تەنیا هەندێ بەش (١٤١ بەش) لە هەردوو کتێبی پازدەیەم و شازدەیەم لە چەپۆکی رۆژگار رزگار بوون- رەنگە هەمووی بکاتە هەشت یەکی دەقی ئەسڵی بەرهەمەکە، ئەم چیرۆکە پلۆت و نەخشەیەکی لاوازی هەیە کە باسی بەرەڵڵایی سێ لاوی سەرسەری دەکات. بەشی یەکەم (بەشەکانی ١ تا ٢٦) زیاتر باسی ئەدەبیات و تاریبێژییە.
بەشی دووەم (بەشەکانی ٢٧ تا ٧٨) دەربارەی "زیافەتی تریمالیگو"، بەناوبانگترین فەسڵی چیرۆکەکەیە، تریمالیگو (کە بە بۆچوونی هەندێ لە توێژەران وێنەیەکی هەجوئامێزی نیرون-ە) کەسێکی بەرەڵڵاو وێڵە، بێ کارو کردەوەیە، فشەکەرو نۆکیسەیە، کە پترونیوس لە رێگەی سوعبەت و شۆخییەکانیەوە گاڵتەو تەوسی پێدەکات. دوا بەش (بەشەکانی ٧٩ تا

١٤١) باسێکە دەربارەی نەمانی هونەر، وەسفێکی شاعیرانەیە دەرهەق بە گرتنی تەروادە بە دەستی یونانیەکان، شیعرێك دەربارەی جەنگی ناوخۆی روم، چیرۆکی ((بانۆی ئیفسوس"١٨))، شەرحی سەفەرێکی دەریایی و کەشتی شکانی سێ لاوی وێڵە.
ساتیریکون بە چەمکی ئەمڕۆ پلۆت و نەخشەیەکی دروستی نییە. بونیادی چیرۆکەکە سست و لاوازەو رووداوەکانی نالوجیکییە، تەنانەت هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی ئەوتۆی نییە کە نووسەر چیرۆکەکەی لەسەر رۆبنێ. وەسفی کەسایەتییەکانی زهنییە، لایەنی تەنز ئامێزی کتێبەکە لاوازە، و کەسایەتیەکان هیچ شەهامەتێکی ئەخلاقییان نییە، نووسەر بەسەر شەرخوازی و گەندەڵییەکاندا باز نادات، بەڵام لە بەرامبەریانیشدا ناوەستێتەوە، نۆڕینی وی نۆڕینێکی ئەخلاقی نییە، ساتیریکون سەبارەت بە ئەخلاقی ئەدەبی و نمایشی بێ موبالاتە، و پڕە لە عەیش و نۆش و لەزەت و نەفس پەرستی. لە هەر رامان و هزرینێکی ئەخلاقی تەقریبەن بەدەرە، بەڵام جارجار بە پەیڤی کورت و سادەو وێنەێن تەنزئامێز دەڕازێنرێتەوە. ئەم کتێبە لە رووی وشەوە گەلەك دەوڵەمەندە، بە تایبەتی وەکو گەنجینەیەکی وشەو پەیڤی خەڵکانی کۆڵکە خوێنەوار مایەی سەرنجە.

مارسیال (مارکوس ڤالیریوس مارتیالیس ٤٠- ١٠٢ز):

تەنزنووس و پێکەنینۆك پەروەرە. لە بیل بیلیس-ی ئەسپانیا هاتە دنیاوە. لە دەوروبەری ساڵی ٦٤ز چوو بۆ رومو لەوێندەر هاندەرانێکی زۆری پەیدا کرد. لە ساڵی هەشتادا کۆمەڵێك نوکتەی دەربارەی رێو رەسمی کردنەوەی کولیسیوم"١٩" پێشکەش بە ئیمپراتۆر تیتوس کرد، کە ئەویش زۆر ئیمتیازی کۆمەڵایەتی و سوپایی دایێ. لە کۆتاییەکانی تەمەنیشیدا ژنێکی دەوڵەمەند مولکێکی بچووکی پێ بەخشی. مارسیال لە ساڵی ١٠١ز بۆ بیل بیلیس گەڕایەوەو هەر لەوێندەر کۆچی دوایی کرد.
مارسیال لە ساڵانی ٨٤- ٨٥ز دوو کتێبی پەندی بە نێوی زنیاو ئاپوفورتا لە قاڵب و فۆرمی شیننامەدا بڵاوکردەوە. لە ساڵانی ٨٦- ١٠١ ز سیازدە کتێبی نوکتەو پێکەنینۆك و قسەی نەستەق بڵاوکردەوە. ئەم پازدە کتێبە نزیکەی ١٢٠٠ نوکتەو پەندی کورت لە خۆ دەگرێت، هەڵبەتە مەودای بابەتی ئەم کتێبانە یەجگار بەرین و بڵاوە، هەندێ لە نوکتەکان مایەی پێکەنینن، بەڵام زۆربەیان تەنزئامێزن، زۆر نوکتەی چزودارو توانجاویان تێدایە، زۆریشیان نە پێکەنیناوین و نەتوانجاوین بەڵکو ستایش و پیرۆزبایی و داخوازین، هەندێکیشیان پڕن لە دلێری و دلاوەری. مارسیال بەخۆی هەندێ لەو نوکتەو پەندانە بە باش و هەندێکی بە مامناوەندی و هەندێکی تریان بە خراپ ناودەبات لە راستیشدا لە رووی بایەخەوە جیاوازن. ژمارەیەکیان زۆر زیرەکانەو کینایەئامێزو پڕ مانان، و ژمارەیەکیانیش سواوو بازاڕین. ئەگەرچی مارسیال کتێبەکەی خۆی بە بەرهەمێکی ئینسانی ناودەنێ، بەڵام زیاتر باسی رەفتار، سستی و لاوازی ئەخلاقی، ریاکاری و ریسواییەکانی رومی ئەو زەمانە دەکات تا

کارێن چاك‌و خێرخوازانه. بەرهەمەکەی مارسیال کەماڵی روالەتی، هۆشیاری، هاوسەنگی‌و کورتبڕی پێوەدیارە. کاریگەریشی لە ئەسپانیا، ئینگلتەرا، فەرەنساو ئەڵمانیادا ئاشکرایە.

جوڤینال (دسیموس جونیوس پوڤینالیس، ٦٠ – ١٤٠ز): تەنزنوسە. لە ئاکوینوم هاتە دنیاوە، تەقریبەن هیچ زانیارییەك لەمەڕ ژیانی وی لەبەر دەستدا نییە، جوڤینال شازدە تەنزنامەی لەسەر بەحری شەش پێگەیی نووسیوە:

١- تاوانباران‌و گەندەڵکارانی ئەسڵی زەمان.

٢- گوناهی نائاسایی، بە تایبەتی لە نێو ئەوانەدا کە لاف پارێزکاریی‌و خواناسی لێدەدەن.

٣- ژیانی پڕ مەینەتی رومیان

٤- هەجووی کابینەی دومیتیان"٢١".

٥- داماوی کۆیلەو ژێردەستانی دەوڵەمەندان‌و پیسکەکان.

٦- گوتارێکی درێژو توند دژی ژنان.

٧- دژواری و تەنگوچەڵەمەی قوتابیان‌و مامۆستایان.

٨- بێهودەیی پلەو پایە.

٩- بێهودەیی هەواو هەوەسی مرۆڤو باشی دوعای واقیعی.

١٠- رابواردن‌و عەیش‌و نۆش.

١١- چلێسی(ورگ پەروەری)و دەست بڵاوی.

١٢- شادمانی بە بۆنەی رزگاری دۆستێك لە کەشتی شکان‌و هێرشێك بۆ سەر میراتخۆران.

١٣- کینەکێشی و ویژدان.

١٤- ئەرکی باوکان‌و دایکان دەرهەق بە منداڵان.

١٥- هۆڤیگەری.

١٦- بەد رەفتاری سەربازان دەرهەق بە خەڵکی نەسوپایی.

جوڤینال لە گەندەڵی زەمانە زۆر بێزارو توڕەیە. نووسینەکانی واقیعی، بەهێز، رەشبینانە، توند، توانجاوی، تیژو توڕەن. وەستای تانەو توانجە. ئاوازو تۆنی لە باری ئەخلاقییەوە هەندێ جار زۆر بەرزو باڵا دەبێ. لەوەسفدا بێ وێنەیە، و لە زانستی رەوانبێژییدا پڕو دەوڵەمەندە، لە داهێنانی دەستەواژەو وشەێن کورتدا بەهرەیەکی پرشنگداری هەیە. کاریگەری بەسەر بوالو، ساموئیل جانسون، و پەیڕەوکارانی کلاسیسزمی تازەوە هەبوو.

مەلحەمە

لوکان (مارکوس ئانایوس لوکانوس، ٣٩- ٦٥ز):

شاعیرێکی مەلحەمەبێژی رومییە، خەڵکی (کوردوبا)یەو برازای سنکای فەیلەسوفە، بە منداڵی لەگەڵ خانەوادەکەیدا بۆ روم چوو. بە فەرمانی نیرون بوو بە ماموری کاروباری دارایی، بەڵام لە ئەنجامدا بە هۆی دەوری کارای لە پیلانی پیزوندا ناچاری خۆکوژی کرد.

فارسالیا (جەنگی ناوخۆ):

بەیتێکی مێژوویی تەواو نەکراوە لە نۆ کتێب و نیودا، کەباسی جەنگی ناوخۆی زەمانی ژول تزار دەکات. لە رووی مێژووییەوە جێی متمانە نییە، بەڵام لە دوو لایەنەوە تازەیە:

١- مامەڵە کردنی مەلحەمی لەگەڵ مێژووی تازەدا

٢- دوورخستنەوەی خودایان لە کردنەوەی گرێی چیرۆك.

نەزمی کتێبەکە هەموارە بەڵام یەکنەوایە، شێوازی شاعیر زۆر دەستکردە، پڕە لە موبالەغەو رەگەزدۆزی و پەرەگرافی پێکەنیناوی. پێرستەکانی کتێبەکە بێفایدەو تاقەتبەرە. دەرچوونی بێ ئەندازە لە بابەت بونیادی چیرۆکەکە لاواز دەکات، گرنگی ئەم مەلحەمەیە لە کاراکتەرسازی تزار، پومپی، و کاتودایە، هەروەها لە نوکتە جوانەکانیدایە، لە کۆپلە دڵگیرو تەنزئامێزو چیرۆکە سەیرەکانی دایە. دەربارەی ژنانی سیحربازو هێزە نا ئاساییەکان.

ستاتیوس (پوبلیوس پاپینیوس ستاتیوس، ٤٠- ٩٦ز):

شاعیرێکی مەلحەمەنووسی رومییە، لە ناپولی هاتۆتە دنیاوەو لەلاویدا چوو بۆ روم، لەمە زیاتر تەقریبەن چ زانیارییەکی دی دەربارەی ژیانی وی لە بەر دەست نییە.

تیبائید:

بەیتێکی مەلحەمییە لە دوازدە کتێبدا کە چیرۆکی "حەوت کەس دژی تیب" دەگێڕێتەوە. ستاتیوس لەم بەرهەمەدا قەرزارباری ئانئید-ی ڤیرجیلە، و لاسایی کەسایەتیو رووداوەکانی ئانئید دەکاتەوە، بە گشتی تانوپۆی تیبائید بەرزو سفتە، کێشێکی رەوانی هەیە، و ستاتیوس هونەرە جوانکارییەکان لێهاتووانە بەکار دێنێ بەڵام هەندێ جار توندڕەوی تێدا دەکات. ئەم بەیتە رۆمانتیکییە لێوان لێوە لە رووداوانی سەیر، نائاسایی، و بەزەیی ئەنگێز و توندوتیژ، هەڵبەتە گلەیی ئەوەی لەسەرە کە لە گیانی نەتەوەیی، چەمکی ئەخلاقی، و باوەڕی مەزەبی یان فەلسەفی خاڵییە، تیبائید کاری کردۆتە سەر نووسەرانی سەدەکانی ناڤین، بەتایبەتی دانتیو چاسەر، هەروەها ئەدەبیاتی سەدەی هەژدەیەمی ئینگلیستانیش لە کاریگەری ئەم بەرهەمە بەدەر نەبووە.

ئاخیلئیس:

مەلحەمەیەکی چەند بەشییە کە بەمەبەستی باسی ژیانی ئاخیلوسە. تەنیا یەك کتێب و نیو لەم بەیتە، کە باسی دەورانی منالّی قارەمانەکەی لە خۆ دەگریّ، بە تەواوەتی هۆنراوەتەوە. بەیتی ئاخیلئیس هەست وروژێن و یاد ئاوەری جوانی بەرهەمەکانی ئوڤیدە.

<u>بەرهەمی جۆراوجۆر:</u>

سی و دوو شیعرە لە پێنج کتێبداکە بە وەزنی جۆراوجۆر هۆنراونەتەوە. ئەم شیعرانە بابەتی جۆراوجۆر لە خۆدەگرن، لەوانە چاکەکانی دومیتیان، مەرگی کۆیلەیەك، پێشکەش کردنی پەیکەرێك، رۆژی لە دایك بوونی لوکان، ئەم بەرهەمانە، بەشێوەیەکی گشتی تا رادەیەك ریالیستی، کورت و پڕ مانان، و وەستایانە هۆنرانەتەوە.

مێژووی سروشتی

<u>پلینی گەورە (گایوس پلینوس سکوندوس ٢٣- ٧٩ز):</u>

مێژوونووس، ژیاننامەنووس، زانای دەستووری زمان، مامۆستای زانستی رەوانبێژی، لەشکری، و دانەری مێژووی سروشتییە، لە کومون"٢٠" هاتە دنیاوە، هەم لە هێزی زەمینی و هەم لە هێزی دەریاییدا خزمەتی کرد. ئەنجام کاتیّ کە بۆ رێبەرایەتی عەمەلیاتی رزگاری تاقمێك چووە نزیکی کێوی ڤیزوو، لە ئەنجامی دووکەڵی گڕکان خنکاو گیانی سپارد. پلینی خوێنەرانێکی یەجگار زۆری هەبوو، پلینی سەدو شەست دەفتەری نووسی بووەوە. هەندیّ لە بەرهەمە فەوتاوەکانی بریتین لە: نامەیەك دەربارەی سوود وەرگرتن لە زوبین، (ئامێرێکە لە بابەتی نێزە-وەرگێڕ) ژیاننامەی، پومپونیوس سکوندوس، مێژووی جەنگەکانی ئالْمان (لە بیست کتێبدا)، مێژووی روم (لەسی و یەك کتێبدا)، و نامەیەك دەربارەی روونبێژی. گرنگترین بەرهەمی پلینی مێژووی سروشتییە کە لە سی و حەوت دەفتەر پێکهاتووەو بە گوتەی نووسەر لە دوو هەزار سەرچاوەوە کۆی کردوونەتەوە. ئەم بەرهەمە ئەنسکلوپیدیای تەبیعەت و هونەرە. ناواخنەکەی بریتیە لە: دەفتەری یەکەم، دەستپێك، پێشگوتار، و پێڕست، دەفتەری دووەم، شەرح و شرۆڤەی رووداوە فەلەکی و جەوییەکانی جیهان، دەفتەری سێیەم تا شەشەم، جوگرافیای دنیای ناسراو زانراو، دەفتەری حەوتەم، مرۆڤناسی و فیزیولوجی، دەفتەری هەشتەم تایازدەیەم، زیندەوەرناسی، دەفتەری دوازدەیەم تا نۆزدەیەم، گیاناسی و رووەکناسی، دەفتەری بیستەم تابیست و حەوتەم، گژوگیای پزیشکی، دەفتەری بیست و هەشتەم تاسی و دووەم، سوود وەرگرتن لە مەتریالی حەیوانی لە پزیشکیدا، دەفتەری سی و سێیەم تاسی و حەوتەم، بەکارهێنانی تەنی کانزایی لە پزیشکی و هونەردا.

زانیارییەکانی پلینی جێی متمانە نین.

(مێژووی سروشتی)یەکەی نیشانەی درشت بینی و کەم دیقەتییە لە دیتن و کنەکاری لە سەرچاواندا. دانەرێکی لەزگین و خۆشباوەڕە. شێوازێکی سادەو بیّ فۆرمی هەیە، زۆرجار لە

خـەت دەردەچـیّو لـە بابەتەکـەی دوور دەکەویّتـەوە. ویـّرای ئەمـەش (میـّژووی سروشـتی)ی پلینی بەسەرچاوەیەکی گرنگ، لە بواری زانستی کۆندا، دیّتە ژماردن. ئـەم کتیّبـە بەتایبـەتی لـە سـەدەکانی ناڤینـدا کـە بـە سەرچاوەیەکی پـر ئیحتوبـار دەژمیـّردرا، کاریگەرییـەکی زۆری هەبوو.

نامەکان

پلینی بچووك (گایوس پلینیوس کایکیلیوس سکوندوس، ٦٢ – ١١٣ن):

خەتیبو سیاسـەتوان، شاعیر، نامەنووسو خوشکەزای پلینی گـەورە بـوو. لـە کومـون هاتـە دنیـاوە، لــە لای کوینتیالیــانوس خویّندویــەتیو پاشــان بــە فــەرمانی ترایــانوس پۆســتی کونسولّیو فەرمانڕەوایی بتی نیا"٢٣"-ی وەرگرتووە.

نامەکان:

کۆ نامەیەکە لە نۆ کتیّبدا کە بەر لە بلاّوبوونەوەی بە وردی پیّداچونەوەی بۆ کراوە. پلینی لە نووسینی ئەم نامانـەدا نامـەکانی سیسـرونی کـردووە بـە سـەرمەشقی خـۆی، بـەلاّم نامـەکانی سیسرون زۆر زندووترو، جوانترو پڕ مانـاترن. هـەر نامەیـەك باسـی بابەتیّك دەکـات، و تـەژی پەندی ئامۆژگاری بەنرخە. نامەکان شیّوازیّکی جوان، سادەو، دلّگیریـان هەیـە. بابەتـەکانیان زۆر فـراوانو دەولّەمەنـدن- چـالاکی دادگـا، ئـەدەبیات، دەولّەتـداری، جوگرافیـا، رووداوانـی رۆژ، و بەتایبـەتی شـەرحیّکی جوانی گڕکـانی فیـزوو-ی سـالّی ٧٩ز لـە خۆگرتـووە. بایـەخی فرەی نامەکانی پلینی لەوەدایە کـە ویّنەیـەکی راسـتگۆیانەی واقیعـی ژیـانی رومیـان و دابو نـەریتی بـاوی سـالاّنی ٧٥- ١١٢ز بـە دەسـتەوە دەدات. ئـەو ویّنەیـەی کـە پلـینی دەیگـریّ. پیّچەوانەی ئەو ویّنەیەیە کە لە میانەی تەنزەکانی جوفینال-ەوە پیشاندەدەریّ.

گوتاری ستایش:

گوتاریّکی بیّ ئەندازە ستایش ئامیّزو زۆر وەستایانەیە کە پلینی لە کاتی وەرگرتنی پۆسـتی کونسـولّی (١٠٠ن)دا خویّندویەتییـەوە. ئـەم گوتـارە لـە بـاری زانیاریـانی میـّژوویی ئـەو سەردەمە بایەخدارە.

میّژووی ئەدەبو رەخنە

کوینستیلیانوس (مارکوس فابیوس، ٣٠- ٩٦ن):

مامۆستا، مافزان، رەخنەگرو میّژوونووسی ئەدەبییە، لە کالاگوریس-ی ئەسپانیا هاتۆتە دنیاوە، لیّ لە روم خویّندویەتی. پاشان بوو بە مامۆستاو مافزان، و لەسـەر داوای ئیمپراتـۆر دومیتیـانوس، پـەروەردەو فیّرکردنـی کوڕەکـانی وی لـە ئەسـتۆ گـرت. کوینتیلیـانوس بـە

چاولێکەری سیسرون، نامەی (پەروەردەی خەتیب)ی نووسی کە دوازدە کتێبان لە خۆ دەگرێت.

کتێبی یەکەم، پەروەردەو فێرکردنی سەرەتایی منالٚ.

کتێبی دووەم، ئامانج و رەوشی فێرکردن لە قۆناغی هەرزەکاری، و پرەنسیپە سەرەکییەکانی هونەری گوتاربێژی.

کتێبی ٣- ١١، ئاداب و بابەتی گوتاربێژی (داهێنان، زەبت و رەبت، روونبێژی.

کتێبی دوازدەیەم، وێنەیەکە لەمەڕ خەتیبی نموونەیی. ئەم نامەیە وەکو کۆنترین بەرهەمێك کە باسی مەسەلە تێۆرییەکانی پەروەردەو فێرکردن دەکات، یەجگار بەنرخە، جگە لەمە کتێبەکانی دەیەم و یازدەیەم رەخنەی مێژوویی ئەدەبیاتی کۆنی لاتینی لەخۆ دەگرن، بە تایبەتی ئەو شرۆڤانەی کە دەربارەی ڤێرجیل، ئوڤیدو لوکرتیوسن ، مایەی هەڵوەستەو سەرنجن.

مێژوو و ژیاننامەنووسی

<u>تاسیتوس تاسیت (کورنلیوس تاسیتوس، ٥٥- ١١٧ن):</u>

مێژوونووس، ژیاننامەنووس، و سیاسەتوانە وادیارە خەڵکی ئینترامنا (لە باکوری ئیتالیا)یە. یەکێك بوو لە گروپی لایەنگرانی ئەنجوومەنی سەناو کۆماریخوازان کە دژایەتی ئیمپراتۆری (٨٠- ٩٠ن) دەکرد، بەلاٚم بە فەرمانی سیان لە فەرمانڕەوایانی فلاڤین"٢٤" پۆستی دەوڵەتی وەرگرت، تاسیت زەماوەندی لەگەڵ کیژی ژولیوس ئاگریکولا"٢٥"-ی والی بریتانیادا، کە لە ژێر دەسەلاٚتی ئیمپراتۆر دومیتیاندا بوو، کرد، دۆستایەتی لەگەڵ پلینی بچووکدا هەبوو، و بە فەرمانی نروا گەییە پایەی کونسولی و لە زەمانی ترایانوسدا بوو بە حوکمڕانی ئاسیا.

<u>بەرهەمەکانی:</u>

<u>دیالۆگ دەربارەی وتاربێژی (لە ساڵی ٨٠ز نووسراوە):</u>

نامەیەکە بە شێوەی دیالۆگ دەربارەی دابەزینی ئاستی وتاربێژی زەمانی خۆی و ستایشی وتاربێژی زەمانی کۆن، شێوازی ئەم نامەیە لە چاو بەرهەمەکانی دواتری تاسیتدا کارامەترەو لە شێوازی سیسرونەوە نزیکترە.

<u>ئاگریکولا (لە ساڵی ٩٧ز دانراوە):</u>

کۆنترین ژیاننامەی هونەریانەیە کە ماوەتەوە. ئەم کتێبە بە کورتی ژیانی خەزوری نووسەر دەگێڕێتەوە. ستایشێکی موبالەغە ئامێزی تێدایە، بەلاٚم هەندێ جاریش دەگاتە لوتکەی رەوانی. ئەم ژیاننامەیە لە رووی گێڕانەوی بەشێك لە مێژووی کۆنی بەریتانیا یەجگار

بایەخدارە. دەربارەی ئەم بەرهەمە گوتوویانە کە لەوەیە جوانترین ژیاننامە بێ لەواری ئەدەبیاتی کۆندا.

گرمانیا (لە دەوروبەری ٩٨ز دانراوە):

سکێچێکە لە ژیانی خەڵکانی ئەوروپای ناوەندی لە کۆتایی سەدەی یەکەمی زاییندا ئەم سکێچە کە ئاویتەیەکە لە حەقیقەت و ئەفسانە، وێنەی شارستانیەتی زبرو پیاوسالارانەی تیرەکانی جەرمەن لە بەرانبەر پوکانەوەی شارستانیەتی ئیمپراتۆری روم دەگرێت، ئەم بەرهەمە لە رووی نەژادناسییەوە بایەخدارە.

مێژوو (لە سالآنی ١٠٤- ١٠٩ ز): دانراوە:

مێژووی ئیمپراتۆریەتی روم لە ماوەی سالآنی ٦٩- ٧٠ز دەگێڕێتەوە. لەم بەرهەمە تەنیا چوار کتێبی یەکەم و نیوەی کتێبی پێنجەم ماوەتەوەو وادیارە باقی کتێبەکان لەناوچووە.

ساڵنامەکان (لە سالآنی ١١٥- ١١٧ز دانراوە):

مێژووی ئیمپراتۆریەتی روم لە تیبریوس"٢٦"-ەوە تا نیرون (١٤- ٦٩ز) لە خۆ دەگرێت. گەلێك لە بەشەکانی لە نێو چووە.

هزرو ئەندێشە:

بۆچوونانی سیاسی:

تاسیت کەسێکی توند رەوی دژە ئیمپراتۆریەت و کۆماریخوازە. زوڵم و زۆری دومیتیان-ش هێندەی دی بەرەو کۆماریخوازی دەبات. تاسیت دژی ئەو بۆچوونەیە کە دەسەڵاتی موتڵەق دەبێ لە دەستی حوکمڕاندا بێ.

مەزەب و ئەخلاق:

تاسیت کەمترین مەیل لەمەڕ هەر جۆرە یەکتاپەرستییەك یان عیبادەتی تەقلیدی خودایانی ئۆلۆمپی نیشان دەدا. زۆربەی ئاماژەکانی بۆ کاروباری خوایی لەبەر مەبەستی بەلاغییە. باوەڕێکی دیاری کراوی دەربارەی نەمری روح و گیان نییە، بابایەکی رەواقی مەشرەبە، زۆر ستایشی حەوسەڵە داری دەکا، بە شێوەیەکی گشتی کەسێکی رەشبینە.

مێژوو و فەلسەفە:

تاسیت مێژوو و فەلسەفە بەروونی پێناسە ناکات، بەڵام مێژوو لەلای وی ئەوزارێکە بۆ وێنەگرتنی نەمانی ئیمپراتۆریەت و کرمێ بوون و گەندەڵ بوونی حکومەتانی دیکتاتۆری.

شێوازو تەکنیك:

بەرهەمەکانی تاسیت بەشێوەیەکی گشتی چڕو پڕو جوانن، رستەی کورت بەکار دێنیٚ، بە ئانقەست خۆی لە هەر هاوسەنگی و هاوئاهەنگی و وەزن و قافیەیەك دوور دەگرێت، گەلێك لە قسە کورتەکانی وی شێوەو فۆرمی پەندو قسەی نەستەقیان وەرگرتووە، تاسیت شەیدای فۆرمی خیتابی و جوانی خالیسەیە، بەرهەمەکانی کاریگەری ڤیرجیل-دەنوێنن. دەربڕینی وی لە گفتوگۆوە نزیکە. بۆ رازانەوەی زمان جەخت لەسەر ناوو ئاوەڵناو دەکات و فرمان پشت گویٚ دەخات، تاسیت لە کاروباری سوپاییدا زانیاریی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، وێنەی گەش و زندوو دەربارەی جەنگان دەگرێت، لە واری تۆژینەوەی خوو خدەی کاراکتەران و وردکرنەوەی حاڵەتە دەروونییەکاندا وەستایە. دروستی، راستگۆیی و سەنگینی بە تایبەتمەندی بەرهەمەکانی دەژمێردرێن بەناوبانگن، بەلای کەمەوە هەوڵی دۆزینەوەو نیشاندانی بیٚ لایەنانەی حەقیقەتەکان دەدات، ئەگەرچی توندڕەوی وی لە دژایەتی کردنی سیستەمی ئیمپراتۆریدا، هەندیٚ جار حەقیقەتەکان دەشارێتەوە.

سوئتونیوس (گایوس سوئتونیوس ترانکوٚئیلوس، ٧٥- ١٤٠ز):

ژیاننامەنووسێکی رومی، سکرتێری ئیمپراتۆریەت ، و دۆستی پلینی بچووکە.

بەرهەمەکانی:

ژیانی تزاران (لە دەوروبەری ١٢٠ز دانراوە):

گرنگترین بەرهەمی سوئتونیوس-ە . ئەم کتێبە ژیاننامەی دوازدە حوکمڕانی رومی لە ژول تزارەوە تا دومیتیان دەگێڕێتەوە.

ژیانی پیاوانی ناودار (لە دەوروبەری ١٤٠ ز دانراوە):

ژیاننامەی ناودارانی ئەدەب دەگێڕێتەوە، تەنیا چەند بەشێکی ماوەتەوە. ژیانی ترنس، هوراس، ولوکان گرنگترین بەشی ئەم کتێبەن.

تایبەتمەندییەکانی:

سوئتونیوس، لە باری دەروناسییەوە، دیدی تەواوی نییە، ئەوندە بایەخ بە کاراکتەرسازی نادات. لە روانگەی مێژووییەوە دیدوبۆچوونێکی سنورداری هەیەو وادیارە بەخۆی لە بایەخ و گرنگی ئەو رووداوانەی کە دەیانگێڕێتەوە، غافڵە. لە حاڵێکا کۆمەڵێك بەڵگە نامەی لەمەڕ رووداوی کارو بارەکان لەبەر. دەستدایە لە تۆمارکردنی رووداوی ناوی ژیاننامەکاندا گویٚ بە تەرتیبی زەمانی نادات، نەزمی مێژوویی بەزۆری لە رووی تەقسیم بەندی لەسەر پێگەکانی دی پشت گویٚ دەخریٚ هەندیٚ لە تایبەتمەندی بەرهەمەکانی ئەو برتییە لە:

کورتبڕی، چڕو پڕی، بیٚ لایەنی، راشکاوی، روونی، و راستگۆیی. سوئتونیوس نەقلّی قەولی زۆرە، گەلیٚك لە نوکتە و قسەی باو بە فراوانی دەلّیٚتەوە.

چیرۆك

ئاپۆلیوس (لوکیوس ئاپولیوس، لە دایك بووی دەوروبەری ١٢٥ ز):
نووسەرو خەتیبیٚکی رومییە، لە مادورا-ی ئەفریقا هاتە دنیاوە. لەگەلّ بیٚوەژنیٚکی دەولّەمەندا بەنیٚوی پۆدنتلا زەماوەندی کرد، بەلاّم مالّباتی ژنەکە، ئاپۆلیوس-یان بەوە تاوانبار کرد کە ژنەی بە ئەفسونو جادو فریوداوەو رایانکیٚشایە دادگا. ئاپۆلیوس بە زەبری داکۆکییەکی پڕ جۆشو خرۆش لە خۆی، تەبریٚ بوو.

بەرهەمەکانی:

داکۆکیکاری (داکۆکینامە):

ئەم نامەیە دەقی ئەو داکۆکییەیە کەئاپولیوس لە دادگادا دژی مالّە خەوزورانی خویٚندییەوەو تەژی نوکتەو پیٚکەنینۆکە.

میتامورفوس یان کەری زیٚڕین:

رۆمانسیٚکی پیکارسکە کە بە رۆمانیش دانراوەو لە یازدە کتیٚبدایە، نەخشەو پلۆتی ئەم چیرۆکە. لە چیرۆکیٚکی کورتی یونانییەوە وەرگیراوە، کە بە هەلّە دراوەتە پالّ لوکیانوس. ئەم رۆمانسە چیرۆکی لوکیوس، کە خەلّکی تسالی-یە، دەگیٚڕیٚتەوە کە چۆن بە هۆی خراپی بەکارهیٚنانی جادوو دەچیٚتە پیٚستی کەرەوە، بەلاّم هزرو هۆشی مرۆڤانی وی ناگۆڕیٚ. پاش واریڤاتیٚکی زۆر بە خواردنی ئەو گولّەباخانەی کە ئیسیسی"٢٧" خواوەندی میسری ئامادەی دەکات، دووبارە دەبیٚتەوە بە مرۆڤ دەبیٚ بە موریدی ئیسیس، دیارترین رووداوی ئەم چیرۆکە گویٚگرتنی لوکیوس-ە لە ئەفسانەی کوپیدو "٢٨" پسوخە"٢٩"، کە رەنگە رەمزی رزگاری روحی مرۆڤ بیٚ لە ریٚگەی ئەڤینەوە.

گولّی فەساحەت:

بریتییە لە ٢٤ پارچەی بژاردە لە گوتارەکانی ئاپۆلیوس.

دەربارەی باوەڕەکانی ئەفلاتون:

کورتەیەکی دوو کتیٚبی پرەنسیپەکانی باوەڕەکانی ئەفلاتونە.

دەربارەی بوونەوەران:

وەرگیٚرانی ئازادی نامەیەکە کە بە هەلّە بە هی ئەرستۆیان زانیوە.

شێوازی ئاپولیوس:

نووسینەکانی ئاپولیوس بە هونەرە جوانکارییەکان رازاونەتەوەو دوورو درێژن زیاتر بایەخ بە هەست دەدەن تا بە ئەقڵو ئاوەز. زۆربەی بەرهەمەکانی پڕن لە هونەری دابەشکاری، رەگەز دۆزی و تەنانەت سەروا کە لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی ئەوە. دەربڕینو گوزارشتی ئاپولیوس غەریبو بێ یاسایە، تەژی زاراوانی تێکەڵ لە نویۆ کۆنن، زمانەکەی محاوەرەیی و شاعیرانەیە.

کاریگەری ئاپولیوس:

ئاپولیوس کاریگەری بەسەر ئەدەبیاتی سەدەکانی ناڤینو سەدە تازەکانەوە، بەتایبەتی بەسەر بوکاچو و پاتر-ەوە هەبووە.

ئەدەبیاتی مەسیحیەت

لەبەر ئەوەی کە مەسیحیەت لە سەرەتادا ئاینی چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەو خەڵکانێ بووە کە زۆربەیان خوێنەواریو نووسینیان نەدەزانی، بۆیە ئەدەبیاتی راستەقینەی مەسیحیەت لە کۆتایی سەدەی دووەمی زاینیەوە دەست پێدەکات. ئەو نووسەرانەی کە بە دامەزرێنەری ئەدەبیاتی مەسیحی لاتینی دەزانرێن: مینوسیوس"٣٠" فلیکس، ترتولیانوس"٣١"، قەشەکیپریانوس"٣٢"، ولاکتانتیوس"٣٣" یان ناوە، لە نێو نووسەرانی ئەدەبیاتی مەسیحیەتدا سیمای دوو قەشەی گەورە، واتە جرومو ئوگوستینوس، لە هەمووان پرشنگدارترە.

جروم، قەشە، (یوسبیوس هیرونوموس، ٣٤٠- ٤٢٠ز):

وەرگێر، شرۆڤەکاری کتێبی موقەدەس، ژیاننامەنووس، و مێژوونووسە. وەرگێرانی لاتینی کتێبی موقەدەسو ڤولگات (٣٨٣- ٤٠٥ز) بە گرنگترین بەرهەمی دەژمێردرێ. بەرهەمەکانی دیکەی جروم بریتیین لە کۆمەڵێك شرۆڤەو تەفسیران دەربارەی پێغەمبەرانی خودان کتێبو پێغەمبەرانی بی کتێب، ئامۆژگاریو وەعزان، چەندین ژیاننامەی قەدیسان، بەرهەمێن جەدەلی، کۆمەڵێك نامەی زۆر، و ژیانی گەورە پیاوان کە کورتەی مێژووی ئەدەبیاتی مەسیحیەت لە سەردەمی یاوەرانەوە (حواریون) تا زەمانی خۆی، واتە تا زەمانی جروم دەگێڕیتەوە.

ئوگوستینوس، قەشە (ئورلیوس ئوگوستینوس ٣٥٤- ٤٣٠ز):

روحانی کڵێسا، حەکیمی خواناسی و فەیلەسوفێکی خەڵکی تاگاشتەی جەزایرە، دایکی مەسیحیەکی خواناسو بابی موشریك بوو. ئوگوستینوس دەرسی وتاربێژی خوێندوو لە

کارتاژو روم و میلاندا کەوتووەتە دەرسگووتنەوە. لە سەردەمی لاویدا بۆ ماوەیەك ڕێگەی ڕابواردنی گرتەبەر، ئەوجا بوو بە مانەوی، بەلام لە میلاندا ڕموودەی ئامۆژگارییەکانی سنت ئامبروس"٣٤" بوو و باوەڕی بە مەسیحیەت هێنا. لەوە بەدواوە بووبە زمانەوان و نووسەرێکی چەلەنگ و چالاك، وەکو ئەسقوفی هیپو، بەردەوام سەرگەرمی باس و خواس و گەنگەشەی ئاینی بوو، بە تایبەتی لەگەڵ مانەوییەکان"٣٥"، دوناتیاکان"٣٦"، و پلاگیوسیانەکان. لە ئەنجامدا لەکاتی گەمارۆی هیپودا بە دەستی واندالەکان کوژرا.

بەرهەمەکانی ئوگوستینوس دەبن بە پێنج بابەتی سەرەکییەوە:

١- فەلسەفە. ٢- باس و خواسی ئاینی. ٣- نامەێن ئەخلاقی. ٤- ئامۆژگاری و پەند. ٥- خوا ناسی تێوری.

ئوگوستینوس وەکو زمانەوان دەسەلاتێکی زۆری هەیە، ئامۆژگارییەکانی وی لە سەدەکانی ناڤیندا زۆر دەخوێنرانەوە. ئوگوستینوس باوەڕی بتەوی بە ڕەحمەتی ڕاستەوخۆی یەزدانی و قەدەری موتلەق هەبوو، و ئەم دوو ئامۆژگارییەی وی کاریگەری بەسەر زۆر کەسەوە هەبووە. دەسەلات و کاریگەری ئوگوستینوس بەتایبەتی بەسەر خواناسی لوتر، کالوین و یانسن-ەوە زۆر دیارو ئاشکرایە.

دان پێدانان:

(لە دەوروبەری ساڵی ٤٠٠ ز تەواو کراوە)، ئوتوبیوگرافییەکی ڕوحانییە.

ئوگوستینوس لەم کتێبەدا سەرەتاکانی ژیان و باوەڕهێنانی خۆی دەگێڕێتەوەو، لە میانەی ئەوەوە بیروبۆچوونەکانی و کەسایەتی وی ئاشکرا دەبێ. زێدە باری کۆمەلێك حەقیقەتی جوان لەمەڕ ژیان، ئاین و فەلسەفەی ئیمپراتۆریەتی ڕوم-ی سەردەمی ئەو ئاشکرا دەبێ، لە ڕاستیدا (دان پێدانان) یەکەمین لێکۆڵینەوەی ڕاستەقینەی خۆیەتی لە مەیدانی مێژووی ئەدەبیاتدا.

شاری خودا:

(لە دەوروبەری ساڵی ٤٢٠ز تەواو کراوە). بەرهەمێکی مەزنە کە بەرەڤانی لە مەسیحیەت بەرانبەر ئەم تۆمەتەی کە ئەم ئاینە زەمینەی ڕوخانیرومی لە ساڵی ٤١٠ز فەراهەم دەکرد، دەکات. ئوگوستینوس باسی ئەوە دەکات کە هەموو مێژوو ململانێیە کە لەنێوان شاری خوداو (سەرچاوەی خێر، کە هەموو مەسیحییانی فیداکار ڕەمز و نیشانەی ئەون) شاری زەمینی (بنیچەی شەڕ کە هەموو موشریکان و بێ ئیمانان دا نیشانی ئەون). ئەم کێشەو ململانێیە بۆ ڕۆژی پەسلان درێژە دەکێشێت و لەو ڕۆژی داوەرییەدا، خەلکی شاری خوا جاویدان دەبن و دانیشتووانی شاری دنیایی لە نێو دەچن.

بۆئیتوس (ئانکیوس مانلیوس سورینوس بوئیتوس، ٤٧٥- ٥٢٥ز):

لە روم هاتە دنیاوە. بابی کونسولْ بوو ئەویش لە ساڵی ٥١٠ز بە فەرمانی ئیمپراتۆر تیودوریك-٨"ی گەورە بوو بە کونسولْ. بوئیتوس ساڵی ٥٢٥ز بە تۆمەتی پیلانگێڕی دژی ئیمپراتۆر دادگایی مەحکوم کرا. ماوەیەکی لە زینداندا بەسەر بردو پاشان لە سێدارەدرا، بوئیتوس لە زنداندا بەناوبانگترین بەرهەمی خۆی واتە (تەسەلای فەلسەفە)ی نووسی. جگە لەم بەرهەمە ناوازەیە قاتیگوریاس-ی ئەرستۆی وەرگێڕاو کۆمەڵێك راڤەو لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەرستۆ، فرفوریوس"٣٩"، سیسرون نووسی و کتێبانی لۆجیك، ئەستێرەناسی، ژمارە، ئەندازەو مۆسیقای نووسی.

تەسەلای فەلسەفە (خەمڕەوێنی فەلسەفە):

بێگومان گرنگترین هەوڵی ئەدەبی ئەوەو حیکایەتێکی رەمزییە لە پێنج کتێبدا. لەم کتێبەدا شیعرو پەخشان بە نۆرە بەکار هاتوون، لەم بەرهەمەدا هەوڵدەدات گەلێك لە بنەماو پرانسیپە ئەخلاقیەکانی ئەفلاتون، ئەرستۆ، رەواقییەکانو مەسیحیەت لێکدی نزیك بکاتەوە. لە کتێبی یەکەمدا، فەلسەفە لە شێوەو هەیئەتی ژنێکی خەمڕەوێنو رێنوێندا دێتە لای نووسەر، ئاگاداری دەکاتەوە کە نەگبەتیو بەدبەختی ئادەمیزاد زیاتر زادەی بێ خەبەری ئەوە لە تەبیعەتو لە قەدەری خودی ئەو. کتێبی دووەم بەختو یەغبالْ وەکو بەخشندەیەکی نە جێی متمانە وێنە دەگرێ. لە کتێبی سێیەمو چوارەمدا مەسەلەی هەمیشەیی شەڕ قەبولْ دەکرێ، چونکە خەڵکی باش هەر لە مەینەتدانو خەڵکانی بەد لە بەختەوەریدان. فەلسەفە ئەوە دەسەلمێنێ کە خراپی حەقیقەتێکی نییە، بەڵکو تەنیا رواڵەتەو خەڵکی بەڕاستی باش، خەڵکانی شادو بەختەوەرن. لە کتێبی پێنجەمدا چارەسەری ئەخلاقی هەمیشەیی خراوەتە روو: گونجانی باوەڕ بە ئازادی هەڵبژاردنی مرۆڤ، لەگەڵ باوەڕ بوون بە تواناو زانستی موتڵەقی خوایی. فەلسەفە بە بەڵگە دەیسەلمێنێ کە چونکە خوا لە سەرووی زەمانو سنوورەکانی زەماندایە، بۆیە لە رووداوو کردارەکانی مرۆڤ ئاگادار دەبێ بێ ئەوەی بە خۆی ببێ بە هۆی ئەو کردارانە. لەم رووەوە مرۆڤ بە بەرپرسی کاروکردەوەی خۆی دەژمێردرێ و لەسەرییەتی رێگەی چاکە بگرێتە بەر.

لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئیحتوباری سەرەکی بوئیتوس بەندە بەو کاریگەرییە سەیرەی بەسەر نووسەرانو هزرڤانانی دوای خۆیەوە هەیەتی، وەرگێڕانو نووسینەکانی وی بایەخێکی زۆریان لە پاراستنو شرۆڤەی فەلسەفەی کلاسیکدا هەبووە، ژمارەیەك لە بەرهەمە سادەکانی وی لە زۆر قوتابخانانداوەکو پرۆگرامی دەرس دەخوێنران، (خەمڕەوێنی فەلسەفە)کەی کە بە دەستی ئالفریدی گەورە، چاسر، ئیلیزابت-ی یەکەمو چەند کەسێکی دیکە تەرجەمەکرابوو، لە سەدەکانی ناڤیندا، یەکێك لە خۆشەویستترین دەستنووسە باوەکانی بوو، لە سەرانسەری ئەورووپا.

ژێدەرو پەراوێزان:

١- كاليگولا (١٢- ٤١ن):

كـاليگولا نـاوی شـۆڕەتو لەقـەبی گـايوس تـزار-ی ئيمپراتـۆری روم (٣٧- ٤١ن) بـوو. حوكمڕانی وی زۆر توندوتيژو زۆردارانە بووە. دەڵێن هەميشە داخی ئەوەی خواردووە كە بۆچی هـەموو خـەڵكی يـەك گـەردنيان نـەبووە تـا بكـرێ بـە يـەك جەزرەبـە سـەری هـەموويان لەلاشە جيابكرێتەوە.

٢- نيرون (٣٧- ٦٨ن):

لە سالأنی ٥٤- ٦٨زدا ئيمپراتۆری روم بووە.

٣- نيرڤا (٣٥- ٩٨ن):

لە سالأنی ٩٦- ٩٨ز ئيمپراتۆری روم بووە.

٤- تريانوس (٥٣- ١١٧ن):

لە سالأنی ٩٨- ١١٧ز ئيمپراتۆری رووم بوو.

٥- هارديانوس (٧٦- ١٣٨ن):

لە سالأنی ١١٧- ١٣٨ز ئيمپراتۆری روم بوو.

٦- پيوس (٨٦- ١٦١ن):

لە سالأنی ١٦١- ١٦٨ز ئيمپراتۆری روم بوو.

٧- ديوكليتانووس (٢٤٥- ٣١٣ن):

لە سالأنی ٢٨٤- ٣٠٥ ز ئيمپراتۆری روم بوو.

٨- گوتەكان: قەومێكی جەرمـەنی بوونو لـەوە دەچـێ شـوێنی هـەوەڵجاريان ئەسكەندەناڤی بووبێ.

ئەم قەومە لە سەرەتای سالأنی زاينيدا لە كە ناری باشووری دەريای بەلتيك ئاكنجی بوون، لـە سـەدەی سێيەمی زاينيـدا كەوتنە پەلاماردانو تالأنكردنی ئيمپراتۆريـەتی روم. گوتـەكان دوو لق بوون. ئوستروگوتان، ئاكنجی رۆژهـەلأتی روبـاری دنيسـتربوون، ويزگوتـان، ئاكنجی رۆژئاوای روباری دنيستر بوون.

٩- ئالاريك (٣٧٠- ٤١٠ن):

سەركردەی ويزگوتان بوو و روم-ی گرت.

١٠- ئودواكر (٤٣٥- ٤٩٣ن):

داگيركەرێكی جەرمانی بوو و ئيمپراتۆريەتی رومی رۆژئاوای گرت.

١١- ڤيزوڤيوز: كێوێكی گركانييە لە ئيتاڵيا، لە كەنداوی ناپولی.

١٢- پومپی: شارێكی كۆنە لە باشووری ئيتاڵيا.

١٣- هيوكولانوم: شارێكی كۆنە لە باشووری ئيتاليا.

١٤- ڤاندالەکان: تیرەیەکی ئەڵمانین کە لە کۆنا لە باکووری بەلتیك ئاکنجی بوون‌و لە سەدەکانی چوارەم‌و پێنجەمی زاینیدا کەوتوونەتە پەلاماردان‌و تالانکردنی وڵاتانی ئەسپانیاو باکووری ئەفریقیا.

١٥- کورسیکا: دوڕگەیەکی فەرەنسییە لە میدیترانە، لە باکووری ساردنیا.

١٦- پیزون: نەجیم زادەیەکی دەوڵەمەند بوو، قەرار بوو دوای پیلانی ساڵی ٦٥ دژی نیرون، و لابردنی نیرون، جێی ئەو بگرێتەوە.

١٧- تاسیتوس (٥٥- ١٢٠ز):

مێژوونووسێکی رومی بوو.

١٨- خانمی ئیفسوس: ئەم خانمە بێوەژنێکە کە بە جۆرێ لە مەرگی شووەکەیدا دەگرێ‌و دەناڵێ خەریك دەبێ لە برسانا بمرێ. ئەنجام ئەو پاسەوانەی کە پارێزگاری لە جەستەیەکی لە خاچ دراو دەکات ناچاری نان خواردن‌و ئاشقێنی دەکات، لە ئەنجامی غەفڵەتی پاسەوانەکە، جەستەکە دەدزرێ، و بێوەژنەکە جەنازەی شووەکەی پێشکەش دەکات تا پاسەوانەکە لەو سزایەی کە لە ئەنجامی بەجێهێشتنی وەزیفەدا لە رێیەتی، رزگار بکات.

١٩- کولیسیوم:

تەلارێکی تایبەتی شانۆیە لە سەدەی یەکەمی زاینیدا لە روم بونیادنراوە.

٢٠- ئاکوینوم: گوندێکە لە ئیتاڵیای ناوەندی.

٢١- دومیتیان (٥١- ٩٦ز):

لە ساڵانی ٨١- ٩٦دا ئیمپراتۆری روم بووە.

٢٢- کومون: شارێکە لە باشووری ئیتالیا.

٢٣- بتی نیا: وڵاتێکی کۆنە لە باکووری رۆژئاوای ئاسیای بچووك، و تورکیای ئێستا.

٢٤- فلاڤین: لەقەبی سیان لە ئیمپراتۆرانی روم بووە بەم ناوانە: سپاسیانوس، تیتوس‌و دومیتیان

٢٥- ئاگریوکولا (٣٧- ٩٣ز):

سەردارێکی رومی بووە.

٢٦- تیبریوس (٤٢- ٣٧ز):

لە ساڵانی ١٤- ٣٧ ئیمپراتۆری روم بوو.

٢٧- ئیسیس: لە ئاینی میسری کۆندا: خواوەندی سروشتە، کە بە دایك‌و خودانی هەموو جۆرە سیحرو جادوویەکیان دەزانی.

٢٨- کوپید: لە ئاینی رومدا خواوەندی ئەڤینە.

٢٩- پسوخە: لە ئەفسانانی یۆنانیدا کیژێکی یەجگار جوانە کە کوپید حەزی لێدەکات، و واریقاتی ڤیانی ئەم جووتە زۆر مەنشورە.

٣٠- مینوسیوس (له دەوروبەری ٢٠٠ ز ژیاوه).

٣١- ترتولیانوس (١٥٠- ٢٣٠ز).

٣٢- کیپریانوس (له ساڵی ٢٥٨زدا مردووه):

نووسەرێکی مەسیحییەو قەشەی کارتاژ بووه.

٣٣- لاکتانتیوس (٢٦٠- ٣٤٠ز).

٣٤- سنت ئامبروس (٣٤٠- ٣٧٩ز):

ئەسقفی میلان بوو.

٣٥- مانەوییەکان: پەیڕەوانی مانی نیگارکێش‌و پەیامبەری ئێرانی (٢١٦- ٢٧٢ز) که باوەڕی دوالیزمی زەردەشتی و باوەڕەکانی مەسیحییەتی ئاوێتەی یەکدی کردبوو. مانەوییەت پێی وایه رزگاری روح له ماده بەهۆی ریازەتەوه مەیسەر دەبێ.

٣٦- دوناتیاکان: پەیڕەوانی گروپێکی مەسیحییه که له ساڵی ٣١١ ز له ئەنجامی ململانێ لەسەر هەڵبژاردنی دوناتوس به ئەسقوفی کارتاژ، هاته ئاراوه، به گوێرەی باوەڕی ئەم گروپه پاکی پێویسته بۆ ئەنجامدانی سرووتێن ئاینی له کلێسادا.

٣٧- پلاگیوسیانەکان:

پەیڕەوانی بیدعەتێکن له مەسیحیەتدا له سەدەی چوارەمی زاینیدا هاته ئاراوەو بەناوی رەبەنێکەوه به نێوی پلاگیوس (٣٥٥- ٤٢٠) ناوی دەرکردووه. پلاگوسیانەکان پێیان وایه مرۆڤ جوزی ئیختیاری له دەست خۆیدایەو پێیان وابووه که منداڵ به پاکی دێته دنیاوه بۆیه پێویستی به شۆردن‌و تەعمید نییه.

٣٨- تیودوریك-ی گەوره:

له ساڵانی ٤٧٤- ٥٢٦ز ئیمپراتۆری گوتانی رۆژهەڵاتی بووه.

٣٩- فرفوریوس (٢٣٢- ٣٠٢ز):

فەیلەسوفێکی نۆ ئەفلاتونی بووه، خەڵکی سور-ی باشووری لوبنان بووه.

بەشی چوارەم

ئەدەبیاتی رۆژهەلات لە سەدەکانی ناڤیندا

ئەدەبیاتی چینی

پێشینەیەکی مێژوویی:

سەردەمی خانەدانی تانگ لە چین (٦٠٠- ٩٠٧ز) رۆژگاری سەروەت، دەستبەتاڵی، ریفۆرم، دەستبلاوی، خۆشگوزەرانیو خەیاڵ پەروەرییە. لەم سەردەمە، بۆ ماوەیەکی کورت پەشێویو ئاژاوەی سیاسی وڵات دەگرێتەوە، و لە ماوەی ساڵانی ٩٠٧و ٩٥٠دا زنجیرەی خانەدانان پێنج کەرەت دەگۆرێ. لەوە بە دواوە تا ساڵی ١٢٧٩ز سونگەکان، کە بە هاندەری هونەر، زانست، و ئەدەبیات دەژمێردرێن حوکم دەگرنە دەست. لە ساڵی ١٢٧٩ز دوا ئیمپراتۆری سونگ لە بەرانبەر قوبلای"١"قائان-ی مەغۆلدا چۆك دادەدا. خانەدانی مەغول-ش لە ساڵی ١٣٦٨ز بە دەستی خانەدانی مینگ لە ناو دەچێت.

نۆرینێکی گشتی:

سەردەمی خانەدانی تانگ یەکێکە لە سەردەمە هەرە گرنگەکانی ئەدەبیاتی چینی، ئەم سەردەمە پڕ پیتو بەرەکەتە کە لەوەیە پرشنگدارترین رۆژگاری شیعرو شاعیری بێ، زانایان، فەیلەسوفان، نووسەرانو مێژوونووسانی زۆری لە باوەشی خۆیدا پەروەردەکرد. لە ماوەی کورتی نێوان خانەدانی تانگو خانەدانی مینگدا چەلەنگی ئەدەبی لە رەونەق و برەو کەوت. بەلام فینگ"٢" تائۆ لە دەوروبەری ساڵی ٩٤٥زدا چاپی قالبی "٣" داهێنا. ئیمپراتۆرانی سونگ پارێزەرانی گەرم و گوڕی ئەدەبیات بوون، مێژوو، شیعر، ئەدەبو فەرهەنگنووسی لە رۆژگاری واندا زۆر پێشکەوت. فەرمانڕەوایانی مەغول-ش کە پاش ئەوان دەسەلاتیان گرتە دەست، درێژەیان بە هاندانی داهێنانو ئەفراندنی بەرهەمی ئەدەبی دا وێڕای ئەوەی کە لە سەردەمی مەغۆلەکاندا شیعرێکی فرە گوترا، بەلام سەردەمی وان پتر بەهۆی شانۆنامەو چیرۆك لە بیردا ماوە.

هۆزان

هۆزانی چینی لە سەردەمی خانەدانی تانگدا پەرەی سەندو و گەییە لوتکە. کۆی هۆزانی ئەم سەردەمە لە ساڵی ١٧٠٧ز دەگەییە سی دەفتەر کە ٤٨ر٩٠٠ پارچە شیعری لە خۆ دەگرت، پاش سەرهەڵدانو پەیدا بوونی خانەدانی سونگ، شیعریش لە رووی چۆنیەتیو چەندییەتییەوە دووچاری ئاوا بوون بوو، لە سەردەمی حوکمڕانی مەغۆلەکان، گەرچی شیعرێکی زۆر گوترا (هەشت دەفتەری شیعری ئەم سەردەمە کۆکراوەتەوە) بەلام ژمارەی هۆزانێن بەرزو بالا کەم بوو.

شیعری چینی لە سەدەکانی ناڤین دەستکردو دەگمەنە. هەر بەیتێکی لە پێنج یان حەوت وشەی تاك سیلابی پێك دێت کە پتر لە بەر نموونەی وردی تۆنی (توندو نەرمی دەنگان) دەهۆنرێتەوە تا لەبەر نموونەی ئاسایی ڕێزمانی. هەموو شیعرەکان قافیەدارن. وێڕای ئەوەی هەندێ شیعر لە سەدان بەیت پێکهاتوون، بەڵام شیعری ئەم قۆناغە بەشێوەیەکی گشتی کورتەو چوار یا هەشت یان دوازدە بەیتییە.

شیعری چینی سەدەکانی ناڤین تا رادەیەك بە کەمی خۆی لە ئەڤینی رۆمانتیکی دەدات، و پتر دەربارەی، دۆستایەتی، شەراب و لەزەتی فەردییە. لە شیعری ئەم سەردەمەدا جەخت لەسەر چڕی و پڕی و هێزی کاریگری و رەسەنایەتی کراوەتەوە.

لیپو (٧٠٥- ٧٦٢ز):

گەورەترین هۆزانڤانی چینی یە. زۆر زوو رووی کردە شیعرو لە تەمەنی دەساڵیدا شیعرێکی باشی لە وەسفی گوڵە ئەستێرەدا گوت. لیپو لە تەمەنی لاویدا خووی دایە رابواردن و خۆشگوزەرانی، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا سەرنجی دەرباری بەلای خۆیدا راکێشا. و زاهیری بادەنۆشییەکانی کارێکی خراپی بەسەر شیعرەکانیەوە نەبوو، بە پێچەوانەوە وەکو گێراویانەتەوە ژمارەیەکی هەرە باشی شیعرەکانی بە دەم مەستییەوە داناوە. ئەنجام کەوتە داوی پیلانێکەوەو لە دەربار وەدەرنرا. دەربارەی مردنەکەشی وا باوە کە کاتێ بە مەستی لە بەلەمێکدا دەبێ خۆی دانەواند بووەوە تا وێنەی مانگ لە ئاوەکەدا بگرێتە باوەش، کەوتە رووبارەکەوەو خنکا.

ناوبانگی لیپو لەوەدایە کە لە شیعرەکانیدا زۆر بابەت دەخاتە روو، و هەندێکیش بۆ زیرەکی خەیاڵی خوێنەر دەیەڵێتەوە. هەندێ لە بابەتە دڵخوازەکانی وی بریتیین لە: شروشت، ژیانی دەرباری، و لەزەتی شەراب، بەناوبانگترین هۆزانی لیریکی وی بریتیین لە: بادەنۆشی، بەسەر کێوانەوە لە رۆژێکی هاویندا، رزگاربوون لە خۆ، بێداربوونەوە لە مەستی لە رۆژێکی بەهاریدا، و شکۆی سپێدە.

هان یو(هان ون- کونگ، ٧٦٨- ٨٢٤ز):

شاعیر، سیاسەتوان و فەیلەسووفە، هان وێڕای ئەوەی کە لە دەرباردا پایەیەکی بەرزی هەبوو، بە هۆی رەخنەگرتنی لە ئیمپراتۆر هسین تسونگ کە شەیدای ئێسقانێکی بودا بوو، لە دەزگای حکومەت ترۆ کرا. بە هەر حاڵ هەر زوو بۆ دەربار بانگ کرایەوەو پایەکەی خۆی وەرگرتەوە.

هان یو، لەواری جۆراوجۆردا شیعری گوتووە، شیعرەکانی پتر شیعری سەرگەرمی و شادو نوکتە ئامێزن.

بەرهەمە پەخشانییەکانی هان یو لە شیعرو سروودەکانی باشترن. بابەتی نووسینەکانیشی وەکو شیعرەکانی، لە مەڕ بابەتێن جۆراوجۆر نووسراون، پڕ هەراو هەنگامەترین نووسینی

هان یو، ڕەخنەیەکە لە ئیمپراتۆر سەبارەت بە ئێسقانەکەی بودا کە لە ڕاستیدا هێرشێکە بۆ سەر ئاینی بوداو داکۆکییە لە ڕێبازی کونفوسیوس. دوو بەرهەمی پەخشانی شایستەی تری هان یو بریتیین لە ماڵئاواییەك لە هاوڕێی کۆچکردووی لیوتسونگ- یوان، و گوتارێك دەربارەی ئاینی کونفوسیوس.

پوچو-ئی (٧٧٢- ٨٤٦ز):

شاعیرو سیاسەتوانە، ئەویش وەکو لیپو بەهرەیەکی زوورەسی هەبووەو وا باوە کە، لە تەمەنی حەوت مانگیدا گەلێك لە نیشانەکانی ئەلفبای چینی ناسیوەتەوە.

پوچو-ئی لە ساڵی ٨٠٦ز پۆستێکی بچووکی دەوڵەتی پەیدا دەکات، لە ساڵی ٨١٥ز نەفی دەکرێ، ولە ساڵی ٨٢٠ز عەفوو دەکرێ ئەوسا. بە خێرایی پلەکانی تورەقی دەبڕێو بەریز دەبێ بە حاکمی هانگچوو، سوچوو، هانان، و سەرۆکی ئەنجوومەنی جەنگ، لە ساڵی ٨٣٩دا تووشی ئیفلیجی دەبێو دوای چەند ساڵێك کۆچی دوایی دەکات.

یەکێك لە دیارترین خەسڵەتەکانی هۆزانی پوچو-ئی زمانە سادەو ڕەوانەکەیەتی. گووتویانە عادەتی وابووە کە بۆ تاقی کردنەوەی شیعرەکانی بۆ پیرەژنێکی دێهاتی بخوێنێتەوە، و هەر وشەیەك ئەو پیرەژنە لێی حاڵی نەبووبێ بیگۆڕێ. پوچو-ئی زۆر لە ڕووالەتبازی و خۆنوێنی شاعیرانی زەمانی خۆی بێزار بووە.

پوچو-ئی پێی وایە کە هەموو هونەرێك دەبێ ئامانجدار بێو پەند ئامێزبێ، بەڵام خۆی هەموو جارێك پەیڕەوی ئەم بۆچوونە ناکات. گەلەك لە شیعرەکانی دەربڕینی هەستی زوو گوزەرو ڕەنگدانەوەی کاریگەری ڕووداوانن.

شیعرە فێرکارییەکانی لە ئاستی چیرۆکە شیعری ئەخلاقیدان کە وەکو تەنز ناوبانگیان دەرکردووە، لە حاڵێکا دوورن لە هەر نوکتەو پێکەنینۆکێك کە ئەمڕۆکە بە مەرجی سەرەکی تەنز دەژمێردرێ. هەندێ نموونەی هۆنراوە فێرکارییەکانی وی بریتین لە: ئەژدیهای ڕووباری ڕەش، ئەو پیاوەی خەونی پەریانی دەبینی، و دوو بوورجی سوور.

جەماوەریترین شیعری پوچو-ئی شیعرە سۆزداریو کۆپلە جۆراوجۆرە وەسفی و چیرۆکڤانییەکانی ئەون. "کیژی عودژەن" وەسفێکی جوانی کیژێکە کە بە گۆرانییە خەمینو جوانەکانی خۆی گوهداران دەخاتە گریان. (خەتای جاویدانی) وەسفێکی پڕ هەست و سۆزە سەبارەت بە گەییشتنە دەسەڵاتی یانگ کوئەیی-فەئی، مەحبوبەی ئیمپراتۆر مینگ هۆانگ (٦٨٥- ٧٦٢ز)، شۆڕشی سوپاییانی ئیمپراتۆر، مەرگی یانگ، و پەیامێکی خەمین کە لە جیهانی ڕوحانەوە دەینێرێ، هەندێ شیعری جوانی دیکەی پوچو-ئی بریتیین لە: "ڕەنگێن زێڕین"، "بیرەوەری زەنگانی زێڕین" (دەربارەی کچەکەی خۆیەتی کە لە سێ ساڵیدا مرد)، "خەڵفی حەیزەران"، "تەماشای دروێنەکەر"، "باران"و "ئاوازی پیاوی تەمەڵ".

مێژوو

سوماكوانگ (١٠١٩– ١٠٨٦):

مێژوونووس‌و سیاسەتوانە، پاش وازهێنان لە کاری دەوڵەتی ، پاشماوەی تەمەنی وەقفی نووسینی (ئاوێنەی مێژوو) کرد کە ساڵانی ٤٥٠ پێشزەوە تا ساڵی ٩٦٠ ز لە خۆ دەگرێت.

چوهسی (١١٣٠– ١٢٠٠ز):

مێژوونووس‌و فەیلەسوفە، بە (ئاوێنەی مێژوو)ەکەی کوانگدا چووەتەوە، کە هێشتا وەکو مێژووی باوو هەمە پەسندی چین باس دەکرێ. هەروەها بە یەکێك لە شرۆڤەکارانی گەورەی رێبازی کونفوسیوس دەژمێردرێ.

شانۆنامە

تا سەدەی شەشەمی پێش زایین، سرووت‌و رسوماتی ئاینی چینی بە سەماو ئاوازو ئاماژەی دەست‌و دەموچاوەوە ئەنجام دەدرا، ئەنجامدانی ئەم سرووت‌و داب‌و نەریتانە پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە پێشڤەچوونی شانۆی چینییەوە نییە، یان بەلای کەمەوە، هیچ نیشانەو بەڵگەیەکی ئەم جۆرە پەیوەندییە بە دەست نە هاتووە. هەندێ بەڵگەو سەرچاوەی شانۆیی تاتارەکان لە سەدەی یازدەیەمدا، لەبەر دەستدان کە لەگینە شانۆی چینی لەم سەرچاوە تاتارییانەوە هەڵقولابێ. بە هەر حاڵ بە دڵنیاییەوە دەتوانرێ بگوترێ کە لە سەدەی سیانزەیەمدا و لە سەردەمی مەغولەکاندا، شانۆ لە چیندا هەبووە.

وا دیارە چینی بازرگانی چینی لە پەیدا بوون و سەرهەڵدانی شانۆ لە چین دا– وەکو هەمان چین لە ئینگلیستاندا– دەوری هەبووە. ئەوانە شوێنی شانۆیان فەراهەم دەکردو هەندێ شانۆنامانیان پیشان دەدا کە دیتنی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە دەیانویست لە دەرێ هۆڵەکەدا بوەستن و تەماشا بکەن ئازادانە خەڵکانی دەوڵەمەندو بە دەسەڵاتیش شانۆنامانی تایبەتییان ئامادە دەکرد.

شانۆنامەکان بە شێوەیەکی گشتی لەسەر شانۆ بێ پەردەو بێ دوو باڵ، و تەقریبەن بێ کەرەستە ئەنجام دەدران، بەڵام جل و بەرگ زۆر داهێنەرانەو پڕ خەرج بوو. جا بۆ قەرەبووکردنەوەی کەم و کورتی و نوقستانی کەرەستە، ئەکتەرەکان ناچار دەبوون بەوپەڕی وەستاییەوە لە هەر دیمەنێکدا خۆ بنوێنن.

شانۆنامەی کۆنی چینی بونیادێکی سادەو پلۆت و نەخشەیەکی لاوازی هەیە. هیچ نیشانەیەکی تراجیدیای نایاب ی تیا بەرچاو ناکەوێ، یانی هیچ هەڵچوون‌و داچوون‌و پاڵاوتەکارییەکی دەروونی لە خۆ نەگرتووە، شانۆنامەی سەدەی ناڤینی چینی لە جیاتی ریزبەندی بە شێوازی تەقەلیدی رۆژئاوایی، واتە کۆمیدیا و ترجیدیاو شانۆی مێژوویی، بەسەر دوو دەستەی سوپایی‌و کۆمەڵایەتیدا دابەش دەکرێ. دەستەی یەکەم، رووداوو کەسایەتییە مێژووییەکان وێنە دەگرێ، و پتر دیمەنانی جەنگ‌و زبری‌و توندی فیزیکی پیشان دەدات. دراما "کۆمەڵایەتی" وێنەیەکی مەردمی ئاسایی، بە تایبەتی ژیانی

خانەوادەیی نیشاندەدات. ئەم شانۆنامەیە عادەتەن پێکەنیناوییەو کاتێ لەسەر شانۆ ئەنجام دەدرێ ئاوێتەی قسە راستەوخۆکانی ئەکتەرەکان (کە بە زۆری ناڕەوانن) دەبێ.
نووسەری زۆربەی شانۆنامە چینییەکانی سەدەکانی ناڤین نادیارن، رەنگە بەناوبانگترین شانۆنامەنووسێك کە ناوی زانراوە وانگ شی – فۆ بێ، کە لە سەدەی سیانزەیەمدا دەژیاو سیانزە شانۆنامەی لە پاش بەجێماوە، یەکێك لەوانە، چیرۆکی کلاوی فەرەنگی رۆژئاواییە، کە سەربوردی زانایەکی لاو دەگێڕێتەوە کە خانمێك لەگەڵ کیژەکەیدا لە چنگی چەتەو رێگران رزگار دەکات و وەکو پاداشت قەول و بەڵێنی زەوجین لەگەڵ کیژەکەدا وەردەگرێ، کاتێ دایکەکە لەوەعدو بەڵێنەکەی ژێوان دەبێتەوە، خزمەتکاری کیژەکە بە زرینگی و فێڵ، کۆتاییەکی خۆش بە چیرۆك و سەبورەکە دەبەخشێت.

روما ن

سەرەتای رۆمانی چینی وەکو شانۆنامەی چینی نادیارو ئاڵۆزە، هەر چەندە چینییەکان زۆر لە پێش هێرشی مەغۆلدا ئاشنایەتییان دەگەڵ چیرۆکدا هەبووە، بەڵام پێدەچێت رۆمان بە مانای واقیعی رۆمان لە سەرەتاکانی سەدەی سیانزەیەمەوە لە ئاسیای ناوەندییەوە پەڕیبێتەوە بۆ چین و لەو وڵاتەدا رەواجی پەیدا کردبێ، و لە زەرفی سێ سەد ساڵدا گەیووەتە لوتکەی پێشکەوتنی خۆی.
دەکرێ رۆمانی چینی سەدەکانی ناڤین بە گوێرەی بابەت و نێوەڕۆك بەم شێوەیە پۆلێن بکرێ:
١- رۆمانانی داگیرکاری و پیلانگێڕی و دەسیسەکاری.
٢- رۆمانانی ئەڤین و فریوکاری
٣- رۆمانانی خورافاتی.
٤- رۆمانانی رێگری و یاخیگەرێتی.
بەناوبانگترین رۆمانێن ئەم سەردەمە دوو رۆمانە:
((چیرۆکی سێ پاشایی"٤")) (دەروربەری ١٢٥٠ ز):
چیرۆکێکی مێژووییەو دراوەتە پاڵ لوکوان چونگ"٥"، دەربارەی شەڕەکانی سەدەی سێیەمی زاینییە کە پڕە لە دیمەنی خوێن رشتن و شەرحی کاروکردەوەی دلاوەری. ئەم چیرۆکە بە شێوازێکی سادەو شاد نووسراوە.
"هەواڵی سەفەرێك بۆ رۆژئاوا" (دەوروبەری ١٣٢٥ز):
نووسەرەکەی نادیارە. زاهیری راپۆری سەفەری هسوئن تسانگ"٦" ە بۆ هندوستان کە بەمەبەستی کۆکردنەوەی کتێبان، پەیکەران، و یادگارانی بودایی ئەنجام دەدرێ. بەڵام لە راستیدا زۆربەی ئەم راپۆرە یان سەفەرنامەیە بە هیچ جۆرێ پەیوەندی بە سەفەرەکەی هسوئن تسانگ-ەوە نییە. بەڵکو پڕە لە چیرۆکی خۆش و شاد کە زۆریان باسی رووداوانی سەیرو موعجیزە ئاسا دەکەن.

ژێدەرو پەراوێزان:

١- قوبلای قائان (١٢١٢- ١٢٩٤ن):

دامەزرێنەری خانەدانی مەغۆلە لە چین.

٢- فینگ تا ئۆ (٨٨٢- ٩٥٤ن):

وەزیری حەوت ئیمپراتۆری چینی کە زۆربەیان لە خانەدانی پێنج قۆڵی چینی ناوەندی بوون.

٣- چاپی قاڵبی (Block Printing):

لەم جۆرە چاپەدا بابەتەکان لەسەر تەختە هەڵدەکۆڵدران و دەخرانە سەر کاغەز.

٤- سێ پاشایی: ئەمە ناوی قۆناغێکە لە مێژووی چین لە ساڵی ٢٢٠ تا ساڵی ٢٦٥ز دەگرێتەوە، پاش نەمانی خانەدانی هان، لەم قۆناغەدا چین کرابوو بە سێ مەملەکەت.

٥- لوکوان- چونگ (دەوروبەری ١٤٠٠ن):

چیرۆکنووسێکی چینییە.

٦- هسوئن تسانگ (٦٠٠- ٦٦٤ن):

بودایی چینییە، وا باوە کە لە سەفەرەکەیدا بۆ هند ٦٧٥ کتێب-ی پیرۆزی بودایی و سەدو پەنجا یادگاری دیکەی بودایی لەگەڵ خۆدا بۆ چین بردووەتەوە.

بەشی پێنجەم

ئەدەبیاتی رۆژئاوا لە سەدەکانی ناڤیندا
ئەدەبیاتی جەڕمەنی

پێشینەیەکی مێژوویی:

تیرە جەرمانیـەکان لقێکن لـە ماڵباتی قـەومی هنـدو ئـەوروپایی. بە گشـتی سەرچاوەی ئـەم ماڵباتە بە کەنارەکانی رووباری ڤیستۆل یان ئاسیای ناوەندیی دەزانن، لەم تیرە جۆراوجۆرە هندۆ ئەوروپاییانە، دەستەیەك بۆ هند، تاقێك بۆ ئاسیای بچوك، و جەماعـەتێك بۆ ئـەوروپا کۆچ دەکەن. جا لقی جەڕمەنی بەشێکە لەو جماعەتەی کە بەرەو ئەوروپا کۆچیان کرد، کە لـە دەڤـەری بـاکورو ناوەنـدی کیشـوەری ئـەوروپادا ئاکنجی دەبـن. ئـەم تیرانـە تا سـەرەتاکانی سەدەی سێیەمی پێشزاین لە دەڤەرێکدا دەگیرسێنەوە کە لـە رۆژهەڵاتـەوە روبـاری ڤیسـتول، لە باشوورەوە ماین، لە رۆژئاواوە ویزەر، و لـە باکوورەوە دەریاکـانی باکوورو بـەڵتیك دەوری دەدەن، پاشان سنوورەکانی خۆیان بەرین دەکەن‌و جگـە لـە رۆژهـەڵات لـە هـەموو ناوچـەکانی دیدا بڵاودەبنەوەو ئاکنجی دەبن.

تـیرە جەرمەنیـەکان تـا سـەدەی یەکـەمی زایـنی لـە رووی زمانـەوە دەشـێت بکـرێن بـە سـێ بەشەوە:

١- جەرمەنی رۆژهەڵاتی، یاگوتیك

٢- جەرمەنی رۆژئاوایی

٣- جەرمەنی باکوری، یا ئەسکەندیناڤیایی

جەڕمەنی رۆژهەڵاتی لە دەوروبەری سەدەی شەشەمدا بەعەمەلی زمانێکی مردوو بووە.

جەرمەنی رۆژئاوایی دەبێ بە دوو بەشەوە:

١- ئـەڵمانی بـاڵا، کـە شـێوە زاری ئـەڵمانیانی ناوەنـدی‌و باشـووری، و سەرچـاوەی ئـەڵمانی تازە بووە.

٢- ئـەڵمانی ژێـری، کـە دیـالێکتی ئـەڵمانیانی باکووری، و سەرچاوەی ئینگلیـزی، فریـزی و هۆڵەندی بووە، گروپی جەرمەنی باکووری نەرویجی، دانیمارکی، سویدی‌و ئایسلەندیە.

جەرمانیانی کۆن، قەومێکی دڕو جەنگاوەرو شـەڕکەر بوون، کـە خەسـڵەتی سـەرەکیان تونـدو تیژی، دڕی‌و بێباکی عەشایەری بـوو. ئاینی سـەرەتایان پەرسـتنی چـەند خوایـەك بـوو، واتـە فرەخـوایی لـە نێوانیانـدا بـاو بـووە، ئەمەشـیان بـەپێی دەسـەڵات‌و ئازایـەتی خودایـەکان نـەك بـەپێی پرنسـیپانی ئـەخلاقیی و ئـەقڵ. گـەلێك لـە سرووتـە ئاینییـەکان‌و سـونەت‌و خورافاتـە باوەکانیـان لـە دوای رەواج‌و بـرەوی مەسـیحیەت -ش (دەوروبـەری ٤٠٠ز) هـەر رەواجـی هەبوو.

لـه پـاش روخـانـی ئیمپراتۆریـەتی رومـی رۆژئـاوایی، ئوسـتروگوتەکان، کـە گـرنگترین تـیرەی جەرمـەنی بـوون، بەهیمـەتی تیودوریـك"١"–ی گـەورە، ئیمپراتۆریـەتێکی بـەهێز بـەڵام عـەمر کورت، دادەمەزرێنن، تیره جەرمەنییەکانی دیکە، واتە واندالـەکان، ڤیزگوتـەکان و فرانکـەکان، هەر هەموویان بایەخی رامیاری و لەشکری خۆیان دەبێ، بەڵام تەنیا لە سـەردەمی حوکمڕانی شـارلمانی"٢"دا هـەوڵێکی سـەرکەتووانە بـۆ یەکخسـتنی تـیرەو تایفـەکان و دروسـتکردنی یەکێتییـەکی میللـی و نەتـەوەیی ئـەنجام دەدرێ. پـاش کـەمێك لـە دوای مردنـی شـارلمانی دووبـەرەکی رێـژەیی و ئـاژاوە بـەرپا بـوو ئەوسا سـەردەمی ساکسـون–ەکـان (٩١٩– ١٠٢٤ز) دەست پێدەکات–و فەرمانڕەوایانی ساکسونی هـەوڵێکی زۆر دەدەن تـا ئـەڵمان خـۆی بـە یـەك قـەوم و نەتـەوە بزانـێ، لـەم سـەردەمەدا ئەڵـەمان پەیوەندییـەکی بتـەوی دەگـەڵ شارسـتانیەتی رومیــدا هەیــە. ئیمپراتــۆرانی فرانکونیــا (١٠٢٤– ١١٢٥ز) بــە جــۆرێ لەگــەڵ کڵێســاو دەوڵەمەنداندا دەکەونە کێشمانەکێش و ملمڵانێ کە ناتوانن کۆمەکێکی ئەوتۆ بە پێشکەوتن و پەرەسەندنی سیاسی و شارستانی میللەت بکەن. خانەدانی هوهنشتاوفن (١١٣٨– ١٢٥٤) لە واری پێشڤەبردنی هوشیاری نەتەوەییدا رۆڵێکی گرنگتر لە خانـەدانانی پێش خۆیـان پەیـدا دەکەن، و رەوتی چالاکییە هزرییەکانیش لەبەر رۆشنایی پشتیوانی حکومـەت و لـە ئـەنجامی پەرەسـەندنی پەیوەنـدی دەگـەڵ ئیتاڵیـادا خێراتـر دەبـێ. لـە ئـەڵمانیادا، وەکـو هەنـدێ وڵاتـی تری ئەوروپایی، شەڕەکانی سەڵیبی سەدەکانی دوانزیەم و سیانزەیەم دەورێکـی گرنگیـان لـە یەکخستنی جەنگاوەران و سوارچاکاندا وەکو چینێکی کۆمەڵایـەتی بینی، و تەئکیـدی زیـاتر لەسەر دڵسۆزی و وەفاداری ئاینی و برەودانـی زیـاتر بـە رۆشـنبیریی و شارسـتانیەتی بێگانـە دەکات.

لـە وڵاتـانی ئەسـکەندنیاڤیدا، جەخت کردنـەوە لەسـەر دەسـەڵاتی پاشـایەتی و پێشـڤەچوونی سیاسی زۆر کەمترە لە دەڤەرەکانی دەوروبـەری راینـو وێـزەر. نـەرویج و بـە تایبـەتی ئیسـلەند (کە بە هەوڵ و کۆششی کۆمەڵێك لە دەستەبژێرانی نەرویجی کەسوورن لەسـەر ئـەوەی مل بـۆ حکومەتی ملهوڕی شا هارولد فرهر نەدەن یەك دەگرێت) لە دەڤەرەکانی دیکە پتر لـە پێنـاوی پاراستنی بیری کۆنی جەرمـەنی دا دەخـەبتن، خولیـای ژیـانی ئـازاد دەبـێ بـە ئـاواتی نـەجیم زادەکـانی بـاکووری. ئـەم نـەجیم زادانـەی کـە کرێنشـینی و سـەرانەدان و خزمـەتکاری هـیچ پاشایەك قەبوڵ ناکەن.

نۆڕینێکی گشتی:

لە ئەدەبیاتی جەرمەنی رۆژهـەڵاتی (گوتیـك) تـەنیا یـەك نووسـین ماوەتـەوە کـە تەرجەمەیـەکی کتێبی موقەدەسەو دراوەتە پاڵ (ئولفیلاس).

ئــەدەبیاتی جەرمــەنی رۆژئــاوا زۆر دەوڵەمەنــدترە. زۆر بــەیتی قارەمــانی و سوارچــاکی جۆراوجـۆر بـە ئـەڵمانی بـاڵای کـۆن (٧٥٠– ١١٠٠) دێتـە دانـان. گـەلێك لـەم بەرهەمانـە لـە سـەردەمی شارلمانی کۆ دەکرێنـەوە، بـەڵام ئەوانـەی پـاش شـارلمانی دێنـە سـەر حـوکم ئـەم

بەرهەمانە بەکفر ئامێز دەزانن و لە نێوی دەبەن. تەنیا یەك پارچە لە بەیتی (سرودی هیلدبران) لە چەپۆکی رۆژگار دەخەلەسێ، لەو سێ سەد ساڵەی پاش مەرگی شارلمانی (٨١٤ز) بە دواوە زۆربەی ئەدەبیاتی جەرمەنی بە لاتینی دەنووسرێ. مەلحەمەکان، هۆزانێن لیریکی، وەعزو ئامۆژگاریان، هۆزانێن فێرکاری، مێژووان، ژیاننامان، و بەرهەمێن شانۆیی هەر هەمووی بە ئەڵمانی باڵای ناوەڕاست (١١٠٠- ١٥٠٠—ز) دادەنرێن. ئەم سەردەمە پڕ بەرهەمە ئەدەبییە دەکرێ بەسێ قۆناغەوە:

١- قۆناغی سەرەتا (١١٠٠- ١١٨٠ز)

٢- قۆناغی کلاسیك (١١٨٠- ١٢٥٠ز)

٣- قۆناغی ئاوا بوون (١٢٥٠- ١٥٠٠ز).

زمانی جەرمەنی باکووری (نۆرس، ئەسکاندیناڤی) بە زبری و رەقی بەناوبانگە. لەم زمانەدا رۆشنبیری و ئەفسانانی کۆنی جەرمەنی بە باشترین شێوە پارێزراوە، ئەدەبیاتی ئەسکاندیناڤی دەکرێ بەسێ گرووپی گرنگەوە:

١- هۆزانێن مەلحەمی ئیدا (لە دەوروبەری ساڵانی ٩٠٠- ١١٠٠ ز دانراون) کە کۆمەڵە هۆزانێکن دەربارەی ئەفسانان، قارەمانان و ئەڤین.

٢- قەسیدەو هۆزانێن سکالدی یان دەرباری کە لە دەوروبەری ساڵانی ١١٠٠- ١٢٠٠ز دانراون) کە ژیان و کرداری شاهان دەگێڕێتەوە.

٣- ساگاکان (لە دەوروبەری ساڵانی ١١٠٠- ١٤٠٠ز دانراون) کە کۆمەڵە گێڕانەوەیەکن بە پەخشان و هەوێنەکەیان کەس یان خانەدانێکی مێژوویی یا ئەفسانەییە.

جەرمەنی رۆژهەڵاتی (گوتیك)

<u>وولفیلا (ئولفیلاس)، (٣١١- ٣٨٣ز):</u>

تاقە نووسخەی دەستنووسی ئەدەبیاتی گوتیك، تەرجەمەیەکی کتێبی موقەدەسە کە دراوەتە پاڵ وولفیلا-ی گەورە قەشەی مەسیحی ئاکنجی دەڤەری باکووری کەنداوی دانوب. ئەم ئەسقوفە بەداهێنانی ئەلفبای گوتیك، کە لە لێکدانی پیتێن یۆنانی و رومی و رونی"٣" پێکهاتووە بەنێوبانگە، لەم وەرگێڕانەدا یەجگار کارامەو باڵادەستەو لە دەقە یونانییەکەوە وەری گێڕاوە — ئەم کارەی کارێکی تەقلیدی کوێرانە نییە، بەڵکو بەرەنجامی هزرین و قووڵبوونەوەیە، توانا دارانە زمانی بێشەنشینانی خۆی هاوڕێ لەگەڵ ئەو بلیمەتی و بەداوەتەی لەبەرهەمەکەدا هەیە نیشان دەدات- بەوجۆرە نییە کە وەرگێڕانەکە لە بازنەی زاراوانی زمانێکی دروستکراو و دەسکردا نرابێ. تەنیا چەند پەرەگرافێکی سەردەمی کۆن (تەورات)و رێژەیەکی زۆر لە سەردەمی تازە (ئنجیل) لەوێدا تۆمارکراوە.

جەرمەنی رۆژئاوایی (ئەڵمانی)

ئەڵمانی باڵای کۆن(*)

تەنیا دوو بەرهەمی ئەڵمانی باڵای کۆن شایستەی باسن، جگە لەمە هەندێ بەشی کورتی دوو مەلحەمە، و چەند سروودێکی قارەمانی و سوارچاکی-ش لەبەر دەستدان کە سروودی لودویك بایەخدارترینیانە، ئەم سرووده چیرۆکی سەرکەوتنی فرانکەکان بەسەر نورمانەکاندا لە ساڵی ٨٨١ز دەگێڕێتەوە. لەم قۆناغەدا چەند پارچە شیعرو پەخشانێکیش بەلاتینی دانراون.

(سرودی هیلدبران) (لە دەوروبەری ساڵی ٦٠٠ز دانراوەو ئەو نوسخەیەی لەبەر دەستدایە بۆ دەوروبەری ساڵی ٨٢٠ز دەگەڕێتەوە) لەم بەیتە مەلحەمییە، کە دانەرەکەی دیار نییە، تەنیا شەست و هەشت بەیت ماوەتەوە. ئەم بەشە لە بەیتی چوار کۆڵەکەیی و سنعەتی وشە ئارایی پێکهاتووە کە تەرسیع بە شێوەیەکی ئاسایی لە ئەڵمانییدا- و بە گووتەیەکی دی، دووبارە کردنەوەی یەك فکر بێ دووبارە کردنەوەی وشە- لە تایبەتمەندییە دیارەکانێتی.

ئەم قەسیدەیە بەشێك لە چیرۆکی هیلدبران-ی پاڵەوانی پیری دڕ دەگێڕێتەوە کە پاش سی ساڵ ژیان لەگەڵ هونەکاندا"٤"، بۆ شەڕ لە بەرانبەر زێدگەی خۆیدا دەگەڕێتەوە. لە شەڕێکی تەن تەندا لەگەڵ هادوبران-ی کوڕیدا رووبەڕوو دەبێتەوە، بەڵام کوڕەکە باوەڕ ناکات کە هیلدبران بابی وییەو مکوڕ دەبێ لەسەر دوئیل، ئەم بەشە بە سەرەتای شەڕی تەن بە تەن کۆتایی دێت، بەڵام ئەنجامگیری ئەمەیە کە کوڕە بە دەستی بابەکە دەکوژرێ.

<u>کتێبی ئینجیلان (دەوروبەری ٨٦٨ز):</u>

بەرهەمە هی ئوتفرید"٥"، کە رەبەنێکی خەڵکی ویسنبورگ-ە، ئەم مەلحەمە مەسیحییە پازدە هەزار بەیتییە، ژیانی حەزرەتی عیسا دەگێڕێتەوە. بە گشتی ئەم کتێبە بە یەکەمین بەیتی جەرمەنی دادەنەن کە لە جیاتی بەکارهێنانی سنعەتی وشەئارایی سوود لە قافیەی کوتایی وەرگیراوە. پێشەکی بەیتەکە ستایشێکی جوانی فرانکەکانە. شێوازی شیعرەکانیش ئەدیبانەو فێرکارییە.

ئەڵمانی باڵای ناوەڕاست: قۆناغی سەرەتا

(١١٠٠- ١١٨٠ز)

<u>وەرگێڕانەکانی روحانیەکان لەفەرەنسی و لاتینییەوە:</u>

گرنگترینیان بریتیین لە: سروودی ئەسکەندەر (١١٣٠ز). ئەم کارە لامپرخت"٦" ەو دەربارەی سەرکەوتنە گەورەکانی ئەسکەندەری گەورەیە. سروودی رولان (١١٣٠ز) وەرگێڕانێکی ئازادی کونرادی"٧" قەشەی شاری راتیسبون، لە دەقی فەرەنسی (گۆرانی رولان)ەوە و سەربووری ئیمپراتۆران، بەیتێکی نزیکەی هەژدە هەزار دێڕییە، کۆنراد وەریگێڕاوەو باسی مێژووی جیهان دەکات.

<u>مەلحەمەکانی مینسترل:</u>

هەندێ هـۆزانی دنیـایین و شـاعیرانی گـەڕۆك بـە زمـانی سـادەو شـێوازی جـەماوەری گوتوویانـە. بەنرخترین بەیت بریتیە لە: رۆترشا (١١٤٠ز) کەبەسەرهاتی رفاندنی ئەفسانە ئاسای دۆت شای قەستەنتەنیە لەلایەن شای لمباردی"٨"یەوە دەگێڕێتەوە.

دۆك ئەرنست (١١٨٠ز)، چەند کۆپلەیەکە لە بەیتێك کە باسی شۆڕشی لودولف دژی بابی خۆی، واتە ئوتو-ی یەکەم دەگێڕێتەوە، و چیرۆکی ریوی (١١٩٠ز)، و ئەمە یەکەمین بەیتە کەلە زمانی ئەڵمانییدا بە زمانی گیانلەبەرانەوە هۆنراوەتەوە دراوەتە پاڵ هاینریش دیگلیسنر.

<u>مینی سونگ(غەزەلیاتی نەجیب زادەیی):</u>

لـەو هۆزانـە ئاشـقانانەیە کـە لـە گـۆرانی فولکلـۆری نەمسـای کـۆن و لـە غـەزەلیاتی شـاعیرانی پرۆڤینسال"١١"-ەوە هەڵێنجراون.

ئەم غەزەلانە کورت و سادەن، و لە رووی پێکهاتەی چیرۆکڤانی و کاریگەری زەینییەوە رەوان و بێ گرێیە، کۆنترین شاعیرانی غەزەلیاتی نەجیب زادەیی: کورنبرك- ژیان(١١٦٠ز)و دیتمارفون"١٢" ئایستیان ناوە.

ئەڵمانی باڵای ناوەڕاست: قۆناغی کلاسیك
(١١٨٠- ١٢٥٠ز)

زۆربـەی نووسـەرانی قۆنـاغی کلاسـیکی ئـەڵمانی بـاڵای ناوەڕاسـت سوارچـاکان و روحانییـەکان بوون، وێڕای ئەمەش هەندێ بەرهەم و نووسین بە دەستی خەڵکانی ئاسایی و شایەرانی گەڕۆك و ئاشقان دادەنرێن. ئەدەبیاتی ئەم قۆناغە لە شەش خانەدا دەگیرسێتەوە:

١- هۆزانێن مەلحەمی (داستانی)
٢- هۆزانێن لیریکی
٣- هۆزانێن فێرکاری
٤- ئامۆژگاری و وەعزی روحانیەکان
٥- نووسین و بەرهەمی مێژوویی
٦- نووسین و بەرهەمی حقوقی (مافخوازی)

<u>هۆزانێن مەلحەمی:</u>

پرشـنگدارترین فەسـڵی مێـژووی ئـەدەبیاتی ئـەڵمانی سـەدەکانی ناوەڕاسـت بـۆ بەیتـە مەلحەمییـەکانی قۆنـاغی کلاسـیك تەرخانـە. ئـەم بەیتانـە (منظومـة) دوو جـۆرن: دەربـاری و جەماوەری.

<u>مەلحەمەمێن دەرباری:</u>

ئـەم جـۆرە مەلحەمەیـە کـە بـۆ نـەنجیب زادەو دەوڵەمەنـدان دەگـوترا، زمـانێکی سـەنگین و رازاوەو نایابی هەیە، و پڕە لە وشەو پەیڤی فەڕەنسی. مەلحەمەی دەرباری کە سەربوری دلاوەری و سوار چاکی دەگێڕێتەوە، وەسفی دوورو درێژو تێرو تەسەلی ئەسپ و چەك و پێشبڕکێی شمشێربازیو ئەوشتانە دەکات. نێوەرۆکی ئەم مەلحەمانـە کـە عادەتـەن لەسەرچاوەی دەرەکییـەوە وەردەگیرێ، هـەمان نێـوەڕۆکی سـیانەی رۆمانـانی سـەدەکانی ناوەڕاسـتە: نێـوەڕۆکی فەرەنسـی، چـیرۆکانی شـارلمانی و دەربارەکـەی وی دەگێڕێتـەوە، نێـوەڕۆکی بـەریتانیا، هەنـدێ سـەربورو چـیرۆکە دەربارەی ئارتورشا"١٣"، و مێزگردو دلاوەرانی ئەو، و گەڕان بە دووی جامی پیرۆزدا (کە عیسا لـە دوا شـامدا لـەو جامـەی خواردەوە)، و نێـوەڕۆکی روم، کـە بڕێ چیرۆکی یونـانی، رومیـانی، و رۆژهەڵاتیانی کۆنە.
لە نێو شاعیرانی مەلحەمەی دەرباریدا چوار کەس لە هەمووان بەناوبانگترن:

١- <u>هاینریش ڤن فلدکە (١١٧٠- ١٢٠٠ن):</u>
یەکەمین شاعیری ئەڵمانی مەلحەمەی دەرباریـیە. ئەنیئیت-ەکەی کە لە قالبی بەیتی قافیـەدارا دانـراوە، وەرگێڕانـی ئانئیـد-ی ڤیرجیـل-ە بـە زمـانی سـەدەکانی نـاڤین، ئـەم بەرهەمـە پـڕە لـە وەسـفی ڤیـانی رۆمـانتیکی و جـەنگی سوارچـاکی و دلاوەری. بونیـادی پلـۆت و نەخشـەی چیرۆکەکە لوجیکی، و وێنەگرتنی کەسایەتییەکان پەسندو بەجێیە.
٢- <u>هارتمان ڤون ئەوئە (١٢١٥ن):</u>
بە یەکێك لە مامۆستایانی گەورەی مەلحەمەی دەرباری کلاسیك دەژمێردرێ، لێرەدا دەکرێ ئامـاژە بـە دوو چیرۆکە شـیعری وی بـە نـاوانی ئـیرك و ئـیوین بکـرێ. چـیرۆکی ئـیرك لەسـەر رۆمانسێکی کرتین دوتروا-دانراوە، و برەودانە بە ئەڵقەی بریتانیایی لە ئەڵمانیا.
ئەم بەیتە هەر چەندە تا رادەیەك تاقەتبەرە، بەڵام نـاوەڕۆکێکی رەسـەنی وەکو وەفاداری ژنـی لـە خـۆ گرتـووە، ئیـوین-ش هـەر لـە بەرهـەمێکی تـری کـرتین-ەوە وەرگـیراوە. ئـەم بەیتـە ئەگەرچـی لـە ئـیرك هونەریانـە تـر هۆنراوەتـەوە، بـەڵام لـە ئاسـتێکی ئـەخلاقی نزمتردایـە، نێوەڕۆکەکەی بریتییـە لـە ئـەوینی رۆمـانتیکی ئیـوین دەرهـەق بـە ماشـوقەکەی خـۆی و ئـەو ناخۆشییانەی کە لە پێناوی ئەودا تەحەمولی دەکات. (هنری هەژار) ناوەڕۆکەکەی ئەڵمانییە، و رەنگـە ئەمـە باشـترین شـیعری هارتمـان بـێ. لـەم شیعرەدا باسـی ئـەوە دەکـرێ کـە چـۆن سوارچاکێکی گول بوو، یەکەمجار قـەبوڵ ناکات بە بەهای لـە خۆبردوویی ئارەزوومەندانەی کیژێك چاك ببێتەوە، و پاشان قایبل دەبێ، و سەرەنجام دووبارە قەبووڵ ناکات.
بەهەر حاڵ ئەم خەسڵەتی قەبوڵ کردن و قـەبوڵ نەکردنـەی وی دەبێتـە مایـەی ئـەوەی کـە خـوا شیفای بۆ بنێرێ، و لەگەڵ کیژەکەدا زەماوەند دەکات.

٣- <u>ولفرام فون ئیشنباخ (١١٧٠- ١٢٢٠ن):</u>

قوڵترین و ڕەسەنترین شاعیری بەیتانی سوارچاکی و دلاوەرییە کە قارەمانەکانی خودانی مرۆڤانی ترین سیمان لە جۆری خۆیاندا.
پارزیفال-ەکەی (لەبەر ڕۆشنایی پرسیڤال-ەکەی کرتین دوتروا دانراوە) کارێکی فەلسەفی درێژو (٢٥ هەزار بەیتە) قوڵە دەربارەی ڕزگاری مرۆڤ لە ڕێگەی باوەڕ هێنانەوە بە خوا (هەڵبەتە پاش برینی قۆناغێك لە فرمێسك و ڕوندکان). پارزیفال، کە لە داب و نەریتی دلاوەری و سوارچاکی بێ ئاگایە ، توانای بەسەر ئازادسازی ئانفورتاس-ی شای سەرزەمینی جامی مقەدەسدا ناشکێ. پاش پێنج ساڵ لە دوو دڵی و خەمباری، لە ڕێگەی دووبارە ئیمان هێنانەوە ئانفورتاس ڕزگار دەکات و تەخت و تاج وەردەگرێتەوە. ولفرام لە میانی ئەم بەتیەوە هەندێ لایەنو گۆشەی سەربوری دنیایی سێرگوین"١٤"، لە بەرانبەر گەڕان و جوست و جۆی مەعنەوی پارزیفالدا دەگێڕێتەوە.
ولفرام جگە لە بەیتی پارزیفال، چیرۆکێکی ئاشقانەی دیکەشی بە نێوی ((تیتورل)) دەربارەی (شیوناتولاندرو زیگونە) هونیوەتەوە کە ئێستا تەنیا چەند پارچەیەکی لە دەست دایە. هەروەها چیرۆکی (ویلهام ڤن ئورانزە)شی هەیە کە چیرۆکی (تەواو نەکراوە) شەڕی ویلهم دژی موسوڵمانان لە کۆتایی سەدەی هەشتەمدا دەگێڕێتەوە.

٤- گوتفرید ڤون شتراسبۆرگ (١٢١٠ ز):

بەیتی (ناتەواو)ی تریسترام (تریستان) بە ئیلهامی بەیتێکی تۆماس-ی شاعیری خەڵکی بریتانی"١٥" هۆنیوەتەوە، کە لەوێدا ئەڤینی پڕ ماجەرای تریستان و ئیزوت دەگێردڕێتەوە. گوتفرید لە شیکردنەوەی باری دەروونی کاراکتەری چیرۆکەکەو وێنەگرتنی هەست و سۆزو گوداز، و هۆنینەوەکاریدا مامۆستایەکی باڵا دەستە.

مەلحەمەێن جەماوەری:

هاوکات لەگەڵ ڕەواج و برەوی مەلحەمەێن دەرباریدا، مەلحەمەێن جەماوەریش، کە پێشتر گووتراوی سوارچاکان بوو، لە نەمساو ستیریا"١٦"دا گەشەی کرد. ئەم جۆرە مەلحەمانە، بە پێچەوانەی مەلحەمەێن دەرباریيەوە، لە بابەت و نموونەی بێگانەوە سەرچاوەی نەدەگرت، سەرچاوەی ئەم مەلحەمانە یا شیعری ئەفسانەیی کۆن یان چیرۆکە شیعری میللی و جەماوەری بوو، کە سیمای کەسایەتیانی مێژوویی وەکو ئاتیلا"١٧"، ئێرما ناریك"١٨"، وتیودوریك"١٩"-ی سەر بە ماڵباتی ئامال"٢٠" وێنە دەگرێت. مەلحەمەی میللی یان جەماوەری لە ڕووی شێوازو دەربڕینەوە لە مەلحەمەی دەرباری سادەترە. جگە لە قەسیدەی نیبلونگن و گودرون، (کە لە خوارەوە دێن) لە مەلحەمەی میللی دەتوانرێ ناوی: مەرگی ئالبهارت، لاورین، سردوی ئیکە، و باخی گوڵە باخ ببرێ- کە هەمووی بە دەوری تەوەری کەسایەتی تیودوریك دەسوڕێتەوە.

"سرودی نیبلونگن" (١٢٠٠ن):

گەورەترن بەرهەمی ئەدەبی ئەڵمانییە لە سەدەکانی ناڤیندا، ئەم بەیتە نزیکەی دە هەزار دێڕە لە کۆمەڵە بەندێك کە بە (بەندەکانی نیبلونگن) بەناوبانگە، کە هەر بەندێکی لە چوار بەیتی هاوقافیە پێك هاتووە، و هەر بەیتێك بە هەڵوەستەیەك دەبێ بە دوو نیوە بەیت. بەشی یەکەمو دووەم لە هەر بەیتێك سێ هەڵوەستەی هەیە، دوا بەیتی هەر بەندێك نەبێ کە نیوە بەیتی دووەمی چوار هەڵوەستەی هەیە.

سرودی نیبلونگن:

بەیتێکی وەستایانەیە، وادیارە کە پێکهاتەی چیرۆکی پەریان، ئەفسانەو مێژوو کەم دابێژێك لە هاوئاهەنگی و هاوسازی بەیتەکە کەم دەکاتەوە. مەلحەمە (داستان)ی نیبلونگن ئاوێتەیە کە لە ئەفسانانی باو دەربارەی پاشایانی بورگوندی، گوت، و هون، لەگەڵ چیرۆکێکی نەتەوەییدا دەربارەی پیاوێکی ئەژدیهاکوژ- چیرۆکێکە وادیارە لە ئەڵمانیادا بەر لە مەسیحیەت هەبووە. ئامانجێن مەسیحی و داب و نەریتی سوار چاکی و دلاوەری سەدەکانی ناڤین دەبێ بەسەرباری شارستانیەتێك کە لە بنەڕەتدا کفر ئامێزو زبرو رەقە. باوەڕێك باوە کە گوایە شاعیر (لەوەیە سوار چاکێکی نەمساوی بێ). بە کۆکردنەوەو لێکدانی کۆمەڵێك بابەتی جۆراوجۆر مەلحەمەی نیبلونگن- دێنێتە ئارا ، وەکو چۆن هۆمەر بۆ (ئیلیاد) وایکردووە.

چیرۆکی بنەڕەتی بەیتەکە لەسەر پایەو بناغەی رکابەری دامەزراوە. بەر لەدەست پێکردنی چیرۆکی ئەم مەلحەمەیە، زیگفرید-ی شازادەی هۆلەندی، ئەژدیهایەك دەکوژێت و پاشەکەوتی زێڕی نیبلونگەکان"٢١" داگیر دەکات. لە سەرەتای چیرۆکەکەدا، ئەو دوو جاران یارمەتی گونتەر-ی پاشای بروگوندی دەدات - جارێکیان لە شەڕداو جاری دووەم لە کاتی خوازبێنی برونهیلد-ی خوشکی شای ئیسلەندەدا بۆ گونتەر. زیگفریدش لەگەڵ کریمهیلد-ی خوشکی گونتەردا زەماوەند دەکات. دوای چەند ساڵێك کریمهیلدو برنهیلد لەسەر خانەدانی و رەسەنایەتی ماڵباتی هاوسەرەکانیان دەکەونە شەڕ و قەرقەشە، هاگن-ی خزمەتکاری گونتەر، بە خیانەت زیگفرید دەکوژێت، لەسەر ئەوەی کە گوایە سووکایەتی بە خانمەکەی، واتە بە خێزانەکەی گونتەر کردووە. کریمهیلد پاش ساڵانێك لە خەمباری و تاسەی تۆڵەسەندنەوەی کوشتنی مێردەکەی، شوو بە ئاتیلا-ی سەرکردەی هونەکان دەکات. کریمهیلد دوای سیازدە ساڵ، گونتەر و هاگن و دارودەستەکەیان بۆ دیتنی دەرباری ئاتیلا دەعوەت دەکات. ئەوانیش گەوجانە دەعوەتەکەی قەبووڵ دەکەن. کریمهیلد ئاگری نیفاق و قەرقەشەی نێوان بورگوندییەکان و هونەکان خۆش دەکات کە ئەنجامەکەی کوشتارێکی گەورەیە لە هەردوو لا. لە ئەنجامدا هون-ەکان سەر دەکەون، گونتەر دەکوژرێ، و کریمهیلد بە دەستی خۆی لە ملی هاگن دەدات. ئەو بە خۆیشی بە دەستی هیلدبران-ی گەورە خزمەتکاری تیودوریك دێتە کوشتن.

سرودی نیبلونگن کەم و کوڕی زۆری تێدایە، پڕە لە درۆو ناکۆکی و نا هاوسەنگی. شاعیر لەوەدا کە پەردەیەك لە مەسیحییەتی سەردەمی سوارچاکی کە ئەو و شاعیرانی دیکەی سەدەکانی ناڤین حەزیان لێیە بیدەن بە سەر بیر و رووداونی تەقریبەن شرك ئامێزدا سەرکەوتنی تەواوی بەدەست نەهێناوە. بەیتەکەی تەژی زۆر وێژوی و دووبارە کردنەوەیە، پڕە لە وەسفی تاقەتبەری جلوبەرگ، چەك و تەدارەك و بۆنەو ئاهەنگان، شاعیر لە هونەری عەروزدا لاوازەو کۆ لە بەکارهێنانی دەستەواژەی کلێشەیی و قافیەی کۆن و سواو ناکاتەوە.
لایەنی پۆزەتیفی بەیتەکە کەمو کوڕییەکانی دادەپۆشێت. ئێمە دەتوانین لەم بەرهەمەدا باشتر لە هەر شوێنێکی قەومی کۆنی توتونی، بە هەموو خوارفاتێکیانەوە، بە سۆزو گودازیانەوە، بەشەهامەتیانەوە، بەسەرسەختی و دڕی و خۆپەسەندییانەوە بدینین. دەبین بە هاوڕێی راستگۆیی و وەفادارییان کە زەمینەی ئەخلاقی بەیتەکە پێك دێنێ. بەلام گەورەترین لایەنی پۆزەتیفی ئەم بەیتە وێنە گرتنی بەرجەستەی چوار کاراکتەرە سەرەکییەکەی داستانەکە (مەلحەمەکە)یە: کریمهیلد، خواوەندی تۆڵە ئەستێنی کە تیفەرۆی کینەکێشی وای لێدەکات کەیفی بە کوشتاری هاونەژادان و تەنانەت برایەکانی خۆشی بێت و حالی لێ بێ، زیگفرید، قوربانییەکی بێ تاوانی ئاگری رقی ژنێکی حەسوودە، رودیگر، دلاوەرو سوارچاکێکی بێ گوناهە کە کەتووەتەنێوان بەرداشی پایەندی ئەخلاقی خانەخویی و ئەرکی پێشکارییەوە (گەورە خزمەتکار)، لە هەموان بەرجەستە تر وێنەگرتنی هاگن-ە، کە قارەمانێکی خوێریلەی شەیتان سیفەتەو وەفاداری دەرهەق بە ئاغاکەی و خانمی ئاغاکەی بە ئانقەست و بە زانستە بەرەو تاوانی کوشتن و بەرەو مەرگی خۆی بکێشی دەکات.
زۆر بیروبۆچوونی جیاواز سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی سرودی نیبلونگن هاتوونەتە دەربڕین: فردریك"٢٢"-ی گەورە پێی وایە کە ئەم بەیتە پولێکی قەڵب ناهێنێ، کەچی کورتس"٢٣"و کارلایل بە گرنگترین یادگاری خەڵکی سەدەکانی ناڤین، و بە جوانترین بەرهەمی هونەری ئەڵمانی کۆنی دەزانن. لودویگ"٢٤" یور بە ئیلیاد-ی ئەڵمانەکانی دەزانێ هەندێ دیدو بۆچوونی میانڕەو لە ناوەڕاستی ئەم جەمسەرانەی دادەنەن. بێگومان ئەم بەرهەمە نەك هەر لە روانگەی مێژوویی و نەژادناسییەوە پڕ بایەخە، بەڵکو لە رووی پەیوەندییە قوڵە مرۆڤانیەکان و کاریگەرییە هونەرییەکەشییەوە شایانی ستایشە. هبل"٢٥"و واکنەر"٢٦" لە هەموو کەس پتر کاریگەری ئەم داستانەیان (مەلحەمە) بە سەرەوە بووە.

<u>گودرون (١٢٢٥ز):</u>

بەیتێکە دانەرەکەی پێوارە، وادیارە لە دانانی سوارچاکێکی نەمساوییە. سەرچاوەکانی بەیتەکە ئەفسانانی فریزلەندی"٢٧"، فرانکی"٢٨"و ئەفسانانی کۆنی ئەڵمانییە، و سەر مەشقەکەشی سرودی نیبلونگن-ە. ئەم بەیتە سێ بەشی هەیە، کە هەر بەشێکیان چیرۆکی رفاندنی کیژێکی جوان دەگێڕێتەوە. لە بەشی یەکەمدا ئەوە دەگێڕدرێتەوە کە چۆن هاگن-ی بچووك (لەوە ناچێ هیچ پەیوەندییەکی بە هاگن-ە شەڕخوازەکەی سرودی نیبلونگن-ەوە،

هەبێ) بە دەستی شیردالێك"٢٩" دەفڕینرێ، لە وڵات و شوێنێکی سەیردا گەورە دەبێ، لەگەڵ هیلدە-ی کیژی پاشادا، لەوێندەر هەڵدێ، لەگەڵ دۆت شادا زەماوەند دەکات و دەبێ بە پاشای ئیرلەندا. بەشی دووەم چیرۆکی کیژەکەی هاگن و هیلدە دەگێڕێتەوە. ئەم کیژە، کە ئەویش هیلدە-ی ناوە، بە ئارەزووی خۆی لەگەڵ پێشکارانی هیتیل-ی شای فریزلاندا، بۆ ئەو وڵاتە دەچێ تابێ بە هاوسەری پاشا، هاگن دەکەوێتە تاقیب و سۆراخی کیژێ بەڵام لە شەڕدا دەشکێ، بەشی سێیەم، کە گرنگترین بەشی بەیتەکەیە چیرۆکی گودرون-ی کیژی هیتیل و هیلدە دەگێڕێتەوە. دەبێ بە مارەبڕو دەزگیرانی هیرویگ-ی شازادەی زیلاند"٣٠"، بەڵام لەلایەن هیرموت-ی شازادەی نورماندییەوە دەفڕێنرێ، گودرون سیازدە ساڵان بە یەخسیری لە نورماندی دەمێنێتەوە، و بە درێژایی ئەو ماوەیە لەلایەن گیرلینت-ی مەلیکەی نورماندییەوە دەچەوسێنرێتەوە. لە ئەنجامدا گودرون بەدەستی هیرویگ-ی دەزگیرانی رزگار دەکرێ، گیرلینت دەکوژرێ، هیرموت عەفو دەکرێ، و هیرویگ و گودرون بە خۆشی و شادی زەماوەند دەکەن.

بەیتی گودرون، هەر چەندە لە رووی گەورەییەوە ناگاتە ئاستی سرودی نیبلونگن، بەڵام لە رووی پاراستنی تایبەتمەندییە ناوچەییەکانی بەشی باکووری رۆژئاوای ئەوروپا -کەنارە هۆڤی و خەڵکە سەرکێشەکەی-یەوە بایەخێکی زۆری هەیە، ئەو وێنەیەی لەمەڕ خودی گودرون وەکو کیژە شایەکی سەلارو سەنگین، و بە سەبرو وەفادار، پیشان دراوە، لە جوانترین و واقیعی ترین نموونانی بەیتبێژییە.

شیعری لیریکی

<u>مینی زانگ:</u>

هەر چەند ئەم وشەیە لە باری زمانەوانییەوە مانای ئاوازی ئاشقانە دەگەیەنێ، بەڵام بەمانا بەرینەکەی هەموو هۆزانی لیریکی بە زمانی ئاڵمانی باڵای ناوەڕاست دەگرێتەوە، مەیدانەکەشی تەنیا ئەشق و ئەڤین نییە، بەڵکو سروشت، ئاین، نیشتمانپەروەری، مافناسی، و زۆر بابەتی دیکەش دەگرێتەوە. هەڵبەتە باوترین مەیدان و بابەتی هۆزانی لیریکی ئەڤینی رۆمانتیکییە، بە گوێرەی دابەکانی شیعری ئاشقانە و غەزەلی دەرباری لە سەدەکانی ناڤیندا، ژن ئەوپەڕی رێزو حورمەت دەگیرێ، شایستەی پەرستن، خزمەت و ستایشە.

مینی زانگەکان لە ژێر کاریگەری شاعیرانی فەرەنسیدا بوون. شاعیرانی باڤارییایی و نەمساوی ئەوەندە نەدەکەوتنە ژێر کاریگەری دەرکی و شیعرەکانیان بە ئیلهامی گۆرانی و ئاوازی فولکلۆریی ناوچەیی دەگووت.

شیعری غەزەلی، بە لای کەمەوە (١٦٠) شاعیر لەبەر دەستدایە.

<u>والتیرڤون دیرڤوگلوید (١١٧٠- ١٢٣٠ز):</u>

گەورەترین شاعیری مینی زانگە، بەتواناترین و هونەرمەندترین شاعیری لیریکاخوانی ئاڵمانی پێش گوتەیە، و جەماوەری ترین شاعیری ئەو وڵاتەیە لە سەدەکانی ناڤیندا. رەنگە والیتر لە تیرول"٣١" هاتبێتە دنیاوە، زۆر نزیکە لە دلاوەران و سوارچاکان بووبێ، پاش چەندین ساڵ خزمەتی ئەشراف و سەرگەردانی لەسەرانسەری ئەوروپای ناوەندیدا (١١٩٤- ١٢١٣ز) بوو بە هەوادارو لایەنگری فردریکی"٣٢" دووەم-ی قەڕاڵی تازەی خانەدانی هوهنشتافین، کە پاشان موڵکێکی بچووك بە شاعیر دەبەخشێ.

ناوبانگی شیعری والتیر بەندە بەوەی کە شیعرەکانی حەساسن و تێکەڵەیەکن لە سنعەتکاری و سادەیی، شاعیر جگە لە شیعرێن غەزەل و سروشت، کۆمەڵێك شیعریشی دەربارەی نیشتمانپەروەری، ئاوازی رەقس و سەما، نوکتەو پەند وتاری چڕ و کورت هۆنیوەتەوە، و هەروەها هەندێ شیعریشی داناوە بۆ ئامۆژگاری رابەرانی سیاسی و ئاینی، هەڵبەتە رەخنەش لە ئیهانەکانی پاپاکان دەگرێت.

ژمارەیەك لە بەناوبانگترین شیعرێن لیریکی شاعیر بریتییە لە: (ئەڤینی شادمانی دوو دڵە)، (بەهاران و ژن)، (ئاوازی مانگی پێنج)، (مەحبوبی هەقناس)، (عەدالەتی نابەرانبەری)، (زستان)، (یەکسانی لەبەر بارەگای خوادا)، (رۆژگارێکی ناخۆشە)، (ئەڵمانی بێ شا)، و (مالاوا لە جیهان).

<u>نایدهارت ڤون رونیتال (١٢٤٥ز):</u>

لە سوارچاکانی باڤاریایە، شۆرەتی وی بەندە بە دوورە پەرێزی هزری وی لە سنعەتکاری لە شیعرێن دەرباریدا باشترین شیعری وی بە ئیلهامی گۆرانییە نەتەوەییەکانەوە گووتراوەو دەبڕی ژیانی دێهاتیانە. ئەم شیعرانە تۆنێکی زیندوو و جەماوەرییان هەیە.

<u>ئولریخ ڤون لیختنشتاین (١٢٦٠ز):</u>

شۆرەتی ئولریخ بەندە بە ئاهەنگی شیرینی سروودەکانی و بەتایبەتی ئوتوبیوگرافییەکەی لە (خزمەتی خانمێك)دا کە وێنەیەکی پڕ بایەخ لەمەڕ ژیان و داب و نەریتی ناو دەرباری ئەڵمان لە سەدەی سیانزەیەمدا وێنە دەگرێ.

ئەڵمانی بالای ناڤین: ئاوا بوون

(١٢٥٠- ١٥٠٠ز):

لە ناوەڕاستی سەدەی سیازدەیەمدا، داب و نەریتی سوارچاکی و دەسەلاتی دەربار بەرەو ئاوا بوون چوو. ئیمپراتۆران و نەجیم زادان کە زیاتر لە خەمی سەلامەتی و شکۆی شەخسیدا بوون، دەستیان لە سوارچاکانی رێگر هەڵگرت، رەونەق و رەواجی دان وستان و بازرگانی بوو

به مایەی پێشڤەچوونی جۆرە فەرهەنگو شارستانیەتێکی تازە لە شاراندا، بەلاّم ناسکیو پاکی ژیاری کۆن لە بیرویادان دەرچوو و دەماری نەتەوەیی گەییە نزمترین ئاست.
کاریگەری ئەم بارودۆخە بەسەر ئەدەبیاتەوە ناخۆش بوو. شێوەزاری جۆراو جۆرجێی زمانی ستانداردی گرتەوە، کێشو وەزنی شیعری دووچاری پەشێویو پاشاگەردانی بوو، حیکایەتو نەقلّ جێی بە مەلحەمە لەق کرد، شیعری لیریکی گۆڕا بە مایسترسانگ. بەلاّم بەم حالّەشەوە هێشتا بەرهەمی شایستەی ناوی ئەدەبیات دەهاتە دانان. فابیلان نەقلّو حیکایەتی شیعری بە زمانی گیانلەبەرانەوە، بەیتی تەوسئامێز، واریفاتنامەی شیعری، گۆرانی میللی، پەندو ئامۆژگاری، چیرۆکی پەخشانو کتێبانی مێژوو دەنووسران، بەلاّم دیارترین ژانری ئەدەبی لەم قۆناغەدا: هۆزانێن فێرکاری، مایسترسانگ و شانۆنامەیە.

<u>زباستیان برانت (١٤٥٧– ١٥٢١ز):</u>

شاعیرو قانون زانە. گرنگترین بەرهەمی وی: کەشتی گەوجانە (کە لە سالّی ١٤٩٤دا نووسراوە)، کرێتیو گەوجێتییەکانی زەمان دەداتە بەر رەخنە.

<u>مایستر زانگ:</u>

شاعیرانی فەزلّ فرۆشی شاری کە تەقریبەن بێ داهێنان بوون ، هەولّیان دەدا لاسایی مینی زانگەکان بکەنەوەو شیعرەکانیان بە شێوەیەکی گشتی مەزەبی، فێرکاری، مێژوویی، یان رەمزییە. ئەمانە چەند ئەنجوومەنێکیان دامەزراند کە وەکو ئەسناف بازرگانی بەڕێوە دەبران. یاساو رێسایەکی ورد بەسەر فۆرمو ناوەڕۆکی شیعرەکانیانەوە حوکمڕان بوو. شاعیرێك تەنیا کاتێ نازناوی (مامۆستا) ی بەدەست دێنا و بە مایسترسینگەر دەزانرا کە ئاوازێکی تازە –هەم وەکو شیعرو هەم وەکو ئاهەنگی شیعرەکە– دابێنێ. ئەم شاعیرانە جەختیان لەسەر وردەکاریانی هونەری دەکرد، بەلاّم بە دەگمەن داهێنانێکی راستەقینەیان دەنواند، وا باوە کە کۆنترین ئەنجوومەن یان نووسینگە لە ماینس لە سالّی ١٢٠٠دا بەهیمەتی هاینریش ڤولەمایسن"٣٣" دامەزرا.
بەناوبانگترین شاعیری ئەم جۆرە شیعرە هانس زاکس (١٤٩٤– ١٥٧٦ز)ی خەلّکی نورنبرگە.

<u>شانۆنامە:</u>

لە ئەلّمانیاشدا، وەکو یونان، فەرەنساو ئنیگلیستان، شانۆ لە سرووتە مەزەبیو ئاینییەکانەوە هەلّێنجراوە، هەندێ لەو کارە شانۆییانەی کە لە رێو رەسم و بۆنەکانی موشریکاندا نمایش دەکران، بە هۆی زەبرو زەنگی کلّێساوە فەوتانو لە نێوچوون، بەلاّم لە سەدەی یانزەیەمدا هەندێ شانۆنامەی ئاینیو مەزەبی (دەربارەی هەندێ لایەنی ژیانی مەسیحو روحانیانی مەسیحی)، یا نواندنی چیرۆکەکانی ناو کتێبی موقەدەس بەرە بەرە رەواجی پەیدا کرد. ئەم شانۆنامانە لەسەرەتاوە لە کاتێ جەژنی کریسمیس، جەژنی پاك، و باقی جەژنو بۆنە پیرۆزەکانی دیکە، وەکو بەشێك لە سرووتی ئاینی لە کلّێسادا، ئەنجام

دەدراو لە ئەنجامدا گەییە ناو کوچەو بازاڕ، بەرەبەرە بابەتی کۆمیدیو نەمەزەبی-شی هاتەسەر، و زمانی ئەڵمانیش جێگەی زمانی لاتینی گرتەوە. شانۆنامانی ژانو سوێ (پرسەی لە خاچدانی مەسیح) لە هەموو ئەم شانۆنامانە پتر باوی پەیدا کردو هەندێکیان (بەتایبەتی ئەو شانۆنامەیەی کە لە ئوبرامرگاو"٣٤" ئەنجام دەدرا، تا ئەمڕۆ بەردەوام بووە. شانۆنامەی نە مەزەبی لە سەدەی پانزەیەمدا پەیدا بوو. شانۆکارانی لاو لە جەژنی شروڤیتایدا"٣٥" ماڵ بەماڵ دەگەڕانو دیمەنی کۆمیدی ژیانی رۆژانەیان نمایش دەکرد. ژمارەیەك لەو شانۆنامانە نوکتە ئامێز و زۆریان-ش تەواو عامیانە بوون. نورنبرگ بە ناوبانگترین شوێنی دەرهێنان و ئەنجامدانی ئەم شانۆنامانە بوو، و هەر لەو شارەدا هانس راکس پەرەی بەم بەرهەمانە دا.

جەرمەنی باکووری (نورس، ئەسکاندیناڤیایی

لە ماوەی نێوان سالآنی ٩٠٠-١٣٠٠ ز کۆمەڵێك بەرهەمی ئەدەبی پڕ بەها لەسەر زەمینی ئەسکاندیناڤی هاتە ئاراوە. زۆربەی ئەم بەرهەمانە لە زومرەی ئیدا Eddas، شیعری سکالدی، و ساگا- Sagas دەگیرسێنەوە.

ئیدا:

((ئیدای هۆنراوە)) کۆمەڵێکە لە شیعری ئەفسانەیی، حیکایەت، شیعری فێرکاری، و کۆپلەی چڕو کورت. ئەم شیعرانە لە ماوەی نێوان سالآنی ٨٠٠- ١١٥٠ز دانراونو کۆنترین دەستنووسی ئەم شیعرانە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سیانزەیەمو گوایە زایموند زیگفوسون"٣٦" کۆی کردونەتەوە. ناوەڕۆکی ئیداکان بریتییە لە:

١- پێشبینییەکانی سیبل"٣٧"، دەربارەی خوڵقانو فەوتانو نەمانی جیهان.

٢- دوو شیعری خەمین دەربارەی بەسەرهاتەکانی هیلگی، قارەمانیی گەورە.

٣- کۆی شەش شیعری جۆراو جۆری ئەفسانەیی: خوازبێنی فری"٣٨"، خۆ هەڵکێشانو رەجەزخوانی تور"٣٩"و ئودن"٤٠"، گەرانی تور بۆ دۆزینەوەی شوێنی شەیتان، جوێنفرۆشی لوکی"٤١" سرودی تریم"٤٢"، و سرودی ویلاند"٤٣".

٤- دوو کۆمەڵە کۆپلەی جۆراوجۆری رەمزیو فێرکاری.

٥- کۆی بیست هۆنراوەی دلاوەری کە چیرۆکی ڤولسونگ-ەکان دەگێڕێتەوە.

هەموو ئەم هۆنراوانە لەسەر بنەمای سەنعەتی تەوزیع (دووبارە کردنەوەی فۆنیمەکان) هۆنراونەتەوە. زۆربەی هۆنراوەکان لەسەر وەزنی خێرا، کورت، راستەوخۆ، بێرونگەرایانەو سەنگینن.

((ئیدای پەخشان)) (ئیدای سنووری):

بەرهەمێکە بە هۆنراوەو بە پەخشانە، دراوەتە پاڵ سنووری ستورلوسون"٤٤". بۆ ڕێنوێنی شاعیران دانراوەو پێنج بەشی گرنگی هەیە:

١- کورتەی ئەفسانانی نورس
٢- گوتاری براگی"٤٥"، نامەیەکە لەمەڕ گوزارشت و هونەری شیعر.
٣- واژەنامەی زاراوەو هاوواتایانی شیعری.
٤- پێڕستی وەزن و قاڵبانی شیعری، بە نموونەوە.
٥- پاشکۆیەك دەربارەی مێژووی شیعرو شاعیری و نامەیەکی کورت سەبارەت بە دەستووری زمان و واتاناسی و ڕونبێژی.

هۆزانێن سکالدی:

سکالدەکان (شاعیرانی کۆنی ئەسکاندیناڤیایی) شایەرانی گەڕۆك"٤٦" یا شاعیرانی دەربار بوون.

سەردەمی برەوی وان سەدەی هەشتەم تا سەدەی چواردەیەمە. لە حاڵێکا کە (ئیدای شیعری) زیاتر سەرو ساختی دەگەڵ ئەفسانان و سەربوری خواوەندان و پاڵەواناندایە، هۆزانی سکالدی لە شاهان و رابەرانی کۆن و زەمانی خۆیەوە ئیلهام وەردەگریٚ.

ئەم شیعرانە زمانێکی یەجگار رازاوەی هەیە، پڕە لە دەستەواژەو زاراوەی دوورو درێژی ئیستیعاری، چۆنیەتی هۆندنەوەی دابەش کردنی پیتەکان یەجگار لێهاتووانەو ئاڵۆزە.

بایەخی هۆزانی سکاڵدی لە شیعری ئیدایی کەمترە، بەڵام لە بەیتە سکالدییەکاندا زۆر بابەتی مێژوویی ماوەتەوە.

ساگەکان (Sagas):

لە ساڵانی نێوان ١١٠٠- ١٥٠٠ ژمارەیەکی زۆری حیکایەتی پەخشان یان ساگان – Sagas لە نەرویج و ئیسلەند دێتە نووسین. ئەم حیکایەتانە کە زۆربەیان ئەفسانەیین و پڕن لە گیانی میللی و تەبیعەتی دوڕگەنشینی، هەندیٚ فەسڵی بەرجەستەی مێژووی وڵاتانی ئەسکاندیناڤی و ژیانی قارەمانانی واقیعی یا ئەفسانەیی ئەو مەملەکەتانە دەگێڕنەوە. ساگان- Sagas کورت و چڕو پڕو بێرونگەراو تەقریبەن هەمیشە خەمینن. لە رووی چنین و تەکنیکەوە وەستایانە دانراون.

"ڤولسونگاساگا" (دەوروبەری ١١٧٠):

وەرگێڕانی چیرۆکی ڤولسونگانە بە پەخشان، وەکو لە ئیدای شیعری-دا دەگێردرێتەوە رەنگە حیکایەتی جۆراو جۆرو هەندیٚ گۆرانی میللی، کە ئێستا نەماون، وەکو سەرچاوە بۆ ئەم ژانرە ئەدەبییە سوودیان لێوەرگیرابیٚ. ئەم ساگە چیرۆکی زیگورد ڤولسونگ دەگێڕێتەوە، کە ئەم حیکایەتە، لە ئەفسانەکەی زیگفریدی مەلحەمەی نیبلونگن، کۆنترە. زیگورد (زیگفرید نیبلونگن)

ئەوەی ڤۆلسونگ-ی پاشای هونەکانە. ئەو پاش کوشتنی فافنیری ئەژدیها، و بە دەست هێنانی ئەو موستیلە جادوویی و گەنجینە زێڕەی کە فافنیر پاسداری و پاسەوانی دەکات، بە سواری بە نێو ئاگردا ڕەت دەبیٚ و براینهیلدی (برونهیلد نیبلونگن) سەرکردەی ڤالکیرەکان"٤٧" لە خەوی تەلیسماوی بێدار دەکاتەوە. ئەم جووتە حەز لە یەکدی دەکەن، بەڵام گریمهیلد-ی هاوسەری گییوکی-ی شای نیبلونگ، شەربەتێکی ئەفسوناوی دەدات بە زیگورد کە دوای خواردنەوەی شەربەتەکە براینهیلد لە بیر دەکات. ئەوسا زیگورد لەگەڵ گودرونی کیژی کریمهیلدا پەیمانی زەوجین دەبەستیٚ، و براینهیلد لەگەڵ گونار (گونتەر)ی برای گودروندا زەماوەن دەکات. براینهیلد کە لە ئاگری حەسوودی دا دەسووتیٚ، گوتروم، کە برایەکی دیکەی گودرونە، بۆ کوشتنی زیگورد هاندەدا. گوتروم بە شمشێرەوە پەلاماری گودرون دەداو برینداری دەکات، بەڵام گودرون ئەو دەکوژیٚ، براینهیلد-ش خۆی دەخاتە ئەو ئاگرەوە کە بۆ سوتانی جەنازەی خۆشەویستەکەی، زیگورد ئامادە کراوەو دەمرێت، گودرون شوو بە ئاتیلا-ی رابەری هونەکان دەکات. ئاتیلا کە لە هەوڵی دۆزینەوەی زێڕەکانی زیگورددایە، بەخیانەتکاری برایەکانی گودرون دەکوژیٚ، بەڵام زێڕەکان لە راین شاردراونەتەوە، گودرون ئاتیلا دەکوژێت، ئاگر لە دەربارو بارەگاکەی بەر دەداو بۆ وڵاتی یوناکرشا هەڵدیٚو لەگەڵ ویدا (یوناکرشا) زەماوەند دەکات.

ڤۆلسونگاساگا، سەرچاوەی سەرەکی ئۆپرای موستیلەی واگنر و زیگورد ڤۆلسونگ-ی بەرهەمی ویلیام موریس بووە.

"هاوپەیمانان" (باندامانا ساگا):

تاقە ساگێکە کە لە بنەڕەتدا بە مەبەستی کومیکی نووسراوەو پارچە تەنزێکی سیاسیە. ئەم چیرۆکە بەرهەمێکی سوار چاکی تەوس و توانج ئامێزە. تیمەی چیرۆکەکە بریتییە لە ئاشتبوونەوەی کورێکی ئابڕومەند دەگەڵ بابێکی دەسبادی دەسبڵاودا.

ئود-ی لاو بەهۆی ناخۆشی نێوان خۆیو ئوفیگی-ی بابیەوە ماڵ بە جێدێڵیٚ. ساڵانێکی دوورو درێژ بە خۆشی دەقەتێنیٚ، سەرەنجام گیرۆدەی دادگاییەك دەبیٚ. هەشت پیاوی هاوپەیمان کە حەسودیو بەغیلی بە سەروەتو دەسەڵاتی دەبەن، لێدەبڕێن زەمینەی مەحکوم کردنی خۆش بکەن، لە دەوروبەری بڕیاردانی یەکجارەکی دادگادا، ئوفیگ، بە ڕێکەوت خۆی بە دادگادا دەکاتو هێندە زیرەکانە دەکەوێتە موناقەشەو بەڵگە هێنانەوە کە ئوسپاگ-ی نەیاری ئود مەحکوم دەبیٚ.

هاوپەیمانان بۆ خستنی ئود دەکەونە پیلانگێڕیو دەسیسە نانەوە، لیٚ ئوفیگ جارەکی دی بەهانای ئود-ەوە دەچێتو کارێکی وەها دەکات کە پیلانگێڕان خەبەر لە یەکدی بدەن. بابو کوڕ جاریکی دی ئاشت دەبنەوەو ئوسپاگ بە مەرگی موفاجات دەمرێت.

هاوپەیمانان سادگا-یەکی بەرزە، لە رووی وردکارییەوە بیٚ خەوشەو لە باری بونیادەوە ڕێك وپێکە، ڕەنگە لایەنی هەرە پۆزەتیفی ئەم کارە ئامادەکردنو پەرداخی کەسایەتییەکان بیٚ: لە ئودی شایانی ستایش بەڵام تاقەت بەرەوە بیگرە، تا دەگاتە هاوپەیمانانی لە خۆڕازیو بەدخواو

لە هەر هەموویان لەبەر دلآنتر، ئوفیگ-ی خزمەتکارو نوێنەری خوای حەنەك و كۆمیدیا، كە رەخنەگری تەنزوێژو ئیرادگری سەردەمی سوارچاکی و دلاوەرییە.

<u>پەراوێزو ژێدەران:</u>

١- تیودوریك (٤٥٤- ٥٢٦) پاشای ئوستروگوت-ەكان بوو

٢- شارلمانی (٧٤٢- ٨١٤) شای فرانك-ەكان لە ٧٦٢- ٨١٤و ئیمپراتۆری رومی رۆژئاوای جاران لە ٨٠٠- ٨١٤).

شارلمانی لە کاتی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتە مەزنەکەی خۆیدا ئەو ناوچانەی کە جاران لە ژێر ركێف و دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی رومی رۆژئاواییدا بوو، خستنیە سەر ئیمپراتۆریەتەکەی خۆی و لە سالی هەشت سەدا پاپای وەخت تاجی ئەم ئیمپراتۆریەتەی پیێ بەخشی.

٣- رونی: ناوی ئەلفبایەکە کە تیرە جەرمەنییەکان لە جۆرە خەتێکی یونانییەوە وەریان گرت.

(*) تاقە بەرهەمێکی شایستەی سەر بە ئەلمانی ژێری، بەیتی (فریارەس)ە کە نووسەرەکەی پێوارە، ئەم بەیتە لە دەوروبەری سالی ٨٣٠دا بە زمانی ساکسونی کۆن هۆنراوەتەوە، ئەم بەیتە شەش هەزار بەیتەو دەربارەی ژیانی حەزرەتی عیسایە.

٤- هون – Huns:

هونەکان نەژادێکی ئاسیایین کە لە سەدەکانی چوارەم و پێنجەمی زایینیدا لە ئەوروپادا خەریکی تالآن و برۆ بوون.

٥-ئوتفرید – Otfried: (٨٠٠- ٨٧٠ز):

٦- لامپرخت Lamprecht (١١٢٠ز): شاعیرێکی کۆنی ئەلمانیاو ئەندامی کلێسا بووە.

٧- کونراد Konrad: شاعیرێکی نیوەی دووەمی سەدەی دوازدەیەمی ئەلمان و کەشیشی شاری راتیسبون بووە.

٨- لومباردی Lombards: یەکێکە لە تیرە ئەلمانی نەژادەکان کە لە سەدەی شەشەمی زاینیدا ئیتالیان فەتح کردو لەوێندەر حکومەتێکی پاشاییان دامەزراند.

٩- ئۆتۆ-ی یەکەم Otto 1: (٩١٢- ٩٧٣) لە سالانی ٩٣٦- ٩٧٣دا گەورە ئیمپراتۆری روم بووە.

١٠- دیرگلیستەر:

شاعیرێکی ئەلمانی بالآی ناڤین بووە لە سەدەی دوانزەیەمی زاینیدا .

١١- پروڤینسال:

یەکێکە لە زمانە رومیاییەکان، لە زمانی لاتینییەوە هاتووە، و لە باشووری رۆژهەلاتی فەرەنسادا برەوی سەندووە.

١٢- دیتمارڤون ئایست (٩٧٥- ١٠١٨ز): واریقات نووسێکی ئالمانی بوو.

١٣- ئارتورشا:

(سەدەی شەشەمی ز): شای ئەفسانەیی یان واقیعی بەریتانیا بوو.

١٤- سێرگوین: برازای ئارتور شاو یەکێك بوو لە جەنگاوەران و دەست و پێوەندانی وی.

١٥- بریتانی Brittany: یا برتانی یا بروتانی: دەڤەرو ویلایەتێکە لە باکوور رۆژئاوای فەرەنسا، نیمچە دوورگەیەکە لە نێوان دەریای مانش و (لە باکوور) کەنداوی بیسکی (لە باشوور).

١٦- ستیریا Styria: ویلایەتێکە لە ناوەندو باشووری رۆژهەلاتی نەمسا.

١٧- ئاتیلا Attila: (لە ساڵی ٤٥٣ز مردووە) بە (بەڵای ئاسمانی) بەناوبانگە، و لە ساڵانی ٤٣٥- ٤٥٣دا پاشای هون-ەکان بووە.

١٨- ئیرمانارێك (٣٥٠- ٣٧٦): شای گوت-انی رۆژهەلاتی (ستروگوتەکان) بوو.

١٩- تیودوریك (٤٥٤- ٥٢٦): بە تیودوریك-ی گەورە ناسراوە، لە ساڵانی (٤٧٤- ٥٢٦ز)دا شای گوت-انی رۆژهەلاتی بووە.

٢٠- ئامال Amal: ناوی ماڵباتی پاشایەتی گوتە رۆژهەلاتییەکان بوو.

٢١- نیبلونگ-ەکان Nibelungs: نەژادێکی کورتە باڵان لە ئەفسانانی ئەڵمانیدا.

٢٢- فردریك-ی گەورە (١٧١٢- ١٧٨٦): لە ساڵانی ١٧٤٠- ١٧٨٦زدا شای پروس-ەکان بوو.

٢٣- کورتس (١٨١٣- ١٨٧٣)

رۆمانووس و شاعیرو وەرگێرێکی ئەڵمانییە،

٢٤- لودویگ بور (١٨١٦- ١٨٨٩ز):

ئەڵمانییە، زانای خواناسییە.

٢٥- هیبیل (١٨١٣- ١٨٦٥):

شاعیرو شانۆنامەنووسێکی ئەڵمانییە.

٢٦- واگنەر (١٨١٣- ١٨٨٣):

شاعیرو ئاوازدانەرێکی ئەڵمانییە.

٢٧-فریزلەند:

بەشێکە لە هۆڵەندا.

٢٨- فرانك:

قەومێکی ئەڵمانی نەژادن کە لە سەدەی شەشەمی زاینیدا هاتوونەتە ویلایەتی روم و هۆڵەندایان داگیر کردووەو لە کەنارەکانی رایندا ئاکنجی بوونە.

٢٩- Griffin= شێردال، لە ئەفسانانی کۆن و سەدەکانی ناڤیندا بە گیانلەبەرێك دەگوترا کە نیوەی شێرو نیوەکەی دیکەی هەڵۆ بووە.

٣٠- زیلاند: ویلایەتی باشووری رۆژئاوای هۆڵەندایە.

٣١- تیرول- Tyrol: ناوچەیەکە لە باکووری ئالپ لە نەمسا.

٣٢- فردریکـــی دووەم (١١٩٤- ١٢٥٠): قـــەڕاڵی ئیمپراتۆریـــەتی موقەدەســـی روم (١٢٢٠- ١٢٥٠)و شای ئەڵمانی (١٢١٢- ١٢٢٠).

٣٣- هاینریش ڤۆن مایسن (لە ساڵی ١٣١٨دا مردووە):

شاعیرێکی لیریکی ئەڵمانی بووە.

٣٤- ئوبرامرگـاو: گوندێکـە لـە باڤاریـای بـاڵا، پیشـاندانی شـانۆنامانی ئازارەکـانی مەسیح لێرەدا بەلای گەڕیدەکانەوە مایەی سەرنجە.

٣٥- شرۆڤیتاید: رەسمێکە کە سێ رۆژ بەر لە چوار شەممەی تۆبە ئەنجام دەدرێ.

٣٦- زایموند زیگفوسون (١٠٥٦- ١١٣٣):

زانایەکی ئیسلەندییە کۆمەڵێك بەرهەمی دەربارەی مێژووی ئیسلەندا داناوە.

٣٧- سیبل: لە ئاینی فریگیا، داپیرەی خواوەندانە.

٣٨- فری Frey: لە ئاینی جەرمەنیدا، خواوەندی خۆرو باران و فەڕو بەرەکەتە.

٣٩- تور: لە ئاینی جەرمەنیدا، خواوەندی هەورە تریشقەو دەسەڵات و جەنگە.

٤٠- ئودین: لـە ئاینی جەرمەنیـدا، خواوەنـدی مەزنـە، و سـەرۆکی یـازدە خواوەنـدی دیکەیە.

٤١- لوکی: لە ئاینی جەرمەنیدا، رەمزی شەڕو خوای قەرقەشەیە.

٤٢- تریم Thrym: لە ئاینی جەرمەنیدا، پاشای بێشەی دێوانە.

٤٣- ویلاند: شارێکی کەنداییە، لە باشووری رۆژاوای تاڤگەی نیاگارایە.

٤٤- سنووری ستورلوسون (١١٧٨- ١٢٤١ز):

مێژوونووسـێکی ئیسـلەندییە، و بـە گـەورەترین ئـەدیبی نـورس لـە سـەدەکانی ناڤینـدا دەژمێردرێ.

٤٥- براگی: لە ئەفسانانی نورسدا، خواوەندی شیعرو ئەدەبە.

٤٦- شایەرانی گەرۆك Minstrets: بەو شاعیرانە دەگوترێ کە لە سـەدەکانی ناڤینـدا بە دنیادا دەگەڕان و بەر لە برەوی هونەری چاپ، بەیتی زارەکیان (وەکو بـەیتی شانسـون دوژست) بۆ خەڵکی دەگوت و هەندێکیان لە دەرباری شاهانەوە نزیك بوونە.

٤٧- ڤـالکیر-ەکـان Valkyries: لــە ئەفسـانانی ئەسـکاندیناڤیدا دەکەنـە کیـژانی جـەنگاوەری ئـودین کـە بەسـەر مەیـدانی شـەڕدا دەگـەڕێن و لـە نێـو کوژراوەکانـدا شایستەترین قارەمان لە جیاتی و تۆڵەی ئودیندا دەبەن.

ئەدەبیاتی سیڵتی "١"

پێشینەیەکی مێژوویی:

لقێکە لە قەومە هندو ئەوروپاییەکان کە ئێستا بە سیڵتییەکان یاکیلتییەکان ناسراون وا دیارە تا سەرەتاکانی سەدەی حەوتەمی پێشزاین لە ئەوروپای رۆژئاواییدا (فەڕەنساو لەگینە ئەسپانیا) ئاکنجی دەبن. دەستەیەك لە سیڵتییەکان کە دانیشتووی سەرزەمینی گول بوون، تێکەڵاوی رومی و جەرمەنییەکان دەبن. گەیلی"٢١"یەکان، کە وادیارە لە سەردەمو رۆژگارێکدا ناوچەیەکی بەرینی ئینگلیستانی ئەمڕۆ داگیر دەکەن، لە دەوروبەری ساڵی ٤٠٠ پێشزاینەوە بە هۆی شەپۆلێکی تازەی سیڵتیو بریتونی"٣"یەوە بەرەو رۆژئاواو باکوور راودەنرێن. پاشان گەیلییەکان لە ئیرلەنداو سکۆتلاندە ئاکنجی دەبنو بریتونەکان نیوەی باشووری جەزیرە داگیر دەکەن، لە نیوەی سەدەی پێنجەمی زاینیدا کە ئانگلەکان"٤"،

ساکسونەکان"٥"و جوتـەکان"٦". هێرش دەبەنە سـەر بریتانیا، تاقمێك لـە بریتونـەکان بـۆ ویلزو کورنوال، و ئەوانی دی بۆ برتانی لە ئەوروپا کۆچ دەکەن.
گەیلییەکان لە سەرەتای قۆناغی مەسیحیەتەوە تا سـەدەی شەشـەم لـە ئیرلەنـدەدا ئارامیـەکی ڕێـژەییان دەبـێ. پاشـان بـۆ مـاوەی سـێ سـەد سـاڵ، هـەوەڵجار لەلایـەن نەرویجییەکانـەوەو پاشـان لەلایـەن دانیمارکییەکانـەوە بـەر هێـرش و پـەلاماری بـەردەوام دەکـەون، تـا لـە سـاڵی ١٠١٤دا، ئیرلەندییـەکان بـە سـەرکردایەتی بـراین"٧"بـرۆ، کۆتـایی بـە دەسـەڵاتی میللـەتانی ئەسکاندیناڤی دێنن، ماوەیەك لـەوە دوا هنری"٨" دووەمـی پاشـای ئینگلیسـتان پـەلاماری ئیرلەندا دەدات و ئەم وڵاتە دەخاتە ژێر فەرمانڕەوایی و ڕکێفی خۆیەوە (١١٧٢).
ڕۆشـنبیریی سـیڵتییەکان بـە تایبـەتی ئیرلەندییـەکان، تـاوەکو پـێش هـاتنی مەسـیحیەت ڕۆشـنبیریی میللـەتانی هـۆڤی بـوو. ئـەم قەومـە پیـاوانی دیلیـان دەکوشـت، ژنانیـان بـە کۆیلەیـەتی دەبـرد، لـەزەتیان لـە نیشـاندان و نمایشـی سـەری بـردراوی دژمنـان دەبـینی، تەنانەنت مێشکی دژمنانی خۆیان بە شێوەی تۆپ لێدەکرد وەکو دەستکەوت-ی جەنگی بۆ یادگار هەڵیاندەگرت، پیشـەی سـەرەکی سیڵتییە کۆنـەکان ئاژەڵداری، کشـتوکاڵ، و جـەنگ بوو.
سیڵتییەکان، خواوەندانێکی زۆریان، کەنیشـانەی هێـزە سـەرەکییەکانی سروشـت و تەبیعـەت بوون، دەپەرست، و باوەڕیان بە جادوو و خورافات و دۆنای دۆنـی گیانـان و قوربـانی کردنـی مرۆڤان هـەبوو. سـەرکردایەتی و ئەنجامـدانی سرووتێن پەرستنی خودایـانی سیڵتییەکان بـە دروئیدەکان"٩" بـوو، دروئیـدەکان ئـەو کـاهین و ڕوحانیانـە بـوون کـە نـەك هـەر دەسـەڵاتی مـەزەبی و ئاینیـان هـەبوو، بـەڵکو لـە مەیـدانی کاروبـاری نـاوخۆو، رامیـاری و سوپاییشـدا نـەخش و ڕۆڵێکـی گرنگیـان دەسـتۆ دبـوو. جگـە لەمـە خـەریکی فاڵگرتنـەوەو سـیحربازیش دەبوون. مەسیحیەت، لـە سـەدەکانی سێیەم و چوارەمدا گەییـە دەڤەرەکـە، و لـە ناوەراسـتی سەدەی پێنجەمدا بە هیمەتی قەشە پاتریك"١٠" بوو بە ئاینی فەرمی، پاش ماوەیەکی کورت ئیرلەند بوو بە مەڵبەندی زانست و ڕۆشنبیریی مەسیحیەت و ڕەواجدەرانی ئاینی لەوێندەرەوە بۆ فەرەنسا و ئینگلتەرا چوون.
دیارە هـەر کورتـە مێژوویـەکی سیڵت ئەگـەر سوکە باسێکی دەربارەی سروشت و تەبیعـەتی زاتی خودی قەومی سیڵت تێدا نەبێ، نا تەواوە.
ئـەم قەومـە وێـڕای شـەقڵی هۆڤیگـەری سـەرەتاییان، هێشـتا زۆر لـە جەڕمەنـەکانی سـەدەکانی ناڤین کـەمتر گـرژو مـۆن، خـەمین، و مالیخولیـایی بـوون سیڵتییەکان خـەڵکانێکی ڕۆمانسـی بوون -لـە خۆ ڕازی، بزێو، ناسك، خەیاڵپـەروەر، خورافی و هەسـتیار بـوون. ئـەوانیش وەکـو جەرمەنییەکان، حەزیان لە دادپەروەری و ئازایەتی دەکرد، بەڵام شەیدای سـەیران و رابـوردن و ئەڤین و ڕەمزو ڕازی جوانییەکانی سروشت-ش بوون.
هیچ سـەیر نییـە کـە سیڵتییەکان هـەرگیز لـە ئەوروپادا نەگەییوونەتـە دەسـەڵاتێکی سیاسـی گـەورە، پێشـکەوتنی وان لـە مەیـدانانی دیکـەدا بـووە. سیڵتییەکان لـە وارێـن ئەفسـونگەری،

پێکـەنینۆك، و نوکتەبازیـدا خزمـەتی رۆشـنبیریی ئـەورووپای سـەدەکانی ناڤینیـان کـردووەو بەشدارییان لەم بوارەدا رەنگە لە دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێك گرنگتر بوو بێ.

نۆڕینێکی گشتی:

هـەر چـەندە لـە هەنـدێ ریوایـەتو هـەواڵنامان سـەرەتاو دەسـتپێکی شـیعری ئێرلەنـدی بـە سەرەتاکانی یەکەمین سەدەی زاینی دادەنەن، بەڵام دەکرێ بگوترێ تا پێش سەردەمی قەشە پاتریـك (دەوروبـەری ٤٣٢) شـیعرو ئـەدەب بـە مانـای دروسـتی وشـە، لـە ئێرلەنـدەدا نایەتـە ئاراوە، گەیلییـەکان تـا سـاڵی ١١٧٢، کـە سـەرکەوتنی هنـری دووەم، کۆتـایی بـە ئـەدەبیاتو هونەری راستەقینەی سیلتی لە ئێرلەندەدا دێنێ، لـە رووی ئەدەبیـەوە هـەر چالاكو چـەلەنگ دەبن، بریتونەکان لـە ویلـزدا، درەنگتر روو دەکەنـە ئـەدەبیاتو سـەردەمی ئـەدەبی وان پتر لـە هاودینـانی ئێرلەنـدی خۆیـان دەوام دەکـات. هـیچ مێژوویـەکی وردو دروسـت لـە بـەر دەسـتدا نییە کە سەرەتای ئەدەبیاتی زارەکی و فۆلکلۆری یان نووسراو دیاریو دەست نیشان بکات. بەڵام گومان لەوەدا نییە کە بەرهەمێکی زۆر، بەر لـەم شێوەی کـە گەییوەتـە دەسـتی ئێمـە، بـە درێژایی رۆژگـاران و قـەڕنان چ بـە شـێوەی نووسـراوو چ بـە شـێوەی زارەکـی هـەبووە. سـەدان دەستنووسی سیلتی کە زۆربەیان لە ماوەی ساڵانی ١١٠٠- ١٤٠٠زدا دادەنرێن، لە چەپۆکی رووداوو قەوماوانی رۆژگار خەلەسیونو تاوەکو ئەمڕۆ پارێزراون، کە لە گـرنگترین بەرهـەمێن سیلتی دەشێت ناوی ئەمانە ببرێ:

١- کتێبی دان کاو (دەوروبەری ١١٠٠).

٢- کتێبی لینستر (دەوروبەری ١١٥٠).

٣- کتێبی زەردی لکان (دەوروبەری ١٣٩١).

کـە بەشـی سـەرەکی ئـەم بەرهەمانـە تایبـەتن بەرۆمانسـەوە (واتـە چـیرۆکێن ئەڤینـداری و سەرکێشـی)، و هـەموویان لێکـدی دەشـوبهێنە سـەر یـەکتر. دەستنووسـە بریتونیکـە"١١" گرینگەکانیش بریتین لە:

١- کتێبی رەشی کرمارزن (سەدەی دوازدەیەم) کە بە شیعرە.

٢- کتێبی ئانیورین (سەدەی سیانزەیەم) کە ئەویش بە شیعرە.

٣- کتێبی تیلیسن (سەدەی چواردەیەم)، ئەمیش بە شیعرە.

٤- کتێبی سووری هرجست (سەدەی چواردەیەم)، کە بە هۆنراوەو پەخشانە.

هەم ئێرلەندییەکان و هەم ویلزییەکان بەرهەمێکی زۆریان چ بە شیعرو چ بە پەخشـان داناوە کە بریتیین لە: سرودێن مەزهەبی، هۆزانی ئەڤینی، وەسـفی تەبیعـەت، مێـژوو، یاسـا، سـرودێن مەلحـەمی، سـرودێن پاڵـەوانی، رومـانسو (چـیرۆکێن ئەڤینـداریو سەرکێشـی)... هتـد. هـەر چـەندە ئـەم بەرهەمانـە لـە بـاری مێژوویـیـەوە بایەخـدارن، بـەڵام بـەیتو ئەفسـانەکان بـۆ خوێندکارانی ئەدەبیاتی پراکتیکیو خوێنەرانی ئاسایی زیاتر دڵگیرو جوانن.

ڕۆمانس و (چیرۆکێن ئەڤینداری و سەرکێشی) سرروودە پاڵەوانیەکان، وەکو چۆن لە یۆنان و وڵاتانی جەرمەنیدا باو بووە، وادیارە لە ماوەی سەدانساڵدا پشتاو پشت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە هاتووەو ماوەتەوە. نەقڵبێژان و حیکایەتخوانان بەشێوەیەکی گشتی (باردەکان Bard"١٢") بوون کە لە باری دەسەڵات و پایەی کۆمەڵایەتییەوە بە پلەی دووەم و تەنیا لە دوای پاشایانەوە دەهاتن، بۆ گەیشتن بە پلەی (بارد)ی ئاسایی داواکاران دەبوایە حەوت ساڵان موتاڵاو کاریان بکردایەو ئەگەر بیانویستایە بگەنە پلەیەکی باڵاتر، واتا بگەنە پلەی عولەمایی دەبوایە دوازدە ساڵان بخوێنن و ٣ سەدو پەنجا چیرۆک و ژمارەیەکی زۆر لە شیعری کورت ئەزبەر بکەن.

ئەفسوس کە شاعیرێکی بەهرەمەند پەیدا نەبوو تا ئەم چیرۆکانە لە قاڵبی مەلحەمەو بەیتی مەلحەمی وەکو ئیلیاد و سروودی نیبلونگندا دابڕێژێ. هەر چەندە ژمارەیەک لەو چیرۆکانە دراونەتە دەم یەکەوە، بەڵام لە دەستنووسی جۆراوجۆردا تۆمار کراون کە لە رووی مێژوو و شوێنەوە زۆر لە یەکدی جیاوازن، لە راستیدا کاری داهێنان و ئەفراندنی چیرۆکی یەکپارچەی یەکگرتووی هونەری بۆ نووسەران و دانەرانی تازە مایەوە.

وێڕای ئەوەی کە فۆرم و شێوەیەکی دیاریکراو لە بەیت و ئەفسانانی سیڵتیدا بەدی ناکرێ، هەندێ تایبەتمەندێ هاوبەش لە هەموویاندا هەیە. لەم بەرهەمانەدا هیچ جۆرە نەزاکەت و وشەبازییەک نییە، بەڵکو لە زبری، ناپوختەیی و تەنانەت گیانی هۆڤیکاریدا شەپۆل دەدەن. چیرۆکەکان هەمووی لە بت پەرستییەوە سەرچاوە دەگرن دەخالەت و دەسکاری دواتری مەسیحیان دەسکرد دەیان نوێنێ نێروی دراماتیکی، حەنەک کاری، دڵگیری و وەسفێن جوان و درەوشاوە لە تایبەتمەندییەکانی دیکەی ئەم چیرۆکانەن: فیشاڵبازی، دووبارە کردنەوەی سیفەتی کلێشەیی و درێژدادڕی ئاسیوو زیانی زۆری لێداون. هەندێ چیرۆکی شاعیرانە قافیەدارن.

چیرۆکێن گەیلی

چیرۆکێن گەیلی (یا ئیرلەندی) سێ قۆناغی سەرەکی و گەلەک وردە قۆناغ و چیرۆکێن سەربەخۆ دەگرێتەوە.

<u>قۆناغی ئەفسانەیی:</u>

چیرۆکێن ئەفسانەیی، مێژووی ئیرلەندا لە کۆنترین رۆژگارەوە تا زاڵبوون و سەرکەتنی میلیسەکان"١٣" (Milesians) پەیگیری دەکات. پەیدا بوونی تزاروپارتولون-ی منالانی نوح، تالان و بڕۆی فورمورەکان"١٤"، دوو شەڕی موتیورا"١٥" لە نێوان قەومی دانا"١٦"و فیربولگە"١٧"کان، و سەرەنجام شکستی قەومی دانا لە لایەن میلیسە ئەسپانیاییەکانەوە، هەر هەموو ئەمانە لەو چیرۆکانەدا دەگێردرێنەوە.. بەناوبانگترین چیرۆکانی سەربەخۆ کە باسی دوو شەڕەکەی مویتورا دەکەن بریتین لە: ((خۆازبێنی ئاتین)). ((چارەنووسی منالانی توئیرن))، و (چارەنووسی منالانی لیر)). ئەم دوو چیرۆکەی دواییان لەگەڵ چیرۆکی ئەسارەت

و غەریبی منالآنی ئوسناکدا (کە هی سەردەمی لقی سوورە) کۆ چیرۆکی ناسراو بە (سێ چیرۆکی خەمناکی ئیرین) پێك دێنن.

سەردەمی لقی سوور (یان کوچولین):

چیرۆکانی سەردەی لقی سور (یان کوچولین) لە ژیانی کونچوبار، شای ئۆلیستیر"١٨"، و جەنگاوەرەکانی ئەوەوە سەرچاوە دەگرن، کە بە گوێرەی ریوایەتان لە یەکەمین سەدەی زاییندا دەژیان. زۆربەی ئەم چیرۆکانە بە دەوری کەسایەتی، لە دایك بوون، کارە گەورەکان و مەرگی کوچولیندا، کە گەورەترین قارەمانی ئەفسانەیی ئیرلەندییە، دەسوڕێتەوە. بەشێك لەم سەردەم و قۆناغە تایبەتە بەو رووداوانەی کە ((تین بوکولی)) پێ دەگوترێ. بەناوبانگترین چیرۆکی ئەم سەردەمە (ئەسارەت و غوربەتی منالآنی ئوسناك)) ی ناوە٥.

تین بوکولی (هێرش بۆ سەر کولی):

بە گەورەترین مەلحەمە (داستان)ی ئیرلەندی کۆن لە سەردەمی لقی سوردا دێتە ژماردن.

میدب–ی مەلیکەی کونات"١٩"، داوا لە پیاوێکی خەڵکی ئالستر دەکات، جوانەگایەکی بە ئەمانەت بداتێ. کابرا کە هەندێ جنێوی دەست و پێوەندانی مەلیکەی بیستووەتەوە، نایەوێ جوانەگاکەی بداتێ و خۆی دەدزێتەوە، میدب، لێدەبڕێ هێز نوێنی بکات و سەربازانی خۆی بۆسەر لەشکریانی کونچوبار دەنێرێ، بەلآم ژمارەیەکی زۆر لە جەنگاوەرانی وی بە دەستی کوچولین دێنە کوشتن. لەشکریانی میدب کە خراپ دەشکێن، پاش کوشتارێکی زۆر لە کونات وەدەردەنرێن، لە گەرمەی شەڕو شۆڕو هەلآتنا میدب جوانەگایەکە دەفڕێنێ و بۆ قەلآیەکی کونات–ی دەنێرێ. جوانەگای ئالستری، جوانەگاکەی مێردی مەلیکە دەکوژێت و دەگەڕێتەوە بۆ گەوڕەکەی خۆی لە کولی"٢٠". هەنگێ بۆڕەیەکی هێندە دوورو درێژ دەکا کە دڵی دەتەرەکێ و مردار دەبێتەوە.

ئەسارەت و غوربەتی منالآنی ئوسناك:

ئەم چیرۆکە سەر بهوردی خەمناکی دیردر"٢١"، هیلنی ئەفسانانی ئیرلەندی ، دەگێڕێتەوە. لە کاتی لە دایکبوونی (دیردر)دا کە تباد–ی غەیبزان پێشبینی ئەوە دەکات کە ئەم کیژە دەبێتە مایەی بەدبەختی و نەگبەتی بۆ ئالستر. بەلآم دیردر کە خۆی دەناسێتەوە هێندە جوان دەبێ کە کونچوبار شا لێبدەبڕێ بیخوازێ ((دیردر)) بەم پەیوەندییە قاییل دەبێت، بەلآم گاڤێ کە (نیزی"٢٢") دەبینێ، ئاشقی دەبێ و ناچاری دەکات پێکەوە بڕەڤن. جووتە ئاشقە دەگەڵ دوو برای نیزیدا، واتە لەگەڵ ئاینل، و ئاردندا، پەنا دەبەنە بەر ئوسکاتلاندە. ئەنجام هەر چواریان بە هێڤی عەفوی گشتی بۆ ئالستر دەگەڕێنەوە. لەوێندەر هەر سێ پیاوەکە بەر پەلامار دەدرێن و دەکوژرێن، ((دیردر))ش خۆ کوژی دەکات. کە تباد پێشبینی

نەگبەت و فەلاکەتی زادەی خیانەت لە ئایندەی کونچوبار دەکات و لەگەڵ جەنگاوەرەکانی دیدا بڵاوەی لێدەکەن.
وەسفی خەیاڵاوی دیردر، شەرحی ئەڤینی سادەو بیٚ رتوشی دیردر دەرهەق بە نیزی، و کاراکتەرسازی سیٚ کوڕەکەی ئوسناك، وەکو نموونەیٚن چەلەنگی و راستگۆیی و بوێری، لە تایبەتمەنییە بەرجەستەکانی ئەم چیرۆکەیە.

__سەردەمی فینی (یائوسانی):__

کاراکتەری سەرەکی زۆر چیرۆکی ئیرلەندی، ناوی (فین)ـە. ئەمە سەرکردەی گروپی پاڵەوانانی فینی ـە (گروپی فیانا)، واتە سەرکردەی ئەو سەربازە پیشەییانەی کە پشتیوانی پاشایانی جۆراو جۆر بوون، و وڵاتیان لە هێرش و پەلامار دەپاراست، باج و خەراجیان کۆ دەکردەوە، و زیاتر بە راوو ماسیگری دەژیان. بە گوێرەی ئەفسانان، سەردەمی هەرزەکاری فین بە ئەنجامدانی کارێن گەورەو موعجیزە ئامێز دەگوزەریٚ، لە جەنگ و نەبەردانلدا بەشداری دەکات، گیرۆدەی گێرمەو کێشەی نێوخۆیی دەبیٚ و ئەنجام لە ساڵی ۲۸۳ز لە شەڕدا تیا دەچێت. ئوسین (ئوسیان)ی کوڕی لە هەوەڵەوە بە جەنگاوەری و دەنگبێژی و شایەری ناوبانگ دەردەکات، بەڵام لە ریوایەتەکانی دواتردا تەنیا وەکو شاعیر ناو دەبریٚ. دەگێڕنەوە دەڵێن تا زەمانی قەشە پاتریك لە ئیرلەنددا دەژیا. بە گوێرەی یەکێك لە ئەفسانەکان (نیامە)ی کیژی خواوەندی دەریا، شەیدای ئوسین دەبیٚ و دەیبات بۆ سەر زەمینی لاویی جاویدانی و هەمیشەیی، ئوسین سێسەد دانە ساڵ لەوێندەر دەژی. لە هەندیٚ ئەفسانانلدا دەگێڕدرێتەوە کە "فین"ش هەرگیز نەمردووە. هێشتا لەگەڵ هاوسەنگەرەکانیا لە هەڵەتەکانی ئیرلەنددا دەژی و لە کاتی پێویستدا دووبارە دەردەکەوێتەوە تا یارمەتی هاووڵاتیانی خۆی لە شەڕیاندا دەگەڵ دژمناندا، بدات.

چیرۆکێن بریتانی

چیرۆکانی بریتانی (وڵزی) بە پێچەوانەی چیرۆکێن ئیرلەندییەوە نە ئەوەندە زۆرن و نە ئەوەندەش هونەرمەندانە نووسراون، گرنگی ئەم چیرۆکانە لە باری مێژووییەوەیە. نەوەك هەر لەبەر ئەوەی رەنگدانەوەی داب و نەریت و نۆڕینی خەڵکی بریتانی کۆنن، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە یەکەمین ئاماژەیان بۆ ئارتور لە خۆ گرتووە، کە بە گوێرەی ریوایەتان دوایەمین شای بریتانی بووە بەر لە هاتنی داگیرکەرانی ئەنگلۆساکسونی. لە ئەدەبیاتی ولزدا بە پێچەوانەی ئەدەبیاتی ئیرلەندییەوە، هیچ قۆناغێکی دیاریکراو لە ئارادا نییە، لیٚ لە بەرهەمی ئەدەبی ئەم وڵات و دەڤەرەدا، لە سەدەکانی ناڤیندا بەلای کەمەوە نۆجار ئاماژە بۆ ئارتور شا کراوە.

__چیرۆکی پۆیل:__

شازادە پویل-ی خەڵکی دایڤید"٢٣"، لە شێوەی شای هادیس (پن ئانوین)دا دەتوانێ ریانون"٢٤"-ی دەزگیرانی گوال"٢٥" بکات بە هاوسەری خۆی. پاشان بە فێڵو دەهۆ گوال لە ناو کیسەیەکدا حەپس دەکاتو بەو مەرجە ئازادی دەکات کە چاو لە ریانون بپۆشێت. (پرایدری)ی فەرزەندی پویلو ریانون، پاش لە دایکبوونی بە ماوەیەکی کەم ون دەبێ، و دایکەکەی بەوە تاوانبار دەکرێ کە منداڵەکەی خواردووە، پرایدری پاش چەند ساڵێك دووبارە پەیدا دەبێتەوە.

<u>کیهلوكو ئولون:</u>

بە فەرمانی ئارتورشا، سێ کەس لە دلاوەرانو سوارچاکان (کەی، بیدیڤر، و گاوین) یارمەتی کیهلوك دەدەن تا ئولون-ی کیژی هاثورن -ی سەرداری دێوان بکات بە هاوسەری خۆی، سێ دلاوەرەکە ئەو سیازدە گەنجە دەدۆزنەوە کە هاثورن وەکو ((دیاری زاوا)) داوای کردووە، ئەو گەنجینانەی کە وەدەست هێنانی هەر یەکێکیان کۆمەڵێك گێرمەو کێشەی گەرەکە.

ئەم چیرۆکە بە هۆی وێنەگرتنی کەسایەتی ئارتۆر وەکو شای پەریان، و نۆ پاشای سەردەمی سوارچاکی، شایانی ئاوڕلێدانەوەیە، پەیڕەوانی ئارتور لە زومرەی جەنگاوەرانی لە مرۆڤ بالاترن، و نێروی ئەفسونئامێزی ئارتۆر ئیلهامبەخشی فتوحاتی پرشنگداری ئەوانە، وادیارە جفری "٢٦" ئاومان موث و کرتین دوتروا کاریگەری ئەم چیرۆکەیان بەسەرەوەیە.

<u>پەراوێزو ژێدەران:</u>

١- سیڵتی- Celtic: وشەی سیڵتی یا کیلتی لێرەدا بە ئیرلەندی و ویلزی گوتراوە.
٢- گەیلی- Caels: دانیشتوانی زۆزانەکانی ئوسکاتلەندا.
٣- بریتونی- Brythons: سیڵیتانی لقی بریتانیا.
٤- ئانگل- Angles: قەومێکی جەڕمەنی زمانن، کە لە سەدەی پێنجەمی زاینیدا هێرش دەکەنە سەر بریتانیا.
٥- ساکسون- Saxons: قەومێکی جەڕمەنی زمانن، کە لە سەدەی شەشەمی زاینیدا لە بریتانیا ئاکنجی دەبن.
٦- جوت- Jutes: قەومێکی جەڕمەنی زمانن، کە لە سەدەی پێنجەمی زاینیدا پەلاماری بریتانیا دەدەن.
٧- براین برۆ- Brian Boru: (٩٦٢- ١٠١٤ن) شاهنشای ئیرلەندا کە سەرانسەری ئیرلەندای خستە ژێر رکێفی خۆیەوە.
٨- هنری دووەم (١١٣٣- ١١٨٩ن): لە ساڵانی (١١٥٤- ١١٨٩ن)دا پاشای ئینگلیستان بووە.
٩- درویید: Druids: کاهینانی بەریتانیای مەزنی سەردەمی سیڵتییەکان بوون.

١٠- قەشە پاتریك- Saint patrick: (٣٨٥- ٤٦١ز): مژدەبەرێکی مەسیحی بوو، کە بە پەیامبەری ئیرلەندە بەناوبانگ بوو.

١١- بریتونیك- Brythonic: ناوی یەکێکە لە زمانە هندو ئەوروپاییەکانی گروپی سیلتی، کە زمانانی ویلزی، بریتانیی و کورنوالی دەگرێتەوە.

١٢- باردەکان- Bards: ئەمانە لەناو میللەتانی سیلتی کۆندا جۆرە شاعیرێکی فەرمی و دەربار بوون کە ئەرکیان ئەوە بووە یادی رووداوو بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، بەتایبەتی کارو سەرکەوتنە قارەمانیەکان بکەنەوە.

١٣- میلیسەکان- Milesians: پەیڕەوانی میلید-ی شای ئەفسانەیی ئەسپانیان، کە کوڕەکانی لە دەوروبەری ساڵی ١٣٠٠ پێشزدا بەسەر ئیرلەندەدا زاڵ دەبن، و ئیرلەندیانی ئەمڕۆ بە نەوەو نە تیرەی ئەوان دەزانرێن.

١٤- فورمورەکان- Formorians: (بە گوێرەی ئەفسانەی سیلتی): نەژادێکی دێوانی دەریایین کە ئەژدادیان خواوەنانی شەڕو تاریکی بوون.

١٥- موتیورا- Moytura: دەڤەرێکە لە ئیرلەندا.

١٦- دانا- Dana: (بە پێی ئەفسانەی ئیرلەندی) کەسوکارو خزمانی دانا- Dana:ن (خواوەندی دایك و رەمزی مەرگ و ژیان) کە لە جەرگەی هەڵەتەکانی ئیرلەندەدا دەژین.

١٧- فیربولگەکان- Firbolgs: هێرشکارانی ئەفسانەیی کۆنی ئیرلەندەن.

١٨- ئولستیر- Ulster: با کوریترین چوار ویلایەتی مێژووی ئیرلەندا.

١٩- کونات- Connacht: ویلایەتی رۆژئاوای کۆماری ئیرلەندا.

٢٠- کولی- Cooley: ناوچەیەکە لە ئالستر.

٢١- دیردر- Deirdre: ژنێکی جوانە لە ئەدەبیاتی کۆنی ئیرلەندەدا. کیژی یەکێك لە داستان بێژانی کونچوبار بوو.

٢٢- نیزی- Naisi: جەنگاوەرێکی قۆزو یەکێك لە کوڕانی ئوسناك بوو.

٢٣- دایڤید- Dyvid: ناوچەیەکی کۆنە لە باکووری رۆژئاوای وڵز.

٢٤- ریانون- Rhiannon: لە ئەفسانانی وڵزیدا، ریانون هاوسەری شاهادیس-ە. ریانون سێ باڵندەی هەبوو کە ئاوازو دەنگیان دەبووە مایەی مەرگی زندووان و زندوو بوونەوەی مردووان.

٢٥- گوال- Gwawl: بە گوێرەی ئەفسانانی وڵزی، خواوەندی هەتاوە.

٢٦- جفری ئاومان موت- Geoffrey ofmon mouth: (١١٠٠- ١١٥٤ز) کادری کلێساو واریقاتنووس بوو، یەکێك لەبەرهەمە بەناوبانگەکانی (مێژووی بریتونەکان)ـە.

ئەدەبیاتی فەرانسەوی

<u>پێشینەیەکی مێژوویی:</u>

کۆنترین دانیشتوانی سەر زەمینی فەرەنسای ئێستا قەومی گل (Galli)ـە کە لقێکی نەژادی سیلتییە، کە رەنگە لە سەدەی حەوتەمی پێشزایینەوە لە ئەوروپای رۆژئاوادا ئاکنجی بووبن.

تاوەکو بەر لە سەرکەوتنی رومییەکان لە سالأنی ١٥٤- ٥٠پ. زدا، زانیارییەکی ئەوتۆ دەربارەی گولەکان لە بەردەسدا نییە. بە سەرکەوتنی رومییەکان، شارستانیەتێکی ئاوێتەی گولی و رومی پەیدا دەبێ و هەردوو قەومەکە لە یەکتردا دەتوێنەوە.

هێرش و پەلاماری بەربەرەکان (تیرە جەرمەنییەکان) دوو شوێنەواری گەورە بەسەر فەرەنساوە بەجێ دێلن، یەکەم ئەمەیە کە بەربەرەکان، وێڕای ئەوەی لە باری ژیاری و رۆشنبیرییەوە لە ئاستێکی نزمترا بوون و چاویان لە فەرهەنگ و رۆشنبیری لاتین بوو، سەرەنجام دەبن بە

فەرمانڕەوایانی فەڕەنسا، و دووەم ئەمەیە کە لەگەڵ هێرش‌و پەلاماری ئەنگلوساکسونەکاندا بۆسەر ئینگلیستان، گەلێك لە سیڵتانی بریتانی ڕەهەندەی نیمچە دوڕگەی باکووری ڕۆژئاوای فەرەنسا، کە بە برتانی بەناوبانگە، دەبن.
مێژووی فەرەنسا لە سەدەی شەشەمەوە تا سەدەی یازدەیەم بریتییە لە چیرۆك‌و سەربهوردی شەڕی دەسەڵاتخوازی نێوان تیرە جۆراوجۆرەکانی هێرشبەرانی جەرمەنی. لە ساڵی ٥٠٧دا کلۆڤس"١" دەبیٚ بە پاشای فرانکەکان‌و مەسیحیەت دەکات بە ئاینی فەرمی وڵاتەکەی. لە ساڵی ٧٣٢دا شارل مارتل"٢"، لە جەنگی توردا"٣" ئەو موسوڵمانانەی کە ئەسپانیایان داگیر کردبوو و هێرشیان بۆ فەرەنسا هێنا بوو، تێك دەشکێنیٚ.
شارلمانی لە ساڵی ٨٠٠دا بەشێکی بەرینی فەرەنساو ئەڵمانیا یەك دەخات‌و تاجی ئیمپراتۆری لەسەر دەنیٚ. لە سەدەی دەیەمدا نورمانەکان باکوری ڕۆژهەڵاتی فەرەنسا داگیر دەکەن‌و لە ساڵی ١٠٦٦دا ئینگلیستان دەگرن.
سەدەی پانزەیەم بە تایبەتی لە باری پەرەسەندن‌و گەشەکردنی فیودالیزم‌و دابی سوارچاکی‌و دلاوەرییەوە مایەی سەرنجە. فیودالیزم ڕێك‌و پێك تر دەبیٚ‌و نەخش‌و ڕۆڵی ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا لە جاران زیاتر دەبیٚ. ئیدی لە سەدەی دوانزەیەمدا سوار چاکی و فیودالیزم دەگاتە لوتکەی خۆی‌و پاشان ڕوو لە نەمان دەروات.
شەڕی خاچپەرستان مەرگ‌و هەزار بوونی ژمارەیەکی زۆری فیودالانی بە دوودا دیٚ کە زیادبوونی توانای دەسەڵات‌و بورژوازی لێدەکەوێتەوە. شووکردنی ئیلنورئاو ئاکویتین"٤" بە هنری دووەم-ی پاشای ئینگلیستان لە ساڵی ١١٥٢دا، فەرەنساو ئینگلیستان لە ڕووی شارستانیەت‌و ڕۆشنبیریی‌و ڕامیارییەوە لێکدی نزیك دەکاتەوە. لە ئاخرو ئۆخری سەدەدا قوتابخانەی کڵێسای پاریس دەبیٚ بە زانستگەو، و پاریس دەبیٚ بە مەڵبەندی ڕۆشنبیری ئەوروپا، بە جۆریٚ کە زانایان‌و دانایان لە سەرانسەری کیشوەری ئەوروپاوە لەوێندەر کۆ دەبنەوە.
سەدەی سیانزەیەم کەم بونەوەی پتری و زیاد بوونی دەسەڵاتی فیودال دەسەڵات-ی پاشایان‌و جەماوەری خەڵك بەخۆوە دەبینیٚ ، گەشەکردنی پیشەسازی‌و ڕەونەقی بازرگانی ئیحتوبارو بایەخی شاران دەباتە سەریٚ، سەرهەڵدانی گیانی زانستی، بەشێك لە ئامۆژگاری‌و پرەنسیپەکانی کڵێسا دەخاتە بەر پرسیاران‌و، خەڵکی ڕۆژ بە ڕۆژ پتر دژی دەسەڵاتی کڵێسا بەسەر مەسەلە ئەخلاقی‌و هزرییەکانەوە دەوەستن.
جەنگی سەد ساڵەی (١٣٣٨- ١٤٥٣) نێوان فەرەنساو ئینگلیستان ڕەوت‌و ڕێبازە فکرییەکانی سەدو پەنجا ساڵی پێشوو بۆ ماوەیەکی کورت دەگۆڕیٚ: پێشڤەچوونی ڕۆشنبیری‌و چەلەنگی بازرگانی تەقریبەن دەوەستیٚ، و ئیحتوبارو دەسەڵاتی چینانی فیودالی‌و سوپایی تا ڕادەیەك دەبوژێتەوە. بەلام لە کۆتایی جەنگدا بازرگانی‌و پیشەسازی ڕەونەق‌و برەو پەیدا دەکات، فیودالیزمی سەدەکانی ناڤین کۆتایی دێت، و بورژوازی، جگە لە دەسەڵاتی سیاسی، هەر هەموو ئەو شتانەی کە لە دەستی دابوون، دووبارە بە دەستیان دێنێتەوە. دەسەڵاتی پاشایەتی بیٚ

ئەندازە زیاد دەکات، سەرکەوتنەکانی جاندارک"٥" یەکێتییەکی میللی و نیشتمانپەروەرییەکی بێ وێنە لەگەڵ خۆیدا دێنێ، بەمجۆرە سەدەکانی ناڤین لە فەرەنسادا کۆتایی دێت.

نۆڕینێکی گشتی:

زمانی فەرەنسی راستەوخۆ لە زمانی لاتینییەوە وەرگیراوە، کە لە سەردەمی رومیاندا لەسەر زەمینی گولدا زمانی فەرمی حکومەت، قوتابخانەکان، و ئەوجا کلێسا بووە، ئەم زمانە ئەو لاتینییە کلاسیکەیە کە سیسیرون و سزار بەرهەمەکانی خۆیان پێ نووسیوە، لە نێو سەربازان و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە بەرە بەرە لاتینی عامیانە رەواج پەیدا دەکات کە زمانێکی پچڕ پچڕتر، بێ سەروبەرتر، و لە رووی دەستووررو رێزمانەوە پڕ هەڵە تر بووە، تا وەکو سەدەی پێنجەمی زایینی گۆڕانێکی زۆر بەسەر ئەم زمانە لاتینییە میللییەدا دێت. وێران بوونی قوتابخانەکان و سیستەمی حکومەتی بە دەستی بەربەرەکان دەورێکی زۆر لە برەوپێدانی ئەم زمانە عامیانەیەدا دەبینێ و دەیکات بە زمانی نەتەوەیی، سەرەنجام کلێسا کە یەجگار پابەندی لاتینی کلاسیك بوو بە ناچاری رێگە بە قەشەو کەشیشەکانی دەدات کە لە وەعزو خوتبەکانیاندا لاتینی عامیانە بەکار بێنن.

لە ساڵی ٨٤٢ شارل"٦" کچل و لویسی"٧" جەرمەنی سوێندە بەناوبانگەکەی ستراسبورگ دژی لوتار"٨"-ی برایان دەخۆن لویس سوێندەکەی خۆی بە فەرەنسی دەخوات، کە دەقی ئەو سوێندە بە کۆنترین نموونەی زمانی فەڕەنسی دەزانن. لە سەدەی دەیەمەوە تا چواردەیەم بە دوو دیالێکتی سەرەکی قسان دەکرێ: "دیالێکتی ئوك" لە باشووری روباری لوار، و "دیالێکتی ئوئی" لە باکووری لوار ("ئوك" و "ئوئی" هەردووکیان بە مانای "ئاری" دێن). لە سەدەی چواردەیەم بە دواوە دیالێکتی باکووری زاڵ دەبێ و دەبێت بە باپیری زمانی فەرەنسی ئێستا.

لە سەدەی دەیەمدا، چوار بەرهەمی کورت"٩" بەرهەم دێت، کە پتر لە باری زمانەوانییەوە بایەخدارن، بە هەر حاڵ مێژووی ئەدەبیاتی فەرەنسا لە سەدەی یازدەیەمەوە دەست پێدەکات.

ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کە بەر لە ساڵی ١٤٨٠ نووسراون دەکرێن بە سێ گرووپی سەرەکییەوە: ئەدەبیاتی کلێساو دێران، ئەدەبیاتی کۆشك و دەرباران، و ئەدەبیاتی شاری.

لە سەدەی یازدەیەمدا سێ جۆرە نووسینی ئەدەبی دەسەڵاتی کلێساو فیودالیزم بەرجەستە دەکەن: ژیاننامەی قەدیسان، بەرهەمی مەزەبی لاتینی تازە، و بەیتەکانی شانسون دوژست (هەندێ شیعرن لەمەڕ کاری گەورەی قارەمانان. بڕوانە دێرەکانی داهاتوو).

هەم زۆری چەندێتی و هەم چۆنیەتی بەرزی بەیتەکانی شانسون دوژست، واتا ئەو رۆمانسە شیعری و هۆزانە لیریکیانەی کە لە ماوەی سەدەی دوازدەیەمدا دەنووسرێن، رەخنەگرانی وەخت والێدەکەن کە ئەم سەردەمە ناوبنەن سەردەمی زێڕینی ئەدەبیاتی فەڕەنسا لە سەدەکانی ناڤیندا. شیعری ئەم قۆناغە لە چاو شیعری سەدەکانی پێشووتردا رازاوەیی، پوختەیی، و هوشیاری کۆمەڵایەتی زیاتری تیایە.

ئەدەبیاتی سەدەی سیانزەیەم لە رووی رۆمانسی بە پەخشان نووسراو، شانۆنامە، تەنز، شیعری لیریکیو حیکایەتی رەمزمی مایەی سەرنجە. زۆربەی بەرهەمی ئەم سەدەیە نیشانەی گەشەکردنی بورژوازییە. ئەم بەرهەمانە کەڵکەڵەی ئەقڵگەرایی"١٠"، واقیعگەرایی و رەشبینی نیشان دەدەن.

ئەدەبیاتی سەدەکانی چواردەیەمو پانزەیەم کاریگەری موسیبەت باری جەنگەکانی سەد ساڵە دەگێڕێتەوە. لەم قۆناغەدا هیچ دەلیڤەیەك بۆ ئەفراندنی بەرهەمی فانتازی لە ئارادا نییە. چەند چیرۆکێکی شیعری، چەند واریقاتنامەیەکی پەخشانی و چەند قەسیدەو هۆنراوەیەکی لیریکی دەنووسرێن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەم سەدانە لە رووی ئەدەبییەوە بە نەزۆك دەزانرێن.

ئەدەبیاتی کڵێساو دێران

کڵێسا وەکو بەهێزترین فاکتەری یەکێتیو مەدەنیەتی سەدەکانی ناڤین، کارێکی قووڵو سەیر بەسەر ئەدەبیاتی کۆنی فەرەنسیدا بەجێ دێڵێ. بۆ ماوەی چەند سەدەیەك هەر هەموو مەتنو دەقە فەلسەفیو پەیڤەوانییەکانی فەرەنسا بە لاتینی تازە دەنووسرێن، چونکە تەنیا ئەهلی کڵێسا دڵبەندو پابەندی ئەم جۆرە پەخشانە بوون، ئەمە جگە لەوەی بۆ ماوەی ساڵانێکی دوورو درێژ وا وێنا دەکرا کەزمانی فەرەنسی بۆ دەربڕینی هزرێن تەجریدی نەگونجاوە. ژیاننامەی روحانیانو پەرجووەکانی مریەمی موقەدەس–ش بە هەردووك زمانی لاتینی تازەو فەرەنسەوی دەنووسران. کڵێسا بە مەبەستی فێرکردنی پرەنسیپەکانی ئەخلاق سوودی لە تەنزو حیکایەتان (بە تایبەتی ئەو چیرۆكو حیکایەتانەی بە زمانی گیانلەبەرانو بەردانەوە دەگوتران) وەردەگرت. ئەوە بوو لە ئەنجامدا نمایشی سروتێن خواپەرستی لە کڵێساوە دەستی پێکرد، بەڵام زۆر زوو لە بازنەی کڵێسا دەرباز بوو و قاڵبو شێوەی نمایش و شانۆنامەی نە مەزەبی وەرگرت.

ئەدەبیاتی کۆشكو دەرباران

دەکرێ ئەو بەرهەمانەی کە بۆ نەجیم زادەو فیودالان دەنووسران بکرێن بە دوو بەشەوە، ئەدەبیاتی فیودالیزم (پتر لە سەدەکانی یانزەیەمو دوانزەیەم)و ئەدەبیاتی سوارچاکی (بە تایبەتی لە نێوان ساڵانی ١١٥٠و ١٣٠٠).

١– <u>ئەدەبیاتی فیودالیزم:</u>

<u>شانسون دوژست.</u>

دابو نەریتو رێو رەسمان، ئارمانج و ئایدیالان، و روحیاتی خەڵکی، لە رۆژگارانی هەوەڵی فیوداڵیزمی فەرەنسییەوە، لە نەوەدو پێنج بەیتی مەلحەمی ناسراو بە شانسون دوژست (واتە گۆرانی شاکاران) ماوەتەوە، ئەم بەیتانە بریتین لە سەربهوردی ئەو قارەمانانەی کە لە سەدەکانی هەشتەمو نۆیەمدا دەژیان، بەڵام هاماجی رۆژگارانی فیودالیزم و، شەڕێن خاچپەرستی سێبەری بە سەر ژیانی هەموویاندا کێشا بوو . ئەم شانسون–انە

نیمچە مێژوون، و بە زۆری کاروکردەوەی دوو یان چەند کەسایەتییەکی واقیعی دەدرێتە پاڵ یەك قارەمان، ئەم بەیتانە جەخت لەسەر هێزو توانای بەدەنی، ئازایەتی، سەبرو وەفاداری دەرهەق بە خاوەنی هەمووان و خودا دەکەنەوە.

سەرچاوەی بەیتەکانی شانسون دوژست نادیارە رەنگە لەو بەیتە مەلحەمیانەوە هاتبن کە ماوەی دوو سەد، یا سێ سەدساڵێك دەماو دەمیان دەکرد. یا لەوەیە یەکێك لە ئەربابانی کڵێسا لە سەدەکانی ناڤیندا کە ئارەزوومەندی راکێشانی رێبواران بووە بۆ زیارەتگەو مەزارەکان، بە پشکنینی سەرچاوە نووسراوەکان و گوێ گرتن لە ژونگورەکان (نمایشکارانی پیشەیی گەڕۆك) ویستبێتی هەندێ بابەت دەربارەی قارەمانێك کە کارە بەرجەستەکانی یان شاکارەکانی بە شێوەیەك لە شێوەکان بەو مەزارو زیارەتگەیەوە پەیوەست بووبێ، کۆبکاتەوە، و ئەوسا شانسونێك-ی دەربارەی ئەو قارەمانە دانابێ.

زۆربەی شانسون-کان لە قاڵبی بەیتێن دە سیلابی و دەبڕگەییدا داڕێژراون، هەندێکیانیش دێری دوانزە برگەییان هەیە، لە شانسون-ە کۆنەکاندا سیلابە هاودەنگ و سەداکانی کۆتایی، بەیتەکان پێکەوە دەبەستنەوە، پاشان، قافیە جێگەی بڕگە هاودەنگ و سەداکان دەگرێتەوە، هەرچەندە هەر بەیتێك یەك بەند لە خۆ دەگرێت، و ژمارەی بەیتەکانی کەم و زیاد دەبێ، هەموو بەیتەکانی هەر بەندێکیش بڕگەی هاوسەدا یان قافیەی یەکسانی هەیە.

نێوەڕۆکی هەموو بەیتەکانی شانسون دوژست بەکاروباری فەرەنساوە پەیوەستە- ئەو چیرۆك و سەربهوردانەن کە باسی شارلمانی، فەرزەندانی وی، و فیوداڵی فەرەنسە دەکەن، لە شانسون-ەکاندا سێ قۆناغی سەرەکی بەرچاو دەکەوێ، قۆناغی شارلمانی، قۆناغی گیوم دورانژ، و قۆناغی دومایانس.

<u>قۆناغی شارلمانی (کارەکانی پاشا):</u>

لەم قۆناغەدا هەموو ئەو بەیتانە دێن کە شارلمانی ڕۆڵ تیایاندا هەیە، چەند ڕۆڵێکی لاوەکیش بێ.

<u>"سرودی رولان" (شانسون دو رولان) (دەوروبەری ١١٠٠)</u>

کۆنترین و باشترین مەلحەمەی فەرەنسییەو بریتیە لە ٤٠٠٢ چوار هەزارو دوو بەیتی دە سیلابی و هاوسەدا.

دانەرەکەی نادیارە، لەوەیە تورولدوس ناوێك بێ، کە لە کۆتایی نوسخە دەستنووسەکەی ئوکسفوردا ناوی هاتووە، بەڵام ئەگەری بەهێز ئەوەیە کە تورولووس تەنیا نووسەرێك بووە و نوسخەکەی نووسیوەتەوە. زەمینەی مێژوویی بەیتەکە زۆر کەمە بە گوێرەی واریقاتنامەیەکی ئاینهارد-ی رەبەن، لە ساڵی ٧٧٨دا دەستەیەك لە باسکەکان "١٢" رێگەی پشتەوەی لەشکری شارلمانی لەملەی پیرنە دەبڕن و هرودلاندوس-ی خواناس دەکوژرێ، لەم چەکەرە بچووکەوە، ئەو درەختە گەورەیە سەر دەردێنێ کە بە زۆری مەلحەمەو داستانی نەتەوەیی (فەرەنسای ئازیز)ی پێ دەگوترێ، لەشکرکێشییەکی سوکەڵە بۆ سەر باسکەکان تەشەنە دەکات و دەبێ بەشەڕێکی پیرۆز لەگەڵ ساراسنە"١٣"کانی (عەرەبەکان)ی

ئەسپانیاداو ئیدی هەردوو لاندوسی گومناو، ناوی رولان-ی برازای ئازیزی شارلمانیو دلاوەری نموونەیی فەرەنسا وەرگرتووە.

چیرۆکی "سرودی رولان" بەمجۆرەیە: شارلمانی پاش حەوت ساڵ شەڕ دەگەڵ ساراسنەکاندا لە ئەسپانیا، هەموو شارەکان دەگرێ جگە لە ساراگوسا"١٤" کە بە دەستی مارسیل-ی فەرمانڕەوای موسوڵمانەکانەوە دەبێ. مارسیل داوای ئاشتیو مەسڵەحەت دەکات، و شارلمانی گانیلوی زڕبابی رۆلان بۆ گفتوگۆ دەربارەی هەلومەرجەکانی ئاشتیو سولح دەنێرێ.

گانیلو کە بەغیلی بە رۆلان دەبات دەکەوێتە بیری خیانەتو بەهاوکاری مارسیل، پیلانی هێرش بۆ سەر پاشینەی لەشکرەکە بە فەرماندەیی رولان دەکێشێت، ئەم پیلانە سەر دەگرێو پاشینەی لەشکرەکە نابوت دەبێ، بەلام رۆڵانو هێزەکەی رۆلان پێش ئەمە بیست هەزار کەس لە ساراسنەکان دەکوژن.

رۆلان بە چەند ساتێك بەر لە مردن فوو بە شەیپوردا دەکات، سەربازانی شارلمانی بە هانایەوە دەچن و پاشماوەی ساراسنەکان لەناو دەبەن، لەگەڵ ئەمەشدا لەشکرێکی دیکەی موسوڵمان دەکەوێتە بەرگریو بەرەڤانی لە ساراگوساو فەرەنسییەکان ناچار دەبن بچنە شەڕەوە. شارلمانی بۆ ئیکس لاشاپل"١٥" دەگەڕێتەوەو بە تاوانی خیانەت گانیلو لە سێدارە دەدات، ئەود-ی دەزگیرانی رۆلان، کە هەواڵی مردنی دەزگیرانەکەی دەژنەفێ لە داخو سوێیاندا دەمرێت.

ئەوەی ئاسیوی فرە لەم بەیتە دەدا موبالەغەکاری، شەرحی تاقەتبەری وردەشتان و دووبارەکردنەوەیە لەگەڵ کاراکتەرسازی ناپوختەو نەخەملیو: هەر کاراکتەرێك یا بەباشی موتڵەق یا خراپی موتڵەق وێنە دەگیرێ، بەلام وێڕای ئەمەیش سرووودی رۆلان گوزارشتێکی دڵگیری نیشتمانپەروەریی فەرەنسەوی و گیانی مەسیحیەتی خەباتگێڕە.

<u>چوونی شارلمانی بۆ بەیتول مەقدیس (دەوروبەری ١١١٥):</u>

بەیتێکە لە قاڵبی دێڕی دوانزە هیجاییدا هۆنراوەتەوە و وادیارە دەربارەی شەرحو شرۆڤەی کارو توحفە موبارەکەکانی قەشەدنی"١٦" هۆنراوەتەوە. کاتێ کە هاوسەرەکەی شارلمانی بە دەم قسەکردنەوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هیو-ی ئیمپراتۆری قەستەنتەنیە، لە مێردەکەی ئەو بالا بەرزترو جوانترە، شارلمانی بۆ بەیتول مەقدس دەڕوات، لەو شارەدا کۆمەڵێك توحفەو کۆنینەی موفەڕك بە دەست دێنێو ئەوجا بۆ قەستەنتەنیە دەڕوات، لەوێندەر پاش ئەوەی هەندێ کاری سەیر لە سایەی بەرەکەتی ئەو توحفانەدا ئەنجام دەدرێ، شارلمانی بالای خۆی بە بالای هیو دەگرێو بۆی دەردەکەوێ کە پێیەك لە هیو بەرزترە، ئیدی بە پەلە بۆ فەرەنسا دەگەڕێتەوەو هاوسەرەکەی دەبەخشێتو یادگارەکان پێشکەش بە دێر-ی قەشەدنی دەکات. ئەم بەیتە تەژی نوکتەو حەنەكو پێکەنینۆکە، و لە راستیدا زیاتر مایەی سەرگەرمییە تا ئیلهامبەخش.

هویون دو بوردو (دەوروبەری ١٢٠٠):

بە ئیلهامی رۆمانسە پڕ رووداوەکان نووسراوە. هویون-ی کوڕی دۆقی بوردو، بە مەبەستی بەرەڤانی لە خۆی، شارلوت-ی کوڕی شارلمانی دەکوژێت، و مەحکوم بە ئەنجامدانی زنجیرە کارێکی بە رواڵەت مەحاڵ دەبێ، بەڵام ئوبرون"١٧"ی شەمولە بە هانایەوە دەچێ.

قۆناغی گیوم دورانژ:

ئەم قۆناغە ئەو سەربهوردو چیرۆکانە دەگرێتەوە کە دەربارەی گیوم دوانژ-ی پشتیوانی لویس-ی کوڕە بودەڵەو ترسنۆکەکەی شارلمانییە. گیوم بە قارەمانی بەهێزی مەسیحی-ش دەژمێردرێ کە بەرانبەر بە ساراسنەکان رادەبێ.

جوانترین سروودو هۆنراوانی ئەم قۆناغە بریتین لە:

سروودی گیوم (١١٢٠)، ئالیسکانسو تاج لەسەر نانی لویس (١١٥٠). ئەم قۆناغە لە قۆناغی شارلمانی یەکگرتوو ترو پوختەترە.

قۆناغی دون دومایانس:

ئەم قۆناغە دەربارەی ئەو پێشکارە سەرکێشانەیە کە دژی ئەربابانی گەورەو بەتایبەتی شارلمانی شۆڕش دەکەن. زۆربەی شیعری ئەم قۆناغە پڕە لە توندوتیژیو بێ رەحمیو هۆڤیگەرێتی.

٢- ئەدەبیاتی سوارچاکی و دلاوەری:

رۆمانس:

رۆمانسە کۆنەکانی فەرەنسا، وەکو شانسون دوژست، چیرۆکی شاعیرانەن، لەگەڵ ئەمەشدا، جیاوازی ئاشکرا لە نێوان ئەم دوو جۆرە بەیتانەدا هەیە:

١- رۆمانس، بە پێچەوانەی بەیتەکانی شانسون دوژست-ەوە هیچ زەمینەیەکی مێژوویی نییە.

٢- رۆمانسەکان، زۆر هونەرمەندانەترو پوختەتر نووسراون.

٣- رۆمانس، پتر لە ئەڤین دەدوێ.

٤- رۆمانس، زیاتر سەروساختی دەگەڵ خەیاڵ، موعجیزەو کاری سەیرو سەمەرەدایە تا لەگەڵ فتوحاتدا کە لە تواناو شەهامەتەوە سەرچاوە دەگرێ.

رۆمانس بەسەر سێ قۆناغی سەرەکیدا دابەش دەبێ: رۆمانسانی کۆن، کە ناوەرۆکیان لە بابەتەکانی مێژووی رومەوە سەرچاوە دەگرێ. رۆمانسانی برتن"١٨"، کە بابەتی چیرۆکە سەرەکییەکانی لە نێوەرۆکە برتانییەکانەوە وەردەگیرێ.

رۆمانسانی سەرکێشی.

رۆمانسێن کۆن:

"چیرۆکی ئەسکەندەر": وا دیارە لە دەوروبەری ساڵی ١١٤٧دا لەلایەن لامبرلوتور-ەوە دەستی پێکراوەو لە ساڵی ٢٢٧٦دا لەلایەن ئەلکساندەر دوبرنە-ەوە تەاو کراوە. ئەم بەیتە کە لە قاڵبی بەیتی دوانزە هیجاییدا داڕێژراوە، ژیاننامەیەکی خەیاڵی ئەسکەندەری گەورە نیشان دەدات.

"چیروکی تب" (دەوروبەری ١١٥٠):

دانەرەکەی نا دیارە، ئەفسانەی تب-ی کۆن دەگێڕێتەوە.

"چیرۆکی ئاینیاس" (دەوروبەری ١١٥٥):

دانەرەکەی نادیارە، زیاتر چیرۆکی ئانیئید-ی ڤیرجیل دەگێڕێتەوە.

"چیرۆکی تروادە" (دەوروبەری ١١٦٥):

بەرهەمی (بنوا دوسنت- مور)ەوە، بەیتێکی سی هەزار دێڕییە کە لە قاڵبی بەیتی هەشت بڕگەیی قافیەداردا هۆنراوەتەوە. نووسینەکانی هۆمەر و بەرهەمەکانی دارس فریگیایی"٢٠"و دیکتس کرتی"٢١" لە جوملەی ئەو سەرچاوانە بوون کە بنو بۆ دانانی ئەم بەرهەمە سوودی لێ وەرگرتوون.

ئەم بەیتە وێڕای درێژدادڕیو دووبارە کردنەوەو کاوێژکردنەوە، بایەخێکی زۆری هەیە چونکە بۆ یەکەمین جارە ئەفسانەی ترویلوس‌و کرسیدا"٢٢" دەگێڕێتەوەو دەبێ بە زەمینەی چیرۆکی نووسەرانی وەکو بوکاچو، چاسر، شەکسپیر، درایدن، مورلی‌و زۆری دیکە.

رۆمانسێن برتن:

دڵبەندی نورماندیان بە ئەفسانانی سیڵتی، و دڵبەندی پرووانسال بە ئەڤینی دەرباریو سوارچاکی، دەبێتە ئیلهامبەخشی ئەو چیرۆکە رۆمانسیانەی دەربارەی ئارتوشاو دلاوەرەکانی، تریسترام‌و ئیسولت، و جامی پیرۆز دێنە نووسین، ئەم سێ رەگەز یان بابەتە (کە لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندییەکیان پێکەوە نییە) لە ئەنجامدا چەند بەشێك لە یەك قۆناغ پێك دەهێنن. مێژووی شاهانی بریتانیا-ی بەرهەمی جفری ئاومان موث (کە بە لاتینییە ١١٤٧)و رۆمانسی بروتوس (دانانی واس ١١٥٥) دوو سەرچاوەی تۆمارکراوی گرنگی رۆمانسێن ئارتوری فەرەنسەوین.

لێرەدا لەوە پتر دەرفەتی باسکردنی رۆمانسێن برتن نییە، تەنیا ئەوەندە دەکرێت ئاماژەیەکی خێرا بۆ کاریگەری قوڵو برەوو رەواجی بابەتێن بریتانیایی بکرێت، چاسر، مالوری، سپنسر، درایدن، تنی سین، سوین برن، واگنر، جوزیف بدیە، لوول، و ئی ئەی

رۆبینسن، تەنیا هەندێکن لەو کەسانەی کە ئیلهامیان لە ئەفسانانی تریسترام‌و سوارچاکانی دیکەی ئارتوری وەرگرتووە.

تریسترام و ئیسولت"٢٣":

باث برول (١١٥٠)و توماس برتانی (١١٧٠)، شاعیرانی نورمانی ئینگلیستان، چیرۆکی ئەشقی تریسترام و ئیسولت دەگێڕنەوە، کە تەنیا هەندێ کۆپلەو بەشی ئەم بەیتانە ماوەتەوە ئەم ئەفسانەیە لە رادەبەدەر شۆرەت‌و نێوبانگ پەیدا دەکات، و لە سەرانسەری ئەورووپادا بەشێوەی جیاواز دێتە گێڕانەوەو دەکەوێتە سەرزاران، بە نێوبانگترین ریوایەت‌و گێڕانەوەی ئەم ئەفسانەیە بەمجۆرەیە:

تریسترام لەلایەن مامییەوە، واتە لەلایەن مارك–ی پاشای کورنوال–ەوە رادەسپێردرێت کە بچێ بۆ ئیرلەنداو خوازبێنی شازادەخانم ئیسولت–ی بۆ بکات. ئیسولت‌و تریسترام لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ کورنوال، شەربەتێکی ئەفسوناوی دەخۆنەوەو گیرۆدەی ئەڤینی یەکدی دەبن. مارك بە سەربووڕەکە دەزانێ و دەمو دەست بۆ تاراوگە یان دەنێرێ، بەڵام دواتر ئیسولت دەبەخشێت. تریسترام دەچێ بۆ ئارموریکا، لە برتانی‌و لەوێندەر لەگەڵ ئیسولت–ێکی دیکەدا زەماوەند دەکات. لە ئەنجامدا تریسترام کە بە سەختی بریندار بووە پەیامێك بۆ ئیسولت–ی کورنوالْ دەنێرێ‌و داوا لە قاسیدەکە دەکات لە گاڤی گەڕانەوەدا، ئەگەر سەرکەتوو بێ، چارۆکەی سپی هەڵبدات، ئیسولت چاو لە هەموو شتێ دەپۆشێت‌و بەرەو ئارموریکا وەڕێ دەکەوێ، بەڵام ئیسولت–ی برتانی هەواڵ بە مێردەکەی دەدات کە کەشتیەك بە چارۆکەی رەشەوە دێ‌و نزیك دەبێتەوە. تریسترام – دڵشکاو، لە داخ‌و کەسەردا دەمرێت، و ئیسولت–ی کورنوال–ش کە هەواڵی مردنی دڵدارەکەی دەژنەوێ دەمرێت.

جامی مقەدەس:

ئەفسانەیەکی دیکە کە زۆر رەواج پەیدا دەکاو دەچێتە ریزی ئەفسانانی ئارتوری، چیرۆکی جامی مقەدەسە (ئەو قاپەی کە حەزرەتی عیسا لە عیشای رەبانیدا نانی تیا دەخوات، یا ئەو جامەی شەرابی تیا دەخواتەوە). واباوە کە قەشە یوسف–ی رامەیی"٢٤" دەیبات بۆ بریتانیا، بەڵام پاشان ون دەبێ. ئەم جامە بایەخێکی رازئامێز پەیدا دەکات، و منە کردنی جامەکە لەلایەن سوارچاکان‌و جوامێرانی ئەفسانەییەوە بەجۆرە جیهادو کۆششێك دەژمێردرێ، لە ئەفسانە کۆنترەکاندا پرسیوال قارەمانی ئەم چیرۆکەیە، لە ئەفسانەکانی دواتردا (تازەتر) گەلهەد"٢٥" جێی پرسیوال دەگرێتەوە.

ماری دوفرانس: (١١٤٧– ١١٨٩)

ئەم ئافرەتە شاعیرو حیکایەتخوانێکی نورماندییە کە ساڵانێکی زۆری تەمەنی خۆی لە دەرباری هنری دووەم–ی پاشای ئینگلیستاندا بەسەر دەبات، ماری بە چیرۆکانی شیعری

كـورت بــه ناوبانگــه ، و ســادەیی، روونــی، هەڵچــوون، ســۆزو ســۆزداری، دەركــی قــوڵی خۆشەویستی مرۆڤانی، لـه تایبەتمەندییەكانی چیرۆكە شیعرییەكانی مارییە كە ژمارەیان دەگاتە پانزە دانە. بەناوبانگترین بەیتی وی بریتییە لە:

١- لانڤال، چیرۆكی سوارچاكێكە كە پەریزادەیەك حەزی لێدەكات، بەڵام سوارچاكەكە رازی ئەم ئەڤینە ئاشكرا دەكات، و پەریزادەكە وازی لێدێنێ.

٢- فرسنە، حیكایەتێكە دەربارەی ژنیكی بەسەبر.

٣- لاولاو، گۆشەیەكە لەسەر بهوردی ئەڤینی تریسترامو ئیسولت، كە تریسترام پەیامێكی رەمزی لەسەر تەڕكەی فندق(درەختێكە، وەرگێڕ) بۆ ئیسولتی خۆشویستی دەنێرێ.

٤- دوو دڵدار، چیرۆكێكی پڕ هەستو سۆزە دەربارەی كوڕێكی گەنج كە لە پێناوی گەیشتن بە كیژە شایەكی خشكۆك دا گیانی خۆی لە دەست دەدات.

مـاری، جگـه لـەو بەرهەمانـە سـەدو سـێ فـابیلی"٢٦" لـه ژێـر سـەرناوی زوپـەدا لـه پـاش بەجێماوە.

<u>كرتین دوتروا (١١٣٠- ١١٨٠ز):</u>

گـەورەترین چیرۆكنووسـی فەرەنسـییە لـە سـەدەكانی ناڤینـدا و یەكـەمین نووسـەرە كـە ئەفسانانی ئارتوری لە یەك زنجیرە دا رێك دەخات. و بۆ یەكەمجار ئەڤینی لانسلو دەرهەق بە مەلیكە گوینڤیر دێنێتـە نـاو ئـەدەبیاتی نووسـراوەوە، كرتین بـۆ سـاڵانێكی زۆر لەلایـەن مـاری كنـتس شـامپانییەوە پشـتیوانی دەكرێـت، كـرتین حیكایـەتخوان و دەروونناسـێكی كارامـەو بـەهرەدارە كـە شـێوازێكی سـادەو دڵگیری هەیـە، كـرتین پێـنج بـەیتی شـیعری لـە پـاش بـە جێماوە: ئیرك، لانسلو، كلیجە، یڤین، و پرسیوال.

روبردو بورو (١١٧٠- ١٢١٢):

جێگری كرتین-ە، یەكێك لە بەرهەمە هەرە بەناوبانگەكانی بەیتێكی سێ بەشی ئارتوری-یە (١٢١٠)، لە سێ چیرۆك پێكهاتووە:

١- یوسف-ی رامەیی یا جامی مقەدەسی گەورە، كە چیرۆكی كۆنی جامەكە دەگێڕێتەوە.

٢- میرلین، كاراكتەرە سەرەكییەكەی سیحر بازێكە.

٣- پرسیوال، كە دۆزینەوەی جامەكەو كۆتایی جیهانی ئەفسانەیی ئارتوری دەگێڕێتەوە.

رۆمانسێن سەركێشی:

ئـەو بەیتـە بـە رەگـەز رۆژهـەڵاتی و چیرۆكە كورتانـە (ئەسـتەمە بتـوانرێ نـاوی رۆمانسـی، بـە مانای وردی وشە، لێبنرێ) دەگرێتەوە كەتیمەو ناوەڕۆكیان لە دەڤەرو وڵاتـانی رۆژئاواییـەوە وەرگیراوەو دەچنە ریزی رۆمانسانی سەركێشییەوە. ئەم رۆمانسانە بە ئیلهامی بەیتـەكانی شانسون دوژست-ی سەدەكانی دوازدە تا پانزدەیەم نووسراون.

تایبەتمەندی سەرەکی ئەم رۆمانسانە لایەنی رۆمانتیکی زۆر بە هێز، و پڕن لە رووداوانی نا ئاسایی و سەیر، و ئەڤینداری ئاگرین و سوارچاکی و جوامێری.

"فلوروبلانشفلور" (سەدەی دوانزەیەم):

ناوەرۆکی ئەم بەیتە بریتییە لە واریقاتی ئەڤینداری نێوان دوو دڵدار: فلور، کیژە مەسیحیەك بە نێوی بلانشفلور، لە یەخسیری لە بابیل رزگار دەکات، جووتە ئاشق بۆ ئەسپانیا دەگەڕێنەوە، فلور لەبەر خاتری بلانشفلور دەبێ بە مەسیحی و واریقاتەکە کۆتایی دێت.

"ئوکاسن و نیکولت" (سەدەی دوانزەیەم):

چیرۆکێکی ئەڤینداری سەدەکانی ناڤینە کە لە رووی پێکهاتەی پەخشانی و شیعرییەوە بێ هاوتایە. ئەم چیرۆکە خەیاڵییەو بونیادێکی سست و لاوازی هەیە. رووداوەکان دوا بەدوای یەکدی دێن بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی لۆجیکی پێکیانەوە ببەستێ، بەلام لە رووی دەربڕین و نیشاندانی ئەڤینێکی رۆمانتیکییەوە کەم چیرۆك بە پێیا دەگات. قارەمانی چیرۆکەکە لە پێناوی ئەڤیندا هەموو شتێك فیدا دەکات، و نیکولت، بە پەیڕەوی داب و نەریتی ئەڤینی دەرباری، بە حوسن و رەزا تەسلیمی ئەو دەبێت، ناوەڕۆکی چیرۆکەکە دێتە دەربڕین: کونت گارن دوبیوکر کەپێی وایە نیکولت لە چینی هەژارانە نایەڵێ ئوکاسن-ی کوڕی بیخوازێ، بۆیە جووتە دڵدار بە ناچاری رێگەی رەڤین دەگرنە بەرو رووبەڕووی زۆر رووداوی باوەڕ نەکردەنی دەبنەوە. سەرەنجام کونت گارن دەمرێت، ئوکاسن پەی بەوە دەبات کە نیکلولت کیژە پاشایە و زەماوەندی دەگەڵ دا دەکات.

واریقاتنامەکان:

مێژووی رەسەنی فەرەنسا تا نیوەی دووەمی سەدەی دوازدەیەم بە زمانی خۆماڵی نەنووسراوە. هەندێ رووداوێن ناوچەیی و نەتەوەیی لەلایەن کەسانی ئەهلی کلێساوە بە لاتینی بۆ توێژەرانی زانستی دەنووسرێنەوە، بەلام جەماوەری خەڵکی فەرەنسا هیچ سەرچاوەیەکیان لەبەر دەستدا نەبووە، تەنیا ئەو رووداوو واریقاتانە نەبێ کە بەشێوەیەکی پەراگەندە لە بەیتەکانی شانسون دوژستدا ئاماژەیان بۆ کراوە. بە هەر حاڵ لە ساڵی ١١٥٠ بە دواوە، واریقاتنووسان و مێژوونووسان هەندێ بەرهەم بە شیعرو پەخشان دادەنەن کە ژمارەیان زیاد دەکات.

واریقاتنامە شیعرییەکان:

واس (١١١٩- ١١٧٥):

بەناوبانگترین شاعیری واری واریقاتی شیعرییە، لە ساڵی ١١٧٠دا رۆمانسی بروتوس، یان سەرکەوتنی برتونەکان-ی لە قاڵبی شیعری هەشت هیجاییدا هۆنییەوە کە باسی رەگو رەچەڵەكو مێژووی برتونەکان دەکات.
بەرهەمێکی دیکەی رۆمانس-ی رو، یان سەرکەوتنی نورمانەکانە (کەی تەواو نەبوو بوو بنوا دوسنت- مور تەواوی کرد) کە مێژووی کۆنی نورمانەکانو نورمانانی ئینگلیستان دەگێڕێتەوە، ئەم بەرهەمە لە راستیدا وەرگێڕانێکی ئازادی (مێژووی شاهانی بریتانیا)ی ، جفری ئاومان موث-.

واریقاتنامە پەخشانیەکان:

ژوفروادو ویلا رودوین (١١٥٠- ١٢١٨) یەکەمین نووسەری دیارو بەرجەستەی مێژووی بە پەخشان نووسراوی فەرەنسایە. لە کتێبە بەناوبانگەکەی خۆیدا (فەتحی قەستەنتەنیە)دا باس دەکات کە چۆن چوارەمین جەنگی چەلیپایی لە ئارمانجو مەبەستی سەرەکی خۆی، واتە گرتنی بەیتول مەقدس، دوور دەکەوێتەوەو شێوەی لەشکرکێشی بۆ سەر قەستەنتەنیە وەردەگرێت، گرینگی ئەم واریقاتنامەیە پتر لە شێوازە پەخشانیە روونو لۆجیکیو رەوانەکەیدایە کە بە سەر مەشقی پەخشانی نوێی فەرەنسی دەژمێردرێ.ویلاردوین، لە نیشاندانی مێژووەکانو شرۆڤەی مێژوویی رووداوەکاندا وردو جێگەی متمانەیە، بەڵام لە تەفسیرو راڤەی هۆکارەکاندا ئەوەندە سەرکەتوو نییە.

جان دو جوینڤیل (١٢٢٤- ١٣١٧):

مێژوونووسی فەرەنسیو شیرەتکاری سن ملویس-ە. لە ساڵی ١٣٠٤دا ژیاننامەی سن لویس دەنووسێت کە گێڕانەوەیەکی بێ سەرو بەرو تەژی پڕوپاگەندەو بانگەشەی بێ بنجو بناوان-ە، بەڵام لەبەر ئەوەی وێنەیەکی زندووی ژیانە لە فەرەنسای سەدەی سیانزەیەمدا، سەرچاوەیەکی بەنرخە، لەم ژیاننامەیەدا هەندێ جاریش هەندێ چمکی ژیانی نووسەریش، بە تایبەتی لە بەرانبەر سن لویسدا دێتە دەربڕینو وێنەگرتن.

جان فرواسار (١٣٣٣- ١٤١٠):

گەورەترین واریقاتنووسی فەرەنسییە لە سەدەکانی ناڤیندا، لە دەوروبەی ساڵی ١٤٠٥دا کتێبە چوار بەرگییەکەی خۆی (واریقاتنامان) تەاو دەکات کە بریتییە لە مێژوو و واریقاتی فەرەنسا، ئینگلیستان، ئەسپانیا، برتانی، گاسکونی"٢٨"، فلاندر"٢٩"، و هەندێ دەڤەری دیکە. وادیارە ئەم واریقاتنامانە بە مەبەستی نیشاندانی فتوحاتە گەورەکانی لەشکریانی فەرەنسەو ئینگلیستان لە ماوەی سەدەی چواردەیەمدا نووسراون، بەڵام لە راستیدا ئەم بەرهەمە مێژووی ئەوروپای رۆژئاوایی لە ساڵی ١٣٢٥ەوە تا ساڵی ١٤٠٠ز دەگرێتە خۆ.

فرواسار لە دەربڕین و تۆمارکردنی ڕووداوەکاندا بێلایەن نییەو هەندێ جاریش تووشی لادان و هەڵەو خزین دەبێ. هەمیشە لایەنگری فیودالانەو ڕەمەکی خەڵکی بە کەم و نزم دەزانی و ستایشی ژیان و شکۆی دەرباری دەکات. هەروەها بە لەزەتێکی زۆرەوە وەسفی شمشێربازی، جەنگ، دیمەنان، سوارچاکانی زرێپۆش، و خانمانی جوان دەکات، فرواسار جگە لە واریقاتنامەکان کە بە (دوا غەزەلی سوارچاکی) بەناوبانگە، شیعری زۆریشی نووسیوە.

<u>فیلیپ دوکومین (١٤٤٧- ١٥١١):</u>

یەکەمین مێژوونووسی نوێخوازی فەرەنسایە. فیلیپ هزرڤانێکی ڕەخنەگرەو پێی وایە مێژوو دەبێ فەلسەفەیەکی ڕەسەنی هەبێ، هۆکارو سۆنگەو ئەنجامی ڕووداوەکان تاوتوێ دەکا. کتێبە بەنێوبانگەکەی (بیرەوەریان- ١٥٠٠) بریتییە لە مێژوویەکی گشتی و ڕووداوەکانی سالانی ١٤٦٤- ١٤٨٣و ١٤٩٤- ١٤٩٥)ی فەرەنسا لە خۆ دەگرێت.

هۆزانێن لیریکی

<u>هۆزانێن لیریکی کۆنی فەرەنسای باکووری:</u>

لە سەدەی شەشەمدا لە مەجلیسێکی وەعزو ئامۆژگاریدا، گەندەڵی شیعری لیریکی فەرەنسای باکووری، بە هۆی بێهودەیی و سەرچاوەو بناوانی کوفر ئامێزییەوە دەخرێتە بەر ڕەخنەو ناڕەزایی. شیعری لیریکی لە سەدەی شەشەمەوە لە فەرەنسای باکووریدا گەشە دەکات، و بە زۆری بە دەم سەماو ڕەقسەوە بە ئاوازەوە دەگوترێ، لێ ئەم شیعرانە فەوتاون و ژمارەیەکی زۆر کەمیان لێ ماوەتەوە. کۆنترین مێژووی هۆزانێن لیریکی دەگاتەوە سەرەتاکانی سەدەی دوانزەیەم. ئەم شیعرانە دەکرێن بە چوار بەشەوە:

١- گۆرانی کار، ئەو شیعرە نیمچە چیرۆکیانەن کە ژنان بە دەم ڕستن و چنینەوە لەبەر خۆوە بە ئاوازەوە گوتوویانن.

٢- سترانی ژنانی خەمگین، کە سکالاو گازاندەی ژنێکی گەنج لە هاوسەرەکەی دەگێڕێتەوە.

٣- گۆرانی شوانکارەیی، کە ئەشقی سوار چاکێکی لاو دەرهەق بە کیژێکی شوانکارە هەوێنیەتی.

٤- سترانی جەنگی چەلیپایی، کە بە بۆنەی شەڕەکانی چەلیپییەوە گوتراون- جاریٚ سوارچاکێك لە پێناوی عیسادا دەچیٚ بۆ شەڕ، گاڤیٚ سوار چاکێك بەرەو ولاتی پیرۆز دەڕوات و خەمی جودایی مەحبوبە دەگێڕێتەوە، و هەندیٚ جاریش کیژێکی گەنج خەم و نیگەرانی خوی بە هۆی ڕۆیشتنی دلدارەکەیەوە بۆ شەڕەکانی چەلیپی دەردەبڕیٚ.

<u>ترۆبادورەکان و تروڤەرەکان(سەدەکانی ١١-١٣):</u>

کاریگـەری ڕۆشـنبیریو شارسـتانی ڕومیـانو ساراسـنەکان بەسـەر دەڤـەری باشـووری فەرەنسادا (پرووانسال) قوڵترو زیاتر بوو تا لەسەر دەڤەری باکوور. بۆیە کۆمەڵگەی فیـوداڵی لە باشووردا خەملیوتر بوو، و سوارچاکی لە شیعری لیریکیدا ڕەنگی دایەوە. نەنجیم زادەو فیـودالان حـەزیان چـووە سـەر ترۆبادورەکـانو کەسـانێکی زۆر کەوتنـە شـیعر گـوتن. ترۆبادورەکان کە بە شاعیرانی لیریکی دەژمێردرێن، نێوەڕۆکی بنەڕەتی شیعرەکانیان ئەڤینی دەرباری"٣٠" یە. ئەمڕۆ دەتوانرێ ناوی پتر لە چوارسەد شاعیری ترۆبادور، ئەوانـەی کـە لـە ساڵانی ١٠٩٠– ١٢٩٢دا ژیاون ببردرێ کە بەناوبانگترینیان:

گیوم دوپواتیە"٣١"، ژوڤر رودل"٣٢"، برناردوڤانتادور"٣٣"، گیرودوبورنی"٣٤"، و برتـران دوبورن"٣٥" —یان ناوە.

کاریگـەری شـەڕەکانی چـەلیپایی و زەماوەنـدی ئـالیونور دو ئـاکتین لەگـەڵ لویسـی هـەفتەمـدا (١١٣٧) بووە مایەی پەرەسەندنی ڕۆشنبیریی پرووانسال لە فەرەنسای باکوریدا.

لەوێنـدەر شـاعیرانی تروڤـەر، یـان شـایەرانو ئاشـقانی پیشـەیی نێـوەڕۆكو شـێوازی شیعری ترۆباردورەکانیان هەڵبژارد. تروڤەرەکان سادەیی و ناسکی تەبعو تەبیعەتی باکوورییـەکانیان نەبوو، و دابو نەریتی ئەڤینی دەرباری لە شیعری ئەواندا وردترو جدی تر تەجـەلی کـرد، لـە بـەناوبانگترین شـاعیرانی تروڤـەر دەتـوانرێ نـاوی: کـرتین دوتـروا، جـان بـودل"٣٦"، شـاتلن دوکسی"٣٧"، و تیبودوشامپانی"٣٨" ببرێ.

شاعیرانی لیریکی سەدەکانی چواردەیەم و پانزەیەم:

شیعری لیریکی فەرەنسی لە نیوەی دووەمی سەدەکانی ناڤینەوە وەکو سـەدەکانی پێشـووتر پڕە لە سنعەتبازی و تەکەلوف، قاڵبو فۆرمە شیعرییەکانیش زۆر ئاڵۆزترو دژوارتر دەبێ.

گیوم دوماشو (١٣٠٥– ١٣٧٧):

ماشـۆ پـتر بـە تـەکنیك و شـێوازی شیعرەکانی بەناوبانگـە تـا بـە سـۆزو گـودازی خـۆی یـا نـاوەڕۆکی هۆنراوەکـانی. شـانازی بـە ئـاڵۆزیو سـەختی شـیعرو بەیتەکانییـەوە دەکـات. چیرۆكو حیکایەتی ڕەمزی (بەیتی سەرچاوەی ئاشق)ی ماشۆ ئیلهامبەخشی چاسر بـووە لـە دانانی (کتێبی دوشس)دا.

ئوستاش دیشان (١٣٤٠– ١٤٠٧):

شاعیری پتر لە هەشتا هەزار بەیتە شیعرە. جگە لە هۆزانێن غـەزەل، زۆر قەسـیدەو هـۆنراوەی تەنز ئامێزو مێژوویی لە پاش بەجێماوە، زۆربەی شیعرەکانی دیشـان هـۆزانێن ئەفسـانەیی و بەیتی کورتن. ئەویش وەکو ماشو کاریگەری بەسەر چاسرەوە هەبووە.

کریستین دو پیزان (١٣٦٣– ١٤٣١):

ئەم شاعیرە نەجیب زادەیە لە ئیتالیا لە دایك بووەو لە بیست و پێنج ساڵیداو بەسێ منداڵەوە بێوەژن دەکەوێ‌و بۆ بەڕێوەبردنی ژیان‌و بژێوی نووسەری دەکات بە پیشە. بەرهەمی بەناوبانگی کریستین (کتێبی سێ فەزیلەت)ە نامەیەکە دەربارەی ئامۆژگاری‌و پەروەردەی ژنان، کریستین لەم بەرهەمەدا بە توندی رەخنە لە دیدو بۆچوونە تەنزئامێزەکانی جان دومون"٣٩"و ژندژی وی کە لە بەشی دووەمی چیرۆکی گوڵەباخدا دەربڕاوە، دەگرێت، کریستین کۆمەڵێك هۆنراوەی ناسك‌و راستگۆیانەشی گووتوە کە رەنگدانەوەی هەست‌و سۆزی خودی ئەون.

__ئالن شارتیە (١٣٨٥- ١٤٣٣):__
شارتیە کە بە باوکی زمانپاراوی لە زمانی فەرەنسیدا ناسراوە، زۆر هۆزانی پوختەو رەمزی داناوە، شاعیرانی کلاسیکی لاتینی دەناسێت‌و هەوڵدەدات بە فەرەنسییەکانیان بناسێنێت. شارتیە نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆزەو زۆر شیعری گووتوە کە فەرەنسا بۆ ئەوە هاندەدات کە لە ناوەوە خۆی چاك بکات‌و ئینگلیزەکان بۆ ئەوبەری کەناڵی مانش وەدەربنێ.

__شارل دو ئورلیان (١٣٩١- ١٤٦٥):__
باوکی لویسی دوانزیەمەو لە خانەدانانی شاهانی فەرەنسایە، ٢٥ ساڵی تەمەنی لە زیندانانی ئینگلیزەکاندا دەباتە سەرو لەو ماوەیەدا خۆی بە دانانی (کتێبی زیندان)ەوە مژول دەکات. ئەم بەیتە پڕ دەستکردو خاڵی لە هزرو هەستە، بەڵام کەماڵی وەستایی لە تەکنیکدا مامەڵە کردنی دەگەڵ بابەتەکەدا، حاڵەتێکی سادەیی سروشتی بە هۆزانەکانی دەبەخشێت.

ئەدەبیاتی شاری

لەگەڵ داروخانی فیودالیزم‌و رەواج‌و رەونەقی بازرگانی‌و پیشەسازیدا، شارەکان دەوڵەمەند‌و بەهێز دەبن‌و بۆرژوازی (سێیەمین سیستەمی سیاسی تەقلیدی) کەم کەم بایەخی خۆی پەیدا دەکات‌و کاریگەری خۆی لە رووی شارستانی‌و هزرییەوە دەنوێنێ. بەجۆرێ کە لە ناوەندی سەدەی سیانزەیەمدا قەبارەی بەرهەمی ئەدەبیاتی بورژوازی دەگاتە ئاستێکی بەرچاو. ئەم بەرهەمانە قارەمانگەرایی و رۆمانتیزمی ئەدەبیاتی دەربارییان کەمە، و لە بری ئەوە گیانی شادی‌و شۆخییان بەسەرا زاڵەو بە ریشخەن‌و تەنزی ناسکی ئاوێتەیە ، و لە واقیع‌و ئاوەزگەراییەوە هەڵدەقوڵێ.
خەڵکی‌و دام‌و دەزگاو ئەو هزرو بیرانەی کە جاران بە ئایدیالی وەردەگیران و بەڕێزەوە سەیر دەکران، لە ئەدبیاتی بۆرژوازیدا گاڵتەیان پێدەکرێ‌و بابەتی رەخنەن، ژن، کڵێساو سوارچاکیش دەبن بە بابەتی دڵخوازی رەخنەگران.

ژانره گرنگەکانی ئەدەبیاتی بورژوازی بریتین لە: تەنز، شانۆنامە، و هۆزانێن لیریکی، فێرکاریو تەمسیلی(مەجازی).

تەنز

<u>روتبوف (١٢٣٠- ١٢٨٥):</u>

ئاشق و شایەر، قوماربـاز، وادیارە بە تواناترین شاعیری چەرخی خۆی، و گەورە ترین نووسەری فەرەنسی سەدەی سیانزەیەمە، زانیارییەکی زۆر کەم لە بارەیەوە هەیە. لە بورگوندی یا پاریس هاتە دنیاوە، و بە هەژاریو کلۆلی ژیاوە، بەرهەمەکانی دەکرێن بە سێ بەشی دیارەوە:

<u>بەیتێن شەخسیو کۆمیدی:</u>

لەم بەشەدا ئەو شیعرە تەنزئامێزانەی دەربارەی سکاڵای شاعیرە لە بەدبەختی (وەکو دەستکورتی روتبوف) کۆکراوەتەوە. شیعرەکانی دیکە پڕ کینایەترنو تەوس بەریاکاریو هەندێ حوکمی مەزەبی دەکەن، تەنزی ناو ئەم بەیتانە زۆر زندوو و پرشنگدارەو کەمتر بە پێکەنینۆکو شۆخیانی بێ پەروا ئاوێتە دەبێ. هەندێ لە بەیتەکانی ئەم بەشە دەچنە خانەی فابیلاندا دەگیرسێتەوە.

<u>بەیتێن بۆنەیی:</u>

ئەم بەیتانە کە زۆر بەرزترن لەبەیتەکانی بەشی یەکەم(شەخسی و کۆمیدی). لە بەرەڤانیانی شاعیرو لاواندنەوەی گەورە پیاوانەوە سەرچاوە دەگرن. هەندێکیانیش دەربڕی شرۆڤەو راڤەی تەنزئامێزی رووداوەکانی رۆژن.

<u>بەیتێن خواپەرستی:</u>

ئەم بەیتانە ژیانی روحانیان، ئیعترافاتی شەخسیو نمایشی پەڕجووی تیوفیل لە خۆ دەگرن.

<u>فابیلو:</u>

لە فابیلویاندا گیانی شادیو سوعبەتچیاتی بە روونی دیارە. فابیلۆ چیرۆکێکی شیعرییە (عادەتەن بەیتەکانی هەشت هیجایی یان برگەیین) کە زۆربەی بەشەکانی پێکەنیناویو کۆمیدییەو رووداوانی واقیعی یان ئەو رووداوانەی لەگوینە لە ژیاندا روو بدەن، دەگێڕێتەوە. فابیلو بە کینایە گاڵتە بە هەموو توێژەکانی کۆمەڵگە ، بە تایبەتی ژنان، ئەشرافو کەشیشان دەکات. گەلێك لەم چیرۆکانە ناشیرینو تەنانەت بێ پەردەن، و تەژی نێرەنگو فریوی سوعبەتامێزن.

نزیکەی دوو سەد فابیلوی فەرەنسی لەبەر دەستدان کە ژمارەی بەیتەکانیان لە نێوان سی تا سەدان بەیتە، زۆربەی هەرە زۆریان بێ خاوەنن، یا دراونەتە پاڵ نووسەرانێك کە جگە لە ناوەکانیان چ شتێکی تریان لەبەر دەستا نییە، مێژووی هۆندنەوەی ئەم چیرۆکانە بۆ دەوروبەری سالانی ١١٥٠- ١٣٤٠ دەگەڕێتەوە.

زۆر راوبۆچوونی جیاواز دەربارەی بایەخ و گرنگی فابیلویان هاتۆتە دەربڕین. پرۆفیسۆر رایت پێی وایە تاقە باشی ئەم فابیلویانە لەو دیدو بۆچوونە واقیعیانەدایە کە تیایا نادیارە، هەندێ لە رەخنەگرانی دیکە ئەم چیرۆکانە بە وێنەیەکی گاڵتە ئامێزی داب و نەریتی خەڵکی سەدەکانی دوانزەیەم و سیانزەیەم دەزانن.

بە هەر حاڵ جگە لە هەر بایەخێ کە بۆیان تەسەور بکرێ، ئەم چیرۆکانە، زۆر بە قوڵی کاریگەرییان لەسەر بوکاچو، چاسر، مولیر، لافونتین و زۆری دیکە هەبووە.

پزیشکی دێهاتی:

مولیر، لە نووسینی چیرۆکی "پزیشکی ناچاری"دا بووە. ژنێکی دێهاتی کە لە دەستی سزاو تەمێکاری مێردەکەی بێ تاقەت بووە و خەبەر بە دوو پەیکی دەربار دەدات کە هاوسەرەکەی دکتۆرێکی بەناوبانگە، کابرای دێهاتی بۆ دەربار بانگ دەکرێ تا ئێسقانی ماسی لە گەروی شازادە دەربێنێ. رەفتارو ئەتواری سەیرو سەمەرەی کابرای دێهاتی، بە جۆرێ شازادە دەخاتە پێکەنین کە ئێسقانەکە لە گەرووی دەردەپەڕێ، لە دوای ئەم رووداوە، خەڵکی بە مەبەستی چارەسەر لە دەوری کابرای گوندی خڕ دەبنەوە، و ئەو کە خۆی لەو وەزعە دژوارەدا دەبینێ، پێشنیاز دەکات کە تاقە مەرجی ئەو بۆ چارەسەر کردنیان ، سوتاندنی دەغەزارترین نەخۆشە. کە گوێیان لەم مەرجە دەبێ هەموو ڕایدەگەیەنن کە چاك بوونەتەوە.

کەو:

ژنێکی زۆرخۆر هەموو ئەو کەوانە دەخوات کە هاوسەرەکەی بۆ خۆی وەلاوەی ناون، ئیدی پەنا وەبەر یەکێك لەو فێڵە هەمیشەییانە دەبات کە لەم بابەتە چیرۆکانەدا دەخرێتە بەردەم ژنان تووڕەیی مێردەکەی دادەمرکێنێتەوە.

فابیل و تەنزان بە زمانی گیانلەبەرانەوە:

لە سەدەکانی ناڤیندا فابیل بە گونجاوترین چیرۆکی فێرکاری دەژمێردرا، لەم قۆناغەدا فابیلەکانی (چیرۆك) فیدروس"٤٠"، هیزۆپ"٤١"، و ئاڤیانوس"٤٢"، خوێنەری یەجگار زۆریان هەبوو، لە فەرەنسادا بە ئیلهامی فۆلکلۆر و چیرۆکەکانی هیزۆپ، نەقڵ و حیکایەتێکی زۆر دادەنرێ. هەندێ لەم حیکایەتانە زیاتر لایەنی تەنزیان هەبوو تا ئامانجی فێرکاری پەتی.

"حیکایەتی ڕێوی" (ڕۆمانی ڕینارد):

باوترین بەیتی سەدەکانی ناڤینە بەزمانی گیانلەبەرانەوە. ئەم بەرهەمە تەنیا یەك نەقڵ (حیکایەت) نییە، بەڵکو کۆمەڵە حیکایەتێکی چوار، و برتییە لە ٢٥ بەیت، کەلە نووسەرانی جیاواز لە ماوەی سالانێکدا گووتویانن. هەوەڵین بەیتەکان (١١٧٤)، مایەی سەرگەرمی و فەنبازی بوو، تا ژمارەیان زیاتر دەبوو تەنزو تەمسیلی هۆنراوەکان چڕتر دەبوو، بە جۆرێ کە لە دوا بەیتەکاندا، گیانلەبەران وەکو نماینەدەی نموونان (وەکو فرایرەکان"٤٣") یا تاکی تایبەتی بوون، بەیتەکانی قۆناغی یەکەم (ڕناردی کۆن) هەندێ چیرۆکی هەمە جۆر بە زمانی گیانلەبەرانەوە دەگێڕێتەوە وەکو ڕناری ڕێوی، شێری نەجیب، کەڵەشێری پالەوان، و.... هتد، ئەم گیانلەبەرانە توانای بیرکردنەوەو پەیڤینیان هەیە.

قۆناغی دووەم، واتە تاج دانانی ڕنار، ١٢٦٠ز) فیرقەکانی کاتولیکی رومی فرانسیسیانو دومینیکیان بەرتەنز دەدات. قۆناغی سێیەم (ڕناردی نوێ، نوسراوی سالی ١٢٨٨) گیانلەبەران لە ڕاستیدا تەمسیلی سوارچاکانی سەدەکانی ناڤین دەکەن: زرێ لەبەر دەکەن، سواری ئەسپ دەبن، بە چەك شەڕ دەکەنو کاری دیکەی لەم جۆرە، دیارە تەمسیلی زۆر، ئەم حیکایەتانەی لە فۆرمو شەکلێ خستووە، واتە شێوەو قالبی ئەم حیکایەتانەی تەواو شێواندووە. قۆناغی چوارەم (ڕناری حیلەباز، ١٣٣٥) بریتییە لە کۆمەڵە حیکایەتێکی درێژ، کە یەکێك لە نوسخە دەستنووسەکان ٣٢ هەزار بەیتە. ئەم حیکایەتە بەڕواڵەت لاسایی کاریو داشۆرین ئامێزانە باسی دوورودرێژی ئەخلاقییان لەگەڵە. لە هەندێ نوسخەدا فابیلۆو ڕۆمانسانی سەرگەرم کەر لە نێو بەیتەکاندا هەیە، و هەندێ جاریش ئامارژەی پڕ کینایە بۆ مەینەتیەکانی جەماوەری خەڵك دەکرێ.

فوڤل (١٣١٠– ١٣١٤):

جەرڤو دوبو،ی نورمانی ئەم بەیتە مەجازییە دوو بەشییەی بە ئیلهامی (ڕناری نوێ)داناوە. فوڤل ئەسپێکە ناوەکەی لە یەکەمین پیتێن شەش واژەیی فەرەنسی هاو واتای: زمانلوسی، چاوچنۆکی، هەرزەیی، بێکاری، بەغیلی، و ترسنۆکی، پێکدێ: ئەم ئەسپە ڕەمزی هەموو خراپیەکانە، بەتایبەتی درۆ، لە یەکەمین بەشی بەیتەکەدا چینە جیاوازەکان –شاهان، ئەشراف، روحانیان، و تەنانەت پاپاش– بۆ مەرایی ئەسپەکە دەکەونە زمانلوسیو خۆشیرینکردن، لە بەشی دووەمدا پێشنیازی زەماوەندی فوڤل لەگەڵ (ئیقبال)دا ڕەفز دەکرێ، و ئەویش دەگەڵ (خۆپەسندی)دا زەماوەند دەکات و زۆری پێناچێت کە مناڵەکانیان دەبنە مایەی سەریەشەی دنیا، ئەم بەیتە بە پێشبینی سەرەنجامی فوڤلو هەموو خراپیەکانی کۆتایی دێت.

هۆزانێن مەجازیو فێرکاری

خەڵکی سەدەکانی ناڤین لە رادەبەدەر حەزیان لە مەجاز بووە، لەم سەردەمەدا جگە لە چیرۆکی گیانلەبەران، زۆر بەیتیش (چیرۆکی شیعری، وەرگێڕ) دێتە ئاراوە کە بیرو خەیاڵی رووت لە چوارچێوەو قاڵبی چیرۆکێن مەجازی و تەمسیلییەدا دەگێڕنەوە ، و عادەتەن مەبەستی شاعیرش فێرکردنی هەندێ پرەنسیپی ئەخلاقیە، کلێساش بە گەرمی ئەو جۆرە ئەدەبیاتە قەبوڵ دەکات تا ئەو شوێنەی کە، تەنانەت چاوپۆشی لە ئەفسانانی کوفر ئامێزش دەکات و بە دەربڕینێکی مەجازی هەواڵەکانی کتێبی مقەدەسی لێک دەداتەوە. لە سەرەتاکانی سەدەی چواردەیەمدا (میتامۆرفوس)ی ئوڤید تەرجەمە دەکرێت و ستایشێکی زۆر دەربارەی کتێبی (فابیلەکانی ئوڤیدی گەورە) دەنووسرێت. لەم قۆناغەدا، چیرۆکی گوڵەباخ لە ریزی باوترین بەرهەمدا دەگیرسێتەوە.

چیرۆکی گوڵەباخ:

ئەم رۆمانسە شیعرییە بە یەکێك لە کاریگەرترین بەرهەمێن سەدەکانی ناڤین دەزانرێ، چاسر بەشێکی لەم بەیتە هەڵبژاردووەو بۆ زمانی ئینگلیزی ناوەڕاستی وەرگێڕاوە، ئەم رۆمانسە دوو بەشە، و هەر بەشێکی لەلایەن شاعیرێکی جیاوە نووسراوە. ئەم دوو بەشە لە رووی شێوازو گیانی چیرۆکڤانیەوە زۆر جیاوازن.

بەشی یەکەم (٤٠٥٨ بەیتە) لە ساڵی ١٢٣٠ دا لەلایەن گیوم دولوریس"٤٤"ەوە نووسراوە، لوریس، چیرۆکی رەمزی، لە رادەبەدەر رۆمانتێکی ئەڤینداری نێوان سوار چاکێك و کیژێکی جوان (بەناوی روز) دەگێڕێتەوە. روز لە باخی ئەشقدا ئاکنجییە، و دیوارێك ئەو لە نیگەرانی و مەترسییەکانی جیهانی دەرەوە وەکو پیری، بەغیلی، بێ کاری، نەفرەت و ئەو جۆرە شتانە دەپارێزێ، رۆژێ سوار چاکێك خۆی بە باخەکەدا دەکات، و بەر تیرێکی زێڕینی کوپید"٤٥" دەکەوێ و ئاشقی روز دەبێ. دەکەوێتە هەوڵ و تەقەللای گەییشتن بە دلبەر. پێشواز دەچێتە یارمەتی، بەڵام خەتەر، شەرم، ترس، تورەیی و تۆمەت لە هەموو شوێنێ رێی لێدەگرن. لە ئەنجامدا سوارچاکی ئاشق بە دلبەر دەگات، بەڵام تۆمەت ئەو جووتە دەبینێ و حاڵ و حیکایەتەکە بۆ بەغیلی دەگێڕێتەوە. بەغیلی، پێشواز حەپس دەکات و دیوارێك لە دەوری روز دروست دەکات، و سوارچاکی ئەڤیندار لەگەڵ چارەنووسی تاڵی خۆیدا لەو دیو دیوارەکە دەمێنێتەوە.

کە چیرۆکە کە دەگاتە ئێرە دوو لوریس بە سەریا دەمرێت. ئەگەر مردن مەودای دابایە، بێگومان چیرۆکەکە بە شێوەیەکی دیکە کۆتایی دەهات، رەنگە کابرای سوارچاك پێشواز-ی لە زندان رزگار بکردایەو بە خۆیشی بە ئاواتی خۆی بگەیشتایە.

بەشی دووەم (نزیکەی ١٨ هەزار بەیتە) لە ساڵی ١٢٧٧دا لەلایەن جان دو مون-ەوە دەنووسرێ. ئەم نووسەرە، هەموو ئەو شتانەی کە دولوریس بە پیرۆزیان لە قەڵەم دەدات بە توندی بەر رەخنە دەدا. لە کاتێکدا کە لەلایەکەوە شاعیرێکی خەیاڵپەروەری وەکو گیوم دولوریس، لە زیارەتگەی ژن و ئەڤیندا دەکەوێتە عیبادەت، ستایشی سوار چاکی دەکات،

ڕێزو حورمەتی کڵێساو روحانیان دەگرێ، و ستایشی نەجیم زادەکان دەکات، لە لایەکی ترەوە جان دوو مون، بابایەکی ریالیستی رەشبین بە کینایە چزودارەکانی خۆی، ژن، داب و نەریتی سوار چاکی، کڵێسا، روحانیان، و نەجیم زادەکان دادەشۆرێ. تیشکی کەم رەنگی ئەقڵ و بەڵگان دەخاتە سەر خەوشەکان و ژن بە گەوج و هەوەسباز دەزانێ، پێی وایە کڵێسا لە رادە بەدەر پابەندی زوهدو، ئەشراف و شاهان دیلی خۆهەڵکێشین.
بەشی دووەمی چیرۆکی گوڵەباخ مەیدانێکی بەرێنە بۆ خۆ نواندن و فەزڵفرۆشی دومون، پڕە لە چوونە سەر فەلسەفە، میتولۆژی، و زانستەکانی سەدەکانی ناڤین. بە رواڵەت بەشێوەی رێکەوتەکی هەوڵ و تەقەلاکانی ئاشق و دوا تەقەلاکانی روز دەگێڕێتەوە. ئەگەرچی ئەم بەشە لە رووی ئەدەبییەوە لە بەشی یەکەم لاوازترە، بەڵام ئەنجامگیرییەکانی دومون جوانترن و بە ڕاستی پڕن لە گیانی کنەکاری و تەنزو ئەقڵگەرایی بورژوازی تازە کورە.

شانۆنامە

شانۆنامەی جدی (تراجیدی)

شانۆنامەی عیبادەتکاری (لیتورجی"٤٧")

شانۆنامەی جدی لە فەرەنسادا، وەکو یونان، ئاڵمان و ئینگلیستان لە سرووتە ئاینییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ، هەر چەندە کە عیبادەتی کڵێسا بە زمانی لاتینی ئەنجام دەدرا، رەگەزی تەمەشایی بایەخێکی هەبوو. خوێندنەوەی ئینجیل لە قاڵبی دیالۆگیدا بوو، کە لە هەندێ برگەی تایبەتیدابە خوێندنی سروود دەهاتە برین. بەرە بەرە کۆپلەی دیالۆگی هاوڕێ لەگەڵ ئامـاژەو جووڵـەی زیـاتر هاتنـە نـاو موناجاتەکانـەوە. لـە ئەنجامـدا کەشیشـان هـەموو چیرۆکەکانی پەیدا بوون و ژیانەوەو رابوونی حەزرەتی عیسایان لە بۆنەکانی کریسمیس و جەژنی پاکدا لەسەر پلەکانی میحرابدا نمایش دەکرد، زمانی ئەم درامایانە وەکو جاران لاتـینی بـوو. ئـەم شـانۆنامە لیتـورجی-یانـە شـانۆنامەی واقیعـی بوونـەو، وادیـارە تـا سەرەتاکانی سەدەی دەیەمیش ئەنجام دراوە.
دوای ماوەیەك کە شانۆنامەکان درێژترو دیمەنسازی پوختەترو دەبێ، شوێنی نمایش کردن دەگوازرێتـەوە بـۆ نـاو حەوشـەی کڵێسـاو دواتـر ئەنجامـدانی شـانۆنامە دەگوازرێتـەوە بـۆ دەرەوەی کڵێساو دەبرێ بۆ حەوشی کاروانسەراکان. هەندێ پارچە و کۆپلەی نەمەزەبی دێتە ناو شانۆوە، ئەکتەرانی غەیرە کەشیش رۆڵی جۆراوجۆر لە ئەستۆ دەگرن. ئەنجام، وادیارە لە ئاخرو ئوخری سەدەی یازدەیەمدا، شانۆنامە بە زمانی فەرەنسی ئەنجام دەدرێ.

شانۆنامەی ئادەم (١٢١٥):

کـۆنترین شـانۆنامەی فەرەنسـییە. ئـەم شـانۆنامەیە نیشـانەی گـۆڕانی شـانۆنامەی عیبادەتکارییـە (لیتـورجی) بـۆ قۆنـاغێکی پێشـکەوتووتر، واتـە بـۆ شـانۆنامەی رەمـزو راز شانۆنامەی ئادەم بە زمانی ئەنگلۆنۆرمانەکانی فەرەنسایە، بەڵام دەرهێنانی شانۆنامەکە بە

لاتينييه. ئەم شانۆنامەیە چیرۆکی دابەزینی ئادەمو حەواو کوژرانی هابیل بە دەستی قابیل دەگێڕێتەوە، و بە پێشبینی دەرکەوتنو هاتنی مەسیح کۆتایی دێت.

شانۆنامەی رەمز و راز:

ئەم جۆرە شانۆنامەیە دەشێت بە چیرۆکانی کتێبی موقەدەس یا رووداوێن مێژوویی پێناسە بکرێ. زۆربەی شانۆنامانی رەمزو راز لە ناوەرۆکی مەزەبییەوە سەرچاوە دەگرن، کەمیش لە بابەتی نە مەزهەبییەوە. نزیکەی شەست شانۆنامەیەکی رەمزو رازی، سەردەمی سەدەی پانزەیەم ماوەتەوە، و شانۆنامانی کۆنتر نەماون، شانۆنامانی رازو نهێنیی بە ناوەڕۆك ئاینی بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەبێ:

١- قۆناغی سەردەمی کۆن(تەورات)، کە بە شانۆنامەی بە هەشتی عەدەن دەست پێدەکاتو تا سەردەمی حوکمڕانی ئوگوستوس تزار دەروات.

٢- قۆناغی سەردەمی نوێ(ئینجیل)، کە لە دایك بوونی حەزرەتی عیسا تا چالاکی یاوەرەکانی پاش مردنی ئەو دەگرێتەوە.

٣- قۆناغی قەدیسان، کە هەر شانۆنامەیەکی ئەم قۆناغە ژیانو مەرگی هەندێ لە روحانیان وێنە دەگرێت. زۆربەی شانۆنامانی رازو نهێنی دوورو درێژنو ئەنجامدانیان چەند رۆژێك دەخایەنێ. جگە لەوەی ئەم جۆرە شانۆنامەیە کەم دابێژێك بێ سەروبەرو پەشێوە، و نووسەر بە کەیفی دڵی خۆی سوود لە ناوەڕۆکی کۆمیدی و نەمەزەبی وەردەگرێ، بە دەگمەن سێ یەکێتییەکەی کات، شوێنو کرداریش رەچاو دەکرێت، بەڵام کەرەستەی دیمەنسازیو جلوبەرگ تەواو وەستایانە ئامادە دەکرێ.

لە سەرەتادا ئەکتەرانی خۆبەخش شانۆنامانی راز-یان ئەنجام دەدا، ئەوجا یەکەو دەزگای تایبەتی پەیدا بوو.

هەندێ جار سەدان ئەکتەر، و جارێك ٥ سەد ئەکتەر، لە یەك شانۆنامەدا بەشدار دەبوون، لە ساڵی ١٤٠٢دا شارلی شەشەم مۆڵەتی ئەنجامدانی شانۆنامانی رازو نهێنی بە ئەنجوومەنی پاسیون"٤٩" بەخشی. قۆناغی ئەنجامدانی شانۆنامانی رازدار لە ساڵی ١٥٤٨دا کۆتایی هات. لەم ساڵەدا نواندنی ئەم جۆرە شانۆنامەیە کە تەواو روو لە نزمی داروخانا بوو قەدەغە کرا.

بەناوبانگترین شانۆنامانی سەر بەخۆی رازدار بریتییە لە:

١- ئازارەکانی مەسیح (١٤٥٠)، لەلایەن ئارنولد گیریان"٥٠"-ەوە نووسراوە کە لە سیو چوار هەزارو پێنج سەدو حەفتاو پێنج بەیتدا ژیانی تەواوی مەسیح بە دەستەوە دەدات.

٢- کرداری پەیامبەران (١٤٥٠) لە نووسینی ئارنولد گیربانو سیمون گیربانەو برتییە لە ٦٠ هەزار بەیتو پێنج سەد ئەکتەری هەیە.

٣- گەمارۆی ئورلیان (١٤٣٩)، کە شانۆنامەیەکی نە مەزەبییە دەربارەی جاندارك.

٤- مێژووی وێرانبوونی تەروادە، نووسینی جاك"٥١"میلە.

شانۆنامەی موعجیزە:

تەقریبەن هەموو شانۆنامانی موعجیزە، موداخەلەی قەدیسان –لە هەموویان زیاتر مریەمی موقەدەس– لە کاروباری مرۆڤانی وێنە دەگرێت. شانۆنامەی پەڕجوو هاوکات لەگەڵ شانۆنامەی رازداردا گەشە دەکات، ئەگەرچی مێژووی نووسخە دەستنووسەکانی شانۆنامەێن موعجیزە لە جۆرە شانۆنامەکانی دی کۆنترە.

زۆربەی شانۆنامانی موعجیزە میلو"٥٢"درامین، و زۆربەی جار گرێی چیرۆکی شانۆنامەکە بە دەرکەوتن و پەیدا بوونی کتوپڕی حەزرەتی مریەم– فریارەسی غەیبی– دەکرێتەوە. هەروەها مەسەلە مرۆڤانی و واقیعییەکان بایەخی زیاتریان هەیە لە ئەندێشە مەزەبیەکان. لە شانۆنامەی موعجیزەدا، بە پێچەوانەی شانۆنامانی رازدارەوە، تەنیا پێنج شەش کاراکتەر دەورەکانیان لە ئەستۆیە.

کۆنترین شانۆنامەی موعجیزە، شانۆنامەی قەدیس نیکولایە (١٢٥٠) کە جان بودل"٥٣ نووسیویەتی. شانۆنامەیەکی جوانی دیکە موعجیزەی تیوفیل (١٢٦٠)ەی روتبوف–ە کە رەنگە کۆنترین چیرۆك بێ دەربارەی پەیمانی نێوان مرۆڤ و شەیتان. گەورەترین کۆمەڵە شانۆنامەی موعجیزات، کۆمەڵەیەکی چل و یەك شانۆییە بە ناوی(موعجیزاتی خانمی مە) و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی چواردەیەم، کۆنترین شانۆنامەی جدی غەیرە مەزەبی کە بە زمانی فەرەنسی نووسرابێ (مێژووی گریزلدایە (١٣٩٣). ئەم شانۆنامە موعجیزە نە مەزەبییە چیرۆکی گریزلدای بە سەبرو کارەساتەکانی وی دەگێڕێتەوە.

شانۆنامەی ئەخلاقی:

شانۆییەکە لەمەڕ ململانێی دوو هێزی شەڕو خێر و دیمەنی پێکادانی روحی مرۆڤانی، شانۆنامەی ئەخلاقی تاسەو کەڵکەڵەی خەڵکی سەدەکانی ناڤین بۆ مەجاز بەرجەستە دەکات: کاراکتەران لەم جۆرە شانۆنامەیەدا فەزیلەتی ئەخلاقی و گوناهانی شەیتانی بەرجەستە دەکەن. شانۆنامەی ئەخلاقی راپەڕین و بزوتنەوەیەکی دیارە لە رەوتی پەرەسەندنی شانۆنامەی فەرەنسیدا، بە جۆرێ کە لەگەڵ بەرجەستەکردنی ململانێی هەردوو هێزە هەڤرکەکەدا، نەخشەی واقیعی و چاوەڕوانیش لە شانۆنامەکەدا بەدی دێنێ.

شانۆنامەی ئەخلاقی لە ئاخرو ئۆخری سەدەی پانزەیەم و سەرەتاکانی سەدەی شازدەیەمدا گەشە دەکات.

هەندێ لە شانۆنامە ئەخلاقییە هەرە بەناوبانگەکانی فەرەنسا بریتییە لە:

١– هوشیار، کە قارەمانی ئەم بەرهەمە لە دنیادا بەختیار دەبێ و، لەبەر رۆشنایی ئاوەز، ئیمان، پەشیمانی، ئیعتراف و تۆبەدا رێگەی بەهەشت دەگرێتە بەر.

٢– ناهۆشیار، کە قارەمانی ئەم بەرهەمە بە رێگەی شەیتاندا دەڕوات، و سەرەنجام رێگەی دۆزەخ دەگرێتەبەر،

٣- منالانی ئەمرۆ، بەسەرهاتی دوو کوڕی هەرزەکارە کە دوای رابواردنو عەیشو نۆش دەکەون تا لە ئەنجامدا یەکێکیان بە تاوان و تۆمەتی گەندەڵی لە سێدارە دەدرێ، ئەوی دیکەیان تۆبە دەکات، تەمبێ دەبێ، و رزگار دەبێ.

شانۆنامەی کۆمیدی:

پەیدابوونو سەرهەڵدانی:

سەرچاوەو بنجو بناوانی کۆمیدیای فەرەنسی نادیارە. وادیارە شاعیرانی دەنگبێژ لە بەرنامە شانۆییەکانی خۆیاندا- لەگەڵ چیرۆکانی سوارچاکی، رۆمانس، و حیکایەتی گیانلەراندا سێ پارچە شانۆنامەیان پێشکەش دەکرد کە بە گەنگەشە، گوتار، وەعزی شاد بەناوبانگە.. گەنگەشە، گفتوگۆیەکە لە نێوان دوو کەسدا لەمەڕ بەرەڤانی لە چاکی دووکەس یا دوو شت، کە خاڵی پێچەوانەی یەکدی بن. بۆ نموونە دەکرێ گەنگەشەی نێوان زستانو هاوین یان ئاوو شەراب بە نموونەیەکی ئەم پارچە شانۆییانە بژمێردرێ.

گوتار، بەتاك گۆیی شانۆیی دەگووترێ، و بەناوبانگترین نموونەی (گووتاری سەربازی پیادەیە. لەم تاك گۆییە دراماییدا (لە ساڵی ١٤٦٨دا دانراوەو دانەرەکەی نەناسراوە) بەسەرهاتی سەربازێك دەگێڕدرێتەوە کە فشە بە ئازایەتی خۆیەوە دەکاتو تا ئەوەی کە تەسەور دەکا لە بەرانبەر سوار چاکێك یان دلاوەرێك وەستاوە، و دووچاری ترس دەبێ، بەڵام بۆی دەردەکەوێ کە کابرای سوارچاك داهۆڵێکەو هیچی دی، و لەوە بەدواوە ئازا دەبێتەوە... وەعزی شاد، لاسایی کردنەوەیەکی هەجوئامێزی هەندێ بەشی دابو رێو رەسمانی کڵێسایە.

ئادەم دولائال (١٢٦٠):

بە یەکەمین کومیدیا نووسی فەرەنسی ناسراوە، دوو کومیدیای نووسیوە: "شانۆنامەی کەپر"و "روبنو ماریون". کەپر، لە سێ دیمەنی شاش پێك دێت.

لە دیمەنی یەکەمدا، شاکەسی شانۆکە، ئادەم، لێدەبڕێ هاوسەرەکەی بەجێ بێڵێو بۆ قوتابخانە بڕوات، زۆر بە توندی باوکی و هاوسەرەکەی خۆیو بورژوازی ئاراس"٥٤" دادەشۆرێ. لە دیمەنی دووەمدا، دوو پەری هەندێ دیاری بە ئادەم پێشکەش دەکەن، بەڵام پەری سێیەم کە پشت گوێ خراوە، ئەو ناچار دەکات لەگەڵ هاوسەرەکەیدا بژی. لە دیمەنی سێیەمدا باسی ئەوە دەکرێ کە چۆن رەبەنێك فریو دەخواتو کۆنینە موفەڕکەکان لە دەست دەدا. روبنو ماریون، شانۆنامەیەکە لە جۆری شانۆنامانی شوانکارەیی، نەخشەو تیمەیەکی سادەی هەیە بەڵام پڕە لە ئاوازو گۆرانی، سەما، و کایەو گەمەی دێهاتیانە، ئەم شانۆنامەیە لە راستیدا بە سەرەتای ئۆپرای کۆمیدی"٥٥" دەژمێردرێ.

کۆمیدیای سەدەی پانزەیەم:

لەسەرو بەندی سەدەی پانزەیەمدا دوو جۆە کۆمیدیا لە فەرەنسادا گەشە دەکات: سوتی، و فارس، سوتی، لە هەوەڵەوە بورلیسك"٥٦"-یك بوو کە لەوێدا کەشیشانی پلەنزم تانەو تەشەریان لە کەشیشانی باڵا دەستی خۆیان دەداو گاڵتەیان پێدەکردن، و پاشان قاڵبی پارچە هەجوی وەرگرت، کە پاشا، دەوڵەت، ئەشراف، یا کڵێسای نەدەبواردو رەخنەی لە هەموویان دەگرت، مەنشوورترین نموونەی ئەم جۆرە کۆمیدیایە (شانۆنامەی شازادەی گەوجان)ە (١٥١٢) کە هێرش دەکاتە سەر پاپا یولیوس"٥٧"-ی دووەمو کڵێسا.. فارس، وەکو نێوان پەردەیە(*) لە ئەدەبیاتی ئینگلیزیدا (نێوان پەردە: پارچەی نمایشێکی کورتە لە نێوان ئەنجامدانی دوو بەشی یەك بەرنامە). ئەم جۆرە کۆمیدیایە لە راستیدا فابلۆیەکی کورتە لە قاڵبێکی نمایشیدا، کە لە بنەڕەتدا وەکو تابلۆیەکی کۆمیدی لە شانۆنامەی رازداردا بەکار دەبرا. گەنجەفەو بێ پەروایی لە تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی ئەم کۆمیدیایەیە. نزیکەی سەدو پەنجا فارس ماوەتەوە. ئەم جۆرە شانۆنامەیە تاقە شێوەیەکە لە شانۆنامەی فەرەنسی کە پاش رینیسانس-ش دەمێنێ. دوو نموونەی فارسی سەرگەرمکەر شایەنی باسن ١- "تەشتی جلشۆری" کە لەوێدا مێردێکی گوێڕایەڵ، پێداویستییەکانی باشبوونی وەزعی خۆی سەبارەت بە هاوسەرەکەی فەراهەم دەکات. ٢-ئەوقاتی پاتلن، کە لەوێدا ئەوقاتێکی زیرەك موکیلەکەی فێردەکات کە چۆن خۆی لە دانەوەی قەرزێك بدزێتەوە، موکیلەکەش بە هەمان فێڵ ئەوقاتەکەی دەستخەڕۆ دەکاتو هەقدەستەکەی ناداتێ.

هۆزانی لیریکی

<u>فرانسوا ڤیون (١٤٣١- ١٤٨٠):</u>

بە گەورەترین شاعیری فەرەنسایی سەدەکانی ناڤین دەژمێردرێ. ناوی راستەقینەی وی فرانسوا دو مونکوربییە، بەڵام ناوی خانەوادەیی و شۆرەتی زڕبابەکەی (گیوم ڤیون) هەڵدەبژێرێ. فرانسوا لە زانستگەی پاریس ماستەرنامە وەردەگرێ (١٤٥٢)و گوایە تا ماوەیەکیش بیری بە کەشیش بوونی لەسەرا بووە ، بەڵام بە هۆی هاونشینی دەگەڵ دزانو بەرەڵڵایاندا چەندین جار دەکەوێتە زندانەوە. سێ جاران تووشی دەردی سەری دەبێ: جارێك بە تۆمەتی پیاوکوژی (١٤٥٥)، جاری دووەم بە تاوانی دزی (١٤٦٢)، و جاری سێیەم بە تۆمەتی شەڕ (١٤٦٢) فرانسوا لە ئەنجامدا حوکمی ئیعدام دەدرێ، بەڵام حوکمەکە سووك دەکرێ بۆ نەفی و دوورخستنەوە. لە ساڵی ١٤٦٣ بە دواوە هیچ زانیارییەك دەربارەی ژیانی فرانسوا لە دەستدا نییە.

بەرهەمی شیعری ڤیون کەمە، دوو بەرهەمی درێژی هەیە بە ناوی (وەسێتنامەی بچووك-١٤٥٦)و (وەسێتنامەی مەزن- ١٤٦١). ڤیون لەم بەرهەمانەدا زۆر شتو خەسڵەتی خەیاڵی دەداتە پاڵ دۆستو دژمنانی خۆی -کە لە خەڵکانی پایە بەرزەوە تا لاتو لەوێرانیان تێدایە- شیعری لیریکی کورتیش بە زۆری لە شێوەی سروود و غەزەلدا لە نێو

بەرهەمەکانیدا هەیە، و دوو شیعری لیریکی مەنشووری وی بریتین لە (بەستەی خانمانی ونبوو) و (گۆرانی ئیعدام کراوان).

ڤیون بە هۆی قووڵی و راستگۆیی هەست، سەراحەت و جوانی شێوازەوە بە هەق شایانی ستایشە. سۆزو گودازو نوکتەبازییەکی گەرمو گوڕو خۆش لە بەرهەمەکانیدا ئاوێتە دەبن. لەو دەمەدا کە بۆ ناپایەداری و تیژتێپەڕی جوانیەکان دەگری، بە روو گرژییەوە گەنجەفە بە نزیک بوونەوەی کاتی ئیعدام کردنەکەی خۆی دەکات، ڤیون یەجگار رمودەی لەزەتە بەدەنییەکانی وەکو شەراب، خواردن، پەناگەی گەرم لە زستاندا، و ژنانی جوانە، تەبیعەت تەقریبەن هەمیشە بۆ ڤیون زبر و بێ رەحمە، و زۆر دڵی بە حاڵی بێنەوایان دەسوتێ. لەگەڵ ئەمەشدا ڤیون هیچ کاتێك نە گلەیی لە بەختی خۆی دەکات نە تاوانی وەزعو حاڵی نالەباری خۆی لە چاوی قەدەرو چارەنووس دەزانێ. ئیعتراف بە گوناحەکانی خۆی دەکاتو داوای بەخشین تەنیا لە خودا دەکات.

تەسلیم بوونی ڤیون بە مەرگ، لەگەڵ جۆشو خرۆشی بۆ ژیان، سیمایەکی پێ دەبەخشن کە باشترین جیلوەی قۆناغە گۆڕکێی فەرەنسایە لە سەدەکانی ناڤینەوە بۆ رینیسانس.

ژێدەرەکان:

١- کلوڤیس- Clovis: (٤٦٦- ٥١١ز): شای فرانکەکان بووە لە ساڵانی ٤٨١- ٥١١.

٢- شارل مارتل: (٦٨٨- ٧٤١ز): فەرمانڕەوای فرانکەکانو باپیری شارلمانی بووە.

٣- تور- Tour: شارێکە لە فەرەنسا.

٤- ئیلنورئاو ئاکویتین (١١٢٢- ١٢٠٤ز): کیژی ویلیامی دەیەم (دۆکی ئاکویتین) بوو، شوو بە لویس (پاشان بوو بە لویسی حەوتەم-ی پاشای فەرەنسا) دەکاتو مێردەکەی دوای یەك مانگ دەبێ بە پاشای فەرەنسا. لە ئەنجامداو پاش جیابوونەوە لە لویس شوو بە هنری دووەم دەکات.

٥- جاندارك (١٤١٢- ١٤٣١ز): قارەمانی نەتەوەیی فەرەنسا بوو.

٦- شارل کچل، شارلی دووەم (٨٢٣- ٨٧٧ز) ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریەتی مقەدەسی روم(٨٧٥- ٨٧٧): شای فەرەنسا (٨٤٣- ٨٧٧ز).

٧- لویسی جەرمەنی (٨٠٤- ٨٧٦ز): شای فرانکانی رۆژهەڵاتی بوو.

٨- لوتار (٧٩٥- ٨٥٥ز): ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریەتی مقەدەسی روم (٨٤٠- ٨٥٥ز) بوو.

٩- چوار بەرهەمی کورت: سروودی قەدیس ئایولالیوس (رەنگە بۆ ئاخرو ئۆخری سەدەی نۆیەم بگەڕێتەوە) شیعرێك لەمەڕ ئازایەتی عیسا، ژیانی قەدیس لیجە، شیعرێك دەربارەی بوئیتوس.

١٠- ئەقڵگەرایی: تیۆرییەکی فەلسەفیە کە ئەقڵ بە گرنگترین ئەوزاری وەدەست هێنانی مەعریفەت دەژمێرێ.

١١- ئانیهارد (٧٧٠- ٨٤٠ز): مێژوونووسێکی فرانکییە، و ژیاننامەی شارلمانی نووسیوە.

١٢- باسکەکان: قەومێکی ئاکنجی باکووری ئەسپانیاو باشووری رۆژئاوای فەرەنسایە، کە رەگو رەچەڵەکیان نادیارە.
١٣- ساراسنەکان: یونانی و رومییە تازەکان، خەڵکی خێوەت نشینی سوریاو عەرەبستانیان، کە پێ دەچێ لە بنەڕەتدا خەڵکی نیمچە دوورگەی سینا بەرەو سنووری میسر بووبن، بەو ناوەوە ناو دەبرد، پاشان وشەی "ساراسن" بە مانای عەرەب و تەنانەت لە سەرو بەندی جەنگی چەلیپاییدا بە مانای موسوڵمانان بەکار هاتووە.
١٤- ساراگوسا: ویلایەتێکی باکووری رۆژهەڵاتی ئەسپانیایە.
١٥- ئیکس لاشاپل: شارێکە لە رۆژئاوای ئەڵمانیا، لە نزیکی بەلجیكو سنووری هۆڵەندایە.
١٦- قەشە دنی: (سەدەی سێیەم): قەشەی پارێزەری فەرەنسایە، دەڵێن یەکەمین ئەسقوفی پاریس بووە.
١٧- ئوبرون: لە ئەدەبیاتی ئەورووپای رۆژئاواییدا، شای پەریانو مێردی تیتانیا-ی شابانۆی پەریانە.
١٨- برتن: دەڤەری برتانی.
١٩- بنوا دوسنت- مور: شاعیری تروڤەری فەرەنساییە لە سەدەی دوانزەیەمی میلادیدا.
٢٠- دارس فریگیایی:م کاهینی شاری تەروادە بووەو بەدانەری "مێژووی روخانی تەروادە" دەژمێردرێ، ئەم کتێبە لە سەدەی پێنجەمی زاینیدا وەرگێردراوەتە سەر زمانی لاتینی.
٢١- دیکتس کرتی: خەڵکی کرت-ە، واریقاتنامەیەك دەربارەی جەنگی تەروادەیە کە دەدرێتە پاڵ ئەو، ئەم بەرهەمە یەکەمجار لە سەدەی چوارەمی زاینیدا کراوە بە لاتینی.
٢٢- ترویلوسو کرسیدا: چیرۆکێکی ئەڤینداری سەدەکانی ناڤینە کە رەگی دەچێتەوە سەر ئەفسانەیەکی یونانی، ترویلوس-ی شازادەی تەروادەیی، ئاشقی کرسیدا دەبێ، لێ کرسیدا بێ وەفایی دەرهەق دەکات، ترویلوس بە دەستی ئاخیلوس دەکوژرێ.
٢٣- تریسیترامو ئیسولت: ئەم دوو ناوە بە شێوەی دیکەش تۆمارکراون وەکو: ترسیترم، تریستران، تریستان، و ئیزۆ، ئیسولد، ئیزولدە، ئیزوت...
٢٤- قەشەیوسفی رامەیی: جولەکەیەکی دەوڵەمەندە کە جەستەی عیسای لە گۆڕ ناوە.
٢٥- گەلهەد: لە ئەفسانانی ئارتوریدا، نەجیب ترینو پاکترین دلاوەرو سوارچاکی باوەڕپێکراوە.
٢٦- فابیل – Fable: چیرۆکێکی ئەخلاقی کورتی شیعری یان پەخشانییە کە قارەمانەکانی بە زۆری گیانلەبەران یان شتی بێگیانن.
٢٧- گوینڤێر: لە ئەفسانەی ئارتوریدا. هاوسەری ئارتورشاو ماشوقەی لانسلوت-ە.
٢٨- گاسکونی: دەڤەرو ویلایەتێکی کۆن بووە لە باشووری رۆژئاوای فەرەنسا.
٢٩- فلاندر: دەڤەرێکە لە رۆژئاوای بەلجیكو باکووری فەرەنسا.
٣٠- ئەڤینی دەرباری: یاساو رێساو دابو نەریتی ئەڤینی دەرباری بابەتێکی ئاڵۆزە، بە کورتی ئەم جۆرە ئەڤینە بریتیە لە پەیوەندی حەرامی نێوان ئاشقێكو خانمێکی مێردار،

یەکێك لە ئەتەکێتە گرینگەکانی ئەم ئەڤینە، ڕێزگرتنی لە رادەبەدەرو بێ چەندو چوونی ژنان‌و پابەندییە بە خزمەتکردنی ئەو ژنانەوە. ئەڤینی دەرباری هەندێ جار نەخۆشییەکەو تەنیا تەسلیم بوونی یەکجارەکی ماشوقە شیفای دەدات. ئاشق-یش بۆ سەلماندنی ئەڤینی خۆی دەبێ مل بۆ هەر هەموو ئارەزووەکانی ماشوق بدات‌و لەسەر خواستی ئەو دلاوەری‌و بەهێزی خۆی لە ئەنجامدانی کارێن شایستەو بەرجەستەدا نیشان بدات، هەڵبەتە بە گوێرەی داب‌ونەریتی ئەم جۆرە ئەڤینە، بێ وەفایی و پەیمان شکێنی بە گەورەترین گوناح و تاوان دەژمێردرێ‌و تەسلیم بوونی ماشوقە بە ئاشق-ی دلاوەر نەك هەر گوناح نییە بەڵکو جۆرە عیبادەتێکیشە، هۆو سەرچاوەی سەرهەڵدانی ئەڤینی دەرباری زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ زەوجینی نابە دڵ‌و مەسڵەحەت کە لە سەدەکانی ناڤیندا بە پێی مەسەلە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و داراییەکان ئەنجام دەدراو گوێ بە ئەڤینداری نێوان کیژان‌و کوڕان نەدەدرا.

٣١- گیوم دو پواتیە (١٠٧١- ١١٢٧) کۆنترین تروبادور-ی پرو وانسال-ە.

٣٢- ژوڤر رودل: لە ناوەڕاستی سەدەی دوازدەیەمی زاینیدا ژیاوە.

٣٣- برناردو ڤانتادور (١١٤٥- ١١٨٠ز).

٣٤- گیرودو بورنی (لە ساڵی ١١٧٠-).

٣٥- پرتران دو بورن (١١٤٠- ١٢١٥ز).

٣٦- جان بو دل (١١٦٥- ١٢١٠ز).

٣٧- شاتلن دوکسی (١١٨٦- ١٢٠٣).

٣٨- تیبو دو شامپانی (١٢٠١- ١٢٥٣) شای ناوار لە ساڵانی (١٢٣٤- ١٢٥٣)و بە ناوبانگترین شاعیری تروڤەر بووە.

٣٩- جان دومون (لە ساڵی ١٣٥٥ز مردووە) شاعیرێکی فەرەنسەویە.

٤٠- فیدروس (فەیلەسوفێکی یونانی سەدەی پێنجەمی پێشزاینە).

٤١- هیزۆپ: حیکایەتنووسێکی یونانی ناوەڕاستی سەدەی شەشەمی پێشزاینە.

٤٢- ئاڤیانوس: فابیلنووسی لاتینی سەدەی چوارەمی پێشزاینە.

٤٣- فرایرەکان: ناوێکە بەرە بەنانی مەسیحی بەتایبەتی بەرە بەنانی چینی هەژارانی مەسیحی دەگوترا.

٤٤- گیوم دو لوریس (١٢١٥- ١٢٧٨)

٤٥- کوپید (بەپێی ئەفسانانی رومی) خوای ئەڤینە.

٤٦- جان دو مون (-١٣٠٥).

٤٧- عیبادەتکاری (لیتورجی): جۆرە عیبادەتێکی دەستەجەمی ناو کلێسای مەسیحیانە، بە واتای قوربانی پیرۆز دێ. ئەم رەسمە نیشاندەری کاری مەسیحە دەگەڵ پەیڕەوەکانیدا لە دوا شامدا، و بەرپا کردنی ئەم رەسمە بۆ وەبیرهێنانەوەی لە خاچدانی مەسیحە.

٤٨- شارلی شەشەم (١٣٦٨- ١٤٢٢) بە شارلی مەحبوب ناسراوە، لە ساڵانی ١٣٨٠- ١٤٢٢دا شای فەرەنسا بوو.

٤٩- پاسیون: یەكێك بووە لە ئەنجوومەنە ناودارە مەزەبییەكان، گروپە ئەكتەرێك-ی خەڵكی پاریس‌و شارەكانی دیكەی فەرەنسا بوون، كە لە سەدەكانی پانزەیەم و شانزەیەمدا شانۆنامانی مەزەبیان، بە تایبەتی شانۆنامەی ژانەكانی مەسیح، پێشكەش دەكرد.

٥٠- ئارنولدگیربان: نەواژەن‌و رابەری كۆراڵی كلێسای نوتردام بووە، و لە شاعیرانی سەلیقەداری فەرەنسەوی ناوەڕاستی سەدەی پانزەیەم بوو.

٥١- جاك میلە: (١٤٢٨- ١٤٦٦): شاعیرێكی فەرەنسایی بوو.

٥٢- میلودراما: شانۆنامەیەكی سووكەڵەیە بە ئاوازو گۆرانی‌و مۆسیقاوە ئەنجام دەدرێ، و مامەڵە لەگەڵ بابەتی پڕ سۆزو گودازو هەستیاردا دەكات‌و بە زۆری ئەنجام‌و ئاكامەكەی خۆش‌و شادە.

٥٣- جان بودل (١١٦٥- ١٢١٠ز): شاعیرێكی تروڤەری فەرەنسایییە.

٥٤- ئاراس- Arras: شارێكە لە باكووری فەرەنسا، كە لە ئاخرو ئۆخری سەدەكانی ناڤیندا رەونەقی هەبووە.

٥٥- ئوپرای كۆمیدی: شانۆنامەیەكی نیوە تراجیدی‌و نیوە كۆمیدییە كە لە نێوان دیالۆگەكاندا گۆرانی و ئاوازیشی تێ دەكەوێ.

٥٦- بورلیسك: شانۆنامەیەكی پێكەنیناوی موجامەلە ئامێزە.

٥٧- پاپا یولیوس: پاپای ساڵانی ١٥٠٣ -١٥١٣ز بووە.

ئەدەبیاتی ئەسپانیایی

سەرەتایەکی مێژوویی:

نیمچە دوورگەی ئێستای ئەسپانیاو پرتوغال بە چەند سەد ساڵێك بەر لە زاین دەبێ بە شوێنی ئاکنجی بوونی ئیبیریان"١" و بەرەرەکانی"٢" ئەفریقای باکووری، لە سەدەی پێنجەمی پێش زایندا سیلتەکان پەلاماری ئەم نیمچە دوورگەیە دەدەن و، تێکەڵبوونێکی نەژادی دێتە ئاراوە. ئیبریان لە بەشی رۆژهەلاتو سیلتەکان لە بەشی رۆژئاوادا، کە دەکاتە پرتوغال و گالیسیا"٣"ی ئەمڕۆ، خڕ دەبنەوە . بەر لە هێرشی سیلتییەکان، فینیقییەکان، یۆنانییەکان، و کارتاژیەکان لە بەشێکی ئەسپانیادا نیشتەجێ دەبن و، کارتاژییەکان دەبن بە دەسەلاتی حوکمڕانی نیمچە دوورگەکە. رومیان لە ساڵی ٢٠٦پ.ز کارتاژیەکان وەدەردەنەن و داب و نەریت و یاسای رومی لە ئەسپانیادا دەسەپێنن. دەسەڵاتی رومییەکان تا ساڵی ٤٠٩ز کە ئەسپانیا لەبەر سویبەکان، ئالانەکان، و ڤاندالەکاندا، کەتیرەو تایفەی جەرمەنی بوون، هەڵدێ و دەشکێ، هەر بەردەوام دەبێ. پێنج ساڵ دواتر ویزیگوتەکان دێنە ئەسپانیا، تا رادەیەکی زۆر کەلتووری رومی قەبوڵ دەکەن، بەڵام هەندێ گۆرانکاری لە یاساو داب و نەریتاندا دەکەن.

لە ساڵی ٧١١ز هێرشی موسوڵمانان بۆ سەر ئەسپانیا دەست پێدەکات و تا ساڵی ٧٥٨ کە خەلافەتی کوردوبا"٤" (قرطبة) دادەمەزرێ، موسوڵمانەکان بەسەر سەرانسەری نیمچە دوورگەکەدا زاڵ دەبن و تەنیا ناوچە کوێستانییەکانی باکووری رۆژئاوا، کە هێرش بۆ کردنی دژوار دەبێ، لە دەستیان دوور دەبێ، مەسیحیانی ئەسپانیایی سەر زەمینی خۆیان بۆ موسوڵمانەکان چۆڵ ناکەن، بەڵکو ئەم دوو نەژادە چەندین سەدە لە پاڵ یەکدا دەژین، و شارستانیەتی ئەسپانیاییەکان ئاوێتەی رۆشنبیری و فەرهەنگی پرشنگداری فاتیحانی موسوڵماندا دەبێ.

موسوڵمانان، ئەسپانیاییەکان بە زانستی دەوڵەمەندی خۆیان لە بوارەکانی پزیشکی، بیرکاری، و ئەندازە ئاشنا دەکەن، بەڵام کاریگەری ئەدەبی موسوڵمانان زۆر کەمە.

ئەسپانیاییەکان لە ساڵی ١٠٨٥دا کاتێ کە تولدو"٥" Tuleytele: لە دەستی موسوڵمانان دەردێنن، فەتحی دووبارەی وڵات و سەر زەمینی خۆیان دەست پێدەکەنەوە. لە ساڵی

١٢٣٦دا كوردوباو له سالّى ١٢٤٨دا سەڤيل"٦" دەگرنەوە. له ئەنجامدا، بە هۆى زەماوەندى فردیناندى"٧" ئاراگون لەگەلّ ئیزابیلی کاستیل"٨"دا تا ئەندازەيەك يەكێتى و يەكپارچەيى ولّات دابين دەبىّ. لە سالّى ١٤٩٢دا گرانادا"٩" Xernateى دوا قەلّاى موسولّمانانيش بە دەستى ئەسپانياييەكان دەكەوێ.
خەلّكى ئەسپانيا بە شێوەيەكى گشتى، ئارامى، ويقار، تاكپەروەر، ديموكراسيخواز، و خۆشتبەعى لە تايبەتمەندييەكانى خەلّكى ئەسپانيان كە ئەمە كەم دابێژێك بۆ فاكتەرە جوگرافيايى و مێژووييەكانى ئەم ولّاتە دەگەڕێتەوەو، كارێكى زۆرى بەسەر ئەدەبياتى ئەسپانياوە هەبووە.

نۆڕينێكى گشتى:

له سالّى ٢٠٦پ.زدا لاتينى دەبىّ بە زمانى فەرمى ئەسپانيا، و تەقريبەن هەموو كەلەپورى سيلّتى-ش هەر زوو لە بەين دەچێت. لە ئەسپانياش وەكو فەرەنسا، زمانى جەماوەرى خەلّك زمانى لاتينى عاميانە بووە، كە بە درێژايى سالّان گۆڕانى زۆرى بەسەردا دێت و دەبىّ بە زمانى ميللى و نەتەوەيى ولّات. فتوحاتى بەر بەران و موسولّمانانيش كارێكى پايەدار ناكاتە سەر ئەم زمانە.
ئەدەبياتى ئەسپانيايى تەقريبەن لە سەدەى دوانزەيەمەوە دەست پێدەكات. لە دەوروبەرى سالّى ١١٤٠هوە تا دەستپێكى رنيسانس لە ئەسانيادا (دەوروبەرى ١٤٦٩) بەرهەمێكى زۆر بە شيعرو بە پەخشان دادەنرێ. كە بە دەگمەن بەرهەمى ئەدەبى ناوازەيان تێدا بەدى دەكرێ. زۆربەى ئەم بەرهەمانە يان لاسايى كردنەوەى بەرهەمى فەرەنسين يان وەرگێڕانى بەرهەمێن فەرەنساوين. بە هەرحالّ چيرۆكى جۆراوجۆر (بەتايبەتى حيكايەتى ئەخلاقى، ئەفسانەێن مەجازى، و رۆمانسێن وەكو رۆمانسە فەرەنسييەكان).
نووسراوانى مافپەروەرى، تەنز، مەجاز، و بەيتێن ئاينى و فێركارى دێتە ئاراوە. دراماى ئەسپانيايى-ش، وەكو فەرەنسا، لە سروتەكانى كلّێساوە سەرهەلّدەدات، لىّ شانۆنامانى موعجيزەو رازدارى ئەسپانيايى ناگەنە ئاستى رەسەنايەتى و بەرزى شانۆنامانى فەرەنسەوى. بەرجەستەترين ژانرى ئەدەبياتى ئەسپانيا لە سەدەكانى ناڤيندا لەوارى : (مەلحەمە، -داستان-، واريقاتنامە، شيعرى ليريكى، و بالاد -شيعرى ئەفسانەيى)دايە.

داستان (مەلحەمە)

دەربارەى ئەمەى كە داستانى ئەسپانيايى ريشەى فەرەنساوى يان جەرمەنى هەيە، جياوازى زۆرە. بەلّام حەقيقەتەكە هەرچييەك بىّ، هەم كاريگەرى فەرنسى و هەم كاريگەرى جەرمەنى بەسەر داستانى ئەسپانياوە زۆر قوولّ بووە، واديارە هەندىّ لە داستانو مەلحەمە قەومييەكان لە سەدەى دەيەمەوە دەماودەم هاتوون، و كۆنترين نوسخە كە لەبەر دەستدا بىّ

دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١١٤٠. داستانە قەومییەکان لە چاو بەیتەکانی شانسون دوژست-ی فەرەنسەویدا زبرترو ناپوختەترن. درێژی دێڕەکانیش ناڕێك و پێك و پێچەوانەی ڕێسایە.
شەش جۆرە داستانی قەومی سەرەکی لەسەر بنەمای کەسایەتی مێژوویی یان ئەفسانەیی ئەسپانیا- وەکو روذریگوگوت"١٠"، برناردو دل کارپیو، و رودریگو دیاز (سید) ڕۆنراوە.
بەڵام ئەوەی لە داستانانی ئەسپانیایی ماوەتەوە تەنیا هەندێ بەشە لە سێ داستان: بەستەی سید "سەروەر" (دەوروبەری ١١٤٠)، و رونسوو، (ئەو نوسخەیەی لەبەر دەستدایە دەگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ١٣١٠)و واریقاتنامەیەکی شیعرییە (دەوروبەری ١٤١٠). گەلێك لە داستانە قەومییەکانش بە پەخشان لە (واریقاتنامەیەکی گەورە)دا داڕێژراونەتەوە.

<u>بەستەی سید (سەروەر):</u>

وادیارە لە ساڵی ١١٤٠داو لەلایەن شاعیرێکی کاستیلییەوە دانراوە، ئەم بەیتە کە کاریگەری سروودی رولان-ی پێوەیە، تاقە داستانی ئەسپانیاییە کە تەقریبەن بە تەواوی لە چەپۆکی رۆژگار دەربارز بووەو ماوەتەوە. نزیکەی سێ هەزارو حەوت سەدو سیو پێنج بەیتە، کە نزیکەی پەنجا بەیتێکی سەرەتای داستانەکە فەوتاوە. بەستەی سید، نیوەی دووەمی ژیانی کەسایەتی مێژوویی، روذریگو دیاز دوبیڤار (١٠٤٠- ١٠٩٩) دەگێڕێتەوە، کە لە دەرباری سانچۆی"١١" دووەم-ی شای کاستیل، و ئالفونسوی"١٢" شەشەمی شای لیوندا خزمەتی دەکرد: چیرۆکەکە (وەکو لە بەیتەکەدا گێڕدراوەتەوە) بەمجۆرەیە: شا ئالفونسو، روذریگوی ناسراو بە سەید (لە وشەی سەیدی عەرەبییەوە وەرگیراوە، کە بەمانای سەروەرو پێشەوا دێت) بە درۆ بەوە تاوانبار دەکات کە دەستکاری باجی کردووە، و حوکمی دوورخستنەوەو نەفی کردنی دەردەکات. روژریگو بە خەمبارییەوە مل بۆ فەرمانەکە دەداتو پەناوەبەر زۆزانەکان دەبات، و پەیرەوانێکی ئەمەکدار لە دەوری خۆی خڕ دەکاتەوەو بە یارمەتی وان دەچێتە جەنگی موسوڵمانانەوە. لە دوای هەر سەرکەوتنێك کۆمەڵێك دیاری بۆ ئالفونسو دەنێرێ، بەو هیوایەی کە پاشا فەرمانی دوورخستنەوەکەی هەڵبوەشێنێتەوە. لە ئەنجامدا روذریگو ، ڤالینسیا"١٣" دەگرێت، و بە عەمەلی دەبێ بە فەرمانڕەوایەکی سەربەخۆ، ئالفونسو ناچار دەست لە سەرسەختی هەڵدەگرێتو بە گەرمی پێشوازی لە گەڕانەوەی پێشکارە ئەمەکدارەکەی دەکات. سەید بەسوور بوونی ئالفونسو، و بە نە بە دڵی، بە شووکردنی دوو کیژەکەی بە شازادانی کاریون"١٤" قاییل دەبێ. جووتە زاوا پاش زەماوەندەکە نامەردو خوێڕیو دارکاریکەری ژن دەردەچن. سەید داوای سزادانیان دەکات. دادگاکەیان بە شێوەی ئەزمونێکی جەنگییە کە لە هەنبەر سەیدا بە شێوەیەکی حەیابەرە شکست دێنن. کیژەکانی روذریگو-ش شوو بە شازادانی ناڤارا"١٥"و ئاراگون دەکەن.
چونکە "بەستەی سەید" چل ساڵێك پاش مردنی قارەمانەکەی نووسراوە، بە واقیعیانەترین داستان (مەلحەمە) دەژمێردرێ، ئەم داستانە لە رووی مێژوویییەوە بێ ئەندازە وردە، هیچ شوێنەوارێکی جادوگەری لەو بەرهەمەدا نییە، زۆربەکەمی سوودی لە موعجیزاتی مەسیحی

وەردەگریّ، تەواو لە موبالەغە دوورە. تۆنو ئاوازێکی سادەو سەنگینی هەیە، بە تەواوی لە توخمو رەگەزی ئەڤینی رۆمانتیکی-ش بەدەرە. ئەم بەیتە لە باری رەنگدانەوەی یاساکانی کاستیلی دابو نەریت، و شێوەی ژیانو گوزەران لە سەدەی یازدەیەمدا یەجگار بایەخدارە. نووسەرانێکی وەکو دوکاسترو"١٥"، کورنی، هردروساوثي بە ئیلهامی ئەم داستانە هەندیّ بەرهەمیان نووسیوە.

واریقاتنامە

لە سەدەی پێنجەم بەدواوە، گەلێك لە بنکەو دەزگا مەزەبییەکان رووداونامەو واریقاتنامەکان بەلاتینی تۆمار دەکەنو دەنووسنەوە. زۆربەی ئەم بەرهەمانە نوقستانو ئالۆزن. روذریگوخیمنپ درادا (١١٧٠- ١٢٤٧)و لوکاس دوتوی (؟ -١٢٤٩ز) هەندیّ هەوڵیان هەیە کە رووداوە جیهانیو نەتەوەییەکان بە گوێرەی ریزبەندی مێژوویی پەیگیری بکەن. ئەم پیاوانە دەتوانن مێژووی واقیعی بنووسنەوە، بەڵام ئەوانیش بەلاتینی دەنووسن، یەکەمین واریقاتنامە (مێژوو)ی گرینگ بە زمانی خۆماڵی لەلایەن ئالفونسوی زاناوە دەنووسرێت.

ئالفونسوی زانا (١٢٢٦- ١٢٨٤):

شای کاستیل، ئەدیب، شاعیرو مێژوونووسە، بە ئیلهامی بەرهەمەکانی روذریگو لوکاس، واریقاتنامەی جامیع-ی بە زمانی کاستیلی دا نا کە بە گرنگترین بەرهەمی مێژوویی سەدەکانی ناڤین دەژمێردریّ. واریقاتنامەکە بە تۆفانەکەی نوح دەست پێدەکاتو پاشان مێژووی تەواوی ئەسپانیا لە رۆژگاری نیشتەجیّ بوونی یونانیو کارتاژییەکانەوە تا پاشایەتی فردیناند-ی سێیەم (١٢٥٢) دەگێڕێتەوە. ئەم بەرهەمە وەکو مێژوو بە گشتی جێی متمانە نییە، بە جۆریّ کە خودی نووسەرەکەشی کەمترین هەوڵی بۆ جیاکردنەوەی حەقیقەت و ئەفسانە دەدا. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەرهەمێکی جوانو لەبەر دڵانە. لە رووی ئەدەبییەوە گرنگترین بەشی ئەم واریقاتنامەیە، نووسینەوەو شەرحو شرۆڤەی داستانو مەلحەمە کۆنەکانە کە نووسەر بە هەواڵو زانیاری رەسەنی مێژووییان دەزانیّ.

شیعری لیریکی

تەقریبەن شتێك لە شیعری لیریکی سەرەتایی ئەسپانیایی نەماوەتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵێك گەواهی هەن کە لە سەدەکانی ناڤیندا زۆر هۆزانی لیریکی نووسراون، لەوانە گۆرانی نیگابانان، گۆرانی کریسمیس، گۆرانی ئەڤینیو گۆرانی شوانکارەیی. شاعیرانی تروبادور-ی پرووانسال لە سەدەکانی دوازدەیەمو سیانزەیەم-شدا کاریگەرییەکی قووڵیان هەبووە، بە تایبەتی لە کاتولونیاو گالیسیادا.

خوان رویت (١٢٨٣- ١٣٥١):

گەورە کەشیشباشی (اسقف) ئیتا"١٦"، یەکەمین پێکەنینۆك نووسی ئەسپانیایی و رەنگە گەورەترین هۆزانڤانی لیریکی ئەم وڵاتە بێ لە سەدەکانی ناڤیندا. دانانی خوان رویت– لە خانەیەکی تایبەتیدا لەبەر هەمجۆری بەرهەمەکانی دژوار دەنوێنێ. ناوبانگ و شۆڕەتی وی بە یەك بەرهەمیەوەیە "کتێبی ئەڤینی باش"ە (کە مەبەستی ئەشق و ئەڤینی خواو چاکەیە). بەڵام ئەم بەرهەمە کەشکۆڵێکە لە چیرۆکێن مەکشوف، دوعاو نزا، سروودی پاڕانەوە، چیرۆکێن مەجازی، هۆزانێن شوانکارەیی، گۆرانی ئاشقانە، و حیکایەتی ئەخلاقی. وادیارە شاعیر مەبەستی فێرکردنی پەندو ئامۆژگاری ئەخلاقییە، لە رێگەی دەرخستنی جیاوازی ئاشکرای نێوان ئەشقی حەقیقی و ئەشقی سێکسییەوە.
جوانی سەرەکی ئەم بەرهەمە بەهۆی ئاشکراسازی کەسایەتی نووسەرەکەی، و ئەو وێنە تەواوو راستگۆیانەیەوەیە کە ژیانی سەدەی چواردەیەم نیشان دەدا.

بالادەکان (Ballads):

رەنگە پڕ خوێنەرترین ژانری ئەدەبیاتی ئەسپانیای سەدەکانی ناڤین بووبێ، کە لێرەدا مەبەست لە بالاد، کورتە هۆزانی داستانی– لیریکییە. هەندێك لە ئەدیبان پێیان وایە کە بالاد لە کۆنەوە هەبووەو سەرچاوەی بەیتە داستانییە قەومییەکانە، هەندێکی دیکە بەوە قاییل نین کە بالاد پێشینەیەکی دوورو درێژی هەبێ و بە هەندێ کۆپلەی پاشماوەی مەلحەمەو داستانی دەزانن، بە هەر حاڵ ئەم بابەتە هێشتاش جێی باسە. لەوەیە گەلێك لەم شیعرە کورتانە بە درێژایی رۆژگارێکی دوورو درێژ (رەنگە سەد ساڵ) دەماو دەم لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە هاتبێ، لەوە دەچێ زۆربەی ئەم بالادانە (بەلای کەمەوە بەم شێوەیەی ئێستایان) لە پاش ساڵی ١٤٠٠ەوە دانرابن. چەندین کۆمەڵەی گرنگیان هەن، بەڵام هەر هەموویان لە سەدەی شانزەیەم یان پاشتر کۆکراونەتەوە، لەبەر ئەمە سەر بە قۆناغی رینیسانسن.
گەلێك لە بالادانی تەقلیدی، شادو رۆمانتیکین، و سکاڵا و گلەیی، تاڵی، ئازایەتی و دژمنایەتی رۆژانی شەڕی مەسیحیان دەگەڵ ساراسنەکان وەبیر دێننەوە. ژمارەیەك لەم بالادانە، جوامێری و قارەمانێتی قۆناغە داستانی و مەلحەمییەکان دەگێڕنەوە. ژمارەیەکی دیکەشی، چیرۆکی ئەڤیندارین، هەندێکی تریان رووداوە مێژووییەکان دەگێڕنەوە، کۆمەڵێکیانیش رووداوێن کۆمیدی.
هەندێ لە بالادە مەنشورەکان بریتین لە: "شیوەنی دون رودریك"، "ئەشقبازی سەید"، و "کۆنت ئارنالدو".

ژێدەران:

١– ئیبریان: قەومێکی کۆنن کە لە چاخی بەردینی تازەدا لە ئەفریقاوە بۆ نیمچە دورگەی ئیبری باکووری رۆژئاوای ئەورووپا کۆچ دەکەن.

٢- بەر بەرەکان: دانیشتووانی بەربەری زمانی ئەفریقای باکووری کە لە دەوروبەری ٣٠٠٠پ. ز لەم دەڤەرەدا دەژیان.

٣- گالیسیا: لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا بە جلیقیە ناو براوە، مەملەکەتێکی کۆنە لە باکووری رۆژئاوای ئەسپانیا.

٤- کوردوبا: لە سەرچاوە ئیسلامییەکاندا قرطبة-ی پێ دەگوترێ، دەڤەرێکی باشووری ئەسپانیایە.

٥- تولدو: ویلایەتێکە لە ئەسپانیای ناوەندیدا، لەسەرچاوە ئیسلامییەکاندا "طليطله"یە.

٦- سەڤیل: دەڤەرێکی باشووری رۆژئاوای ئەسپانیایە، لەسەرچاوە ئیسلامییەکاندا "ئەشبیلیە"یە.

٧- فردیناند ئاراگون (١٤٥٢- ١٥١٦ز): فەردیناندی پێنجەم لە خانەدانی شاهانی ئەسپانیا، فردیناندنی دووەم لە خانەدانی شاهانی ئاراگون‌و سیسیل، فردیناندی سێیەم لە خانەدانی شاهانی ناپل، ناسراو بە فەردیناندی کاسولیك.

٨- ئیزابیل کاستیل (١٤٥١- ١٥٠٤): بە ئیزابیل-ی کاسولیك ناسراوە. شابانۆی کاستیل کە پاش شوکردن بە فردیناند ئاراگون دەبێ بە شابانوی ئەو وڵاتە.

٩- گرانادا: ناوچەی باشووری ئەسپانیایە، لەسەرچاوە ئیسلامییەکاندا (غرناطة)یە.

١٠- روذریگوگوت: دوایەمین پاشای "گوتە رۆژئاواییەکان" بوو لە ئەسپانیادا، کە لە ساڵی ٧١٥ز هاتە سەر حوکم.

١١- سانچوی دووەم (١٠٧٢ز): کوڕی فردیناندی یەکەم‌و شای کاستیل بوو (١٠٦٥- ١٠٧٢).

١٢- ئالفونسوی شەشەم (١٠٣٠- ١١٠٩): ناسراو بە دلاوەر، شای لیون لە ساڵانی (١٠٦٥- ١١٠٩ز)و شای کاستیل لە ساڵانی ١٠٧٢- ١١٠٩ز).

١٣- کاریون: ناوچەیەکە لە باکووری ئەسپانیای ناوەندی.

١٤- ناڤارا: ویلایەت‌و حاکم نشینی جارانی باکووری ئەسپانیایە

١٥- دوکاسترو "١٥٦٩- ١٦٣١" شانۆنامەنووسێکی ناوداری ئەسپانیاییە.

١٦- ئیتا: شارێکە لە ئەسپانیای ناوەندی.

ئەدەبیاتی ئیتالیایی

سەرەتایەکی مێژوویی:

خەسڵەتی خودی مێژووی ئیتاڵیا ناکۆکیو جیاوازییە- جیاوازی نەژادو دیالێکت، جیاوازی مەیلی سیاسی، جیاوازی پێشکەوتنی ناوخۆو دابو نەریتو ڕێورەسمی باو. لە ساڵی ٤٧٦ز کە دوا ئیمپراتۆر بە دەستی هەندێ تیرەی هۆڤی دەکەوێ، ئیتاڵیا تا نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم هیچ کاتێك یەکێتیو یەکپارچەیی بەدەست نایەنێ. ئوسترو گوتەکان، ویزگوتەکان، ڤاندالەکان و بیزانسەکان، بە درێژایی سەدەکانی پانزەیەمو شانزەیەم ئەم وڵاتو سەر زەمینە غەرقی ئاژاوەو پاشاگەردانی دەکەن، لومباردەکان لە ساڵی ٥٦٨دا پەلاماری ئیتالیا دەدەنو بۆ ماوەی دوو قەڕن حوکمڕانی ئەوێندەر دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا، هەرگیز ناتوانن ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نیمچە دوڕگەکە، بەشێك لە باشوور، روم، سیسیل، ساردنیو کرس بگرن. شارلمانی لە ساڵی ٧٧٤دا لومباردەکان دەشکێنێ، و لە ساڵی ٨٠٠دا وەکو ئیمپراتۆری ئیمپراتۆریەتی مقەدەسی روم تاج لەسەر دەنێو تا ساڵی ٨٨٨ماڵباتو خانەدانی وی لەسەر حوکم دەمێنن. پاشان ئیتاڵیا دەکەوێتە گێژاوی پەشێویو پاشاگەردانییەوەو تا لە ساڵی ٩٦٢دا ئوتوی ساکسون (ئوتوی "١" مەزن)دەگاتە ئیمپراتۆری. لە سەرەتاکانی سەدەی پانزەیەم دا نورمانەکان دزە دەکەنە ناو ئیتاڵیای باشووریو حوکمڕانی سیسیل، ناپل، کاپوا"٢"، و ئاپولیا"٣" تا ساڵی ١١٣٧ دەگرنە دەست. ئەنجام لە ساڵی ١١٩٧دا یەکێتی لە نێوان حکومەتی دەڤەری باشوورو ئیمپراتۆریەتی مقەدەسی رومدا چێدەبێ.

لە سەدەکانی دوازدەیەمو سیانزەیەمدا ئیتالیا دوو ڕووداوی مێژوویی بە خۆیەوە دەبینێ کە بۆ توێژەرانی ئەدەبیاتی ئەم وڵاتە یەجگار گرنگن، و بریتیین لە: پەیدا بوونو سەرهەڵدانی دەوڵەتی -شاران لە باکوورو هەوڵو کۆششی پاپا لە پێناوی دەسەڵاتی سیاسیدا.

لە سایەی سەر هەڵدانی چینی شارنشینو لەبەر ڕۆشنایی برەوی بازرگانیدا، کە زادەی جەنگێن سەلیبییە گەلێك لە شارەکانی ئیتالیای باکووریو ناوەندی سەروەتو سامانێکی فرە بە دەست دێننو بە جۆرێك دەسەڵاتی رامیاری خۆ فراوان دەکەن کە -هەر چەند بەناو بە پەیڕەوی ئیمپراتۆری مقەدەسی روم یان ئیمپراتۆری بیزانس دەژمێردرێن- بە ئاشکرا خودموختاریان دەبێ، فلورانس، ڤینیز، جەنەوا، پیزا، میلان، بولونی، پاویا، و کریمونا، لە رووی بازرگانی، رامیاری، و ڕۆشنبیرییەوە بایەخێکی شایستە پەیدا دەکەن.

کاتێ کە هنری "٤" شەشەم، پاپائینوسنت-ی سێیەم"٥" بە سەرپەرشتیاری شازادە فردریك"٦" هەڵدەبژێرێ، مشتومڕێکی توند دەست پێدەکاتو تاوەکو سەدەی چواردەیەم

درێژە دەکێشێت. لەگەڵ مردنی هنریدا لە ساڵی ١١٩٧، سەنگ و ئیحتوباری سیاسی پاپا زیاد دەکات، و لە لایەن ئوتوی برونسویکی"٧"، لە خانەدانی گویلف"٨" (ویلف)، و داواکاری پاشایەتییەوە پشتیوانی دەکرێت. ئیمپراتۆری لاو فردریکی دووەم، لە ماڵباتی گیبلین"٩"، سەرکردایەتی ئۆپۆزسیۆن لە ئەستۆ دەگرێت. هەڤرکی و رقبەرقێی نێوان ئەم دەوڵەتو شارو ئەو دەوڵەتی-شار، گەلێکیان بەرەو لایەنگری لە تاقم تاقمێنە دەبات کە بە زۆری لە ناو شارەکاندا دروست دەبێ، شەرێکی زۆر روو دەدا، بەڵام هیچ یەکێك لەو شەڕانە چارەنووسساز نین، لە ئەنجامدا هەردوو هەڤرکەکە واتە گویلف-ەکانو گیبلینەکان لە پێناوی بردنەوەی شەڕدا داوای کۆمەك لە شاهانی بێگانە دەکەن، و ئەم وەزعو حاڵە تا زەمانی مردنی دانتی (١٣٢١) بەردەوام دەبێ.

نۆڕینێکی گشتی:

زمانی ئیتالیایی لە زمانی لاتینی – زیاتر ناسراو بە لاتینی کلاسیك-ەوە سەرچاوە دەگرێ ئەم زمانە بەرە بەرە گەشە دەکاتو تا دەوروبەری ساڵی ٩١٥ وەکو زمانێکی تازە ئیعتراف پێناکرێت.

شانو شەوکەتو ئیحتوباری نووسەرانی گەورەی ئیمپراتۆریەتی رومی کۆنو قاییل نەبوونو ئیعتراف نەکردن بە ئیتاڵی وەکو زمانێکی نوێ -نەك لەهجەیەکی میللی- زۆربەی نووسەرانی ئیتالیایی والیدەکات بەرهەمەکانی خۆیان بە لاتینی بنووسن. بۆیە ئەدەبیاتی ئیتالیایی لە سەدەکانی ناڤیندا، بەو ماناو چەمکەی ئەدەبیاتی فەرەنساوی، ئاڵمانی، یا ئەسپانیایی لە سەدەکانی ناڤیندا، نایەتە ئاراوە، لەگەڵ ئەمەشدا لە سەدەی سیانزەیەمدا، گوئیدو گوئینیچلی"١٠"، گوئیدو دل کولونە"١١"، قەشە فرانسیس ئاسیزی"١٢"، گوئیدو کاڤالکانتی"١٣" و چینودا پیستویا"١٤" کۆمەڵە شیعرێکی لیریکی ستایش ئەنگێز دەنووسن، و برونتولاتینی"١٥" ئەنسکلوبیدیایەكو، گەنجینە کە بەیتێکی فێرکاری درێژە لە قاڵبو چوارچێوەی ڤیز"١٦"یوندا دەنووسێت. هەڵبەتە دانانو نووسینی یەکەمین بەرهەمی ئەدەبیی بە قەدرو ئیحتوباری جیهانی بۆ دانتی دەمێنێتەوە.

دانتی (دورانتی) ئالیگیری

(١٢٦٥- ١٣٢١):

دانتی ئالیگیری، شاعیری گەورەو دەوڵەتڕانی ئیتالیایی لە خانەدانی دیاری گویلف- لە فلورانس دێتە دنیاوە، زانیارییەکی زۆر دەربارەی سەرەتاکانی ژیانی شاعیر لە بەردەستدا نییە، بەڵام گومان لەوە نییە کە لەلای برونتولاتینیی زانای ئیتالیا خوێندویەتی. دانتی بە خۆی دەڵێت لە مانگی ٥/ ١٢٧٤دا، کە تەمەنی نزیکەی نۆ ساڵێك دەبێ، تووشی بیاتریچە پورتیناریی کیژی (کە هەشت ساڵان دەبێ) یەکێك لە دەوڵەمەندانی شاری فلورانس دەبێو یەکسەر ئاشقی کیژە دەبێ. بیاتریچە دوای نۆ ساڵ بۆ یەکەمین جار قسەی لەگەڵدا دەکاتو

ئەمە دانتی دەکات بە شاعیر. دانتی هەمیشە لە دوورەوە، و تەنانەت پاش شووکردنی بیاتریچە بە پیاوێکی دیکە، دەیپەرستێ. مەرگی مەحبوبە لەساڵی ١٢٩٠دا شاعیر لە نائومێدییەکی قوڵدا غەرق دەکات. دانتی لە ساڵی ١٢٨٩دا لەگەڵ گویلفەکاندا دژی گیبلینەکان دەکەوێتە شەڕو لە ئەنجامدا سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست دێنن. ئەو دە ساڵێك لەوە دواتر لە سیاسەتی فلورانسدا رۆڵو دەورێکی گەورە دەبینێ. لە ساڵی ١٣٠٠دا بۆ بالاترین پایەو مەقامی سیاسی ناوچەیی بەرزدەبێتەوە: دەبێ بە یەکێك لەو شەرش رابەرەی کە حوکمڕانی شار دەکەن. لەوە دوا گویلفەکان دەبن بە دوو بەشەوە: سپییەکان (بیانکی)، یان میانڕەوەکان، و رەشەکان (نیری)،یان لایەنگرانی پاپاو تەرفدارانی ریفۆرمی بنەڕەتی. دانتی لە بەرەی سپییەکاندایە. لە ساڵی ١٣٠١دا توندوتیژی زیاد دەکاتو رەشەکان بەسەر سپییەکاندا سەردەکەون، دانتیوهاوڕێیانی لە فلورانس دوور دەخرێنەوە. دانتی ئیدی هەرگیزبۆ فلورانس ناگەڕێتەوە، و دوا بیست ساڵی تەمەنی لە شارانی جۆراوجۆردا بە گەشتو گەڕان دەقەتێنێو لە هەموو شوینێکدا دۆستانو هەوادارانی بە دڵو بەگیان خزمەتی دەکەن. ئەنجام لە راڤینا"١٧"دا کۆچی دوایی دەکاتو هەر لەوێندەر بە خاك دەسپێردرێ.

<u>بەرهەمەکانی:</u>

<u>ژیانی نوێ (١٢٩١- ١٣٠٠):</u>

ژیانی نوێ لە ئەڤینی دانتی بۆ بیاتریچە سەرچاوە دەگرێ. ئەم بەرهەمە کۆمەڵەیەکی سیو یەك شیعریە –زیاتر لە قاڵبی سانت"١٨"و کنزونە"١٩"–دایە کە ئاوێتەی پەخشانە. لە فەسڵی یەکەمدا (دە شیعرە) باسی یەکتر دیتنی دانتیو بیاتریچە و کاریگەری جوانیو نازداری وی دەکرێ، لە فەسڵی دووەمدا (کە دە شیعرە) باسی ئەو موعجیزاتە دەکرێ کە سامو شکۆی ئەڤینی بیاتریچە دەخوڵقێنێ، لە فەسڵی سێیەمدا باسی مەرگی بیاتریچەو بیرەوەرییەکانی دانتی دەربارەی وی دەکرێت. دانتی لە بەشی کۆتایی ئەم فەسڵەدا، قۆناغی گۆڕانی ئەشقی دنیایی بیاتریچە بۆ نموونەیەکی ئەشقی ئاسمانی یا روحانی دەست پێ دەکات، ئەو قۆناغەی کە لە کتێبی بەهەشت–ی کۆمیدیای خواییدا کەماڵی پێ دەبەخشێت. کۆمەڵە شیعری (ژیانی نوێ) بە پاشگوتارێکی (پاشەکییەك) دانتی کۆتایی دێت کە لەوێدا ئاماژە بە بیرۆکەی ئەفراندنی کۆمیدیای خوایی دەکات. دەڵێ لە دنیای خەوندا هەندێ شتی دیتووە کە رێگەی نادەن شیعر بە بیاتریچەدا هەڵبڵێ مەگەر کاتێ کە بتوانێ لە شیعر گەورەتری پێدا هەڵبڵێ، یان کاتێك کە بتوانێ بە جۆرێ باسی بکات کە هەرگیز کەسێك دەربارەی هیچ ژنێك نەیکردبێ.

<u>(زیافەت- ١٣٠١- ١٣٠٩):</u>

دانتی لەم بەرهەمەدا هەوڵدەدا کە فەلسەفە بۆ خەڵکی ئاسایی و عەوام باس بکات، و زیافەتێك لەپاشماوەی سەر سفرەو خوانی گەورە فەیلەسوفان ساز بدات، جا بۆیە زیافەتەکەی دانتی شتێکی ئەوتۆ نییە جگە لە وەرگێڕانێکی(بۆ ئیتالیایی)عەوام پەسندی هەندێ بەرهەمی ئالبرتوس ماگنوس"٢٠"، و توماس ئاکویناس"٢١" لەمەڕ حیکمەت و فەلسەفەی ئەرەستۆ، ئەم بەرهەمەی دانتی کاریگەری یوئیتوس"٢٢"-شی پێوەیە.

دانتی پێوە بوو هەوەڵجار پێشەکییەکی تێرو تەسەل دەربارەی فەلسەفە بنووسێت، پاشان شرۆڤەی هەر یەکێك لەو ١٤ کنزونەیە بنووسێت کە وادیارە پێشتر نووسی بووبنی. بەڵام تەنیا پێشەکییەکەو سێ شرۆڤەی پێ دەنووسرێت.

لێرەدا بیاتریچە بە شێوەی مەجازێك لە فەلسەفەی خوایی تەجەلی دەکات، و لەم قۆناغەدا خودی بیاتریچەیە کە بوونەوەرێکی خوایی ستایش دەکرێت.

دەربارەی زمانی میللی (١٣٠٤):

ئەم بەرهەمە بەڵگەنامەیەکە بە پەخشانی لاتینی کە، دانتی داکۆکی لەمەڕ لە زمانی ئیتاڵیایی بۆ نووسینی ئەدەبیات(لە هەنبەر لاتینی)نووسیویەتی، بایەخی ئەم قەواڵەیە تەنیا لە داکۆکییە زندووەکەی لە زمانی خۆماڵی نییە، بەڵکو لەو روونکردنەوانەشدایە دەربارەی شێوەزارە باوەکانی ئیتاڵیا و لەو ئامۆژگارییانەشدایە کە دەربارەی کێش و وەزنی شیعری ئیتالیایی دەیکات. لێرەشدا دانتی لە چوار کتێبە دڵخوازەکەی خۆی، تەنیا کتێبی یەکەم و هەندێ بەشی کتێبی دووەمی پێ تەواو دەکرێ.

دەربارەی دەسەڵات و پاشایەتی (١٣١٣):

نامەیەکە بە پەخشان و بە زمانی لاتینی. کە دانتی بیروبۆچوونی خۆی لەمەڕ قەڵەمڕەوی دەسەڵاتی حکومەتی دنیایی و خوایی بە دوورو درێژی دەردەبڕێت، ئەم نامەیە بریتییە لە سێ کتێب: لە کتێبی یەکەمدا باسی زەرورەت و پێویستی حکومەتی دنیایی بۆ جیهان دەکرێت، لە کتێبی دووەمدا، باس باسی ئەوەیە کە قازانجی خەڵکی روم لە پەیڕەویکردنی ویستی خوایی دایە، و لە کتێبی سێیەمدا باس باسی ئەوەیە کە دەسەڵاتی ئیمپراتۆران لە دەسەڵاتی خوداوەیە نەك لە دەسەڵاتی پاپاوە.

کۆمیدیای خوایی (سەرەتا١٣٠٧- کۆتایی ١٣٢١):

کاریگەری فاکتەرە ژینگەیی و ئەدەبییەکان:

نیشاندانی هەموو ئەو فاکتەرە ژینگەییانەی کە کاریان کردۆتە سەر کۆمیدیای خوایی نووسینەوەی مێژووی تەواوی فلورانس-ی سەدەی سیانزەیەم و ژیاننامەی تەواوی دانتی دەخوازێ. گەندەڵی کڵێسا، شەڕی نێوان کویلفەکان و گیبلینەکان، دابەش بوونی گوبیلفەکان بەسەر سپییان و رەشاندا، نەفی کردن و دوور خستنەوەی دانتی، تۆرانی دانتی لە فلورانسا،

وەفاداری دانتی دەرهەق بە هاندەران و هەوادارانی خۆی و ئەشقی وی (هەڵبەتە لە هەموو فاکتەرەکانی دی گرنگترە) بۆ بیاتریچە، لە ئاسۆی بەرینی کۆمیدیای خواییدا رەنگ دەدەنەوە.
لە نێو ئەو نووسەرانەدا کە کاریگەرییان بەسەر ئەم شاکارە مەزنە شیعرییە بەشەرییەوە حاشا هەڵنەگرە، دەکرێ ناوی ئەمانەیان ببرێ: هۆمەر، ئەرستۆ، سیسرون، ڤیرجیل، ستاتیوس، لوکانوس، بوئتیوس، ئالبرتوس، ماگنوس، توماس ئاکویناس، گوئیدو گوئینیچلی، گوئیدو کاوالکانتی، چینوداپیستویا، و برونتولاتینی.

کرۆکو چەمکی بەیتەکە:

کۆمیدیای خوایی، مەجازێکە دەربارەی سەفەری روحی مرۆڤ بۆ سێ شوێنی ئەو دنیا، واتە بۆ دۆزەخ، بەرزەخ، و بە هەشت، روح خۆی بە تاقی تەنێ لە جەنگەڵ و بێشەیەکی ترسناکدا دەبینێتەوە. ئەقڵ (لە شێوەی فیرجیل-ی گەورە شاعیری رومی) لێی پەیدا دەبێ و بە بیرە قووڵەکانی دۆزەخا، و بۆ کێوی ئەعراف-ی (بەرزەخ) دەبات. لێرەدا روح، کە لە دۆزەخدا سزای سامناکی گوناهکاریی دیوە، پاڵاوتەو پاکژ دەبێتەوەو شایستەیی ئەوە پەیدا دەکات کە بۆ سەر ئەستێران بچێ، هەنگێ حیکمەتی خوایی (لە شێوەی بیاتریچە)دا دەردەکەوێ، روح بەنۆ بورجی بە هەشتیدا دەپەڕێنێتەوەو دەیگەیەنێتە مەلەکوتی باڵا. گەلێك لە هێماو رەمزەکان، دوو یان سێ مانای، ئەخلاقی، مەزەبی، و مێژووییان هەیە، هەندێ لەم رەمزانە هێشتاش هەر ئاڵۆزو نامەفهوم دەنوێنن. ژمارەیەك کەسایەتی مێژوویی و ئەفسانەییش باس دەکرێن کە هەر یەکێکیان چاکەیەك یان خراپەیەکی تایبەتی بەرجەستە دەکەن، هەندێك لە دۆزەخدا یان لە بەرزەخدا لە ئازارو عەزابان، و ژمارەیەك کە بەر لوتف و مەرحەمەتی خوا کەوتوون لە یەکێك لە بورجەکانی بەهەشتدا لە خۆشی و نازو نیعمەتدان.
لەم بەرهەمەدا سوودی زۆر لە ژمارە رازدارەکانی وەکو ۳، ۷، ۹، دەو سەد وەردەگیرێ.
کۆمیدیای خوایی مەلحەمەیەکی (داستان) ئەدەبییە، بەڵام لە داستانانی وەکو ئیلیادو سرروودی رولان ناچێت، چونکە ئەمانە بە ئیلهامی ئەو ئەفسانەو گۆرانی و سروودانە نووسراون کە ساڵانێکی دوورو درێژ دەماو دەم دەگێڕدرانەوە، لێ کۆمیدیای خوایی بە تەواوی زادەو خەڵقی خەیاڵ و بلیمەتی یەك مرۆڤە، کۆمیدیا، بە پێچەوانەی ئانئید-ەوە، لە خانەی داستانانیش ناگیرسێتەوە، چونکە کەسایەتی یەکەم (خودی دانتی) بەرجەستەکاری فەزیلەتە تەقلیدیەکانی وڵات نییە، بەڵام رەنگە لەو رووەوە کە رەنگدانەوەیەکی مامۆستایانەو وەستایانەی پەشێوی و پاشاگەردانیەکانی ئیتالیای سەدەی سیانزەیەمە بە داستانێکی نەتەوەیی بژمێردرێ. رەنگە گونجاوترین سەرناو بۆ ئەم بەیتە (داستانی سەدەکانی ناڤین) بێ، چونکە ناوەڕۆك و تیمەکەی بریتییە لە زەمینە خۆشکردن بۆ ژیانی دوای مردن، کە مایەی دڵتەنگی و خەمباری مرۆڤی سەدەکانی ناڤین بوو.

بونیادو کێشی کۆمیدیای خوایی:

دانتی سوودی زۆری لە ژمارەی رازداری (٣) هەم لە بونیادی کۆمیدیاو هەم لە قافیە بەندییەکەیدا دەبینێ. بەیتەکە سێ کتێب یان لە سێ چامە: دۆزەخ، بەرزەخ، بەهەشت، بەرزەخو بەهەشت هەریەکەیان ٣٣ پارچەیە، و دۆزەخ-ش لە سیو سێ پارچە، ئەمە جگە لە پێشەکییەکەش کە لە حوکمی یەك پارچەدایە، بەم پێیە، ژمارەی پارچەکانی ئەم شاکارە سەد پارچەی خشتە. بەیتی کۆمیدیای خوایی چواردە هەزارو دوو سەدو سی دێرە.

هەر بەیتێکی کۆمیدیا یازدە هیجا یان بڕگەیە، عادەتەن وەستان لەسەر دەنگی بڕگەی پێش کۆتاییە (و هەندێ جار لەسەر دەنگی کۆتایی یان دەنگی بەر لە دەنگی پێش کۆتاییە).

قافیەی شیعرەکان (کە لە داهێنانی خودی دانتییە) (ترزاریما- Terzarima)ی ناوە، (هۆنراوەیەکی سێ بەندییە لە ئەسڵدا ئیتاڵییەو قافیەکەی بەمجۆرەیە: Aba, bcb, cdc: "موشح". بەمجۆرە لە شیعری سێ بەند، یا سێ خشتەکیدا، لە ئەسڵدا ئیتاڵییەو قافیەکەی بەمجۆرەیە: aba, bcb, cdc (موشح). بەمجۆرە لە شیعری سێ بەند یان سێ خشتەکەیدا. بەیتی دووەم لە بەندی یەکەم، لەگەڵ بەیتی یەکەمو سێیەم لە بەندی دووەمدا هاوقافیە دەبێو هەروەها بەیتی دووەم لە بەندی دووەم لەگەڵ بەیتی یەکەمو سێیەم لە بەندی سێیەم هاوقافیە دەبێ. بەمجۆرە:

______ ا
______ ب بەندی یەکەم
______ ا

______ ب
______ ج بەندی دووەم
______ ب

______ ج
______ د بەندی سێیەم
______ ج

زمانی کۆمیدیا:

زمانی کۆمیدیای خوایی دیالێکتی توسکا"٢٣"نییە کە دانتی دەورێکی یەجگار گەورەی لە گۆڕینو چەسپاندنیا وەکو شێوەزاری هەرە زاڵی وڵاتی ئیتاڵیا هەبووە. ئەم دیالێکتە بە بناغەی زمانی تازەی ئیتاڵیایی دەژمێردرێ.

چیرۆکی کۆمیدیا:

دانتی، زەوی بە چەق و ناوەندی جیهان دەزانێ. کاتێ ئەهریمەن و فریشتە لەگەڵ ویدا لە بەهەشتەوە بۆ سەر زەوی دێن، لە ئەنجامی بەرخوردی واندا، بیرێکی شێوە مەخرووتی چێدەبێ، کە سەرەکەی لە خاڵی چەقی زەویدا جێگیر دەبێ. ئەم بیرە دۆزەخە، کە نۆ تەبەقەی هەیە کە بەرەبەر تەنگتر دەبێ.

شاری بەیتول مەقدس کەوتووەتە سەر بنکەی مەخروتەکەو بەرزترین خاڵی گۆی زەوی. لەوبەری گۆی زەوییەوە، لە خاڵی بەرانبەری بەیتول مەقدسدا، کێوێکی گەورە سەری بەرزکردۆتەوە کە ئەعراف یان بەرزەخی ناوە دەکرێ بە حەوت سەکۆی سزاوە. باخی عەدەن یا بەهەشتی زەمینی کەوتۆتە قوللەو لوتکەی ئەم کێوەوە. نۆ بورج یان فەلەکی یەك چەق، یا ئاسمانان دەوری زەمینیان گرتووە، لە پاش دوا فەلەکەوە، بورجی بلورین یان عەرشە کە جێگەی خوایە.

أ- **دۆزەخ:**

دانتی لە دنیای خەوناندا خۆی لە بێشەیەکی تاریکدا، لەناو مەترسی و خەتەری گیانەوەرانی هۆڤیدا دەبینێتەوە. لەم کاتەدا فیرجیل (نوێنەرو نیشانەی ئەقڵ و ئاوەزی مرۆڤانی) پەیدا دەبێ، و رێنوێنی دانتی لە سەفەرەکەیدا (کە بیاتریچە بە مەبەستی ئامۆژگاری و پاکژبوونەوەی ئاشقەکەی خۆی پێشنیازی کردووە) دەکات. بە دوو قۆڵی رێگەی سەفەر دەگرنە بەر. یەکەم قۆناغیان دەروازەی دۆزەخ، شوێنی گیانە ترسنۆکەکان و هەلپەرستانە. ئەوجا سەفەرەکە بۆ هەر نۆ بیرەکەی دۆزەخ بەردەوام دەبێ، چەند لە چینەکانی خوارەوە نزیکتر دەبنەوە، سزاکان توندتر دەبێ. بەڵام لە سەرانسەری دۆزەخدا هەر سزایەك لەگەڵ جۆری تاوانەکەدا گونجاوە. لە چینی یەکەمدا دیداری گیانی منداڵانی تەعمید نەکراوو بێ دینانی بە فەزیلەت دەکەن، و ڤیرجیل بە خۆی یەکێکە لە دانیشتووانی ئەم تەبەقەیە. لە تەبەقەی دووەمدا، سێکس پەروەران، لە تەبەقەی سێیەمدا چڵێس و ورگ پەروەران، لە تەبەقەی چوارەمدا حەسوودو پیسکەو بەغیلان، لە تەبەقەی پێنجەمدا، تەمەڵ و توندە تەبیعەتان، و لە تەبەقەی شەشەمدا زەندیقان نیشتەجێن. تەبەقەی حەوتەم تایبەتە بە درِندە تەبیعەت و دەست درێژکاران، و هەر هەموو زۆرداران، پیاوکوژان، خۆ کوژان، توندڕەوان و دەست درێژیکاران بۆ سەر خواو سروشت و هونەر لەوێندەر خڕبوونەتەوە. تەبەقەی هەشتەم دەکرێ بە دە بەشەوەو لە هەر بەشێکیدا بەریز ئەم سنفانە: ١- قورمساغان و دەغەڵبازان. ٢- ریاکاران. ٣- فرۆشیارانی ماڵ و پایەی روحانی. ٤- فاڵچیان و غەیبگۆیان. ٥- دزان. ٦- مونافقان. ٧- دزان و رێگران. ٨- راوێژکارانی تەزویرچی. ٩- بەدزمانان و ١٠- ساختەچی و قەڵپکاران، سزا دەدرێن. تەبەقەی نۆیەم. بۆ شوومترین دۆزەخیان، واتە بۆ مەحکومان بەخیانەت و بەد ئەندێشی، تەرخان کراوە، چوار بەشی هەیەو لە هەر بەشێکیاندا بەریز ئەم سنفە خەڵکانەن: ١- خاینان بە کەسوکاران. ٢- خاینان بە

نیشتمان. ٣- خاینان بە میوانان. ٤- خاینان بە پێشەوایان‌و خێرخوازان‌و چاکەخوازان سزا دەدرێن. لە بنکی بەشی چوارەمداو تەقریبەن لە قولایی سەهۆلبەنداندا (زەمهەریر) -لە چەقی زەویدا- شەیتان دەژی، کە بە بەردەوامی بە ددانەکانی یەهودا"٢٤"، بروتوس"٢٥"، و کاسیوس"٢٦" دەجوێ. لە پشت بارەگاو ماڵەکەی شەیتانەوە، رچەرێیەکی پەنهان‌و ژێر زەمینی بۆ کێوی ئەعراف (بەرزەخ) دەچێ، و ڤیرجیل‌و دانتی لەم رێگەیەوە دەگەنە بەرزەخ.

ب- بەرزەخ:

واتە بەشی دووەمی چامەی کۆمیدیای خوایی، لە چاو دۆزەخدا، کە تۆن‌و نەوایەکی ترسناکی لەمەڕ بەکارهاتووە ، زۆر نەرمترە ، گەرچی رەنج‌و عەزاب سەرانسەری بەرزەخی گرتووە، بەڵام هاماجێکی ئومێدەوارانەی هەیە، چونکە شوێن‌و جێگای گوناحکارانی تۆبەکارە -کە لە ئەنجامدا دەچنە بەهەشت. بەرزەخ حەوت سەکۆو یەك حەوشەو مەیدانی هەیە. خەمساردان‌و بێ موبالاتان‌و ئەوانەی کە بەبێ ئەڤینی خوا مردوون، لە حەوشەو مەیدانەکەی بناری کێوەکە پاڤژ دەبنەوە، لە حەوت سەکۆکەشە ئەنجامدەرانی حەوت گوناحانی گەورە، واتە خۆپەسندی‌و لوتبەرزی، حەسودی، رق، تەمەڵی، چاوچنۆکی یا زێدە مەسرەڤ، چڵێسی‌و زیادە خۆری، و نەفسپەرستی، بەریز شوێنی خۆیان گرتووە. دانتی تازیاتر لە لوتکەی کێوەکە نزیك دەبێتەوە بۆی دەردەکەوێ کە سەختی‌و دژواری سزاکە بە گوێرەی گەورەیی‌و بچووکی گوناحەکە کەم‌و زیاد دەبێ.

کاتێ کە دانتی و ڤیرجیل لە لوتکەی کێوەکە نزیك دەبنەوە، بیاتریچە دەردەکەوێ و وەکو رێنوێن جێی ڤیرجیل دەگرێتەوە، بە هۆی کەم تەقواییەوە سەرزەنشتی دانتی دەکات بەڵام بۆ باخی عەدەن‌و پاشان بۆ بە هەشت رێنوێنی دەکات.

ج- بەهەشت:

(فیردەوس یان بە هەشت نۆ فەلەکی هەیە: مانگ، عەتارد، زوهرە، خۆر، مەریخ، مشتەری، زوحەل‌و، "فەلەك"ی جێگیران‌و بورجی بورجان).

دانتی کە بە رێنوێنی بیاتریچە دەچێتە سەرێ شکۆو مەزنایەتی ئەفلاك (بورجان) دەبینێ لە سێ بورجی یەکەمدا، ئەو روح‌و گیانانە دەبینێ کە لە رێگەی خواپەرستی‌و پارێزکارییەوە چوونەتە بەهەشت، بەڵام ئەوەندە پارێزکارو خواپەرست نەبوونە کە بگەنە باڵاترین پلە. لە بورجی مانگدا ئەو گیانانە دەژین کە درێغیان لە ئەنجامدانی نەزران کردووە، لە بورجی عەتاردا ئەو کەسانە دەبینرێن کە لە دادگەریدا کەمتەرخەم بوونە، ئەو کەسانە لە بورجی زوهرەدان کە لە رێگەی میانرەوی دەرچوون. لە چوار بورجەکەی دواتردا ئەوانە دەژین کە نموونەی چوار فەزیلەتی بنچینەیین: لە خۆردا زانایان‌و دووربینان، لە مەریخدا دلاوەران‌و جوامێران، بە تایبەمتی خەباتکاران، لە مشتەریدا دادپەروەران، بە تایبەتی فەرمانڕەوایان، و لە زوحەلدا عیبادەتکاران، بە تایبەتی گیانانی چلەکێشان‌و هزرڤانان، بورجی هەشتەم،

بورجی جێگیرەکانە کە قەرینەو هاوتای بەهەشتی باخی عەدەنە، لێرەدا دانتی خەونی رزگاری ئادەمیزاد، سەرکەوتنی مەسیح، و ئادەمی تازە دەبینێ، لەم بورجەدا فەزیلەتی سییانەی خوایی، واتە ئیمان، ئومێد، و چاکە تەجلی دەکاتو، بورجی نۆیەم، بورجی بلورین یا داینەمۆی بنچینەییە کە تەبیعەت، زەمانو جوولە لەوێندەرەوە دەست پێدەکات. لە دوای ئەوە ئیدی عەرشی بالایە، واتە (بەهەشتی راستەقینەی بەسیرەت، و یەکپارچەییو فەرو بەرەکەت، کە لەوێدا، خواستی ئادەمی دەگاتە ئارامی لە پاڵ خێری رەهاو حەقیقەتی موڵتەق بە دەست دێنێ). لێرەدایە کە یەزدان هەموو قەدیسانو فریشتەو مەلایەکەتانی بە روناکی بوونی خۆی جوان کردوە. ئەمە بەهەشتی راستەقینەی ئەندێشەیە کە هەموو جیهانە مەلەکوتییەکانی دیکە بە یەکترەوە دەبەستێت. دانتی لێرەدا لە رازو نهێنی Trinity"٢٧" سێینە "تەسلیث" و یەکبوونی ئادەمیزاد لەگەڵ خوادا حاڵی دەبێ،هەموو مەبەستی سەفەرەکەی ئەویش هەر ئەمەیە. بەمجۆرە کۆمیدیاکەی کۆتایی دێت.

کورتەیەکی رەخنەکان:

بەلای کەمەوە یەکێك لە رەخنەگران (چارلز هال گرانجنیت) دانتی بە یەکێك لەو سێ شاعیرە دەزانێ (دووەکەی دی هۆمەرو شکسپیرن) کە توانای خەیاڵی مرۆڤیان زۆر بەرز کردووە. جگە لە هەندێ راوبۆچوونێکی دژ، ژمارەیەکی زۆر لە ئەهلی ئەدەبو مێژوونووسانی مێژووی ئەدەبیاتیش دانتیان بە یەکێك لەو ٥- ٦ گەورە شاعیرە زانیوە کە تاکو ئێستا لە ئاسمانی شیعرو ئەدەبی جیهاندا درەوشاونەتەوە. رازی گەورەییو شکۆی دانتی لە تەکنیك و شێوەی پەرداخو نێوەڕۆکی بەرهەمەکانیدا پەنهانە.

یەکێك لە لایەنە هەرە سەیرەکانی قەریحەی دانتی خەیاڵی وێنە پەروەری ویە. شێوازی وەسفکاری دانتی دەکرێ بە میلتن بەراورد بکرێت: ئەم شاعیرە ئینگلیزە لە باسی دۆزەخدا پەنا وەبەر هێڵە گشتیو موبالەغە ئامێزەکان دەبات، دانتی بە پێچەوانەی ئەوەوە پابەندی وەسفی وردو تێر تەسەلە. میلتن لایەنی تەجریدی دەگرێت، دانتی ئیلهام لە پێگەی واقیعی و بابەتی وەردەگرێ و ورد و درشتی حەقیقەتەکان لەبەر چاو دەگرێ.

تایبەتمەندییەکانی دیکەی شێوازی دانتی کە لەسەریان ستایش کراوە بریتییە لە: قەرینەسازی، هاوسەنگی، تیباق و لوتکەی بەرهەمەکانی.

دەبێ ئەوە بگووترێ کە عەیبی وەکو، پەخشان ئامێزی یەکهاوی، (بەتایبەتی لە بەند و پارچە فەلسەفییەکاندا)، ئاڵۆز، نامۆییان لە دانتی گرتووە.

هەر چەندە دانتی مامۆستای هونەرو شێوازە، گەورەترین هونەری وی لەواری شاعیریدا، لە هزرو خەیاڵ، رێچکەو رێباز، راوبۆچون، و دید و گۆشەنیگای ئاینی و ئەخلاقی ئەودا پەنهانە. هەر چەندە هەندێ جار دژمنانی خۆی دەداتە بەر ئاگری دۆزەخ و بێزاری خۆی لێیان دەردەبڕێ و لەم رووەوە بووەتە مایەی سەرزەنشت و گازاندە، لەگەڵ ئەمەشدا (کومیدیای خوایی)یەکەی بەیتێکی تاسەر مۆخ ئەخلاقیە. لە سەرانسەری ئەم بەیتەدا کە

داستانی ئادەمیزادە، بنیامێك رووبەرووی داوەرێکی دادپەروەرە کە بەپێی یاساێن بنجبڕ، پاداشت و سزای ئەو (بنیادەم) رادەگەیەنێ. دۆزەخ و بەرزەخ و بەهەشت چەند قۆناغێکن لە گۆڕانی روحی بەشەر، لە داننان بە گوناحکاری‌و دزێوی خەتاو تاوان، لە پەشیمانی و تۆبەکاری، و سەفای روحی‌و ئەشق‌و ئەڤین.

جگە لەمە بەیتەکە کاریگەرییەکی جیهانی گەورەشی هەیە، و لەمەی پتر چاوەڕوانی چ لە شاعیرێك دەکرێ؟ دانتی هەر هەموو ژیان‌و سروشت، وەکو چۆن لێی دەگات، دەکات بە شیعر. خەیاڵی بەرزی وی باڵی بەسەر سەرانسەری جیهاندا کێشاوە، شیعری وی باڵی بەسەر هەر قەڵەمرەوێکدا کە پێی شیعی دەگاتێ، بە هەر شتێکا کە شیعری پێ دەگووترێ کێشاوە. هەموو سنوورێکی بەزاندووەو گەییووەتە هەموو شوێنێك.

بە کورتی، بتەوی‌و کۆکی پەیڤو زمان، قوڵی هزرو بیر، راشکاوی، کورتبڕی‌و جوانی و دڵگیری وشەو پەیڤان، و راستگۆیی و دڵسۆزی لە خەسڵەتەکانی بلیمەتی دانتی-ن.

<u>کاریگەری:</u>

دانتی کاریگەرییەکی زۆر بەهێزی بەسەر پترارك، بوکاچو، چاسر، میلتن، بایرۆن، شیللی، لانگفلو، شاتوبریان، گوتەوە هەبووە.

پەراوێزان:

١- ئوتوی مەزن (٩١٢- ٩٧٣ز) ئیمپراتۆری مقەدەسی روم (٩٦٢- ٩٧٣(و شای ئەڵمان (٩٣٦- ٩٧٣).

٢- کاپوا: شارێکە لە باشووری ئیتاڵیا.

٣- ئاپولیا: ناوچەیەك لە باشووری ئیتالیا.

٤- هنری شەشەم (١١٥٦- ١١٩٧): ئیمپراتۆری مقەدەسی روم‌و شای ئاڵمانی (١١٩٠- ١١٩٧).

٥- پاپا ئینوست-ی سێیەم (١١٦١- ١٢١٦ز) پاپا بوو لە ساڵانی ١١٩٨- ١٢١٦، و زانایەکی گەورەی خواناسی‌و ئیلاهیاتی مەسیحی بوو.

٦- شازادە فردریك (١١٩٤- ١٢٥٠ز): پاشان دەبێ بە ئیمپراتۆری مقەدەسی روم، شای ئاڵمان، شای سیسیل، و شای ئورشەلیم و بە فردریکی دووەم ناسراوە.

٧- ئوتو برونسویکی (١١٧٤- ١٢١٨ز): ئیمپراتۆری مقەدەسی روم (١٢٠٩- ١٢١٥)، و شای ئەڵمان (١١٩٨- ١٢١٥).

٨- گویلف (ویلف): دەستەیەکی سیاسی جەماوەری ئیتاڵیای ئاخرو ئوخری سەدەکانی ناڤین بوو کە لایەنگری دەسەڵاتداریێتیی پاپا بوو.

٩- گیبلین: گروپێکی سیاسی فیودالانی ئیتالیای ئاخرو ئوخری سەدەکانی ناڤین بووە کە لایەنگری دەسەڵاتداریێتی ئیمپراتۆر بوو.

١٠- گوئید گوئینیچلی (١١٣٥- ١٢٧٦ز): شاعیرێکی ئیتالیاییە.

١١- گوئیدو دل کولونە (سەدەی سیانزەیەم) شاعیرێکی سیسیلی بووە.

١٢- فرانسيس ئاسيزى (١١٨٢- ١٢٣١ز): له ئاسيزيى ئيتاڵيا له دايكبووه، له قەشە گەورەكانى مەسيحى بووەو دامەزرێنەرى فيرقەى فرانسيسيان بووه.

١٣- گوئيد و ڤالكانتى (١٢٥٩- ١٣٠٠ز): شاعيرو فەيلوسوفێكى ئيتالياييەو له فلورانس هاتۆتە دنياوه.

١٤- چينودا پيستويا (١٢٧٠- ١٣٣٦ز): شاعيرێكى ئيتالياييه.

١٥- برونتولاتينى (١٢٢٠- ١٢٩٤ز) : ئەديبو سياسەتوانێكى ئيتالياييه.

١٦- ڤيزيون: "ژانرێكى ئەدەبى رەواجدارى سەدەكانى ناڤين بووەو برتييه لەو شيعرانەى كه شەرحى خەونو خەياڵو موكاشەفە دەرونييەكانى شاعير دەكەن.

١٧- راڤينا: ويلايەتێكه له باكوورى ئيتاڵيا، له نزيكى دەرياى ئادرياتيكه.

١٨- سانت (سونێت- Sonnet): جۆره قەسيدەيەكى چوارده بەيتييه لەسه وەزنى ئيامبيك و قافيەداره، ئەم جۆره شيعره له سەرەتاكانى سەدەى سيانزەيەمدا له ئيتاڵيادا برەوى سەندووه .

١٩- كنزونه- Canzone: جۆره شيعرێكى ليريكى ئيتاڵيايى سەدەكانى ناڤينه. ئەم شيعره بريتييه له چەند بەندێك، هەر بەندێك بريتييه له ٧- ٢٠ بەيتى يازده بڕگەيى.

٢٠- ئالبرتوس ماگنوس (١٢٠٦- ١٢٨٠ز): به مامۆستاى هەمووان ناسراوه، له فيرقەى دومينيكيانەو خەڵكى ئاڵمانيايه

٢١- ئاكويناس (١٢٢٥- ١٢٧٤): به حەكيمى ئاڵمانى ناسراوه، فەيلەسوفێكى ئيتاڵياييەو گەورەترين كەسايەتى فەلسەفەى مەدرەسييه.

٢٢- بوئيتوس: ئانيكيوس مانليوس سورينوس بوئيتوس (٤٧٥- ٥٢٥): فەيلەسوفێكى رومىو له وەزيرانى تيودوريك-ى گەوره بوو. به تۆمەتى خيانەت زندانى كراو لەو رۆژگارانەدا كه له زيندانىدا چاوەڕوانى مەرگ بوو، كتێبه بەناوبانگەكەى (تەسەلاى فەلسەفە)ى نووسيوه.

٢٣- توسكانى: ناوچەيەكه له ئيتاڵياى ناوەندى كه له ئاخرو ئۆخرى سەدەكانى ناڤينداو له سەردەمى رينسانسدا له مەڵبەنده گرنگەكانى هونەرو زانست بوو.

٢٤- يەهودا: يەكێك بوو له ياوەرانى مەسيح كه خيانەتى لێكرد.

٢٥- بروتوس: (٨٥- ٤٢پ.ز): سياسەتوانێكى رومى بوو كه له پيلانى كوشتنى قەيسەردا بەشدار بوو.

٢٦- كاسيوس (- ٤٤پ.ز): يەكێكه لەو فەرمانده رومييانەى كه دەستى له پيلانى كوشتنى قەيسەردا هەبوو.

٢٧- سێينه Trinity: (له مەسيحيەتدا) سێينەيى خوايه له رووى كەسايەتييەوه، كه له هەمان كاتدا له رووى تەبيعەتەوه يەكێكه. ئەم سێ كەسايەتييه برتيين له: باب، كور، روحى قودس.

ئەفسانەناسی (My thology)

دوو جــۆرە ئەفســانە کاریــان کردووەتــە ســەر ئــەدەبیات، و هونــەر و موســیقای جیهــان: ئەفسانانی کلاسیك و ئەفسانانی نورس (جەڕمەنی). دەربارەی رەگ و ریشەی ئەم ئەفسانانە کە پەیوەندیی نزیکیان بە ئەفسانانی دییەوە هەیە، زۆر تیۆری و بۆچوونان خراوەتە روو.

تێوری سروشت:

ئەفسانە زادەی هەوڵ و تەقەلای مرۆڤی سەرەتاییە بۆ زانین و ناسینی دیاردە سروشتییەکانی وەکو تۆفان، هەڵهاتنی خۆر، گۆڕانی وەزرەکانی ساڵ و... هتد.

تیۆری سایکولوژی:

ئەفسانە رەمزێکە لە رەمزە بابەتییەکانی کێشمانە کێشی جنسی یا سۆزداری.

تیۆری کۆمەڵناسی:

ئەفسانان بەمەبەستی گێڕانەوە تۆمارکردن نووسین، چەسپاندنی داب و ریّ و رەسمانی سەرەتایی، یاسای عیبادەت کاری، و بەها مەزەبی و ئەخلاقییەکان هاتووەتە ئاراوە بەگوێرەی ئەم تیۆرییە، ئەفسانە گێڕانەوەیەکی زندووی رووداوە کۆنەکانە کە لەپێناوی رازیکردنی خواستە قوڵە مەزەبییەکان، ئارمانج و مەبەستە ئەخلاقیەکان، تەبایی کۆمەڵایەتی و تەنانەت پێداویستییە واقعییەکانی بەشەر دەگێڕدرێتەوە. ئەفسانە کارایی یاساو رێسا مەزەبییەکان زامن دەکات، زۆر پەندی بە کەڵکی تێدایە بۆ رێنوێنی کردنی بەشەر.

ئەفسانانی کلاسیک

ئەفسانانی خولقان:

پەیدا بوونی ئاسمان و زەوی.

ئەو ئەفسانانەی کە باسی خوڵقانی ئاسمان و زەوی و توخم رەگەز و پێکهاتەکانیان دەکەن زۆر ئالۆز و جیاوازن لەیەکتری:

أ- ئۆقیانوس دەوری هەموو دەریاکان و وشکایی دەگریّ (هومەر)

ب- شەو و تاریکی هەموو شوێنیّ دەگرێت و روناکی لەوەوە پەیدا دەبیّ.

ج- لە زەمانەوە، هیولای بیّ شێوە پەیدا دەبیّ، لەم هیولایەوە، شەو، غوبار، و ئەتیر سەر هەڵدەدەن، زەمان دەبێتە مایەی ئەوەی کە گەردو غوبار بە دەوری ئەتیردا بگەڕیّ تا سەرەنجام شێوەیەکی هێلکەیی پەیدا دەکات، و دەبیّ بە دوو لەتەوە، واتە ئاسمان و زەوی، ئەڤین لە ناوجەرگەی ئەم تۆپەڵە هێلکەییەوە پەیدا دەبیّ.

د- هیولای بیّ شەکڵ و شێوە لە بۆشایی و قەوارەو تاریکی پێکهاتووە، کە گایا (زەوی دایك)، ئەڤین، و شەو لەوەوە پەیدا دەبن، لە گایاشەوە ئورانۆس (ئاسمان) و پاشان زەوی دێتە ئاراوە.

پەیدابوونی خودایان:

یەکەمین بنەماڵە: گایاو ئورانوس:

لە ئەنجامی ویساڵی گایا و ئورانوس دا سیانزە تیتان، سیّ سیکلوپ، و سیّ هکاتونشیر دێنە ئاراوە. تیتانەکان کۆمەڵە دێوێکن نیشانەی هەندیّ نێروی سروشتی و بەدەنی

دیاردەکـانن، کـە دیارترینیـان هوپریـون Hyperion ئوکیانووسـی Occanus، کرونـوس Cronus، ئەتڵەس Atlas، و پرومتیوس Prometheusیان ناوە. سیکلوپەکان Cyclope کۆمەڵە دێوێکی بنیادەمخۆرن و یەك چاویان لە ناوەندی تەوێڵیان دا هەیەو بە هێمای هەورە تریشـقە دەژمێـردرێن. هکاتونشـیرەکان Hecatonchire هیـولای سـەد دەسـتن و وادیـارە هێمای بوومەلـەرزەن. بەمجۆرە کۆتـایی بە دەسـەلاتی گایا و ئورانـوس دێـت: ئورانـوس کـە ترسـی لــە توانــای منالــەکانی خــۆی، واتــە ســیکلوپەکان و هکاتونشــیرەکان هەیــە، لـەتارتاروس"١"دا Tartarus حەپسیان دەکات. کرونـوس لەسـەر داوای گایـا، بـە داسـێك ئەندامی ئورانوس دەبڕێ و زندانییەکان ئازاد دەکات. خوێنی ئورانوس دەڕژێتە سەر زەوی و لەم خوێنەوە هەندێ دێو پەیدا دەبن کە پێیەکانیان ئەژدیهایە، خواوەندانی تۆڵـە پەیـدا دەبن کــە گێســویان مــارە (ئــەم خواوەندانــە ناویــان –ئــەرینوس Erinys، و ئومینــدس Euminides–ە، و هەروەها هەندێ حۆریانی ئاوازخوێن پەیدا دەبن (کیژانی جەنگاوەر کە نێزە لە لەشیاندا دەڕۆێ). ئورانوس گۆشەگیر دەبێ.

دووەمین ماڵبات: کرونوس و راء.

لە ئەنجامی ویسالی کرونوس لەگەلْ خوشکە تیتانەکەی خۆیـدا (راء) دا هەنـدێ زوڕیـەت لـە دایـك دەبـن کـە دواتـر دەبـن بـە خواوەنـدانی ئوڵـەمپی. ئـەم خواوەندانـە (زیـوس– Zeus، پوسیدون– Poseidon، هـادیس– Hades، هیرا– Hera، دمتر– Demeter، و هستیا– Hestia)یـان نـاوە. کۆتـایی دەسـەلاتی دووەمـین ماڵبـات بـەم شـێوەیە دەگێڕدرێتـەوە: کـە پێشبینی ئەوە دەکرێ کە کرونـوس بە دەسـتی یـەکێك لـە فەرزەندەکانی خـۆی لـە دەسـەلات دەخرێ، لـە ترسـاندا پێنج منالی یەکـەمی خـۆی قووت دەدا. شـەڕێك لـە نێـوان تیتانـەکان و منالانی کرونوس و راء دا هەڵدەگیرسێت.

تیتانەکان دەشکێن و کرونوس لـە پاشـایەتی دەخـرێ. هـەموو تیتانـەکان، جگـە لـە ئەتڵـەس (کە دنیا لەسەر شانەکانی خۆی رادەگرێ)، پرومتیوس، و ئوکیانوس لـە تارتاروسـدا حـەپس دەکرێن.

سێیەمین ماڵبات: زیوس و هرا.

خواوەندە سەرەکییەکانی ئەم بنەماڵەیە ئەمانەن:

ناوی یۆنانی	ناوی رومی	نەخش ورۆل
زیوس،کوری کرونوس و راء	جوبیتەر	پاشای خودایان و ئاسمان
هـــیرا، خوشــك و هاوســەری زیوس.	ژونون	مەلیکـەی خودایـان، پشـت و پەنای زەوجین.
پوسیدون، برای زیوس	نبتون	خواوەندی دەریا
ئافرودیتــە، کیــژی زیــوس و	ڤینوس	خواوەندی ئەڤین

دیون		
ئاریس، کوری زیوس و هیرا	مارس	خواوەندی جەنگ
هادیس، برای زیوس	پلوتون	خواوەندی جیهانی ژێر زەوی
هستیا، خوشکی زیوس	وستا	خواوەنـدی کـوانگی ئـاگر و، ژیانی خێزانداری
دمیتر، خوشکی زیوس	کریس	خوای بەرو بوم و کشتوکاڵ
هفائیستوس، کوری زیوس و هیرا	ڤلکان	خوای ئاگر و ئاسنگەری
ئاپولون، کوری زیوس و لیتو	ئاپولون	خوای خۆر، شیعر، مۆسیقا، پزیشکی
هرمس، کوری زیوس و مایا	میرکوری	تەتەری خوایان، خوای دزی، بازرگانی
دیونوسوس،کوری زیوس و سمله	باکوس	خوای پیت و فەر و شەراب
پرسفونە، کیژی زیوس و دمیتر	پروسرپینا	خواوەنـدی جیهـانی ژێـرین، هاوسەری هادیس
ئـارتیمیس، کیـژی زیـوس و لیتو	دیانا	خواوەنـدی مـانگ و شـکار، پارێزەری داوێن پاکی
ئاتینە، کیژی زیوس کە لە تەوێڵی ئەوەوە پەیدا دەبێ	منیرڤا، پالاس	خواوەنـدی حیکمـەت، شـەڕ، چـنین، رسـتن و هونـەرەکانی ناوماڵ

خواوەنـدانی ئۆڵـەمپی بنیادەمئاسـا، تەقریبـەن بـێ ئـەخلاق و بـە توانـان هـەموو سـۆزە بەشـەرییەکانی وەکـو حەسـودی، ئـارەزووی سێکسـی، و کینەکێشـیان تێدایـە. خـواردن و خواردنەوەی خواوەندان هەنگوین و گیاو سەوزەی بەهەشتییە. شوێنیان کێوی ئۆڵەمپە"٢" Olympes، کە شوێنێکی تەواو یوتوبیاییە، بەڵام کێوی ئوڵـەمپ لـە تسـالی"٣" Tessaly، بە رەمزێکی ئەوە دەژمێردرێ.

<u>پەیدابوونی ئادەمیزاد:</u>

ریوایەتەکان لە مەڕ پەیدا بوونی ئادەمیزاد جیاواز و هەمە جۆرن:

أ- ئـادەمیزاد لـە گایـا (زەوی دایـك) دەبـێ، و رەنگـە هاوتەمـەن و هـاو سـاڵی خواوەندانی ئوڵەمپ بێ.

ب- پرومیتـوس، ئـادەمیزاد لـە ئـاوو گـڵ دەخـولقێنێ، و ئـەوو ئیپـی میتـوس-ی Epimetheus برای هێزوتوانای جۆراو جۆری پێ دەبەخشن (بە ئادەمیزاد).

کەسایەتییە سەرەکییەکانی ئەفسانە بەناوبانگە کلاسیکەکان ئاتالانتە"٤" Atalanta:

ملیاگر Meleager، بەرازەکەی شاری کالیدون"٥" دەکوژێتو پاشان باسی ئەو زەرەرو زیانانە بۆ مامەکانی دەکات کە بەرازی نێوبراو لە ئاتالانتەی داوە. ملیاگر، مامەکانی لەناو دەبات، بەڵام بە خۆیشی دەمرێت، چونکە ئالتیا Althea‌ی دایکی، ئەو بسۆتەی (سەرەبزووت) کە ژیانی ملیاگر-ی پێوە بەندە، دەخاتە ئاگرەوە. ئاتالانتە، پاشان پێشبڕکێی غاردانێ لەگەڵ هیپومینسدا Hippomenesدا دەکاتو دەدۆڕێو زەماوەندی لەگەڵدا دەکات.

ئادونیس، Adonis:

لاوێکی بەژنو باڵا ڕێکو پێکە کە ئافرودێتە حەزی لێدەکات بەڵام ئادونیس ئەڤینی وی ڕەتدەکاتەوە. لە ئەنجامدا، ئادونیس لە ڕاوی بەرازە کێوییەکدا دەکوژرێ. ئافرۆدێتە گوڵاڵە سورە لە خوێنەکەی ئەو دەڕوێنێ.

ئیخۆ Echo:

یەکێکە لە حۆریانی دەنگبێژ کە بە هۆی زۆر وێژییەوە بەوە مەحکوم دەبێ کە هەرگیز لێو لەبەر یەکدی هەڵنەیەنێ، تەنیا بۆ وەڵامدانەوە نەبێ. ئیخۆ ئاشقی نارکیسوس Narcissus دەبێ، بەڵام نارکیسوس خۆی لێ دەدزێتەوە، ئیخۆ لە سوێی ئەشقدا بە جۆرێ دەتوێتەوە کە جگە لە دەنگێك هیچی تری لێنامێنێتەوە. نارکیسوس-ش کە وێنەی خۆی لە سەرچاوەیەکدا دەبینێ، ئاشقی جوانی خۆی دەبێ، و بە دەم سوێی ئەشقەوە دەمرێت. گوڵی نێرگز لەسەر گۆڕەکەی دەڕوێ.

ئیراخنە، Erachne:

کیژێکی جوانە کە لە واری تەشی ڕێسیدا دەکەوێتە ڕکابەری ئاتنە، و ئاتنە دەیکات بە جاڵجاڵۆکە.

ئاکتایون- Actaeon:

بابایەکی ڕاوچییە کە ئارتەمیس بە ڕووتی لە ئاودا دەبینێ، ئارتەمیس سزای دەداو دەیکات بە گا کێوییەك تاژییەکانی ئاکتایون-ش هەڵیدەدڕن.

ئورفیوس Orpheus:

فەرزەنــدی ئــاپولون‌و کالیوپەیــە"٦" Calliokpe، شــاعیرو چــەنگژەنێکی جادووگــەرە. ئورفیــوس لەگــەڵ ئورودیکــەدا، کــە لــە پــەری‌و حۆریانــە، زەماوەنــد دەکــات. مارێــك بــە ئورودیکــەوە دەدات‌و دەمرێــت. پلوتــون، لەســەر داواو تکــای ئورفیــوس، ڕێگــەی دەدا کــە ئورودیکە بــۆ ســەر زەوی بگەڕێنێتــەوە –بەو مەرجــەی کــە ئورفیــوس تــا دەگاتــە ســەر زەوی ئاوڕی پشتەوە نەداو سەیری ئورودیکە نەکات. لە ڕێگەدا تاسەو کەڵکەڵە بەسەر ئورفیوسدا زاڵ دەبیٚ‌و ئاوڕی پشتەوە دەداتەوەو دەم‌و دەست ئورودیکە بۆ جیهانی ژێرین دەگەڕێتەوە. دوای ماوەیەك ئورفیوس–ش بۆ هەمیشە دەچێتە پاڵ وی.

<u>ئیۆ</u>– Io:

ئیۆ، کیژێکە کە زیوس حەزی لێدەکات، و دەیکات بە نوێنگینێك تاوەکو لە پشم‌و غەزەبی هیرا بە دوور بیٚ، لیٚ خەرەنگێزێك لە هەموو شوێنیٚ دەکەوێتە ئازاردانی. سەرەنجام زیوس، پشت گوێی دەخات، و ئیۆ دیسان شێوەی مرۆڤ پەیدا دەکاتەوە.

<u>پاندورا</u>– pandora:

(خواوەندان بە پاندۆرادا سەنوقێك بە دیاری بۆ ئیپی متیوس دەنێرن).

پاندۆرا هوشیار دەکرێتەوە کە سەری سەنوقەکە نەکاتەوە، بەڵام پاندۆرا لە رووی فوزوڵیەتی ژنانەوە سەنوقەکە دەکاتەوەو هەر هەموو ئەم بەڵایانەی کە تا ئێستا یەخانگیری مرۆڤ بووە، لــەو ســەنوقەوە دێنــە دەریٚ. (تــەنیا ئومێــد بــۆ ســوکنایی بەشــەر لــە بــنی ســەنوقەکەدا دەمێنێتەوە).

<u>پرومتیوس</u>– Prometheus:

یەکێکە لەو تیتانانەی کە ئاگر لە ڕۆژ دەدزیٚ‌و بۆ بەشەری دێنێتە سەر زەوی. زیوس، سزای دەدات‌و لــە کێــوی قــەوقازدا بــە زنجــیر دەیبەســتێتەوە. داڵاشــێکیش بەردەبێتــە گیــانی پرومتیوس‌و ئەندامەکانی بەدەنی دەخوات (و شەوانە ئەندامەکان دەڕوێنەوە). پرومتیوس ئاگای لەم سڕەیە کە هەرکول– هەمان کوڕی زیوسە کە، بە تەمایە ئەو لە دەسەڵات بخات، بەڵام ئەم نهێنییە دەپارێزیٚ. لە ئەنجامدا هەرکول، پرومتیوس ئازاد دەکات‌و داڵاشەکە دەکوژێت.

<u>تانتالوس</u>– Tantalus:

پاشای لیدیایە، رازو نهێنی خوداوەندان ئاشکرا دەکات. گەنجەفە بە توانای ڕەهایان دەکات، و گۆشــتی ئادەمیزادیــان، واتــە گۆشــتی کوڕەکــەی خــۆی، دەرخــوارد دەدات، زیــوس بــەوە حوکمی دەدا کە تینوو و برسی لە تار تاروسدا بژی، بە جۆریٚ کە هەموو بەدەنی تا گەردنی

لە ئاوا غەرق بێ بەڵام نەتوانێ ئاو بخواتەوە، درەختانی میوەی ئاوێزان بەدیار سەرییەوە بدینێ بەڵام نەتوانێ بیانکاتەوە.

تسیوس- Theseus:

پاڵەوانێکی ئەتینییە. بە کۆمەکی ئاریادنە"٧"- Ariadne، مینوتاور"٨"- Minotaur، (گا بنیادەم) لە ملەکانی کریتدا دەکوژێ، پاشان تسیوس، ئاردیانە بەجێدێڵێ. تسیوس کەمتەرخەمی دەکات و مژدەو هەواڵی سەرکەوتنی خۆی لە شەڕی پڕ خەتەری مینوتارو، بە بابی نادات. بابیشی خۆی دەکوژێت. تسیوس-ش دەبێ بە پاشای ئاتین.

دافنی Daphne:

یەکێکە لە حۆری و پەرییەکان کە ئاپولون حەزی لێدەکات، لێ دافنی خۆی لێ دەدزێتەوە. دافنی بۆ ئەوەی لە تاقیب و سۆراخی ئاپۆلون ئاسوودە بێ، دەبێ بە دار سەروویەك (غار) کە ئاپۆلون بەداری خۆیی هەڵدەبژێرێ.

سورینکس- Syrnix:

کیژێکە کە پان"٩" Pan ئاشقی دەبێ، و بۆ هەڵاتن لە پان دەبێ بە قامیش. لەوە بە دواوە قامیش بۆ دروستکردنی نای و شمشاڵ بەکار دەهێنرێ.

فیلوملا- Philomela:

دۆتشایەکی (کیژە شا) ئاتینییە. تریوس Tereusی مێردی پروکنی Procne خوشکی، تەفرەی دەدات و دەستدرێژی دەکاتە سەر. فیلوملا بە هاودەستی پروکنی خوشکی، ئیتولوسی Itylosای کوڕی تریوس و پروکنی دەکوژێت و دەرخواردی تریوس-ی دەدا. فیلوملا و پروکنی هەڵدێن و تریوس دەکەوێتە تاقیبیان خواوەندان-ش فیلوملا دەکەن بە بولبول و پروکنی بە پەڕەسێلکە، و تریوس دەکەن بە باز.

میداس- Midas:

شای ئەفسانەیی لیدیایە کە پێداویستییەکانی میواندارى و پەرێزایی سیلنوس-ی Silenus هاونشینی دیونوسوس فەراهەم دەکات. دیونوسوس-ش لە بری ئەوە بەهرەیەکی دەداتێ کە دەست بەرهەرچییەکەوە بدات دەبێ بە زێڕ.

لە ئەنجامدا خواردنەوەو خواردنی میداس-ش دەبێ بە زێڕ. ناچار داوا دەکات کە لەم بەهرەیە رزگار بێ و داواکەی پەسند دەکرێ. پاشان میداس دەڵێ نەواو دەنگی شمشاڵەکەی پان لە نەواو ئاوازی چەنگەکەی ئاپولون خۆشترە، و لە سزای ئەمەدا گوێی گوێدرێژی لێدەڕوێت.

نیوبه- Niobe:

کیژی تانتالوس-ه، و دایکی چوارده منداڵه، نیوبه پرکێشی ئەوه دەکات کە خۆی لە لیتۆ Leto، کە دایکی دوو منداڵه، واتە -ئارتیمیس‌و ئاپولون- بە گەورەتر دەزانیێ. لە سزای ئەم پرکێشییەدا هەموو مناڵەکانی نیوبە بە خواستی خواوەندان دەکوژرێن. نیوبە سەری خۆی هەڵدەگرێ‌و دەکەوێتە کێوان‌و لە خەمباریدا هێندە بە کوڵ‌و بە دڵ دەگری دەبێ بە تاوێر. کانییەکی روون‌و هەمیشە رەوان لەم تاوێرەوە هەڵدەقوڵێ کە بە رەمزو هێمای فرمێسکەکانی نیوبە دا دەنرێ.

هرکولس (هراکلس) – Hercules, Heracles:

کوڕی زیوس و ئالکمیون-ه، هرکول رق‌و بەغیلی هیرا هەڵدەستێنێ، و هیرا دەیخاتە ژێر فەرمانی ئوریستیوس Eurystheusەوە، ئوریستیوس، دوانزە ئەرك‌و ماموریەتی سەخت‌و دژوار بەسەر هرکولدا دەدات:

١- کوشتنی شێری نیمە"١٠" Nemea.
٢- کوشتنی ئەژدیهای نۆسەر Hyera"١١".
٣- راوکردنی بەرازی ئارکادیا Arcadea"١٢"
٤- راوکردنی مامزی سرینی Cerynea"١٣"
٥- کوشتنی مەلانی دەریاچەی ستومفالیس"١٤"- Stymphalian.
٦- پاککردنەوەو ماڵینی تەویلەکانی ئاوگیاس Augeas"١٥".
٧- راوکردنی گای کریت- Cretan buil"١٦".
٨- راوکردنی ماینەکانی دیومد Diomedes"١٧"
٩- هێنانی پشتێنەکەی هیپولیتە"١٨"- Hippolyta.
١٠- راوکردنی گایەکانی گریون"١٩"- Geryon.
١١- دزینی سێوە زێڕینەکانی هسپریدەکان Hesperides.
١٢- هێنانی کربروس – Cerberus"٢١"، سەگی سێ سەر لە جیهانی ژێرینەوە.

هیاکینتوس- Hyacinthus:

لاوێکی جوانە کە ئاپۆلون ئاشقی دەبێ. رۆژێك ئاپۆلۆن ئەڵقەیەکی ئاسنین تووڕ دەدات کە بەرێکەوت بەسەر هیاکیتوس دەکەوێ‌و دەیکوژێ، کە خوێنەکەی دەڕژێتە سەر زەوی، گوڵی سنبلی لێ دەڕوێ.

یاسۆن- Jason:

قارەمانێکی یونانییە کە بە یارمەتیی و کۆمەکی ژنێکی جادووباز بە نێوی میدیا Medea، دەتوانێ خۆری"٢٢" زێڕین Golden fleece بە دەست بێنێ، و پاشان میدیا بە جێدێڵێ.

ئەفسانانی نورس (جەرمەنی)

ئەفسانانی خوڵقان:

پەیدا بوونی ئاسمان و زەوی

بە گوێرەی ئیداکان Eddas"٢٣"، بەر لەوەی کە ئاسمان یا زەوی دروست ببن و بخوڵقێن، تەنیا یەك بیری بێ پایانی قوڵ، گینونگاگاپ– Ginungagap،... دنیایەکی تاریك و غوباراوی (نیفلهیم Niflheim)و دنیایەکی ئاگرین (موسپلهیم – Muspelheim) هەبووە. لە دڵی نیفلهیم–ەوە، سەرچاوەیەك (ڤێرگلمیر– Vergelmir) هەڵدەقوڵێ، کە دوانزە روباری لێ دەبێتەوە. ئەم رووبارانە دەڕژێنە ناو گینونگاگاپەوە، دەبن بە سەهۆڵ و بیرەکە پڕ دەکەنەوە. بای گەرمی موسپلهیم سەهۆڵەکان دەتوێنێتەوە، و تەم و مژێکی یەجگار زۆر بەرپا دەبێ، ئەم تەمومژە ئیمیر Ymirی دێوە بەفرینەو ئەدهومیلا Audhumblaی مانگای لێ دەکەوێتەوە کە خواردنی سەهۆڵی سوێرە.

رۆژێك کاتێ کە ئەدهومبلا سەهۆڵەکان دەلێسێتەوە، بوری Bori دەردەکەوێ، بوری خواوەندێکە کە پاشان ژنێکی دێو نەژاد دەخوازێ و کوڕێکیان دەبێ بەناوی بور Bor، بور بابی ئودن Odin، ڤیلی Viliو ڤە Veیە، ئەم خواوەندە لاوانە ئیمیر دەکوژن. زەوی لە جەستەی ئەو دروست دەکەن، لە خوێنەکەی ئۆقیانوسان، لە ئێسکەکانی کێوان، لە مووەکانی درەختان، لە کاسەی سەری ئاسمانان، و لە مێشکی هەوران، و لە برۆکانیشی دیوارێك بە دەوری دەڤەری نێوان موسپلهیم و نیفلهیم دروست دەکەن، ئەم دەڤەرە شوراداره میدگارد Midgard، واتە پانتایی زەوییە، کە شوێنی ئایندەی ئادەمیزادە.

یگدراسیل – ygdrasil:

دەرختێکی گەورەی زمانە چۆلەکەیە کە لە جەستەی ئیمیر–ەوە دەڕوێت و بەکۆڵەکەی جیهان دادەنرێ. ریشەیەکی ئەم درەختە بە میدگاردا رۆ دەچێ، رەگێکی دیکەی دەچێتە سەر بوتونهیم _ jotunheim (مەڵبەندی دێوان)، و رەگی سێیەمی لە نیفلهیم–ەوە دەچێت بەو هیل helی ئارامگەی مردووان.

رێك لە ترۆپکی یگدراسیلدا، ئەسگارد Asgard واتە بارەگای خواوەندان هەیە. ئەم دەڤەرە بەسەر دوو ناوچەدا دابەش دەبێت: گلادسهیم Glad sheim (بارەگای یەزدانان)و ڤینگولف Vingolf (بارەگای ئیزەد خانمانە).

کۆشکانی ئاسمانی خودایان، تەنیا لە رێگەی بیفروست Bifrostەوە واتە لە رێگەی پردی پەلکە رەنگینەوە دەگاتە سەر زەوی. ئەم کۆشکانە هەر هەموویان لە زیوو زێڕ دروست کراون، و ڤالهالا Volhallaی کۆشکی ئودن لە هەر هەموویان جوانترە.

پەیدا بوونی خودایان:

مێژووی ئەفسانانی نورس لە باسی رەگ و رەگەماو ماڵباتی خودایاندا، نە تێرو تەسەلی و نە راشکاوی ئەفسانانی کلاسیک-یان نییە. خواوەندە سەرەکییەکانی نورس ئەمانەن:

ئودن- Odin(وودن Woden، ئەلفادور- Alfadun):

کوڕی بورو دێوەمێچکەیەکە، شای خواوەندانە.

فریگا- Frigga (فریکا Fricka): هاوسەری ئودن و مەلیکەی خواوەندانە.

تور- Thor:

کوڕی ئودون، بە هێزترین خوداوەندە. گورزێکی ئەفسوناوی هەیە کە پاش هەڵدانی بۆ سەر دژمن دووبارە دەگەڕێتەوە، هەروەها کەمەربەندێکی هەیە کە هێزو توانای دوو چەنانە دەکات، هەروەها جووتێك دەستکێشی ئاسنینی هەیە کە کارایی گورزەکەی زیاد دەکات.

ڤیدار- Vidar:

کوڕی ئودونە، بە هێزترین خواوەندە لە دوای تور.

براگی- Bragi:

کوڕی ئودونە، خوای شیعرو شاعیرییە.

ئیدونا- Iduna:

هاوسەری براگییە، پاسەوانی ئەو سێوانەیە کە خواردنیان مایەی گەنجێتی هەمیشەیی خواوەندانە.

بالدر- Balder:

کوڕی ئودنە، خواوەندی روناکی، بەهاران و شادییە.

هودر- Hodur:

هاوسەری ئودنە، خوای نابینای زستانە.

فریر- Feryr (فری- Frey):

خواوەندی باران و پیت و بەرەکەت

فرییا- Freyia (فریا- Freya):

خوشکی فریرە، ئیزە[خانمی ئەڤینە، دۆستداری موسیقا، گوڵان، بەهاران و حۆری و پەرییانە.

تیر- Tyr (زیو- Ziu):
خواوەندی شەڕە.
هیمدال- Heimdall:
پاسەوانی خواوەندانە، پارێزەری سنوورەکانی سگاردە بۆ ڕێگەگرتن لە هێرشی ناگەهانیو کوتوپڕی دێوان.

قالگیرەکان- Valkyries:
کیژانی ئودنن، چەکدار، جەنگاوەر، پاکیزەو ئەسپ سوارن،
ئەوانە بەردەوام بە مەیدانەکانی شەڕدا دەگەڕێن تا دلێرترین کوژراوان بۆ ڤالهالا ببەنەوە.
ئەم قارەمانە کوژراوانە هەموو شەوێك لە گوشتی سریمنیر- Serimnir (ئەو بەرازەی کە هەموو بەیانییەك لێدەنرێ، بەڵام شەوێ زندوو دەبێتەوەو وەکو خۆی لێدێتەوە). دەخۆن، قارەمانان بە ڕۆژەوە دەجەنگنو یەکدی بریندار دەکەن، بەڵام شەوێ برینەکانیان ساڕێژ دەبێتەوە.

پەیدا بوونی ئادەمیزاد:
ئودن، ڤیلیو ڤیە، بەماوەیەکی کەم پاش دروستبوونی جیهان، پیاوێك لە درەختی زمانە چۆلەکە دروست دەکەنو ناوی دەنەن ئەسك- Ask. ئەوجا ژنێك لە داری نارەوەن دروست دەکن ناوی دەنەن ئیمبلا- Embla ئودن ژیانو گیان بەم بوونەوەرە تازانە دەبەخشێت، ڤیلی، ئەقڵو جوڵەیان پێدەبەخشێتو، ڤیە بەهرەی هەستەکانو توانای قسەکردنیان دەداتێ. میدگاردش دەبێ بە مەیدانی ژیانیان. ئەم ژنو مێردە بە سەرچاوەو بنەچەکی نەژادی بەشەر دەژمێردرێن.

ئەفسانانی بەناوبانگی دیکە.

لوکی- Loki و منداڵەکانی:
بە گوێرەی ئەفسانانی نورس، لوکی لە نەژادی ئەهریمەنەو سەرچاوەی شەڕو تاوانکارییە، سێ فەرزەنی هەیە. یەکەمیان فنریس- Fenrisە، گورگێکە کە لە ئەنجامدا خواوەندان بە زنجیرەی گلیپنر"٢٤" دەیبەستنەوە. دووەمیان میدگارد سرپنت Midgard Serpentـە (حەزیا)یە کە ئودن توڕی دەداتە ناو ئوقیانووسی دەوری زەوی، ئەم هیولایە هێندە زلو زەبەلاحە کە بە دەوری جیهاندا ئەڵقە دەبەستێ.
سێیەمیان هیلا Helaیە (مەرگ)ە کە ئودن توڕی دەداتە هل-ەوە (ئارامگەی مردووان)ـەوە.
ئەو لێرەدا حوکمی هەموو ئەوانە دەکات کە لە نەخۆشیا یان پیریا دەمرن.

دیواری سگارد:

خواوەندان بەڵێنی بەخشینی خۆرو مانگو هەروەها زەوجینی فرییا بە کرێکارێك دەدەن کە دیوارێك بە دەوری سگاردا دروست بکاتو بەر لە یەکەمین رۆژی هاوین تەواوی بکات. خواوەندان کە هەستدەکەن کابرای کرێکار دەتوانێ کارەکە تەواو بکات، پەنا وەبەر لوکی دەبەن تا فێڵێکی لێبکات. لوکی-ش ماینێك دێنێتە بەرانبەر سڤادیلفاری- Svadilfariی ئەسپی کابرای کرێکار، و ئەسپەکە کۆمەکی کابرای کرێکار ناکات. ئەوجا کابرای کرێکار خۆی ئاشکرا دەکات کە دێوە، و دووبارە دەچێتەوە پێستی دێو. لێ بە دەستی تور دەکوژرێ. گورزەکەی تور کاسەی سەری دێوەکە ورد و خاش دەکات.

<u>دزینی گورزەکەی تور:</u>

تریم-ی Thrymی پاشای دێوە بەفرینان، گورزەکەی تور دەدزێو دەیبات لە هەشت مەتری قوڵایی یوتونهیم، واتە لە بارەگای دێواندا دەیشارێتەوەو ئەو مەرجە بۆ گەراندنەوەی گورزەکە دادەنێ کە فرییا شووی پێ بکات. تور بە ئاماژەیەکی لوکی دەچێتە پێستی فرییاوەو بۆ یوتونهیم دەڕوات، و گورزەکە بە دەست دێنێتەوەو دیسان دەگەڕێتەوە پێستی خۆی، و تریم و پەیڕەوەکانی دەکوژێت.

<u>چوونی تور بۆ یوتونهیم:</u>

تور، لوکیو تیالفیی -Thialfi پێشکاری تور، بە پیادە دەچن بۆ دیتنو سەردانی بارەگای دێوان. لە ڕێگەدا تووشی سکریمیر- Skrymir دەبن، پرخە پرخی ئەم دێوە بە جۆرێ تور پەریشانو نارەحەت دەکات کە سێ جاران بە گورزەکەیەوە پەلاماری دێوەکە دەدا تا بیکوژێت، بەڵام گورزەکە کار لە دێوەکە ناکات. تور و هاوڕێکانی دەگەنە یوتگارد Utgardی مەڵبەندی دێوان. یوتگارد- لوگی، شای دێوان، تورو هاوڕێکانی ناچاری چەند شەڕێکی تەن بە تەن دەکات. لوکی لە پێشبڕکێیەکی خواردندا لە بەرانبەر لوگی دێودا دەبەزێ، و تیالفی-ش لە پێشبڕکێی غاردانێدا لەبەردەم هوگی- Hugiی دێودا دەبەزێ. تور-ش هەوڵدەدات کە ئامانێکی پڕ لە خواردنەوە بە سێ قوم بخواتەوە، بەڵام ئەم کارەی پێناکرێ، پاشان دەیەوێ گورپەیەك لەسەر زەوی بەرز بکاتەوە، بەڵام تەنیا یەك پێی گورپەکەی پێ بەرز دەکرێتەوە. لە ئەنجامدا تور لە پێشبڕکێیەکی زۆرەبانیدا بە پیرەژنێك بە نێوی (ئیلی- Elli) دەدۆڕێ.

ئەوسا یوتگارد- لوگی خۆی ئاشکرا دەکات، تومەز سکریمیرەو خۆی لێگۆڕیونو لە راستیدا گورزەکە بەر قەدپاڵی کێوەکە کەوتووە نەك بەر سەری ئەو، پێشبڕکێیەکانیش کۆمەڵە فەندو فێڵێك پتر نەبوون. لوگی ئاگر بووە، هوگی بیرو ئەندێشە، ئامانەکەش دەریا بووە. گورپەکە میدگارسرپنت، و ئیلی-ش رۆژگار بووە. تور کە لەم فەندو فێڵانە تورە دەبێ، لێدەبڕێ گورزەکە بسرەوێنێتە لوکی، بەڵام پاشاو پەیڕەوانی پاشاو شارەکە هەموو لەبەرچاو ون دەبن.

شمشێرەکەی فریر:

فریر خاوەنی شمشێرێکی جادووییە کە لە مەیدانی شەڕدا دەماری دژمن دەردێنێ جەستەی کوژراوان هەڵدەداتەوە. ڕۆژێك فریر کە لەسەر تەختەکەی ئودن دادەنیشێت لە دوورەوە و لە یوتونهیمدا، گیردا- Gerda کە کیژێکی جوانە دەبینێ، گیرۆدەی ئەشقی ئەو دەبێ‌و ئاگری تاسە دەکەوێتە گیانی، فریر بەڵێن بە پەیکەکەی خۆی، واتە سکرنیر- Skirnir دەدات کە ئەگەر بەو کیژەی بگەیەنێ شمشێرە جادووییەکەی دەداتێ، پەیکەکە ئەو کارە ئەنجام دەداو شمشێرەکە بەدەست دێنێ.

مەرگی بالد- Baldur:

بالدر لە نێو خواوەنداندا بلاوی دەکاتەوە کە خەونی ترسناکی دیتووەو بەو زووانە کۆمەڵێك بەڵای بەسەرا دێت، فریگا وەعدو بەڵێن لە هەموو بوونەوەرانی دنیا وەردەگرێ کە چ ئاسیوێك بەبالدر نەگەیەنن -تەنیا مویزك هیچ قەولێك نادات. ئەوسا خودایان هەرچییەکیان بەر دەست دەکەوێ دەیسرەوێننە بالدرو دەکەونە کایەو گەمان، و بالدر-ش هیچ ئازارێکی ناگاتێ. هودر کە نابینایە لەم گەمەیەی خوایاندا بەشداری ناکات‌و قاییل دەبێ کە لوکی لە جیاتی ئەو مویزەکەکەی بهاوێ. لوکی سەری بالدر دەکا بە نیشانە. مویزەکەکە بەر نیشانەکە دەکەوێ‌و بالدر دەمرێ، هیرمود- Hermod کە لە هەموو خواوەندەکان گورج و گۆڵترە، بە سواری ئەسپەکەی ئودن، واتە بە سواری سلیپ نیر- Sleip nir بۆ هل دەڕوا تا داوا لە هیلابکات کە ڕێگە بدات بالدر بۆ سگارد بگەڕێتەوە. خواوەندی مەرگ داواکە قەبوڵ دەکات- بەو مەرجەی کە هەموو بوونەوەرانی دنیا بۆ بالدر بکەو نەشین‌و گرین. هیرمود واریقاتی سەفەرەکەی خۆی بۆ خواوەندان دەگێڕێتەوە، هەر هەموو گیانداران‌و بێ گیانان شین‌و گرین بۆ بالدر قەبوڵ دەکەن تەنێ توك- Thokی پیرەژنی دزێوی سیحرباز نەبێ (کە دەبێ لوکیی بێ خۆی گۆڕیبێ).. بالدر لە هلدا دەمێنێتەوە، جەنازەکەی بالدر بە کەشتییەکەی ئەو، واتە بە هرینگهام- Heringham دەبەن و ئاگری تێ بەردەدەن.

خواوەندان بۆ سزادانی لوکی زنجیری دەکەن‌و مارێکی بەر دەدەنە گیان کە تا ئەبەد هەر بەسەروچاوەیەوە بدات. سیگونای- Siguna هاوسەری لوکی، بەردەوام ژەهری مارەکە دەکاتە فینجانێکەوە، بەڵام کە فینجانەکە خاڵی دەکاتەوە، ژەهرەکە دەچێتەوە سەروچاوی لوکییەوە، لوکی-ش لە تاو ئازارو ژان بە جۆرێ دەتلێتەوە کە زەوی دێنێتە لەرزە.

راگناروك (ئاوابوونی خودایان):

خەڵکی نورس-ی کۆن باوەڕیان وابوو کە ئاقیبەت ڕۆژێك دێت کە هەموو دنیی بوونا نابوت دەبێ‌و نامێنێ، پاش شەش زستانی تووش، زەوی دەکەوێتە لەرزە، دەریا وشك دەکات، ئاسمان دەبێ بە دوو لەتەوە، زۆربەی بنیادەمان دەمرن. لوکی‌و فنریس کۆت‌و زنجیرەکانیان

دەپچڕێنن، و لەگەڵ میدگاردسرپنت، دێوە بەفرینان، و دانیشتوانی هیلو موسپلهیم، بەسەر پردی بیفروستدا ((پەلکە رەنگینە)) دەپەڕنەوە بۆ مەیدانی شەڕی ڤیگرید- Vigrid تا دوا شەڕو جەنگی یەکجارەکی لەگەڵ خودایانا دەست پێ بکەن. فنریس، ئودن دەکوژێتو بە خۆشی بە دەستی ڤیدار- Vidar دەکوژرێ.

تورو میدگاردسرپنت یەکتر دەکوژن، و لوکیو هیمدال-ش یەکدی لە ناو دەبەن. سرتور- Surtur، پێشەوای دانیشتوانی موسپلهیم فریر دەکوژێتو ئەوجا سەرانسەری جیهان لە بڵێسەی ئاگردا غەرق دەکات. خۆر تاریك دەبێ، زەوی غەرقی دەریا دەبێ، ستێران رادەخوشنو دەکەونو زەمەن و کات دەوەستێت. ئەوسا بە فەرمانی ئیلفادرۆ (خوای باڵا دەستی ئودن) ئاسمانو زەوییەکی تازە لە دەریاوە رادەبن، و سەردەمی شادی و نیعمەت، بەدەر لە هەژاریو گوناه دێت، بینادەمانو خودایان بە شادی دەژین.

<u>ژێدەران</u>:

١- تارتاروس- Tartarus: بە گوێرەی ئەفسانانی یونانی بیرێکی زۆر قوڵو تاریکە لە ژێر هادیسدا.

٢- ئوڵەمپ- Olympus:

زنجیرە چیایەکە لە باکووری یونان کە لوتکەکەی بەرزترین شوێنە لە یوناندا.

٣- تسالی- Thessaly:

ناوچەیەکە لە بەشی باکووری یۆناندا

٤- ئاتالانتە- Atalanta:

مەرجی شووکردنی ئاتالانتە ئەوە دەبێ کە خوازبێنی کەرەکەی لە پێشبڕکێی غاردانێدا براوە بێ. هیپومنس سێ سێوی زێڕین لەسەر رێگەی پێشبڕکێیەکە دادەنێ، ئاتالانتە بەهۆی سەرقاڵی بە هەڵگرتنەوەی سێوەکانەوە دوا دەکەوێ و پێشبڕکێیەکە دەدۆڕێنێ.

٥- کالیدون- Calydon:

شارێکە لە باشووری یونان، کە خەڵکی شار لە رێوڕەسمی قوربانیدا درێغی دەکەن، ئارتیمس بەرازێك رادەسپێرێ بۆ وێرانکردنی شارەکە.

٦- کالیوپە- Calliope:

بە گوێرەی ئەفسانانی یونانی، خواوەندی شیعری حەماسیە.

٧- ئاریادنە- Ariadne:

شازادە خانمێکی کریتییە، کیژی مینوسو پاسیفائییە.

٨- مینوتاور- Minotaur:

هیولایەکی سەیرە کە بە بەدەن ئادەمیو بەسەر گایە.

٩- پان- Pan:

بە گوێرەی ئەفسانانی یونانی خواوەندی شوانکارانو راوچییانە.

١٠- نیمه- Nemea:

شارێکه له یونانی کۆندا که هیرا شێرێکی پۆڵایین بۆ وێرانکردنی دەنێرێ.

١١- ئەژدیهای نۆ سەر- Hydra:

ئەژدیهایەکی سەیره که نۆ سەری هەیە، و ئەگەر سەرێکی بپڕی، دوو سەری دیکەی لە شوێن دەڕوێتەوە.

١٢- ئارکادیا- Arcadea:

ناوچەیەکە لە یۆنانی کۆندا، کە بەرازێکی ترسناك لە کەنار رووبارەکەیدا دەژیا.

١٣- مامزی سرینی- Cerynea:

ئەم مامزە (ئاسکی مێچکه) لە زۆزانەکانی سرینیدا دەژیاو وەقفی ئارتیمیس بوو، بۆیە کوشتنی ئەو مامزە بەکوفر دەژمێردرا.

١٤- ستومفالیس- Stymphalian:

دەریاچەیەکە لە ئارکادیا کە لە بێشەکانی دەوروبەریا مەلانی بنیادەمخۆر دەژیان.

١٥- ئاوگیاس- Augeas:

پاشایەك بوو کە ٣ هەزار جوانەگای هەبوو و تەویلەو گەوڕەکانی بۆ ماوەی سێ ساڵان پاك نەکرابوونەوە.

١٦- گای کریت- Cretan Bull:

گایەکی سەیرە کە رۆژێ لە دەریاوە دێتە دەرێو مینوس بەڵێن دەدات کە لە رای پوسیدوندا بیکات بە قوربانی، پاشان ژێوان دەبێتەوەو گایەکە دەنێرێ بۆ ناو گاگەلەکەی خۆی. پوسیدون تۆڵە دەکاتەوەو گایەکە دەکا بە گایەکی سەرکێش و توڕە.

١٧- دیومد- Diomedes:

یەکێکە لە شاهانی تراکیە، کە ئەسپەکانی خۆیان لە گۆشتی بنیادەم ئالیك دەدا.

١٨- هیپولیته- Hippolyta:

مەلیکەی دەڤەری ئامازۆنییەکان بووە، ئارس کەمەربەندێکی ئەفسوناوی دەداتێ تا نیشانەی تواناو دەسەڵاتی وی بێ بەسەر خەڵکی وڵاتەکەیدا.

١٩- گریون- Geryon:

یەکێکە لە دێوە سێ سەرەکان و خودان چەندین گەلە گاگەلەکە جگە لە گاوان سەگێکی گەورەش پاسەوانیان دەکات.

٢٠- هسپریدەکان- Hesperides:

سێ خواوەندی شەون کە بە کۆمەکی ئەژدیهایانی سەد سەر، پاسەوانی باخی سێوی زێڕینی هیرا، لە بناری کێوی ئەتڵەسدا دەکەن.

٢١- کربروس- Cerberus: سەگێکی سێ سەری کلك ئەژدیهایە، کە پاسەوانی دەروازەی هادیس دەکات.

٢٢- خوری زێڕین- Golden fleece

خورییەکی سیحرئاسای بەرانێکە کە لەبەر دەستی ئایتس-ی شای کولخیسدایەو ئەژدیهایەك نیگابانی دەکرد.

٢٣- ئیداکان- Eddas:

کۆمەڵە سەرچاوەیەکی ئەفسانانی ئەسکەندیناڤیو ئیسلەندین بۆ سەدەی سیازدەیەم دەگەڕێنەوە.

٢٤- گلیپنر- Gleipner:

زنجیرێکە لە دەنگی پێی گوربە، کاکڵەی بەرد، هەناسەی ماسی، هەستیاری ورچ، و تفی مەلان دروستکراوە.

سەرچاوە:

تاریخ ادبیات جهان (جلد اول) بوکنر، ب- تراویك/ عربعلي رضائي/ و یراستار: سعید حمیدیان

چاپ اول: ١٣٧٣، تیراژ: ٣٠٠٠ نسخه.

پێرست

بەرگی یەکەم:

ئەدەبیاتی کۆنو سەدەکانی ناڤین

بەشی یەکەم:

ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی کۆن

١- ئەدەبیاتی میسری و ئاشووری- بابیلی

ئـ : ئەدەبیاتی میسری

ب: ئەدەبیاتی ئاشووری- بابیلی

٢- ئەدەبیاتی هندی

بەرهەمێن مەزەبی (ئاینی)

بەرهەمێن نە مەزەبی

٣- ئەدەبیاتی چینی

فەلسەفە

هۆزان

مێژوو

سەفەرنامە

٤- ئەدەبیاتی عیبری

کتێبی مقەدەس

تەلمود

کاریگەریی ئەدەبیاتی عیبری

بەشی دووەم:

ئەدەبیاتی یونانی کۆن

٥- سەردەمی هۆزانی مەلحەمی

هۆمەر

هیسیود

بەیتە مەلحەمییە وەرزییەکان

داستانە (مەلحەمە) سەربەخۆکان

مەلحەمەی گاڵتەجاڕی

گۆرانیو سرودێن هۆمەری

٦- سەردەمی هۆزان لیریکی

جۆرەکانی شیعری لیریکی

شیعری شیوەنو لاوانەوە

ئیامبیك

میلیك

٧- سەردەمی ئاتیك

مێژوو

شانۆنامە

تراجیدیا

تراجیدیا نووسانی گەورە

کۆمیدیای کۆن

کۆمیدیای ناوەڕاست

کۆمیدیای تازە

ڕەوانبێژی و وتاربێژی

فەلسەفە

٨- سەردەمی ئەسکەندەرانی و رومی

ئـ: سەردەمی ئەسکەندەرانی

کاراکتەرسازی

هۆزان

فەلسەفە

ب: سەردەمی رومی
مێژوو
ژیاننامە
فەلسەفە
شیعری ئاوێتە
رەخنەی ئەدەبی
بەشی سێیەم:
ئەدەبیاتی رومی کۆن
٩- سەردەمی کۆماری
شانۆنامە
تەنز
فەلسەفە
هۆزانێن لیریکی
وتاربێژی
مێژوو
١٠- سەردەمی ئوگوستوس
داستان (مەلحەمە)
هۆزانێن لیریکی
شیننامەو لاوانەوە
مێژوو
١١- سەردەمی ئیمپراتۆری
تراجیدیا
داستان
مێژووی سروشتی
نامە
مێژووی ئەدەب و رەخنە
مێژوو و ژیاننامەنووسی
چیرۆك
ئەدەبیاتی مەسیحیەت
بەشی چوارەم:
ئەدەبیاتی رۆژهەلات لە سەدەکانی ناڤیندا
١٢- ئەدەبیاتی چینی
هۆزان

مێژوو
شانۆنامە
ڕۆمان
بەشی پێنجەم:
ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا لە سەدەکانی ناڤیندا
١٣- ئەدەبیاتی جەڕمەنی
جەڕمەنی ڕۆژهەڵات ((گوتیك))
جەڕمەنی ڕۆژئاوا ((ئاڵمانی))
ئاڵمانی باڵای کۆن
ئاڵمانی باڵای ناوەڕاست
ئاڵمانی باڵای ناوەڕاست: قۆناغی کلاسیك
هۆزانێن لیریکی
ئاڵمانی باڵای ناوەڕاست: ئاوابوون
جەڕمەنی باکوور(نورس، ئەسکەندیناڤیایی)
١٤- ئەدەبیاتی سیڵتی
چیرۆکێن گەیلی
چیرۆکێن بریتانی
١٥- ئەدەبیاتی فەرەنساوی
ئەدەبیاتی کڵێساو دێران
ئەدەبیاتی کۆشكو دەرباران
ئەدەبیاتی فیودالزم
ئەدەبیاتی سوارچاکی (دلاوەری)
هۆزانێن لیریکی
ئەدەبیاتی شاری
تەنز
ئەدەبیاتی مەجازی و فێرکاری
شانۆنامە
هۆزانی لیریکی
١٦- ئەدەبیاتی ئەسپانیایی
داستان (مەلحەمە)
واریقاتنامە
هۆزانێن لیریکی
بالادەکان

١٧- ئەدەبیاتی ئیتالیایی

دانتی ئالیگیری

ئەفسانەناسی

ئەفسانانی کلاسیك

ئەفسانانی نورس (جەڕمەنی).

زۆر سوپاس بۆ ڕێزدار (زنار محمد) کە بۆ جاری دووەم هەڵەچنی ئەم کتێبەی بۆ کردین نموونەیان زۆر بێ.

حەمە کەریم عارف

- کەرکووکییە و لە ساڵی ١٩٥١دا لەدایك بووە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ کۆلیژی ئەدەبیاتی بەغدای تەواو کردووە.
- یەکەم بەرهەمی شیعرێکە بەناوی (هەڵبەستێکی هەتیو کەوتوو) کە لە ژمارە (١٧٠) ڕۆژنامەی هاوکاری ساڵی ١٩٧٣ بڵاوبووەتەوە.
- لە ساڵی ١٩٧٦ەوە بە بەردەوامی نووسین و بەرهەمی ئەدەبی بڵاو دەکاتەوە.
- سەرنووسەر یان بەڕێوەبەری نووسین یان سکرتێری نووسین یان ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤار و بڵاوکراوانە بووە: گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور، نووسەری کورد، گوڵانی عەرەبی، ئاڵای ئازادی تا ژمارە ٠٠٢٢٢، گۆڤاری نەوشەفەق.
- جگە لە ناوی خۆی، بە تایبەتی لە گۆڤاری گزنگی نووسەرانی کەرکووك، نووسەری کوردستان، کەلتوور، ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی تا ژ: ٢٢٢ بەناوی گۆڤەند، زنار، سیپان، پاکزاد، محەمەدی حاجی، سیروان عەلی، دیدار هەمەوەندی، هێژا، ح. ع بەرهەمی بڵاو کردۆتەوە.

- جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ئیدی ئەندامی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسی نەبووە، لە ساڵی ١٩٧٤ – ١٩٧٥دا پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بووە، لە هەشتاکاندا بۆ ماوەی نۆ ساڵ، بێ وابەستەگی حیزبی، پێشمەرگە بووە و وەکو بەشدارییەکی مەیدانی و ویژدانی لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کوردا شانازی پێوە دەکات و منەت بەسەر کەسدا ناکات، چونکە باوەڕی وایە کە ڕۆڵەی میللەتی مەزلوم مەحکومە بە پێشمەرگایەتی.
- لە هەشتاکانەوە تا ئێستا ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی و سەرۆکایەتی لقی کەرکووکی یەکێتیی نووسەرانی کوردی کردووە.
- زۆر بەرهەم و کتێبی چاپ و بڵاو کردۆتەوە، لێ زۆربەی هەرە زۆریان، بە تایبەتی ئەوانە لە چیادا چاپ بوون بە نوسخەی هێندە کەم بڵاو بوونەتەوە، لە نرخی نەبوو دان و هەر ئەوەندەیە کە لە فەوتان ڕزگار بوون. هەندێك لە وانە:

١- تیرۆژ، کۆ چیرۆك، چاپی یەکەم ١٩٧٩

٢- کۆچی سوور، ڕۆمان، چاپی یەکەم ١٩٨٨

٣- بەیداخ، چیرۆك، ١٩٨٨

٤- داوەتی کۆچەرییان، کۆ چیرۆك چاپی دووەم ٢٠٠٥

٥- لە خۆ بێگانە بوون، کۆمەڵە چیرۆك، چاپی یەکەم (١٩٩٩) دەزگای گوڵان

٦- کوچ سرخ، کۆ چیرۆك، بە فارسی، وەرگێڕان چاپی یەکەم ١٩٨٧ شاخ

٧- نینا، ڕۆمان، سابت ڕەحمان، دوو چاپ، شاخ، شار ٢٠٠٢

٨- نامۆ، ڕۆمان، ئەلبیر کامۆ، دوو چاپ، شاخ، شار ٢٠٠٣ دەزگای ئاراس

٩- ڕێبەر، ڕۆمان، مەهدی حسین، یەك چاپ (شاخ)

١٠- شکست، ڕۆمان، ئەلکساندەر فەدایەف، چاپی شاخ (راه کارگر)

١١ – هاوماڵەکان، ڕۆمان، ئەحمەد مەحمود، دوو چاپ، شاخ، شار ٢٠٠٠ گوڵان

١٢- بێناسنامەکان، ڕۆمان، عەزیز نەسین، ٣ چاپ شاخ، شار ٢٠٠٣

١٣- قوربانی، ڕۆمان، هیرب میدۆ، چاپی یەکەم ٢٠٠٤ دەزگای شەفەق

١٤- دووره ولات، ڕۆمان ع. ڤاسموف، چاپی یەکەم٢٠٠٠ دەزگای گوڵان

١٥- ئازادی یا مەرگ، ڕۆمان، کازانتزاکیس، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران

١٦- چیرۆکەکانی سەمەدی بیهرەنگی، دوو چاپ، شاخ، شار ٢٠٠٤ کتێبخانەی سۆران هەولێر

١٧- ئامانجی ئەدەبیات. م. گۆرکی، چاپی شاخ ١٩٨٥

١٨- دلێریی خۆراگرتن، ئەشرەفی دەهڤانی، چاپی شاخ

١٩- مەسەلەی کورد لە عێراقدا، عزیز شەریف

٢٠- مێژووی ڕەگ و ڕەچەڵەکی کورد، ئیحسان نوری پاشا، یەك چاپ

٢١- خەباتی چەکداری هەم تاکتیکە هەم ستراتیژ، مەسعودی ئەحمەد زادە، چاپی شاخ

٢٢- كورد گەلی لە خشتەبراوی غەدر لێکراو، د. کوینتەر دیشنەر، چاپی شێیەم ٢٠٠٤ دەزگای ئاراس
٢٣- لە مەهابادی خوێناوییەوە بۆ کەنارێن ئاراس، نەجەف قولی پسییان
٢٤- گوزارشتی مۆسیقا، د. فۆاد زەکەریا.
٢٥- دەربارەی شیعر و شاعیری، رەزا بەراهەنی.
٢٦- ڤنسنت ڤان گوگ، شانۆنامە، باول ئایز لەر
٢٧- بە دوعا شاعیرەکان، شانۆنامە، جەلیل قەیسی (گزنگ ژ:١٢)
٢٨- جولەکەکەی مالْتا، شانۆنامە، مالرۆ.
٢٩- دادپەروەران، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٣٠-بەد حالّی بوون، شانۆنامە، ئەلبیر کامۆ.
٣١- چاو بە چاو، شانۆنامە، گەوهەر مراد (غولام حسەینی ساعیدی)
٣٢- ریچاردی سێیەم، شانۆنامە، شەکسپیر.
٣٣- گەمەی پاشا و وەزیر، شانۆنامە، عەبدوڵلائەلبوسێری.
٣٤- کورد لە ئەنسکلۆپیدیای ئیسلام دا، چاپی یەکەم ١٩٩٨ وەزارەتی رۆشنبیری.
٣٥- هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتی، پلیخانۆڤ، چاپی یەکەم ٢٠٠٥ دەزگای موکریانی
٣٦- پێکهاتەی بەدەنی و چارەنووسی ئافرەت، ئیڤلین رييد.
٣٧- لێکدانەوەیەك لە مەڕ نامۆ، لویس ریی.
٣٨- مندالّە دارینە، چیرۆکی درێژ بۆ مندالان.
٣٩- فاشیزم چیی؟ کۆمەڵە چیرۆك بۆ مندالان، یەلماز گونای
٤٠- شوانە بچکۆلەکە، چیرۆکێکی درێژی چینی یە بۆ مندالان
٤١- زارۆکستان (چوار شانۆنامە بۆ منالان)
٤٢- لە گەنجینەی حیکایەتی تورکمانییەوە.
٤٣- کۆمەڵێك ئەفسانەی جیهانی (٢٣ ئەفسانە)
٤٤- زندە خەون، کۆمەڵە چیرۆکی چیخوف، چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای موکریانی
٤٥- ئەفسانەێن گریکی و رۆمانی، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) کتێبخانەی سۆران، هەولێر
٤٦- جیٚ پیٚ، کۆمەڵێك چیرۆکی فارسی چیرۆکنووسان:(سادقی هیدایەت، جەلال ئال ئەحمەد، بوزرگی عەلەوی، سادقی چوبەك، مەنسوری یاقوتی)
٤٧- چیرۆکستان، کۆمەڵێك دەق و رەخنە، چاپی یەکەم ٢٠٠٥ نووسەرانی کەرکووك
٤٨- چۆنیەتی فێر بوونی زمانی فارسی، چاپی یەکەم (٢٠٠٠) حەمە کەریم عارف
٤٩- گۆڤەند و زنار (فەرهەنگی فارسی – کوردی) حەمە کەریم عارف
٥٠- پەلکە رەنگینە، حەمە کەریم عارف، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) وەزارەتی رۆشنبیری
٥١- کۆمەڵێك چیرۆکی بێگانە
٥٢- چزیشفسکی، فەیلەسوف و زانای گەورەی میللەتی روس

٥٣- چایکۆ فسکی، ژیان و بەرهەمی.

٥٤- ئیدگار ئالین پۆ، ژیان و بەرهەمی.

٥٥- جاك لەندەن، ژیان و بەرهەمی

٥٦- گوگول، نووسەری ریالیست

٥٧- یەڵماز گونای، ژیان و بەرهەمی

٥٨- سادقی هیدایەت، ژیان و بەرهەمی

٥٩- خافرو غ لە شیعر دەدوێ، ژیان و بەرهەمی

٦٠- رێبازە هونەرییەکانی جیهان

٦١- ریالیزم و دژە ریالیزم لە ئەدەبیات دا، چاپی یەکەم (٢٠٠٤) دەزگای سپیرێز

٦٢- راگەیاندن لە پەراوێزی دەسەڵاتدا (بە شەریکی) چاپی یەکەم (٢٠٠١) دەزگای گولان

٦٣- راگەیاندن لە نێوان حەقیقەت بێژی و عەوام خەڵەتێنی دا، حەمە کەریم عارف

٦٤- دیدار و دەق و رەخنە.

٦٥- دیداری چیرۆکڤانی.

٦٦- قوتابخانە ئەدەبییەکان، رەزا سەید حسەینی.

٦٧- ناودارانی ئەدەب، حەمە کەریم عارف

٦٨- هەزار تۆپی شیعری نوێخوازی و چەند باسێکی دی، حەمە کەریم عارف.

٦٩- کورد لە سەدەی نۆزدە و بیست دا، کریس کۆچرا، چاپی یەکەم ٢٠٠٣ کتێبخانەی سۆران

٧٠-مێژووی ئەدەبیاتی جیهان(لە کۆنەوە تا سەدەکانی ناڤین)

٧١-مێژووی ئەدەبیاتی جیهان(لە رینیسانسەوە تا سەدەی بیستەم)

٧٢-مێژووی ئەدەبیاتی جیهان(ئەدەبیاتی ئینگلیزی زمان- ئەمریکا و ئینگلیستان لە سەرەتاوە تا ئێستا).

* لە راپەرینەوە تا نەوو چالاکانە بەشداری بزاڤی ئەدەبی و رۆشنبیریی کوردی دەکات و بەرهەمی هەمە جۆر (نووسین و ئامادە کردن و وەرگێڕان) بڵاو دەکاتەوە..

* ئەو بەرهەمانە و زۆری دیکەی ئامادەن بۆ چاپ و چاپکردنەوە و هەر کەس و گروپ و لایەن و دەزگایەك تەماحی بڵاو کردنەوەی هەبن، دەتوانێ پرس بە نووسەر بکات...